11

# رۆژنامەنووسی

گۆڤارێکی وەرزییە
تایبەتە بە کلتوری رۆژنامەنووسی

2007

# بەرەو كۆنگرەیەكی دیكەی سەركەوتوو

◢ فەرهاد عەونی

ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، ماوەیەكە سەرقاڵی تاووتوێكردنی ئەو بابەتانەن كە پەیوەندی بە گرێدانی كۆنگرەی دووەمەوە هەیە، بە مەبەستی رێكخستنی هێڵە سەرەكیەكانی كە دەبنە سەرخستنی كۆنگرەی داهاتوومان، ئەوە سەرەڕای جێ بەجێ كردنی وردەكارییەكانی لەبەر رۆشنایی یاسای سەندیكا و پەیڕەوی ناوەخۆ.

ئـەوەی راستی بێت دەبوایە لەسـەرەتای ئەم ساڵەدا كۆنگرەی دووەم گرێبدرایە، بەڵام ئەنجوومەنی سەندیكا، لەبەر ئەوەی سەرقاڵی دوو ئەركی زێدە گرنگ بوو، لە كۆبوونەوەی ٢٠٠٦/١٢/٢٧ بڕیاری دواخستنی كۆنگرەی دووەمی دا بۆ پێش كۆتایی هاتنی ساڵی٢٠٠٧، ئەو دوو ئەركەكەش بریتی بوون لە:

١-چاوەڕوانی كردنی چارەنووسی (پرۆژەی رێكخستنی كاری رۆژنامەنووسی لە كوردستان) كە ماوەی زیاتر لە ساڵێك خەریكی ئامادەكردنی بوو لەگەڵ كۆمەڵێك لە پسپۆڕانی ئەم بوارە بە بەستنی كۆنفرانسی تایبەتی لە لقەكان و موناقەشەكردنی لەسەر رووپەڕی رۆژنامەكان و بەرنامە تەلەفزیۆنیەكاندا، كە لە دواییدا پاش دەوڵەمەندكردنی بە بۆچوون و رای زۆربەی رۆژنامەنووسان لە ٢٠٠٦/١٠/١٧ درایە سەرۆكایەتی پەرلەمان، كە تێیدا ئەم ئەنجوومەنەی ئێستا بەرپرسیارە، چونكە پەیوەندی هەمەلایەنەی بە ئازادی كاری رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسانی كوردستان هەیە، بە یاسا دەرچوونیش لە پەرلەمانی كوردستان گۆڕانكارییەكی چۆنایەتی لەم بوارە شارستانیە دروست دەكات.

٢-بەشداریكردنی سەندیكا لە كۆنگرەی بیست و شەشەمی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی كە لە نێوان ٥/٢٨-٢٠٠٧/٦/٢ لە مۆسكۆ بەسترا كە تێیدا شاندێكی گەورەی سەندیكا بەشدارییەكی سەركەوتووانەی تێدا كرد كە بووە مایەی ناسین و هەڵسەنگاندنێكی ئەوتۆ كە لە ئایندەدا دەردەكەوێ كە تا چەند ئەم سەندیكایە دەتوانێ جێگەو پێگەی خۆی لەو بوارە نێودەوڵەتییەدا ببینێ.

• سەرەڕای ئەم دوو خاڵەی سەرەوە كۆنگرە پێویستی بە هەندێ وردەكاری لایەنی ئامادەكردنی بودجەیەكی تەواو هەیە تاكو كۆنگرە بە سەركەوتوویی كۆتایی پێ بێت.

**رۆژنامەنووسانی ئازیزی ئەندامانی كارا**

بەپێی بەرنامەیەكی داڕێژراوی ئەنجوومەن رۆژی ٨/١٢ پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی كۆنگرەی دووەم دەستی پێ كردەوە كە تاكو كۆتایی مانگی ئەیلوولی ئەم ساڵ كۆتایی پێدێت لەسەرجەم لقەكانی سەندیكاو هەردوو دەڤەری سۆران و گەرمیان، هیوادارین ئەو پرۆسەیە سەركەوتوانە تەواو بێت.

**نوێنەرانی رۆژنامەنووسانی كوردستان**

رۆژنامەنووسانی كوردستان كاتێك، لە رێگای هەڵبژاردنێكی ئازادانە، ئێوە دەكەنە نوێنەرانی خۆیان ئاواتەخوازن كە سوود لەو كەش و هەوا دیموكراتیە وەربگرن بۆ ئەوەی بە هەموو لایەكمان بتوانین كۆنگرەكە بەو ئاقارەدا بەرین كە:

• یەكێتی و یەكگرتوویی ریزەكانی رۆژنامەنووسانی بپارێزین، بە هەموو پێكهاتەكانی، بە جیاوازی نەتەوەو ئایین و بیروڕای سیاسی.

• بەرنامەیەكی توكمە دابڕێژری كە پانتایی ئازادی رۆژنامەنووسی فراوانتر بكات و مافی رۆژنامەنووسان دەستەبەر بكات.

• ببێتە بەشێكی داهێنەر لە ئەزموونی گەلی كوردستان بە دەستنیشان كردنی كەموكورییەكانی كۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە دەبنە لەمپەر بەرامبەر ئەو پرۆژە نەتەوەییەی كە دەمێك ساڵە هەر هەموومان خوێن و فرمێسكی بۆ دەرێژین و خەونی پێوە دەبینین.

# "11"

# ڕۆژنامەنووس

kurdistanjournalists.org
kurdistanjournalists.org
govar2004@yahoo.com

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسیی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات



**خاوەن ئیمتیاز:**
فەرهاد عەونی

**سەرنووسەر:**
عەبدوڵڵا زەنگەنە

**سکرتێری نووسین:**
خالید بەکر ئەیوب

**دەستەی نووسەران:**
- ئازاد عوبێد
- ئەکەد مراد
- ئەنوەر حوسێن
- ئیسماعیل عەلی
- ڕەفیق ساڵح ئەحمەد
- سۆزان مامە
- موسەدەق تۆڤی

**دەستەی ڕاوێژکاران:**
- حامد محەمەد عەلی
- د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی
- د.کەمال سەعدی
- د.مۆفەق دەرگەڵەیی
- د.هیمداد حوسێن
- یونان هۆزایا

**تایپ و نەخشەسازی:**
- هاوڕێ محەمەد زادە
- هەوار محەمەد عەلی
- ئەیوب ئەبوبەکر محەمەد



ناونیشان: هەولێر – شەقامی کوردستان
"شەست مەتری" – گەڕەکی زانیاری
Tel: +964 66 229 4800
Mobile: +964 750 456 8886 سەرنووسەر

## بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی


| | | |
|---|---|---|
| دیاریی ژمارە | د.نەجاتی عەبدوڵڵا | ٣ |
| دەبێ ٢٢ی نیسان، نەک.../١ | عەبدوڵڵا زەنگەنە | ٢٠ |
| راستکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە.../٢ | فەرهاد شاکەلی | ٢٤ |
| دووبارەکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە.../٣ | — | ٣٥ |
| جارێکی دیکەش دووبارە کردنەوەی.../٤ | — | ٤٣ |
| رۆژنامەی کوردستان سەردەمی کۆمار | عەلی کەریمی | ٥٧ |
| رۆژنامەی کوردستان/ مهاباد | سدیق ساڵح | ٦٦ |
| بەسەرکردنەوەی دوو رۆژنامەنووسی فەرامۆشکراو | ئازاد عەبدولواحید | ٩٠ |
| رۆژناما کوردستان و رووسیا | هۆگر تاهیر | ١١٨ |
| گۆڤاری پرشنگ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ١٤١ |
| رۆژنامە کوردییەکانی عێراق لە ئێراندا | ئەحمەد شەریفی | ١٥٦ |
| وێستگەی رۆژنامەنووس | — | ١٦٩ |
| عەبدوڵڵا زەنگەنە: هەندێ لە رۆژنامەنووسانی ئێمە | دیمانە: حەمید بەدرخان | ١٧١ |
| لەپەراوێزی دیمانەکەی (بەدرخان)و | ع.ز | ١٨٤ |
| شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی | ئیسماعیل عەلی | ١٩٢ |
| کۆڕی زمانەوانی سریانی و گۆڤاری کۆڕ | ئەکەد مراد | ٢٠١ |
| رۆژنامەنووسی ئەلیکترۆنی | و: هیوا ساڵح | ٢٠٦ |
| نامەیەکی کراوە | د.دلێر شاوەیس | ٢١٩ |
| کوردێکی یەکڕەنگ و (خەبات)ێکی دانسقە | — | ٢٢١ |
| رۆژنامەی (الصحفی) | ئازاد عوبێد | ٢٢٣ |
| هەواڵ و چالاکییەکان | ئا: خالید بەکر ئەیوب | ٢٣١ |
| (بنکەی ژین) بۆ بووژانەوەی کەلەپووری | — | ٢٦٠ |


**ریزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە**

هەواڵنامەی کتێب

ئەو بەڵگەنامەیەی لێرەدا کردوومانەتە "دیاریی ژمارە" لەوانەیە خوێنەران وای ببینن، پەیوەندی راستەوخۆی بە بواری رۆژنامەنووسییەوە نەبێ، بەڵام هەر خوێنەرێک، تەنانەت ئەگەر زانیارییەکی سەرەتاییشی لەسەررۆژنامەنووسیی کوردی هەبێت، دەزانێ نووسەرەکەی خاوەن و سەرنووسەری دەورەی سێیەمی "کوردستان" بووە، هەروەها ناوەڕۆکەکەی پەیوەندی راستەوخۆی بە بابەتی "مەسەلەی ئەرمەن"ەوە هەیە کە هەریەک لە ناوەڕۆکی یەکەمین رۆژنامەی کوردی "کوردستان" و "رۆژی کورد" و "ژین"ی ئەستەنبۆڵ و دواتر لە "کوردستان"ەکەی "محەمەد میهری"و تەنانەت لەوانەیە "کوردستان"ەکەی دەورەی سێیەمیش باسی لێوەکرابێ! وەرگێڕی بابەتەکەش بەتایبەتی بۆ "رۆژنامەنووس"ی ناردووە، وەک بابەتێکی بەڵگەنامەییش، ئێمە وەکو بڵێی "هەنگوینمان لە کلۆرە دار دۆزیبێتەوە"، بەتایبەتی، وەکو سەرنجمان دا، لە دامێنی بەڵگەنامەکەش نووسیومانە، ناونیشانی نووسەرەکەی هەمان ناونیشانی رۆژنامەی "کوردستان"ی خولی سێیەمە، بۆیە وا لێرەدا کردمانە دیارییەکی دانسقە بۆ خوێنەرو تۆژەران، ئومێدەوارین سوودی لێ ببینن..

# دیاریی ژمارە

پاریس ٣١ی تەمموزی ٢٠٠٧

کاکە سەرنووسەری زۆر خۆشەویست، سڵاوی زۆر تا ئەوێ خۆشەویستی،

کاکە بە کوردی و بە کورتی: وا ئەم بەڵگەنامەیە گرنگەم بۆ هەناردی تکام وایە بەسەریەکەوەی بڵاویبکەنەوەو به هیچ شێوەیەک نابێ بکرێتە دووبەش دەنا بەڵگەنامەکە دەمرێ. زۆر تکا دەکەم ئەگەر زانیتان لەگەڵ گۆڤارەکەتان ناگونجێ بڕوا بکە زۆر زۆرم پێخۆشەو بەهیچ شێوەیەک بڵاوی مەکەنەوە.

بەهەرحاڵ بڕوا بفەرمووە من لەبەر گۆڤارەکەی ئێوە بۆ هیچ لایەکم نەناردووە، دەنا ئەگەر ئێوە بڵاوتان نەکردووە ئەوا تەنها یەک وەڵامی بچووکم لێبگێڕنەوە من بۆ خۆم لە جیگەیەکی دیکە بڵاوی دەکەمەوە (ارض الله واسعة).

چاوتان ماچ دەکەم وتکایە ئەگەر بەر ئەم ژمارەیە نەکەوێ بڵاوی مەکەنەوە.

وەک هەمیشە سەربەرزبن.

دۆستی خۆشەویستی ئێوە

نەجاتی عەبدوڵڵا


كردستان
مصر
٣٠ ذو الحجة ١٣٣٥

هەواڵنامەی کتێب

## کورد وەڵامی یادداشتنامەی ئەرمەنییەکان دەداتەوە:

# یادداشتنامەی "کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد" بۆ سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی ساڵی ١٩١٩



وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا

**پێشبار**

کۆمیتەی ســـەربەخۆیی کورد، کە لە نۆڤەمبەری ١٩١٨ ڕێک دوای ئاگربەســـی مۆدرۆس لە قاهیرە لە لایەن ســـورەیا بەدرخان دامەزرا، یەکەمین ڕێکخراوی کوردییە کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان دامەزرا بێت. ئەم ڕێکخراوە لە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە چالاکتر بووە لەوەی یادداشـــتنامە و نامـــەی دیپلۆماتی ئاڕاســـتەی زلهێـــزەکان بکات، بە تایبـــەت بریتانیای فەخیمە

و کۆماری فرانسا. سورەیا، کە سکرتێری گشتی ئەم کۆمەڵەیە بوو، یەکێک لە سەرکردە هۆشیار و ڕووناکبیرەکانی دەورانی خۆی بووە و لەم یادداشتنامەیە کە بۆ جۆرج کلیمۆنسۆی سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی ناردووە زۆر بە دوورو درێژی باسی پێوەندییەکانی کورد و ئەرمەن دەکات و وەڵامی یادداشتنامەی ئەرمەنییەکان دەداتەوە کە لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٩پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتییان کردووە. یادداشتانامەکە بە ئیمزای سورەیا بەدرخان و بە زمانی فرانسی نووسراوە و کۆپییەکی ئەم یادداشتانامەیە لە ئەرشیڤی وەزارەتی جەنگیی فرانسا هەڵگیراوە. ئەم بەڵگەنامەیە گەرچی هیچ مێژوویێکی بەسەرەوە نییەو تەنها بەگەڵ بەڵگەنامەکانی ساڵی ١٩١٨-١٩١٩ دراوە، بەڵام من لام وایە دەبێ لە دەورووبەری ئۆکتۆبەری ١٩١٩ نووسرابێ. فەرموون دەقی تەواوی یادداشتنامەی کورد کە (٨٨) ساڵ بەر لە ئێستە بە فرانسی نووسراوە بە کوردی بخوێننەوە:

**دەقی تەواوی یادداشتنامەکە**

قاهیره، ١٩١٩
کرد استقلال قومیتەسی
کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد



بۆ بەڕێز جۆرج کلیمۆنسۆ،
سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی لە پاریس

**داخوازینامەی ئەرمەنییەکان و**
**ئەو بەڵگەنامانەی کە لەسەریان هەڵنراون**

بەڕێز سەرۆک،
ئەوە تەنها ئەمڕۆیە کە ئێمە توانیمان کۆپییەکی ئەو یادداشتنامەیە وەدەست بخەین کە لە مێژووی ١٢ ی شوباتی ١٩١٩ لە لایەن بەڕێز بۆغۆس نوبار Boghos Nubar و ئا. ئاهرۆنیان A. Ahronian بە ناوی نەتەوەی ئەرمەنەوە پێشکەش بە کۆنفرەنسی ئاشتی کراوە. ئێمە بە ڕاشکاوانە دەڵێین سەبرێکی زۆری لێمان ویست تا بتوانین هەموو پروپاگەندەکانیان کە لەسەر بەڵگەی نادروست، لێکدانەوەی نادروست و ستاتستیکی هەڵبەستراو هەڵنراون، بخوێنینەوە.

ئێمە توانیمان زاڵبین بەسەر توڕەیی و قێزەونییە شەرعیانییەی خۆمان کە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بڕوبیانوانە تووشی بووین، ئێمە ئەم چەند دێرە تاوانباریکردنەوەمان چەند جارێک خوێندەوە.

یادداشتنامەی ئەرمەنییەکان دەنووسێ:

" هەموو ئەرمێنیا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەوەتای شەش سەدە دەبێ هەر تەنها کتێبێکی دوورودرێژی ناوی شەهیدانە لەگەڵ ڕەشەکوژی ناو بەناو".

نەدەبوو لەگەڵ ئەم تاوانباریکردنەدا بەڵگەیەکی ئاشکرای بهێنابوایە، پێویست نەبوو مێژووەکان، شایەتحاڵەکانی ئەم سەرکوتکردنەوانەی بەدەستەوە بدایە؟ بەڵام نەخێر، بەڕێزان، ئەرمەنییەکان هەر بەوەندە دەستبەردار دەبن بڵێن کەوا لەوەتای شەش سەدە ناوە ناوە لە لایەن عوسمانییەکانەوە ڕەشەکوژ دەکرێن و دەزانن کە بە باشی بڕوایان پێ دەکەن، چونکو

لەوەتای سی ساڵ دەبێ پڕوپاگەندەیەکی هێندە گەورەی هەڵبەستراویان لەناو هەموو ئەورووپادا کردووە بەجۆرێک دڵنیان گوێچکەی میهرەبانانە دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی گوێیان لێبگرن.
ئێمە مشووری وەڵامدانەوەی ئەم تاوانباریکردنانە بۆ ئینسیکلۆپیدیای بریتانی جێدەهێڵین. ڕاستییەکەی لەوێدا نووسراوە:
" دوای داگیرکردنی کۆنستانتینۆپل لە ساڵی ١٤٥٣، محەمەدی دووەم ڕەعیەتە مەسیحییەکانی لەناو کۆمیونیتە یان میللەتدا لەژێر سەرکردایەتی سەرۆکێکی قەشەدا ڕێکخست کە دەسەڵاتی ڕەهای کاروباری مەدەنی و ئایینی لە بن دەستدا بوو. لە ژێر ئەم سیستەمەدا مەترانی ئەرمەنیەکانی بۆرس لە لایەن سوڵتانەوە کرا بە پاتریارشی کۆنستانتینۆپل و بوو بە سەرۆکی مەدەنی و ئایینی کۆمیونیتەکەی و خۆی وەک ئەندامێکی ڕەسمی حکومەتی ئیمپراتۆری بە مەرتەبەی وەزیر ناسرا. بەشداری ئەنجوومەنێکی دەکرد کە پێکهاتبوو لە ئەسقوفێک و کاهینێکی دیکە و لە هەر هەرێمێکیشدا ئۆسقوفێک نوێنەری بوو. ئەم ئەمپراتۆریایە لە ناو ئیمپراتۆریا، شوێنێکی تەواو ناسراوی گرتبوو لە چاوی یاساوە" ...وەختایەک عەبدولحەمید چووە سەر عەرش، ڕەوشی ئەرمەنییەکان لە باشترین حاڵ دا بوو کە هەرگیز لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا وەزعیان وا باش نەبوو بوو، بەڵام لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی ١٨٧٧-٧٨ ئیدی پرسی ئەرمەن لە دایکبوو..."
دوورتر یادداشتەکە دەنووسێ:
" کەمتر لە ساڵێک دوای مەشرووتەی (عوسمانی،و.)، ڕەشەکوژی (ئەرمەنییەکان) لە ئەدەنە بەڕێوەچوو کە تێیدا نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ ئەرمەنی لەناوچوون". بۆ ئەوەی نەوترێ کەوا یادداشتانەمەکەی ئەرمەنییەکان بێ شەرمانە بە درۆ مەرگی ٢٠٠,٠٠٠ی خۆیان لە ڕەشەکوژی ئەدەنە دەباتە پێش. بەگوێرەی کتێبی زەردی حکومەتی کۆماری فرانسا، تەواوی دانیشتوانی ویلایەتی ئەدەنە ٥٠٠,٤٣٩ کەس بووە کە لەوانە ٤٠٣,٤٣٩ کەسیان موسڵمان و هەر تەنها ٩٧,٠٠٠ هەزار کەسی ئەرمەنی بووە. کەمێک لە خوارتر، یادداشتنامەکە ئەم بانگەشەیە لە بیردەکات و دەقاو دەق دەنووسێ:
" بەر لە جەنگ لە سیلیسی Cilicie تەنها ٢٠٠,٠٠٠ ئاسووری لێبووە لەکاتێکدا کە ژمارەی ئەرمەنییەکان بۆ زیاتر لە ٢٠٠,٠٠٠ کەس هەڵدەکشێ، ویڕای ئەو کۆچە گەورەیەی کە بەهۆی کوشتاری ساڵی ١٩٠٩ لە ئەدەنە ڕوویدا".
ئەگەر ٢٠٠,٠٠٠ ئەرمەنی ڕەشەکوژکران و ژمارەیەکی زۆریش پەڕیوە بوون، کە ئەمە لەناو دوو کەوانەدا بەهیچ کلۆجێ ڕاست نییە، چونکە بەهیچ شێوەیەک لەم مێژووە هیچ ئاوارەبوونێکی ئەرمەنەکان نەبووە و بە پێچەوانەوە ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنی پەناهەندە پێش مەشرووتە هاتنە ناو وڵات.- چۆن زیاتر لە ٢٠٠,٠٠٠ ئەرمەنی لەم بەشەی ئیمپراتۆریای عوسمانی مانەوە؟
وەفدی ئەرمەنی، بە ئیشارەت دان بەو هۆیانەی کە بۆچی ئەورووپا دەبێ ئیمپراتۆریایەکیان پێ ببەخشێ دەنووسێ:
".. دواجار لە قەوقاز دەبینرێن، کە تێیدا- بە بێ قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ١٥٠,٠٠٠ یان لە ڕیزەکانی سوپای ڕووسیا لە هەموو بەرەکانی جەنگ شەڕیان دەکرد،- سوپایەکی ٥٠,٠٠٠ سەرباز و هەزاران خۆبەخەشکار (متطوع) بە بێ وچان لەژێر سەرکردایەتی باڵای ژێنێرال ئەزاربێکیان شەڕیان کردووە، هتد..."
- بەڵام وەفدەکە لە یادی چووە ئەوە زیادە بکات باسی ئەو خیانەتە ترسنۆکانە بکات کە هێزی ئەرمەنییەکان باکۆیان بە ئینگلیزەکان چۆڵکرد، ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک سەراسیمەمان ناکات، چونکە ئەوان تەنها ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە (شا) گەورەکەیان، تیگران بە هاوپشتەکان و خەزووری کردی:

یادداشتنامەکە دەنووسێ:
ئەرمەنییەکان کە لەوەتای چەندین سەدەیە ژێردەستەی عوسمانییەکانن، بە هەموو لایەکی ئیمپراتۆریادا بڵاوبوونەتەوە. ژمارەیەکی زۆریان پەڕیوەی هەندەران بوون،- لە ڕووسیا،- لە ئەمریکا، بۆ ڕاکردن لەدەست ملهوڕی. بێگومان بەشی زۆرینەی ئەم ئاوارانە دەگەڕینەوە ناو نیشتمانی ئازادکراویان. لە ئەنجامدا، ئەو ستاتسیکانەی کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن، ئەوانەی پێش جەنگن، ڕەشەکوژی سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵەکانی ١٨٩٤-٩٦ نەک هەر تەنها ٣٠٠,٠٠٠ قوربانی لێکەوتەوە، بەڵکو هانی کۆچ پێکردنێکی بەشێکی گەورەی دانیشتوانی دا. ئەوە قەبوڵنەکراوە کە تاوانەکان بتوانن بە قازانجی تاوانگێڕەکان بشکێنەوە و ئەنجامەکەی چارەنووسی بێ نرخ یان نمایش بکات بە قازانجی گەرەنتی پێدان بە زۆرینە و باڵادەستیی تورک دەستەبەر بکات. دەنگی هەموو ئەرمەنییەکان، زیندوو و مردوو دەبێ ببیسرێ. ئەگەر ئەرمەنییەکان زۆرینەی ڕەها پێک ناهێنن لەسەر تەواوی هەموو ڕەگەزەکانی ناو ویلایەتە ئەرمەنییەکان، بەڵام ئەگەر لەگەڵ هەر یەکێک لەوانە بەراوردیان بکەین زۆرینەن. بەر لە جەنگ، وێرای کۆچکردنیی کۆتایی سەدەی دوایی (سەدەی نۆزدەهەم، وەرگێر) ژمارەی ئەرمەنییەکان لەو شەش ویلایەتەی پێیان دەڵێن ویلایەتە ئەرمەنییەکان: ویلایەتەکانی تەرابزۆن و سیلیس لەوەی کورد و تورک پێکەوە زیاتر بوو. ١,٤٠٣,٠٠٠ ئەرمەنی بەرانبەر ٩٤٣,٠٠٠ تورک و ٤٨٢,٠٠٠ کورد بوو".
بەوەی ئەم ژمارانە لە بیردەکەن لە پاشکۆی ژمارە دوو دا هاتوون، یادداشتنامەکە ژمارەی تورک و کوردەکان بە ١,٢٤٥,٠٠٠ بەدەستەوە دەدات و بەجیا ٢٠٣,٠٠٠ قزلباش، فەلە و ئێزیدی ڕیز دەکات، کە ئەوانە بە بێ ئەولا و ئەولا کوردن، و هەروا ٢١٠,٠٠٠ لاز، چەرکەس، عەرەب و فارس کە موسلمانن. ئەگەر ئەم ژمارانە وەکو ژمارەی تەواو قەبووڵ بکەین دەبینین لەکاتێکدا بانگاشەی ئەوە دەکەن کەوا زۆرینەن، کە بەگوێرەی ژمارە بەدەستدراوەکانی خۆیان بریتین لە ١,٤٠٣,٠٠٠ بەرانبەر ١,٨٣٨,٠٠٠ کەس.، و ئەم ژمارانە لەلایەن یادداشتنامەی تایین بەدەست دراوە بە بێ ئەوەی ئیشارە بە هیچ بەڵگەیەک یا هیچ سەرچاوەیەک کرابێ.
بە قەبووڵکردنی ڕوانینی ئەرمەنییەکان و هەتا بە ڕەچاوکردنی ژمارەی مردووەکانیشیان، ئێمە ئەو سەرژمێرییە بەدەستەوە دەدەین کە لە لایەن ژێنێرال زێلەنژی ئامادە کراوە و ئینسیکلۆپیدیای بریتانی ڕایگوازتۆتەوە، ژمارەی دانیشتوانی نۆ ویلایەتی ناوبراو بەمشێوەیە:
ئەرمەنییەکان.. ٩١٣,٨٧٥ یا ١٥٪
مەسیحییەکانی دیکە.. ٦٢٣,٨٧٥ یا ١١٪
موسڵمان.. ٤,٤٥٣,٢٥٠ یا ٧٤٪
لە پێنج[١] ویلایەتەکانی ئەرزەرۆم، وان، بتلیس، خارپووت، سیواس، دیاربەکر، کە ئەرمەنیان زۆرتر تێدایە، ژمارەی دانیشتوانەکەی بەمشێوەیە:
ئەرمەنییەکان.. ٦٣٢,٢٥٠ یا ٢٤٪
مەسیحییەکانی دیکە.. ١٧٩,٨٧٥ یا ٧٪
موسڵمان.. ١,٢٨٢,٨٧٠ یا ٦٩٪
و لەو حەوت قەزایەی کە، ژمارەی دانیشتوانی زۆرینەی ئەرمەنین ڕێژەکە بەمشێوەیە:
ئەرمەنییەکان.. ١٨٤,٨٧٥ یا ٦٥٪
مەسیحییەکانی دیکە.. ١,٠٠٠ یا ٣٪
موسڵمان.. ٨٨,٦٥٠ یا ٣٢٪
وەفدی ئەرمەن ئەو هێندە لەخۆی دڵنیایە کە ناتوانێ بیسەلمێنێ نەتەوەی زۆرینەیە لە کوردستان، یەکسەر دوای ئەوە بەڵگەیەکی دیکە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە دەڤەرە کوردەوارییەکان بە ئەرمێنیاوە بلکێنێ. ڕاستییەکەی چەند دێڕێک دوورتر، ئەمە دەخوێنینەوە:

" لـەو لای دیکـەوە، ژمـارە تاقە فاکتەر نییە کە دەبێ لە قازانجـی دیاریکردنی پێدانی زەوی و زارەکان و سـنوورەکانی دەوڵەتـی ئێمە دا بێ. دەبێ نـەک هەر تەنها مردووەکان، بەڵکو پلەی شارەسـتانییش لەبـەر چـاو بگیرێ و بەو هۆیەی کـەوا ئەرمەنییەکان ئێسـتە تاقە توخمن بۆ پێکەوەنانی دەوڵەتێکی شارستان و پێشکەوتوو"

ئێمە بە هیچ شـێوەیەک بە خۆمان وەڵامی ئەم خۆهەڵکێشـانە نادەینەوە. بەڵکو تەنها بەوەندە دەستبەردار دەبین کە دەقاو دەق ئەم چەند دێرەی خوارەوە ڕابگوێزینەوە کە لە کتێبی "جۆجیا و جەنگی ئێستا- دا هاتووە، نامیلکەیەکە ساڵی ١٩١٥ چاپکراوە:

" ئەوە ڕاسـتە کە، لە ناو چەند شـار و هەتا لە تفلیسـیش ئەرمەنییەکان گەلێک زۆرن، بەڵام ڕۆڵیـان لەوەی جولەکەکانی پۆلۆنیا، وارشـۆ دەچـێ. ئەرمەنییەکان سـەرمایەی بازرگانی و سـوخۆریان لەبن دەسـتە کە بەو هۆیەوە لە هەر کوێیەک بن -- چ لە ئاوایی و چ لە شـار بن بەشـێوەیەکی دڵڕەقانە دانیشـتوانە قەوقازییەکان دەچەوسێننەوە. ئەرمەنی شارەکانی قەوقاز، جۆری بازرگان یا سووخۆرن، ئەمە واتەی وایە بەڵایەکی خودان، بە تایبەت بۆ جوتیارەکان کە بەشێوەیەکی سیستماتیک بەدەستیانەوە چەوساوە و وێران بوون. ئەمە هۆی سەرەکی ڕق لێ بوونەوەی ئەرمەنییەکانە لە قەوقاز. کارەکانیان شـوومە و کارەکانیان پێ لەهەر کۆمەڵگەیەک کە پێی تێ دەنێن لەبەریەکی هەڵدەوەشـێننەوە. هات و هاواریان لە تەواوی ئەوروپا کە ئەوان توخمی شارسـتانیخوازی قەوقـازن تەنها داهێنانێکە بۆ خۆی. بازرگان و سـووخۆری بێگانە هەرگیز ناتوانن لە ناو هیچ گەلێکدا ڕۆڵی شارستانیخواز بگێڕن"

لە ترسی ئەوەی کە نەوەکا ئەوروپا گوێ بیستی ئەو شێوازە بووبێ کە ئەرمەنییەکان ڕەوتاریان پێ دەکرد و بەردەوام لەوەتای ساڵی ١٩١٤ وە لەبەرامبەر موسلمانەکان ڕەوتاری پێ دەکەن، وەفدی ئەرمەن دەیەوێ بەم چەند دێرەی خوارەوە ئەوروپا دڵنیا بکاتەوە:

" دانیشتوانە غەیرە-ئەرمەنییەکان کە دەکەونە ناو دەوڵەتی ئەرمێنیا، ئەو ئازادییەیان دەبێ کە بە گوێرەی پرەنسیپە قەبووڵکراوەکانی کۆنفرەنسی ئاشتی گەرەنتی کراون"

سـاتەوەختی زۆر بـە گومانـاوی بەکارهاتنی ئەم گەرەنتیە لیبرالانە پێشـتر لە سـۆنگەی ئەو کردارە بەربەریانەی کە لە لایەن ئەم ئەرمەنیانە لە وان- بتلیس- ئەرزەرۆم هتد لە دەوران و لە ماوەی داگیرکردنەکانی ڕووس کردوویانە ئەوە بە درۆ دەخاتەوە. سـەرکردایەتی ڕووس، بێـزار و ناچـار بوو چەندانەیەکیان لێ بگـرێ تا درندایەتیان یان بوەسـتێنێ. وەختایەک ئەم دەروناوچانە لە لایەن هێزەکانی تورکیا گیرایەوە، شـوێنکاری بێ ئەژماری ئەم دڕاندایەتییەی ئەرمەنیەکانیـان تێـدا دۆزییەوە. شـایەتحاڵێک کـە، دوای برینەکانی مرد، سـوێند دەخوات و ئەوەمـان بـۆ دەگێڕێتەوە کە، لەوکاتەی لەگەڵ سـوپای تورکیا چۆتە نـاو بتلیس بینیوویە کە کچانی کورد بە مەمکیان بە قولاب لە دوکانی گۆشتفرۆشـەکان هەڵواسرابوون. ئێمە دەتوانین هەروەهـا پەلامـار و کوشـتنەکان کە لە لایەن هێزەکانـی ئەرمەن دژی موسـڵمانەکان کراوە ئیزافە بکەین، دوای ئاگر بەس، لە بەیرووت، لە حەلەب و لە کاتی مانەوەی فەیلەقی ڕۆژهەڵات لـە دوورگەی قوبرس. دەسـەڵاتکارانی ئینگلیز و فرانسـی ئەم دەروناوچانـە دەتوانن ئەوەی وتوومانە پشت ڕاستبکەنەوە.

وەفدی ئەرمەن بە دوو ڕستەی تر ئەم شوێن ئەم ڕستەیەوە دەچێ:

<u>یەکـەم</u>: لەو خەڵکانە بەشـی لە هەمـووان گرینگتر، کوردەکانن کە دابەش بـوون بۆ کوردانی نیشـتەجێ و کوردانـی کۆچەر. زۆربەیان چاییین و هەمیشـە وەک ئامرازی ڕەشـەکوژی لە بندەسـتی حکومەتی تورکیا دان. پەرەسەندنی سیاسـیان لە سیستمی خێڵ تێپەری نەکردووە. کوردە نیشـتەجێیەکان لە ئەرمەنسـتان لەژێر سـایەی یاسـادا دەژین و هەرچی تایبەتیشە بە کوردە کۆچەرەکان یاسای تایبەت هەیە کە ڕەوشی ترانس هیومانس ڕێکدەخات بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات و ڕێگە گرتن لە کاری وێرانکاری.

دووەم: دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە لە ناو کوردەکان ژمارەیەکی بەرچاویان بە بنچینە ئەرمەنین کە، هەرکات هەژموونی تورک نەما، چەسپاندنی ئالیکاری لەنێوان هەردوو ڕەگەزی ئەرمەن و کورد ئاسانە، ئەرمەنییەکان داوایان لێدەکرێ لە بەرژەوەندی ئالوگۆڕی نێوان هەردوو گەل دا کارێک بکەن کە کوردەکان سوودمەند بن لە خێر و بێری شارستانی ".
وەفـدی ئەرمەن کە، کوردەکان بە تالانچی و پیاوکوژ تاوانبار دەکات، بەهیچ شـێوەیەک ئەوە دەستنیشـان ناکات، هۆیەکانی ئەو ڕەوشـانە دیاری ناکات کە تێیدا کوردەکان ئەم کارانەیان تێـدا کـردووە. ئێمە لە پێشـتردا وتمان و جارێکی دیکـەش بۆ هەموو ئەوروپـای دووبارەی دەکەینـەوە کە کورد هەرگیز ئەرمەنیەکانیان نە تالان کردووە و نە کوشتوشـیانن. کوردەکان دژ بـە پەلامـاری ئەرمەنییەکان داکۆکیان لەخۆیان کردووە، بـەلام بلێی لەبەرامبەر خیانەت و پەلاماری ترسـنۆکانەی ڕەگەزێکی سـپڵە کە لە ماوەی چەندین سەدە لای خۆی حەواندبێتەوە و قەبوولی ئەوەی بووبێ ماڵ، زەوی و زاری خۆی لەگەڵ دا بەش بکات، بکرێ کارێکی دیکە بکرابوایـە. بۆیە لەسـۆنگەی بەدبەختیان لەبەر لاوازی ئەرمەنییـەکان دڵیان ڕاگرتوون؟ کورد بەهیچ شـێوەیەک نە دزیان لە ئەرمەنییەکان کردووە- چونکە ئایینەکەیان بە توندی پێشـیان لێدەگرێ- و نە کوشتاریشـی لێکردوون، بەڵکو دژ بە دەسـتدرێژی وەحشـیگەرانەی ئەرمەنی داکۆکیان لەخۆیان کردووە. ئێمە تەحەدای وەفدی ئەرمەنی دەکەین یەک تاقە حاڵەتمان نیشان بدات کە تێیدا کوردەکان دەستپێشـخەر بووبن لە ڕەشـەکوژی و تالان و بڕۆ. بە پێچەوانەوە ئـەوە بـە دان پیانانی ئەرمەنەکان خۆیـان لە ماوەی ئەم چوار سـاڵەی دوایی، وێڕای هەموو خیانەتێکیـان، هـۆزە کوردەکان دووبارە پێشـوازیان لێکردنەوە و سـەدان هـەزار ئەرمەنیان پاراسـتووە. ئەرمەنییـەکان دەتوانـن یەک تاکە حاڵەتمـان پێ بڵێن کە تێیدا یـەک کوردیان لە تەنگەتاوی دا پاراستبێ؟ ئەرمەنییەکان چیان کرد بۆ پاراستنی کوردەکان وەختایەک هێزەکانی تسار بەشێکی کوردستانیان داگیر کرد؟ ئەوە تا ئەو شێوەیە نەبوو کە ئەرمەنییەکان نیشانەی ڕەشـەکوژی و تـالان و بڕۆیـی یان لە هەموو لایـەک هەڵکرد لەهەر شـوێنێک داگیرکارەکان بچووبانە ناویەوە؟
بۆ وەڵامی بانگەشـەی ئەرمەنەکان لەبارەی پەرەئەسـتاندنی سیاسـیی نەتەوەکەیان و ئەوەی کـورد، ئێمە تەنها ئەوەمان لەسـەرە ئیشـارە بەو ئیمپراتۆریایە گەورەیـە بکەین کە بەهەموو لایەکی سـوریا ڕادەگەیشـت، میزۆپۆتامیا، میسر و کوردستان بەمانای تەواوی وشەکە، کە لە لایەن سەلاحەددینی گەورە دامەزرا- شانشینی نەینەوا- میرنشینەکانی دینەوەر- شاری زول- دەر-ئەردەلان- ئامێدی- کورکیل- فینێک- هەکاری-حەسـەن کێف،- سـتیمیش،- کێزەک، - مەرداسی،- ئەگیل،- ساسۆن،- حیەسەن،- کیلس،- شێروان،- جەزیرە،- گوردیکان،- ئیتاک،- تەرگول،- سـیوودی،- سلێمانی،- سەهران،- تەرکور،- کەلی داود، پلنگان،- بتلیس،- شیروان، - غارزان،- بوختان.
لەبارەی ئەو بانگەشـەی ئـەوەی کە هۆزە کۆچەرەکانیان ئۆرگانیزە کـردووە، ئێمە لەناو ئەم دێرانە بڕیاری قەڵاچۆکردنی ئەم مرۆ شیرپاک و جوامێرە چیاییانە دەخوێنینەوە.
هەرچـی ئەو بانگەشەشـیانە سـەبارەت بە بنچینـەی ئەرمەنیی ژمارەیەکـی بەرچاوی کورد، ئەمەش وەکو باقی شـتەکانی دیکە هەڵەیە. ئێمە بە ڕاگوێزانەوەیەکی ئینسـیکلۆپیدیای بریتانی وەڵامیان دەدەینەوە:
" کورد پێشتر ئەوەندە بەس بوو کە وەک نەوەی کاردۆخییەکان وەسپ بکرێن کە، ڕێگەیان لە کشانەوەی سوپا دە هەزارییەکە گرت لە ناو چیایەکاندا، بەلام لێکۆڵینەوە نوێیەکان ڕابووردوویان تـا دەورانێکی تەواو پێش هاتنی گریکەکان خسـتۆتە بەرچـاو. لە یەکەمین ڕۆژەکانی مێژوودا چیاییـەکان کە دەیانڕوانییە سـوریا گەلێکی تێدا ژیاوە بەناوی گۆتۆ،- ناونیشـانێک کە واتەی (جەنگاوەر) ی دەگەیاند و لە ئاسووریدا بە واتەی هاوواتای گاردۆ یا کاردۆ تەرجەمە کراوە.

به شــێوه‌یه‌کی ورد تێرمی به‌کارهاتووی ســترابۆن بۆ لێکدانــه‌وه‌ی کارداکه‌کان به‌کارهاتووه. ئــه‌م گۆتۆیانه ڕه‌گه‌زێکی ئه‌و هێنده به‌هێز بوون شایســته‌ی ئه‌وه‌یــه له‌ناو یه‌که‌مین هه‌ڵکۆڵینه بزمارییه‌کان دانرێن به‌هه‌مان پله‌ی هیتییه‌کان، سوستان، ئه‌له‌میت و ئه‌سدێکیانسی بابل-".

به‌هه‌مان شــێوه له‌م بانگه‌شه‌کردنه‌شــدا، ئێمه به‌و چه‌شنه وا تێی گه‌یشتین که ده‌وڵه‌تی لیبرالی ئه‌رمــه‌ن هه‌قــی ئه‌وه به‌خۆی ده‌دات ئــه‌و کوردانه‌ی که به‌دبه‌ختی ئه‌وه‌یــان هه‌بێ بکه‌ونه ناو سنووره‌کانییه‌وه بیانگۆڕێ بۆ،-ئه‌رمه‌نیزم-، به بیانووی ڕاستکردنه‌وه‌ی ئه‌و بێدادیه‌ی که پێش سێزده سه‌ده کراوه و دووباره منداڵه‌کانیان، که له‌ناو مێگه‌ڵدا ون بوون، بسازێننه‌وه.

یادداشــتنامه‌ی ئه‌رمه‌نییــه‌کان داوای ویلایه‌ته‌کانــی وان، -بتلیــس، - دیاربه‌کر، - خارپووت،- ئــه‌رزه‌رۆم، ده‌کات وه‌ک به‌شــێک لــه ئه‌رمێنیا له‌ســه‌ر ئــه‌و بنه‌مایه‌ی که له‌ســه‌ر ئه‌و هۆیانه هه‌ڵنراون که که‌مێک پێشــتر ئیشــاره‌مان پێدا و شیمانکردەوه. ئێمه هیچ شتێکمان نییه ئیزافه‌ی ئه‌م شیکردنه‌وه‌یه بکه‌ین جگه له‌م له‌به‌رچاوگرتنانه‌ی خواره‌وه نه‌بێت:

یه‌که‌م: ئه‌رمه‌نییه‌کان هیچ به‌ڵگه‌یه‌کی ڕاســت و دروســت نادەن به‌ده‌سته‌وه بۆ پشتگیریکردنی بانگه‌شه‌کانیان.

دووه‌م: سترابۆن له نه‌خشه‌که‌ی خۆیدا، هیچ هه‌رێمێک له‌م هه‌رێمانه‌ی نه‌خستۆته ناو سنووری ئه‌رمێنیا.

ســێیه‌م: داگیرکردنه‌کانی تێگران له کوردســتان ته‌واو کاتی بوون و هه‌تا له‌ســه‌رده‌می ژیانی خۆیدا لێیسه‌ندرانه‌وه.

چواره‌م: ئینســیکلۆپیدیای گه‌وره‌ی فرانســی، کوردستان به‌مشــێوه‌یه‌ی خواره‌وه ده‌ستنیشان ده‌کات:

"کوردستان له هه‌رێمی لوڕستانی ئێرانه‌وه درێژده‌بێته‌وه تا خارپووت جێگه‌ی به‌یه‌ک گه‌یشتنی هــه‌ردوو چڵی فوراتن له‌ســه‌ر درێژاییه‌کــی ٩٠٠ کیلۆمه‌تر له باکووری ڕۆژئاوا بۆ باشــووری ڕۆژئاوا و پانییه‌کی ١٠٠ تا ٢٠٠ کیلۆمه‌تر له‌سه‌ر هێڵه‌کانی ٣٤ و ٣٩ ی پانی و ٣٧ و ٤٦ ی درێژی له ڕۆژهه‌ڵات. شــێوه ســه‌ره‌کییه‌کانی کوردستان بریتین له بامانچای ڕووباری بتلیس، هــه‌ردوو زێــی ئه‌دهه‌م و شــیروان. زنجیره به‌رزاییه‌کانی زاگرا و گۆڵــی وان وه‌ک قه‌ڵای ئه‌م دانیشتوانه مێژوویی و جه‌نگاوه‌ره‌ن"

پێنجــه‌م: نیوتالــس، لــه پێناســه‌کردنی ئه‌رمێنیا ده‌نووســێ: " وڵاتێکه له ئاســیای ڕۆژئاوا،. له ڕۆژئاوای ڕووباری خه‌زه‌ر و له باکوور چیایه‌کانی کوردستان".

شه‌شــه‌م: یادداشــتنامه‌که پشــتیوانی له‌وه ده‌کات که دیابه‌رکر پایته‌ختی تیگران بوو و ناوی ڕاسته‌قینه‌ی تیگرانۆسێرت بووه. به‌ڵام له کتێبی "Les Hommes Illustres" ی پلوتارک ئه‌م چه‌ند دێره‌ی خواره‌وه هاتووه که ده‌توانێ به‌شێوه‌یه‌کی ورد، پێ له‌سه‌ر به‌های ئه‌م بانگه‌شه‌یه دابگرێ.

" لوکوللیو به‌هه‌ر شــێوه‌یه‌ک بێ تیگران تووڕه ده‌کات بۆ شــه‌ڕێک، به‌ڵام هیچ شــتێک ناتوانی دنــه‌ی دوژمنێکــی دووجار دۆڕاو بدات. ئه‌ودەم لوکوللیو ڕێگه‌ی هه‌ڵکوتانه ســه‌ر ئاراتاکســا، پایته‌ختی ده‌وڵه‌ته‌کانی تیگرانی گرته به‌ر که ژن و منداڵه‌کانی لێبوو..."

حه‌وتــه‌م: هه‌مان نووســه‌ر وه‌ســپێکی ئه‌و شــه‌ڕه‌مان ده‌داتــێ که له نێوان ســوپای تیگران و لوکوللیوه‌کان ڕوویداوه، که گه‌مارۆی تیگرانۆســێرت ده‌درێ، ده‌نووســێ: " وه‌ختایه‌ک تیگران به چیای تۆرۆس تێپه‌ڕبوو که به‌خۆیی و ســوپاکه‌یه‌وه به‌دیارده‌که‌ون، ده‌بینێ ئه‌وا لاکیولوس له‌به‌رامبه‌ر تیگرانۆســێرت دایکوتاوه... ســبه‌ینێیه‌که‌ی له‌گه‌ڵ تاو هه‌ڵاتن، لاکیولوس سوپاکه‌ی خــۆی له‌نــاو پێده‌شــته‌که ده‌کاته ده‌ره‌وه. تیگران و ســوپاکه‌ی له‌ســه‌ر که‌نــاری ڕۆژهه‌ڵاتی ڕووباره‌کــه بــوون، که له‌م ناوچه‌یــه به‌ره‌به‌ری ئێــواره خۆرئاوابوون پێچیان کــردەوه و به ئاسانی له ته‌نکایی ڕووباره‌که په‌ڕینه‌وه".

کەوابــوو دەچڵە، بەهیچ شـێوەیەک لە بەرامبەر دیاربەکر پێــچ ناکاتەوە و هیچ چیایەکیش نییە بەنــاوی چیای تــۆرۆس کە لەوێوەوە دیاربەکــر ببینین. ئەمە بەڵگەیەکــی ڕوونە کە دیاربەکر بەهیچ شـێوەیەک تیگرانۆسێرت نەبووە.، هەرچی سـەبارەت بە پایتەختی تیگرانە، پلوتارک بە ڕوونی پێمان دەڵێ کە ئاراکساتا بووە.

وەفدی ئەرمەنی لە باسکردنی پرسی سنوور دەنووسێ:

" ئەوەی تایبەتە بە سـنوورەکان، دەبێ ئێمە ئەوە بڵێین کە، وەختایەک عەبدولحەمید سـنوورە ئیدارییەکانی ویلایەتەکانی کێشـا بەشـێوەیەک کە لە هەر ویلایەتێکیان بەزۆر ناوچەی غەیرە ئەرمەنــی بەگەڵدا، بەشـێوەیەک تاوەکو زۆرینــەی تورک بپارێزێ. لەهەمــان نیازەوە چەندین کۆلۆنی چەرکەس و موسـڵمانی کۆچکردووی دیکەی ڕووسـیا یا بالقانی خسـتە ناو ناوەندی ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنی تێدا دەژیان. کەوابێ دەبێ پێداچوونەوەیەکی گشتی بۆ سنوورەکان بکرێ، هتد..."

لە خوێندنەوەی ئەم چەند دێرە ناکرێ بەرلە هەست پێکردن بە سەرسوڕمانێکی گەورە بگرین. ئەگەر ڕووسەکان، بولگارەکان، سێربەکان و یۆنانییەکان مامەڵەی خراپیان لەگەڵ موسڵمانەکان کردووە و چەوساندوویانەوە تا ناچاریان کردوون زێدی خۆیان جێبهێڵن.

ئایا ئەوە گوناهی ئیمپراتۆریای عوسمانییە؟

ئەگەر حکومەتی ئیمپراتۆریای عوسمانی ڕاوی ئەم موهاجیرە سیاچارانەی نەناوە کە لە ڕەوشێکی ئینسـانی نالەباردا بۆی هاتوون ؟ بلێی بیتوانیبوایـە ئەوە بکات؟ ئەگەر ئەم موهاجیرانە، لایان وابێ بەشی ئەوروپایی ئیمپراتۆریا بەهەمان چارەنووسی خەمناکی زێدەکەیان هەڕەشەلێکراو بــێ و بیانەوێ لە ئاسـیا نیشـتەجێبن، حکومەتی عوسـمانی بڵێ بتوانــێ و کارێکی ئاقڵانەبێ ڕێگەیان لێبگرێ؟ بە دانپیانانی ئەرمەنییەکان خۆیان ڕەگەزی ئەوان لە تەواوی ئاسیا پەرت و بڵاوبوونەتــەوە، ناتوانین هیچ هەرێمێکی عوسـمانی بدۆزینەوە کە تێیدا چەند ئەرمەنییەکی لێ نەبێ.، بەگوێرەی ئەم ڕەوشــە، هەرکام لە ویلایەتە تورکییەکان کە کۆمیونیتەکی ئەرمەنی تێدا بێ دەکرێ بخرێتە ڕیز ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنییەکانی تێدا دەژین. لە ڕەوشـێکی ئاوها بڵێی لە ئیمپراتۆریای عوسـمانی قەدەغە بووبێ کە ئەم چارەڕەشـانە کە لەناو شـکۆمەندی خۆیان لە ئەوروپا ون بوون لەسـەر ئەو زەوییە کۆبکاتەوە کە هێشـتا لە ئاسیا بەدەستییەوەیە؟ ئێمە لامــان وایە بانگەشــەیەکی ئاوەها هەموو پێوانەیەکی تێپەڕانــدووە. لەو لای دیکەوە ئێمە ئەوە دووپات دەکەینەوە، هەرگیز هیچ کۆچکردنێک نەبووە بۆ کوردسـتان و ئێمە تەحەدای وەفدی ئەرمەنی دەکەین بەڵگەی پێچەوانەمان بەدەستەوە بدات. ئەگەر وەفدەکە بانگەشەی ئەوە دەکا، دەبــێ مێــژوو، ژمارەی کۆچکراوەکان، - ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتوون، لە کوێ نیشـتەجێ بوون بە بەڵگەوە پشت ڕاستبکاتەوە.

وەفدی ئەرمەنی داوای پێکهێنانی چەند کۆمسـیۆنێکی دیاریکردنی سـنوور دەکات، کە لە چەند وەفدێکی هێزە گەورە گەرەنتیکار پێکهاتبێ، چەند کۆمیسـێرێکی ئەرمەنی بەشداری تێدا بکەن، کە، ئەرکی ئەوەیان پێ سـپێردرابێ لە شـوێنەکان سنوورە کۆتاییەکانی ئەرمێنیا دیاری بکات، ئەوانە ئەوپەڕی دەسـەڵاتی تەواویان هەبێ کە هەموو ئەو ئاسـتەنگانە بەلایەکدا بخات کە لە کاتی پیادەکردنی سنوورەکانی سەر نەخشە لەسەر زەوی لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ خۆیان دێننە پێشەوەو هەروەها مشوری ئەوەی ببێ ئەندامانی وڵاتە هاوسێیەکان بەدووربخاتەوە.

تۆ بڵێی پێویست بکات سەرنج بۆ ئەم داوایە ڕابکێشین؟ کە دەیەوێ ئەوروپا بخاتە ژێر ئەوەی بیـکات بە جــەلادی گەلانی ئەو وڵاتەی کە لە لایــەن ئەرمەنییەکانەوە چــاوی تێبڕاوە؟ بۆچی وەفدی ئەرمەنی بۆ خۆی دەیەوێ لەم کۆمسـیۆنە وەفدی وڵاتانی هاوسـێ بەدوور بخاتەوە، ئەگــەر ئــەوە بەو نیازە نییــە ڕێگەیان لێ بگرێ لەوەی داکۆکی لە مافــی پیرۆزی خۆیان و لە وڵاتــی خۆیــان بکەن و ڕێگە لــە ڕاپەڕاندنی درامایەکــی تۆقێو بگرێ کە دەیــەوێ بە وڵاتانی

هاوپەیمانی بکات.
بڵێی پێویست بێ موناقەشەی داوایەکانی وەفدی ئەرمەنی بکەین لەبارەی ئەو ئەرکانەی وا دەوڵەتانی هاوپەیمان دەیپارێزن کە ئەرکی ماندانی پێ دەسپێردرێ لە ئەرمێنیا؟ لە پەرەگرافی ٥ دا، ژماردنی پیتەکانی A، B، C، D و E، ئەمەیان، بۆخۆیان بە تەنیا بەسن بۆ ئەوەی نیازی خراپ و خۆپەرستی تاوانکاریی وەفدی ئەرمەنی بسەلمێنێن.
وەفدی ئەرمەنی، لە باسکردنی دانیشتوانی ئەو دەروناوچانەی کە چاوی تێبڕیووە، دەنووسێ:
١- تاوەکوو نیوەی سەدەی هەژدەهەم دانیشتوانی ئەرمەنی زۆرینەی ڕەها بوون لە ئەرمێنیای تورکیا.
٢- لەماوەی پەنجا ساڵەی دوایی سەدان ئاوایی ئەرمەنی، کە وەسپیان لە ئەدەبی ئێمەدا هاتووە بەر لە ٤٠ یا ٥٠ ساڵ ون بوون؟
٣- حکومەتی تورک لەشوێنیان تورک، کورد، چەرکەسی ئاوارەی بالقان و قەوقازی نیشتەجێ کردن"،
بۆیە،
١- وەفدی ئەرمەنی، کە لەسەرەتای یادداشتنامەکەی ئەوە دووپات دەکاتەوە کەوا ئەو ڕەگەزەی کە نوێنەرایەتی دەکات مێژوویێکی هەیە کە لەوەتای شەش سەدە دەبێ لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی هەر تەنها کتێبێکی دووردرێژی ناوی شەهیدانە لەگەڵ ڕەشەکوژییکی ناو بەناو، بە دانپیانان بە دواین دووپات کردنەوە کە، ٥٠ ساڵ پێشتر ئەرمەنییەکان هیچ کوشتاریان لێنەکراوە و هیچ کوشتارێکیان لێنەکراوە، چونکە ئەرمەنییەکان زۆرینەی خۆیان، واتە ژمارەی پێش دەسەڵاتی عوسمانییان پاراستبوو.
بەو پێیەی ئەم تێبینییەم لا دروست بوو، لەکاتی چوونە سەر ئەم باسە ئێمە ستاتستیکە هەرە کۆنەکان دەهێنینەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی ڕاستی ئەم زۆرینەیە بکەین، هەڵبەت دوای ئەوەی ئەوە زیاد دەکەین کە هیچ مێژوویێک ئەوەمان بۆ ناسەلمێنێ کە ئەو ویلایەتانەی لە لایەن ئەرمەنییەکانەوە داواکراوە لەوەتای شەش سەدە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بووە.
دوای پەیماننامەی بەرلین، کۆمسیۆنێک کە پێکهاتبوو لە ژێنێرال بەکر- سەعید پاشا و میناس ئەفەندی، نێردران بۆ ئەو ویلایەتانەی کە ئەرمەنییەکانی تێدا دەژیان بۆ سەرژمێری دانیشتوان.
لە ڕاپۆرتەکەیدا وەک نموونە، ئیشارە بەو بەشە دەکەین کە تایبەتە بە ویلایەتی دیاربەکر:
دانیشتوان.. ٨٤٠,٠٠٠ کە ٦٠٠,٠٠٠ موسڵمانن.
٢٤٠,٠٠٠ مەسیحین: کە لەمانەی دوایی١٥٪ی ئەرمەنین.
لە ساڵی ١٨٩٥، شازادە لوبانۆف ئەوە دووپات دەکاتەوە[٢] کە ئەرمەنییەکان تەنها لە بتلیس، ئەنگۆرە و ئەلکسەندەرییەدا زۆرینەن.
بەڕێز گابرییێل هانۆتوو هەر لە ساڵی ١٨٩٥، بە سیفەتی وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری فرانسا لە ناو پەرلەمانی فرانسی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا هیچ هەرێمێک نییە کە بتوانین پێی بڵێین ئەرمەنییە.
٢- ئێمە داوا لە ئەرمەنییەکان دەکەین پێمان بڵێن کوان "ئەو سەدان ئاوایانەی" کە ون بوون- ناویان، مێژوو و شێوازی ون بوونیان و بەڵگەی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی قسەکانیان.
٣- لە بالقان، نەک لە قەوقاز بەهیچ شێوەیەک کورد نەبووە کۆچ بکەن بۆ کوردستان، ئێمە ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە نە تورک و نە چەرکەس ئەوەیان نەکردووە.
وەفدی ئەرمەن بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەر لە جەنگ توخمی هەرە گرینگی دانیشتوان، لە ڕووی زۆرینەی نیسبی لەسەر هەموو توخمەکانی دیکە، توخمی ئەرمەن بووە:- بەڵام هیچ



هەواڵنامەی کتێب

بەڵگەیەک ئەوە دووپات ناکاتەوە کە وەفدەکە ئەوهێندە ئازایانە دەڵێ.
وەفدی تایین بانگەشـەی ئەوە دەکات کە نابێ بەهیچ شـێوەیەک پشت بە ئەژمارە تورکییەکان ببەسـترێ بۆ زانینی ڕێژەی نێوان توخمە هەمەچەشـنەکانی ویلایەتـە داواکراوەکان. تۆ بڵێی کەوابـێ تەنهـا بگەڕێنەوە سـەر ئەژمارەکانی پاتریارشـی ئەرمەنی و ئـەوەی وەفدەکە؟ ئەو پرەنسـیپی مافـە چییە کە ئـەو ئەژمارانەی کە لە لایەن سـکاڵاکار پێشـکەش دەکرێ قەبووڵ بکات؟ بەشـێوەیەکی سروشـتی، وەفدی ئەرمەنی، کە دەزانێ و ئاگادارە کە هەموو گەواهییە بێلایەنەکان بە بێ جیاوازی بە درۆیان دەخەنەوە، دەیەوێ قۆناغێکی نوێی یاسایی بکاتەوە و وا بکات هەمووئەوانەی دەیڵێ وەک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر قەبووڵ بکرێن.
یادداشتامەی ئەرمەنی بۆ ئەوەی بیسلمێنێ کە ستاتستیکە تورکییەکان ناڕاستن، دەنووسێ:
" حکومەتی تورک ژمارەی ٨٠,٠٠٠ بۆ ئەرمەنییەکانی ویلایەتی وان بەدەستەوە دەدات. کەوابوو بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوە چەسپاوە کە ژمارەی ئەرمەنییەکانی ئەم ویلایەتە کە لەکاتی دوایین ڕووداوەکاندا، ئەوانەی کە پەناهەندەی ڕووسیا بوون لە ٢٢٠,٠٠٠ سەرووتر بووە".
بـەر لـە هەرچی، لەسـەر چ بنەمایەک یادداشـتنامەی ناوبـراو پێمان دەڵێ کە بەشـێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوە چەسپاوە، هتد".
ئـەوەی سـەیرە ئەوەیـە کە یادداشـتنامەکە لە یەکەم پاشـکۆی خۆیدا ژمـارەی ١٨٥,٠٠٠ بۆ دانیشـتوانە ئەرمەنییەکانی ویلایەتی وان بەدەسـتەوە دەدات، جورئـەت دەکات ئەوە دووپات بکاتەوە بڵێ کە ئەوە بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر چەسپاوە کە ژمارەی ئاوارەکانی ئەم ویلایەتە لە ٢٢٠,٠٠٠ کەس ڕەتیکردووە.
دوای ئـەم بەڵگەیـە کە نیازی خراپ بەدیار دەخا، ئێمە داوای لێبووردن دەکەین لەوەی ئەگەر دڵنیایی ئەوە دەدەین کە ئەوە وەفدی ئەرمەنییە کە ستاتستیکەکان تەزویر دەکات. چەند دێڕێک کەمێک دوورتر، وەفدی ئەرمەنی هەڵەی کردووە لە نیشـاندانی ئەو بولتەنەی ساڵی ١٩١٦ کە، لە لایەن American Comitte for Armenians of Syria relief بڵاوکراوەتەوە و تێیدا ژمـارەی ئەرمەنییـە ئاوارەکانی ویلایەتەکانـی وان، بتلیس، دیاربەکر، خارپـووت، ئەرزەرۆم، تەرابزۆن، سیواس، ئەدەنە، حەلەب بەسەر یەکەوە بە ٢٢٠,٢٠٠٠ کەس دادەنێ.
ئەگەر لە یەک تاکە ویلایەتی وان ٢٢٠,٠٠٠ ئاوارە هەبووبێ، چۆن دەبێ ژمارەی سـەرجەمی ئاوارەکانـی نـۆ ویلایەت ٢٢٠,٠٠٠ کەس بووبێت؟ کێ باوەڕ دەکات؟ وەفدی ئەرمەنی یان ئەو بولتەنەی کە وەفدەکە بۆ پاڵپشتی قسەکانی ئیشارەی بۆ دەکا؟
وەفدی ئەرمەن، بەوەفا لەگەڵ سیستمی خۆی، بە بێ هیچ بەڵگەیەکی تر جگە لە ستاتستیکەکانی پاتریارشـی ئەرمەنی، بانگەشەی ئەوە بکات کە ژمارەی ئەرمەنییەکانی تورکیا لە ساڵی ١٨٩٢ بە ٢,٦٠٠٠,٠٠٠ کەس خەملێنراوە کە لەوانە ١,٦٨٠,٠٠٠ کەسـیان لە شـەش ویلایەتەکە ژیاون و ساڵی ١٩١٢ ئەم ژمارەیە ٢,١٠,٠٠٠ و١,٠١٨,٠٠٠ بووە-کەوابوو کەمبوونەوەیەکی ٥٠٠,٠٠٠ کەسی هەیە.
ئەگەر ئەم ژمارەیە لەگەڵ ئەو ژمارانە بەراورد بکەین کە ستاتسـتیکە ڕەسـمییەکانی فرانسی لـە سـاڵی ١٨٩٢ بەدەسـتییەوە داوە، کەوا ژمارەی دانیشـتوانە ئەرمەنییەکانـی ئیمپراتۆریای عوسـمانی بە ١,٤٧٥,٠١١ کەس بەدەستەوە دەدات، تێبینی ئەوە دەکەین کەوا وەفدی ئەرمەنی ١,١٤٢,٩٨٩ی پێوەناوە، ژمارەیەکی زۆر گرینگ.
وەفـدی ئەرمەنـی داوا دەکات نـەک هـەر مردووەکانی سـەدەی ڕابووردوو لەگـەڵ ژمارەی نەتەوەکەیان حسێب بکرێ، زیاد لەوە داهێنانێکی تاڕادەیەک سەیرو سەمەرەی تریشیان داهێناوە بـەوەی دەڵێن:" ڕەگەزێکی بە منداڵ زۆری وەکوو ئەرمەن دەبوایە لەسـایەی لەدایکبوونەوە ژمارەیەکـی ئـاوای زیاد بکردبوایە کە دەبوو بـەلای کەمییەوە بـە ٥٠٠,٠٠٠ بخەملێندرێ"، - وەفدەکە داوا دەکات ئەو ئەرمەنیانەی- کە لە دایک نەبوون، بەڵام- بەگوێرەی وەفدەکە- دەبوو

لە دایکبوونایە...بە بێ تورکەکان دەبوو حسـێب بکرابوونایە هەر وەک ئەوەی لە دایک بووبن و ژیا بن.

بەم بەڵگەهێنانەوەیە وەفدی ناوبراو بەمشێوەیەی خوارەوە ژمارەی ئەرمەنییەکانی دەستنیشان دەکات:

- ئەوانەی بەر لە جەنگ ڕەشەکوژ کراون.. ٥٠٠,٠٠٠
- ئەوانەی لە دایکبوونیان لە لایەن
تورکەکان ڕێگەی لێگراوە.......................... ٥٠٠,٠٠٠
- ئەوانەی لە کاتی جەنگ مردوون............ ١,٠٠٠,٠٠٠
سەرجەم................................................... ٢,٠٠٠,٠٠٠

وەفدی ئەرمەن ژمارەی دانیشـتوانی ئەرمەنەکانی ئەو ویلایەتانەی وەک ئەو ناوی دەنێ بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانکردووە:

ئەرمەنی تورکیا.......................................... ١,٤٠٣,٠٠٠
ئەرمەنی قەوقاز.......................................... ١,٢٩٦,٠٠٠
لەناوچەکانی تورکیای ئاسیایی.............. ٤٤٠,٠٠٠
لەناوچەکانی قەوقاز.................................. ٥٠٨,٠٠٠
لە ئێران.................................................... ١٤٠,٠٠٠
لە کۆنستانتینۆپل و تورکیای ئەوروپایی...... ١٨٣,٠٠٠
لە ڕووسیا، قەوقاز، سێپتێنتریۆنال............ ٢٥٠,٠٠٠
لە ئەوروپا، میسر و هیندوستان.................. ١٢٠,٠٠٠
لە ئەمریکا................................................. ١٣٠,٠٠٠
واتە سەرجەم بەسەریەکەوە................. ٤,٤٧٠,٠٠٠

وەفدەکـە دەگاتە ئەوەی بانگاشـەی ئەوە بکات کە لەسـەر گـۆی زەوی ٤,٤٧٠,٠٠٠ ئەرمەنی هەیە. ئێمە داوای بەخشین دەکەین لەوەی ئەو هێندە فزولین، بەڵام دەمانەوێ بەتەواوی بزانین سەرچاوەی ئەم ژمارانە چییە؟

ئێمە زۆر سەراسـیمە بووین کە لەم یادداشـتنامەیە ئەوەمان خوێندەوە کە " یۆنان، لەکاتی ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی خۆی، هەر تەنهـا ٣٠٠,٠٠٠ تا ٤٠٠,٠٠٠ یۆنانـی لێبووە" و بە هیچ شـێوەیەک ئەم ڕستە پشـتی بە هیچ سـەرچاوەیەک نەبەسـتووە.، لەکاتێکدا ستاتستیکە زۆر ناسراوە ئەوروپاییەکان، ژمارەی ئەمانەی دوایی بە ١,٢٠٠,٠٠٠ کەس دادەنێ.

وەفدی ئەرمەنی بۆ خۆیان هەسـت بە لاوازی ئەو ژمارانە دەکەن کە دروسـتیان کردووە بۆ ئەوەی ئەوە وەدیاربخەن کە زۆرینەن دەڵێ:" تەنها یەک تاقە ڕێسـای ڕاسـت و دروست هەیە کـە دەکـرێ لەبەرچاو بگیرێ: - ئەویش "مافی مێژووییە لـە ناو هەموو ئەو توخمانە" – بەڵام وەفدەکە هیچی وامان پێ ناڵێ ئەو مافە مێژوویانە چین کە ڕەگەزی ئەرمەن لەسەر کوردستان هەیانە و بە چ مانایەک وەفدەکە "مافی مێژوویی لە ناو هەموو ئەو توخمانە" دەداتە ئەم تێرمە بەر بڵاوە.

بەڵێ ئەرمەنسـتانێک هەیە و ئێمە لە بوونی هیچ قسـەیەکمان نییە و ئێمە هەتا ئامادەشـین هاریکاری دۆستانەشی بکەین، بەڵام سنوورەکانی ئەم ئەرمەنستانە هەرگیز لە زەریای خەزەر، چیایەکانـی کوردسـتان، ئەلبانیا، یا ئالانی و تەمیز تێپەڕ نەبـووە(٣). گەرچی ئێمە بڕوامان بە ستاتیستیکەکانی پاتریارشی ئەرمەنەکان هەیە، -ئەگەر بوونی مردوو و لە دایک نەبووەکانیش قەبـووڵ بکەیـن، ئەنجامەکـەی هەرچۆنێک بێـت یەکگیر نییە لەگـەڵ ئەنجامـی ئیمپریالیزمی ئەرمەنییەکان.

با ئێستە لە نامیلکەکەی بەڕێز م. لییار بکۆڵینەوە، کە بەم وشانە دەستپێدەکات:-

هەواڵنامەی کتێب

" ئەم لێکۆڵینەوەیە بە قازانجی ئەرمەنەکان نووسراوە و ئەو ستاتستیکە دووبارە دەکاتەوە کە بە مشورخواردنی پاتریارشی ئەرمەنی نووسراوە، کەوایە ئێمە پێ لەسەر چ دابگرین؟
ڕاستییەکەی ئەم چەند دێرانەی تێدا دەخوێنینەوە:
"ئێمە وای دەبینیین کە ئەرمەنییەکان لە پێنج ویلایەتەکانی عوسمانی: ئەرزەرۆم، بتلیس، خارپووت، دیاربەکر، سیواس، کەمینەن، تەنها لە شاری وان، زۆرینەیەکی لاواز ١٨٥,٠٠٠ ئەرمەنی لە بەرامبەر سەرجەمی ٣٥٠,٠٠٠ی دانیشتوان پێک دەهێنن. لە تەواوی شەش ویلایەتەکە بە ڕێژەیەکی مام ناوەندی تەنها لە ٣٨,٩٪ی دانیشتوان پێک دەهێنن. لە سیلیس ٤٠٧,٠٠٠ کەسن لە کاتێکدا تەنها ویلایەتی ئەدەنە ٤٢٠,٠٠٠ کەسی لێیە".
وەفدی ئەرمەن دان بەو دڵڕەقییە نایەنێ کە ناسیۆنالیستە (ئەرمەنەکان، وەرگێر) لە بەرامبەر موسڵمانەکان کردوویانە و دەڵێ: هەرچی سەبارەت بە موسڵمانەکانە، ژمارەی ئەوانیش لە ئەرمەنستان کەمبۆوە، بەڕێژەیەکی زۆر گەورە کە عادەتەن گریمانە ناکرێ. ئەو ویلایەتانەی کە کەوتبوونە ناو شەڕی سوپای ڕووس و داگیرکردنەکانی وەک ئەرزەرۆم، تەرابزۆن، وان، بتلیس، ئەمڕۆ بەشی زۆریان بوونەتە بیابانێکی ڕاستەقینە. بەشی زۆرینەی خەڵکی تورک ئەوانەی کە لە دەست جەنگ نالاندوویانە، خۆیان هەڵاتن یا یەخەگیری پەتا و دەرد و بەڵا بوونەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧، لە ویلایەتەکانی وان، بتلیس و ئەرزەڕۆم بە هەمووی نزیکەی ٤٦,٠٠٠ تورک و ٥٠,٠٠٠ کوردی لێ مابۆوە".
بە گوێرەی ستاتستیکە لە هەمووان بێلایەنانە تر، دانیشتوانە موسڵمانەکانی ئەم سێ ویلایەتە- تورک و کورد- ١,٤٦٣,٦٤٧ کەس بووە. جا ئەگەر وەک ئەرمەنییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن تەنها ٩٦,٠٠٠ کەسیان لێ مابێتەوە- ئەوانی دیکە واتە ١,٣٦٤,٦٤٧ کەسیان لە لایەن ئەرمەنەکان و ڕووسەکان ڕەشەکوژ کراون.
ئەرمەنییەکان کە زیانی نەتەوەیی خۆیان بە ١,٠٠٠,٠٠٠ کەس دەخەملێنن لە ماوەی ئەم جەنگەدا دەکرێ پیرۆزبایی لە خۆیان بکەن بۆ ئەو ئەنجامەی بەدەستیان هێناوە.
وەفدی ئەرمەن ڕزگاربووەکانی جەنگی شاری دیاربەکر بە ٦٠,٠٠٠ دەخەملێنێ، کەوایە ئەوانی دیکە دواتر بە برسێتی و بە پەتای کولێرا و تایفۆید لەناوچوون". کەوابوو ئەوە بەهیچ شێوەیەک تەنها ئەرمەنەکان نین کە بە هیلاک چوون، بەڵکو هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچەیەن و ئەمەش لە سۆنگەی کەمی خۆراک و کەرەسەی داو و دەرمان: کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی جەنگن.
وەفدی ناوبراو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ٢٢,٠٠٠ ڕاگوێزراوەی ئەرمەنی لە دیاربەکر بە ٣٠,٠٠٠ ئاوارەی تورکی ناوچەی بتلیس جێگەیان گیراوەتەوە. ئێمە بەداخەوە ناچار دەبین ئەوە بەدرۆ بخەینەوە، چونکە لە هیچ ستاتیستیکێکی جیهانیدا هەرگیز نەبینراوە لە هەموو ویلایەتی بتلیس هەتا ٣٠٠ تورکیشی تێدا بووبێت، هەموو خەڵکە تورکەکانی ئەم ویلایەتە هەر تەنها فەرمانکارەکانن.
یادداشتەکەی ئەرمەنەکان دەڵێ:
" زۆرینەی ئەو تورکانەی کە تێیدا ماونەتەوە، نایانەوێ چیتر لە لای ئێمە بمێننەوە. ئەوان بەجێی دەهێڵن.. و دەکرێ ئالوگۆڕێکی دانیشتوان بکرێ.. چونکە ئەنجامەکەی بە خێر و چاکە دەشکێتەوە بۆ ئاشتی جیهان"
وەختایەک چاو بەم چەند دێرە دەخشێنین و دووبارە بە وردی دەیخوێنینەوە و تەواو خۆپەرستی، ڕق، و ئیمپریالیزمی ئەرمەنییەکان لەبەرچاو دەگرین کە لە ئێستەوە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە هەموو توانایان بخەنە گەڕ تا لە وڵاتدا هیچ تۆخمێکی موسڵمانی تورک و کورد نەهێڵن.
یادداشتنامەی ناوبراو بەدەستدراوەکانی ئەم ژمارانە، بەم تێوردبوونەوە کۆتایی پێدەهێنێ:

" بە کورتی، لە سنووری ئەرمینیا بە حاستەم نیوەی دانیشتوانە تورکەکانی کە بەر لە جەنگ هەبوون ماون، واتە لە ملوێنێک کەمتر، بەلای زۆرییەوە پێکهاتووە لە ٥٠٠٠٠٠ تورک، چەرکەس، و توخمە هاوچەشنەکانی، ٣٠٠٠٠٠ تەتەر، ٢٠٠٠٠٠ کورد". بەڵام ئەمجارەش بەهیچ شێوەیەک ئەو سەرچاوەیە دەستنیشان ناکات کە ئەم ژمارانەی لێ وەرگرتوون. ئێمە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بە ڕاست و دروستی بمێنینەوە ئەگەر داوا لە وەفدی ئەرمەن بکەین کەوا گەواهی حسی بۆ ژمارەکانی بەدەستەوە نەدات. دوای ئەم هەموو تەزویرکارییە کە ڕێگەی بەخۆی داوە بیخاتە ناو یاددشتنامەکەی.

وەفدی ناوبراو بانگاشەی ئەوە دەکات کە ڕەگەزەکەی " پێشەنگی شارەستانیەتی ڕۆژهەڵاتە". وەڵامی ئەمە لەناو ئەو نامیلکەیە جۆرجییە دایە کە لە پێشەوە ئیشارەتمان پێکرد. بۆ پاڵپشتی ئەمە وەفدی تایین چەند ژمارەیەک بازرگانی و پیشەسازی و کارخانەمان دەداتێ کە بۆ پێداویستی کاتیین، بێ ئەوەی ڕاستی و دروستیەکەی پشتڕاست بکاتەوە، بەگوێرەی ئەو جۆرەی بۆ خۆی پێی خۆشە.

ئەم وەفدە زۆر بەوەفایە لەگەڵ سیستمی بەرگری خۆی، باقی پاشماوەی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان و بێزەنتین دەکاتە هی خۆیی و دەڵێ: "لە ئەدەنە تا سیس، تا وان و یەریڤان، تەواوی بانە بەرزاییەکانی ئەرمەنی بڵاوە بوون بە کەلاوەی شار، قەڵا، کلێسە، دێرە، پرد، پاشماوە، هتد هتد.

دوایین بەشی یادداشتنامەکە بە ڕاستی شایانی ئەوەیە کە ماوەتەوە. ڕاستییەکەی ئەمەی تێدا دەخوێنینەوە:

" ئەو گەلەی کە لەوەتای ٣٠ سەدەیە، زۆر پێش لەوەی کە ئێکزێنفۆن باسی بکات، تا ڕۆژی ئەمرۆ لە بانەکانی خۆیدا ژیاوە، ئەوە ئەو گەلەیە کە ڕۆڵێکی وای بینیووە کە مێژوو و جوگرافیا بۆیان دیاری کردووە، لەناو مێژووی شکۆی خۆیدا کە، ڕۆڵی ئەو بەسەر زەوی و زارەکانیدا دووپات کردۆتەوە و دوای هەر وێرانبوونێک دووبارە دروستی کردوتەوە و دووبارە دروستیکردۆتەوە و بەرهەمی هێناوە، ئەوە هەمیشە هەر نەتەوەی ئەرمەن بووە. هەموو ئەو توخمانەی تر کە، لەڕووی ژمارە و گرینگیان تەواو لاوەکی بوون یان سەر بە ڕەگەز گەلێک بوون کە نیمچە-بەربەری بوون، نە هونەر، نە ئەدەب، و نە مێژوویان نەبووە و لە درێژەی بوونیاندا هیچیان پێشکەش بە شارەستانیەت نەکردووە".

ئەوە وەک ئەوە وانییە کە باوەڕ بکەین مێژووی ئێران یا میسرییەکان یا گریک و ڕۆمانەکان دەخوێنینەوە؟.. بەڵام لەناو ئەمانە ئەی کوردەکان، هیتییەکان و زۆر ڕەگەزی دیکە کە لە مێژوودا ناوێکی ناسراوتریان لەوەی ئەرمەنییەکان هەبووە چیان بەسەر هات. ئایا ئەوە لەبارەی ئەوانەوەیە کە وەفدەکە بەم تێرمە هێندە شەرمهێنانە باسیان دەکات؟

ئێمە زۆر پەشیمانین لەوەی کە وەفدی ئەرمەنییەکان هیچ سەرچاوەیەکی نیشان نەداوین کە تێیدا بتوانین زانیاری لەسەر ئەم شارستانیە بەرزەی ئەرمەنەکان وەربگرین، خەباتی پاڵەوانانەیان لەبەرامبەر بەربەرەکان و ناوی شاکارە ئەدەبیەکانیان بزانین.لە تاوتێکردنی پێنج پاشکۆیەکەی وەفدی ئەرمەنی ئەم تەزویرکاریانەی خوارەوە تێبینی دەکەین:

**یەکەم پاشکۆ**

وەفدی ئەرمەن لەناو دانیشتوانی ویلایەتی ئەرزەرۆم ئەم ژمارانە بەدەستەوە دەدات:

چەرکەس................ ٧,٠٠٠
فارس...................... ١٣,٠٠٠
لاز........................... ١٠,٠٠٠
٣٠,٠٠٠

لە ناو ویلایەتی بتلیسیش:

چەرکەس.................... ١٠,٠٠٠

ئەمە هەر تەنها بەو ئامانجەیە تا کاریگەریی باڵادەستیی ڕەگەزەکان دەستەبەر بکات. هەڵبەت، لەم دوو ویلایەتە نە چەرکەس و نە فارس و نە لازی لێ نین.

هەر بۆ هەمان مەبەست، وەفدەکە ئەم ژمارانە بەدەستەوە دەدات:

قزلباش......................... ١٤٠,٠٠٠

چەرکەس و لاز.......... ٧٧,٠٠٠

ئێزیدی......................... ٣٧,٠٠٠

٢٥٤,٠٠٠

لەژێر ئەستوونی "ئایینەکانی دیکە" دانراون لەکاتێکدا کەوا هەموو ئەم دانیشتوانانە کوردی پاکژ و موسڵمانی دڵگەرمن. جیاوازی لە نێوان ئەوان و باقی کوردەکانی دیکە بریتییە لە دابەشبوونی مەزهەبی و بەهیچ شێوەیەک ئایینی و ڕەگەزی نییە.

**دووەم پاشکۆ**

وەفدی ئەرمەن هەمان هەڵەی بە ئەنقەستکراو، کە لە یەکەم پاشکۆ دا هاتووە، دووبارە دەکاتەوە و ٣٠٣,٠٠٠ قزلباش، فەلە و ئێزیدی لەژێر ئەستوونی ئایینی هەمەچەشنە داناوە لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ کوردەکانیان دابنێ.

**چوارەم پاشکۆ[٤]**

هەمان وەفد، کە هەڵبەت بەهیچ شێوەیەک نابێ چاوپۆشی بکات، درێژە بە هەمان هەڵە دەدات و ٣٤١,٠٠٠ قزلباش، زازا، و ئێزیدی لە کوردەکان جیا دەکاتەوە.

**پێنجەم پاشکۆ**

وەفدی ئەرمەن ڕەوشی دانیشتوانی بولگاریا لەکاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییاندا بەراورد دەکات. لەگەڵ ئەوەی ئەرمەنەکان و ژمارەی ١,١٣٠,٠٠٠بولگار لەناو دانیشتوانێکی ٢,٣٥٢,٥٠٠ کەسی بەدەستوە دەدات، کە لەوانە ١,٢٣٣,٥٠٠٠یان مەسیحی و ١,١١٩,٠٠٠یان موسڵمانن. تەنها بە گەڕانەوە بۆ سەر هەر ستاتستیکێکی بێلایەن دەتوانین قەناعەت بە ناڕاستی ئەم ژمارانە بکەین.

بەڵام دیسان بۆچی وەفدی ئەرمەن بەهیچ شێوەیەک سەرچاوەی ستاتستیک و کوردەکان بەدەستەوە نادات کە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە داوای هەرێمە عوسمانییەکان دەکات کە کوردستان پێکدەهێنن؟ دەبێ- باوەڕ بەو قسەیان بکەین کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە ماوەی نیو سەدەی دوایی تاڵاویان چەشتووە؟

ئێمە پێمان وایە کە، ئەرمەنییەکان دەبێ وەک هەموو سکاڵاکاریکی تر، بانگەشە و بیانوەکانی خۆیان بە بەڵگە و نوختە وخاڵی سادە بسەلمێنن.

ئەرمەنییەکان داوای ئیمپراتۆریایەک دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو ئەرمەنیانە نییە کە لەناو سنووری ئەم ئیمپراتۆریەدا دەژین، بەڵکو لەسەر بنەمای ژمارەی ڕەگەزی ئەرمەنییەکانە کە لەسەر گۆی زەوی دا دەژین. ئەگەر ئێمەش بمانەوێ بەمشێوەیە پێدا بچین، دەتوانین ئەم ستاتسیکەی خوارەوە دیاری بکەین:-

| ویلایەت | ژمارەی دانیشتوان |
| --- | --- |
| کوردستان بە مانای تەواوی وشەکە | ٥,٠٠٠,٠٠٠ |
| ئەنگۆرە | ٣٥٠,٠٠٠ |
| کۆنیا | ٣٠٠,٠٠٠ |
| سیواس | ١٥٠,٠٠٠ |
| ئەدەنە | ١٠٠,٠٠٠ |

| | |
|---|---|
| بەغداد | ٥٠,٠٠٠ |
| کۆنستانتینۆپل | ٦٠,٠٠٠ |
| ئێران | ٣,٠٠٠,٠٠٠ |
| ئیمپراتۆریای ڕووسیا | ٤٠٠,٠٠٠ |
| ... | ٢٥٠,٠٠٠ |
| ئەوانەی بەدەست ڕووسەکان و ئەرمەنییەکان لە کاتی جەنگی ئەم دواییە ڕەشەکوژ کراون | ٤٥٠,٠٠٠ |
| سەرجەم | ١٠,١١٠,٠٠٠ |

و بگەینە ژمارەیەکی گشتی ١٠,١١٠,٠٠٠ کورد کە، مافی ئەوەیان هەیە بە تەقریبی داوای تەواوی ئاسیای عوسمانی، بەشێکی مەملەکەتی ئێران، بەشێکی میزۆپۆتامیا و بەشێکی میراتی تسارەکان بکەن، چونکە لەناو هەموو ئەو دەرو ناوچانەی کە ئیشارەیان پێکراوە بە نزیکەیی ئەو هێندە کوردی تێدایە، ئەگەر زیاتریش نەبن لەو ئەرمەنیانەی کە لەو ناوچانەدا هەن کە لە لایەن ئەرمەنییەکانەوە داوا دەکرێ. ئەگەر ئێمەش وەکوو ئەرمەنەکان پێ لەسەر ئەوە دابگرین بگەڕێینەوە سەر داگیرکردنە کاتییەکان، ئەوا دەتوانین داوای گێڕانەوەی سووریا، فەلەستین و میسر یش بکەین، چونکە کوردەکان کاتی خۆی ئەو ناوچانەیان داگیرکردوون و لە دەورانی شکۆمەندی خۆیان ئەو ناوچانەیان بەدەستەوە بووە و داگیرکردنەکانی (کوردەکان، وەرگێر) زۆر ڕاستتر و زۆر مکوم تریش بووە لەوەی تیگرانەکان، کاگیگەکان و لیۆنەکان.

هەڵبەت وەک چۆن هیچ نەرەری ئیمپریالیستانەمان نییە، ئێمە تەنها ئەو دەرو ناوچانە داوادەکەین کە لانکی نەتەوەی کوردن، ئێمە پشت ئەستوور بە مافی خۆمان، بەهێزین و تەنها ئەوەی ئێمە داوای دەکەین ئەوەیە، پێش ئەوەی بڕیار لەسەر چارەنووسی وڵاتەکەمان بدەن، ئێمە بە ئاشکرا و بە ڕەسمی ڕای دەگەینین کە چۆک دانادەین بۆ بڕیارێک کە قوربانی بە ئێمە بدات بۆ مەبەست و مەرامی خۆپەرست و ئەمپریالیستانەی ئەرمەنەکان.

سەرۆکی بەڕێز لەگەڵ ڕێزلێنانی زۆرمدا تکایە ڕێزی زۆر شایانم قەبووڵ بفەرموون.

سکتێری گشتی
کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد





سورەیا بەدرخان
سکرتێری گشتیی کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد
سندوقی پۆستە ژمارە. ٥٨٠*
قاهیرە، میسر

پەراوێزەکانی وەرگێر:

١–سورەیا بۆ خۆی هەر شەش ویلایەتی نووسیووە کەچی نازانم بۆچی بە نووسین، نووسیووە پێنج ویلایەت، وەرگێر.

٢– de ،Livre Bleu Britannique ١٨٩٦، Page ١٦.

٣– نەخشە جوگرافییەکەی سترابۆن.

٤– لە بەڵگەنامەکەدا ژمارەی پاشکۆیەکان لە دووەمەوە ڕاستەوخۆ هاتۆتە سەر چوارەم، وەرگێر.

* ئومێدەوارین وەرگێڕی بەڕێز هەستی پێکردبێ ئەم ژمارە سندوقی پۆستەیەی تەک ناوونیشانی سورەیا بەدرخان، هەمان ژمارە سندوقی پۆستی سەر رۆژنامەی (کوردستان*خوولی سێیەمە، دیارە ئەمەش مانای خۆی هەیە).

# (١)

# دەبێ ٢٢ی نیسان،نەک ٢١ی نیسان، ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بێت..؟!

**عەبدوڵلا زەنگەنە**

مرۆڤی کورد، بە نووسەری ئەم دێڕانەشەوە، تا ئەم دواییانە، لەنووسینەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژانە خەمساردن، زۆرجاریش وابووە ئەوانەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەیان لای خۆیان تۆمار کردووە دواتر لەبەر هەرهۆیەک بووبێت، ئەم سامانە نەتەوایەتییەیان لەناو بردووە، زۆر کەسم دیوە بیرەوەرییە نووسراوەکانی باوک و باپیرانی خۆیانی کردۆتە خۆراکی ئاگرو فەوتاندوویانە.

من پێم وایە لەبەر ئەم هۆیانەو هۆی دیکە بووە تێکڕای کورد هزری ئەرشیفکردنیان لاوازە، لەم لایەنەوە هەژارترین مرۆڤی سەر ئەم زەمینەن، وا دیارە لەبەر ئەم هۆیانەشە هەر یادو بۆنەیەکی ئەم میللەتە، دواتر مشت و مڕی لەسەر دروست دەبێت، یادی ڕۆژنامەنووسی کوردی کە ساڵانە لە ٤/٢٢ پیرۆز رادەگیرا، بەدرێژایی ئەم چل ساڵەی دوایی هیچ کەسێک ناڕازیبوونێکی لەسەر نیشان نەدابوو، تەنانەت یەکێکی وەکو من زۆر شانازیم پێوە دەکردو هەموو جارێک دەمگوت: قەت وا رێکنەکەوتووە لایەنەکانی ئەو میللەتە لەوپەڕی راستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، لە توندترین مرۆڤی نەتەوەپەروەرییانەوە بۆ توندترین ئایین پەروەرییان ئاوەها لەسەر بۆنەیەک کۆک بووبن.

لەم ساڵانەی دواییشدا لە رێگەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەم یادە پیرۆز رادەگیرا، ئەوەبوو دواتر دەزگای بەدرخان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەش هاتە ناوەوەو لە رێگەی چەند کەس و لایەنێکەوە، لەژێر ناوی فێستیڤاڵی بەدرخان، ئەم یادەی بەرز رادەگرت، سەندیکای رۆژنامەنووسانیش بە هەموو توانای خۆی یارمەتی دەدا، تەنانەت لە فێستیڤاڵی سێیەمدا یادەکە بە دوو قۆڵی کرایەوە، ئەوەبوو زۆر کەس و لایەن، بێ ئەوەی لەهۆیەکان بگەن و بزانن، لە سەندیکا کەوتنە تەقە، گوایە چۆن دەبێ خۆی وا بچووک بکاتەوەو لە رێگەی دەزگایەکی

دیکـەوە ئـەو یـادە بکاتـەوە، بەهەرحاڵ ئەم ســاڵ لە ٢٠٠٧/٤/٢٢دا هەر لە کوردستانەوە، تا بەرلین لە چەند شوێنێک ئەم یادە کرایەوە، من پێم وایە هەژارترینیان ئەوەی سـەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتان بــوو کــە ئەمســاڵ لە هۆڵی ئوتێـل چوارچرای هەولێر بەڕێوەچوو، چونکە یادەکە لەوێدا تەنیا لەسەر بودجەی ســەندیکا بــووە، پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێ: دۆمە ڕەشـە، ئەویش دەڵێ سەرم خـوا هــەر ئەوەندەیـە، هەرچی شــوێنەکانی دیکــە بــوون، بودجــەو دارایــی حکومەتیان لەبەردەســت بــوو، بیرمە ئــەو ڕۆژە یەک لە ڕۆژنامەنووسە لاوەکان ڕەخنەی لە دەستەی ئامــادەکاری یادەوەرییەکەی ســەندیکا گرت، گوایــە چالاکییەکانیان وشــک بووەو شــایی و هەڵپەڕکــێ و تەپــڵ و مۆســیقای لەگەڵــدا نەبــووە، تەنانەت گووتبــووی: لەوانەیە لەبەر ئــەوە بووبێ ئەندامانی ئەنجومەنی ســەندیکا هەموویان پیرن، جــا نازانم ئەو هاوکارەمان لــە زیرەکــی خــۆی بــوو ئــەو ڕەخنەیــەی ئاراســتەی هاوکارانــی کــرد، یــان هەواڵــی هەمــان بۆنەی ئوتێل شــیراتۆنی هەولێری بە مۆبایــل وەرگرتبوو، کە ئاهەنگێکی بەدڵی ئەو هاوکارەمانی تێدا گێڕدرابوو، تەنانەت سەرۆکی حکومــەت تێــدا ئامادەببوو بەدەســتی خۆی ڕۆژنامەنووســانی وەرزشی خەڵات کردبوو، بەیانییەکەشــی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ئافرەتانی ڕۆژنامەنووســی خــەڵات کردبوو، لەولاترەوەش وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردســتان، بۆنەکەی بەشــێوەی خۆی بەرز ڕاگرتبوو، لــە (بەرلین)یش دەزگای بەدرخان و گۆڤاری هاڤیبوون، چ لە کوردستان و چ لە هەنــدەران، ڕۆژانی ٢١ تا ٢٣ کۆمەڵێک خەڵک و ڕۆژنامەنووسی لەسەر حیسابی حکومەتی کوردســتان کۆکردبــووەوەو هــەر کەســەو باســی لایەنێکی مێــژووی ڕۆژنامەنووســی کردبوو، ئەوەبوو دواتر، وەکو هەولێرییەکان دەڵێــن: هەمــووی لــە کونەکەپــوو هێنانەوە، ئــەو ڕێزلێنانــەی مــاوەی دوو ســاڵێک بوو بــاری هەندێک لە ڕۆژنامەنووســانی ڕاست کردبــووەوە، حکومەتــی کوردســتان وەکــو

دەڵێن بــە (کون فەیەکونێــک) هەمووی بڕی. ئەوەیە دەڵێن حکومەت کەروێشک بە عارەبانە دەگـرێ، بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مەبەســتی ئێمەیــە ئەم وردە گلەییانە نییــە، وادیارە ئەم ســاڵ کاک (فەرهــاد شــاکەلی) دانیشــتووی ســوێد بەم بۆنەیەوە بابەتێکی بەناونیشــانی (ڕۆژنامەنووســی کــوردی: ڕاســتکردنەوەی هەڵەیەکی چل ســاڵە) بڵاوکردبــۆوە، تیادا بە بەراوردکردنــی نێــوان بەروارەکانــی ڕۆمی و میــلادی و هیجــری، بەپێــی لێکدانــەوەو بەراوردکردنەکانــی خــۆی ویســتبووی ئەوە بسەلمێنێ گوایە ئەم ڕۆژە ڕێکەوتی ١٨٩٨/٤/٢١ دەکات نەک ١٨٩٨/٤/٢٢، واپێدەچێ نووسەری ئــەم دێرانەش وەکو یەکێک لــە ئاگادارەکانی ســالانەی ئەم یادانە، ئەم ڕایەی کاک (فەرهاد شــاکەلی) پێ هەزم نەکرابــوو، بۆیە هەرزوو هەوڵەکانی خۆی چڕتر کردەوە تا قورســایی بۆچوونــەکان بەلایەکدابخــات، ئەوەبــوو پەیوەنــدی بەزۆر لە پســپۆڕانی ئەم بوارەوە کــرد، دیاربوو هــەر یەکــەو ڕاو بۆچوونێکی هەبــوو، هەبوو پێــی وابوو ئــەم برادەرەمان کاغەزی خەسار کردووە، هەشبوو پێکەنینی بە ڕاکەی (شاکەلی) هاتبوو، هەرچی نووسەری ئــەم دێرانەیە حــەزی دەکرد هەمــوو ڕاکان بهێنرێنە ســەر کاغــەز، نەبادا چەند ســاڵێکی دیکــە یەکێکــی دیکە قیت بێتــەوەو جارێکی دیکە زانیارییەکان بەخوێنەران بفرۆشێتەوە، ئەوەبــوو بەیارمەتــی چەنــد برادەرێــک، ئــەو بابەتــەم نووســی کــە بەناونیشــانی (ڕۆژنامەنووسی کوردی: دووبارە کردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە) لەسەر لاپەڕەکانی ژمارە (٤٣٧ی ڕێکەوتــی دوو شــەممەی ڕێکەوتــی ٢٠٠٧/٥/٢١ ڕۆژنامەی (ئاســۆ) بڵاوکرایەوە، ئەوەنــدەی پێنەچــوو د. نەجاتــی عەبدوڵڵا لە پاریســەوە نووســەری بابەتەکــەی ئــاگادار کردەوە کە تۆژەر لــە بەکارهێنانی کتێبەکەی (س.ج. گرینڤیل)دا هەڵەی بەســەردا تێپەڕیوە، بۆیە جارێکی دیکە چوومەوە ســەر بابەتەکە، ئەم جارەیان بــە بەکارهێنانی ڕێگەی تایبەتی خۆم و بەراوردی ساڵ و ڕۆژەکانی کۆچی و زایینی گەیشتمە ئەو ئەنجامانەی بەناونیشانی

(ڕۆژنامەنووسـی کـوردی: جارێکی دیکەش دووبارە کردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە)، کە ئەمجارەیـان لە ژمارە (٤٧١)ی یەکشـەممەی ڕێکەوتـی ٢٠٠٧/٧/١ و ژمارە (٤٧٣)ی سـێ شـەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٧/٣ دا ڕۆژنامەی (ئاسۆ)دا بڵاوبۆوە.

ئەوەندەی نەبرد جارێکی دیکەش د. نەجاتی عەبدوڵـلا پەیوەندی پێوە کردوومەتەوەو لەو نامـە ئەلیکترۆنییە ناسـکەیدا کـەوا دەقەکەی لێـرەدا دەخوێیننەوە گلەیی زۆری لێ کردووم گوایە پێچەوانەی نەرم و نیانی خۆم هێرشـم کردۆتە سەر (د. شاکەلی)، هەروەها چاویشی لێ سـوور کردوومەتەوە کە ئەویش بەسـەر بابەتەکەدا دێتە ناوەوە، نەمویسـت قەبرغەی بگـرم و بڵێـم ئـەوە عـەرزو ئـەوەش گەز، دیـارە پێم ناخۆش بووە ئەو خۆشەویسـتەم بێتـە ناوەوە، هـەر چاوەڕێم کـرد وا لە هیچ لایەکـەوە نەهاتۆتـە نـاوەوە، کاک (شـێرکۆ حەبیب)یـش دوای خوێندنەوەی بابەتەکەم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە مێژووی (٣٠ ذولقعدە)ی ١٣١٥ی کۆچی لێکدابووەوە، ئەویش پێی وایە ڕێکەوتـی هـەردوو ڕۆژی ٢١-١٨٩٨/٤/٢٢ دەکات، بـە ئیمەیـل ئەنجامەکـەی خـۆی بۆ ناردووم.

وا لێرەدا ئەو هەموو وەڵام و وردەکارییانە بە وتارەکەی (د.شاکەلی)یشەوە، وەکو خۆی بڵاودەکەینەوە، جگە لەو ئەنجامانەی لە بارەی ساخکردنەوەی ڕۆژەکـە پێـی گەیشـتووم، دواتـر دەرکـەوت هەریـەک لـە گۆڤارەکانی (ڕۆژی کـورد) و (بانگـی کـورد) و (هەتاوی کورد)یـش، لە تەک مێـژووی ڕۆمی، مێژووە کۆچییەکەیان نووسیوەو کردوویانەتە (تأریخ تأسـیس)ی بڵاوکراوەکـە، هەروەهـا خوولی سـێیەمی (کوردسـتان) کە لە سـاڵی ١٩١٧دا (سـورەیا بەدرخان – ئەحمەد ئازیزی) یازدە ژمارەی لە (قاهیرە) لێ دەرکردووە، تەنیا هەر مێژووە کۆچییەکەی بەکارهێناوە.

پێم وایە کاتی خۆی کەسی ئەوەل و ئاخیر دەسـتی لەدیارکردنی ئـەو ڕۆژە هەبووبێت د.کەمـال مەزهـەر بـووە، بۆیـە لـە ڕێگەی ئیمەیلی کاک (شـێرکۆ حەبیـب) بابەتەکەم بۆ ناردە (لەندەن)، لە نامەیەکی ناسـکدا، ئەویش بۆی نووسیوم: (شا بەتاقەتت)، پێم وایە دوای خوێندنـەوەی ئـەم چەنـد بابەتـە، خوێنەرو تۆژەرانمان، بە تەواوی لەم پەسنەی دوکتۆر حاڵـی دەبـن و ئـەم گومانـی ٢١ و ٤/٢٢ی هەموو ساڵێکیان بۆ ساغ دەبێتەوە.

لەگـەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەموو لایەک و وڵات ئاوەدان..

هەولێرنامەی کتێب

پاریس 3 ی تەمموزی 2007

دۆستی زۆر خۆشەویست و ئازیزم کاکە ڕەنگینە ـی زۆر خۆشەویست وەک هەمیشە سڵاو و خۆشەویستی بێ پایان و چاوتان ماچ دەکەم

کاکە وتارە دوو ئەڵقەییەکەی ڕۆژنامەی (ئاسۆ)م خوێندەوە، دەستتان خۆش کە ڕای خۆتان نووسیبووە بەڵام بەرخوایە من ئێستەش لەو بڕوایەدا نیم کە ئەمە وتاری تۆ بێ، دەزانی بۆ چونکە بەڕاستی ئاپشارەمەوە ستایلی وەڵامدانەکەوە زۆر ڕەق بوو و هەر زۆر دوور بوو لە ڕۆحییەت و نەرمیی و هێمنی تۆ. من زۆر پرسیارم لەخۆم کرد لە هۆی ئەوە تێنەگەیشتم کە بۆچی وتارەکەت بەم شێوە ڕەق و وشکە نووسیبووە. بەڕاستی ئەمە ستایلی گەنجێکە کە تازە هاتبێتە ناو دونیای نووسین و ئەوەندە مەبەستی هێرش کردن بێ ئەوەندە مەبەستی نووسینەکە نەبێت. بەڕاستی ئاپشارەمەوە من زۆر نیگەران بووم لەم ستایلە و ئێستەش هەر لام وایە ئەوە نووسینی تۆ نییە، مە قەت نەمزانیووە تۆ لە نووسین دا هێندە را بە ڕەقەکار و وا هێرشکار بیت، بەڵام وادیارە دوای ئەم سەفەرەی ڕووسیا ئاوا ستایلت گۆڕیوە، کاکە ئەی نەگەر خوێندت لە ڕووسیا تەواو کردبوایە دەتخۆ چۆنت دەنووسی !!!

کاکە ڕەنگینەی خۆشەویست کورد دەڵێ دۆست ئەوەیە دەتگرێنێ، بڕوابکە من هەر لەم ڕوانگەوە ئەم نامەیەم بۆت نووسیبووە، من لە یەک شتی زۆر سادە تەگەیشتم ئەویش ئەوەبوو خۆ دەکرا هەر هەمان شت بڵێ ی بێ کەم و زیاد بەڵام زۆر بە نەرمی کەچی بۆ وات نەکردووە نازانم بۆ؟

منیش لەم ڕوانە وتارەکەم بڵاو دەکەمەوە و دێمە ناوەوە هیوادارم لەگەڵ منیش ناڕا نەبی.

ئەزیزم کاکە ڕەنگینە بەڕاستی زۆرت ئاقەڵیی دەرهەق بەو پیاوە کردووە کە، بۆ خۆی یەکپارچەیە لە ئەخلاق و ڕەوشت و ئاسکیی و چل ساڵ زیاترە دەستی بە ڕیشی خۆیەوە گرتووە و شەرە لە سێبەری خۆیشی دەکات.

لێرە لنا ئەوەی چاوتان ماچ دەکەمەوە و هیوادارم دڵت گەرم نەگرێ و بڕوا بکە ئەمە هەر تەنها لە خۆشەویستییەوە و بەس.

دۆستی خۆشەویستی ئێوە

نەجاتی عەبدوڵڵا

# (٢)
# ڕۆژنامەگەریی کوردی
# ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە

فەرهاد شاکەلی

هەواڵنامەی کتێب

**ئەم لێکۆڵینەوەیە**

ئامانجی ئەم نووسینە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکە کە نزیکەی چل ساڵە لەناو نووسەران و خوێنەرانی کوردو لە بازنە فەرهەنگییەکاندا دووبارەو چەند بارە دەکرێتەوە. لەم ماوە دوورودرێژەدا هەر هەموو ئەوانەی لەبارەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە شتێکیان نووسیبێت ئەم هەڵەیە بەسەریاندا تێپەڕیوەو وەک ڕاستییەک وەریانگرتووەو کردوویانەتە بناخەیەک بۆ داڕشتنی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە بەشێکی گرنگ و سەرەکیی مێژووی فەرهەنگی کورد و مێژووی سیاسیی کوردستانە. لەبەر ئەوەی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی پێوەستییەکی زۆر بتەو و ڕاستەوخۆی بە مێژووی سیاسی و هۆشیاریی نەتەوایەتیی کوردەوە هەیە، بەهەڵەداچوون لەم بوارەدا زیان تەنیا بە مێژووی فەرهەنگی کورد ناگەیەنێت، بەڵکە دەبێتە هۆی چەواشەبوون لە لێکدانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانیشدا.

مەبەستێکی دیکەی ئەم نووسینە، کە دەبێتە ئامانجێکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام یەکجار گرنگی بابەت و ئەنجامگەرییەکەی سووربوونە لەسەر گرنگی و پێویستیی بەکارهێنانی شێوازی زانستی لە توێژینەوەدا. ئەم جەختکردنە تەنیا بەو ئامانجە نییە کە لێکۆڵەرەوەی کورد هان بدرێ بە تەواوی خۆی ببەستێتەوە بە بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و شێوازی توێژینەوەوە، چونکە ئەمە خۆی سەرەتایەکی زۆر ڕوون و پێویستی هەموو کارێکی زانستی و ئەکادیمییە. لێکۆڵینەوەیەک بەپێی بنەمایەکی زانستی ئەنجام نەدرابێ ناتوانێت بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوەکی جدی بگرێت و بەرانبەر ڕەخنەیەکی زانستی، زوو یا درەنگ، شکست دەهێنێت. هەر ئەنجامگرییەکیش بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی نازانستی بێت، هیچ ڕاستییەک ناخاتە سەر گەنجینەی زانیاری و فەرهەنگ.

بنەمایەکی گرنگی کاری زانستی، لە پاڵ شێوازی توێژینەوەدا، ئەوەیە کە نابێ هەموو دەرەنجامەکانی توێژینەوەو بەرهەمەکانی عەقڵ وەک ڕاستیی ڕەها وەربگرین، بەڵکە

دەبێ بە بیرێکی ڕەخنەگرانەوە، بە عەقڵێکی ڕەخنەگرانەوە، بابەت و ئەنجامگرییەکان و تێکستەکان بخوێنینەوە، بەبێ لێوردبوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە زۆر بە ئاسانی خۆیشمان و فەرهەنگەکەیشمان دەخەینە دوای دۆگمایەکی سەختەوە کە هەم مانەوەی زیانمان پێ دەگەیەنێت و هەم تێکشکاندنیشی تووشی ڕەنج و ئازارێکی زۆرمان دەکات. ناکرێ بنەمای بیری ڕەخنەگرانە لەبەر هۆی هەستەکی یا ئیدیۆلۆگی، یا شانازیی نەتەوەیی، لە بوارو شێوازی کاری زانستی دوور بخرێتەوە، چونکە بەمە یەکێ لە ڕێگە گرنگەکانی گەیشتن بەراستی کوێر دەکەینەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پاڵ ئەوەدا کە ڕاستییەکی مێژوویی ساغ دەکاتەوە، بەو هیوایەش نووسراوە کە بنەماکانی شێوازی زانستی لێکۆڵینەوەو هەڵوێستی ڕەخنەگرانە جەخت بکات.

**ڕۆژنامەگەریی کوردی وەک بابەتێکی مێژوویی**

ڕۆژنامەی کوردستان کە یەکەمین ژمارەی لە بەهاری ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهیرە چاپ کراوە، بە یەکەمین ڕۆژنامە لە مێژووی کوردستان و زمانی کوردیدا دادەنرێت. هەتا ئەمڕۆیش هیچ زانیارییەکی تازە نەهاتۆتە ئاراوە کە ڕاستیی ئەو ڕووداوە هەڵوەشێنێتەو یا هەواڵێکی تازەتری لەو ڕووەوە پێشکەش کردبێت. وا پێ دەچێت ئەو نووسەرانەی لەگەڵ مێژوویی کورد و کوردستان خەریک بوونە هەر لە سەرەتاوە بایەخێکی باشیان بەوە داوە کە پەیدابوونی ڕۆژنامەگەری کوردی وەک ڕووداوێکی سیاسی و نەتەوایەتی تۆمار بکەن.

ئەگەرچی لەبەشی هەرە زۆری ئەو سەرچاوانەدا کە لە بارەی مێژووی کوردستانەوە نووسراون باسی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە کراوە، بەڵام لەماوەی زیاتر لە پێنج دەیەی دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکەدا یان هەر ساڵی کۆچی و ڕوومیی دەرچوونەکەیان تۆمار کردووە، یا بەپێی زانیاریی خۆیان ئەو ساڵەیان بەرانبەر ساڵی زایینی ڕاگرتووە، ئەگەرچی لەمەیشدا هەڵە ڕووی داوە. من لێرەدا بە پێویستی نازانم هەموو سەرچاوەکان بەسەر بکەمەوەو پێشانی بدەم یەک بە یەک چییان لەو بارەیەوە وتووەو نووسیوە، بەڵکە تەنیا دوو سێ نموونەی گرنگ دەخەمە بەرچاو.

دوکتۆر بلەچ شێرگوە لە کتێبی (دۆزی کورد، ڕابوردووی کورد ئێستایان)دا دەڵێ: ساڵی ١٣١٥ی کۆچی بڕیاری دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی درا. میر مەدحەت بەدرخان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان دەرکرد. (شێرگوە ١٩٣١: ٥١، شێرگوە ١٩٨٦: ٦٢، شێرگوە

**ناکرێ بنەمای بیری ڕەخنەگرانە لەبەر هۆی هەستەکی یا ئیدیۆلۆگی، یا شانازیی نەتەوەیی، لە بوارو شێوازی کاری زانستی دوور بخرێتەوە، چونکە بەمە یەکێ لە ڕێگە گرنگەکانی گەیشتن بەراستی کوێر دەکەینەوە**

١٩٩٠: ٤٩)(١).

محەمەد ئەمین زەکی (١٨٨٠-١٩٤٨) لە بەرگی یەکەمی (خولاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان)دا دەڵێ: وەکو ئەیزانین ئەووەڵ غەزەتەی کوردی لەژێر عینوانی کوردستاندا، لە ئیستانبووڵ و لە ساڵی ١٣١٥ی هیجریدا لە تەرەف میدحەت بەگی نەتەوەی بەدرخان بەگ نەشر کراوە (زەکی ١٩٣١: ٣١٥. زکی بک ١٩٣٦: ٣٥١)(٢)، وەرگێڕی عەرەبیی کتێبەکە، محەمەد عەلی عەونی، لەگەڵ ساڵە کۆچییەکەدا ساڵی ١٨٩٧ی زایینیشی نووسیوە. دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد وای بۆچووە کە ئەو ساڵە زایینییە زەکی بەگ خۆی نووسیویەتی، نەک وەرگێڕی کتێبەکە. وا پێدەچێ لەوکاتەدا دوکتۆر ئەحمەد چاپی کوردیی کتێبەکەی لەبەردەستدا نەبووبێت.

عەلائەددین سەججادی لە چاپی یەکەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا ساڵی ١٨٩٧ و لەچاپی دووەمدا، ساڵی ١٨٩٨ی بە ساڵی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی داناوە (سەججادی ١٩٥٢: ٥٥١، سەججادی ١٩٧١، ٦٠٩-٦١٠).

سەججادیش هەر پێی وابووە ڕۆژنامەی کوردستان لە ئیستانبووڵ دەرچووە، ئەگەرچی لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا، چاپی دووەم، کتێبی (دەستنووسە کوردییەکان)ی دوکتۆر کەمال فوئادی وەک سەرچاوە باس کردووەو ٢٢-٤-١٨٩٨ی وەک ڕۆژ و قاهیرەی وەک جێگەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە تۆمار کردووە.

دانانی ساڵی ١٨٩٧ بەرانبەر ساڵی کۆچیی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان هەڵەیەکی سەیر نییە و دەکرێ ڕوو بدات. ئەوەی کاری لێکۆڵینەوەی زانستیی لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا کردبێت دەزانێت کە زۆربەی جار ساڵێکی کۆچی بەرانبەر دوو ساڵی زایینی دەوەستێت، چونکە لەماوەیەکی دوورو درێژدا سەرەتای ساڵە زایینییەکان دەکەونە ناو ساڵە کۆچییەکەوە. ساڵی کۆچی بەپێی سووڕانەوەی مانگ (Lunar) دەژمێردرێ و ساڵی زایینیش بەپێی ڕۆژ، یا سووڕانەوەی تۆپی زەوی بە دەوری هەتاو (Solar).

جیاوازی ئەم دوو سیستێمە دەگاتە یانزدە ڕۆژ. ئەگەر ڕۆژ و مانگی ساڵی کۆچی بزانرێت، ئەوا دەکرێ بە ئاسانی بەرانبەرەکەی لە ساڵنامەی زایینیدا دیاری بکرێت. لەم بوارەدا چەند زانایەکی ئەورووپایی خشتەی بەراوردکردنیان داناوەو دەتوانین ساڵ و ڕۆژ و مانگەکانی تەقویمی کۆچی، زایینی، ئێرانی و ڕوومی لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین. ئێستا کە تەکنیکی کۆمپوتەر ئەوەندە پێشکەوتووە،

**"ساڵی کۆچی بەپێی سووڕانەوەی مانگ (Lunar) دەژمێردرێ و ساڵی زایینیش بەپێی ڕۆژ، یا سووڕانەوەی تۆپی زەوی بە دەوری هەتاو (Solar)"**

هەواڵنامەی کتێب

ئـەم بەراورکردنە بە یەک چرکـە ئەنجام دەدرێت، چونکە کۆمەڵـی پرۆگرامـی ڕێکوپێک بۆ ئەم گۆڕینـە داهێنراوە. دواتر، هەر لەم وتارەدا، دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە.

وا پێدەچێـت دوکتـۆر مـارف خەزنـەدار یەکەمیـن لێکۆڵـەرەوەی کورد بێت کە لە نووسـینێکدا ڕۆژی ٢٢ی نیسـانی سـاڵی ١٨٩٨ی بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دانابێـت و یەکەمیـن کەسـیش بێـت بـە بەڵگـە ئـەوەی سـەلماندبێت کە خۆی چاوی بە ڕۆژنامەکـە کەوتووەو وێنەیشی لەگەڵ نووسینەکەیدا چاپ کردووە.

دوکتۆر مارف خەزنەدار ئەم زانیارییانەی لە وتارێکدا، لـە ڕۆژنامـەی (برايي-التآخـي)دا، ڕۆژی ٢٢ی نیسـانی ١٩٦٨ بڵاوکردوەتـەوە (حزنـدار ١٩٦٨، خزنـەدار ١٩٧٣، ١٠) هەڵبژاردنـی ئەو ڕۆژەیش بۆ بڵاوبوونەوەی وتارەکە هەڵبژاردنێکـی هۆشـیارانەیە لەلایـەن دوکتـۆر مـارف خەزنـەدارەوە بـۆ دیاریکردنـی حەفتایەمیـن سـاڵڕۆژی بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی.

لەهاوینی هەر ئەو ساڵەدا دوکتۆر کەمال فوئاد بەشێکی زۆری ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی لە کتێبخانەیەکی ئەڵمانیا دەست دەکەوێت و وێنەیان دەگرێت و ساڵێ دواتر لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا وتارێکی لەسەر دەنووسێت (فوئاد ١٩٦٩: فوئاد ١٩٧٢: پێشەکی: فوئاد ٢٠٠٠: ٤: فوئاد ٢٠٠٦: ٣). دوکتـۆر فوئادیـش، وەک دوکتۆر خەزنـەدار، ڕۆژی ٢٢ی نیسـانی ١٨٩٨ بە ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستان دادەنێت(٣).

دوای بڵاوبوونـەوەی ئـەم دوو نووسـینەو هەتـا ئەمڕۆیـش، ئیتـر وەک نەریتێکـی لـێ هاتـووە کـە هەر کەسـێک باسی ڕۆژنامەی کوردسـتان بکات، وای دادەنێ کـە یەکەمیـن ژمـارەی ڕۆژنامەکە ڕۆژی ٢٢ی نیسـانی ١٨٩٨ دەرچووەو هەر لەسـەر بناغەی ئـەو زانیارییەیش ٢٢ی نیسان کراوە بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی. ئەمە هەڵەیەکـە نزیکەی چل سـاڵە ڕووناکبیـرو لێکۆڵەرەوە و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسـی کورد (و هەندێ جاریش ناکورد) دووبارەی دەکەنەوە. کە دەڵێم چل ساڵ مەبەستم ڕۆژی بڵاوبوونـەوەی وتارەکان نییە، بەڵکە چەند مانگێک و بگرە چەند ساڵێکیش پێشترە، چونکە نووسەرەکان پێش بڵاوبوونەوەی وتارەکانیان، بە مانگان و ڕەنگە بە ساڵانیش کاریان لەسەر کردووەو خۆیان بۆ ئامادە کردووەو بیر و زانیارییەکانیان لا گەڵاڵەبووە.

ئەوی ڕاسـتی بێت ناکرێ ئێمە هەمـوو ئەوانەی ئەو هەڵەیەیان دووبارە کردووەتەوە بە یەک شـێوە و بەیەک پلـە بە بەرپرسـیار دابنێیـن. دەبێ ئەوەیش بگوترێت کە

> وا پێدەچێت دوکتۆر مارف خەزنـەدار یەکەمین لێکۆڵـەرەوەی کورد بێت کە لـە نووسـینێکدا ڕۆژی ٢٢ی نیسـانی سـاڵی ١٨٩٨ی بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریـی کوردی دانابێت

هەموو ئەوانەی لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردییان نووسیوە ئەو هەڵەیەیان جەخت نەکردووە، بەڵام لەیەکی دیکەیشەوە نەیانتوانیوە ڕاستیی باسەکە یەکالا بکەنەوە. کەسێک نەگەیشتبێتە ئەنجامی ڕاست، لەگەڵ کەسێک کە هەڵەی کردووە جیاوازن و ناکرێ بەرپرسیارییەکەیان وەک یەک تەماشا بکرێت. پێم وایە ئەم کەسانە دوو جۆری جیاوازن و دەکرێ بەم شێوەیە دابەشیان بکەین:

١. زانا کوردەکان، یا ئەو کوردانەی کە لە بوارێکی زانستی و ئەکادیمیدا کار دەکەن. ئەمانە دەبوو زۆر بە وردی و زۆر ڕەخنەگرانە ئەم زانیارییەیان وەربگرتایەو هەر نەبێ خۆیان هەوڵێکیان بدایە، بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و ناراستیی ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دیاری کراوە.، ساغکردنەوەی ئەو ڕۆژە بۆ کەسێک خەریکی کاری زانستی بێت، کارێکی نەکراو نییە، بەتایبەت ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە بە شێکی زۆری ئەمانە لە زانستگەکانی ئەورووپا خوێندوویانەو کاریان کردووە.

٢. کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپایی و ڕۆژاوایی. هێندەی من ئاگادارېم زۆربەی هەرە زۆریان خۆیان لەوە بواردووە بە دوای ڕۆژ و مانگی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستاندا بگەڕێن و بەوەندە خۆیان پەڕاندووەتەوە کە نووسیویانە ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨دا یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە (Kreyenbroek blau ١٩٩٦: ٢٢ – The Encyclopeadia of Islam، Vol. ٥، Kurdistan، Kurds– )، یان بێجگە لە ساڵەکە مانگی چوارەم، واتە نیسان (ئەپریل)یشیان باس کردووە (McDowall ١٩٩٦: ٩٠). ئەمانە هەڵەیان نەکردووە، بەڵام هەوڵی وردبوونەوەیشیان نەداوە. ڕەنگە پاساویان ئەوە بێت کە بابەتەکانیان بەتایبەت بۆ ڕۆژنامەگەری تەرخان نەکردووە.، بەڵکە لە چوارچێوەی باسێکی گشتیدا لەسەر مێژووی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی کوردستان، ناوی ڕۆژنامەی کوردستانیشیان هێناوە.

ئەوەی زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت هەڵوێستی هەندێ زانای کوردە کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرا زۆر وردترو ڕەخنەگرانەتر بۆ باسەکە بچوونایە، یا هەڵوێستی ئەو نووسەرانەی کە ساڵانێکی دوورو درێژی ژیانی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی تەرخان کردووە، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنەوە.

**کەسێک نەگەیشتبێتە ئەنجامی ڕاست، لەگەڵ کەسێک کە هەڵەی کردووە جیاوازن و ناکرێ بەرپرسیارییەکەیان وەک یەک تەماشا بکرێت**

### هەڵەیەکی زانستی

لە ڕوواڵەتدا ئەوە گرنگ نییە دانانی ٢٢ی نیسان بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە هەڵەیەکی مێژوویی یا هەڵەیەکی زانستی دابنێین. ئەنجامەکە ئەوەیە کە

ئێمــە لەمناوەی ٣٩ ســاڵیی ڕابــوردوودا هەموو جەژن و ســەربەرزی و یادکردنەوەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردیمان خســتووەتە ڕۆژێــک کە ئەو ڕۆژە نییە ژمــارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستانی تێدا دەرچووە.

هەڵەیەکــی مێژوویــی ئــەوە دەبــوو ئەگــەر بــا بڵێین میقــداد میدحەت بەدرخــان ڕۆژنامەکەی لە ئیســتانبووڵ بڵاوبکردایەتەوە نەک لە قاهیرە، یا لە باتیی ســاڵی ١٨٩٨، ســاڵی ١٩٠٥ دەســتی پێ بکردایــە. ئەمەی ئێســتا هەیەو لەبەرچــاوە هەڵەیەکی زانســتییە، بەهــۆی ڕەچاونەکردنی بنەماکانــی لێکۆڵینــەوەی زانســتییەوە رووی داوە. ئەگەر هەر لە ســەرەتاوە لێکۆڵەرەوەکان کەمێک خۆیان ماندوو بکردایــەو زیاتــر ورد ببوونایەتەوە، لەوانــە بوو خۆ لەو هەڵەیە ببوێرن. تەنانەت ئەگەر ئەوانەیش کە دواتر لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردییان نووســیوە و کاریان کردووە، بە شــێوەیەکی ڕەخنەگرانە کاری نووسەرانی پێش خۆیانیان بخوێندایەتەوە ڕەنگە هەر زوو، ٢٥ یا ٣٠ ساڵ پێش ئێستا، ئــەو هەڵەیەیان ڕاســت بکردایەتەوەو ئــەودەم ئەوەندەی ئێستا تەشەنەی نەدەکرد.

مــن نازانــم پێش ئــەوەی دۆکتــۆر خەزنــەدار وێنەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوبکاتەوە، چەند کەس ڕۆژنامەکەیان بە چاوی خۆیان بینیوەو دەستیان پێ گەیشتووە، بەڵام ئێستا ئەوە دەزانین کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨ بەدواوەو تا ئەمڕۆ دەیان جار وێنەی بەشــی هەرە زۆری ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردســتان بڵاوکراوەتەوە. ڕەنگە کارەکانی دۆکتۆر کەمال فوئاد لەو بوارەدا لە کارە هەرە ڕێکوپێکەکان بن، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی شایانی تێکۆشــانەکەی خۆی لەگەڵدا پێشکەش نەکردوون (فواد ١٩٧٢، ١٩٩٨، ٢٠٠٦).

بۆ دیاریکردنــی ڕۆژی دەرچوونــی ڕۆژنامەکە دیارە ســەرچاوەی هــەرە گرنــگ و بنەڕەتی لاپــەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکە خۆیەتی.

لە بەشــی ســەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ئەو ژمارەیەدا کۆمەڵــێ زانیاریــی جیاوازمــان بەرچاو دەکەون لەســەر ناوی ڕۆژنامەکە، ژمارەی، لاپەڕەی، خاوەنەکەی، تیراژی، ئامانجــی، نرخەکــەی، ناونیشــانی و ڕۆژی دەرچوونــی، کــە ئەمەی دوایــی بۆ ئێمەو لــەم نووســینەدا، لە هەموو زانیارییەکانــی دیکــە گرنگترە. لەبــارەی تەئریخ یا ڕۆژی دەرچوونــی ڕۆژنامەکــەوە ئاوەهــا نووســراوە: (روژا پنجشــمبی دە ٣٠ ژوالقعــدە ســنە ١٣١٥ پنجشــنبە فــی ٩ نیســان ١٣١٤) ئــەم نووســینە بــە ڕێنووســی ئەمڕۆی کــوردی وای لێدێــت: (ڕۆژا پێنجشــەمیدە، ٣٠ زولقەعــدە

**بــۆ دیاریکردنــی ڕۆژی دەرچوونــی ڕۆژنامەکە دیارە ســەرچاوەی هــەرە گرنگ و بنەڕەتی لاپــەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەمــی ڕۆژنامەکە خۆیەتی**

سـەنەی ١٣١٥، پەنجشــەنبە، فی ٩ نیســان ١٣١٤). ئەگەر بمانـەوێ وەریگێڕینە ســەر کوردی ناوەنـدی دەبێتە: (لە رۆژی پێنجشـــەممەی ٣٠ی زولقەعـدەی ســاڵی ١٣١٥ دا، پێنجشەممە لە ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤دا)(٤).

ئەم زانیارییە لە ســێ بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم: رۆژی پێنجشەممە، کە دووجار بەکارهێنراوە، دووەم: (٣٠ی زولقەعدەی ســاڵی ١٣١٥لا کۆچی (هیجری) و سێیەم: ٩ی نیسانی ســاڵی ١٣١٤ی رووەمی. ئێمە ئەوەیش دەزانین کە لەو ســەردەمەدا لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دوو تەقویم، دوو ســاڵنامە بەکارهێنراون: تەقویمی کۆچی-هیجری، کە بەپێی سووڕانەوەی مانگی (Lunar) ژمێردراوەو تەقویمی رووەمی یا مالی کە بەپێی ســووڕانەوەی زەوی بە دەوری رۆژدا (Solar) ژمێردراوە. لەبەر ئەوەی ســاڵی کۆچی لە ٣٥٤ رۆژ پێکدێـت، ئەمە دەبێتــە هۆی ئەوەی کە زۆربەی جەژن و بۆنە پیرۆزەکان جێگەیان لە چوارچێوەی وەرزەی ســاڵدا دەگۆڕێت و هەر ســاڵی دە رۆژ بۆ دواوە دەڕوات. عوســمانییەکان بۆ ئەوەی بۆنە رەسمییەکان بچەسپێنن و بتوانن لەگەڵ ساڵنامەی شەمسیدا بیگونجێنن، ئەم تەقویمی رووەمییەیــان داهێنــاو وا پێ دەچێت یەکــەم رۆژی یەکەم ساڵی بەکارهێنانی تەقویمی رووەمی یا مالی کەوتبێتە ١١ی مارتی١٦٧٦، بەرانبەر بە ٢٥ی زولحیججەی ساڵی ١٠٨٦ی کۆچی.

دەبــێ ئەو ســێ بەشــەی زانیــاری رۆژی دەرچوونی رۆژنامــەی کوردســتان بەپێی گرنگــی و گرانییان بۆ ئەم بابەتە، بەم شێوەیەی خوارەوە ریزبکەین:

١. پێنجشــەممە: چونکــە بەکارهێنانــی رۆژانــی حەفتــە بەپێــی سیســتەمێکی رێکوپێــک، لــە ســەردەمی بابیل و ســۆمەرییەکانەوەو تــا ئــەم ســەردەمەیش بەبــێ هەڵــە بەکارهاتووەو هەرگیز پێویستی بە گۆڕین و یەکخستنەوە نەبووە.

٢. رۆژەکــە بەپێــی تەقویمــی رووەمــی، کــە ٩ی نیســانی ســاڵی ١٣١٤یە: چونکە لەم تەقویمەدا سیستەمی شەمسی بەکاربــراوەو بــواری هەڵەکــردن کەمتــرە، ئەگەرچــی عوســمانییەکان وا پێدەچێت جارێک یــا دووجار هەڵەیان کردبێت، بەڵام ئەو هەڵەکردنە ناکەوێتە ســاڵی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان.

٣. رۆژەکــە بەپێــی تەقویمــی کۆچیی قەمــەری، کە ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥یە: لەبەر ئەوەی دیاریکردنی رۆژ لە تەقویمەدا پێوەندییەکی راســتەوخۆی بەبینینی مانگەوە هەیە، زۆرجار خەڵک دەکەونە هەڵەوەو هەمیشە کێشەیەک لە بەراوردکردنی تەئریخەکاندا دروست دەبێت.

> **زۆربــەی جــەژن و بۆنە پیــرۆزەکان جێگەیــان لــە چوارچێوەی وەرزەی ســاڵدا دەگۆڕێــت و هەر ســاڵێ دە رۆژ بۆ دواوە دەڕوات**

هەواڵنامەی کتێب

بۆ بەراوردکردن و دیاریکردنی ڕۆژێک بەپێی ئەو سێ تەقویمە، زایینی و کۆچی و ڕوومی، چەند سەرچاوەیەکی گرنگ لەبەردەستدا کە زانایانی ئەوروپایی دایانناون و بەپێی خشتەی ڕێکوپێک دەتوانرێ ڕۆژەکانی ئەو سێ تەقویمە لەگەڵ یەکدی بەراوردبکرێن. لەم بوارەدا من دوو سەرچاوەم بەکارهێناوە کە هەردوویان کاری زانستین و جێگای باوەڕی هەموو کەسێکە خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی بێت لە بواری ڕۆژهەڵاتناسی یا کوردناسیدا.

**سەرچاوەکان ئەمانەن**

Wustenfeld-Mahler'sche: Ver-gleichungs-Tabellen، Deutsche Morgen- Landische Gesells-Chaft، Wiesbaden ١٩٦١.

G.S.P. Freeman- Grenville: the Islamic and Christian Calenders، Gamet Publishing، Lebanon ١٩٩٥.

ئەم کتێبە، خۆشبەختانە، لەلایەن دوکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵاوە کراوە بە کوردی و بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی بڵاوی کردووەتەوە.

بێجگە لەم دوو سەرچاوە گرنگە تەقویمێکی سوێدیم لە بەردەستدایە کە خشتەیەکی تێدایە بۆ دیاریکردنی دووسەد ساڵی ١٨٦٧ تا ٢٠٦٦ی زایینی. بەپێی خشتەکانی ئەم تەقویمە دەتوانین بزانین هەر ڕۆژێک لە ماوەی ئەم دوو سەد ساڵەدا دەکەوێتە کامە ڕۆژی حەفتەوە. لەوانەیش بترازێ پرۆگرامێکی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنم ناوی (تەقویم)ەو بۆ بەراوردکردنی ساڵنامەکانی کۆچی، زایینی، ئێرانی و ڕوومی ڕێک خراوە.

ئەم پرۆگرامە لە کۆمپیوتەرەکانی سیستەمی (ماکینتۆش)دا کاردەکات. هەروەها سوود لە ماڵپەڕێک وەردەگرم ناوی (Tekvim)ە و بە تورکییەو بەشێکە لە ماڵپەڕی کۆڕی مێژووی تورک.

بەپێی دوو سەرچاوە یەکەم، سەرەتای ساڵی ١٣١٥ی کۆچی (واتە یەکی موحەڕەم) دەکەوێتە ڕۆژی چوارشەممە، دووی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٧. یەکەمین ڕۆژی مانگی زولحیجەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی دەکەوێتە ڕۆژی شەممە، ٢٣ی نیسانی ١٨٩٨.

کەواتە یەک ڕۆژ پێش ئەوە، دوایین ڕۆژی مانگی زولقەعدەیە، واتە ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، کە ڕۆژی جومعەیەو بەرانبەر ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینییە.

بەپێی هەموو تەقویمەکانی دیکەیش ڕۆژی ٢٢ی نیسان (ئەپریل)ی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی ڕۆژی جومعە

> **بۆ بەراوردکردن و دیاریکردنی ڕۆژێک بەپێی ئەو سێ تەقویمە، زایینی و کۆچی و ڕوومی، چەند سەرچاوەیەکی گرنگ لەبەردەستدا**

(هەینی)یە. هەروەها بەپێی هەموو سەرچاوەکان ڕۆژی ٣٠ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، دەکەوێتە بەرانبەر ڕۆژی ١٠ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی (مالی) و ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی و ڕۆژەکەیش هەینی (جومعە)یە.

دوای ئەو بەراوردکردنە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەو سێ بەشەی تەئریخی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە، دوویان بە تەواوی یەک دەگرن و ڕاستن: ڕۆژەکە پێنجشەممەیەو ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومییە. ئەوەی کە هەڵەیە ڕۆژەکەیە بەپێی تەقویمی کۆچی-هیجری، کە دەبوو ٢٩ی مانگی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ بێت، نەک ٣٠ی زولقەعدە. ئەم هەڵەکردنەیش زۆر ئاسایی و باوە، چونکە دیاریکردنی ڕۆژ بەپێی تەقویمی کۆچی پێوەستی بینینی مانگی یەکشەوەیە، کە ئاسان نییە. لە هەموو ئەو سەرچاوەو تەقویم و ماڵپەڕانەیشدا بە ئاشکرا دەبینین کە: (ڕۆژی پێنجشەممەی ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی) دەکاتە (ڕۆژی پێنجشەممەی ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی) و دەکاتە (ڕۆژی پێنجشەممەی ٢٩ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی).

لێرەدا ئێمە دوو هەڵەمان بۆ دەردەکەون: هەڵەی یەکەم هەڵەی خوالێخۆشبوو میقداد میدحەت بەدرخانە کە دەبوو لە باتیی ٣٠ی زولقەعدە، بینووسیایە ٢٩ی زولقەعدە. هەڵەی دووەمیش هەڵەی هەموو ئەوانەیە کە تا ئەمڕۆ لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردییان نووسیوەو دەبوو بزانن لەو سێ بەشەی زانیارییەکەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان، دوویان گرنگترن، ڕۆژی حەفتەکە کە پێنجشەممەیەو ڕۆژەکە بەپێی تەقویمی ڕوومی کە ٩ی نیسانی ١٣١٤یەو ڕۆژی ڕاست و گونجاویش لەگەڵ ئەو دوو بەشەدا ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینییە.

دوای ئەو بەراوردکردنە ئێستا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە. هەر زانیارییەکی دیکەی لەگەڵ ئەم ئەنجامگرییەدا نەگونجێت ناراستەو دەبێ ڕاست بکرێتەوە.

### پرسیارێکی تا ئێستا بێ وەرام

لەناو ئەو دەیان مێژوونووس و لێکۆڵەرەوەو نووسەرانەی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی کاریان کردووە، دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە هەموویان زیاتر ڕەخنەگرانە لەو بابەتە کۆڵیوتەوەو زیاتریش لە ڕاستی نزیک کەوتووتەوە، کەچی لە دوایین چرکەدا خۆی خستووەتە هەڵەیەکەوە کە تا ئێستایش بۆ من

**"دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە هەموویان زیاتر ڕەخنەگرانە لەو بابەتە کۆڵیوتەوەو زیاتریش لە ڕاستی نزیک کەوتووتەوە"**

روون نەبووەتەوە بۆچی ئەو زانا گەورەیە تووشی بووەو چی بووەتە هۆی ئەوەی ئەو راستییەی کە تەنیا یەک هەنگاو لێیەوە دوور بووە، نەیبینێت؟ دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد(بەیارمەتی خشتەکانی ئۆربێللی) لەوە گەیشتووە کە ٣٠ی زولقەعدەی ١٣١٥ی کۆچی رۆژی هەینییەو دەکاتە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨، کەچی لەباتیی ئەوەی دوو بەشی گومانلێنەکراوی تەئریخەکە بکاتە بنەمای لێکۆڵینەوەکەی، واتە پێنجشەممەو ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی روومی، پەنا دەباتە بەر ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی، کە بەشی نادیاری تەریخەکەیە و پێویستی بە ساغکردنەوەیە. لەوەیش سەیرتر، دوای ئەو هەموو جەختکردن و راستییە ئاشکراو بەرچاوە، لەپڕ دەنووسێت: دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد ساغ بۆوە کە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ دەقاودەق رۆژی پێنج شەممە دەگرێتەوە (دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ١٩٧٨: ٥٨-٥٩). بەم رستەیە، دۆکتۆر ئەحمەد هەموو ئەنجامگرییە راستەکانی خۆی و ئەو هەموو باوەڕەیش بە ئۆربێللی و بەخشتەکانی ئۆربێللی هەیەی، هەر هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوەو دەگاتە ئەنجامێک کە هەڵەکانی پێش خۆیشی جەخت دەکات. تا ئێستایش من لەوە نەگەیشتووم دۆکتۆر کەمال مەزهەر پشتی بە کامە سەرچاوەی زانستی بەستووە کە لێکۆڵینەوەیەکی وردی کردووەو چۆن بۆی ساغ بووەوە؟ مامۆستا لەهەموو کارەکانیدا بە بەڵگەی زانستی قسەدەکات و زۆری بە لاوە گرنگە سەرچاوەی کارەکانی بە شێوازێکی زانستی تۆمار بکات و رێکیان بخات، کەچی بۆ ئەم ساغکردنەوەیە ناوی هیچ سەرچاوەیەک نادات و خوێنەری جددی بەبێ وەرام بەجێ دەهێڵێت.

ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوەیەی من دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو زانیارییانەی تا ئێستا لەسەر رۆژی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە، دەمەوێ لێرەدا ئەوە جەحت بکەم کە من رێزم بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لەو بوارەدا کاریان کردووەو توێژینەوەیان ئەنجام داوە، ئەم کارەی من هەرگیز بەو مەبەستە نەنووسراوە کە لە نرخ و پایەی بەرهەم و رەنجی ئەو بەڕێزانە کەم بکەمەوە، بەڵکە بەردەوامییەکی کارو بەرهەمەکانی ئەوانە. ئێمە کە باوەڕمان بەزانست و بەکاری زانستی هەبێت، دەبێ ئەوە بزانین کە ئامانجی هەرە گرنگ دەرخستن و چەسپاندنی راستییە. ئەم کارەی منیش هەنگاوی بچکۆلەیە لەو بوارەدا.

### ئەنجامگری

یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان (١٠٩) ساڵ پێش ئێستا لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە. حەفتا ساڵ پاشتر بە کۆششی چەند لێکۆڵەرەوەیەکی کورد ژمارەکانی رۆژنامەکە دۆزرانەوەو چاپ کران و ئەم کارە بوو بە سەرەتایەکی بۆ لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەریی کوردی و نووسینەوەی مێژووەکەی. لە ساڵی ١٩٦٨ەوە تا ئەمڕۆ، هەر هەموو ئەوانەی لەسەر رۆژنامەگەریی کوردییان نووسیوە وایان زانیوە یەکەمین ژمارەی رۆژنامەکە رۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی بڵاوکراوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەیش رۆژی ٢٢ی نیسان (ئەپریل) کراوە بە رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی و هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا یادی رۆژنامەی کوردستان دەکرێتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا من هەوڵم داوە ئەو هەڵەیە راست بکەمەوەو ئەوە بچەسپێنم کە یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان رۆژی پێنجشەممەی ٢٩ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی روومی و ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی دەرچووە. ئەو باوەڕەی کە تا ئێستا لەو بوارەدا لە ئارادابوو لەگەڵ بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا ناکۆک و نەگونجاوە. ئەگەر تا ئێستا رۆژی ٢٢ی نیسان بە رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی دانراوە، دەبێ لەمڕۆ بەدواوە رۆژی ٢١ی نیسان ببێتە رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی. ئەم جیاوازییە ئەگەرچی یەک رۆژە، بەڵام هەم لەکارو لێکۆڵینەوەی زانستیدا و هەم لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگیی مرۆڤایەتیدا بایەخی خۆی هەیەو دەبێ راستی ئامانجی یەکەم بێت.

پەراوێزەکان:
١. هێندەی من بزانم تا ئێستا لبە بارەی دۆکتۆر پلەچ شێرگوهەوە زانیارییەکی چەسپاوو بتەومان لە بەردەستدا نییە، بەپێی نووسەرو لێکۆڵەرەوانی کورد ئەمە ناسناوی سێ کەسە: سورەییا بەدرخان، جەلادەت بەدرخان و محەمەد عەلی عەونی، لەبەر ئەوەی ئەم وتارە جێگەی ساغکردنەوەی ئەو کێشەیە نییە، بە پێویستی نازانم لەم سەرنجە زیاتری لەسەر بنووسم.
٢. محەمەدئەمین زەکی بەگ ساڵی ١٨٩٩ بۆ خوێندن چووەتە ئیستانبووڵ، بەڵام هەتا بەهاری ساڵی ١٩٣١یش کە کورتەی مێژووی کورد و کوردستانی بڵاوکردووەتەوە، هەر پێی وا بووە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ئیستانبووڵ، نەک قاهیرە دەرچووە. ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە خۆی ڕۆژنامەکەی نەبینیوە.
٣. راستییەکەی ئەوەی کە من خۆم وتارەکانی دۆکتۆر خەزنەدار و دۆکتۆر فوئادم نەبینیون، بەڵکە زانیارییەکانم، ئەگەر هەڵەیش بن، لە کۆمەڵێ سەرچاوەی دیکەوە وەرگرتوون (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ١٩٧٨: ٦–٧ و ٥٨–٦١: د. فەرهاد پیربال ٢٠٠٠: ٣٥–٣٨: جەمال خزنەدار ١٩٧٣: ١٠): لەبەر ئەوە ئێستایش نازانم ئایا دۆکتۆر خەزنەدار وتارەکەی خۆی بە کوردی نووسیوە یا عەرەبیی؟ لە برایيدا بڵاوی کردووتەوە یا التێخی؟
٤. نووسەر بەپێی شێوەی قسەکردنی کرمانجیی سەروو پریپۆزیسیۆنی (د)ی لەسەرەتاوە بەکارنەهێناوە، بەڵام پۆستپۆزیسیۆنی (دە)ی دوای وشەی پێنجشەممە بەکاربردووەو تەنانەت پێنجشەممەی وەک ناوێکی مێ گەردان کردووە.


سەرچاوە:
کوردی
– ئەحمەد، کەمال مەزهەر (د.): تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، کۆڕی زانیاریی کورد؟، بەغداد ١٩٧٨.
– زەکی، محەمەدئەمین: خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان، جلدی یەکەم، بەغدا ١٩٣١.
– زکی، محمدامین: خلاصه تاریخ الکرد وکردستان، من اقدام العصور التاریخیه حتی الآن، الجزء الاول. ترجمه محمد علی عونی. الگبعه الپانیه ١٩٦١.
– خەزنەدار، جەمال: رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، کارگێڕی ڕۆشنبیریی کوردی، بەغداد ١٩٧٣.
– تاقانە، ئەحمەد: ڕۆژژمێری ڕۆمی و نەخشەکانی بەرامبەرکردنی لەگەڵ ڕۆژژمێری کۆچی و زایینیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠١.
– خەزنەدار، مارف (دۆکتۆر): جریدە کردستان، التێخی، بغداد ٢٢–٤–١٩٦٨.
– سەججادی، عەلائەددین: مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغداد ١٩٧١.
– شێرگۆ، بلەچ (دکتۆر): کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد، محەمەدی حەمەباقی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی دووەم. چاپەمەینی محەمەدی، سەقز ١٩٩٠.
– فریمان، گ.س. و گرێنڤیل: ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٤.
– فوئاد، کەمال (دۆکتۆر): لە بارەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان روناکی، ژمارە (١)، بەغدا ٢٣ی ماییسی ١٩٦٩.
– ______: کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨–١٩٠٢، بەغدا ١٩٧٢.
– ______: کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (دەورەی سێیەم)، سلێمانی ١٩٩٨.
– ______: کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، سلێمانی ٢٠٠٠.
– ______: کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨–١٩٠٢، چاپی سێیەم، تاران ٢٠٠٦.
عەرەبی
– شیرکوه، بلەچ (الدکتور): القضیة الکردیة. ماضی الکرد وحاضرهم، مطبعة السعادة، مصر ١٩٣٠.
– شیرکوه، بلەچ (د.): القضیة الکردیة. ماضی الکرد وحاضرهم، رابطه کاوا للثقافة الکردیة. بیروت ١٩٨٦.
ئینگلیزی
– Kreyenbroek، Philip G. and Stefan Sperl (edistors): The Kurds، a Contemporary Overview. Routledge، London ١٩٩٢.
– Kreyenbroek، Philip and Christine Allison (editors): Kurdish Culture and Identity، Zed Books Ltd، London ١٩٩٦.
– Joyce Blau: Kurdish Written Literature، in: Kreyenbroek ١٩٩٦، pp. ٢٨–٢٠.
– David McDowall: A Modern History of The Kurds. L.B. Tuaris، London ١٩٩٦.
– Wustenfeld، Mahle'cshe: Vergleichungs–Tabellen، Deutsche Morgen– landische Geselles–Chaft، Wiesbade n١٩٦١.
– G.S.P Freeman – Grenvill: The Islamic and Christian، Gamet Publishing، Lebanon ١٩٩٥.
– Izady، Mehrdad R: A Concise hand–Book، The kurds، Taylor & Francis، Washington &London ١٩٩٢.
– Bacharach، Jere L.: A Middle East Studies Handbok، Cambridge University Press، Cambridge ١٩٨٤.
– The Encyclopedia of Islam، New Edition، Volume: V، Kurds، Kurdistan.

Copyright© Farhad Shakely

هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو ماڵپەڕێک و هیچ دەستگایەکی ڕاگەیانن، بێ پرسکردن بە نووسەر، مافی بڵاوکردنەوە، وەرگێڕان و بەکارهێنانی ئەم نووسینەی نییە.

(٣)

# رۆژنامەنووسیی کوردی دووبارە کردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە..!؟

بە درێژایی ئەو هەشتاو چەند ساڵەی رابردووە کە دەوڵەتەکانی تورکیاو عیراق و سوریای تیا دامەزراوە، لەم دەوڵەتانەی کوردستانیان پێوەلکاوە، بە ئێرانیشەوە، جگە لەماوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و سێ ساڵی دوای چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ی عیراق و چوار ساڵی دوای بەیانی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ و ئەو ماوەیەی دواتری راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، دەستەبژێری کورد گرێیەکی دەروونی ئاڵۆز یەخەگیریان بوو، چونکە ئەم دەوڵەتانە کەمترین مافی نەتەوایەتییان بۆ دابین نەکردبوون، تەنانەت گوێ گرتن لە گۆرانییەکانی هونەرمەندێکی وەکو (شڤانپەروەر)یش سزاکەی چەند ساڵ بەندیخانەبوو، ئەوە چ جای سروودێکی نەتەوایەتی وەکو (ئەی رەقیب).

هەروەها هیچ کام لەم رژێمانە ئامادە نەبوون دان بە رۆژە تایبەتەکانی کورد دابنێن، رۆژێکی تایبەتی وەکو (نەورۆز)، کە سەری ساڵی کوردییە، رێکەوتنی ١١ی ئادار نەبوایە تاوەکو ئەمڕۆکەش هەر حیسابی (جەژنی دارو درەخت)ی بۆ دەکراو نازانم ناوی چی و چی لێ دەنرا. سەرباری دانانی ئەم بەیانە بە هەندێ لە مافە نەتەوایەتییەکان، تا چەند ساڵێک رژێم دانی بە رۆژە تایبەتەکانی دیکە نەدەنا.

بیرمە لەهەر چوار ساڵی نێوان ئاداری ١٩٧٠-١٩٧٤ رژێم لێدەگەڕا یادی رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردی بە ئازادی لە کاتی خۆیدا بکرێتەوە، بەڵکو دەبوایە ئەو یادە بخرێتە رۆژی رۆژنامەنووسیی عیراق کە رێکەوتی ١٥ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک دەکات، هەر بەم بۆنەیەوەش بوو، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دوو وتاری لە رۆژنامەی (التآخي) بڵاوکردبۆوە، تیایدا باری رۆژنامەگەریی کوردی خستبووە بەرچاو و ناوی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی بەپێی کاتی دەرچوونیان تا ئەوسا تۆمار کردبوو[1]، هەروەها د. کەمال مەزهەر وتارێکی بەناونیشانی (سەد ساڵەی رۆژنامەگەریی لە عیراقدا) بەم بۆنەیەوە بڵاوکردبۆوەو تیایدا باسی زۆر لایەنی رۆژنامەنووسیی کوردی کردبوو[2].

لە ساڵی ١٩٧٢دا بوو، د. کەمال فوئاد ٢٦ ژمارەی لە ٣١ی ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان)ی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەسەر یەکەوە خستبووە بەردەست خوێنەرو تۆژەران، کەچی ئەو ساڵەش لێنەگەڕابوون یادی رۆژنامەنووسیی کوردی بکرێتەوە، بەڵگەشم بۆ ئەم بۆچوونەم مانشێتە

گەورەکەی یەک لە ژمارەکانی رۆژنامەی (التآخی) ئەو ساڵەیە کە دەڵێ: (الشعب الکردی یحتفل بالژکری ٧٥ لمیلاد صحافته المناضله) پاشان لە سەروتاری (طریق التآخی) هەمان ژمارەدا لەژێر ناونیشانی (فی الذکری الخامسة والسبعین لمیلاد أول صحیفة کردیة) بووە، هاتووە: (إلا انه لمن المؤسف ان التفسیرات البعیدة عن روح اتفاقیة آذار والثقة المتبادلة التي نرید مخلصین توفیرها، تدخلت فی الموضوع وادت الی تأجیل الاحتفال الی ١٥ حزیران حیث یدمج الاحتفال بیوم الصحافة العراقیة ذکری صدور جریدة الزوراء. دون الالتفات الی ان الصحافة الکردیة یومها الذی صدر فیه أول جریدة کردیة قبل خمسة وسبعین عاما وبأنتمائها المتمیز ودون ان تکون لها علاقة بجهة اخری)(٣).



لە ساڵی ١٩٧٣ یشدابوو، کارگێڕی گشتی رۆشنبیری کوردی، کە ئەوسا سەر بە وەزارەتی راگەیاندن بوو، خۆی بۆ ئەم یادە ئامادە کردووە، لێژنەیەکی لە جەمال خەزنەدارو مەحمود زامدارو محەمەد عارف و فەوزی رەفیق حیلمی پێکهێناوە، تا بە فراوانی یادی ئەم رۆژە بکرێتەوە، لێژنەکە خۆی ئامادەکردووە تا پێشانگایەکی رۆژنامەنووسیی کوردی بکاتەوە، چەند پۆستەرێکی بڵاوکردۆتەوە، لەسەر حیسابی کارگێڕییەکەش کتێبی (رابەری رۆژنامەگەری کوردی) بۆ جەمال خەزنەدار چاپ کردووە، بەڵام دواتر ئەم کارەش سەری نەگرتووە، بەداخەوە جگە لەم چەند چالاکییە شتێکی دیکە ئەوتۆمان بە یادگاری بۆ نەماوەتەوە، لە ساڵی ١٩٧٤یشدا زۆربەی دەستەبژێری کورد لە شاخ بوون سەرچاوەکانی ئەوسا چەند وتارو قسەکردنیان لەسەر رۆژنامەنووسیی کوردی بۆ جێهێشتووین.

دیارە لە ساڵی ١٩٧٥دا چارەنووسی کورد لەژێر هەڕەشەیەکی وا دابوو، بەهیچ شێوەیەک نەتوانراوە یادی ئەم رۆژە بکرێتەوە، دواتر کە رژێم مەیدانی بۆ چۆڵ بووە، تا راپەڕینی ١٩٩١، وەکو خۆی دەیەویست چەند جارێک ئەم یادە پیرۆز راگیراوە، تەنانەت لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە مەحمود زامدار پێشانگایەکی گەڕۆکی رۆژنامەنووسیی لە هەندێ لە شارەکانی کوردستان کردۆتەوە.

نەک هەر ئەوەندە کاتێ باس لە پەیوەندی رۆژنامەی (کوردستان) بە رێکخراوی ئیتیحادو تەرەقی سەردەمی عوسمانی کراوە، رۆژنامەی (هاوکاری) بەرگری لە پاکی

ڕۆژنامەکـە کردبوو و بەگژ ئەوانەدا چووبووەوە کە ئەم باسەیان وروژاندبوو.

بەهەر حاڵ بەشـێک لـەم هیواو ئاواتانەی کە پێشـتر ڕۆڵەکانـی کورد خەونیان پێوە دەبینی لە دوای ڕاپەڕینی سـاڵی ١٩٩١ هاتنە دی، بەڵام بەداخـەوە لەکاتێکدا خەڵک مەستی ئازادی بوون، لەنێو دەستەبژێری ئەو نەتەوەیەدا دەنگی وا پەیدا بوون گومانیان دەخستە سەر هەموو ئەو داوایانەی دەیان سـاڵ بوو خەباتیان بۆ دەکرا، ماوەیەکی زۆر یەکێک باسی لە پەیوەندی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی، وەکـو (ئۆرگان)، بـە ئیتیحـادو تەرەقییەکانـەوە دەکرد، دەسـتەو تاقمێکیش سروودی (ئەی ڕەقیب)یان حستبووە بەر شاڵاوی سڕینەوە، هەندێکی دیکە داوای گۆڕینی ئاڵای کوردستانیان دەکرد، زۆر گرفتی لابەلای دیکە.

مـن هیـچ گومانم لە کارە زانسـتییەکان و دڵسـۆزی و پاکـی کاک (د. فەرهـاد شـاکەلی) بۆ هەموو ئەو شـتە پیرۆزانـەی نەتەوەکـەی نییە، چالاکییەکانی ئـەو زاتە لە دەرەوە، بەتایبەتی بـە دەرکردنی (٣١) ژمارە لە گۆڤاری (مامۆسـتای کـورد) جێگای سـەرنجی مـن بـووە، خۆ چەند سـاڵێک لەمەوبـەر لە ئوتێل (هەورامـان)ی هەولێر لە نزیکەوە بینیم باسـی لە تۆژینەوەیەکی گرنگ لەسـەر (مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی) دەکرد، لەوسـاوە زیاتر پەرۆشـی کارەکانی بـووم، کاتێکیش (بنکەی ژین)ی ئێمە کتێبـی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی دەربارەی زمانی کوردی)یەکەی (ئەلێکساندەر خۆدزگۆ)ی بۆ کاک نەجاتی عەبدوڵـلا چـاپ کردبـوو، ئەو زاتـەش (پێشـەکی)یەکی تێروتەسەلی بۆ نووسیبوو، کە زیاتر کتێبەکەی دەوڵەمەند کردبوو، ئەوەنـدەی دیکە عەودالـی دوای تۆژینەوەکانی بـووم، بـەڵام زۆر بـە داخەوەم ئـەو لێکۆڵینـەوەی بەم دواییە لە ژمارە (٤١٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٢ی ڕۆژنامەی (ئاسـۆ)ی خۆشەویسـتدا بڵاوی کردبۆوە، ماوەی پتر لە هەفتەیەک زۆر نیگەرانی کردم، بەتایبەتی کاتێ یەکێک لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسـیی کوردی ئەم ساڵدا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، ئەگەر ئەم ئەنجامە ڕاسـت بێت، دەبێت هەموو کۆڕو سـیمینارەکانی سی چڵ ساڵی پێشـووتر دووبارە بکرێنـەوە، ئـەو بۆچوونە وای لەمن کرد لـە پێش پتر لە سـەد (ڕۆژنامەنووس)دا سـێ جار سـوێند بخۆم کە ئەم بۆچوونە ڕاسـت نییەو ئـەو برادەرەمان هەڵەی کردووە، بەهەر حاڵ ئەوەندەی من ئاگادارم و شـارەزاییم لەسـەر ئەم بـوارەی مەعریفەی کـوردی هەیـە، نەمزانیوە لەنێو دەسـتەبژێرانی کـوردی وەکـو: د. مـارف خەزنـەدارو د. کەمـال فوئـاد و د. کەمـال مەزهەرو محەمـەد ئەمین

"
**من هیـچ گومانم لە کارە زانسـتییەکان و دڵسـۆزی و پاکـی کاک (د. فەرهـاد شاکەلی) بۆ هەموو ئەو شتە پیرۆزانەی نەتەوەکەی نییە**
"

بۆزئارسلان و نەوشیروان مستەفاو د. عەبدولفەتاح بۆتانی و عوسمان یاسین و مەحمود زامدارو رەشید فندی و شەوکەت تاهیر سندی و د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی و جەمال خەزنەدارو محەمەد تەیفون (مالمیسانژ) و ئیسماعیل بادی، فەیسەڵ دەباغ و د. فەرهاد پیرباڵ و ...هتد، ئەوە جگە لە خوێندنەوەی دەیان، بەڵکو سەدان، بابەت لە بارەی رۆژنامەی کوردستان، کە وەکو سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەنووس)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، سوودم لێ وەرگرتوون، یاخود لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)[٤] تایبەت بە (کوردستان) بڵاوم کردۆتەوە، لەنێو ئەو ناوانەدا، جگە لە نووسینێکی د. جەلیلی جەلیل، بابەتی کەسێکم نەدیوە کە ١٨٩٨/٤/٢١ی بەرامبەر بە رۆژی پێنجشەممە (٣٠ ذوالقعدة ١٣١٥ کۆچی) و (٩ نیسانی ١٣١٤ رۆمی) دانابێ.

هەرچی ئەو نووسینەی د. جەلیلی جەلیل بووە، ئەوا بەناونیشانی (دامەزراندنی یەکەمین رۆژنامەی کوردی و چالاکی لە کوردستان) بووە، لە دووتوێی کتێبی (بووژانەوەی رۆشنبیری و نەتەوەیی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم)[٥] بڵاوکردۆتەوەو سدیق ساڵح وەریگێڕاوە، منیش لەو ژمارە تایبەتییەی (رۆژنامەڤانی) دووبارە بڵاوم کردۆتەوە، کاتێ بینیومە نووسراوە (یەکەمین رۆژنامەی کوردی -کوردستان- ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە)، ئەستێرەیەکم لە تەک ئەم مێژووە داناوەو لە پەراوێزیشدا نووسیومە: (راستییەکەی ٢٢ی نیسانی (١٨٩٨) بڕوانە کوردستان، یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨-١٩٠٢، کۆکردنەوەو پێشەکی دوکتۆر کەمال فوئاد، بەغداد، ١٩٧٢)..

لەوساوە من چەندین جار د. جەلیلی جەلیلم لە (هەولێر) بینیوەو لەگەڵی هەڵساوم و دانیشتووم و خزمەتیم کردووە، خۆیشی چەند جارێک ساڵانە بەشداری لە یادی رۆژنامەنووسی کوردی لە ٤/٢٢دا کردووە، هیچ جارێک سەرنج و تێبینییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەم پرسە دەرنەبڕیوە، ئەوە جگە لەوەی د. ئەنوەر قادر جاف هەمان ئەو کتێبەی سەرەوەی بەناونیشانی (هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کوردی – لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەما) بە سەرپەرشتی د. جەلیلی جەلیل خۆی لە رووسییەوە کردووەتە کوردی و لە ساڵی ١٩٩٣ لە سوێد چاپی یەکەمی بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦یشدا چاپی دووەمی

**"جگە لە نووسینێکی د. جەلیلی جەلیل، بابەتی کەسێکم نەدیوە کە ١٨٩٨/٤/٢١ی بەرامبەر بە رۆژی پێنجشەممە (٣٠ ژوالقعدە ١٣١٥ کۆچی) و (٩ نیسانی ١٣١٤ رۆمی) دانابێ"**

لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، لەوێدا مێژووەکە ١٨٩٨/٤/٢٢ نووسـراوە، من خۆم چاپەکەی سـلێمانیم بـۆ د. جەلیلی جەلیـل پەیداکردووەو کردومەتە دیاری، تاوەکو ئێسـتا هیچ تێبینییەکی لەسەر نەبووە.

(د. فەرهـاد شـاکەلی) لەسـەرلەبەری بابەتەکەیدا، هەرچەنـد باسـەکەی خـۆی بەگرنـگ دانـاوەو لـە پەراوێزیشـدا نووسـیویە: (هیچ ڕۆژنامـەو گۆڤارو بڵاوکراوەو ماڵپەڕێک، هیچ دەسـتگایەکی ڕاگەیاندن بێ پرسـکردن بـە نووسـەر، مافـی بڵاوکردنەوە، وەرگێـڕان و بەکارهێنانـی ئەم نووسـینەی نییە)، بـەڵام جگە لـە ناوهێنانـی چەند سـەرچاوەیەک، چۆنیەتـی بەکارهێنانـی هیـچ لە سـەرچاوەکانی دیارنەکردووە...



لەبـەر ئەوە پتر گومان لـە ورد بەکارهێنانی سـەرچاوەکانی دەکرێـت، لێـرەدا ئێمـە چەنـد سـەرچاوەیەکمان لەبـەر دەسـتە، یەکێکیـان کتێبەکەی فریمان.گ.س گرێنفیلە بەناونیشـانی (ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی)[٦]، وەرگێڕانی لـە فەرەنسـییەوە: نەجاتـی عەبدوڵـڵا، کە لە بڵاوکراوەکانی (بنکەی ژین) و لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە سلێمانی چاپ کـراوە، هەروەها هەمان کتێبیشـمان بەناونیشانی (التقویمـان الهجری والمیلادی)[٧] لەبەر دەسـتەو لەلایەن (الدکتور حسـام محی الدین (الآلوسـی) لـە ئینگلیزییەوە وەرگێـڕدراوەو چاپـی دووەمی لە سـاڵی ١٩٨٦دا بووە. هەرچی سـەرچاوەکەی دیکەمانـە، (ڕۆژژمێری ڕۆمی و نەخشـەکانی بەرامبەرکردنـی لەگـەڵ ڕۆژژمێری کۆچی و زایینیـدا)[٨]، کـە لـە وەرگێڕانی کاک ئەحمـەد تاقانەیە، ئەوەی تا ئێسـتا لای ئێمە باوە مێژووی ڕۆمی ١٣ ڕۆژی دەخرێتە سەرو ڕێک بەرامبەر مێژووە زایینییەکە دێت، بە نموونە: من مێـژووی هەر چوار ژمارە ٦ی حوزەیران و ٦ی تەمووزو ١ی ئاغستۆس و ٣٠ی ئاغستۆسی ١٣٢٩ی گۆڤـاری (ڕۆژی کورد)م[٩] بەم شـێوە چارە کردووە، کە یەک لەدوای یەک دەبێتە ١٩ی حوزەیران و ١٩ی تەموزو ١٤ی ئاب و ١٢ی ئەیلوولی ١٩١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

بـۆ ئەوەی تۆژەرانمان لە بەدواداچوونەکەمان دڵنیابن وا لێرەدا ئێمە، بە پێچەوانەی کارەکەی د. فەرهاد شاکەلی، هەنگاوەکانی دۆزینەوەی مێژووە زایینییەکە بە پاڵپشـتی کتێبەکـەی (فریمان)ی وەرگێـڕاوی د. نەجاتی عەبدوڵلاو بڵاوکراوەی (بنکەی ژین) دەخەینە بەرچاو:

١- تابلۆی یەکەم: کە تایبەتە أ- بە سـاڵێ کۆچی، ب- مێژووی ساڵی زایینی بەرامبەر ڕۆژی یەکەمی موحەڕەم،

ج- ڕۆژی هەفتەی یەکەمی موحەڕەم، د- ژمارەی ئەو ڕۆژانەی لە ساڵی زایینییەوە تێپەڕیون، ه- یەکەم ڕۆژی ساڵی زایینی.

دەبینین:

ساڵی ١٣١٥ی کۆچی بەرامبەر بە ٢ی حوزەیرانی ١٨٩٧ دەست پێدەکات، یەکەم ڕۆژی ساڵە زایینییەکە (هەینی)یە، هەروەها ١٥٢ ڕۆژ لەو ساڵە تێپەڕیوە تا ساڵە کۆچییەکە دەستی پێکردووە.

٢- تابلۆی دووەم: لە لاپەڕە (٨١)دا دەبینین: (٣٠ ذوالقعدە) دەکەوێتە بەرامبەر (٣٢٥) ڕۆژ کە لە ساڵە کۆچییەکەی تەواو کردووە.

هەروەها ئەو ژمارانەی سەرەوە ئاوەها کۆ دەکەینەوە:

١٥٢ ڕۆژی ساڵی زایینی

٣٢٥ ڕۆژی ساڵی کۆچی

٤٧٧ کۆی ڕۆژەکانی هەردوو ساڵەکە، لەبەر ئەوەی ساڵەکە ئاساییە، بەم شێوەیە (٣٦٥) ڕۆژی ساڵی زایینی لەو ژمارەی سەرەوە دەردەکەین:

٤٧٧

٣٦٥

١١٢

تابلۆی سێیەم: تایبەتە بە مانگ و ڕۆژەکانی ساڵی زایینی، لەلاپەڕە (٨٤)ی کتێبەکەدا دەبینین ژمارە (١١٢) ڕێک بەرامبەر ٢٢ی نیسانی ئەو ساڵە دەکات.

تابلۆی چوارەم: وەکو لە پێشەوە گوتمان ساڵە زایینییەکە بە ڕۆژی (هەینی) دەست پێ دەکات، بۆیە لە ل ٩٨ی کتێبەکەدا لەو خشتەیە دەگەڕێین، کە ساڵی ئاسایی کاتێک (١)ی کانوونی دووەم ڕێککەوتی هەینی دەکات، دەبینین ٢٢ی نیسانی ئەو ساڵە ڕێک ڕۆژی پێنج شەممە[١٠] دەکات.

من لای خۆمەوە مێژووی هەر پێنج ژمارەکەی (کوردستان)ی سەردەمی (میقداد مەدحەت)م ئاوەها لێک داوەتەوە، بە چاوپۆشین لەوەی ژمارە (٤) لەجیاتی (محەڕەم) لەسەر تەرویسەکەی نووسراوە (ذوالحجە) و مێژووی ژمارە (٥)یش ڕێکەوتی





هەواڵنامەی کتێب

(هەینی) دەکات، ئەگینا مێژووی هەموو ژمارەکانی دیکە ڕاست و دروست دەرچوون، هەرچی ژمارەکانی سەردەمی (عەبدولڕەحمان بەدرخان)ە.




جگە لەو ژمارانەی لە میسر دەری کردوون، هیچ کام لە ژمارەکانی دیکە مێژووی کۆچییەکەیان لەگەڵ ڕۆمی و زایینییەکە تێک ناکەنەوە، دیارە میسریش وڵاتێکی موسڵمان و سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بووە، بۆیە کەم ڕێک دەکەوێت ئەم مێژووانەی سەر ڕۆژنامەکە بە هەڵە نووسرابنەوە.

بەپێچەوانەی ئەم خۆشەویستانەم دەڵێم با هەموو نووسەرو ڕۆژنامەنووس و تۆژەرو ماڵپەڕێک هەقی ئەوەی هەبێ سوود لەم لێکدانەوە وەرگرێ.

با دژە تەوەرو دژە بۆچوونەکان بهێنرێنە سەر کاغەز، ئەگەر مردنی تێدا نەبێت لە ژمارە (١١)ی (ڕۆژنامەنووس)یشدا لەتەک بابەتەکەی (د. فەرهاد شاکەلی)دا، ئەگەر پێویستی کرد جارێکی دیکە زانیاری دیکەتان بۆ دەنووسمەوە.

وڵات ئاوەدان...





هەواڵنامەی کتێب

پەراوێزەکان:

١– بنۆڕە: محمد الملا عبدالكريم المدرس، التآخي (جريدة) في ١٥ حزيران ١٩٧٠.

٢– بنۆڕە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، برایەتی (گۆڤار) ژمارە ٨ی خولی دووەم، ١٩٧٠.

٣– بنۆڕە: التآخي (جريدة)، العدد ١٣١٢ في ١٩٧٢/٤/٢٢.

٤– بنۆڕە: ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە (٨)ی ٢٠٠٢، هەولێر، کوردستان. ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە پتر لە ٣٠٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەی بۆ تۆژینەوەی ئەو زاتانەی ناویان هێنراوە، تەرخانکراوە، تەنانەت کۆمەڵێک بابەتی ئەرشیفی لەسەر ئەم ڕۆژنامەیە تێدا بڵاوکراوەتەوە.

٥– بەداخەوە ئەو کتێبەی د. جەلیلی جەلیلم لە کتێبخانەکەم نەدۆزییەوە، بۆیە ناچاربووم بە تەلەفۆن ناونیشانەکەی لە کاک (سدیق ساڵح)ی وەرگێڕی کتێبەکە وەربگرم.

٦– ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەرچاوانەی (د.فەرهاد شاکەلی) خۆی بەکاری هێناوە، لە هەموو سەرچاوەکانی دیکە باوەڕپێکراوترە.

٧– ئەم کتێبەش، وزارە الثقافە والاعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە، وا پێدەچێ چاپەکەی (بنکەی ژین) و وەرگێڕانەکەی د.نەجاتی عەبدوڵڵا، لەسەر چاپێکی نوێتر کرابێ.

٨– لە بڵاوکراوەکانی دەزگای (ئاراس)ە.

٩– بنۆڕە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕۆژی کورد–گۆڤاری چڤاتی فەقێیانی کورد، بڵاوکراوەکانی (بنکەی ژین)، سلێمانی ٢٠٠٤.

١٠– ئەم ئەنجامگیرییە جگە لە ڕێگەی تایبەتی خۆم، لە شەوی ٢٠٠٧/٥/٨\٧ بەهاوکاری کاک (سدیق ساڵح) پێی گەیشتم، هەروەها د.نەجاتی عەبدوڵڵاش، کە چەند جارێک لەسەر ئەو پرسە پەیوەندیمان بووە، بە تەلەفۆن لە پاریسەوە پێی ڕاگەیاندم، ئەویش گەیشتۆتە هەمان ئەنجام.

واپێدەچێ (د.شاکەلی) و خەڵکی دیکە ئەم حیسابانەیان لەنێوان ساڵی ئاسایی و ساڵی پڕ لێ تێکچووبێ.

هەروا بێتەوە ئەو ئەنجامەی ئێرە حیسابەکەی (ئۆربێللی) و هەموو ئەو کەسانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێیان وایە ڕۆژی (٣٠ذوالقعدة سنة ١٣١٥هـ) ڕێکەوتی هەینی ١٨٩٨ دەکات.

# (٤)
# رۆژنامەنووسیی کوردی جارێکی دیکەش دووبارە کردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە..!؟

تێکڕای میللەتی کورد، تا ئەم ساڵانەی دوایی، کە بێگانە حوکمی دەکردن، هەر بە سەرڕەقی ناسرابوون، تەنانەت هەر بۆ (مەسخەرە) (ضرب المثل)یان لەسەر دەهێنرایەوە، عەرەب دەڵێن: کورد کە بڵێ نا، نا. دیارە ئەوان بۆ مەبەستی خۆیان وایان وەسفکردوون. یەک لە کارەساتەکانی رۆژهەڵات ئەوەیە هەر کەسەو گوێز لە باری خۆی دەژمێرێ. خۆشبەختانە وا بەم دواییانە دەرکەوتووە هەندێ لە تاکەکانی ئەو میللەتەی ئێمە تەجاوزی ئەو سوخەتەیان کردووەو خۆ دەخۆنەوە. نووسەری ئەم دێرانەش، وەک چۆن لە ژیانی رۆژانەیدا، بایی ئەوەندە بوێربووە پێ لە هەڵەکانی خۆی بنێ، لە دووتوێی نووسینەکانیشیدا بەختی خۆی تاقیکردۆتەوە.

ماوەیەک لەمەوبەر لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ئاسۆ)ی خۆشەویستدا بەدواداچوونێکم بە ناوونیشانی (رۆژنامەی کوردی: دووبارە کردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە):[١] لەسەر بابەتێکی (د.فەرهاد شاکەلی) بڵاوکردەوە، کە پێشتر بەناوونیشانی (رۆژنامەنووسی کوردی: راستکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە)[٢] لەسەر لاپەڕەکانی هەمان رۆژنامەدا بڵاوکرابۆوە. تیایدا هەوڵم دابوو بەرپەرچی بۆچوونەکانی (د.شاکەلی) بدەمەوە، کە ئەو پێی وابووە یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە ١٨٩٨/٤/٢١ دا بڵاوکراوەتەوە، نەوەک لە ١٨٩٨/٤/٢٢ کە ئەوە چل ساڵە دەستەبژێری کورد لەم رۆژەی دواییاندا ئەم یادە دەکەنەوە، من لە لێکدانەوەکانم بەپێی خشتەکانی کتێبەکەی (گ.س.فریمان گرێنفیل) جگە لەوەی کاک (سدیق ساڵح)ی تۆژەر یارمەتی دابووم، کە لە پەراوێزی بابەتەکەمدا ئاماژەم بۆی کردووە، (د.نەجاتی عەبدوڵڵا)ی وەرگێڕی ئەو کتێبەشم کردبووە شایەدو پاڵپشتی بۆچوونەکانم، ئەوەبوو بابەت بڵاوکرایەوەو چاوەڕێی کاردانەوەی بووم لەسەر رەخنەلێگیراوو خوێنەرانیش. بەداخەوە لە ٢٠٠٧/٥/٢٥ەوە تاوەکو ٢٠٠٧/٦/٧ ئاگام لە چالاکی رۆشنبیری لە وڵاتدا نەمابوو، چونکە لە مۆسکۆ بووم و بەشداری کۆنگرەی (٢٦)ەمینی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانیم کردبوو، بۆیە نەمدەزانی ئەو وتارەی من چ دەنگدانەوەیەکی لەناو وڵات هەبووە، بابەتەکە خوێندراوەتەوە

یان نا..؟

لــە چــوار ڕۆژی دوای کۆتایی کۆنگــرە ئێمە خەریکی چالاکــی ڕۆژنامەنووســیی بووین، کاتێــک دەوڵەمەندێکی کوردی خەڵکی کوردســتانی سوریا، دانیشتووی مۆسکۆ، لەســەر شــەرەفی وەفدی ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتان، لــە ڤێلایەکــی خۆی لــە خوارووی مۆســکۆ میوانــداری کردیــن، بــاش بەبیرمــە ئێوارەکــەی لەکاتی گەڕانەوەمانــدا لەگــەڵ کاک فەرهــاد عەونــی، نەقیبــی ڕۆژنامەنووســان، کەوتینــە ناو یەک ســەیارە، تا نزیکەی نیوەی ڕێگا باس لە گرفتەکانی ڕۆژنامەنووســی و ڕۆژانە کرا، دواتر هەریەکەمان بەشێوەیەک دیمەنەکانی دەوروبەر ســەرنجی ڕاکێشــاین و خەیاڵ بردبووینیەوە، من لەخۆم دەپرسی تۆ بڵێی ڕۆژێک دابێت بەچاوی خۆم ببینم ئێمەش ئاوەها ببینە خاوەنی ئاڵاو قەوارەی خۆمان و وڵاتەکەمان ئاوەها ئاوەدان بکەینەوە..؟

ئــا لەم وەختەدابوو زەنگی تەلەفــۆن ڕایچڵەکاندم، لەم لاوە (د.نەجاتــی عەبدوڵڵا) بوو لە پاریســەوە تەلەفۆنی بۆ کردبووم، وادیار بوو کاک (ســدیق ساڵح) لە سلێمانییەوە پەیوەنــدی پێوەکردبــوو و ژمــارەی تەلەفۆنەکــەی منــی دابوویــە، یەک لەو باســانەی د.نەجات لەگەڵــی کردمەوە هەڵەیەکی زەق بوو دیاربوو من تێی کەوتبووم، باش بوو بە بەرنامە ئەو ژمارەیەی (ئاسۆ)شم لەگەڵ خۆم بردبووە مۆســکۆ، کــە بابەتەکەی منی تێــدا بڵاوکرابــووەوە، بۆیە بەشــەوو بە ڕۆژ، هــەر کاتێ دەرفەتم بووایــە، ئەو چەند ڕۆژە هەوڵم دا ئــەو هەڵەیە بدۆزمەوە کە تێی کەوتبووم، ئەوەبوو شەوی ٢٠٠٧/٦/٦ بە ترانسێت لە عەمانی پایتەختی ئوردن مابووینەوە، شــەو لە داخی ئــەو هەڵەیە خەوم لێ زڕا، دواجار لەوێ گەیشــتمە ئەو ڕاســتییەی بەڵێ، ساڵی ١٣١٥ی کۆچــی دەکەوێتە ناو دوو ســاڵی ١٨٩٧-١٨٩٨ی زایینی، هەبێ و نەبێ هەڵەکە لێرەدا بووە.

واتە ســاڵە کۆچییەکــە یەکی موحەڕەم لــە ١٨٩٧/٦/٢ دەست پێدەکا و لە ١٨٩٨/٥/٢٢ کۆتایی پێدێ، دیارە یەکەم ڕۆژی ساڵی زایینی ١٨٩٧ بە (هەینی) دەست پێدەکات، یەکەم ڕۆژی ساڵی زایینی ١٨٩٨یش بە (شەموو) دەست پێدەکات، بە کاک سدیق و من، کاتێ بەدوای دەستنیشانکردنی ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە گەڕاوین، لەنێو ئەو خشــتانەی ئەو ڕۆژژمێرانە گەڕاوین کە ســاڵە زایینەکەی ئاســایی بووەو (١)ی کانوونــی یەکەمیشــی ڕێکەوتــی (هەینــی) ١٨٩٧ی کــردووە، دوای ئــەوەی هەســتم بە هەڵەکــەی خۆم کرد زانیــم دەبوایە یەکەم ڕۆژی ســاڵە زایینییەکەی ١٨٩٨مان دانابووایە کە (١)ی کانوونی یەکەمی ڕێکەوتی (شــەموو)

> دواتــر هەریەکەمــان بەشــێوەیەک دیمەنەکانــی دەوروبەر سەرنجی ڕاکێشاین و خەیاڵ بردبووینیەوە، من لەخــۆم دەپرســی تــۆ بڵێی ڕۆژێک دابێــت بەچاوی خۆم ببینــم ئێمەش ئاوەها ببینە خاوەنــی ئــاڵاو قــەوارەی خۆمان و وڵاتەکەمان ئاوەها ئاوەدان بکەینەوە..؟

هەواڵنامەی کتێب

دەکات، دوای ئـەوەی ئـەو هەڵەیەم راسـت کردەوە هەر بەڕاسـتی دەرکەوت ٣٠ ذولقعدة ی١٣١٥ ڕێکەوتی هەینی ٢٢ی نیسـانی ١٨٩٨ دەکات، لـە راستیشـدا لەوکاتـەی بابەتەکەی خۆم نووسـیبووەوە، جۆرە گومانێکم لەسـەر ئەو ئەنجامگیرییە هەبوو، چەند جارێک لەخۆم پرسـیبوو، چۆن لەکاتێکدا د.کەمال مەزهەر گومانی لەسـەر راسـتی خشـتەکانی (ئوربێللی) نەبووە کە ئەو رۆژەی بە (هەینی) داناوە، وا لای ئێمە ئاوەها بە ئاسانی دەکەوێتە رۆژی (پێنج شـەممە)، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لەکاتی نووسـینەوەی بابەتەکە پەیوەندیم بە هەریەک لە د.وریا عومەر ئەمین[٣] و مامۆستا ئەحمەد تاقانە[٤] کردبوو، هەردووکیان تەئکیدیان کردبـۆوە کـە رۆژی ١٨٩٨/٤/٢٢ ڕێکەوتی رۆژی هەینی دەکات، دواتـر بـۆم دەرکـەوت نـەک هەر ئـەو هەڵەیەم کردووە، بەڵکو کە دەڵێم: (ئەوەی تا ئێسـتا لای ئێمە باوە مێـژووی رۆمی ١٣ رۆژی دەخرێتە سـەر، رێک بەرامبەر مێژووە زایینییەکە دێت)[٥] دیسـان هەڵەیە، ئەم بۆچوونەش لەسـەر ژمارەکانـی بەرایـی رۆژنامـەی (کوردسـتان) جێبەجـێ نابێـت، واتا لێرەدا نابێت ١٣ رۆژ بخرێتە سـەر ٩ی نیسـانی رۆمی، کە (کوردستان)ی بەپێی ساڵی رۆمی تێـدا دەرچووە، تا ببێتە ٢٢ی نیسـانی ١٨٩٨، کە سـاڵانە ئێمە یادی رۆژنامەنووسـیی تێدا دەکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەم سـاڵە ١٢ رۆژی دەخرێتە سـەر، دیارە بەم زیادکردنەش رۆژی پێنجشـەممە ٩ی نیسـانی ١٣١٤ی رۆمی رێکەوتی پێنجشـەممەی ٢١ی نیسـانی ١٨٩٨ی زایینی دەکات، نەک ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی[٦].

دیارە لە مەشـیان لەمـەڕ بۆچوونەکانی (د.شـاکەلی) کورتمان هێناوە، ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر هەروا بە سەرپێڕی سـەیری بۆچوونەکان بکەیـن، ئەگەر بەم رواڵەتە بێت من هیچ پاسـاوێکم بەدەسـت نامێنێ، بەتایبەتیش ئەوکاتە کە (د.نەجاتی عەبدوڵڵا) لە تەلەفۆنەکەیدا ئەوەشـی پێگوتم کە ئـەو دوای بڵاوکردنەوەی بابەتەکەم بەدوای ئەو پرسـەدا گـەڕاوە، لەناو تـۆزو خۆڵی ئەرشـیفەکاندا ئەوەندە خۆی ماندوو کردووە تا رۆژنامەیەکی سەردەمی عوسمانییەکانی دۆزیوەتـەوە کـە لەپاڵ ٩ی نیسـانی ١٣١٤ی رۆمی رێک مێژووی پێنج شەممەی ١٨٩٨/٤/٢١ی بەسەرەوە بووە.

دیسـان ئەگـەر بە رواڵەت بێ و تەنیا لەم گۆشـەیەوە لە پرسـەکە بڕوانین دەبێ من هیچ پاساوێکم بە دەستەوە نەمابێت بۆ بەرگری کردن لە بۆچوونەکانم.

مەگـەر تەنیا ئومێـدم بە مێـژووە کۆچییەکە بێت لای خوێنـەران شـەفاعەتم بۆ بـکات، دوای گەیشـتنەوەم بۆ وڵات هـەر وازم نەهێنا، بەتایبەتـی دوای ئەوەی د.مارف

**چەنـد جارێـک لەخـۆم پرسـیبوو، چۆن لەکاتێکدا د.کەمـال مەزهـەر گومانی لەسـەر راستی خشـتەکانی (ئوربێللی) نەبـووە کە ئەو رۆژەی بە (هەینی) داناوە، وا لای ئێمـە ئاوەهـا بـە ئاسـانی دەکەوێتـە رۆژی (پێنج شەممە)**


نومرو ١ سالا اوّل عدد ١

کردستان

١٣١٥

روژا پنجشنبه ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه في ٩ نیسان سنه ١٣١٤

**لە تەک هەردوو مێژووی کۆچی و رۆمی رۆژنامەی کوردستان لە ژمارە (١)ەوە تا ژمارە (١١)، رۆژەکانی هەفتە دەنووسرا**

خەزنەدارم بینی و باسی ئەو پرسەم لەگەڵ کرد، ئەو گوتی کاتی خۆی ماوەی ساڵێک پتر خەریکی ساخکردنەوەی ئەم مێژووە بووین، تەنانەت بیرمە رۆژانە وانە نەبوو قوتابییەکانمی پێوە خەریک نەکەم، ئەو ماوەیە (د.حسێن عەلی مەحفوز)یش بۆ ماوەی ساڵێک وەکو (استاذ زائر) هاتبووە مۆسکۆ، چەند جارێک لەگەڵمان خەریک بووەو بە تەزبیح رۆژەکانی بۆ حیساب کردووین، بە هەرحاڵ دوای پەیوەندیکردنم بە زۆر لە مامۆستایانی پەیوەندار بەم بابەتەوە، بۆم دەرکەوت بەڵێ دەبێ گرفت لەمێژووە کۆچییەکە دابێت و (د.فەرهاد) زیادەڕۆیی لە بابەتەکەدا کردبێت.

دیارە لەدنیای لێکۆڵینەوەی زانستیدا، تەنانەت ئەگەر عەقل و مەنتیقیشی لەگەڵدابێت، بێ بەڵگەی زانستی نایخوات، بۆیە منیش گەڕامەوە سەر رێچکە کۆنەکەی خۆم کە پێشتر لەساڵی ٢٠٠٢دا دەستم دابوویەو چەند لاپەرەم لەسەر رەش کردبۆوەچەند خشتەو ئیندێکسم بۆ کردبوو، بەتایبەتیش بەم دواییە، وا هەستم کردووە، هەبێ و نەبێت ئەو بابەتەی (د.شاکەلی) مەگەر هەر بۆ دررخستنە نێو بواری رۆژنامەنووسیی کوردی، یان بۆ خۆهەڵنان نووسرابێت، ئەگینا پێم وا نییە ئەم پیاوە، جگە لە دەرکردنی ٣١ ژمارە لە مامۆستای کورد، رۆژێ لە رۆژان لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی نووسیبێ، وەکو خۆیشی لە لێکۆڵینەوەکەی گوتوویە ئەو زۆر لەو بابەتانەی نەبینیوە یان نەخوێندۆتەوە کە لەسەر مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی و رۆژنامەی (کوردستان) نووسراوە[٧]، لەلایەکی دیکە ئەگەر ئەو مەبەستی خزمەتکردنی ئەم بوارەی مەعریفەی کوردی بووایە، دەبوو بابەتەکەی پێشووتری منی بەرپەچ بدابووایەوە، وەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە بایی ئەوەندە هەڵەی تێدابووە کە لەسەری بنووسرێ، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەک بگەینە ئەنجامی راست و دروست، نەوەک بابەتەکەی خۆی دووبارە لە رۆژنامەیەکی دیکە (هەولێر پۆست)دا[٨] بڵاوبکاتەوە، بۆیە جارێکی دیکە لێکۆڵینەوە چەواشەکارەکەی (د.شاکەلی)م خوێندەوە، هەستم کرد لە سیناریۆکەی دوو تەوەرە بەدی دەکرێ، یەکێکیان پێشەکییەکی دوورو درێژە، کە تێیدا هەموو کارەکانی پێش خۆی بێ بایەخ کردووەو زێدەڕۆییەکی زۆریشی بۆ سەر هەموو ئەوانە تێدایە کە پێش ئەو لەسەر رۆژنامەی (کوردستان)یان نووسیوە.

لایەنێکی دیکەی بابەتەکە پەیوەندیی بە

ڕۆژنامەی (کوردستان)ەکەوە هەیە، ئەویش تیایدا دوو بڕگەیان گرنگە، لە بڕگەیەکیان (د.فەرهاد) دەڵێت: "بەپێی دوو سەرچاوەی یەکەم، سەرەتای ساڵی ١٣١٥ی کۆچی (واتە یەکی موحەڕڕەم) دەکەوێتە ڕۆژی چوار شەممە، دووی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٧، یەکەمین ڕۆژی مانگی زولحیججەی کۆچی دەکەوێتە ڕۆژی شەممە، ٢٣ی نیسانی ١٨٩٨. کەواتە یەک ڕۆژ پێش ئەوە دوایین ڕۆژی مانگی زولقەعدەیە، واتە ٣٠ زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، کە ڕۆژی جومعەیەو بەرانبەر ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینییە، بەپێی هەموو تەقویمەکانی دیکەیش ڕۆژی ٢٢ی نیسان (ئەپریل)ی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی ڕۆژی جومعە (هەینی)یە، هەروەها بەپێی هەموو سەرچاوەکان ڕۆژی ٣٠ زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، دەکەوێتە بەرانبەر ڕۆژی ١٠ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی (مالی) و ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی و ڕۆژەکەیش هەینی (جومعە)یە"[٩].

پاشان دەنووسێ: (دوای ئەو بەراوردکردنە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لەو سێ بەشەی تەئریخی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە، دوویان بە تەواوی یەک دەگرن و ڕاستن: ڕۆژەکە پێنجشەممەیەو ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومییە، ئەوەی کە هەڵەیە ڕۆژەکەیە بەپێی تەقویمی کۆچی-هیجری، کە دەبوو ٢٩ی مانگی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ بێت، ئەم هەڵە کردنەش زۆر ئاسایی و باوە، چونکە دیاریکردنی ڕۆژ بەپێی تەقویمی کۆچی پێویستی بە بینینی مانگی یەکشەیەوە، کە ئاسان نییە، لە هەموو ئەو سەرچاوەو تەقویم و ماڵپەڕانەیشدا بە ئاشکرا دەبینین کە: (ڕۆژی پێنجشەممەی ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی) دەکاتە (ڕۆژی پێنجشەممەی ٩ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی) و دەکاتە (ڕۆژی پێنجشەممەی ٢٩ی زولقەعدەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی).

ئینجا دەڵێ:

لێرلادا ئێمە دوو هەڵەمان بۆ دەردەکەون: هەڵەیەی یەکەم هەڵەی خوالێخۆشبوو میقداد مەدحەت بەدرخانە کە دەبوو لە باتیی ٣٠ زولقەعدە، بینووسیبایە ٢٩ی زولقەعدە، هەڵەی دووەمیش هەڵەی هەموو ئەوانەیە کە تا ئەمڕۆ لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردییان نووسیوەو دەبوو بزانن لەو سێ بەشەی زانیارییەکەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان، دوویان گرنگترن، ڕۆژی حەفتەکە کە پێنجشەممەیەو ڕۆژەکە کە بەپێی تەقویمی ڕوومی کە ٩ی نیسانی ١٣١٤یەو ڕۆژی




ڕۆژەکانی هەفتە تەنیا لە تەک مێژووە کۆچییەکەی ژمارە (١٢) تا (٣١)ی ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسرا

ڕاست و گونجاویش لەگەڵ ئەم دوو بەشەدا ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینییە)[١٠].

د.فەرهاد دوای ئەم بەراوردکردنە ئینجا نووسیویە: (ئێستا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی زایینی لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە، هەر زانیارییەکی دیکەی لەگەڵ ئەم ئەنجامگرییەدا نەگونجێت ناڕاستەو دەبێ ڕاست بکرێتەوە)[١١].

هەرچی بڕگەکەی دیکەی (د.شاکەلی)یەو لەژێر ناونیشانی (پرسیارێکی، تا ئێستا، بێ وەرام) بووەو تیایدا دەڵێت: (لەناو ئەو دەیان مێژوونووس و لێکۆڵەرەو نووسەرانەی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی کارییان کردووە، دوکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد لەهەموویان زیاتر ڕەخنەگرانە لەو بابەتەی کۆڵیوەتەوەو زیاتریش لەڕاستی نزیک کەوتۆتەوە، کەچی لە دوایین چرکەدا خۆی خستووەتە هەڵەیەکەوە کە تا ئێستاش بۆمن ڕوون نەبووەتەوە بۆچی ئەو زانا گەورەیە تووشی بووەو چی بووەتە هۆی ئەوەی ئەو ڕاستییەی کە تەنیا هەنگاو لێیەوە دوور بووە، نەبینێت؟)[١٢].

پاشان (د.شاکەلی) ئاوەها ئەنجامگیری کارەکەی د.کەمال مەزهەر بۆ بەرژەوەندی لێکۆڵینەوەکەی خۆی بەکاردەهێنێ و دەڵێ: "دوکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد (بە یارمەتی خشتەکانی ئۆربێلی) لەوە گەیشتووە کە ٣٠ی زولقەعدەی ١٣١٥ی کۆچی ڕۆژی هەینییەو دەکاتە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨، کەچی لەباتی ئەوەی دوو بەشی گومانلێنەکراوی تەئریخەکە بکاتە بنەمای لێکۆڵینەوەکەی، واتە پێنجشەممەو ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕوومی، پەنا دەباتە بەر ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ی زایینی، کە بەشی نادیاری تەئریخەکەیەو پێویستی بە ساغکردنەوەیە، لەوەیش سەیرتر، دوای ئەو هەموو جەختکردن و ڕاستییە ئاشکراو بەرچاوە، لەپڕ دەنووسێت: "دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد ساغ بۆوە کە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ دەقاودەق ڕۆژی پێنج شەممە دەگرێتەوە، لێرەدا (د.شاکەلی) دوای دەستنیشانکردنی لاپەڕە (٥٠-٥٩)ی کتێبی (تێگەیشتنی ڕاستی)یەکەی د.کەمال مەزهەر ئینجا ئاوەها لەسەری دەڕوات: (بەم ڕستەیە، دوکتور ئەحمەد هەموو ئەنجامگرییە ڕاستەکانی خۆی و ئەو هەموو باوەڕەیش بە ئۆربێلی و بە خشتەکانی ئۆربێلی هەیەتی، هەر هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوەو دەگاتە ئەنجامێک کە هەڵەکانی پێش خۆیشی جەخت دەکات، تا ئێستایش من لەوە نەگەیشتووم دوکتور کەمال مەزهەر پشتی بە کامە

**"لەناو ئەو دەیان مێژوونووس و لێکۆڵەرەو نووسەرانەی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی کارییان کردووە، دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لەهەموویان زیاتر ڕەخنەگرانە لەو بابەتەی کۆڵیوەتەوەو زیاتریش لەڕاستی نزیک کەوتۆتەوە"**

هەواڵنامەی ڕێبیر

سەرچاوەی زانستی بەستووە کە لێکۆڵینەوەیەکی وردی کردووەو چۆن بۆی ساغ بووەوە؟)[١٣].

دوای ئەوەی (د.شاکەلی) دڵنیا دەبێت لەوەی کە گوایە کەسێک نەماوەتەوە کە بەرامبەر بۆچوونەکەی ئەو بوەستێتەوە ئینجا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیشی بە خوێنەر دەڵێت:

(ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوەی من دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو زانیارییانەی تا ئێستا لەسەر رۆژی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە، دەمەوێ لێرەدا ئەوە جەخت بکەم کە من رێزم بۆ هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لەو بوارەدا کاریان کردووەو توێژینەوەیان ئەنجام داوە...)[١٤].

ئومێدەوارم خوێنەران زۆر بە وردی تێبینییەکانی من و ئەو دەقانەی (د.فەرهاد)یان خوێندبێتەوە کە لەسەرەوە نووسیومنەتەوە، ئێستا با بێین یەکە یەکەی ئەو بڕگانەی مەبەستمانە شی بکەینەوەو لێکیان بدەینەوە، جارێ لای هێروە، جگە لەو دەقەی سەرەوە کە لەسەر د.کەمال مەزهەری نووسیوە ئەوەندە خۆی ماندوو نەکردووە ئەم دەقەیشی لەزار وەربگرێ کە دەڵێ: "بەم جۆرە رۆژی پێنج شەممەی ٣٠ (ذولقەعدە)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی، ٩ی نیسانی ١٣١٤ی رۆمی کە دەکاتە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی لە شاری قاهیرە یەکەم ژمارەی یەکەم رۆژنامە لە مێژووی گەلی کوردا لە چاپخانەی (الهلال) بەناوی (کردستان)ەوە، لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە چاپ کرا)[١٥].

پاشان دەڵێ:

"شایانی باسە بەپێی ئەو جەدوەلە باوەڕپێکراوانەی لەبەر دەستدان، بەتایبەتی جەدوەلەکەی ئەکادیمی ئۆربێللی رۆژی ٣٠ی (ذولقعدە)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی دەکاتە هەینی، نەک پێنج شەممە وەک لە دوو شوێندا لەسەر ژمارە یەکی (کوردستان) چاپ کراوە، بەپێی هەمان جەدوەل رۆژی ٣٠ی (ذولقعدة)ی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی دەکاتە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی. لەبەر ئەوەش کە لە راستی گۆڕینەکەی ئۆربێللی دڵنیاین، بە تایبەتی، چونکە لەو هەڵە کەمانەدا کە پرۆفیسۆر تسیبولسکی لەو جەدوەلەی گرتوون باسی نە ١٣١٥ و نە ساڵی ١٣١٦یان تێدا نییە، ناچاربووین بکەوینە سۆراخی ئەوەی ئایا ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ی عیسایی دەکاتە رۆژی پێنج شەممە یا هەینی، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەرکەوت ئەو رۆژە دەق پێنج شەممەیە، کەوابێت ئەبێت هەڵە لە دیارکردنی سەرەتاو کۆتایی مانگە هیجرییەکانی ئەو ساڵەدا خۆیدا

**ومێدەوارم خوێنەران زۆر بە وردی تێبینییەکانی من و ئەو دەقانەی (د.فەرهاد)یان خوێندبێتەوە کە لەسەرەوە نووسیومنەتەوە**

کرابێت، کە ئەوەش ڕێی تێدەچێت، چونکە وەک ئاشکرایە، دیارکردنی سەرەتاو کۆتایی مانگەکانی ساڵنامەی هیجری لەسەر بینینی مانگ وەستاوەو زۆرجار هەڵەی تێدەکەوێت![١٦].

ئینجا دوای ئەوەی د.کەمال ئاوەها دوا رای خۆیمان بۆ دەنووسێتەوە: "کەواتە ئەو ڕۆژی (٢٢)ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ەی لە میسر بە ٣٠ی (ذولقعدة) دانراوە، وا دیارە لە راستیدا ٢٩ بووە"، هەمان هەڵەش لە ژمارە سێ و پێنجی (کوردستان)دا ڕووی داوە. زۆر لەوانەیە ٢٨ی (ذولحجة)ی یەکەمیان ٢٧ و ٢٧ی (محرم)ی دووەمیان ٢٦ بووبن[١٧].

کەواتە هەموو ئەو مەبەستانەی (د.شاکەلی) مەبەستێتی د.کەمال مەزهەر دەریبڕیوەو پێکاویەتی، نەمزانی (د.فەرهاد) ئەو هەموو زێدەڕۆییەی لە پێناو چی بووە، جگە لە خۆدەرخستن[١٨]؟

دەمێنێتەوە ئەو بڕگەی یەکەمەکە واتە ساخکردنەوەی ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) ئایا ١٨٩٨/٤/٢١ بووە، کە (د.شاکەلی) پێی ڕاستە، واپێدەچێ تەکنیکی کۆمپیوتەری بۆ بەکارهێنابێ، لای ئەو (ئەم بەراوردکردنە بە یەک چرکە ئەنجام دەدرێت)[١٩].

من لای خۆمەوە هیچ لاریم لەسەر ئەم بۆچوونەی سەرەوەی (د.شاکەلی) نییە، گومانیشم لەسەر ئەو ئەنجامەی نێوان (ڕۆژژمێری ڕۆمی) و (ڕۆژژمێری زایینی)یەکەی نییە ئەگەر بەیەک چرکەش دەرهێنرابێ، لە پێشەوەش دانم پێداناوە کە ئەو لەم ئەنجامگیرییەی هیچ ڕەخنەیەکی نایەتە سەر، بەڵام پێم وایە ئەو ئەنجامەی لەنێوان هەردوو ڕۆژژمێرەکەی سەرەوەو ڕۆژژمێری کۆچی ئاسمان و ڕێسمانە.

گومانم هەیە نەک بەیەک چرکە، بەڵکو بە ساڵ و مانگیش پێی دەربچێت، بۆیە لە سەرەوە ناوم لە لێکۆڵینەوەکەی ناوە (سیناریۆ ئامێز) یان (چەواشە ئامێز)، فەرموون با بەیەکەوە بە هەموو لایەکمان ئەم پرسە یەکلایی بکەینەوە.

(د.فەرهاد) لە یەکەم بڕگەدا:

١. ئاماژەی بۆ یەکی موحەڕڕەمی ١٣١٥ کردووە، گوایە دەکەوێتە ڕۆژی چوارشەممە، دووی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٧.

٢. ئاماژەی بۆ یەکەمین ڕۆژی مانگی زولحیججەی ساڵی ١٣١٥ی کۆچی کردووە، بەقسەی ئەو گوایە ئەمیش دەکەوێتە ڕۆژی شەممەی ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨.

٣. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، یەک ڕۆژ پێش ئەو ڕۆژەی سەرەوە، واتە دوایین ڕۆژی مانگی زولقەعدە

**"من لای خۆمەوە هیچ لاریم لەسەر ئەم بۆچوونەی سەرەوەی (د.شاکەلی) نییە، گومانیشم لەسەر ئەو ئەنجامەی نێوان (ڕۆژژمێری ڕۆمی) و (ڕۆژژمێری زایینی)یەکەی نییە ئەگەر بەیەک چرکەش دەرهێنرابێ"**

هەواڵنامەی کتێب

(٣٠) ذولقعدةی ســاڵی ١٣١٥یە، ئەوەش هەر بۆ ئەوەیەتی بیســەلمێنێ کە ڕۆژی (جومعە)یەو بەرانبەر ٢٢ی نیســان (ئەپریل)ی ساڵی ١٨٩٨ی زایینییە.

دیارە لای (د.شــاکەلی)یش بەپێــی هەموو تەقویمەکان و بەپێــی هەموو ســەرچاوەکان (ڕۆژی ٣٠ی ذولقەعدەی ســاڵی ١٣١٥ی کۆچــی دەکەوێتــە بەرانبــەر ڕۆژی ١٠ی نیســانی ســاڵی ١٣١٤ی ڕۆمی-مالــی، و ٢٢ی نیســانی ١٨٩٨ی زایینی و ڕۆژەکەیشی هەینی-جومعەیە)[٢٠].

لێرەدا من نامەوێ چیتــر خوێنەران زۆر بە هێنانەوەو خوێندنەوەی دەقەکانی (د.شــاکەلی) مانــدوو بکەم، بەڵکو دەمــەوێ بە کورتترین ڕێگە بگەینە راســتی مەســەلەکەو دەپرسم:

- باشە کاکە (شاکەلی) کاتێ بەڕێزت ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتــی ١٨٩٧/٦/٢ت بــۆ ڕۆژی یەکــی موحەڕەمــی ١٣١٥ دیــار کرد.ئایــا کۆمپیوتــەرو ســەرچاوەکانت کاتی بەیەک گەیشــتنەوەی ئــەم دوو مێژووەی ســەرەوەی بۆ دیارکردبوویت؟ خۆ ئەگەر بەپێی کۆمپیوتەرو سەرچاوەکان دیارکرابن و ئێوە بۆ خوێنەرانتان نەنووسیبێتەوە، ئەوا دەبێتە ئەو چەواشەکارییە کە لەســەرەوە داومەتە پاڵ جەنابتان، خــۆ ئەگەر دیاریــش نەکرابێت، ئەوا یــان توێژینەوەکەتان وەکو لە ســەرەتاوە ناوم لێناوە دەبێتە ســیناریۆ، یان کەم و کورتی لــە بەرنامەکانی کۆمپیوتەرەکــەت هەیە، یانیش ئەوەتا دەبێ ئێوە ســواری ئەم مەیدانە نەبن و کارەکەتان وەکو دەڵێن: (دەبێ عوزر لە قەباحەت خراپتر بێت).

ئەوەتا بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کە من بۆ ئەو پرسەم کردووە، هەروەها بەپێی هەندێ ســەرچاوە، کە یەکێکیان کتێبەکــەی "گ. س. فریمــان. گرینفــل)ە، لــە وەرگێڕانــی د.نەجاتی عەبدوڵلایەو دڵنیام دانەی لەبەر دەســتی خۆتان هەیە، دەردەکەوێت[٢١]:

١. دەبێ ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٨٩٧ نەک هەر بەرامبەر یەکەمین ڕۆژی موحەڕڕەمی ١٣١٥ی کۆچی بووبێ، بەڵکو بەرامبەر ٣٠ زولحیجەی ١٣١٤ی کۆچیش بووە کە دەکاتە دوا ڕۆژی ئــەم ســاڵەی دواییــان، بە هەمــان پێوەر ٢٩ی زولحیجەی دوارۆژی ســاڵی ١٣١٥ی کۆچــی و یەکەمین ڕۆژی موحەڕڕەمــی ١٣١٦ ڕێکەوتی ٢٢ی ئایار (مایس)ی ١٨٩٨ی زایینی دەکات[٢٢].

٢. بەهەمان پێوەری ســەرەوە، ئەوا ڕۆژی (٩، ١٠، ١١)ی نیســانی ١٣١٤ی ڕۆمی کە دەکاتە (٢١، ٢٢، ٢٣)ی نیسانی ١٨٩٨ یــەک لەدوای یەک ڕێکەوتــی (٢٩، ٣٠) زولقەعدەی ١٣١٥ بۆ یەکەم و (٣٠ زولقەعدە و ١ی زولحیجە)ی ١٣١٥ بــۆ دووەم و (١، ٢) زولحیجــە ١٣١٥ بــۆ ســێیەم دەکات،

**نامــەوێ خوێنــەران زۆر بە هێنانــەوەو خوێندنەوەی دەقەکانــی (د.شــاکەلی) ماندوو بکەم، بەڵکو دەمەوێ بە کورتتریــن ڕێگە بگەینە راستی مەسەلەکە**

دیارە ئــەوەش لەبەر ئەو جیاوازییە هاتووە، وەکو خۆتان لە باســەکەتان ئاماژەتان بۆ کردووە، (چونکە دیاریکردنی ڕۆژ بەپێی تەقویمی کۆچی پێویســتی بەبینینی مانگی یەک شەوەیە).

کەواتــە هەتــا ئەگەر بەپێــی تەقویــم و ماڵپەڕەکانیش بێــت (ڕۆژی ٢٩ی زولقەعدەی ســاڵی ١٣١٥ی کۆچی) بە تەنیا قەت ناکاتە (ڕۆژی پێنجشــەممەی ٩ی نیسانی ساڵی ١٣١٤ی ڕۆمی و دواتر پێنجشــەممەی ٢١ی نیسان ساڵی ١٨٩٨ی زایینی).

ئەوەش دیارە لەبەر ئەوەیە ساڵی کۆچی لە ئێوارەی هەر ڕۆژێکی زایینی و لەگەڵ هەڵهاتنی مانگ دەســت پێدەکات، کەواتە ئەگەر بەم پێوەرە بێت دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ڕۆژی کۆچی و زایینی یەک لەدوای یەک ڕۆژەکانیان قەت لەگەڵ یەکدی هاوتەریب نابن، بەڵکو ڕۆژی هەر یەکێکیان بەرامبــەر دوو ڕۆژی ئــەوی دیکەیــە، چونکە لــەو کاتەدا کــە "ڕۆژی زایینی لە نیوەشــەوەوە دەســت پێدەکات ئەوا ڕۆژی کۆچــی لەکاتی خۆرئاوابوونەوە دەســت پێدەکات، کاتیــش بەماوە(فترات) حیســاب دەکرێت، هــەر ماوەیەک دوانزە ســەعاتە، لە ٦ی پاش نیوەڕۆ بۆ ٦ی پێش نیوەڕۆ، دواتــر لــە ٦ی پێش نیوەڕۆ بــۆ ٦ی پاش نیــوەڕۆ دەبێ، هــەر لەبــەر ئەوەیە لە زمانی عەرەبــی پەتی و کەنارەکان و چەنــد زمانێکــی دیکــە ســەعات (٧)ی (زوالــی) دەبێتە سەعات (١)ی ئێوارە، بە هەمان شێوەش ڕۆژەکانی هەفتە لای موســڵمانان لــە خۆرئاوابوونەوە بــۆ خۆرئاوا بوونی ڕۆژی دواتر حیساب دەکرێ، واتە ئەوەی لای موسڵمانان ئێوارەی یەکشــەممەیە لای دیانەکان بە ئێوارەی شــەموو دادەنرێ، هەموو ڕۆژەکانی هەفتەش بەم شــێوەیە دەبێت، دیــارە ئەگەر ڕەچاوی ئــەم جیاوازییانە نەکرێت، لەوانەیە هەمــوو بەڵگەنامەو بروانامەکان لێکدانــەوەی هەڵەیان بۆ بکرێــت، هەر چۆنێکیش بێت دەبــێ تێبینی ئەوە بکرێت کە هەندێ لەو شارە عەرەبییانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕۆژئــاوا هەندێک جار ئــەو ســەعاتەی خۆرئاوابوون بۆ حیســابی ڕۆژەکانی هەفتە بەکاردەهێنــن، لێرەدا ئەوانەی لەسەر ڕێگا کۆنەکە ڕاهاتوون پێی سەغلەت دەبن.[٢٣]

جگــە لەمانــە تێبینی ئــەوەش کراوە لە هەنــدێ ناوچە دوورە دەستەکان تا وەکو ئێستاکەش ڕۆژانە سەعاتەکانیان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتنی ناوچەکانیان دووبارە دادەنێنەوە، بەپێی ئــەم بۆچوونانــە بێت دەبێــت یەکەم ژمــارەی ڕۆژنامەی (کوردســتان) بەپێــی ڕۆژژمێــرە کۆچییەکە لــە ئێوارەی ٣٠ی زولقەعدەی ١٣١٥ بڵاوبووبێتەوە، دیارە ئەو کاتەش ڕێکەوتــی ٢٢ی نیســانی ١٨٩٨ی زایینی دەکات، لە هەمان

**"ساڵی کۆچی لە ئێوارەی هەر ڕۆژێکی زایینی و لەگەڵ هەڵهاتنی مانگ دەست پێدەکات، کەواتە ئەگەر بەم پێوەرە بێت دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ڕۆژی کۆچی و زایینی یەک لەدوای یەک ڕۆژەکانیان قەت لەگەڵ یەکدی هاوتەریب نابن، بەڵکو ڕۆژی هەر یەکێکیان بەرامبەر دوو ڕۆژی ئەوی دیکەیە"**

**التاريخ المدخل:** ٢٩ / ١١ / ١٣١٥
**نتيجة التحويل:** Thursday 21 إبريل ١٨٩٨ م
تحويل التاريخ الهجري / الميلادي
**التاريخ المدخل:** ٣٠ / ١١ / ١٣١٥
**نتيجة التحويل:** الجمعة ٢٢ إبريل ١٨٩٨ م
*هناك نسبة ضئيلة لحدوث الخطأ في التحويل تقدر بيوم واحد فقط

التاريخ الهجري هو التقويم الإسلامي المعتمد. وقد بدأ من السنة التي هاجر فيها الرسول محمد ﷺ من مكة إلى المدينة. ولمزيد من المعلومات عن التاريخ الهجري اقرأ هذه المقدمة.

تحويل التاريخ

ميلادي إلى هجري — هجري إلى ميلادي

اليوم: 30 — الشهر: Dhul-Qadah — السنة: 1315

موافق

التاريخ المدخل: ١ / ١٢ / ١٣١٥
نتيجة التحويل: الجمعة ٢٢ إبريل ١٨٩٨ م
*هناك نسبة ضئيلة لحدوث الخطأ في التحويل تقدر بيوم واحد فقط

کاتیشدا ئەم مێژووە، ڕێکەوتی دوا ساتەکانی ٩ی نیسانی ١٣١٤ی ڕۆمی دەکات، کە دیارە ئەم مێژووەش ڕێکەوتی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ دەکات، وەکو لەسەر ڕۆژنامەکەش دیارەوە لە پێنج ژمارەیان ڕۆژی پێنج شەممە لە تەک هەردوو مێژووە کۆچی و ڕۆمییەکە نووسراوە، وەکو لە پێشەوەش گوتمان ئەوەیان ڕێکەوتی ٢٢ی نیسان و ئەمیشیان ڕێکەوتی ٢١ی نیسانی ١٨٩٨ دەکات، دیارە لەبەر چەند هۆیەک دەبێ مێژووەکەی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ وەربگیرێ، کە ئەمانەن:

١. لەژێر لۆگۆی هەر (٣١) ژمارەکەی (کوردستان) ساڵی ١٣١٥ی کۆچی نووسراوە[٢٤]، دیارە ئەو مێژووەی کۆچی لە وڵاتی موسڵمانان ڕۆژانە کاری پێکراوەو لای میقداد میدحەت و دواتریش لای عەبدولڕەحمانی برای پەسندتر بووە.

٢. ڕۆژەکانی هەفتە لە بەرامبەر هەردوو مێژووی کۆچی و دواتر ڕۆمی نووسراون، ئەم ڕەوشە تا ژمارە (١١) هەروا بەردەوام بووە، دواتر ڕۆژەکانی هەفتە تەنیا لەتەک مێژووە کۆچییەکە نووسراوە[٢٥]، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی دیکە، کە مێژووە کۆچییەکە گرنگتربووە.

٣. کەواتە وا دیارە ڕۆژنامەی (کوردستان) بەشەو چاپکراوە، واتە کات بەرەو لای مێژووە کۆچییەکە ڕۆیشتووە، لەوانەیە ئەوەندە لێی نزیک بووبێتەوە لە ٢١ی نیسانی تێپەڕاندبێ، ئەم چەندو چوونەش لە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە، بەتایبەتی ژمارەکانی سەردەمی میقداد میدحەت دووبارە کراوەتەوە، دیارە میقداد میدحەتیش، دەبێ لەبەر ئەو بیرەی (Westernized)[٢٦] بووبێت، لە تەک مێژووە کۆچییەکە لە جیاتی (جومعە-هەینی) نووسیویە (پێنج شەممە)، کەواتە میقداد مەدحەت لە سەر هیچ کام لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکە، جگە لە ژمارە (٤) نەبێت، هەڵەیەکی ئەوتۆی تێدا نەکردووە، هەرچی هەڵەی ژمارە (٤)ەکەشە، دیارە ئەوە هەڵەی چاپە، دەبوایە وەکو هەڵەیەی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) کە لە ژمارە (١) کراوەو میقداد میدحەت لە ژمارە (٢) ڕاستی کردۆتەوە، ئەمیشی لە ژمارەی دواتر ڕاست بکردبوایەوە، دەبا لە جیاتی (زولحیججە) بنووسرابوایە (محەڕڕەم)،

لەوانەیە بپرسن ئەی بۆچی لە جیاتی (١٣) بنووسرێ (١٢)، لێرەدا دەڵێم ئەم بۆچوونە دوو ئەگەر هەڵدەگرێ، یەکەمیان لەوانەیە ئەم ژمارەیە پێش ئێوارەی (١٣)ی (محەڕڕەم) واتە بە ڕۆژ چاپ کرابێ، کە دەکاتە ڕۆژی (١٢)ی (محەڕڕەم)ی ڕێکەوتی ١٣١٤، کە لە هەردوو مێژووەکە بەراستی ڕۆژی پێنج شەممەیەو ڕۆژنامەکە ئەم جارەیان لەوانەیە بە ڕۆژ چاپکرابێ، یانیش ئەوەتا ڕۆژی (١٢)ەکەش وەکو (زولحیججە) هەڵەیە، چونکە ئەگەر ژمارەکە ١٢ بێت ئەوا ماوەی نێوان دەرچوونی هەردوو ژمارەی ڕۆژنامەکە دەبێتە ١٤ ڕۆژ، بۆیە دەبێ ڕۆژی ١٣ی مانگ بووبێت، ئەوسا هاوکێشەکە هەموو وەکو یەکی لێدێتەوە، کەواتە:

١. ئەو کەسانەی کە چەند ساڵە ڕۆژی ٢٢یان کردۆتە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی هەڵەیەکیان نەکردووە، بەڵکو کارێکی هۆشمەندانەیان کردووەو ڕاستییان پێکاوە، ئەوە ئەمڕۆ بەخۆڕایی ئاوەها بەناوی زانست و نازانم چی و چی، کارەکانیان ئاوەها بێ ڕێز دەکرێ و ...

٢. میقداد مەدحەتیش لەکارەکەیدا هەڵەیەکی نەکردووە تا ئاوەها بەم دواییەو بەم شێوەیە بێ ڕێزی بەرامبەر بکرێ، ئایا ڕاستە هەر پێنج ژمارەکەی بەرایی (کوردستان) مێژووە کۆچییەکانیان، هەر یەکەی ڕۆژێکیان ببرێتە دواوە، چییە ئەوە یەکێک بەدڵی نەبووە گوایە لەگەڵ مێژووە ڕۆمییەکە تێک ناکەنەوە، میقداد مەدحەت و هەر کەسێکی دیکە چ گوناهێکیان کردووە کە مێژووی کۆچی لەو ڕۆژەوەی لە (١٦)ی تەمموزی ٦٢٢ی زایینیدا بەرەسمی بە یەکی محەڕڕەمی ساڵی یەکی کۆچی دەستی پێکردووە، تاوەکو ئەمڕۆ بۆ تاقە ڕۆژێکیش بێت، لەگەڵ زایینی و ڕۆمییەکە تێکی نەکردۆتەوە، ئایا دەبێ گوناهی ئەوان چی بێ..!؟[٢٧]

بەهەرحاڵ ئەو حیسابەی لەسەرەوە کراوە، لەوانەیە بەپێی ڕۆژژمێرو بەرنامەکانی ئەو کۆمپیوتەرەی (د.شاکەلی)، کە فیزمان لەسەر لێدەدا گوایە بە چرکەیەک ئەنجامەکانت بۆ دەردەخا، هەندێک زەحمەت بێت، بەڵام لای هەر مرۆڤێک کە بیەوێ واقیعی میللەتەکەی خۆی بەراستگۆیی بخوێنێتەوە زۆر ئاسانە.

نووسەری ئەم بابەتەش لەساڵی (٢٠٠٢)ەوە زۆر بەدڵ مەبەستی بووە لە هەموو نهێنییەکانی هەموو ژمارەکانی کوردستان بگات، بۆیە هەر لە هەوەڵەوە ئیندێکسی بۆ هەموو بابەتەکانی (کوردستان) کردووە، تیایدا گومانی خسبووە سەر مێژووی کۆچی ژمارەکانی (٥، ٧، ٨، ١١، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨)، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لەوساوە پێشبینی ناوەڕۆک و مێژووی دەرچوونی ژمارەکانی (١٠، ١٢، ١٩)، هەندێ بابەتی ناوەڕۆکەکەیشی کردووە، بەهەرحاڵ سوپاس بۆ (د.شاکەلی) وایکرد ئەو بابەتە ببێتە بەشێکی سەرەکی پرۆژەی وەرگێڕان و دووبارە نووسینەوەو تۆژینەوەی هەموو ژمارەکانی کوردستان، کە لە ساڵی (٢٠٠٢) بەدواوە بەردەوام کاری تێدا دەکەم و مردنی تێدا نەبێ بەم زووانە چاپی دەکەم.

سەرچاوەو پەراوێز:

١. بنۆڕە: ئاسۆ (ڕۆژنامە) ژمارە ٤٣٧ی ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٠٧/٥/٢١.

٢. بنۆڕە: ئاسۆ (ڕۆژنامە) ژمارە ٤١٣ی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/٤/٢٢.

٣. وریا عومەر ئەمین (پرۆفیسۆر)، ناوبراو لەبەر ئەوەی برادەرێکی نزیکی د. کەمال مەزهەرە، لەژێر سەرپەرشتی ئەویشدا بڕوانامەیەکی دیکەی دوکتۆرای لەسەر ساڵنامە وەرگرتووە، بۆیە دوای بڵاوکردنەوەی

بابەتەکەی د. فەرهاد شاکەلی، یەکەمین کەس بوو هەواڵی بابەتەکەیم پێداو داوام لێی کرد بۆ ساخکردنەوەی ئەو مێژووە یارمەتیم بدات، ئەوەبوو دواتر لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٢ خەریکی پاکنووس کردنی ئەم بابەتە بووم، بۆ مەحکەمکردنی زیاتری بۆچوونەکانم داوام لێی کرد دانەیەکی کتێبەکەی (ساڵنامەی کوردستان)م بخاتە بەردەست، کاتێ کتێبەکەی بۆ هێنام، هەرچەند ئەو لەسەر سەفەر بوو و بۆ وانە گوتنەوە دەچووە سلێمانی، هەندێ لەسەر بۆچوونەکانی خۆم لەمەڕ ساخکردنەوەی ئەم بابەتە هەڵوەستەم لەگەڵ کرد، ئەوەبوو پێی گوتم وا دیارە (وەعییەکی فەلەکی باشت هەیە)، دیارە ئەو قسەیە مژدەیەکی خۆشە بۆ ڕاست و دروستی بۆچوونەکانی ئێرە.

ساڵنامەی کوردستان، دەزگای ساڵنامەی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢.

٤. ئەحمەد تاقانە، ناوبراو بە تەلەفۆن ئەو زانیارییەی داومەتێ، کاتێ داوای هەندێ زانیاری ترم لێی کردو هەندێ پرسیارم لێی کرد، گوتی: من ئەو زانیارییەت بەپێی خشتەیەک دەدەمێ کە خۆم بۆ ئەو جۆرە بابەتانە ئامادەم کردووە، ئەگینا هیچ زانیاری دیکەم نییە، هەرچی کتێبەکەی ڕۆژژمێری ڕۆمی و نەخشەکانی بەرامبەرکردنی لەگەڵ ڕۆژژمێری کۆچی و زایینیدا، کە لە بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠١ بووە، ئەوە تەنیا ئامادەکردنە، لەسەر کتێبێک ئامادەم کردووە ناوەکە لە دووتوێی کتێبەکە وەک سەرچاوە نووسراوە.

٥. من هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)م ئاوا ساغ کردۆتەوە.

٦. ئەحمەد تاقانە، هەمان سەرچاوە، لە کتێبی ڕۆژژمێری ڕۆمی و نەخشەکانی بەرامبەر کردنی لەگەڵ ڕۆژژمێری کۆچی و زایینیدا نووسیویە: سەری ساڵی ڕۆمی بە (١) یەکی مارت (آذار)ی بەرامبەر (١٣)ی ئاداری ساڵی زایینی بەرامبەری دەست پێدەکات، هەروەها سەرەتا هەموو مانگەکانی دیکەی ڕۆمی، هەر بە (١٣)ی ساڵی زایینی بەرامبەر دەست پێدەکات. ئەم دەستوورە وەکو لە خشتەکەدا تێبینیما نووسیوە تا ساڵی (١٣١٦)ی ڕۆمی بەردەوام دەبێ، لە (١٣١٦)ی ڕۆمییەوە (١) ی مانگەکان بەرامبەر بە (١٤)ی هەر ئەو مانگانەی ساڵی زایینی بەرامبەریان دەبن.

٧. د. شاکەلی خۆی نووسیویە: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من وتارەکانی دوکتۆر خەزنەدارو دۆکتۆر فوئادم نەبینیوون، بەڵکە زانیارییەکانم، ئەگەر هەڵەیش بن، لە کۆمەڵێ سەرچاوەی دیکەوە وەرگرتوون (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ١٩٧٨: ٦–٧ و ٥٨–٦١، د. فەرهاد پیرباڵ ٢٠٠٠: ٣٥–٣٨، جەمال خەزنەدار ١٩٧٣٦: ١٠).

لەبەر ئەوە ئێستایش نازانم ئایا دکتۆر خەزنەدار وتارەکەی خۆی بە کوردی نووسیوە یا عەرەبی؟ لە برایيدا بڵاوی کردووەتەوە یا (التآخي)؟

– هەر بۆ ئەوەی ڕێگە لە هێنانەوەی ئەم جۆرە پاساوانە بگیرێ لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی)دا ژمارەی تایبەت بە یادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، جارێکی دیکە دەقی ئەم وتارانەو زۆر وتاری دیکەمان بڵاوکردۆتەوە، دیارە دەقی وتارە عەرەبییەکەی دوکتۆر مارف خەزنەدار لە ژمارە (٣٦٥) (التآخي) ڕۆژی ١٩٦٨/٤/١٩دا و کوردییەکەی لە ژمارە ٣٦٧ی (برایی) ڕێکەوتی ١٩٦٨/٤/٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.

هەرچی وتارەکەی دوکتۆر کەمال فوئاد بوو کە لە (ڕووناکی) بڵاوکراوەتەوە، دەتوانم بڵێم هەمان پێشەکی ئەو کتێبەیە کە لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکرایەوەو ٢٦ ژمارەی (کوردستان)ی لەخۆگرتووە.

٨. بنۆڕە: فەرهاد شاکەلی، ڕۆژنامەگەریی کوردی: ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە، هەولێر پۆست (ڕۆژنامە)، ژمارە ١٥٠ی ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٦/١٢، ل٥.

٩. بنۆڕە: هەمان سەرچاوەی پەراوێزی (٢)، هەروەها پەراوێزی پێشوو.

١٠، ١١، ١٢، ١٣، ١٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٥، ١٦، ١٧. کەمال مەزهەر، دیسان ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار)، ژمارە ٨ی بەهاری ٢٠٠٢، ل ١١٧–١٣٨.

ئەو بابەتەی دۆکتۆر کەمال، کاتی خۆی لە چوار لە کتێب و بەرهەمەکانی دۆکتۆر دەرهێنراوەتەوەو بە ئیمزای ع. زەنگەنە ئامادەکراوە.

١٨. لە ١٩٩٨/٥/٢٧ بوو لەسەر مەسەلەی دووبارە وروژاندنەوەی ئەو بۆچوونەی، گوایە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حزبی ئیتیحادو تەرەقییە سەردانی د. کەمال مەزهەرم کرد، یەکەم جاریشم بوو مامۆستا بناسم، ئەوەبوو دۆکتۆر باسی ئەو مەسەلەیی ئەو مێژووەو دەرچوونی (کوردستان)ی بۆ کردم و لێرەدا بە هەڵەی بچووک ناوی هێناوە: "د. مارف خەزنەدار پیاوێکی وایە تاقەتی لە ئیش کردن ناچێ و بەدوای شت دا ئەگەڕێ، ئەو ئەم ژمارەیەی (کوردستان)ی دۆزییەوە، یەکسەر وێنەی بۆ ناردم بۆ باکۆو وەک بیرم بێ لە گۆڕینی مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەکە کەوتبووە هەڵەیەکی بچووکەوە، لەنامەو نامەکاری نێوان خۆمانا کە ناکەمانم هەمووی هەیە لای شامیل عەسکەرۆف، هەموویم هەڵگرتووە، ئەو هەڵە بچووکەم ڕاست کردەوە، وە پێش ئەوەی ئەو بگەڕێتەوە بۆ عیراق من وتارێکم لەسەر ئەو ژمارەیەی (کوردستان) نووسی و ناردم بۆ گۆڤارێکی زانستی لە مۆسکۆ، بەڵام لەوێ وتار یەکسەر بڵاوناکرێتەوە، مدەتی ئەوێ، بۆیە کە پاش ماوەیەک وتارەکە بە ڕووسی بڵاوکرایەوە، بەڵام من هەرگیز نەمدەتوانی ئەو وتارە بنووسم ئەگەر دوکتۆر مارف وێنەی ئەو دوو ژمارەیەی (کوردستان)ی بۆ نەناردبام".

دیارە دواتر ئێمە دەقی ئەم نامەیەو ئەو وتارە ڕووسییەی کە باسی لێکردووەو دواتر لەلایەن د. دلێر شاوەیس

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕدراوە، هەروەها وتارەکەی دوکتۆر مارفمان وەکو خۆی لە (ڕۆژنامەڤانی)دا بڵاوکردەوە.
بنۆڕە: ڕۆژنامەڤانی (گۆڤار) ژمارە ٨ (ژمارەی تایبەت) بەهاری ٢٠٠٢.
١٩، ٢٠. بنۆڕە: فەرهاد شاکەلی، هەمان سەرچاوە.
٢١. فریمانـــگ گرێنڤل لە میتۆدی بەکارهێنانی تابلۆکان لەســـەر دۆزینەوەی مێژوویێکـــی زایینی لە مێژوویێکی کۆچییـــەوە نووســـیویەتی: ٧ی موحەڕڕەمی ١٠٤٠ لە خۆرئاوابوونی چوارشـــەممەی ١٦ی ئابی ١٦٣٠ دەســـتی پێکردووە.
٢٢. دیارە یەکەمیان لەبەر ئەوە ٣٠ زولحیجە بووە، چونکە ســـاڵەکە کەبیســـەیە، ئەویدیکەشـــیان کە ٢٩یە ساڵەکەی ئاساییە.
٢٣. بنۆڕە: فریمان جرنڤیل، التقویمان الهجری والمیلادی، ترجمە: د.حســـام محیی الدین الآلوســـی، مطبعة الجمهوریة، الطبعة الثانیة، سنة ١٩٨٦، ص١٠-١١.
هەمـــوو ئەم زانیارییانەم لەم کتێبە ڕاگواســـتووە وەکو دەبینن، ئەو کتێبە هەمـــان کتێبە وەرگێڕدراوەکەی د. نەجاتی عەبدوڵڵایە، واپێدەچێ لەســـەر چاپی یەکەمی کتێبەکە وەرگێڕدراوە، وەرگێڕەکەی زانیارییەکی زۆری خســـتۆتە دووتوێی پێشـــەکییەکە، پێدەچێ ئەم زانیارییەی ئێرە لە کتێبی (التقویم)ی نووسەر (محمد فیاض) ڕاگواستبێ کە لە زنجیرەی (الف کتاب) و ژمارە ١٦٣ بووە، لە ساڵی ١٩٥٨دا لە قاهیرە چاپ کراوە.
٢٤. دیـــارە کاتی خۆی د. مارف خەزنەداریش ئەو تێبینییەی کردووە، لە چاوپێکەوتنەکەمدا ســـەرنجی بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشاوم.
٢٥. بنـــۆڕە: دوکتۆر کەمال فوئاد، کوردســـتان یەکەمیـــن ڕۆژنامەی کوردی، چاپی ســـێیەم، تاران ٢٠٠٦، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر.
٢٦. ئەم زاراوەیە لە ل٩ کتێبی پێشوودا (پەراوێزی ٢٣) هاتووە، وا لێکدراوەتەوە: (الاقطار الاسلامیة المستغربة والتي یستعمل فیها کلا التقویمین المیلادي والهجري فی نفس الوقت).
٢٧. بە پێی ئەو ژمێرکارییەی کە من لەنێو هەر پێنج ژمارەی بەرایی، ســـەردەمی (میقداد مەدحەت)م کردووە، چ بـــۆ مێـــژووە ڕۆمییەکەو چ بۆ کۆچییەکە، ئەگـــەر ڕۆژی دەرچوونی ژمارە چوارەکـــەش بکرێتەوە ١٣، ئەوە هیچ هەڵەیـــەک لە ماوەی دەرچوونی هەر پێنج ژمارەکە نییەو ڕێک ئەو (پازدە ڕۆژە) دەکات کە لەژێر لۆگۆی (کوردستان)ەکە نووسراوە.
بنۆڕە: د. کەمال فوئاد، هەمان سەرچاوە.

# ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی جمهووری کوردستان لە مەهاباد

## ١٣٢٤-١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦)

عەلی کەریمی

بەشێکی گرنگی مێژووی هەر نەتەوە و وڵاتێک، شانازی وسەروەریان دەگەڕێتەوە بۆ کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە و بەگشتی حەجمی نووسین و کتێبخانەیان. بۆیە ڕوو لە هەر وڵاتێک دەکەی یەک لە شوێنە پیرۆز و جێگای سەرنج و سەردانی گەشتیاران، کتێبخانە نەتەوەیی و مۆزەخانە مێژوویەکانیانە. دەبینی کە چلۆن بەڵگەیەکی کۆنی مێژوویی خۆیان لە سەر کوتە کاغەزێک لە قاپێکی زێرین گرتوە و هەڵیانواسیوە و ڕۆژانە بە سەدان گەشتیار ڕووی تێدەکەن، دەبینی لە هۆڵی ئارام و بێدەنگی ئەم کتێبخانانە بە دەیان پسپۆر و ئاکادێمی و لێکۆڵەر هەر یەک لە قۆژبنێک خەریکی وردبوونەوەن و چوونە ناو مێژوویەکی کۆن و زۆر بە ئەسپایی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەیەکی زەردهەڵگەڕاو هەڵدەدەنەوە.

ئەگەر هەر کام لەم میللەتانە بە بانگەواز و تەرخانکردنی خەبیر و پارەیەکی زۆر و پاداشت وەرگرتنی هەموو ئەو کەسانە کە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم شوێنانە تێکۆشاون و توانیویانە ئەم سەروەت و سامانە نەتەوەییە بۆ خۆیان بپارێزن، کەچی ئێمەی کورد بە دەیان ساڵ و ئێستاشی لە گەڵ بێ، لە سەر لاپەڕەیەکی ئەم بەرهەمەی بەر دەستتان دەکرا و دەکرێ حوکمی سێدارە و دەیان ساڵ زیندانمان بە نسیب بێ. جێگای تێڕوانینە هەر چەند مێژووی کۆماری کوردستان زۆر کۆن نییە و هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ شەست ساڵ لەمەوبەر، بەڵام دەست پێڕاگەیشتن بە نووسراوەکان و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆمار بۆ پەرۆشانی مێژووی کورد بووە بە خەون و سەرکەوتنی قولەی قاف، ئەمە جگە لە بەر چاو تەنگی و شۆڤێنی بوونی دۆژمنانی کورد چیتر ناگەیەنێ.

سەرەنجام پەرۆشی و حەول و تێکۆشانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی کورد بە سەر ویست و ئاواتی دۆژمنانی کورد، کە نەمان و

ئینکاری مێژوومانە، سـەرکەوت و ئەم بەرهەمە یەک لەم حەولانەیە. شـک و گومان لەوە دانییە، یەک لە ئەستێرە پرشنگدارەکانی مێژووی کوردستان، کۆماری کوردستانە لە مەهاباد، ساڵی ١٩٤٥. تەمەنی کۆمار بەداخەوە تەنیا ١١ مانگ بوو بەڵام لاپەڕەیەی هەرە گرنگە لە مێژووی سیاسـی کورد کە توانی بە دنیای بسـەلمێنێ کێشەی کورد، کێشـەیەکی سیاسی و نەتەوەیە، ئەوەتا کورد ویست و داخوازییەکانی لە چوراچێوەی جمهوریەتدا دەبینێتەوە. بە هۆی نەبوونی سەرچاوە و نووسینی ئەم مێژوویە زۆرتر بە دەستی بێگانە، چەواشەکاری و نەزانمـکاری تێدا کراوە، بۆیـە کۆکردنەوە و لە چـاپ دانەوەی ڕۆژنامەی [کوردسـتان] کە زمان حالـی سیاسـی و کۆمەڵایەتی ئـەم ١١ مانگەیە، دەتوانێ ئاوێنەیەکی راسـتەقینەی ئەو کاتە بێ و ببێ بە سەرچاوەیەکی راسـتی ڕووداوەکان بۆ خوێنەرەوان و لێکۆڵینەوەران.




بیرۆکـەی لـە چاپدانـەوەی ڕۆژنامەکانـی کوردسـتان تـا ئـەو جێیەی مـن ئـاگادار بم دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵەکانی بیدایەتـی نـەوەدەکان، بـۆ یەکـەم جار دکتـۆر ئەمیری حەسـەنپوور لە هەشـتاکان ئـەم ژمارانـەی ئارچـی ڕۆزڤێلـت داوێتی بـە Library of congress لـە ئەمریـکا فۆتۆکۆپـی کـردووە و٣٠ ژمارەیەکیشـی بـە میکرۆفیلم دەسـت کەوتـووە، ٢٠-٢٥ ژمـارە کە ئێدمۆنز داوێتی بە کتێبخانەی زانکۆی SOAS کاک حەسـەنی قازی فۆتۆکۆپی لـێ هەڵگرتووە، هەروەتر کاک نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین فۆتۆکۆپـی ٤٠-٥٠ دانە لە ژمارە دەسـتپێکەکانی لە کوردسـتان دەسـت کەوتبوو هێنای بۆ لەندەن و لە ساڵی ١٩٩٦ لە گەڵ کۆمەڵێک گۆڤار و نووسـراوەکانی سەردەمی ژێکاف و کۆمار دای بە من. کاک ئەمیر و کاک حەسەن هەموو ئەم ئارشیوەی خۆیان بـۆ ناردم بۆ لەندەن، ئـەم ژمارانە لای من کۆبوونەوە: لە ژ.١-٣٠ ژ. ٤١-٥٠ ژ.٥٢-٦٢ ژ.٦٦-٧٨ و تـاک ژمارەیەکی ٨٥ واتا سەرجەم ٦٥ ژمارە بە تێکەڵاوی لام کۆبووە.

سـاڵی ٢٠٠٣ لە سلێمانی کاک نەوشـیروان پێشنیاری ئـەوەی کـرد ئـەم ژمارانـە بێنمـەوە کوردسـتان و بـۆ نەفەوتانیـان لـە چاپیـان بدەینـەوە، بـۆ ئـەم کارە دوو بـرای بەرێز و خۆشەویسـت و ماندوو لـە کۆکردنەوە و سـاغکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و نووسراوەکانی کۆنی پێناسـاندم. برایان مامۆسـتا ڕەفیق و کاک سەدیق سالح ئەوپـەڕی پێشـوازی گەرمی خۆیان نیشـان دا. بـە چەند جارێک هەمووی ئەم ئارشـیوە هاتەوە کوردستان، دوای

چەند دانیشتن و پێداچوونەوە بەم ژمارانە هاتینە سەر ئەم باوەڕە کە حەولێکی تر بدەین پێش سکان و چاپ کردن بەڵکو ژمارەی ترمان دەسکەوێت. بانگەوازێکی سێ قۆلیمان بڵاو کردەوە، بە خۆشییەوە ئەنجامی زۆر باش و چاوەڕواننەکراوی لێ کەوتەوە و بنەماڵەی بەڕێز ڕەشید باجەڵان لە بەغدا بە هۆی بەهار خانی ڕەشید باجەڵان مامۆستا ڕەفیق و کاک سەدیقیان ئاگادار کرد ژمارەکانی [کوردستان]یان کە باوکی بەڕێزیان لە کۆماری کوردستان لە گەڵ خۆی هێناویتی لە لایان پارێزراوە. دوای ماندووبوونێکی زۆری ئەم برایانە، ٧٩ ژمارەی ئۆرجینالی زۆر خاوێن گەیشتە بنکەی ژین لە سلێمانی.

**هێندێک تێڕوانین سەبارەت بە ڕۆژنامەی کوردستان**

١- یەکەم ژمارەی کوردستان لە ٢٠ – ١٠ – ١٣٢٤، ١٢ ڕۆژ بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

٢- وتارەکانی کە لە ٢ی ڕینەندان دا خوێندراونەتەوە، هێندێکیان هێرشی شەخسیان تێدایە، وەکوو نوتقی حەمەحوسین خان، حەمەدەمینی موعینی و زێڕۆی بەهادوڕێ.

٣- لە ژمارەی یەکەمی " کوردستان"، ڕێبەندانی ١٣٤٩ ( ژانوییەی ١٩٧١ ) وەکوو ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان " کە ئیحتیمالەن لە بەغدا چاپ بووە لەوتارێک دا لە ژێر سەردێڕی " دیسان کوردستان، لاپەڕەی٣" هاتووە :" " کوردستان" لە ساڵەکانی ١٣٢٤ و ٢٥ وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە مەهاباد دەردەچوو. زۆربەی وتارە گرینگەکانی ئەو دەورەیەی "کوردستان" پێشەوا قازی محەمەد خۆی دەینووسی"



دیارە بە چاولێکردنی ئەو ژمارانەی لە بەردەست دان بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هیچ وتارێک ناوی پێشەوا قازی محەمەدی بەسەرەوە نییە. ئەو ئیدیعایە جێگەی باسە. لە گەڵ ئەوەش بۆ ئاگاداربوون لە بیروبۆچوونی پێشەوا دیسان "کوردستان" تاکە سەرچاوەیە.

لەو ٦٥ ژمارەیەی کە تا ئەو دواییانە لە بەر دەست دابوون و ژمارە تازەدۆزراوەکانی لە تەکدا نییە، دەقی بەشێک لە نوتقەکانی پێشەوا بڵاوکراونەتەوە، کاک حەسەن قازی گردەوە کۆیی کردوون و لە مانگی مارسی ١٩٩٤ دا بە ناوی "ڕوانگەی پێشەوا" لە تیراژێکی بەرتەسک دا وەکوو کتێبۆکێک بڵاو کراوەتەوە، نێوەڕۆکی ئەو نوتقانە ڕوانگەی



پێشەوا دەناسێنن.

٤- زمانی نووسەرانی "کوردستان" جیاوازە، لە لێکدانەوەوە بگرە تا پروپاگاندەی ڕووت و بانگەشەی تێدا دەبیندرێ.

٥- سەرەڕای هەوراز و نشێو لە پێوەندییەکانی نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان دا، هۆو شێوازی بەلاداخستنی کێشەکان لە "کوردستان" دا ڕەنگ ناداتەوە، جگە لە ئاماژەیەک نەبێ لە یەکێک لە نوتقەکانی قازی محەمەددا کە دەڵێ ئێمە ئامادە نەبووین بەشێک بین لە ئیدارەی خودموختاری ئازەربایجان و هەروەها نووسراوەیەک کە لە ڕۆژنامەی لایەنگری کورد لە تاران؛ "کوهستان "ەوە وەرگێڕدراوە.

٦- سەید محەمەد حەمیدی سەرنووسەری [کوردستان] بووە. حەمیدی یەک لە وانەیە ناوی زۆر بە گومناوی ماوەتەوە و حەقی خۆی پێنەدراوە، ساڵی ١٩٧٩ لە سنە کۆچی کردووە.

ئێمە بە نیاز بووین بێۆگرافی هەموو ئەو نووسەرانەی لە [کوردستان]دا نووسیینیان هەیە ئامادە کەین و لە گەڵ ئەم بەرهەمە بڵاویان کەینەوە، بەداخەوە هەمووی ئامادە نەکرا، هیوادارم لە چاپی دووهەم دا ئەم کارە بکرێ. مامۆستا سەعید ناکام لە نووسینێک دا و دواتر لە بیرەوەرهییەکانی دا خۆی وەک سەرنووسەری " کوردستان" ناساندووە کە ئەوەش لە ژمارەکانی "کوردستان" دا ناخوێندرێتەوە.

٧- بەشێکی زۆری بابەتە درێژەکانی لە "کوردستان" دا چاپ کراون، زیاتر بابەتی وەرگێڕدراون بەدەرەجەی یەکەم لە فارسی و دوایە لە زمانی عەرەبی یەوە.

٨- ئەوەی سەرنچڕاکێشە ئەوەیە کە "هەیئەتی نووسەرانی کوردستان" دەردەکەوێ باوەڕیان بە ڕێزلێنان لە بیروبۆچوونی جیاواز هەبووە، بۆ نموونە لە سەر دێڕی مەقالەیەک کە لە ژمارەی ٧٧، ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دا بەنێوی " شینی برای کۆچ کردووم" دەنووسن: " هەر چەند ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەیەکی حزبیە و اورگانی حزبی دموکراتی کوردستانە و ئەم مقالەی ژێرەووش لە بیری حزب بە دوورە بە لام بە نیوی یزادی قەلەم لەژێرەوە چاپ دەکرێ"

لەمەڕ ژمارەی دەرچووی ڕۆژنامەی [کوردستان] و ئاخر ژمارەی هیچ سەرچاوەیەکی ڕاست و بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو دەست نەکەوتووە. بەڵام بە پێی ئەو ژمارانەی لە بەر دەستدان و تاریخی چاپکرانی ڕۆژنامەکە، بە پێی

دیاریکردنـی ڕۆژ و مانگ تا ڕادەیەک ژمارەی دەرچووی ڕۆژنامەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

ژمارەی ۱، ســاڵی یەکەم پێنج شــەمۆ ۲۰-۱۰-۱۳۲٤، ۱۱ ژانویە ۱۹٤٦

ژمارەی ۲، ســالی یەکەم شەمۆ ۲۲-۱۰-۱۳۲٤، ۱۳ ژانویە ۱۹٤٦

ژمارەی ۳، ســاڵی یەکەم دووشەمۆ ۲٤ بەفرانباری ۱۳۲٤، ۱۵ ژانویە ۱۹٤٦

ژمارەی ٤، سالی یەکەم چوارشەمۆ ۲٦ بەفرانباری ۱۳۲٤، ۱۷ ژانویە ۱۹٤٦

ژمارەی ٥، ســالی یەکەم شەمۆ ۲۹ بەفرانباری ۱۳۲٤، ۲۰ ژانویە ۱۹٤٦

ژمارەی ٦، ســالی یەکەم دووشــەمۆ ۱ ری بەندان ۱۳۲٤، ۲۱ ژانویە ۱۹٤٦

ژمارەی ۷، ســالی یەکەم شــەمۆ ٦ ری بەنــدان۱۳۲٤، ۲٦ ژانویە ۱۹٤٦

ژمارەی ۸، سالی یەکەم دووشەمۆ ۸ ری بەندان۱۳۲٤، ۲۸ ژانویە ۱۹٤٦

ژمارەی ۹، ســالی یەکەم شــەمۆ ۱۳ ری بەنــدان۱۳۲٤، ۲ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی ۱۰، سالی یەکەم دووشەمۆ ۱۵ ری بەندان ۱۳۲٤، ٤ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی ۱۱، ســالی یەکــەم چوارشــەمۆ ۱۷ ری بەندان ۱۳۲٤، ٦ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی ۱۲، ســالی یەکەم شەمۆ ۲۰ ری بەندان ۱۳۲٤، ۹ فوریە ۱۹٤٦

ژمــارەی ۱۳، ســالی یەکــەم دووشــەمۆ ۲۲ ری بەندان۱۳۲٤، ۱۱ فوریە ۱۹٤٦

ژمــارەی ۱٤، ســالی یەکــەم چوارشــەمۆ ۲٤ ری بەندان۱۳۲٤، ۱۳ فوریە ۱۹٤٦



ژمــارەی۱۵، ســالی یەکــەم شــەمۆ ۲۷ ری بەندان ۱۳۲٤، ۱٦ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی ۱٦، سالی یەکەم دووشەمۆ ۲۹ ری بەندان ۱۳۲٤، ۱۸ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی ۱۷، سالی یەکەم چوارشەمۆ ۱ ڕەشەمە ۱۳۲٤، ۲۰ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی ۱۸، ســالی یەکەم شــەمۆ ٤ ڕەشــەمە ۱۳۲٤، ۲۳ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی ۱۹، سالی یەکەم دووشەمۆ ٦ ڕەشەمە ۱۳۲٤، ۲٥ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی۲۰، سالی یەکەم چوارشەمۆ ۸ ڕەشەمە ۱۳۲٤، ۲۷ فوریە ۱۹٤٦

ژمارەی٢١،سالی یەکەم شەمۆ ١١ ڕەشەمە ١٣٢٤، ٢ مارس ١٩٤٦

ژمارەی٢٢، سالی یەکەم دووشەمۆ ١٣ ڕەشەمە ١٣٢٤، ٤ مارس ١٩٤٦

ژمارەی ٢٣، سالی یەکەم چوارشەمۆ ١٥ ڕەشەمە ١٣٢٤، ٦ مارس ١٩٤٦

ژمارەی ٢٤، سالی یەکەم چوارشەمۆ ٢٢ ڕەشەمە١٣٢٤، ١٣مارس١٩٤٦،٨ لاپەرە



ژمارەی٢٥،سالی یەکەم یەکشەمۆ ٢٦ ڕەشەمە ١٣٢٤، ١٧ مارس ١٩٤٦

ژمارەی ٢٦، سالی یەکەم دووشەمۆ ٢٧ ڕەشەمە ١٣٢٤، ١٨ مارس ١٩٤٦

ژمارەی ٢٧، سالی یەکەم دووشەمۆ ٥ خاکەلیوە ١٣٢٥ ٢٥ مارس ١٩٤٦

ژمارەی ٢٨، سالی یەکەم چوارشەمۆ ٧ خاکەلیوە ١٣٢٥ ٢٧ مارس ١٩٤٦

ژمارەی ٢٩، سالی یەکەم شەمۆ ١٠ خاکەلیوە ١٣٢٥ ٣٠ مارس ١٩٤٦

ژمارەی ٣٠، سالی یەکەم دووشەمۆ ١٢ خاکەلیوە ١٣٢٥ ١ ئاوریل ١٩٤٦

...

ژمارەی ٤١، سالّی یەکەم دووشەمۆ ٩ بانەمەر ١٣٢٥ ٢٩ ئاوریل ١٩٤٦

ژمارەی٤٢، سالی یەکەم ٤ شەمۆ ١١ بانەمەر ١٣٢٥ ١ مەی ١٩٤٦

ژمارەی ٤٣، سالی یەکەم شەمۆ ١٤ بانەمەر ١٣٢٥ ٤ مەی ١٩٤٦

ژمارەی ٤٤، سالی یەکەم دووشەمۆ ١٦ بانەمەر ١٣٢٥ ٦ مەی ١٩٤٦

ژمارەی ٤٥، سالی یەکەم چوارشەمۆ ١٨ بانەمەر ١٣٢٥ ٨ مەی ١٩٤٦

ژمارەی ٤٦، سالی یەکەم شەمۆ ٢١ بانەمەر ١٣٢٥ ١١ مەی ١٩٤٦

ژمارەی ٤٧، سالی یەکەم چوارشەمۆ ٢٥ بانەمەر ١٣٢٥ ١٥ مەی ١٩٤٦

ژمارە ٤٨، سالی یەکەم شەمۆ ٢٨ بانەمەر ١٣٢٥ ١٨ مەی ١٩٤٦

ژمارە ٤٩، سالی یەکەم شەمۆ ٤ جۆزەردان ١٣٢٥ ٢٣ مەی ١٩٤٦

ژمارەی ٥٠، سالی یەکەم دووشەمۆ ٦ جۆزەردان ١٣٢٥ ٢٧ مەی ١٩٤٦

...

هەواڵنامەی کتێب

ژمارەی ٥٢، ســالی ییکەم شــەمۆ ١١ جۆزەردان ١٣٢٥ ٢ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٥٣، ســالی ییکەم ٢شەمۆ ١٣ جۆزەردان ١٣٢٥ ٤ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٥٤، ســالی ییکەم ٤شەمۆ ١٥ جۆزەردان ١٣٢٥ ٦ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٥٥، ســاڵی ییکەم شــەمۆ ١٨ جۆزەردان١٣٢٥ ٩ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٥٦، ســالی ییکەم ٢شــەمۆ ٢٠ جۆزەردان ١٣٢٥ ١١ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٥٧، ســالی ییکەم ٤ شــەمۆ ٢٢ جۆزەردان ١٣٢٥ ١٣ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٥٨، ســاڵی ییکەم شەمۆ ٢٥ جۆزەردان ١٣٢٥ ١٦ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٥٩، سالی ییکەم دووشەمۆ ٢٧ جۆزەردان ١٣٢٥ ١٨ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٦٠، ســالی ییکەم ٤ شــەمۆ ٢٩ جۆزەردان ١٣٢٥ ٢٠ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٦١، ســالی ییکەم شــەمۆ ١ پووشــپەر ١٣٢٥ ٢٣ ژوەن ١٩٤٦
ژمارەی ٦٢، ســالی ییکەم ٤ شەمۆ ٥ پووشپەر ١٣٢٥ ٢٧ ژوەن ١٩٤٦
...



ژمـارەی ٦٦، ســالی یەکـەم سـی شـەمۆ ١٨ پـوش پەر١٣٢٥
ژمارەی ٦٧، ســالی یەکەم یەک شــەمۆ ٢٣ پوش پەر ١٣٢٥
ژمارەی ٦٨، ســالی یەکەم پینج شــەمۆ ٢٧ پوش پەر ١٣٢٥
ژمارەی ٦٩، ســالی یەکەم یەک شەمۆ ٣٠ پوش پەر ١٣٢٥
ژمارەی ٧٠، ســالی یەکەم سی شــەمۆ ١ گەلاویژ ١٣٢٥ ٢٣ ژووییە ١٩٤٦
ژمارەی ٧١، ســالی یەکەم یەک شەمۆ ٦ گەلاویژ ١٣٢٥ ٢٨ ژووییە ١٩٤٦
ژمارەی ٧٢، سالی یەکەم سی شەمۆ ٨ گەلاویژ ١٣٢٥ ٣٠ ژووییە ١٩٤٦
ژمـارەی ٧٣، ســالی یەکەم یــەک شــەمۆ ١٣ گەلاویژ١٣٢٥ ٤ ئووت ١٩٤٦
ژمارەی ٧٤، ســالی یەکەم سی شەمۆ ١٥ گەلاویژ ١٣٢٥ ٦ ئووت ١٩٤٦
ژمارەی ٧٥، ســالی یەکەم یەک شــەمۆ ٢٠ گەلاویژ ١٣٢٥

١١ ئووت ١٩٤٦
ژمارەی ٧٦، سالی یەکەم سی شەمۆ ٢٢ گەلاویژ١٣٢٥ ١٣ ئووت ١٩٤٦



ژمارەی ٧٧، سالی یەکەم پینج شەمۆ ٢٤ گەلاویژ ١٣٢٥ ١٥ ئووت ١٩٤٦
ژمارەی ٧٨، سالی یەکەم یەک شەمۆ ٢٧ گەلاویژ١٣٢٥ ١٨ ئووت ١٩٤٦
ژمارەی ٧٩، سالی یەکەم سی شەمۆ ٢٩ گەلاویژ ١٣٢٥ ٢٠ ئووت ١٩٤٦
...
ژمارەی ٨٥،سالی یەکەم پینج شەمۆ ٢١ خەرمانان ١٣٢٥ ٥ سیپتامبر١٩٤٦

ئەگەرچی جار جار ناوبەرێکی یەک حەفتەیی دەبیندرێ "کوردستان " حەوتووی ٣ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە. ئەگەر تاریخی ئاخر ژمارەی کە بەدەستەوەیە، واتە ژمارەی "٨٥" لە بەرچاو بگرین کە لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٢٥ ی هەتاوی واتە ٥ سێپتامبری زایینی بلاو بێتەوە و وای دانێین کە ڕۆژنامەکە تا تاریخی ٢٥ی سەرماوەز(ئازەر) [ڕۆژی تەوافوق کردن لە سەر هاتنەوەی نەیروو بۆ مهاباد] بڵاو کراوەتەوە، ئەو دەمی هەژماری تەقریبی و نزیک لە یەقینی ژمارەکانمان بۆ دەردەکەوێ.

دەبا بەراوەردێکی ئاوا بکەین:
ژمارەی ٨٦ یەکشەمۆ ٢٤ خەرمانان
ژمارەی ٨٧ سی شەمۆ ٢٦ خەرمانان
ژمارەی ٨٨ پێنج شەمۆ ٢٨ خەرمانان
ژمارەی ٨٩ یەکشەمۆ ٣٠ خەرمانان
ژمارەی ٩٠ سی شەمۆ ٢ رەزبەر
ژمارەی ٩١ پێنجشەمۆ ٤ رەزبەر
ژمارەی ٩٢ یەکشەمۆ ٧ رەزبەر
ژمارەی ٩٣ سی شەمۆ ٩ رەزبەر
ژمارەی ٩٤ پێنجشەمۆ ١١ رەزبەر
ژمارەی ٩٥ یەکشەمۆ ١٣ رەزبەر
ژمارەی ٩٦ سی شەمۆ ١٥ رەزبەر
ژمارەی ٩٧ پێنجشەمۆ ١٧ رەزبەر
ژمارەی ٩٨ یەکشەمۆ ٢٠ رەزبەر
ژمارەی ٩٩ سی شەمۆ ٢٢ رەزبەر
ژمارەی ١٠٠ پێنج شەمۆ ٢٤ رەزبەر
ژمارەی ١٠١ یەک شەمۆ ٢٧ رەزبەر
ژمارەی١٠٢ سی شەمۆ ٢٩ رەزبەر
ژمارەی ١٠٣ پێنج شەمۆ ١ گەلارێزان
ژمارەی ١٠٤ یەکشەمۆ ٤ گەلاڕێزان

ژمارەی ١٠٥ سێ شەمۆ ٦ گەلاڕێزان
ژمارەی ١٠٦ پێنج شەمۆ ٨ گەلاڕێزان
ژمارەی ١٠٧ یەکشەمۆ ١١ گەلاڕێزان
ژمارەی ١٠٨ سی شەمۆ ١٣ گەلاڕێزان
ژمارەی ١٠٩ پینج شەمۆ ١٥ گەلاڕێزان
ژمارەی ١١٠ یەکشەمۆ ١٨ گەلاڕێزان
ژمارەی ١١١ سی شەمۆ ٢٠ گەلاڕێزان
ژمارەی ١١٢ پینج شەمۆ ٢٢ گەلاڕێزان
ژمارەی ١١٣ یەکشەمۆ ٢٥ گەلاڕێزان
ژمارەی ١١٤ سی شەمۆ ٢٧ گەلاڕێزان
ژمارەی ١١٥ پینج شەمۆ ٢٩ گەلاڕێزان
ژمارەی ١١٦ یەکشەمۆ ٢ سەرماوەز
ژمارەی ١١٧ سی شەمۆ ٤ سەرماوەز
ژمارەی ١١٨ پینج شەمۆ ٦ سەرماوەز
ژمارەی ١١٩ یەکشەمۆ ٩ سەرماوەز
ژمارەی ١٢٠ سی شەمۆ ١١ سەرماوەز
ژمارەی ١٢١ پینجشەمۆ ١٣ سەرماوەز
ژمارەی ١٢٢ یەکشەمۆ ١٦ سەرماوەز
ژمارەی ١٢٣ سی شەمۆ ١٨ سەرماوەز
ژمارەی ١٢٤ پینجشەمۆ ٢٠ سەرماوەز
ژمارەی ١٢٥ یەکشەمۆ ٢٣ سەرماوەز

دیارە ئەو بەراوەردەی سەرێ هەردەبێ لە ڕووی تەخمینەوە بێ، لە بەر ئەو تێکەولێکەییەی کە هەر لە سەرەتای سەرماوەزەوە لە ئارا دا بووە، دەکرێ وای دابنێین کە لە کۆتاییەکانی مانگی گەلاڕێزان = خەزەڵوەر (ئابان) ئیدی " کوردستان" چاپ نەبووبێ و ئەگەر تاریخی نارێکی چاپ بوونی ژمارەکانی پێشووش لەبەرچاو بگرین وا وێدەچی ١١٣ژمارە تەخمینێکی زۆر نزیک لە ڕاستی بێ.



بەم حیسابە ئەم بەرهەمە ٣٢ ژمارەی کەمە لە سەرجەم ژمارەکانی [کوردستان] کە بە هیوام دوای ئەم چاپە ژمارە ونبووەکانیش بە هیمەتی دڵسۆزان بدۆزرێنەوە و لە چاپەکانی دواتر بخرێنە بەر دیدی خوێنەرەوان. لێرەدا بە پێویستی دەزانم یادێک و سلاوێک لە روحی زیندە یاد کاک مەحموودی مەلا عیزەت بکەم کە بەشێکی زۆری ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ بەڵگە و نووسینەکانی کۆماری کوردستان و چەند مانگ پێش ماڵئاوایی کردنیان، کە باسی پرۆژەی چاپکردنەوەی [کوردستان]م لە گەڵا کرد بەو پەڕی پێخۆشحالییەوە ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ بەشداری کردن، مخابن مەرگی بێ وادە مەجالی نەدا.


کوردستان

ئـــەم بابەتە لەســـەر (٨٢)ی ژمارە رۆژنامـــەی (کوردســـتان)ی دەورانی کۆمار نووســـراوە، دواتر دەکرێتە پێشەکی بۆ کتێبێک هەموو ئەو ژمارانەی رۆژنامەکە لەخۆ دەگرێت، ئومێدەوارین ســـەرکەوتووبین لەو رۆژانەدا کارێکی وا بکەین تا هەردوو دەزگای (ئاراس)و (بنکەی ژین) بە هاوبەشی بڵاوی بکەنەوە. رۆژنامەڤانی

هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆژنامەی "کوردستان"
## مەهاباد، ١٣٢٤-١٣٢٥ (١٩٤٦)

سدیق ساڵح

**ئامانجی "کوردستان"**

"سەیید محەممەدی حەمیدی"ی سەرنووسەر لە (ژ١، ل١)دا ئامانجی ڕۆژنامەکەی، وەک ئۆرگانی ڕەسمی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی میللی کوردستان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە ڕوون کردوەتەوە؛ تەماشاکردنێکی خێرای ئەم ژمارانەی بەردەست، ڕاستی ئەو بیروبۆچوونە ئەخاتە ڕوو:

((لەم کاتەدا کە خاکی کوردستان لە

هەمــوو وەختێــک زیاتر پێویســتی فیداکاری کوڕەکانیەتی؛ لەو ئانەدا کە هەموو نەتەوەکانی گێتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەستهێنانی سەربەستی و ئــازادی خۆیــان وە بــۆ وەدەســخستنی وەسائیلی پێشــکەوتنی هاونیشتمانەکانیان دە تەقەلادان؛ لەم وەختەدا کە هەموو نەتەوەکانی عالــەم غەیــرەز سەربەســتی و گەورەیــی نیشتمانەکەیان ئامانجێکیان نییەو بە شەوو بە ڕۆژ بۆ گەیشــتن بەم ئامانجانە هەوڵ دەدەن؛ ئێمە خەریکی چین و ئامانجمان چییە ؟

پاش چەندین ســاڵ دەربەدەری و ســەرکزی و بەنــدو تێهەڵدانی بێژمارو قوڕبەســەری و هەژاری، لەپاش ئەوەی بە ئیشارەتی دوژمنان بە نێوی مەنگوڕو مامەش و زەرزاو دێبوکری و گــەورک و گەڵباغــی و.. کەوتبووینــە گیان و ماڵــی یەکتــر، خوێنی یەکترمــان دەمژی و دەڕشت و بۆ قازانجی شەخصی خۆمان هیچ شــتێکمان نەدەهاتەوە بەرچاوو هەر خەریک بوویــن دووبەرەکــی و تەفرەقــە بخەینە نێو یەکتــر؛ بەکورتی پاش ئــەوەی هیچ وەختێک لــە بیــری هاونیشــتمانی خۆمانــدا نەبووین و لــە تەپوتــۆزی زەمانەدا بــە غەیری نەفعی خۆمــان بیرێکمــان نەبــوو و دوژمنەکانمــان نەیاندەهێشــت بە زمانی خۆمــان بخوێنین و لە تیشــکەی زانستی دەورەی بیستەم بێبەش کرابووین، بیری سەربەســتی لەلامان خەیاڵی پووچ بوو و ئەوانەش کە بیرێکیان هەبوو کەم بــوون، بەتایبەتی غوولی ئیســتیبدادی ڕەچا خان بە جارێک پشتی ئێمەی شکاندبوو، پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان یا کوژران یا لە شیرازو تاران و خۆراساندا بەند کرابوون. لەوکاتەدا کە ژێللەت و دەربەدەری بە نوقگەی ئاخر گەیشــت، خودای بەرز هاتە سەر ڕەحم و بەزەیی بە ئێمەدا هات.

شەهریوەری ١٣٢٠ هاتە پێش. ئێمە لە زنجیری دیلی ڕزگاریمان بوو و دەســتی بەستراومان کــراوە، چاوی نوســتوومان وەخەبــەر هات. کۆمەڵێــک لــە لاوان و گەنجانی کوردســتان کۆبوونەوە، دەســتی برایەتی و یەکیەتییان دا دەس یەک، بێوچان ســەعییان بە خەرج دا تا حیزبــی دێموکراتی کوردســتانیان بەوجوود هێناو هەر بەرهەڵســت و خائینێــک کە لەناو کوردستاندا هەبوو، لەنێویان هەڵگرت؛ حیزبی دێموکــرات لە مەودایەکی کەمــدا توانیی لکی خــۆی لە تــەواوی شــارەکانی کوردســتانی ئێراندا بکاتەوە. ئێســتا لە کوردســتاندا نێوی مەنگــوڕ و مامــەش و زەرزاو دێبوکــری و.. و هــەر پیتــێ کــە بۆنی جودایــی لێ بێ، ناکوتــرێ. هەموو بە یەک دەنــگ دەڵێن ئێمە کوردین کوردمان دەوێ، ئیمڕۆ ســەرکزیمان بە ســەربڵندی و هەژاریمان بــە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمــان بــە یەکێتــی گۆڕیوەتەوە. هاونیشــتمانان بــە چاوێــک تەماشــا دەکەین و هەمووومــان بــۆ میللــەت کار دەکەین و بە زمانی شــیرینی کوردی دەخوێنین، ئەخلاقی خەراپمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاک.

ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانەو ئینتیشــارات بین؛ ئەوا بــە یارمەتیــی خودا نامەی کوردســتان داندراو هەووەڵ ژمارەی بــڵاو کراوە. ئــەم نامەیە کە لەلایــەن حیزبی دێموکراتــی کوردســتانەوە بڵاودەبێتــەوە، دەیــەوێ قەڵایەکــی ئاسنین لــە ئیتیحادو برایەتــی بێنینــە بەرهــەم کــە بناغەکــەی بە زانســت و هونــەرو لەشــاغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی و بێدینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی چەرەر بێت بەربەرەکانی بکا. هیوامان وایە ئــەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین، وەها قایــم و بەهێز بێــت کە هیچ هێزێــک نەتوانێ بەربەرەکانی لەگەڵا بکا.))

**مودیری مەسئوول و هەیئەتی تەحریرییە**

"کوردســتان"، چ وەکــو گۆڤــارو چ وەکــو ڕۆژنامە، هەر لەسەرەتاوە سەیید محەممەدی حەمیدی مودیری مەســئوول و ســەردەبیری بــووە؛ لــە (جێژنــی کردنــەوەی ئیــدارەی ڕۆژنامەی کوردســتان: ژ٣، ل٤)دا بە ڕەسمی ئەو لێپرســراوێتیەی پێ سپێردراوە. تا (ژ٨٨) نووسین و وتاری هەیە.

ســەعید ناکام لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویە: کــە هاوینــی ١٩٤٦ هاتــووە بــۆ مەهابــاد، مانگێکــی پێچــووە هیچ ئیشــێکی نەدراوەتێ. دواتر بە داوای ســەیید محەممەدی حەمیدی

و ڕەزامەندی قازی محەممەد کراوە بە لێپرسراوی چاپخانەو ڕۆژنامەکە، سەیید محەممەدیش چووەتەوە بۆ دائیرەی ئامار[1]. لە چاوپێکەوتنێکیشدا وتوویە: ((من درەنگ گەیشتمە کۆمار، تەقریبەن نزیکی نەوەد ژومارەی لێ دەرچووبوو کە من چووم))[2].

سەرچاوەیەکی تر شک نابرێ ئەم زانیارییەی جەخت کردبێتەوە، تەنانەت "محەممەد شاپەسندی"ی کارگەرێکی دیاری چاپخانەی کوردستان، وەک شایەتحاڵێکی ئاگادار، شتی وای لە بیرەوەریەکانیدا نەوتوە. ئەم ژمارانەی بەردەستیش لە "کوردستان" ئاماژەیەکی لەو جۆرەیان لەناودا نییە، لەکاتێکدا وەزیفە گۆڕینی چەند کاربەدەستێکی تری ئەو ڕۆژگارەیان تێدا بڵاوکراوەتەوە. جگە لەوە، هیچ بابەتێکیشیان بەناوی "سەعید ناکام"ەوە تێدا نابینرێ. پاشان ئەوەندەی زانراوە، لێپرسراوێتی چاپخانەو ڕۆژنامەکە هەر لە سەرەتاوە جیا بووەو دوو کەس هەڵیان سووڕاندووە، نەک یەکێک پێکەوە هەردووکیانی بەڕێوە بردبێ. لەبەرئەوە، ئەم خاڵە، تا دەستکەوتنی پاشماوەی ژمارەکانی ترو بەڵگەی تری بڕواپێکراو، هەر لە گوماندا ئەمێنێتەوە.

هەرچی دەستەی نووسین (هەیئەتی تەحریرییە)ی ڕۆژنامەکەیشە، نەزانراوە ئەندامەکانی کێ بوون؛ تەنیا هاشمی خەلیل زادە وەک ئەندامێکی ناسێنراوە (ژ١٩، ل٤). زۆر ڕێی تێئەچێ حەسەن قزڵجی و دڵشادی ڕەسووڵی و عەبدوڕەحمان زەبیحی و هێمن و هەژارو محەممەد تۆفیق وردی، دواتر ئیبراهیم نادریش، بەپێی بەشداریی گەرم و تاڕادەیەک بەردەوامیان بە نووسین، لەو هەیئەتەدا بووبن.

### شێوە

سەراوردی یەکەم لاپەڕە لە پانتاییی (٢٣×٦,٢سم)دا، کە درێژیەکەی لە ژمارە (٦٥)ـەوە بووە بە ٣٠ سم، لە ناوەڕاستدا ناوی "کوردستان" و لە سەروویەوە (بەنێوی خودای بەرز و بێهاوتا) و لە خواریەوە ناونیشانی (بڵاوکراوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان) هەن. چوارگۆشەی لای ڕاستی ناوەکە (کوردستان لەلایەن هەیئەتی تەحریرییە دەردەچێ)، هی لای چەپ (ئابوونمان: یەکساڵە ٣٠٠ ڕیاڵ، شەش مانگە ١٦٠ ڕیاڵ، دانەی ١ ڕیاڵ)ی تێدا نووسراوە. شریتی (١ سم) پانی درێژاییی باری پانیی لاپەڕەکە، بە ڕیز لە ڕاستەوە (ژمارە، ساڵی یەکەم، ڕۆژی حەفتە، ڕۆژو مانگ و ساڵی هەتاوی، ڕۆژو مانگ و ساڵی زاین)ی تێدا جێ کراونەتەوە.

ناوەکە، لە ژمارە (١٠)وە تاسەر بووە بە "کوردستان"؛ ناونیشانەکە، لە ژمارە (٦٥) بەدواوە بووە بە (ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان)؛ (بەنێوی خودای بەرزو بێهاوتا) لە ژمارە (٢٧)ـەوە بەیەکجاری هەڵگیراوە. هەردوو چوارگۆشەکە لە ژمارە (٦٥)ـەوە کراوە بە لاکێشە، هی لای ڕاست (ڕۆژی حەفتە، ڕۆژو مانگ و ساڵی هەتاوی) و (هەیئەتی نووسەران وەدەری دەخەن) لەژێریدا نووسراوە؛ هی لای چەپ (ژمارە، ساڵی یەکەم، دانەی قرانێک) و (لە چاپ و دەست لێدانی وتاردا ئازادین) لەژێریدا نووسراوە. ئیتر شریتەکە، کە لە ژمارە (٢٣)وە ڕۆژو مانگ و ساڵی کۆچیشی تێخراوە، نەماوەو کراوەتە ڕاستەهێڵێکی ئەستوور.

لە ژمارە (١٨)وە ناوی "کوردستان" لە گۆشەیەکی بچووکی بەشی سەرووی دەستە ڕاستی لاپەڕە (٤)دا دانراوە؛ لە ژمارەکانی (٣٦، ٥٤، ٦١، ٦٤، ٦٦، ٦٧)دا نییە. لە ژمارە (٥٣-٦٤)، (ئابوونمان)ی ناو چوارگۆشەی دەستە چەپ وای لێهاتووە (یەکساڵە ١٥٠ ڕیاڵ، شەش مانگە ٨٠ ڕیاڵ، دانەی ١ ڕیاڵ)؛ ئەوەبەدوا شوێنەکەی جێگۆڕکێی پێکراوە، لە (ژ٦٥، ل٤؛ ژ٦٦، ل٣)دا بووە بە (یەکساڵە ١٥٠ ڕیاڵ، شەش مانگە ٨٠ ڕیاڵ، سێ مانگە ٤٠ ڕیاڵ)؛ لە (ژ٧٥، ل٤؛ ژ٧٦، ل٤)یشدا بووە بە (وەرزێک ١٥٠ ڕیاڵ، شەش مانگ ٨٠ ڕیاڵ، دانەی ١ ڕیاڵ). ژمارەکانی تر ئەو زانیارییەیان تێدا نەماوە.

ئەم ڕۆژنامەیە بە چوار پێوانەی جیاوازی لاپەڕە دەرچووە: ژمارەکانی (٣٣، ٣٤، ٣٨، ٤٤،

٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠) نەبێ کە پێوانەی لاپەڕەیان (٢٧×٤٦سم) و تێکست (٢٤×٤٤,٥ سم)ە، لە ژمارە (١-٦٤) پێوانەیان (٢٨×٤٢ سم) و تێکست (٢٤×٣٦ سم)ە، ژمارەکانی (٦٦، ٨٧، ٨٨، ٩٢) نەبێ کە (٣٤×٤٨ سم)و تێکست (٣٠×٤٥ سم)ن، ئەوانی تر لە (٦٥-٧٧) (٣٤×٥٢ سم)و تێکست (٣٠×٤٥ سم)ن.

لاپەڕەکان، سەروبەر تا (ژ٥٤) بە ٣ یا جاروبار بە ٢ ستوون پڕاوپڕی درێژاییی لاپەڕە داڕێژراون؛ لە (ژ ٥٥)ەوە ٤ ستوون هەیە، لە (ژ٦٥)یشەوە لێرەو لەوێ ٥ ستوونیان تێدا لێبیدراوە. ستوونەکان، پانییان جیاوازو گۆڕاوە لە (٣,٥ سم)ەوە بۆ (١١ سم)؛ هێڵەکانی نێوانیشیان وەکوو پێویست ڕێک و ڕاست نین. جاروبار شێوەکەیان لە ڕووی ئەندازەییەوە ناڕێکوپێکە. مانشێت لە ڕۆژنامەکاندا نییە، بەڵام لە ژمارەکانی (١٠، ١١، ١٢، ١٤، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣٠، ٣١، ٣٣، ٣٥، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤١، ٤٢، ٤٤، ٤٥، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٥، ٥٧، ٦١)دا ناونیشانی وتارێکی گرنگ یا ڕاپۆرتە هەواڵێک بە گەورەیی خراوەتە بەشی سەرەوەی ناوەڕاستی یەکەم لاپەڕە. ژمارەکانی تر ئەوەیان نییە، ڕەنگە ئەوە چاولێکەریی نەریتێکی باوی ڕۆژنامەوانیی تەورێز و تاران بێ.

**دەرچوون**

کوردستان، وەک لە ناونیشانەکەیدا دیاری نەکراوە ئاخۆ ڕۆژانە یا نیو حەفتانە یا حەفتانە یا لە هەر وادەیەکی تردا دەرئەچێ، لەڕاستیدا لە وادەی جیاجیادا دەرچووە، وەک لەم لیستەدا نوێنراوە:

| ژمارە | ڕۆژی حەفتە | هەتاوی | زایینی | کۆچی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پێنجشەممە | ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ١١ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٢ | شەممە | ٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ١٣ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٣ | دووشەممە | ٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ١٥ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٤ | چوارشەممە | ٢٦ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ١٧ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٥ | شەممە | ٢٩ی بەفرانباری ١٣٢٤ | ٢٠ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٦ | دووشەممە | ١ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٢١ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٧ | شەممە | ٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٢٦ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٨ | دووشەممە | ٨ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٢٨ی ژانویەی ١٩٤٦ | |
| ٩ | شەممە | ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٢ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٠ | دووشەممە | ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٤ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١١ | چوارشەممە | ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٦ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٢ | شەممە | ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ٩ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٣ | دووشەممە | ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ١١ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٤ | چوارشەممە | ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ١٣ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٥ | شەممە | ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ١٦ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٦ | دووشەممە | ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ | ١٨ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٧ | چوارشەممە | ١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢٠ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٨ | شەممە | ٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢٣ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ١٩ | دووشەممە | ٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢٥ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ٢٠ | چوارشەممە | ٨ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢٧ی فیبریوەری ١٩٤٦ | |
| ٢١ | شەممە | ١١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢ی مارسی ١٩٤٦ | |
| ٢٢ | دووشەممە | ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٤ی مارسی ١٩٤٦ | |
| ٢٣ | چوارشەممە | ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٦ی مارسی ١٩٤٦ | ربیع الأول ١٣٦٥ |
| ٢٤ | چوارشەممە | ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ١٣ی مارسی ١٩٤٦ | ٨ ربیع الثانی ١٣٦٥ |
| ٢٥ | یەکشەممە | ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ١٧ی مارسی ١٩٤٦ | ١٤ ربیع الثانی ١٣٦٥ |
| ٢٦ | دووشەممە | ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ١٨ی مارسی ١٩٤٦ | ١٣ ربیع الثانی ١٣٦٥ |
| ٢٧ | دووشەممە | ٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٢٥ی مارسی ١٩٤٦ | ٢١ ربیع الثانی ١٣٦٥ |
| ٢٨ | چوارشەممە | ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٢٧ی مارسی ١٩٤٦ | ٢٣ ربیع الثانی ١٣٦٥ |
| ٢٩ | شەممە | ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٣٠ی مارسی ١٩٤٦ | ٢٦ ربیع الثانی ١٣٦٥ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ۳۰ | دووشەممە | ۱۲ی خاکەلێوەی ۱۳۲۵ | ۱ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۲۸ ربیع الثانی ۱۳٦۵ |
| ۳۱ | چوارشەممە | ۱٤ی خاکەلێوەی ۱۳۲۵ | ۳ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۱جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ۳۲ | شەممە | ۱۷ی خاکەلێوەی ۱۳۲۵ | ٦ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ٤ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ۳۳ | دووشەممە | ۱۹ی خاکەلێوەی ۱۳۲۵ | ۸ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ٦ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ۳٤ | چوارشەممە | ۲۱ی خاکەلێوەی ۱۳۲۵ | ۱۰ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۸ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ۳۵ | دووشەممە | ۲٦ی خاکەلێوەی ۱۳۲۵ | ۱۵ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۱۳جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ۳٦ | دووشەممە | ۲۸ی خاکەلێوەی ۱۳۲۵ | ۱۷ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۱۵ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ۳۷ | شەممە | ۳۱ی خاکەلێوەی ۱۳۲۵ | ۲۰ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۱۸ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ۳۸ | دووشەممە | ۲ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۲۲ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۲۰ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ۳۹ | چوارشەممە | ٤ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۲٤ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۲۲جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ٤۰ | شەممە | ۷ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۲۷ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۲۵ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ٤۱ | دووشەممە | ۹ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۲۹ی ئاوریلی ۱۹٤٦ | ۲۷ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ٤۲ | چوارشەممە | ۱۱ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۱ی مەی ۱۹٤٦ | ۲۹ جمادی الاول ۱۳٦۵ |
| ٤۳ | شەممە | ۱٤ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ٤ی مەی ۱۹٤٦ | ۲جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ٤٤ | دووشەممە | ۱٦ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ٦ی مەی ۱۹٤٦ | ٤ جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ٤۵ | چوارشەممە | ۱۸ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۸ی مەی ۱۹٤٦ | ٦ جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ٤٦ | شەممە | ۲۱ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۱۱ی مەی ۱۹٤٦ | ۹ جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ٤۷ | چوارشەممە | ۲۵ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۱۵ی مەی ۱۹٤٦ | ۱۳ جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ٤۸ | شەممە | ۲۸ی بانەمەڕی ۱۳۲۵ | ۱۸ی مەی ۱۹٤٦ | ۱٦ جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ٤۹ | شەممە | ٤ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۲۳ی مەی ۱۹٤٦ | ۲۱ جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ۵۰ | دووشەممە | ٦ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۲۷ی مەی ۱۹٤٦ | ۲۵ جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ۵۱ | چوارشەممە | ۸ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۲۹ی مەی ۱۹٤٦ | ۲۷ جمادی الثانی ۱۳٦۵ |
| ۵۲ | شەممە | ۱۱ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۱ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۱ رجب ۱۳٦۵ |
| ۵۳ | دووشەممە | ۱۳ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۳ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۳ رجب ۱۳٦۵ |
| ۵٤ | چوارشەممە | ۱۵ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ٦ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۵رجب ۱۳٦۵ |
| ۵۵ | شەممە | ۱۸ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۹ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۸ رجب ۱۳٦۵ |
| ۵٦ | دووشەممە | ۲۰ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۱۱ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۱۰ رجب ۱۳٦۵ |
| ۵۷ | چوارشەممە | ۲۲ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۱۳ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۱۲ رجب ۱۳٦۵ |
| ۵۸ | شەممە | ۲۵ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۱٦ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۱۵ رجب ۱۳٦۵ |
| ۵۹ | دووشەممە | ۲۷ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۱۸ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۱۷ رجب ۱۳٦۵ |
| ٦۰ | چوارشەممە | ۲۹ی جۆزەردانی ۱۳۲۵ | ۲۰ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۱۹ رجب ۱۳٦۵ |
| ٦۱ | شەممە | ۱ی پووشپەڕی ۱۳۲۵ | ۲۳ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۲۲ رجب ۱۳٦۵ |
| ٦۲ | چوارشەممە | ۵ی پووشپەڕی ۱۳۲۵ | ۲۷ی ژوئەنی ۱۹٤٦ | ۲٦ رجب ۱۳٦۵ |
| ٦٤ | سێشەممە | ۱۱ی پووشپەڕی ۱۳۲۵ | ۲ی ژوئیەی ۱۹٤٦ | ۲ شعبان ۱۳٦۵ |
| ٦۵ | سێشەممە | ۱٤ی پووشپەڕی ۱۳۲۵ | ۳ی ژوئیەی ۱۹٤٦ | ۳ شعبان ۱۳٦۵ |
| ٦٦ | سێشەممە | ۱۸ی پووشپەڕی ۱۳۲۵ | ۹ی ژوئیەی ۱۹٤٦ | ۹ شعبان ۱۳٦۵ |
| ٦۷ | یەکشەممە | ۲۳ی پووشپەڕی ۱۳۲۵ | | |
| ٦۸ | پێنجشەممە | ۲۷ی پووشپەڕی ۱۳۲۵ | ۱۸ی ژوئیەی ۱۹٤٦ | ۱۸شعبان ۱۳٦۵ |
| ٦۹ | یەکشەممە | ۳۰ی پووشپەڕی ۱۳۲۵ | ۲۱ی ژوئیەی ۱۹٤٦ | ۲۱ شعبان ۱۳٦۵ |
| ۷۰ | سێشەممە | ۱ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ۲۳ی ژوئیەی ۱۹٤٦ | ۲۳شعبان ۱۳٦۵ |
| ۷۱ | یەکشەممە | ٦ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ۲۸ی ژوئیەی ۱۹٤٦ | ۲۸ شعبان ۱۳٦۵ |
| ۷۲ | سێشەممە | ۸ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ۳۰ی ژوئیەی ۱۹٤٦ | ۳۰ شعبان ۱۳٦۵ |
| ۷۳ | یەکشەممە | ۱۳ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ٤ی ئووتی ۱۹٤٦ | ٦ رمضان ۱۳٦۵ |
| ۷٤ | سێشەممە | ۱۵ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ٦ی ئووتی ۱۹٤٦ | ۸ رمضان ۱۳٦۵ |
| ۷۵ | یەکشەممە | ۲۰ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ۱۱ی ئووتی ۱۹٤٦ | ۱۳ رمضان ۱۳٦۵ |
| ۷٦ | سێشەممە | ۲۲ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ۱۳ی ئووتی ۱۹٤٦ | ۱۵ رمضان ۱۳٦۵ |
| ۷۷ | پێنجشەممە | ۲٤ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ۱۵ی ئووتی ۱۹٤٦ | ۱۷ رمضان ۱۳٦۵ |
| ۷۹ | شەممە | ۲۹ی گەلاوێژی ۱۳۲۵ | ۲۲ی ئووتی ۱۹٤٦ | ۲۱ رمضان ۱۳٦۵ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨٥ | پێنجشەممە | ١٤ی خەرمانانی ١٣٢٥ | ٥ی سێپتامبری ١٩٤٦ | ٩ شوال ١٣٦٥ |
| ٨٧ | سێشەممە | ٢٦ی خەرمانانی ١٣٢٥ | ١٧ی سێپتامبری ١٩٤٦ | ١٩ شوال ١٣٦٥ |
| ٨٨ | پێنجشەممە | ٢٨ی خەرمانانی ١٣٢٥ | ١٩ی سێپتامبری ١٩٤٦ | ٢١ شوال ١٣٦٥ |
| ٩٢ | پێنجشەممە | ١١ی ڕەزبەرانی ١٣٢٥ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦ | ٦ ذی القعدة ١٣٦٥ |

٤ی جۆزەردانـدا دەرچووە، زاینیەکەی (٢٥ی مە)و کۆچیەکەی (٢٣ جمادی الثانی)یە؛ لەگەڵ ژمارەی دوای خۆیشیدا ڕێک دێتەوە کە پاش دوو ڕۆژ دەرچووە.

- ژمارەکانی (٥٢- ٦٢) کە بەرودوا لە (٢، ٤، ٦، ٩، ١١، ١٣، ١٦، ١٨، ٢٠، ٢٣، ٢٦)ی ژویـن (حوزەیـران)دا دەرچوون، بەپێـی هەتاویەکە بەرامبەر بە ڕۆژانی (١، ٣، ٥، ٨، ١٠، ١٢، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٢، ٢٦) ئەوەستنەوە.

- ژمـارەی (٦٥) ناگونجێ لە سێشـەممودا دەرچووبـێ، چونکـە جیاوازییەکـی بەرچاو ئەخاتـە وادەی دەرچوونـی ژمارەکانی دوای خـۆی، کە زەحمەتە ڕاسـت بکرێتـەوە، بۆیە ئەبێ ڕۆژەکـەی جومعـە و بەرامبەری (٥ی ژوئیە)یش بێ.

- ژمـارە (٦٧) کـە هـەر مێـژووی هەتاویی بەسـەرەوەیە، ئەکاتە ڕێکەوتـی ١٤ی ژوئیە (تەمووز).

- ژمـارە (٧٩) کـە دوای پێنـج ڕۆژ لـە پێنجشەممودا دەرچووە، ئەبێ سێشەمووی بەسەرەوە بێ نەک شەممو.

- ژمارەکانی (٧٩): ڕێکەوتی ٢٠ی ئووت، نەک ٢٢؛ (٨٥) ١٢ی سـپتامبر، نـەک ٥؛ (٨٧) ١٦ی سپتامبر، نەک (١٧)؛ (٨٨) ١٨ی سپتامبر، نەک ١٩؛ (٩٢) ٢ی ئوکتوبر نەک،٣ دەرچوون.

- ژمارەکانـی (٧٩، ٨٥، ٨٧، ٨٨، ٩٢)، لەبـری (٢٢ی ئـووت، ٥و ١٧و ١٩ی سـپتامبر، ٣ی ئۆکتۆبـر) بەرودوا لە (٢٠ی ئووت، ١٢و ١٦و ١٨ی سپتامبر، ٢ی ئۆکتۆبر) دەرچوون.

- مێژووەکانـی کۆچی بە بـەراورد لەگەڵ هی زایندا ئەم هەڵانەیان تێدایە:

(ژ ٢٣) (١ ربیـع الثانـی ١٣٦٥)، (ژ ٢٤) ( ٧ ربیـع الثانـی ١٣٦٥)، (ژ ٦٥) (٥ شـعبان)، (ژ ٦٧) (١٤ شعبان)، (ژ ٧٢) (١ رمضان)، (ژ ٧٩) (٢٢ رمضان)، (ژ ٨٥) (١٥ شوال)، (ژ ٨٧) (٢٠ شـوال)، (ژ ٨٨) (٢٢ شـوال)، (ژ ٩٢) (٧ ذی القعدە)- دەرچووە.

ئـەو (٨١) ژمارەیەی بەردەسـت، (١ ژمارەی دوای ١ ڕۆژ)، (٤٢) ژمـارەی ٢ ڕۆژ، ١٨ ژمـارەی دوای ٣ ڕۆژ، ٦ ژمـارەی دوای ٤ ڕۆژ، ٦ ژمارەی دوای ٥ ڕۆژ، ٣ ژمارەی دوای ٧ ڕۆژ دەرچـوون؛ نەزانراوە ژمارەکانی (٦٤، ٧٩، ٨٥، ٨٧، ٩٢) دوای چەند ڕۆژ دەرچوون. واتە ٢/٣ی دوای ٢ ڕۆژ دەرچووە.

بـە وردکردنەوەیەکـی تر؛ مانگـی یەکەم (لە ١٠ی ژانویە بەدواوە) ٨ ژمارە، مانگی دووەم ١٢ ژمـارە، سـێیەم ٩، چـوارەم ١٢، پێنجەم ١٠، شەشـەم ١١، حەوتـەم ٩، هەشـتەم (تـا ٢٢ی ئـاب) ٦ ژمـارە؛ ١٤ حەفتەیان ٣ ژمارە ١١یان ٢ ژمارە، ٤ حەفتەیشیان ١ ژمارەی لێ دەرچووە.

پشـت بەسـتوو بە ڕۆژانی حەفتەیـش؛ (١٧) ژمارەیـان شـەممو، (٧)یـان یەکشـەممو، (٢١)یان دووشـەممو، (١٠)یان سێشەممو، (٢٠)یان چوارشەممو، (٦)یان پێنجشەممو، یەکیشیان جومعە دەرچووە.

دیارە ویسـتراوە حەفتانە سـێ ژمـارەی لە (شـەممو، دووشـەممو، چوارشـەممو)دا دەربچـێ؛ لەبەر هەر هۆو کێشـەیەک بووبێ، بە تـەواوی بەجێنەهێنـراوە؛ تەنیا چوار جار لـەو ماوەیـەدا ئاماژە بـە هـۆی دواکەوتنی ڕۆژنامەکە دراوە:

١- ((لەبەر تەعطیلاتی جێژنی عموومی ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٣وەدەرنەکەوت)): ژ ٧، ل ١.

٢- ((لەبەر سـپیکاری دیـوی چاپخانە ڕۆژی شـەممو و دووشەممو چاپ نەکرا)): ژ٢٤، ل ١.

٣- ((لەبـەر وچانـی جێژنی نـەورۆز ڕۆژی چوارشەممو ١٣٢٤/١٢/٢٩و ڕۆژی شەممو ١٣٢٥/١/٣ چاپ نەکرا)): ژ٢٧، ل٤.

٤- ((لەبـەر مانیعێکـی فەننـی ڕۆژی ٢ بڵاونەبوەوە)): ژ٦٢، ل٤.

دیــارە هۆیەکی تریــش پرکاریــی چاپخانەی کوردســتان بووە، کــە جگە لــەم ڕۆژنامەیە، گۆڤارەکانی "کوردستان"و "گڕوگاڵی منداڵانی کــورد"و بڵاوکــراوەی ترو فۆرم و پســوڵەو ئەوراقــی پێویســتی وەزارەت و دائیرەکانــی حکوومەت و خەڵکیشــی پێ لەچاپ دراوە، کە دەستگر بوون و ڕۆژنامەکەیان دواخستووە. هــەر ئــەو پرکارییەیــش بــووە کە ئیدارەی چاپخانــەی وا لێکــردووە لــە (ژ٦٦، ل٣)دا (ئاگاداری)یەک بڵاوبکاتــەوە بۆ دامەزراندنی چوار کارگــەری تر لە چاپخانــە بەپێی چەند مەرجێک.

ژمــارە (٢٤) نەبێ، کــە لەوانەیە لەبەر ئەوەی دوای حەفتەیــەک دەرچووە، لاپەڕەکانی زیاد کــراوەو (٨) لاپەڕەیــە، ئەوانی تــر تێکڕا (٤) لاپەڕەن. هەڵە لە ژمارەی سەر هێندێ لاپەڕەدا کراوە: (ژ٣، ل٤) بە هەڵە بە ژ٢، (ژ١٤، ل٢) بە هەڵە بە ژ١٣، (ژ٢٥، ل٣) بە ژ٢٤، (ژ٦٤، ل٢،٣) بە ژ٦٣، (ژ٧٩، ل٣) بە ژ٩٧ نووسراوە.

زانیــاری جیاواز ســەبارەت بــە دوا ژمارەی "کوردستان" هەیە: ئەو ژمارەیە بە ١١٣ یا ١١٤ یان ١٦٠ دانراوە(٣). ئەم کۆمەڵەی بەردەست دوا ژمــارەی (٩٢)ە، ١١ی ڕەزبەری ١٣٢٥ی هەتــاوی (٢ی ئۆکتۆبــری ١٩٤٦) دەرچووە. زانراویشــە کە خۆســازدانی ئەرتەشی ئێران بــۆ پەلاماردانــی ئازەربایجان و کوردســتان لە ١٤ی ســەرماوەزی ١٣٢٥ (١٩٤٦/١٢/٥)دا تەواو بووە؛ پەلامارەکانی لە ١٨ی سەرماوەز (١٢/٩)دا دەســتیان پێکرد، ٢٢ی ســەرماوەز (١٢/١٣) تەورێز، ٢٦ی سەرماوەز (١٢/١٧)یش مەهابادی گرتوەتەوە(٤).

بە ڕەچاوکردنی لەلایەکەوە وادەکانی پێشووی دەرچوونــی ڕۆژنامەکــە، لەلایەکــی تــرەوە ئاڵۆزبوون و شێوانی بارودۆخەکە، بەتایبەت دوای دەســتپێکردنی هێرشــی ئەرتــەش و ئەمجــا گرتنی تەورێــز، پێئەچــێ ڕۆژنامەکە لەدوایــن مانــگ و- وردتر بڵێیــن- دواین ١٠ ڕۆژ یــا حەفتــەدا وەســتابێ؛ دوا ژمارە کەم و زۆر خــۆی لــە ١١٣ دابــێ. ئــەم خاڵــە، تا دۆزینەوەو پەیداکردنی ژمارە ونەکان، هەروا لە مەزەندەدا ئەمێنێتەوە.

**بڵاوبوونەوە**

"کوردســتان"، لــە ســەرتاســەری قەڵەمڕەوی حکوومەتــی میللــی کوردســتان و ناوچــە کوردنشــینەکانی ئازەربایجان (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)دا، وەک نەغــەدە، شــنۆ، ماکۆ، خۆی، شــاپوور، ورمــێ بڵاوبووەتــەوە. بێگومــان بەنهێنی لێــی گەیەنراوەتەوە ناوچەکانی تری کوردستان و کرماشان و دیوی کوردستانی گەرمێن (عیراق)یش(٦).

**باری دارایی**

"کوردستان"، وەک بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتــی کوردســتان، بــە حوکمی ئەوەی ئــەو حیزبە حکوومەتەکــەی بەڕێوە بردووە، ئۆرگانی ڕەسمی حکوومەتیش بووە. بەو پێیە حکومەت خەرجیی پێویســتی و کەرەســتەی چاپ و لەچاپدانیی کێشاوە.

فرۆشــی ڕۆژنامەکە ســەرچاوەی ســەرەکی دەرهێنانەوەی خەرجیی بووە. نرخی دانەیەکی تا (ژ٦٤) یەک ڕیاڵ، لەوەبەدوا بووە بە قرانێک. هەردوو ژمارەی (٧٥، ل٤؛ ٧٦، ل٤) دانەی بە ڕیاڵێکیش نووسیوە، کە هەڵەیە. (ئابوونمان)ی ڕۆژنامــە لــە ژمــارە (١-٥٢) یەکســاڵە ٣٠٠، شــەش مانگە ١٦٠ بــووە. لە ژمــارە (٥٣)وە ساڵانە بۆ ١٥٠ ڕیاڵ شەش مانگە بۆ ٨٠ ڕیاڵ دابەزێنــراوە؛ لە ژمارە (٦٥)ــەوە ئابوونمانی سێ مانگەیش بە ٤٠ ڕیاڵ و قبووڵ کراوە.

ســەرچاوەیەکی تری داهاتی، مزی ئاگاداری بڵاوکردنەوە بووە، کە سەرەتا (ژ١٦، ل٤) بەم شێوەیە بووە:

١- لاپەڕی ١دێری ٣ ڕیاڵ
٢- لاپەڕی ٢دێری ٢،٥ ڕیاڵ
٣- لاپەڕی ٣دێری ١،٥ ڕیاڵ
٤- لاپەڕی ٤دێری ١ ڕیاڵ
٥- کاغەزۆ پاکەت: صەدی ٢٠ ڕیاڵ

بــەڵام لە ژمارە (٩٢، ل٣) بــەدواوە ئاگاداری لــە هەر لاپەڕەیەکیــدا بڵاوبووبێتەوە، ٣ ڕیاڵ بووە.

ئیــدارەی چاپخانــە لــە (تــکا: ژ٢٥، ل٣)دا، بۆ دابینکردنی داهات بۆ ڕاییکردنی کاری خۆی، نووســیویە: ((حیزبی دیموکراتی کوردستان، دارائــی، شــارەوانی، هێــز، شــارداری و...

بیخوێننەوە:
ڕجامـان وایـە بۆ ئـەوەی میللەت لـە کاری هەمـوان ئاگاداریـی هەبێت هەمـوو ڕۆژێ نەتیجەی کاری ڕۆژانەی خۆیان: ئینتیصابات، ئینتیقالات، بودجە، موجازات، دەستگیرکردنی خائینـان و هـەر کارێ کـە بـۆ نووسـین لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا بگونجێ، بەوەسیلەی مەئموورێـک کە دەیکەنـە باوەڕپێکراوی ئەم کارە بـە ئیـدارەی ڕۆژنامـەی کوردسـتان وەڵام بـدەن کە بۆ ئاگاداری هەموو کەس دە ڕۆژنامـەدا بڵاوبکرێتەوە دەپاڕێینەوە کە دەم کارەدا زۆر تەوەجوە بفەرموون.))
کێشـەیەکی ئیدارەخانـەی ڕۆژنامەکـە پێمل نەبوونی کڕیارانی بەردەوامی بووە بە دان و ناردنی پـارەی ئابوونمان، بۆیە چەند جارێک (ژ۳، ل٤؛ ژ۱۷، ل۳؛ ژ۱۸، ل٤؛ ژ۲۳، ل۳؛ ژ۳۲، ل۳؛ ژ۹۲، ل٤) تکا کراوە ئەو پارەیە بنێرن. لە (ئاگاداری)یەکی (ژ٤٠، ل٤)دا وردترو ڕەوانتر وتراوە: ((برایانی خۆشەویست، خوێنەوارانی بـەرز- بۆ خۆتـان گەواهـی دەفەرموون کە ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانەوە چـاپ دەکرێ و بـڵاو دەبێتـەوەو چاپی ئەمانـەش خەرجێکی زۆر هەڵدەگرێ و بێجگـە لە هیممەتی برایان و خوێنـدەواران جێـگای داهاتێکیـان نییـە، لـە تـەواوی لکەکانـی حیزبـی و برایـان و خوێندەوارانـی بـەرز تکا دەکەیـن بۆ ئەوەی لای کـەم ڕۆژنامـەو گـۆوار بتوانـن نیوەی خەرجی خۆیان دەربێنن، تەوەجوە بفەرموون ئەو کەسـانەی کە بـۆ ئابوونمانـی گۆوار یا ڕۆژنامەی کوردسـتان ئەشـێن صوورەتمان بۆ بنێرن و لە زیادبوونی ئابوونمان تەوەجوە بفەرموون کە بە نێوی خۆیان ڕۆژنامە بنێرن. دەفتەری ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان))

**چاپخانە**

موکریـان، پێشـتر چاپخانـەی بەخـۆوە نەدیبـوو. ئەو ڕۆژگارە کە حیزبی دێموکراتی کوردسـتان پێـک هێنـرا، دوو چاپخانـە لـە یەکێتی سـۆڤیەتەوە هێنرایە ناوچەکە: یەکیان بۆ مەهاباد، ئەوی تر بۆ بۆکان. "کوردسـتان" لـەو چاپخانەیـە لەچاپ درا کـە ڕۆژی ۲۰ی بەفرانبـاری ۱۳۲٤ (۱۱۹٤٦/۱/۱۰) ئاهەنگ بۆ بەڕەسـمی کردنەوەو ناسـاندنی بەرپرس و کارمەندانی چاپخانەو ئیدارەخانەی ڕۆژنامەو گۆڤاری "کوردستان" ساز کرا. لەوێدا، قادری مودەریسـی بە سـەرۆکی بنگاهـی چاپخانە، عەلی خوسرەوی بە مودیری داخلی چاپخانە، سـەیید محەممـەدی حەمیـدی بـە مودیری مەسـئوول و سەردەبیری گۆڤارو ڕۆژنامەی "کوردستان" ناسێنرا.
سـەعید زەڕگەیی، وەک "کوردسـتان" خۆی دەریخسـتووە(۷)، کارگەرێکـی حـرووف کۆکـەرەوەی چاپخانەکـە بـووە. "محەممەد شاپەسندی"ش، کارگەرێکی تری بووە(۸).
محەممەد شاپەسندی سەبارەت بەم چاپخانەیە نووسیویە:
((ڕوو بـەڕووی (کاروانسـەرای سـەید عەلی) جێـگا ئامادە کرابوو بـۆ دامەزراندنی ئامێرەکـەو ئیـدارەی چاپخانـە و هەروەهـا ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان. لە ئۆکتۆبری ۱۹٤٥دا ئامێرەکـە گەیشـتە مەهابـاد، ماوەی دوو هەفتە دوو ئەندازیاری ڕووسی خەریکی دامەزراندنی بوون. لەو ماوەیەدا کارگەرەکان خەریکـی دابەشـکردن و جورکردنی پیتەکان و مەشـقکردن و ڕاهێنـان لەسـەر دەزگای پیتـەکان بوون. چاپخانە لـە ماوەیەکی کەمدا ئامادە کرا.
بنەماڵەی چاپخانـە ئەمانە بوون: مەلا قادری مودەریسـی بەڕێوەبـەری چاپخانە، سـدیق عەلایـی بەرپرسـی ئامێری چـاپ، محەممەد شاپەسـەندی دەرهێنـەرو جێبەجێکـەری بەرهەمەکان، سـاڵح کاکاغا زادە حرووفچین، موتەلیبی شێخ محەممەدی حرووفچین، عەزیز نانـەوازادە حرووفچیـن، یووسـفی ئەورامی حرووفچیـن، ئیبراهیم کەریمـی حرووفچین، حوسـێنی فەقێ زادە حرووفچین، سـەعیدی زەڕگەیـی حرووفچیـن، سـدیقی خاتەمـی حرووفچین.
جگە لـە ئەرکـی چاپخانە، تاقمێکی سـروود خوێندنەوەمـان پێک هێنابـوو بە ڕێبەرایەتیی کاک موتەلیبـی شـێخ محەممـەدی؛ ڕۆژانـی پشـوودان یا دوای دەوام یا شەوانە، لە ماڵی

خۆی فێری سروود خوێندنەوەی دەکردین. زۆر لە سروودە باوەکانی ئەو سەردەمەی پێ ڕەوان کردبووین. ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار لە چوارچرای مەهاباد سروودی:

"ئیشتمانم ڕەنگینە بەهەشتی سەر زەمینە
خاکم وەکوو ئاڵاکەم ڕەنگ سوور و سپی و شینە"

مان خوێندەوە

ئەو ڕۆژە مێژووییە کارگەرانی چاپخانە لە خۆشیان لە پێستی خۆیاندا جێگەیان نەدەبۆوە ! ئەم کارگەرە دڵسۆزانە بە هیچ دەوامێکی ڕەسمی و دیاریکراوەوە بەستراو نەبوون، تا تەواوبوونی ڕۆژنامە یا ئەو کارەی کە لەبەردەستیاندا بوو، دەستیان لە کار نەدەکێشایەوە. جگە لەمە، دەستی کەم حەوتووی یەکدوو شەو تا ڕۆژ خەریکی کار بووین، بەرەبەیانی بۆ دەرکردنی ماندوێتی و حەسانەوە ڕوومان دەکردە حەمامی "پووتی" یا حەمامی "شۆڕ". پاش بەرچایی، دیسان دەگەڕاینەوە سەر کارەکانمان. بەڵام پێش دەست بە کارکردن، دەبوو نەفەری پەرداخێک شیر بخۆینەوە. بەدەم کارەوە گیانێکمان بە خواڵێخۆشبوو "سدیقی خاتەمی"وە بوو، چونکە بە قسە خۆشەکانی خۆی نەیدەهێشت هیچ کاتێک هەست بە ماندوێتی بکەین)).

"سەعید ناکام"یش وا لێی دوواوە:

((جێگای ڕۆژنامەو چاپخانەش بەرامبەر بارەگای حزب بوو.. لە یەکەم سەرنجی سەرپێیدا بۆم دەرکەوت کە ئەمە تەواوترو ڕێکوپێکترین چاپخانەی کوردییە کە تائێستا دامەزراوە، شەش تەختە پیتی تەواو لە پۆنتی هەشتەوە تا سی وشەش، کەرەستەی پێویستی تەسەل، مەکینەی کارەبایی بۆ قاقەز برین و بۆ کونکردن، مقەسی ئۆتۆماتیک بۆ قاقەز برین، دەزگای تواندنەوەو داڕشتنی مزبۆنیناو بۆش، مەکینەیێکی گەورەو نوێی چاپ، مەکینەی پێ، مەکینەیێکی دروون.. شازدە کرێکاری وریاو دڵسۆزیش کاریان تێدا دەکرد. تەنیا یەک دەزگای زەنگۆگرافی دەویست تا لە هەموو سەرێکەوە پەرداخ و تەواو بێ. دەتوانرا ڕۆژنامەیێکی ڕۆژانەی بە پازدە هەزار نوسخە پێ دەربێنین.. . کۆسپی ناخۆشی چاپخانە هێزی کارەبا بوو، ئەو کاتە شاری مەهاباد تاقە یەک مەکینەی زۆر کۆن و بچووکی کارەبای هەبوو کە بەشی ڕووناککردنەوەی نیوەی شاری نەدەکرد، بۆ ئیش پێکردنی مەکینەی چاپخانە دەبوایە جگە لە کارەبای ماڵان گڵۆپی کۆڵانەکانیش بکوژێتەوە.

بۆ چارەی ئەم ناتەواوییە حزبی دیموکرات ناردی مەکینەیێکی گەورەی کارەبا بۆ ڕووناکی شارو ماتۆرو دینەمۆیێک بۆ چاپخانە کڕرا، پاش یەک دوو مانگ ماتۆڕو دینەمۆیەکە گەیشت و دانران، بەڵام دەزگای کارەباکە هەر نەهات و نەگەیشت....

دوو ڕۆژ پێش گەڕانەوەی دەسەڵاتی عەجەم بۆ مەهاباد. فەرمان درا کە هەرچی ئەرشیف و قاقەزی بارەگای حزب و چاپخانە هەیە بسووتێنرێ، چرە دووکەڵ لە بارەگای حزب و لە چاپخانەوە لە بەیانی تا ئێوارە بەری ئاسمانی گرتبوو.. ))(٩).

**پەیامنێر**

ڕۆژنامەکە، بۆ ڕوومالی هەواڵی ئێرەو ئەوێی کوردستان و دەرەوەی، پەیامنێری ویستووە. لە ژمارەکانی (٢٤، ل٦؛ ٢٥، ل٢؛ ٢٦، ل٣)دا ڕاگەیەنراوە: ((نوێنەر- خەبەرنیگار: ئیدارەی ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان لە هەموو نوقاگی کوردستان و هەندەران نوێنەرو وەلامەدەر (خەبەرنیگار)ی پێدەوێ، کەسانێ کە ئامادەن ئەم کارانە بەجێبێنن بەناردنی وێنەو نێوو نێوبانگ و جێگای دانیشتنیان خۆ بە ئیدارەی ڕۆژنامە بناسێنن)).

ئەوی زانراوە، تەنیا "ئەحمەد صۆفی زادە"ی موتەصەدیی کاری شارەوانیی نەغەدە وەک نوێنەری ڕۆژنامەی "کوردستان" لە نەغەدە ناسێنراوە (ژ٥٦، ل٢). پەیامنێری مەهاباد ناوی نەهێنراوە (ژ١٥، ل٤). دووری نابینم لە شوێنەکانی تریش نوێنەری هەبووبێ. زیاتر پێئەچێ ئەو نوێنەرانە کاری فرۆشتن و دابەشکردن و ساغکردنەوەی ڕۆژنامەکەیان ڕاپەڕاندبێ، چونکە لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئاگادارییە بەدواوە هیچ هەواڵ یا زانیارییەکی ناوچەیی لە ڕۆژنامەکەدا نابینرێ پەیامنێر

ناردبێتی.

**وێنە**

ئەم (٨١) ژمارەیە (١٠) وێنەی ئەمانەی لای خوارەوەی تێدا بڵاوبووەتەوە:

١- ستالین: ژ٤، ل١

٢- سەمەند سیامەندۆف: ژ٦، ل١

٣- قازی محەممەد: ژ٢٥، ل١

٤- ئەبولحەسەن سەیفی قازی "سەیفول قوزات": ژ٢٦، ل٢

٥- ڕۆژی جێژنی ئامۆژگاران و شاگردانی مەدرەسەی کچان: ژ٢٨، ل٢

٦- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە دێی بالانیش: زێڕۆ بەگ و ئاغایانی هەرکی و شکاکی تێدا دیارن: ژ٣٥، ل٣؛ ژ٣٨، ل٢

٧- قازی محەممەد- بە بۆنەی ٤٦ ساڵەی لەدایکبوونیەوە: ژ٤٣، ل١

٨- خەلیل خوسرەوی – سەرۆکی کاری کوردستان: ژ٥٨، ل١

٩- هێمن: ژ٦٥، ل٢

١٠- هەژار: ژ٦٩، ل٢

ئەگەر چاپخانەی کوردستان، وەک سەعید ناکام وتوویە، دەزگای زەنکۆگرافی نەبووبێ(١٠)، ئەبێ زەنکۆگراف لە تەورێز کرابێ کە پیشەی چاپی تێدا زۆر پێشکەوتووتر بووە. ئەم کارە بۆ ڕۆژنامەوانیی تازە کوورەی مەهاباد داهێنان بووە.

**نووسەرانی "کوردستان"**(١١)

١- ئازاد: ١ شیعر، خەڵکی سلێمانییە.

٢- ئوەیسی "وەیسی" عوثمانی: ٢ شیعر.

٣- ئەبووبەکری ئێلخانی زادە: ١ نووسین.

٤- ئەحمەد ئێلاهی: ٩ وتار؛ ئەندامی هەیئەتی مەرکەزیی حیزب و لە دامەزرێنەکانی بووە.

٥- ئەحمەد پێنجوێنی: ٢ شیعر.

٦- ئەحمەد حیسامەدینی: ١ نووسین.

٧- ئەحمەد عیلمی: ٢ نووسین.

٨- ئەمجەد عوثمانی: ٣ وتار.

٩- ئەنوەر دڵسۆز: ٧ وتار، ڕۆشنبیرێکی شیوعیی خەڵکی شاری هەولێر بووە.

١٠- ئیبراهیم ئەیووب: ٢ وتاری بە کرمانجی.

١١- ئیبراهیم ئیبراهیمیان: ١ نووسین؛ ئەندامێکی دامەزرێنی حیزب بووە.

١٢- ئیبراهیم نادری: ٩ وتار؛ ڕۆشنبیرێکی چالاکی کرماشانیی بەئەسڵ خەڵکی (خانەقین)ـە. لە گۆڤارەکانی "گەلاوێژ"و "دەنگی گێتیی تازە"و ڕۆژنامەی "کوهستان"دا بابەتی بڵاوکراوەی هەیە. ئەندامێکی کارای (ژ. ک) بووە لە ناوچەی کرماشان، پەیوەندیی بە سەرانی (هیوا)وە هەبووە(١٢).

١٣- بێباک: ١ نووسین، خەڵکی کوردستانی عیراق، ناوچەی سلێمانییە. "بێباک" ناسناوی شیعری ئەندازیار نووری کاکەحەمەیە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک شک نابەین کە ئەو شیعرەی نووسیبێ.

١٤- بێستوون ج: ١ نووسین.

١٥- جووتێر یاهوو: ١ شیعر.

١٦- جەلال حوسێنی: ١ شیعر.

١٧- جەلال حیجازی و حاجی عەبدوڵڵا محەممەدی: ١ وتاریان هەیە.

١٨- جەعفەر ئێلخانی زادە: ١ نووسین.

١٩- حوسێن بەصیری: ١ نووسین.

٢٠- حوسێن مودەریسی: ١ نووسین.

٢١- حەسەن داودی: ١ نووسین.

٢٢- حەسەن قزڵجی: ١٣ وتارو بابەتی بە دانان و وەرگێڕانەوە هەیە. یەکەم چیرۆکی خۆی بەناوی (فیلمی عاسمان لە سینەمای کوردستان)ـەوە تێدا بڵاوبووەتەوە. ئەودەمە گۆڤاری "هەڵاڵە"ی وەک زمانی حاڵی یەکەتی جەوانانی دێموکراتی کوردستان لە بۆکان دەرکردووە(١٣).

٢٣- یای حەلەبی سمایل فەرەجی: ٢ شیعر.

٢٤- حیفظوڵڵا ئیسماعیل ئاکرەیی: ١ وتار.

٢٥- خاتەمی "بەیان": ٢ شیعر.

٢٦- خاڵەمین: ٤ شیعر.

٢٧- خالید حیسامی "شێواو": ٣ شیعر.

٢٨- خوێن گەرم: ١ نووسین، لە کوردستانی عیراقەوە ناردوویە.

٢٩- خەلیل فەتاحی قاضی، خ. فەتاحی قاضی: ٣ نووسین.

٣٠- دڵشاد ڕەسوڵی: ١٥ وتار. لە "گەلاوێژ"و "دەنگی گێتیی تازە"یشدا بابەتی هەیە،

پەخشاننووسێکی سەرکەوتوو بووە.
٣١- یای ڕوقیای شنۆیی: ١ نووسین.
٣٢- ڕەحمان ئوەیسی: ١ نووسین.
٣٣- ڕەحمان حەلەوی: ١ نووسین.
٣٤- ڕەحمان دڵخۆش: ١ نووسین.
٣٥- ڕەحمان عەزیزی: ٢ نووسین.
٣٦- ڕەحیم سەیفی قاضی: ٢ نووسین.
٣٧- ڕەسووڵ میکائیلی: ٤ نووسین
٣٨- زاری: ١ شیعر.
٣٩- سەیید ئیسماعیل صەفەدەری: ١ نووسین.
٤٠- سەعید ئەدهەمی فەیضوڵلا بێگی: ١ نووسین.
٤١- سەعید زەرگەیی: ٣ شیعر.
٤٢- سەعید مەردانی: ١ شیعر.
٤٣- سەلام کوڕی حەیدەری: ١ شیعر.
٤٤- .. .. : ١ شیعری بێناو. زانراوە کە ئەو شیعرە بەناوبانگەی (بۆ کۆمەڵی ئەقوام) هی شێخ سەلامی شاعیرە.
٤٥- ژەنراڵ سەیفی قاضی: ٢ وتار.
٤٦- شا سولگان خانم فەتاحی قاضی: ١ وتار.
٤٧- شوان: ٥ وتار. بە شێوە زمانەکەیدا دیارە لە کوردستانی عیراق، ناوچەی سلێمانییەوە ناردوویە.
٤٨- ص. ئیقلیدس: ١ وتار. صالح ئیقلیدس خەڵکی سنە بووە، سەردەمی حکوومەتی میللیی کوردستان لە وەزارەتی فەرهەنگ کاری کردووە(١٤).
٤٩- عوثمان دانش: ١ وتار. ڕۆشنبیرێکی کوردپەروەری خەڵکی سلێمانی و لە هەوەڵین ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ. ک) بووە لە کوردستانی عیراق.
٥٠- عەبدوڕەحمان ئیمامی: ٢ وتار.
٥١- عەبدوڕەحمان حەیدەری: ١ وتار.
٥٢- عەبدوڕەحمان ذەبیحی: ٩ وتار، لە دامەزرێنان و سەرانی (ژ. ک) بووە، گۆڤاری "نیشتمان"ی دەرکردووە(١٥).
٥٣- عەبدوڕەحمان سالار: ٢ وتار.
٥٤- عەبدوڕەحمان عەلی: ٣ وتار. خەڵکی کوردستانی عیراق بووە.
٥٥- عەبدوڕەحمان قاچی: ١ وتار.
٥٦- عەبدوڕەحمان مودەریسی: ١ وتار.
٥٧- عەبدولقادر ئەحمەد، عەبدولقادر، ع. ئەحمەد: ٩ وتار. عەبدولقادر سەیید ئەحمەدی خەڵکی سلێمانییە.
٥٨- عەبدولقادر دەبباغی، ع. دەبباغی: ٢ نووسین. ئەبێ عەبدولقادر دەبباغی بێ کە ئێستا دانیشتووی بریتانیایە.
٥٩- سەیید عەبدولقادری سیادەت: ٢ نووسین. کوڕی حاجی سەیید بابا شێخە.
٦٠- عەبدولقادر فەتاحی قاضی: ١ نووسین.
٦١- سەیید عەبدولقادر گەیلانی: ١ نووسین.
٦٢- عەبدوکەریم بەهرام بێگی: ١ نووسین.
٦٣- عەبدوڵلا ڕەشید: ١ شیعر.
٦٤- سەیید عەبدوڵلا سەیید مینە "ئەمینی": ١ شیعر.
٦٥- عەزیز ئاصەفی: ١ شیعر.
٦٦- سەیید عەزیز حاجی باباشێخ، سەیید عەبدولعەزیز سیادەت: ٢ نووسین.
٦٧- عەزیز مەولەوی، ع. مەولەوی: ٢ نووسین.
٦٨- عەلی حەیدەری: ٢ شیعر.
٦٩- عەلی خوسرەوی: ٩ وتار.
٧٠- عەلی ڕەحیمی: ١ شیعر.
٧١- عەلی گوڵجهبینی: ١ شیعر.
٧٢- غەنی بلووریان: ٢ نووسین.
٧٣- فەتاح خەلیل زادە: ١ نووسین.
٧٤- قادر مودەریسی: ٨ نووسین.
٧٥- قاسم ئۆطەمیشی: ١ نووسین.
٧٦- قاسم حیجازی: ١ نووسین.
٧٧- قانع: ٩ شیعر.
٧٨- ق.س: ١ شیعر، بێ سێ ودوو "فایەق بێکەس"ی شاعیرە، بۆ شوێنەونی دوا پیتی ناوەکەی وەرگیراوە. تەنانەت کورتە نووسینێک لە سەرووی ئەم شیعرەوە بەناوی خواستراوی "تیشک"ەوە دانراوە(١٥)، ئیبراهیم ئەحمەد نووسیویە؛ خۆیشی لە وتارێکدا بۆ یادی بێکەس، ئاماژەی بەوە داوە کە شیعری "بێکەس"ی بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"و بڵاوبووەتەوە ناردووە(١٧).
٧٩- ق.م: ١ نووسین.

٨٠- قەدری جان: ١ شیعر.
٨١- سەیید کامیل: ٢ شیعر.
٨٢- یای کۆبرای عەظیمی: ٢ نووسین.
٨٣- مەلای داودی: ١ نووسین.
٨٤- مەلا محەممەدی ئەیووبی: ٢ نووسین.
٨٥- وردی، محەممەد تۆفیق وردی: ١٢ وتار
٨٦- محەممەد سەعید نیک دین "وریا": ١ نووسین.
٨٧- حاجی سەیید محەممەد سەییدی: ١ نووسین.
٨٨- سەیید محەممەد حەمیدی: ٥١ وتارو وەرگێڕانی دوو نامیلکە؛ یەکەمیان (الاکراد منذ بدء التاریخ الی سنە ١٩٢٠)ی ڕەفیق حیلمی لە عەرەبییەوە کردووە بە فارسی (کردان از بدو تاریخ تا سال ١٩٢٠) بە ٣٠ ئەڵقە؛ دووەمیان (بەسەرهاتی ئاڕاڕات "ئاگری")ی ئیحسان نووری پاشای لە ڕۆژنامەی "کوهستان" وەرگرتووە، لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی و ٢٥ ئەڵقەی لێ بڵاو کردوەتەوە دوا ئەڵقەی بە (ماویەتی) کۆتایی پێهێناوەو نەچوەتەوە سەری. ئەو وتارانەی تر ١٣ ئەڵقەیان تەرخانی ژیاننامەی زانایانی کورد کردووە، درێژەی پێنەداوە، چونکە ئیتر خستوویەتیە گۆڤاری "کوردستان". چالاکترین و پڕ بەرهەمترین ڕۆژنامەوانی ئەو سەردەمەیە.
٨٩- سەیید محەممەد طەهازادە: ١ نووسین، یاریدەدەری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بووە.
٩٠- محەممەد عەطاری: ٢ نووسین.
٩١- محەممەد عەطری گڵۆلانی: ٢ نووسین و ١ شیعر(١٨).
٩٢- محەممەد قادر: ٢ نووسین.
٩٣- محەممەد مەجدی: ١٣ وتار.
٩٤- محەممەد مەحموود: ١٥ وتار. شەهید محەممەد قودسی¬یە(١٩).
٩٥-محەممەد نانەوازادە: ١ نووسین؛ سەرۆکی ستادی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە.
٩٦- محەممەد یاهوو: ١ نووسین.
٩٧- مریەم ئەحمەدی: ١ شیعر.
٩٨- مصطەفا بارنجی: ١ نووسین.
٩٩- مصطەفا کەریمی: ١ نووسین.
١٠٠- مصطەفا موئمینی: ١ نووسین.
١٠١- موفتی: ١ شیعر. مەلا عەبدوڵڵای موفتی پێنجوێنیە.
١٠٢- مەحموود صدقی: ١ نووسین.
١٠٣- یاماوزەڕی بلە زادە: ١ نووسین بە ٤ ئەڵقە.
١٠٤- مەغدید نانەکەلی: ١ نووسین، خەڵکی ناوچەی هەولێر بووە.
١٠٥- محەممەد مەولەوی: ١ نووسین.
١٠٦- مەعرووف کۆکەیی: ١ شیعر.
١٠٧- مەناف کەریمی: ١ نووسین.
١٠٨- م. أ. ب.: ١ شیعر.
١٠٩- م.شاپەسندی: ٦ وتار. "محەممەد شاپەسندی"ی کارگەرێکی چاپخانەی کوردستانە.
١١٠- م.ص.قزڵجی: ٢ وتار. محەممەد صادق قزڵجی یە.
١١١- م.م.مەنگوڕی: ٣ وتار. میرزا محەممەد ئەمین مەنگوڕیی خەڵکی سلێمانییە.
١١٢- م.مەعرووف زادە: ١ نووسین.
١١٣- وەهاب بلووریان: ١ نووسین.
١١٤- هاشم خەلیل زادە: ١٢ وتار.
١١٥- هەژار: ١٣ شیعرو ٤ وتار.
١١٦- هێمن: ١٥ شیعرو ١٠ وتار.
لەوانە: ٢٠یان ١ شیعر، ٥یان ٢ شیعر، ٢یان ٣ شیعر، ١یان ٤ شیعر، ١یان ٩ شیعر؛ ٤٦یان ١نووسین یا وتار، ١٧یان ٢ نووسین یا وتار، ٤یان ٣نووسین یا وتار، ١یان ٤ وتار یا نووسین، ١یان ٥ وتار، ١یان ٦ وتار، ١یان ٧ وتار، ١یان ٨ وتار، ٥یان ٩ وتار، ٢یان ١٢ وتار، ٢یان ١٣ وتار، ٢یان ١٥ وتار، ١یان ٢ نووسین و ١ شیعر، ١یان ١٣ شیعر و ٤ وتار، ١یان ١٥ شیعرو ١٠ وتار، ١یان ٥٢ وتارو ٢ نامیلکەی وەرگێڕدراوی هەیە.
سەیید محەممەدی حەمیدی و هێمن و هەژارو محەممەد قودسی و حەسەن قزڵجی و ئیبراهیم نادری و محەممەد مەجدی و دڵشادی ڕەسووڵی و محەممەد تۆفیق وردی و هاشم خەلیل زادەو عەبدوڕڕەحمان زەبیحی و عەلی خوسرەوی و عەبدولقادری سەیید ئەحمەد و ئەحمەد ئێلاهی و قادری مودەریسی و قانع و ئەنوەر دڵسۆز، بەپێی

بەرهەمی بڵاوکراوە، بەرودوا لە نووسەرە دیارو چالاکەکانی ڕۆژنامەکە بوون.
بەشێوەیەکی تر، ٧٨ شیعرو ١٢٣ وتارو نووسین بە وەرگێران و دانانەوە، بڵاوکراونەتەوە؛ شیعر، ئەگەرچی بۆ ئەو ڕۆژگارە کاریگەریی زۆر بووە، پانتاییەکی کەمتری لە ڕۆژنامەکەدا گرتووە. ڕاپۆرتە هەواڵ بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشی دیاری وتارەکانی پێک هێناوە.

### هەواڵ

سەرچاوەیەکی هەواڵ، ئاگادارانی حیزبی و حکوومەتی، یا پەیامنێری تایبەتی شارو شارۆچکەکانی تر بووە. سەرچاوەکانی تری هەواڵی دەرەوەو ناوخۆیش، بەدەر لەوە، بریتی بوون لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیی وەک "اذربایجان"، "الجهاد"، "المصری"، "الغد"، "ایران ما"، "مردم ملی"، "شوروی"، "نجات ایران"، "رهبر"و "کوهستان" لەلایەکەوە، دەنگوباسی ڕادیۆکانی دەهلی و تاران و تەوریزو لەندەن و بەیروت و مۆسکۆو ئەنقەرە لەلایەکی ترەوە.
جگە لە ١٨٤ هەواڵی ناوخۆ کە بەپێی بابەت کورت یا درێژ دارێژراون، ٤٠ ڕاپۆرتە هەواڵ لەو ماوەیەدا بڵاوبووەتەوە: ٢٣یان هەریەکە لە ژمارەیەکدا، ١٠یان لە ٢ ژمارە، ٣یان لە ٣، ٢یان لە ٤، ٢یان لە ٨ ژمارەدا. ڕاپۆرتەکان، وێنەیەکی هەمەلایەنەی وردی چەند پێشهاتێکی گرنگی وەک جەژنەکانی ڕاگەیاندنی حکوومەتی میلیی کوردستان و چالاکیەکانی ژنان و خوێندن و شتی وایان کێشاوە، کە دواڕۆژ سوودی گەورە بە فیلمسازان ئەبەخشن بۆ دەرهێنانی فیلمی مێژوویی سەبارەت بەو سەردەمە.

### تۆمارکردنی ئەم هەواڵانەی ناوخۆ بۆ مێژوو بە پێویست ئەزانم

١- خوێندن
ڕوویەکی گەشی کارەکانی حکوومەتی میلیی کوردستان بایەخدانی بووە بە خوێندەواری و بە کوردی خوێندن. کوردی، هەر زوو بە فەرمانی قازی و بڕیاری کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا بە زمانی ڕەسمیی خوێندن و هەڵسووڕاندنی کاروباری ئیداریی حکوومەت. داوا کرا کوڕان و کچان بە زوویی بخرێنە قوتابخانە. هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان، وەک لایەنی لێپرسراو، گورجوگۆڵییەکی زۆری لە خزمەتکردنی ئەم بوارەدا نیشان دا؛ عەلی خوسرەوی و ڕەحیم لەشکری بە پشکنێر دانران (ژ١، ل٤).
ئەو دەمە، شارو شارۆچکەکانی تریش خوێندن و قوتابخانەیان تێدا بووژایەوە؛ ناوی قوتابخانەکان کرانە کوردی: دەرسخانەی (شاپوور) لە بۆکان گۆڕدرا بە دەرسخانەی (کوڕانی پێشەوای کوردستان) (ژ٢، ل٤)، "پەهلەوی" لە مەهاباد کرایە "کرمانجی" (ژ١٠، ل٤). قوتابخانەکانی گەلاوێژ، کوردستان، کرمانجی، سەعادەت، پەروین "پەروانە"، خوسرەوی لە مەهاباد هەبوون (ژ١٠، ل٤؛ ژ٣٢، ل٤). هەر بە فەرمانی پێشەوا، دەرسی کوردی بە زنجیرە لە "کوردستان"دا، لە ژمارە (٣٢)ەوە، بڵاوکرایەوە بۆ دەستپێکەرانی فێربوونی کوردی (ژ٣١، ل٤).
مەدرەسەی کوردستان، لە شەوی ٢٥/١/١٦ (١٩٤٦/٤/٥)ەوە، پێنج پۆلی بۆ گەورەو نەخوێندەواران تەرخان کرد (ژ٣٢، ل٣)؛ کوردی و ڕووسیی تێدا خوێندرا (ژ٣٤، ل٤).
هەمان مەدرەسە لە ٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢) بەدواوە پاشنیوەڕوان قوتابیانی لێ کۆبوونەتەوە بۆ نوتق و وتاردان (ژ٢٨، ل٤). (مەدرەسەی ئەکابری یایان)یش لەناو مەدرەسەی کچاندا کرایەوە بۆ پێخوێندنی کچان و ژنانی نەخوێندەوار (ژ٣٢، ل٣).
مەدرەسەی گەلاوێژ کە لە خانووی حاجی ئەحمەدی گادانیدا بوو لە گەڕەکی قولە قەبران (ژ١٠، ل٣)، لە هەووەڵی بەفرانباری ١٣٢٥ (کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥)ەوە، ڕۆژانە ٥٠٠و شەوانە ١٠٠ شاگردی هەبوە (ژ٦٥، ل٣)؛ دوو پۆلی شەوانەیشی هەبوە بۆ فێرکردنی ڕووسی (ژ٧١، ل٤). جوولەکەکانی مەهابادیش قوتابخانەیەکی تێکەڵی کوردی و عیبرییان کردەوە (ژ٧٥، ل٤). لە شنۆ مەدرەسەی کچانیش کرایەوە (ژ٢٤، ل٥).

هەر ئەو ماوەیە، هەیئەتی کاری یەکەتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان، سێ پۆلی بۆ بەرودوا نەخوێندەوارانی یەکەتی، خوێندنی دەرسی ڕووسی و دەرسەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کردەوە (ژ٧٩، ل١).

٢- جەژنەکانی سەربەخۆیی:

دوا بەدوای ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/٢٢) کە حکوومەتی میللی کوردستان ڕاگەیەنرا لە مەهاباد، بەو بۆنەیەوە جەژن لە بۆکان و نەغەدەو سەراو گوێگجەلی و پێشمەرگەخانەو گەردیلان و چەند شوێنێکی تری مەهاباد، لە چاپخانەو ئیدارەخانەی ڕۆژنامەو گۆڤاری "کوردستان" و دێی بالانیش و لای کۆمەڵی یەهوودی مەهابادو دێی جەڵدیان و سارۆقامیش و مەدرەسەی کچانی مەهابادو لای گەلی خەڕازیان و شاروێران و شنۆ ساز کرا، ئاڵای کوردستان هەڵکرا. ژمارەکانی (١، ٥، ٧، ٨، ١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٥، ٣٧، ٣٨، ٤٠، ٥٦) بە دواداچوونێکی گشتیی جێبەجێبوونی ڕێ ورەسمی ئەو جەژنانەیان تێدا کراوە.

٣- بەرەی شەڕ:

* ((هێرشی ئیرتیجاع: بەرانبەر ڕاپۆرتێکی ڕۆژی ١٣٢٥/٢/٢٨ گەیشتووە لە بەشی سەردەشت هۆردووی فارسە مورتەجیعەکان کە عددەیێک بانەییان دەگەڵ بوون، هێرشیان بۆ عددەی حەسەن ئاغای هەنارە وە زێڕۆ بەگ و گەورکەکان هێناوە. لە نەتیجەی دیفاعدا مورتەجیعەکان زۆر خراپ شکاون و تەلەفاتێکی زۆریان داوە: ٣٠ کەس لە بانەییان بە دیل گیراون، دوو ئاغاو دوو نۆکەریان کوژراوە، ١٤ قەبچە تفەنگ، ١٤ قەبچە طەبانچەو یەک دووربین و شەش ئەسپ بە غەنیمەت گیراوەو بە شپرزەیی گەڕانەوە دواوە. بەوەیڕا دیارە خودا دەگەڵمانە، بکۆشن پیرۆز دەبن.)) (ژ٤٩، ل٤)

* ((لە جەبهەی سەردەشت: خەبەر گەیشتووە کە شەوی چوارشەمموویە پێشمەرگەکانی ئیرتیجاع بە هەورازەی نێزیکی سەردەشت کە پۆستی کوردستانی لێ دەبێ، پەلامار دەبەن و پۆستەکە دەورە دەدەن و بە خەیاڵی خاوی خۆیان بە دەرفەتی دەزانن و پەلاماری بۆ ئێلی ئازای گەورک کە کاکەڵڵا ئاغا فەرماندەیان دەبێ، دەبەن. لەپاش شەڕێکی زۆر هێزی ئیرتیجاع و کوڕانی بە زۆر هاتووی ئێرانی ٤٤ کەسیان لێ دەکوژرێ و نێزیکی ٤٠ کەسیان بریندار بووەو زۆر بە شپرزەیی دەشکێن و هەڵدێن و لە هێزی کوردستان ٥ کەس بریندارو سەعید بەگ پیاوی حەمەدی وسێن ئاغا بە دەرەجەی شەهادەت گەیشت و گیانی پاکی دەگەڵ گیانە پاکەکانی شوهەدای ئازادی بوو بە هاودەم. دیسان هێزی حەق هێزی درۆزنی ئیرتیجاعی ڕەپێ ناوەو تا وێستا خەبەرێکی تازە نەگەیشتووە.)) (ژ٥٠، ل٤)

* ((دیسان پەلاماری مورتەجیعین: ژ٦٠، ل٢،١)

ڕاپۆرتە هەواڵێکە سەبارەت بە هێرشی ڕۆژی ١٣٢٥/٣/٢٥ (١٩٤٦/٦/١٥)ی ئەرتەشی ئێران لە بەرەی سەقز بۆ سەر هێزی پێشمەرگە؛ دوژمن دەوری هەزار کوژراو بریندارو تێکشکانی ٢ فرۆکەو ٢ تانک و هی تری هەبوە.

* (شەڕی مامەشە ٣ هەزار سەرباز، هەشت تۆپ، دوو تەیارە، دوو تانک بەرامبەر بە سی ونۆ بارزانی: ژ٦٦، ل٢) ڕاپۆرتێکە لە بارەی هەمان شەڕەوە.

* (شەهید بوونی نانەوازادە: ژ٧٠، ل٢)

((لەسەر واجیباتی موقەددەسی عەسکەری (دیپلۆماسی) لە ڕۆژی ١٣٢٥/٤/٢٥ لە سەعاتی ١٢ی پاشنیوەڕۆ داخی گرانم لە گهیارەیەکا کە لە سەردەشتەوە پێی ئەهاتەوە بۆ سەقز، لەسەر گەردەنەی بەرزی (کەلی خان)ـا بەهۆی گڕ تێبەربوونی ئەو فرۆکە باڵ سەختە لە عەینی وەختا ئاغای نانەوا زادەش گڕی شەوقی ئازادیی گرت و گیانی پاکی بە فریشتەی خوای کوردو کوردستان بەخشی...))

٤- (جێژنی نەوروز لە مەهاباد: ژ٢٧، ل٤،١،٢،٣؛ ژ٢٨، ل٣،٤)

ئەو ڕێ ورەسمە کە ڕۆژی ٢١ی مارتی

١٩٤٦ بۆ یادکردنەوەی نەورۆز بەجێهێنرا، بە ڕەسمی ناسین و دانپێدانانی بوو وەک جەژنێکی نەتەوەیی کورد؛ قازی محەممەدو مەلا مستەفا بارزانی و محەممەد مەحموود "قودسی"ش بەناوی پارتی دیموکراتی کوردی عیراقەوە، وتاریان تێدا خوێندەوە.

٥- چالاکی ژنان:

ژنان، ئەو ڕۆژگارە بە ڕێنوێنی و پاڵپشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان توانییان خۆ ڕێک بخەن و ژمارەیەک چالاکی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن. لەوانە:

* (کۆنفرانسی یایان لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردو شورەوی: ژ٢٤، ل٧)

"ڕۆژی جومعە ١٣٢٤/١٢/١٧ لەلایەن یای پێشەوای کوردستان کۆنفرانسێک بۆ بیر ئاچیخ بوونەوەی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان لە یانەی فەرهەنگی کوردو شوورەوی گیرا، لەم کۆنفرانسەدا ژمارەیێکی زۆر لە پایەکانی ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزی و ئامۆژگاران و شاگردانی مەدرەسەی کچان و کارگەرانی حیزبی دیموکرات و ئیداراتی حکوومەتی و توجارو کەسەبە بەپێی بانگهێشتنێ کە لەپێشدا کرابوون، حاچر بوون. دەپێشدا یای پێشەوای کوردستان لە بابەت ئەهەمییەتی خوێندنی ژن و کچ و پێشکەوتنی ئیتیحادیەی ژنانی شوورەوی و پێویستی شناسایی دەگەڵ وان کرد. دوایە عددەیەکی زۆر لە ئامۆژگاران و شاگردان و پایەکانی دی نوگق و خەگابەیان خوێندەوە وە کۆنفرانس کە لە ساتی ٢ی پاشنیوەڕۆ گیرابوو، لە ساتی ٥ دوایی هات."

* (سازکردنی حیزبی دیموکرات لەلایەن ژنانی کوردستان: ژ٢٥، ل٣)

((ڕۆژی جومعە ١٣٢٤/١/٢٤ ١٩٤٦/٤/١٣ لەلایەن یای پێشەوای کوردستان لە ژمارەیەکی زۆر لە پایەکانی تێگەیشتووی کوردستان گێردرایەوەو لە ساتی ٣ی پاشنیوەڕۆ لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆبوونەوەو بە سەرۆکەتیی یای پێشەوای کوردستان (یای مینای قاضی) حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دامەزراو ژمارەیێکی زۆر لە یایان نێونووسییان کردو مانگانەی ئەندامەتییان لە تمەنێک تا دە تمەن وە ئەستۆ گرت)).

* (ڕەدووکەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە: ژ٥١، ل٤)

((لەسەر قەراردادی هەیئەتی میللیی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنێ بە مێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە، ڕاکێشێ، دەبێ بکوژرێ و ئەگەر کچێکیش بە زۆر ڕاکێشرێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ. ئەمما کچێ خوازبێنی بکاو نەیدەنێ و مانیعی شەرعیش نەبێ بەمێرد نەبێ و کچەکە ڕەچای بێ، جەزای نییە. وەگەر نە لە سێ مانگەوە تا سێ ساڵ حەبس دەکرێ.

٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ە ڕەئیسی هەیئەتی میللیی کوردستان حاجی سەیید باباشێخ))

* (مەدرەسەی ئەکابری یایان: ژ٣٢، ل٣)

لە ١٣٢٥/١/١ (١٩٤٦/٣/٢١)دا بە فەرمانی پێشەوا لە جێی مەدرەسەی کچان دامەزراوە بۆ پێ خوێندنی کچان و ژنانی نەخوێندەوار. چل کچ و ژن ناویان لێ نووسیوە.

* ((لە ڕۆژی ٢٥/٥/٢٦ لە حەوزەی ژنان هەڵبژاردن دەست پێکرا، ئەو خانمانەی خوارەوە هەڵبژێردران: کۆبرای عەظیمی- صەدر، ماوزەری بلە زادە- یاریدەی صەدر، خەدیجە خانم- خەزێنەدار، مریەم خانم- نووسەر، سەلطەنەت خانم- حیسابدار...)) (ژ٧٩، ل١)

* یەکەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان:

زۆر پێ ئەچێ بارەگاکەی لە (عیمارەتی ئامریکائیان)دا بووبێ. (ژ٧٩، ل٤)

* (کۆنفرانسی سوخەنرانی یایان: ژ٣٧، ل٤)

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ کۆڕی گفتوگۆ بۆ یایان و کچانی مەهاباد ڕێکخرا لە خانەی فەرهەنگ، بۆ قسەکردن لەسەر زانست و فەرهەنگ و پێشکەوتنی یەکێتی سۆڤێت؛ یای پێشەوای کوردستان و کیژ عیفەت قاضی و خەدیجەی حەیدەری قسەیان تێدا کرد.

* (باربوو لەلایەن یایان: ژ٤٦، ل٤)

((ڕۆژی جێژنی ئەووەلی مانگی مە لە حیزبی یایان جێژن گیرابوو، خانمانی ژێرەوە هەریەک بە ئەندازەی خۆی کۆمەگیان بە حیزبی ژنان کرد، سوپاسیان لێدەکەین.. (ناوی ٣٣ ژن

هێنراوە))).
* (جەلەسەی یایان: ژ٤٢، ل٤)
کومیتەی دێموکراتی یایانی کوردستان، ١٣٢٥/٢/٩ جەلەسەیەکی ڕێک خست؛ کێژ ڕەعنای داودی وتاری تێدا دا.
* حیزبی یایان، بەپێی (ژ٧٧، ل٤)، بە ڕادەیەک پێڕەوی شەفافیەت و ئاشکرایی لە کارەکانیدا کردووە، داهات و خەرجیی هەرسێ مانگی خاکە لێوەو بانەمەڕ و جۆزەردانی خۆیی لە "کوردستان"دا بڵاوکردوەتەوە. هەر لەو ڕێیەوە، زانراوە کە ئەمانە بەرپرسی بەشەکانی ئەو حیزبە بوون لەناو مەهاباد:
یای کولثووم سولطانیان: سەرۆکی مەحەللەی ئەرمەنیان
یای خورشید شاطری: سەرۆکی مەحەللەی بازاڕ
یای خەدیجەی قاضی: سەرۆکی مەحەللەی چۆمی
یای سەیید عائیشەی شاطری: سەرۆکی مەحەللەی حاجی حەسەن
یای صدیقەی وەلی زادە: سەرۆکی مەحەللەی خزری
یای زیبا خانم: سەرۆکی مەحەللەی قیبلە
یای ئامینە داودی: سەرۆکی مەحەللەی ڕەزگەریان
یای زارای مەولەوی: سەرۆکی مەحەللەی جامیعە
یای ماهوزەری بلە زادە: سەرۆکی مەحەللەی یەهوودیان
دوور نییە ئەوسا شاری مەهاباد هەر لەو حەوت گەڕەکە پێک هاتبێ.
جێی سەرنج ئەوەیە: ڕێکخراوی ژنان بە چەند ناوێکی جیای وەک (کۆمەڵەی ژنانی کوردستان، کومیتەی دێموکراتی یایانی کوردستان، حیزبی یایان، حیزبی ژنان) ناوی هێنراوە.
٦- چالاکیی ڕۆشنبیری:
چاپ و بڵاوکردنەوە:
* هەووەڵ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان (سیلسیلەی مەشایخی نەقشەبەندی)/ ژ١٤،ل٣
ئەم بڵاوکراوەیە تا ئێستا سۆراخی نییە.
* ڕۆژئەژمێری باخەڵی ڕەسمی دەوڵەتی جمهووری کوردستان لەچاپ وە دەرکەوت/ ژ٤٠، ل٢
هێشتا ونەو بەرچاو نەکەوتووە.
* "هەڵاڵە" دەرهات/ ژ٤٨، ل٣
مەبەست گۆڤاری "هەڵاڵە"یە کە کومیتەی مەحەللیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لکی بۆکان دەری کردووەو حەسەن قزڵجی مودیری ئیدارەی بووە.
* جزمی یێکەمی "دیوانی قانع"یش هەر لەوێ بۆکان لەچاپ هاتە دەر/ ژ٤٨، ل٤
پێشتر نەزانرابوو کە قانع بێ یەکەمجار دیوانی لە مەهاباد چاپ کردبێ، هێشتا بەرچاو نەکەوتووە.
* گۆڤاری "زانست"، دڵشادی ڕەسووڵی لە پووشپەڕی ١٣٢٥دا وەکو مودیری مەسئوول و خاوەنی ئیمتیازی ڕایگەیاندووە کە دەرئەچێ/ ژ٦١، ل٢
لەبەر ئەوەی ئەو ئاگادارییە چوار مانگ زیاتر پێش ڕووخانی حکوومەتی کوردستان بڵاوبووەتەوە، بە دووری نازانم دەرچووبێ. تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی نەبینراوە.
* شاعیری میللی و بەناوبانگی کورد/ ژ٦٩، ل٢
جەعفەر خەندان دیوانی (ئاڵەکۆک)ی کردووە بە ئازەری و لە تەوریز لەچاپ دراوە. وتراوە: جزمێکی تری شیعرەکانی بەناوی (پێشەوای پەشێو)ەوە بەو زووانە چاپ ئەبێ.
نازانین ئاخۆ ئەو دووەم دیوانەی لە چاپ دراوە یان نا. لە (چێشتی مجێور)ەکەیدا ئاماژەیەکی وا نابینرێ.
* هێمن شیعرەکانیی لە دوو جزمدا (بڵێسە- فرمێسک) کۆکردوەتەوەو ئامادەی چاپن/ ژ٦٥، ل٢.
پێم وانییە چاپ بووبێ. هێمن خۆیشی لە (تاریک و روون)دا شتێکی وای نەنووسیوە.
چالاکیی تر:
* دامەزراندنی کتێبخانەی میللی/ ژ٢٥، ل٤
((لەبەر ئەوەی پێداویستێکی زۆر بەبوونی کتێبخانەیەکی میللی لە شاری مەهاباد هەست

دەکرێ، حەچرەتی پێشەوای کوردستان دەستووری فەرموو کە بە زووێکی زوو دەست بە کۆکردنەوەی کتێبەکانی قیرائەتخانەی عیسا زادەو فەرهەنگ بکرێ و یەکجێ لە ساڵۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابنرێن و کتێبخانەیەکی میللی و عموومی ساز کرێ و چەند کەسێکیش لە برادەران تا ئەوڕۆ کتێبێکی زۆریان بەم کتێبخانە پێشکەش کردووە (کە پاشان دە ڕۆژنامەدا نێویان دەنووسرێ)و کەسانێکیش ئامادەن یەک یا چەند جڵد کتێب بەم کتێبخانەی میللییە ببەخشن لە ڕۆژنامەدا نێویان دەنووسرێ و تەقدیریان دەکرێ))

* مزگێنی/ ژ٦٤، ل٣

((کتێبخانەیەک بەنێوی "کتێبخانەی فەرهەنگ" لە تەنیشت مەدرەسەی گەلاوێژ کراوەتەوە. تکا لە برایانی خۆشەویست دەکەین چ بە کتێب چ بە مێزو صەندەلی یاریدەیی ئەم کتێبخانە کە قازانجی بۆ هەموان هەیە، بدەن. خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤار خۆڕاییە- مودیری کتێبخانەی فەرهەنگ))

٧- مەلا مصطفا بارزانی/ ژ٢١، ل٤؛ ژ٢٣، ل٣

((جەنابی ئاغای مەلا مصطفا قائیدی کوردی بارزان ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/٩ ساتی ٥ی پاشنیوەڕۆ واریدی مەهاباد بوو. وەختێ گەیشتە نێو باغان ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزی پێشوازییان لێ کرد. وەختێ مەلا مصطفا لە چۆمی پەڕیەوە، بە ئیحتیرامی ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزی دابەزی. لەم کاتەدا کومیتەی مەرکەزی هەنگاویان توندتر کردو لە قەراخ چۆمی پێک گەیشتن؛ برای خۆشەویست صەدیق حەیدەری مەراسیمی بەخێرهاتنی بەجێهێناو هەموو ئەندامەکانی کومیتەی مەرکەزیی بە مەلا مصطفا ناساند و ئەویش دەستی لەناو دەستی هەموان ناو لە نیهایەتی خۆشیدا بۆ کانگای حیزبی دیموکرات هاتن و لە ساڵۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی دانیشتن و لە ساتی ٦ حەضرەتی پێشەوای کوردستان بەپێی القادم یزار تەشریفی بۆ کانگا هات و مولاقاتی دەگەڵ مەلا مصطفا فەرموو. لەو وەختەدا محەممەد ئەفەندی خیطاب بە حەضرەتی پێشەوا؛ خیطابێک کە وێنەی ئیحساساتی قەلبیی مەلا مصطفا بوو لە خصووص خۆ دەپێناونانی کوردی بارزان و دەربەدەریی ئەم قەومە نەجیبە لە ڕێی سەربەستی کوردستاندا خوێندەوەو جەنابی پێشەواش وەڵامی دانەوەو ئەوانی بێ ئەندازە بە حکوومەتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی ئومێدەوار کرد. پاشان حەچرەتی پێشەوا تەشریفی بردە ساڵۆنی تایبەتی خۆی، ئەنجا مەلا مصطفا بە حوضووری شەرەفیاب بوو و ماوەی دوو سات پێکەوە خەریکی گفتوگۆ بوون.

مەلا مصطفا پیاوێکی سیاسی و زەعیمی کوردی بارزانە، لەڕێی سەربەستی کوردستاندا زۆری مەینەت کێشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ئێل و عەشیرەتی وییان بە گوناهی ئازادیخواهی دەربەدەرو لە نیشتمانی خۆشەویستیان وەدەرناوە. زاتی نێوبراو بێجگە لەوەی قائیدێکی بەرزە، پیاوێکی زاناو تێگەیشتووە، موتەمەدین و نیشتمانپەرستەو تەمەنی لە حدوودی چل و پێنج ساڵیدایە)).

ڕۆژی ١٣٢٤/١٢/١٠ ئەندامانی حیزب و ئەشراف و ئاغایانی شاری مەهابادو سەرۆک عەشیرەتان سەریان لێ داوە بۆ بەخێرهێنان. نوێژی جومعەیشی لە مزگەوتی جامیعە کردوە. بەیانیی ١٣٢٤/١٢/١١ لەگەڵ ئەفسەرانی و ئەحمەدی ئیلاهیی ئەندامی کومیتەی مەرکەزیدا چووەتە هێزی کوردستان و دەبیرستان و شارەوانی ئیدارەی دژبانی و مەدرەسەی گەلاوێژو مەدرەسەی کوردستان؛ شەوی یەکشەموو ١٣٢٤/١٢/١٢ سەری لە چاپخانەی کوردستان داوە، لەگەڵ ئەفسەران و ئەحمەدی ئیلاهیدا چووە لای حاجی سەیید بابا شێخی ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان؛ دووشەموو ١٣٢٤/١٢/١٣ لەگەڵ ئەفسەرانی و "محەممەد مەحموود و عەبدوڕەحمان طەبیب موفتی" کەریم ئەحمەدین چووە ئیدارەی شارداری و لای پێشەوا لە یانەی فەرهەنگی/ ژ٢٦، ل٣؛ ژ٢٧، ل٣.

٨- پارتی دیموکراتی کورد:

محەممەد قودسی لە جەژنی نەورۆزی ١٩٤٦دا (٣/٢١) بەناوی پارتی دیموکراتی کوردەوە وتاری داوە/ ژ٢٨، ل٣.
وەک زانراوە، مەلا مستەفا بارزانی ١٩٤٦/٢/٢٨ گەیشتوەتە مەهاباد؛ بە قسەی هەمزە عەبدوڵلا پارتی وەختێک دامەزراوە کە مەلا مستەفا لە مەهاباد بووە(٢١). بۆیە، بە هەموو حیسابێک ئەبێ پارتی لە مارتی ١٩٤٦دا دامەزرانی خۆی ڕاگەیاندبێ. محەممەد توفیق وردی لە (حیزبە سیاسیەکان لە کوردستانی گەورە/ ژ٦٨، ل١، ٣)دا نووسیویە ((حیزبی دیموکراتی کوردستان مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردە فەرعێکە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)). ئەو ژمارەیەی "کوردستان" لە ١٨ی ژوئیەی ١٩٤٦دا دەچووە، واتە پارتی دیموکراتی کورد تا ئەوکاتە لە مەهاباد هەڵنەوەشێنراوەتەوە.
٩- حیزبی دێموکراتی کوردستان:
* ئەو حیزبە لەم ڕۆژنامەیەدا بەگشتی هەر بە (حیزبی دێموکراتی کوردستان)، بەبێ (ئێران)، ناوی هێنراوە؛ تەنیا محەممەد توفیق وردی جارێک، پێم وایە هەر بۆ جیاکردنەوە، ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بردووە. جاروبار بە (فیرقەی دیموکرات) یا (کۆمەڵەی دیموکرات)یش ناوی هەیە/ ژ١، ل٤؛ ژ٢، ل٢؛ ژ١٠، ل١).
* یەکەم دانیشتنی کۆمەڵە (حیزب) لە ماڵی محەممەد نانەوازادە کراوە/ ژ١٥، ل١
* تەشکیلاتی حیزب گەیشتە دەوروبەری ماکۆو کوردانی ئاڕاڕات. مەڵبەندەکانی مللی و جەلالی و قەرەنی پێوەندییان پێوە کرا؛ کوردانی جەلالی و میرانی باربووی حیزبیان کرد/ ژ٣٥، ل٤؛ ژ٥٢، ل٣، ٤.
* حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە درێژکراوەی کۆمەڵەی (ژ. ک) دانراوە؛ لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ (١٩٤٢/٨/١٦)دا جەژن بۆ ڕۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی گیراوە (موبارەزەی ئازادی و دێموکراسیی ئێمە پێی دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا، جێژن و چراخانی: ژ٧٩، ل١، ٣).
١٠- ئیستگەی ڕادیۆی تەورێز:
هەموو شەوێک سەعات ٩,٤٥ بە وەختی مۆسکۆ بە زمانی کوردی قسەی کردووە/ ژ٤٠، ل٤
١١- کوردستان قسان دەکا/ ژ٤٣، ل١
((سێشەممە ١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ئیستاسیۆنی ڕادیۆی مەهاباد لەگەڵ ٥ دەستگاه بڵندگۆ کە ١-لە حەوشی کانگای حیزبی دێموکرات ٢-لە پێشمەرگەخانە ٣-ڕووبەڕووی شارەوانی ٤-لە ڕووبەڕووی خانووی حەضرەتی پێشەوا ٥-ڕووبەڕووی مزگەوتی عەباس ئاغا دانران.))
١٢- سینەمای کوردستان/ ژ١٢، ل٣
((برای خۆشەویست جەعفەر ئاغای کەریمی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای کردووە کە ئیمتیازی سینەمایێکی بە نێوی سینەمای کوردستان بدرێتێ داوخوازیی وی مەوریدی تەوەجوهی پێشەوای موعەظەمی کوردستان قەراری گرتووەو فەوری بە ژمارەی ٩١٠-٢٤/١٢/١٤ ئیمتیازی دراوەتێ و زۆر تەقدیری لێ کراوەو لەسەری ئەمری ڕیاسەتی موعەظەمی جمهووری یانەی قەپانی تووتن کێشان کە لە ئیدارەی تووتنێ دامەزراوە بۆ کانگای سینەما هەڵبژێردراوەو دەستوور دراوە ئاغای حەسەن ئەرجومەندی مودیری سینەمای کوردستان خەریکی سازکردنی ئەسباب و بەجێهێنانی وەظیفە بێت)).
١٣- خوتبەی نوێژی جومعە لە ١٣٢٤/١١/١٢ (١٩٤٦/٢/١)دا کرایە کوردی/ ژ١٠، ل٣.
١٤- مزگێنی:
هەواڵ دراوە کە عەبدوڕەحمان ذەبیحی و دڵشاد ڕەسووڵی و قاسم قادری کە هەشت مانگ لەمەوبەر لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە گیران و برانە تاران، ئازاد کراون/ ژ١٣، ل٣
زەبیحی و دڵشاد ڕەسووڵی شەوی ١٣٢٤/١٢/٣ گەیشتنەوە مەهاباد، قاسم قادری لە بیمارستانی شوورەوی لە تەورێز مایەوە بۆ چارەسەر/ ژ١٩، ل٤
هەژار، شیعری بۆ هاتنەوەیان وتووە/ ژ٢٦، ل٢، ٣
١٥- مەتنی پەیمانێک کە لەنێوان حکوومەتی میللی کوردستان و ئاذەربایجاندا بەستراوە/

ژ٤٥، ل٣.

١٦- یەکەتیی جەوانان:

ڕێکخراوی لاوانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان درەنگتر لە هی ژنان دامەزرا؛ ئەگەرچی لە (ژ٩، ٢ی فیوریەی ١٩٤٦، ل٣)دا ناوی محەممەد عەطاری وەک ((عوضوی هەیئەتی تەبلیغاتی ئیتیحادیەی جەوانانی کوردستان)) هێنراوە، بەڵگەی تر بەدەستەوە نییە کە لەو ماوەیەدا هەبووبێ.

لە (نەتەوەی کورد چیی لە یەکەتیی لاوان دەوێ ؟: ژ٦٧، ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٢٥، ل١)دا وتراوە: ((دوێنێ ئێواری ٢٢ی پووشپەڕ: ١٩٤٦/٧/٣ ڕادیۆی کوردستان موژدێکی خۆشی بڵاوکردەوە گوتی بەو زوانە یەکەتیی لاوانی دێموکراتی لە سەرتاسەری کوردستانی ئازادا تەشکیل دەدرێ)). بەپێی (چاوڕوونی و پیرۆزبایی بۆ هەیئەتی جەوانانی مەهاباد) لە (ژ٧٠، ٢٣ی ژوئیەی ١٩٤٦، ل١، ٤)دا، ئەبێ یەکەتیی جەوانان لەو ١٠ ڕۆژەی پێش ٢٣ی تەمووزدا دامەزرابێ.

* ڕەحمان وەیسی و بابا حوسێنی کە بە نوێنەرایەتی یەکەتیی جەوانان چوونە میاندواو و بۆکان و سەراو یەکشەوە بۆ دامەزراندنی لکی یەکەتی، شەوی ١٣٢٥/٥/١٢ (١٩٤٨/٨/٣) گەڕانەوە/ ژ٧٤، ل١

* ئەندامەکانی هەیئەتی یەکەتیی جەوانان لە ١٣٢٥/٥/١٤دا بەشداری یادی چل ویەکەمین ساڵی مەشرووتە بوون/ ژ٧٥، ل١

* (ئەی جەوانان، بە موناسەبەتی دامەزراندنی یەکەتیی جەوانانی دیموکراتی کوردستان: ژ٦٧، ل١، ٢) پیرۆزبایی و ڕێنوێنییە بە بۆنەی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەوە.

پشت بەستوو بەو ڕاستییانە، ڕێکخراوەکە ناوی (یەکەتیی جەوانانی دێموکراتی کوردستان) بووە.

١٧- "جمهووری":

لەم ژمارانەی بەردەستدا، تەنیا لە دوو هەواڵدا ناوی "جمهووری" هێنراوە: وەک (دەوڵەتی جمهووریی کوردستان) لە ((ڕۆژئەژمێری باخەڵی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان لەچاپ وەدەرکەوت/ ژ٤٠، ل٢))دا، وەک (ریاسەتی موعەظەمی جمهوور) لە (سینەمای کوردستان/ ژ١٢، ل٣)دا کە وتراوە: ((.. لەسەر ئەمری ڕیاسەتی موعەظەمی جمهوور یانەی قەپانی تووتن کێشان کە لە ئیدارەی تووتنێ دامەزراوە...)).

ئەمە بەڵگەیە کە ئەودەمە زاراوەی سیاسیی "جمهووری یا ڕەئیس جمهوور" لە ڕاگەیاندنی ئاشکرای وەک ڕۆژنامەدا بەکارنەهێنراوە.

١٨- وەزیفەدارانی حکوومەتی و حیزبی:

پێویستم بینی، بۆ مێژوو، لیستی ناوی ئەوانەی وا وەزیفەی حکوومەتی و حیزبییان لەو ڕۆژنانەدا هەبووەو ناویان لەم ژمارانەی "کوردستان"دا هاتووە، بگرم.

أ- هی حکوومەتی:

حاجی سەیید بابا شێخ: ڕەئیسی میللیی کوردستان، سەرۆکی دەوڵەتی خودموختاری کوردستان، ڕەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان/ ژ١، ل٣؛ ژ٢، ل٤؛ ژ١٥، ل٤.

محەممەد نانەوازادە: فەرماندەی ئۆردووی میلیی کوردستان، فەرماندەی هێزی مەرکەزیی دێموکراتی کوردستان/ ژ١، ل٣؛ ژ١٣، ل٣.

سەلیم ئاغای ئێلخانی زادە: فەرماندەی لکی بۆکان/ ژ١، ل٣؛ ژ١٦، ل٢.

عەلی خوسرەوی: سەرۆکی دائیرەی چاپ و بڵاوکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، مودیری داخیلیی چاپخانەی کوردستان، پشکنێر (پشکن)ی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان، موعاوینی وەزارەتی تەبلیغات و مودیری ئیستاسیۆن/ ژ١، ل٢،٣؛ ژ٢٧، ل٤؛ ژ٥٤، ل٣.

ڕەحیم لەشکری: پشکنێری هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان/ ژ١، ل٢.

قادری مودەریسی: سەرۆکی بنگاهی چاپخانەی کوردستان، مودیری چاپخانە/ ژ٢، ل٤؛ ژ١٨، ل٤.

سەیید محەممەدی حەمیدی: مودیرو سەردەبیری ڕۆژنامەو گۆواری "کوردستان"/ ژ٣، ل٤.

* محەممەد موبەللیغی: مودیری مەکتەبی کرمانجی، مودیری مەدرەسەی کوردستان/

ژ٢، ل٤؛ ژ٣٤، ل٤.
عەلی گوڵ جەبینی: موعەللیمی مەکتەب/ ژ٣، ل٤.
م. حەبیبی: مودیری مەکتەب یا مەدرەسەی خوسرەوی/ ژ٣، ل٤؛ ژ٤٠، ل٣.
عیلمی: ڕەئیسی (یا سەرۆکی) مالییەی شاری مەهاباد، ڕەئیسی ئیدارەی مالییەی کوردستان، ڕەئیسی ئیدارەی دارایی کوردستان/ ژ٦، ل٣؛ ژ١٣، ل٣.
سەعید زەڕگەیی: حرووف کۆکەرەوەی چاپخانەی کوردستان/ ژ٦، ل٢.
میرزا غەنی خوسرەوی: شەهرداری مەهاباد، سەرۆکی شارداری و مودیری بنگاهی شێرو خورشید/ ژ٧، ل١؛ ژ٤٤، ل٢.
سەیید باوەجان: پێشمەرگە/ ژ٨، ل١.
مەلای داودی: مودیری مەدرەسە (دەرسخانە)ی گەلاوێژ/ ژ١٩، ل٢.
قازی محەممەد: پێشەوای بەرزی کوردستان ڕەهبەری میللەتی کورد، ڕەئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوای میللی و دینیی کوردستان، ڕەئیسی حکوومەتی میللی/ ژ١، ل١؛ ژ٢، ل٤؛ ژ٤٥، ل٣؛ ژ٧٦، ل١.
محەممەد حسێن خان سەیفی قاضی: فەرماندەی هەموو هێزی کوردستان، وەزیری جەنگ و نوێنەر (نمایندە)ی حکوومەتی کوردستان/ ژ١١، ل١؛ ژ٥٠، ل١.
حەسەن ئەرجومەندی: مودیری سینەمای کوردستان/ ژ١٢، ل٣.
یای وەیلەمەی صەیادیان: مودیرەی مەدرەسەی پەروانە (کچان)ی مەهاباد/ ژ١٣، ل١.
ئەحمەدی ئێلخانی زادە: پێشمەرگە.
موڕادی: سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزیی دێموکراتی کوردستان/ ژ١٥، ل٤؛ ژ٢٨، ل٤.
محەممەدئەمین موعینی: مودیری شیرکەتی تەرەقیی کوردستان/ ژ١٥، ل٤.
قادر ئاغای قارەمانی: پێشمەرگە/ ژ١٧، ل١.
مەلا حوسێنی مەجدی: سەرۆکی ئیدارەی عەدلییەی کوردستان، سەرۆکی ئیدارەی عەدلییەی مەهاباد/ ژ١٧، ل٤؛ ژ٣٥، ل٤.
ص. باباخانی: سەرۆکی پوست و تەلگرافی مەهاباد، سەرۆکی پوست و تەلگراف و تەلیفونی کوردستان/ ژ١٩، ل٣؛ ژ٣١، ل٤.
عەزیز ئیبراهیمیان، سەیید عوبەیدوڵڵا گههـا زادە، محەممەد داودی: مامۆستایانی مەدرەسەی گەلاوێژ/ ژ١٩، ل٢.
یای کوبرای عەظیمی، ماوزەڕ بلەزادە، یای خەدیجەی بابەسووری، یای خەدیجەی مەجدی: ئامۆژگاران (مامۆستایان)ی مەدرەسەی کچان/ ژ٢٠، ل٤.
قاضی محەممەد قزڵجی: قاضی بۆکان/ ژ٢١، ل٤.
سەیید خضر (سەییدە پیرە): سەرۆکی شارەوانی (ئاسایش)ی مەهاباد/ ژ٢٢، ل١.
سەیید محێدین نیظامی: سەرۆکی شارەوانیی کوردستان/ ژ٢٤، ل٢.
محەممەد حوسێن ئەمیری: پشکنێر/ ژ٢٤، ل٤.
سەلیم فەیضوڵڵا بەگی: پێشمەرگە/ ژ٢٤، ل٤.
میرزا محەممەد ئەمین طاهیری: نووسەری محەممەد ڕەشید خان/ ژ٢٤، ل٤.
مصطەفا فەیضوڵڵا بەگی: پێشمەرگە/ ژ٢٤، ل٥.
عەبدوڕەحمان طەبیب موفتی: ئەفسەر/ ژ٢٦، ل٣.
ڕەشید ئاغای هەمزە ئاغا: ڕەئیسی هەیئەتی فەرهەنگ/ ژ٢٦، ل٣.
محەممەد مەحموود: ئەفسەر/ ژ٢٧، ل٣.
یای سەلطەنەت داود زادە: ماشێن نووسی ئیدارەی فەرهەنگ/ ژ٢٨، ل٢.
ئیبراهیم فەهمی "فەهمیی": سەرۆکی ئیدارەی گومرگی مەهاباد، سەرۆکی ئیدارەی کوللی گومرگاتی کوردستان/ ژ٢٨، ل٤؛ ژ٤٠، ل٤.
مەجید میرئاخوڕی: سەرۆکی ئیدارەی گومرگی نەغەدە/ ژ٢٨، ل٤.
ئیسماعیل صاڵحی: سەرۆکی ئیدارەی گومرگی خانێ/ ژ٢٨، ل٤.
عیسا پوور: پێشمەرگەی هێزی دێموکراتی کوردستان- شنۆ/ ژ٢٨، ل٤.
هاشم حەمزەیی: سەرۆکی ستادی بۆکان/ ژ٢٤، ل٥.
ئەسکەندەری (ڕادبر ؟): سەرۆکی پوست و

تەلگرافی شنۆ/ ژ٣١، ل٤.

ڕەشید عەزیزی: سەرۆکی فەرهەنگ/ ژ٣٢، ل٢.

ئیبراهیم صەلاح: سەرۆکی ستادی هێزی ناوەندی، سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزیی دێموکراتی کوردستان، سەرۆکی دیوانی حەربی هێزی دێموکراتی کوردستان/ ژ٣٢، ل٣؛ ژ٤٢، ل٣؛ ژ٤٩، ل٣.

یووسفی: سەرۆکی ئیدارەی کوللی نێونووسی کوردستان/ ژ٣٣، ل٣.

جەعفەری کەریمی: سەرۆکی تەواوی ستادی هێزی کوردستان، ڕەئیسی ئیدارەی گومرگی مەهاباد/ ژ٣٥، ل٤؛ ژ٨٨، ل٣.

هاشم مووسا زادە: سەرۆکی ئیدارەی پەهتی مەهاباد/ ژ٣٦، ل٤.

شێخ مەعروف بەرزنجی: سەرۆکی ئیدارەی ئاماری شنۆ/ ژ٣٧، ل٢.

حەسەن گەورک: سەرۆکی ئاماری میاندواو/ ژ٣٧، ل٢.

غولام حسێن ڕەحمەتوڵلاهی: لە ئیدارەی ناوەندی/ ژ٣٧، ل٢.

ئەحمەد حەسەن زادە: ڕەئیسی شارەوانیی شنۆ/ ژ٣٧، ل٣.

میرزا حەسەن کاظمی: ڕەئیسی قوتابخانەی شنۆ/ ژ٣٨، ل٢.

میرزا محەممەد ئەمین مەلا ناصر فرووخی: ڕەئیسی شارداریی شنۆ/ ژ٣٨، ل٢.

مەلا عەبدوڵلا فارووقی: موعاوین و موتەصەددی ماڵیاتی شنۆ/ ژ٣٨، ل٢.

فەتاحی قاضی: سەرۆکی ئیدارەی دوخانیەی مەهاباد، موعاوینی ئیدارەی ئیقتصادی کوردستان/ ژ٣٩، ل٤؛ ژ٧٥، ل٤.

ئەحمەد بابان زادە: سەرۆکی گومرگخانەی لاهیجان/ ژ٤٠، ل٤.

محەممەد صدقی: لە ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد/ ژ٤٠، ل٤.

دڵشاد ڕەسوولی: موعاوین و بازرەسی کوللی وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان/ ژ٤٠، ل٤.

میرزا سەعید: ڕەئیسی دوخانیەی شنۆ/ ژ٤١، ل٣.

حەسەن کاکاغا زادە: نمایندە (نوێنەر)ی فەرهەنگی نەغەدە/ ژ٤٦، ل٤.

مەنافی کەریمی: وەزیری فەرهەنگ/ ژ٤٦، ل٣.

صدیق حەیدەری: مودیری کوللی ئینتیشارات و تەبلیغاتی کوردستان/ ژ٤٩، ل٤.

کاکەڵلا ئاغا: فەرماندەی ئێلی گەورک/ ژ٥٠، ل٤.

حەمەدی وسێن ئاغا: فەرماندەی پێشمەرگە/ ژ٥٠، ل٤.

سەعید بەگ: پێشمەرگە/ ژ٥٠، ل٤.

عیزەت عەبدولعەزیز، میرحاج ئەحمەد، مصطەفا خۆشناو، بەکر عەبدولکەریم: پۆڵکۆنیک (نایب سەرهەنگ)/ ژ٥١، ل٢؛ ژ٦٥، ل٣.

نووری ئەحمەد طەها "شێردڵ"، خەیروڵلا عەبدولکەریم، جەلال ئەمین مەحموود: مایۆر (سەرگورد)/ ژ٥١، ل٢؛ ژ٦٥، ل٣.

عەبدوڕەحمان طەییب موفتی، محەممەد مەحموود قودسی: کاپیتان (سەروان)/ ژ٥١، ل٢.

مایۆر محەممەد ئەمین شەرەفی: سەرۆکی ئیدارەی تەخشایی وەزارەتی هێز (جەنگ)ی کوردستان/ ژ٥٢، ل٤.

سەعید زادە: کاپیتان/ ژ٥٣، ل١.

ئەحمەد خەلیل زادە: مامۆستای دەبستانی گەلاوێژ/ ژ٥٣، ل٤.

دکتۆر موبەصیری: سەرۆکی ئیدارەی بیهداریی کوردستان/ ژ٥٤، ل٤.

ڕەحمەت داودی: ناضری خەرجی ئیدارەی دارائی و ئیداراتی دەوڵەتی/ ژ٥٦، ل٢.

محەممەد غالب ئەردەڵان: مامۆستای مەدرەسەی گەلاوێژ/ ژ٥٨، ل٢.

ڕەسووڵ کوردپوور: سەرۆکی شارەوانی/ ژ٥٩، ل١.

خۆشەوی خەلیل مزووری: فەرماندەی لک/ ژ٦٢، ل١.

* محەممەد ؟ صدقی: ڕەئیسی فەرهەنگی مەهاباد/ ژ٦٥، ل٣.

شەمس بورهانی، حاجی کاکە ڕەحمان، حاجی مصطەفا داودی، ئەحمەد عیلمی،نەجمەدین تەوحیدی، محەممەد ئەمین موعینی: هەیئەتی

پشکنینی ئیداراتی دەوڵەتی/ ژ٦٥، ل٣.
ئیبراهیم نادری: لە وەزارەتی فەرهەنگ/ ژ٦٥، ل٤.
مصطەفا بارزانی/ ژەنراڵ مایۆر/ ژ٦٦، ل١.
فەتاح موطەلیب ئاڵەوەیسی: پێشمەرگە/ ژ٦٥، ل٣.
محەممەد قادری: مایۆر/ ژ٦٦، ل١.
عەبدورەحمان عەلی: فەرماندەی هێزی دێموکرات- سەقز/ ژ٦٦، ل٢.
قادرخان زادە ژانراڵ محەممەد ڕەشید خان: فەرماندەو سەرکردەی هێزەکانی بانە/ ژ٦٩،ل١.
قادر خانی ئارمردە: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢.
محەممەد ڕەشید بەگی بلەکێ: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢.
عەبدوڵلا بەگی سەرحەدی: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢.
ئەحمەد خانی فارووقی: سەرکردەی هێزی فەیضوڵلا بەگی/ ژ٦٩، ل٢.
حەمە صدیق سلێمانی خانی جاف: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢.
فەیضوڵلا خانی ڕۆستەمی: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢.
ئەحمەد بەگی حاجی نائیب: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢.
مەجیدخانی حەمەڕەشید خان: سەرکردەی هێزی دێموکرات/ ژ٦٩، ل٢.
حامید مازووچی: ڕەئیسی دژبانی ناوەندیی مەهاباد/ ژ٦٩، ل٣.
بەکر حەوێزی عەبدولکەریم: سەرپۆل ٢/ ژ٦٩، ل٣.
صالح میکائیلی: مودیری چرای برووسکەی مەهاباد/ ژ٧٢، ل٤.
عەلی بەگ شێرزاد: مایۆر/ ژ٧٤، ل١.
خەلیل خوسرەوی : سەرۆکی کار لە ڕادیۆی کوردستان، سەرۆکی کاری کوردستان/ ژ٧٥، ل٢؛ ژ٨٥، ل١.
داود زادە: مودیرو سەرپەرستی مەدرەسەی عیبری/ ژ٧٥، ل٤.

دکتۆر کەمالەدین (کەمال) نەقشبەندی: لە بیهداریی مەهاباد/ ژ٧٦، ل٢؛ ژ٨٧، ل٢.
ڕەحیم لەشکری: لە دەفتەری پێشەوای کوردستان/ ژ٧٩، ل٤.
ڕەحمان ئوەیسی: کەفیلی ئیدارەی کار/ ژ٨٥، ل١.
محەممەد مەولەوی: کاپیتان/ ژ٨٥، ل٢.
محەممەد ذەکەوی: حیسابدارو تەحویلداری دارائیی بۆکان/ ژ٨٥، ل٤.
خەلیل حەیدەری: ڕەئیسی دارائیی بۆکان/ ژ٥٨، ل٤.
محەممەد ڕەسووڵ کوردپوور: سەرۆکی کۆمیساریای شارەوانیی مەهاباد/ ژ٥٩، ل١؛ ژ٨٧، ل٢.
حاجی مصطەفا داودی: موعاوینی ئەنجومەنی کوردستان/ ژ٩٢، ل٢.
مصطەفا خۆشناو: سەرهەنگی ٢/ ژ٩٢، ل٢.
ب- هی حیزبی:
میرزا مصطەفا سولطانیان، عەبدولقادر مودەریسی، حسێن فروهەر، میرزا محەممەد ئەمین شەرەفی، عەلی خوسرەوی، مەحموود وەلی زادە، میرزا ڕەحیم لەشکری: ئەعضای هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ ژ١، ل٣.
قاسم ئاغای ئێلخانی زادە: نمایندەی کومیتەی مەحەللی حیزبی دێموکراتی کوردستان- لکی بۆکان/ ژ١، ل٢.
میرزا مصطەفا موقتەدیری، مەحموودخان، یوونس خان، عەبدوڵلا خان ئەمیری: ئەعضای لکی مەحەللی بۆکانی دێموکرات/ ژ١، ل٢.
سەیید محەممەد طەهازادە: موعاوینی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ ژ١، ل٤.
محەممەد حوسێن خانی ئەمیری: پشکنێری حیزبی دێموکرات- لکی بێگ زادە/ ژ٢، ل١.
محەممەد عەطاری: عوضوی هەیئەتی تەبلیغاتی ئیتیحادیەی جەوانانی کوردستان/ ژ٩، ل٣.
سەیید محەممەد ئایەتی: چلی ئەرشدان/

ژ١٥، ل٤.

سەیید سەلام نەبەوی، سەیید عەبدوڵڵا: هەیئەتی مودیرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لکی گەردیگلان/ ژ١٦، ل٤.

عەبدوڵڵا نیروومەند: نووسەری حیزبی یەکشەوە/ ژ٢٤، ل٥.

قاضی محەممەد خضری: صەدری حیزبی دێموکراتی شنۆ/ ژ٢٤، ل٢.

ئەحمەدی قادری: سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان لە مەنطیقەی نەغەدە/ ژ٢٥، ل٢.

میرزا ئیبراهیم: نووسەری دەفتەری پارت (حیزب) لە نەغەدە/ ژ٢٥، ل٢.

ئەحمەد ئیلاهی: ئەندامی هەیئەتی مەرکەزی/ ژ٢٦، ل٣.

خاڵەمین: صەدری کومیتەی مەحەللی شارویران/ ژ٢٧، ل٢.

طە نیعمەتی: سەرۆکی دێموکراتی لکی دەشتەبێل/ ژ٣٣، ل٣.

میرزا سەعید ئیبراهیم زادە: موعاوینی صەدری کومیتەی مەحەللی شنۆ/ ژ٣٧، ل٣.

مەلا صاڵح ئەیووبی: صەدری کومیتەی دێموکرات و مودەریسی مەدرەسەی گوێگجەلی/ ژ٣٨، ل٢

عەلی خوسرەوی: لە ئیتیحادیەی جەوانان/ ژ٤٣، ل١.

ئامو ئاغای ئامویی: صەدری کومیتەی قزلداغ/ ژ٥٢، ل٤.

حەیدەر ئاغای حەیدەرانلوو: صەدری کومیتەی قەرەنی/ ژ٥٢، ل٤.

عەبدوڵڵا قەهرەمانی: صەدری کومیتەی مللی/ ژ٥٢، ل٤.

عومەر ئاغا: صەدری کومیتەی ئاداخان/ ژ٥٢، ل٤.

سەیید کامیل: صەدری کومیتەی مەحەللیی گەردیگلان/ ژ٥٥، ل٣.

سەیید ئەحمەد گەیلانی: سەرۆکی کومیتەی مەحلی نەغەدە/ ژ٦٠، ل٤.

مەلا عەبدوڕەحیم قاضی: صەدری کومیتەی مەحەللیی سەرا/ ژ٦٨، ل٤؛ ژ٧٠، ل٢.

ڕەحمان وەیسی، بابا حوسەینی: ئەندامانی یەکەتیی جەوانان/ ژ٧٣، ل١.

مەنافی کەریمی: موعاوینی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ ژ٩٢، ل١.

سەیید عەبدوڵڵا عوبەیدوڵڵا گەیلانی: عوضوی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ ژ٤٥، ل٣.

عومەر عەمەر خانی شەریفی: عوضوی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان- ڕەئیسی عێلی شکاک/ ژ٤٥، ل٣.

ڕەشید بەگی جیهانگیری: عوضوی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان- ڕەئیسی عێلی هەرکی/ ژ٤٥، ل٣.

زێرۆ بەگی بەهادوری: عوضوی کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان- نوێنەری عێلی هەرکی/ ژ٤٥، ل٣.

جەلال حیجازی، حاجی عەبدوڵڵا محەممەدی: نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەقز/ ژ٦٠، ل٣.

یای کولپووم سولطانیان: سەرۆکی مەحەللەی ئەرمەنیان/ ژ٧٧، ل٤.

یای خورشید شاطری: سەرۆکی مەحەللەی بازاڕ/ ژ٧٧، ل٤.

یای خەدیجەی قاضی: سەرۆکی مەحەللەی چۆمی/ ژ٧٧، ل٤.

یای سەیید عائیشەی شاطری: سەرۆکی مەحەللەی حاجی حەسەن/ ژ٧٧، ل٤.

یای صدیقەی وەلی زادە: سەرۆکی مەحەللەی خزری/ ژ٧٧، ل٤.

یای زیبا خانم: سەرۆکی مەحەللەی قیبلە/ ژ٧٧، ل٤.

یای ئامینە داودی: سەرۆکی مەحەللەی ڕەزگەریان/ ژ٧٧، ل٤.

یای زارای مەولەوی: سەرۆکی مەحەللەی جامیعە/ ژ٧٧، ل٤.

یای ماهوزەری بلە زادە: سەرۆکی مەحەللەی یەهوودیان/ ژ٧٧، ل٤.

عەبدوڕەحمان ذەبیحی: نووسەری ئەنجومەنی ڕەوابیط (پێوەندی)ی فەرهەنگیی

پەراوێز:

١– بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٦١، ٦٣.

٢– محەممەد ئەحمەدیان، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، "مەهاباد" (گۆڤار)، مەهاباد، ژ٤٩، ساڵی پێنجەم، خاکەلێوەی ١٣٨٤، ل١٤–١٥.

٣– جوتیار تۆفیق، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا، بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٩–٣١؛ د. یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق "عەبدوڵڵا ئیسحاقی"، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٨٨؛ بیرەوەریەکانی محەممەدی شاپەسەندی، کە ئامادەم کردوە بۆچاپ. دووەم سەرچاوەیان لە ڕۆژنامەی (دەنگی کورد، ژ٢٣، ١٩٦٠/٨/١٣)ی وەرگرتووە کە (١٦٠) دوا ژمارەی "کوردستان"ە. ماوەی نێوان دەرچوونی ژمارە (٩٢) و ڕۆژی داگیرکردنی مەهاباد (٧٦) ڕۆژە. بەدووری نازانم لە ١٤ی سەرماوەرز (١٢/٥) بەدواوە کە سەرانی کوردی تێدا لەسەر هەڵوێستێکی یەکگرتوو کۆک نەبوون و چارەنووس بە نادیاری مایەوەو نائومێدی سەری هەڵدا، حاڵ وباری چاپ و بڵاوکردنەوەی "کوردستان"یش تێک چووبێ و وەک پێویست لەکاتی خۆیدا دەرنەچووبێ. پێم وانییە دوای گیرانی تەوریز بەردەوام بووبێ. بۆیە ڕێی تێناچێ ژمارەکانی گەیشتبنە (١٦٠). لەوانەیە ئەو (١٦٠)ە هەڵەی چاپ و (١١٦)یش بووبێ.

٤– نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان: کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا، چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٧٤–٢٧٧.

٤– گفتوگۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٤ لەگەڵ مامۆستا "حەسەن عەبدولکەریم"دا، کە لە ١٩٤٦دا فەقێ بووە لەلای ڕەحمەتی سەیید تاهیری هاشمیی ئەندامی (ژ. ک) و دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دێی (دەوڵەتاوا)؛ لەوێ ئەم ڕۆژنامەیە و بڵاوکراوەی تری حیزبی دیموکراتی دیوە. سەیید محەممەد حسێنی برای مامۆستا مەلا زاهیدی پاوە تەتەری هێنان و بردنی ئەو بڵاوکراوانە بووە.

٦– وەک ئەم ژمارانە کە کاتی خۆی گەیەنراونەتە دەستی خوالێخۆشبوو ڕەشید باجەڵان.

٧– "کوردستان"، ژ٦، ل٢.

٨– "کوردستان"، ژ٢١، ل١. نووسەری ئەم دێڕانە بیرەوەریەکانیی بە چەند پاشکۆیەکەوە ئامادە کردووە، بەم زووانە لەچاپ ئەدرێ.

٩– بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، ل٦٢، ل٦٨–٦٩.

١٠– هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

١١– لەبەر سەرقاڵیم بە کاروباری زۆری بنکەوە، نەپەرژام ژیاننامەی نووسەرە دیارەکانی "کوردستان" و وێنەیان ئامادە بکەم. هیوامە لە داهاتوودا ئەوە بکرێ.

١٢– لەوبارەیەوە بڕوانە: محەممەد سلگانی، احزاب سیاسی وانجمن های سری در کرمانشاه، جلد دوم، مۆسسە فرهنگی نشر سها، ١٣٢٧٨، ص٤٨٨– ٤٩٢.

١٣– لەبارەیەوە بڕوانە: موحسین قزڵجی، سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٤– بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، ل٧٤.

١٥– لە بارەیەوە بڕوانە: عەلی کەریمی، ژیان و تێکۆشانی عەبدولڕەحمان زەبیحی "عولەما" چە، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٦– سوپاس بۆ هاوڕێم کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە کە لە ڕاستیی ناوی "تیشک" ئاگاداری کردمەوە. بەڕێزیان ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەی "خەبات"دا بۆ ساغ بوەتەوە.

١٧– ئیبراهیم ئەحمەد، فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردانە، "مەڵبەند" (گۆڤار)، لەندەن،ژ ٥٧، خاکە لێوە/ مارچی ١٩٩٥،ل ٦–٧، ١٤.

١٨– لەبارەیەوە بڕوانە: محەممەد نووری، شەوێک و خەوێک– بستووی ژیان، ئامادەکردنی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٩– بۆ ژیاننامەکەی بڕوانە: سدیق ساڵح، وتارێکی عەرەبی محەممەد قودسی، "سلێمانی" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ، .

٢٠– هەرسێ ژمارەکەی لەم سەرچاوەیەدا بڵاو بوونەتەوە: موحسینی قزڵجی، سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی.

٢١– بیرەوەریەکانی هەمزە عەبدوڵڵا، کە بەندەو مامۆستا عەبدو ڕەقیب یووسف لە ١٩٨٨دا بە ١٢,٥ سەعات لەسەر شریتی کاسێت تۆمارمان کردووە.

# بەسەرکردنەوەی
# دوو رۆژنامەنووسی فەرامۆش کراو

هەواڵنامەی کتێب



ئازاد عەبدولواحید

(١)

### شێخ نوری شێخ سالح
### لە کۆڕی رۆژنامەنووسیی کوردیدا

لەپاش سەرنەکەتنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری کە لە دژی دەوڵەتی عوسمانیی لە ساڵی (١٨٨١) بەرپای کرد، گەلی کوردمان بۆی دەرکەوت بەتەنیا خەباتی چەکدارانە ناتوانێ کورد بەمافە رەواکانی خۆی بگەیەنێ، بۆیە پیاوە سیاسی و هۆشیارەکانی کەوتنە خۆیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێ (کۆمەڵەی نهێنی و ئاشکرا) تا بتوانن هۆشیاری نەتەوایەتی لەناویاندا بڵاوبکەنەوە، لەو پێودانگەوە هەستیان بە پێویستی دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەکرد، مێژوونووسان و رۆژهەڵاتناسەکانیش، لەوانە (م.س. لازاریف)، ماوەی نێوان (١٨٩٠-١٩١٠) بە ماوەی تێکۆشانی پێشکەوتوو دادەنێن.

مونەوەرانی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا وشەیان کردە چەکێکی بڕندە و کوشندە دژی ئەوانەی دژ بە سەربەستی و سەربەخۆیی ئەو میللەتە بوون. بۆ یەکەمجار رووناکبیران لە ئەفسەران و قوتابیان و مامۆستایان و ئەدیبان لە شاری ئەستەمبووڵ کۆبوونەوە تا بە هەموو دنیای رابگەیەنن کورد، میللەتێکی بەشخوراوەو مافی رەوای خۆیان گەرەکە، لەوێ گیروگرفتەکانی خۆیان خستە بەردەم بێگانەکان، چونکە ئەستەمبووڵ پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەروەها شوێنێکی ستراتیژی بوو لەنێوان ئاسیاو ئەوروپا، هەر



لەو کاتەدا قوتابخانەیەکی کوردی بەناوی (چەمبەرلی تاش) کرایەوە کە کرایە شوێنی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوایەتی، زۆر لە کوردەکان لە هەموو لایەکەوە روویان دەکردە ئەو قوتابخانەیەو سوودیان لە بیروڕایە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی (خەلیل خەیالی) بەڕێوەبەری قوتابخانەکە وەردەگرت، لەدواییشدا ناوبراو بەردی بناغەی کۆمەڵی (هێڤی) دانا. پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە شاری (قاهیرە) دووەم مەڵبەندی خەبات بوو، ئەوەش لەبەر ئەوەی ببووە شوێنی دوور خراوەکان و ئەوانەی لەدەست جەور و ستەمی عوسمانییەکان روویان دەکردە ئەوێ، بەتایبەتی بنەماڵەی (بەدرخان)، کە چنگ بە چنگ و رووبەڕووی عوسمانییەکان دەوەستان و بەوپەڕی بوێری و ئازایەتییەوە لە روویان هەڵگەڕانەوە.

شاری (قاهیرە) جێگای چالاکی رامیاری بوو، هەروەها بوارێکی فراوانی هەبوو بۆ دەربڕینی سەربەست و ئازاد، بەم شێوەیە رۆشنبیر و دڵسۆزەکانی کورد دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جیابوونەوەی کورد و رزگارکردنی لەدەست ستەمکاران.

بێ گومان مێژووی رۆژنامەنووسی کوردی، بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسی، هەر کاتێک هۆشیاری نیشتمانی و سیاسی رزگاریخواز پەرەی سەند، پێویستە ئەو هۆشیارییە لایەنی رۆشنبیری و فیکری ئەو میللەتەش بگرێتەوە. سەرکردە سیاسییە هۆشیارەکانیش پێویستە بەدوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێن، کە بتوانن بەهۆیانەوە هۆشیاری بگەیەننە زۆربەی زۆری جەماوەر. سەرکردایەتی هۆشیارییەکەی چەندەکی قووڵ و گەورە و پێگەیشتوو و بەربڵاو بێ، ئەگەر جەماوەر سادە و ساویلکەبن ناتوانن رۆڵی خۆیان ببینن و بە چەکی هۆشیاری داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن، سەرکردەکانیش ناتوانن ئاوات و ئامانجەکانی جەماوەر بێننەدی. سەرکردەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش، هەر زوو هەستیان بەو لایەنە کرد و لەو راستییە تێگەیشتن کە رۆژنامە چ رۆڵێکی کاریگەری لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بیروباوەڕدا هەیە، بۆیە کەوتنە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە لەهەر شوێنێکی رێیان بەمە دابێ.

گەشەکردنی رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی، لەگەڵ پێشکەوتنی هەستی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد کەوتە گەشەکردن، بۆیە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەدا شان بەشانی یەکتر سنگیان بۆ پێشەوە کوتاوە و هەر

ئەو کاتە خەباتی وشــە و خەباتی سیاسی نەتەوەی کورد یەکیــان گرتووە. هەر کاتێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلــی کــورد دووچــاری داپلۆســین و ســەرکوتانەوە بووبێ، بەهەمان شــێوە باری ڕۆژنامەنووسیشی تووشی ســەرکوتکردن و کــزی هاتــووە. واتــە گەشــەکردن و بووژانــەوەی ڕۆژنامەنووســیی کوردی لەو ســەردەمەدا پێوەندییەکــی توندوتۆڵــی بەهەڵکشــان و داکشــانی بارە سیاســییەکەی کوردەوە بــووە، چونکــە پێوەندییەکی کار لەیەک کراوو تێکەڵ بە یەکتری بوو.

هەر لــەو کاتانەدا جاری وا ڕێککەوتــووە داگیرکەران و دەســت درێــژکاران بــاری ڕۆژنامەنووســی کوردیان بەدیوەکــەی دیکــەدا خســتووە. پــاش ســەرکوتکردنی میللەتەکــە، دەســتیان بەســەر ڕۆژنامــە داگرتــووە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوەو کردوویانەتە هۆیەک بۆ پڕۆپاگەندەی نەخشــەو پیلانەکانیان، ئەوەش بەروونی ئەوەمــان بۆ دەردەخات کــە ڕۆژنامەنووســی کوردی و مێــژووە دژوارەکەی پێوەندییەکی بەهێزی بەســەرجەمی بزووتنــەوەی نیشــتمانییەوە هەیــە، ئەوەبــوو لــە (٢٣)ی گەلاوێژی ســاڵی (١٩٠٨) بەئاشــکرا کردنی دەســتووری عوسمانی (مەشــروتیەت)، بوو بە هەڵکەوت و دەرفەتێکی لەبــار بــۆ هاندانی ڕۆشــنبیری کورد تا دەســت بکەن بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی جیابوونەوەی کوردســتان و ڕزگارکردنی گەلی کورد. بەسەرکەوتنی شۆڕشی (١٩٠٨) و جاڕدانــی دەســتوور، بزووتنەوەی کــورد بووژایەوە و بۆ یەکەمجــار چەند کۆمەڵەو دەزگایەکــی ڕووناکبیری و سیاسی بەخۆیەوە بینی، ئەو ڕووداوە بووە هۆی دەرکردنی چەنــد ڕۆژنامــەو گۆڤارێکــی وەک ڕۆژنامــەی (کورد) و (کوردســتان) و دواتــر (ڕۆژی کــورد) و (یەکبوون). ئەم کۆمەڵەیە یەکەم کۆمەڵەی سیاســی کورد بوو لەو ساڵەدا لە ئەســتەمبووڵ بەناوی (جەمعییەتــی تەعاون و تەرەقی کوردی)یەوە پێکهێنرا.

دامەزراندنــی ئــەم کۆمەڵەیە بۆ هیمەتــی جوامێرانەی ئەم زاتانــە دەگەڕێتەوە: (عەبدولقادر شــەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان و داماد ئەحمەد ذوالکفل پاشا و جەنەڕاڵ شــەریف پاشــا و چەندان ئەفســەرو ڕۆشــنبیر و قوتابی زانستگەکان).

ئینجا کۆمەڵی (هێڤی) لە ســاڵی (١٩١٢) بەشــێوەیەکی ئاشــکرا لەلایــەن قوتابییــە دڵســۆزەکانییەوە پێکهێنرا، لە دواییشــدا جگــە لــە قوتابیــان، ئەفســەرو ڕۆشــنبیران و کاســبکارانیش چوونــە پــاڵ ئــەو کۆمەڵەیــەوەو گۆڤاری (ڕۆژی کورد)یــان دەرکــرد، پاشــان ناوەکــەی بــوو بــە (هەتاوی کورد).

> **شاری سلێمانیش تەنیا لە ڕووی بزووتنەوەی سیاسییەوە دڵــی زینــدووی کوردســتان نەبووە، بەڵکــو مەڵبەندی بزووتنــەوەی ڕۆشــنبیری و شارستانیش بوو**

شـاری سـلێمانیش تەنیـا لـە ڕووی بزووتنـەوەی سیاسـییەوە دڵی زینـدووی کوردسـتان نەبـووە، بەڵکو مەڵبەندی بزووتنەوەی ڕۆشـنبیری و شارسـتانیش بوو، سەرەتای ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینەی بەکارتێکردنی ئەو مێژووە پڕ لە شـکۆیەی بە هەوڵ و تەقەللای گەلێ ڕابەر و مامۆستای ئەو مەیدانە دروست کرا، کە ئەوانیش بریتی بـوون لە پیاوی سیاسـی و ڕووناکبیـرو مونەوەری ئەو سـەردەمە. کاتێ عێراق لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی چووە دەرەوەو ئینگلیز لەساڵی (١٩١٧)ەوە دەسەڵاتیان بەسەریدا کێشـا، لە بەغدا لە سـاڵی (١٩١٨) ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یان دەرکرد، کاتێ (مێجەر سۆن)یان ناردە سلێمانی و بوو بە حاکمی سیاسی ئەو شارە (سۆن توانی بەشێکی کاریگـەر لە ڕووناکبیرانی سـلێمانی لە خـۆی کۆبکاتەوە، لەوانە ئەفسـەرەکانی جارانی سـوپای عوسمانی، ئەمەش بەرێگای دامەزراندنیان لە هەندێ پلەو پایەی ناسکی میری و دروستکردنی کەشوهەوایەکی ڕۆشنبیری ئەوتۆ کە لەوە پێش شارەکە بەخۆیەوە نەدیبوو)، دیسانەوە "مێجەرسۆن کەشـوهەوایەکی ڕۆشـنبیری گورج و گۆڵی لە سـلێمانی دروسـت کرد، لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر ئەو شارەدا، بەتایبەتی بە هۆی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ەوە کە بـە زمانی کوردی دەری دەکـرد و ژمارەیەکی بەدەرەوە بووی شاعیران و نووسەرانی لێ کۆکردەوە، لەوانە (نووری شـێخ سـاڵح) و (جەمال عیرفان) و (عەلی کەمال باپیر) و کەسـانی دیکە" ئینگلیـزەکان لە نیسـانی (١٩٢٠)ەوە هەتا (١٩٢٢) ڕۆژنامەی (پێشـکەوتن)یان لە سـلێمانی دەرکرد، دوای ئەمیش لە سـاڵی (١٩٢٤) ڕۆژنامـەی (ژیانەوە)یان دەرکـرد، کـە ئـەو دوو ڕۆژنامەیە، زمانـی حاڵی خۆیان بـوون و بە سەرپەرشـتی ئەوان دەردەچـوون و زۆرتر تەرخـان کرابوون بۆ پڕوپاگەندەی نەخشـە و پیلانەکانی خۆیـان، ئەگەرچـی لە پاڵ ئەوەشـەوە بایەخـی بەلایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەداو کۆمەڵێ شاعیر و ڕۆشنبیر بۆ ڕۆژنامەکەیان دەنووسی.

د. کەمـال مەزهەر ئەحمەد دەربـارەی ئەو ڕۆژنامەیە نووسـیەیەتی: "سـۆن حـەزی دەکـرد زمانـی کـوردی پێشـکەوێ و ببێتـە زمانـی نووسـین. بـۆ جێبەجێکردنی ئـەم نیـازەی پەنـای بـردە بەر گەلـێ کاری بـە ئەنجام. هەر کـە بووە حاکمی سیاسـی سـلێمانی، کوردیی کردە زمانـی خوێندن و نووسـین و پەیوەندی نێوان دەزگایانی میـری. بەخێرایـی کتێبی -ئەلفبای کـوردی- چاپ کرد و خۆی بەسـەر فێرگەکاندا دەگەڕا و زۆر گەرم مامۆسـتاو شاگردانی ئەو قوتابخانانەی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی هـان دەدا. جگـە لەوە سـۆن کەوتە هاندانی نووسـەر و

**سۆن کەوتـە هاندانـی نووسـەر و شاعیرانی کورد، بـۆ ئـەوەی زیاتـر پەتیی بنووسـن. بۆ ئەم مەبەستەی پێشکەوتنێکی ڕێکخسـت و نووسـینێکی زەکی سـائیبی کـردە دووەم لەگەڵ ئەوەش کـە لەتاریـک بینـی و ورە بـەردان و "گـەڕان بـەدوای عیزرائیـل" بـەولاوە هیچی تری تێدا نییە**

شاعیرانی کورد، بۆ ئەوەی زیاتر پەتیی بنووسن. بۆ ئەم مەبەستەی پێشکەوتنێکی رێکخست و نووسینێکی زەکی سائیبی کردە دووەم لەگەڵ ئەوەش کە لەتاریک بینی و ورە بەردان و "گەڕان بەدوای عیزرائیل" بەولاوە هیچی تری تێدا نییە، بەڵام هەمووی لە بەرگێکی ساکاری پەتیدا پێشکەش کراوەو مێجەر سۆنیش عەوداڵ و کوژراوی ئەوە بوو. هەر لەو پێشکەوتنەدا شیعرێکی شێخ نووری شێخساڵحی کردۆتە یەکەم کە قەت ناچێتە ناو دەفتەری بەرهەمە بەهێزەکانی ئەو شاعیرەوە، بەڵام بۆ سۆن ئەوە زۆر بوو کە شێخ نووری بە کوردییەکی پەتی خەڵکی هان دەدا بۆ بایەخدان بە کشتوکاڵ، هەر بەو جۆرەش سۆن شێخ نوری و جەمال عیرفانی هان دەدا لەسەر لۆکەو توتن و ئەو بابەتانە بنووسن" شێخ مەحموودی نەمریش یەکێک بوو لەو سەرکردە هۆشیارانەی زوو دەرکی بە پێویستی رۆژنامەیەک کردبوو، تا رۆڵی خۆی ببینێ و ئەرکەکانی قۆناغ راپەڕێنێ، چونکە ئەویش زانیبووی خەباتی چەکدارانە بەس نییە بۆ ئەوەی کورد بە مافەو رەوایەکانی خۆی بگات، ئەگەر هاتوو ئەو لایەنە گرنگەی خەباتی فەرامۆش کرد، بۆیە وەک هەموو سەرکردەیەکی گەلانی ژێردەستە کە لە پەیامی خۆیان گەیشتبن، ئەم دوو خەباتەیان لەبەرچاو گرت و لەیەک رووباردا یەکیان گرتووە.

لە پاش دروستبوونی (جەمعیەتی کوردستان) لە (٢١)ی تەمموزی ساڵی (١٩٢٢) و لە پاش دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی ئەو جەمعییەتە، لە مزگەوتی (سەیید حەسەنی موفتی) لە گەڕەکی سابوونکەران لە سلێمانی دەست کرا بە دەنگدان، دوای خوێندنەوەی وتارێکی پڕ لە کەفوکوڵ لەلایەن حاجی مستەفا پاشای یامولکی(*). کە کەوتە دوای نوێژی جومعە، هەر لەو مزگەوتەدا بە شێوەیەکی نهێنی دەنگدان کرا بۆ هەڵبژاردنی دەستەی دامەزرێنەری ئەو جەمعییەتە، کە (حاجی مستەفای یامولکی) بە سەرۆکی ئەو جەمعییەتە هەڵبژێردرا. دوای ئەوەی دەستەی دامەزرێنەران لە ماڵی (حاجی مستەفا) کۆبوونەوە، بڕیاریان دا رۆژنامەیەک بە کوردی و تورکی دەربکەن و ناوی بنێن (بانگی کوردستان). مستەفا پاشا کرایە خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری لێپرسراوی رۆژنامەکە، کە ژمارەی یەکەمی لە (٢)ی ئابی (١٩٢٢)دا دەرچووە. دروشمی رۆژنامەکە پێشخستنی گەل و پەرەپێدانی وڵات بوو. وەک رۆژنامەکە نووسیویەتی (عیلمی، ئیجتیماعی، ئەدەبی، غەزەتەیەکی حورو سەربەست و میللییە) بە هەفتەی جارێک دەردەچوو. (شێخ نووری) شان بەشانی (عەلی کەمال باپیر) موحەریری بەشە کوردی و فارسییەکەی

"
**شێخ مەحموودی نەمریش یەکێک بوو لەو سەرکردە هۆشیارانەی زوو دەرکی بە پێویستی رۆژنامەیەک کردبوو، تا رۆڵی خۆی ببینێ و ئەرکەکانی قۆناغ راپەڕێنێ، چونکە ئەویش زانیبووی خەباتی چەکدارانە بەس نییە بۆ ئەوەی کورد بە مافەو رەوایەکانی خۆی بگات**
"

ئەو رۆژنامەیە بوو.
کاتێ ئەو رۆژنامەیە دەردەچوو، ئینگلیزەکان بەتەواوی دەستیان بەسەر شاری سلێمانیدا گرتبوو، بۆیە لەسەر رۆژنامەکە نەنووسراوە رۆژنامەیەکی (سیاسی)یە، هەر لەو کاتەی رۆژنامەی (بانگی کوردستان) دەردەچوو، شێخ مەحموود لە ئاوارەیی هیند بوو، مێژوونووسان رایان وایە کە وتارەکانی ئەو رۆژنامەیە بووە هۆی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە ئاوارەیی. شێخ نووری تا دەرچوونی ژمارە (١٣) لەو رۆژنامەیەدا کاری کردووە، سەرەتای ساڵی ١٩٢٦ مستەفا پاشا لە بەغدا سێ ژمارەی تری لێ دەرکردووە کە ژمارە (١٤-١) و (١٤-٢) و (١٤-٣)ن، (ئەوە جگە لەوەی ژمارە (١٤)ی هەر لە سلێمانی، وا دیارە دوای گرتنەوەی شاری سلێمانی بووە، بەهەتیوی دەرچووە، تیایا زۆر باسی شێخ مەحموودو دەسەڵاتەکەی کراوە- رۆژنامەنووس). لە شوێنی (شێخ نووری و عەلی کەمال و رەفیق حیلمی، (مستەفا شەوقی) کراوە بە موحەریرو (کەریم رۆستەم)یش کراوە بە بەڕێوەبەری ئیدارە. دووەم رۆژنامەیشە لە پاش رۆژنامەی (پێشکەوتن) کە لە شاری سلێمانیدا دەرچووبێ. لەم رۆژنامەیەدا شێخ نووری، وتارەکانی تەرخان کردووە بۆ بەرگری کردن لە مافی میللەتەکەی. بە خەباتی وشە لە راپەڕین و وریاکردنەوەی گەلەکەی بەشداری کردووە. لەلایەک هەوڵی دەدا بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری بەرپا بێ، تا لەگەڵ بارودۆخی ئەو کاتە بگونجێ، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی رۆژنامەوە کە راستەوخۆتر لەگەڵ جەماوەر پێوەندییان هەیە، هەندێ باس و خواسی گرنگیان بۆ روون بکاتەوە و تاوتوێکات و بە روونی و ساکاری بیخاتە بەردەستیان.
شێخ نووری لە وتارەکانیدا بایەخی بە زۆر لایەنی جۆراوجۆر داوە وەک: (ئەدەب، سیاسەت، مێژوو، زمان، ئابووری) و هەموو ئەو لایەنانەی بەسەر کردووەتەوە، هەروەها لە سەردەمی دەرچوونی رۆژنامەی (پێشکەوتن) و (ژیانەوە) و (ژیان)دا زۆر وتاری بەنرخی نووسیوە دەتوانرێ ساتوسەوا کردنی شێخ نووری لەگەڵ ئەو رۆژنامانە بە سەرەتای دروست بوونی کاری رۆژنامەنووسیی لەلای شێخ نووری دابنێین. لە رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا شێخ نووری بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری دا، هەروەک چۆن بە هەڵبەست (نظم) ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە.
لە ژمارە (٣)ی رۆژنامەی (بانگی کوردستان)، (٢١)ی ئاغستۆسی ١٩٢٢، دەربارەی گرنگی چاپخانە لە پێشخستنی میللەتی کورد دواوە و دەڵێ: "ماکینەی چاپ

> **لە رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا شێخ نووری بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی خوێندن و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری دا، هەروەک چۆن بە هەڵبەست (نظم) ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە**

یەکێکە لە نیشانەی تەرەقیاتی میللەت. قەومێ، میللەتێ، کە واسیتەیەکی ئینتیشـاری فیکرو ئیلهامی مەرامی نەبێ ئەو فیکرە، ئەو غایەیە بێ ئەوەی بگاتە گوێیەک یا گوێگرێک، بـێ تەئسـیرو عەقیم ئەمێنێتـەوە، بەڵام هــەر میللەتێ ساحیبی مەتبەعە، مالیکی غەزەتەیەکی میللی خۆی بێ بـۆ تەرەقی و تەعالی، میللەتەکەی هەر غایەو ئەمەلێک تەعقیب بکا ئەتوانێ بە دەنگێکی بەرزو بڵند بیگەیەنێتە گوێی ئەو کەسـانەی کە گوێگرو خادیمی مەعاریف و میللەتـن" ئینجـا دەڵـێ: "ماکینەی چـاپ بۆ هەموو ئامالێکـی میللی، ئیجتیماعی، ئیقتیسـادی جاڕدەرێکی داخیلی و خارجییە و بۆ تەوحیدی ئەفکارو حسییاتی قەوم، عامیل و واسـیتەیەکی زۆر موئەسـیرە. جگە لەمانـەش، ئاسـارو ئەدەبیاتی ئەو قەومـەی پێ لە چاپ ئەدرێ کە ئەمەش موحافیزی عیلم و ئەدەبیاتی ئـەو قەومەیە.." شـێخ نووری لەم وتـارەدا گرنگی ماکینـەی چـاپ دەردەخـات و ڕۆڵی لە دروسـت کردنی شارسـتانیەت و هەروەها باسـی پاراستنی ئـەو پاشـماوانە دەکات کە بنەمـای نەتەوەکەن و مایـەی بـوون و مانەوەیەتـی. لە پـاش ئەوەی لە گرنگـی چاپ و ماکینەی چاپ دەکۆڵێتەوە، ئینجا پێشـنیار دەکات و دەڵـێ: "ئەمجـا بۆ ئـەوەی ئێمەش ئەم ئاسـارە نەفیسـانەو ئەم ئەدەبیاتە بەقیمەتەمان لەکیس نەچێ و بە مروووری زەمـان نەفەوتێ، لازمە لە تەرەف غیرەتمەندانی موحتەرەمی وەتەنەوە بۆ هێنان و کڕینی ماکینەیەکی چاپ قسـوور نەکرێ. لە حەمییەتمەندانی ئەهالی موحتەرەمەی کوردسـتان وا ئومێد دەکەم بەناوی مەنفەعەتی میللەتەوە هیمـەت بۆ هێنانی ئەم ماکینەیە بکرێ؟. ئەمەش تەکلیفێکی ئەوەنـدە گران نییە کە لە هەموو کەس هەڵنەسـتێ. بەندە بـۆ ئەم ئیشـە خێـرە دەلالەت و تەشـەبووس ئەکەم هەر کـەس بەقـەدەر ئیقتیـدارو هیمەتـی خـۆی موعاوەنـەت بفەرمـوون بەنـاوی میللیەت و کوردییەتەوە ئیسـتیرحام ئەکـەم" هەر لەو ڕۆژنامەیەدا دەربارەی "هەڵوێسـت" ڕای خۆی دەربڕیوە کە لە ژمارە (٨)ی (٢٩)ی ئەیلوول ١٩٢٢دا بڵاوکراوەتـەوەو نووسـیویەتی: (هەرچەند ورد ئەبمەوەو تێ ئەفکرم، گوێ ئەگرم، نە ئەبینم، نە ئەبیەم شەخسـێ چ جاهل و چ عالم بە حسـییاتێکی مەتینی میللی متەحەسـس بـێ. فەرزەن بشـبێ سـەبەبی بـووەی کە ئەم حسـییاتە ئەساسـێکی مەحکەم، ڕسووخێکی مەتینی نییە، بە جوزئێ ئینقیلابێکـی مووەقەتـی مەعکووسـەن مووبـەدەل ئەبێ. (تەبەقەی عەوام) مەعلومە کە ئەم تەبەقەیە هەموو وەقت و زەمانێ تابیعی جەرەیانێکی تەبیعین، یەعنی حکومەتێکی بەشـیددەت بووبـێ، بۆ ئەوەی کە ئەشـقیا و دزو جەردە



هەواڵنامەی کتێب

زەربەی لە کەسایەتیان نەدا لە سوڕەت دائیمەن دوعای موووفەقییەتی ئەو حکوومەتەی کراوە. لە عەینی ساڵدا ئەگەر ئەو حکوومەتە تەورێ موقابیل بەخاریج نفووزی تەنزیل کردبێ، ئەو وەقتە غەیبەتی حکوومەت و دوعای مووەفەقییەتی ئەو کەسە کراوە کە کاروانی تا سەلاحیە ڕەوانە کردووە، ئەمانە حەقیانە.

(تەبەقەی مونەوەر) بۆ ئەم تەبەقەیە زۆر تەعەجوب ئەکەم کە هەر یەکێ بە نسبەت خۆیەوەو کەم و زۆر لە پێنج ساڵەوە هەتا دە دوانزە ساڵە لە عیلمیە، حەربیە لە حقووق، تەحسیلیان دیوە لە تەشکیلاتی حکوومەت باخەبەر و بەحسییاتی میللییە موتەحەسس و دەماغێکی موساعید و تەربیە دیدەیان بۆ موحاکەماتی سیاسی، ئیقتیسادی و وەزعییەتی عەسکەری هەر حکوومەتێ هەیە، لەگەڵ ئەمەشا فیکرێ کە ئەمڕۆ بۆ خۆیان قەرار ئەدەن، سبحەینێ لە بیریان ئەچێتەوە، هاوفیکرێکی دوێنێ یان بۆ قسەکردن کە ئەچێتە تەنیشتییەوە، کە تەماشا ئەکا فیکرەکەی دوێنێ نەماوە-گەزی چی و جاوی چی- فیکری ئەمڕۆی لەگەڵ هینی دوێنێ دا (ئاسمان و ڕێسمانە) کوڕە تۆ کابراکەی دوێنێیت، نەوەڵڵا و بیللا ئەو نیم، ئەم قوڕ بەسەرەش هەڵدەستێ و ئەڕوا، ئەڵێت قەیناکا با من درۆزن بم. زۆر پیاوی وام دیوە کە جاهو جەلالی حورمەت و عیزەتی بە حکوومەتی ئینگلیزەوە بووەو هیچی تر. ئەمڕۆ لە عەلەیهی ئەو لە هی یەکێکی ترەو شەخسی واشم دیوە موتەمادی دوشمنی حکوومەتی تورک بووە، کەچی ئەمڕۆ برای هاوپشتێتی. ئینسانی وایشم چاو پێکەوتووە کە خادیمی میللەت بوو بۆ تەرەقی و تەعالی قەومەکەی خۆی سەعی کردووەو ویستوویەتی کە قەومەکەی ببێ بەپیاو لە تەئریخی عالەمدا مەوجوودییەتی ئیسپات بکا، ئەویش ناشوکری ناڵێم ئەمڕۆ نەوعێکی ترە. بێجگە لەمانە قسمێ بێ تەرەفیش لە سایی خواوە زۆرە. ئەمە زۆر عەیبە. میللەت کە ئێمە بیستوومانە موتەمادی، بۆ تەرەقی و تەعالی خۆی هەر سەعی کردووە، حەزی لە مەحکوومی نەکردووە. موحاکەماتی سیاسی تەئریخ، ئەمانە زۆر چاک ئیسپات ئەکا. (اللهم اصلح أحوالنا) شێخ نووری نەخۆشییەکی دەستنیشان کردووە، ئەمڕۆکەش وەک دیاردەیەک هەیەو بگرە زیاتر لە جاران تەشەنەی کردووە، ئەوەش مەسەلەی (هەڵوێستە) کێشەکەش دووفاقی و ئیزدیواجیەتی مونەوەرە لە هەڵوێستەکانیدا، ئەم وتارەش ئەوەندە زیندووە دەڵێی بۆ ئەمڕۆکە نووسراوە.

شێخ نووری نەخۆشییەکی دەستنیشان کردووە، ئەمڕۆکەش وەک دیاردەیەک هەیەو بگرە زیاتر لە جاران تەشەنەی کردووە، ئەوەش مەسەلەی (هەڵوێستە) کێشەکەش دووفاقی و ئیزدیواجیەتی مونەوەرە لە هەڵوێستەکانیدا، ئەم وتارەش ئەوەندە زیندووە دەڵێی بۆ ئەمڕۆکە نووسراوە

هەر لە ژمارە (١١)ی ئەو ڕۆژنامەیەدا وتارێکی بە زمانی فارسیی نووسیوە، کە ئەو کاتە زمانی ڕۆشنبیرو خوێندەوارەکان بووە، کە لە حوجرەدا فێری دەبوون.

دیـارە لـەم وتارەیدا رووی قسـەی تەنیا بـۆ ئەوانەیە کە دەستەی رۆشنبیری ئەو رۆژگارە بوون و بۆ ورووژاندنی حەمییەتیـان نووسـیویەتی. وەک نووسـەری بەشـە فارسـییەکەش ویسـتوویەتی توانایـی خۆی لـەو بوارەدا بسـەلمێنێ. دەشێ شـێخ نووری وەک لێپرسراوی دووەم لە رۆژنامەکەدا ئەو تەعلیقاتە سیاسـی و کۆمەڵایەتییانەی بەناوی (بانگی کوردستان) نووسراوە،بەشێکی لە نووسینی ئەوبێـت، کـە ئـەو یەکێکە لەوانـەی بایەخی بـەو باس و بابەتانـە دەدا و لەسـەر رووداوەکانـی رۆژ دەوەسـتاو نەیهێشتووە بەسەریدا تێپەڕن، بەبێ ئەوەی بەتەعلیقێک – بچووکیش بێت- بەسەریان نەکاتەوە. لە یەکێک لە دەفتەرە شیعرییەکانی خۆی کە رەشنووسی کۆمەڵێ شیعری ئەون، شێخ نووری کۆمەڵێ رووداوی گرنگی جیهانی و ناوخۆیی تۆمارکردووە، لەوانە:

(٢ی مایس ١٩٤١، ٦ی ربیع الثانی ١٣٦٠، ئەوەل رۆژی حەربی عیـراق لەگەڵ حکوومەتی بەریتانیـا. ١٩٤١/٦/٢٢ ئەڵمـان هجوومی کردە سـەر رووس، ١٩٤١/١٢/٧ ژاپۆن حەربـی لەگەڵ ئەمریکاو ئینگلیزدا کرد. لە کانوونی ئەوەل و کانوونـی ثانی ١٩٤٢ زۆر جەزیـرەی لە موحیتی هادیا گـرت، رۆژی ١٩٤٢/٢/١٠ سـەنغافوورە سـقوتی کـرد، رۆژی ١٩٤٢/٣/٩ جاوە سقووتی کرد، رۆژی ١٩٤٢/٣/١٠ (رانگـون) لەبەرەمـا گیرا، رۆژی ١٩٤٢/١/١٤ عەسـکەری بەپەڕەشـووت خسـتە جەزیـرەی سـۆمەترەوە. رۆژی ١٩٤٥/٥/٨، ئەڵمان سقووتی کرد).

نووسـینەوەی ئەم رووداوانەو تۆمارکردنی رۆژەکانی لەسـەر ئەو دەفتەرە ئەوە دەردەخات، شـێخ نووری زۆر بـە وردی شـوێن پێی رووداوەکانی جیهانـی هەڵگرتووە، بێجگـە لە رووداوە سیاسـییەکانی لای خۆمان، کەسـێکی خەریکی رووداوە سیاسییەکانیش بووبێ بێ گومان دەبێ لە مەسـەلەی (مێژوودا) شارەزا و وریا بێت، شێخ نووری وەک رۆشـنبیرێکی سەردەم لەم لایەنە بێ بەش نەبووەو پشـتی تێ نەکردووە. ئەو لەکاتێکـدا ئەو رووداوانەی لەو دەفتـەرەدا تۆمـار کـردووە، کـە پەیوەندی بـە کاروباری رۆژنامەنووسـییەوە نەماوە، کە دەبێ لەکاتی ئیشـکردنی لە بواری رۆژنامەنووسـیدا زۆر لەوە زیاتر خۆی بۆ ئەو لایەنـە تەرخان کردبێ و نەیهێشـتبێ هیچیانی لەدەسـت دەرچـێ و بـەرەو پیـری هـەواڵ و رووداوە ناوخۆیی و جیهانییەکانـەوە بچێ. ئەمەش ئـەوە دەگەیەنێ بایەخی بە خەباتـی گەلان دابێ و هەمووی بەیەک خەباتی نەپسـاوە دانابێ، دژی داگیرکەران و چاوچنۆکان.

وەک وتمـان ئەو نووسـینانە بە گوێرەی ئەو شـتێکی

> **کەسێکی خەریکی رووداوە سیاسـییەکانیش بووبـێ بێ گومـان دەبێ لە مەسـەلەی (مێـژوودا) شـارەزا و وریا بێـت، شـێخ نـووری وەک رۆشـنبیرێکی سـەردەم لەم لایەنە بـێ بـەش نەبووەو پشتی تێ نەکردووە**

تازە بابەت نەبووە، چونکە شـێخ نووری پێشتر دەربارەی (تووتـن) بە سـێ ژمـارە لە رۆژنامـەی (پێشـکەوتن) و دەربــارەی زمان و لایەنی دیکـە بیرورای لەو جۆرەی دەربڕیوە، بەکورتییەکەی شیب□خ نووری ویستوویەتی لەو سەرەتایەدا پاڵپشتی بزووتنەوەی (تەنویر) بکات و لـە رووی رۆشـنبیرییەوە کاریگـەری و جێ پەنجەی خۆی هەبێ و بتوانێ لە شـڵەقاندنی گۆمی رۆشنبیری تەقلیدی و باو بەشداربێ. ئەو بزووتنەوە (تەنویری)یە رەنگدانــەوەی بارودۆخ و ژیانی تورک بوو بەسـەر رووناکبیـرە رابەرەکانـی کـورد، لەبەرپاکردنـی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی شۆڕشگێڕدا. کە (لە بواری مێژووییدا نـاوی دەنێین ئاوەژوو بوونەوەی ژیانـی تورکایەتـی کـە لـەو سـەردەمەدا لـەلای رۆشـنبیران و رابەرانـی کـورد، لـە بزووتنـەوەی رزگاریخوازانەی شۆڕشـگێڕدا، شۆڕشی بۆرژوای ئەورووپـا هێنایە پێشـەوە، بزووتنەوەی کوردیش بۆخۆی بەشـێوەیەکی جیاواز لەوان لەگەڵ واقیعی چەوسـانەوەی نەتەوەیی تێکەڵ بوو، بۆ کارکردن لە پێنـاوی هێنانە کایـەوەی ئەو جـۆرە بیرانە لە کوردسـتاندا، پێش پێگەیشـتن و نەشـونوماکردنی بنکەی ئابووری ئەو بیرانە). لەو کاتەدا کە شـێخ نووری دەستی دایە کارکردن لە بواری رۆژنامەنووسـیی کوردی، عێراق بـە گشـتی و کوردسـتان بەتایبەتـی، بەهـۆی شـاڵاوی نارەزایی میللـەت و راپەرینەکانی دژی ئینگلیز توانیبووی تارادەیەکی چاک ئازادی بۆخۆی بەدەسـت بهێنێ، بەمەش توانییان بە سەربەسـتیی زیاترەوە تەعبیر لە خواسـت و ئاوات و بیروباوەڕی خۆیان بکەن، تووڕەبوونی جەماوەر بەرانبـەر بەداگیرکەرانی وڵات و راپەڕینە جەماوەرییەکان سەریان پێ شۆر کردن و شێخ مەحموودیان لە ئاوارەیی گەڕاندەوە، تـا توانیان حکوومەتێکی سـەربەخۆی تەمەن کـورت بـۆ خۆیان بـە سـەرۆکایەتی (شـێخ مەحموودی نەمـر) دابمەزرێنـن و ئەوانیش لە ئاسـتی مافە رەواکانی میللەتی کورد زیاتر سەرشۆڕ بکەن، بەمەش دەرفەت هاتە پێشـەوەو توانیان بەکامی دڵی خۆیان لە گرفتەکانی ژیانی ئەو سـەردەمەی گەلـی کورد بکۆڵنەوە یـان وەک جەبار جەباری دەڵـێ: (بۆ یەکەم جار لە مێژووی رۆژنامەگەری کـوردی، رۆژنامەکانمـان توانییان بەوپەڕی دەسـەڵات و سەربەستییەوە دوور لە چاوی رەقیب و دەستی دوژمنان لە واقیعی راسـتەقینەی نەتەوەکە بکۆڵنەوە) بەو شـێوەیە لە سـەرەتای ئەم سـەدەیەدا، رۆژنامە بوو بە چاوساغی قۆناغێکی ناسـک لە ژیانـی میللەتی کوردو وەک شـایەد


روژی کوردستان

بەسەر بارودۆخ و ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو کاتە ماوەتەوە، کە بێ گومان ئەو لاپەڕانەش دەکرێ ببنە کەرەسەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئەو مێژوونووسانەی قەڵەم لەو قۆناغە دەخەنە کارو ناتوانن بەهیچ شێوەیەک پشت لەو ڕۆژنامانە بکەن کە خاڵی نین لە زانیاریی گرنگی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ ئەو سەردەمە.

وەک لای هەمووان ئاشکرایە، لە چارەکی یەکەمی ئەم سەدەیەدا شێخ نووری بە یەکێک لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری دەژمێردرێ. ئەو ڕۆشنبیرییە سەردەمیانەیەی ئەو هەیبوو، کارێکی وای کرد هەر زوو لە پەیامی خۆی تێبگاو هۆشیارانە دەست بداتە خەباتی وشەو وەک ڕووناکبیرو مونەوەرو نیشتمانپەروەرێک چالاکی ڕۆشنبیری و نیشتمانی بنوێنێ. وەک پێشتریش باسمان کرد یەکێک لە بوارەکانی چالاکی شێخ نووری، بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی بوو، کە وەک ڕۆشنبیرێکی لێپرسراو و پەیامدار خۆی لەو بوارە تاقی کردەوەو توانی وەک هۆیەکی ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆ بە جەماوەرەوە بەکاری بهێنێ. کاتێ شێخ مەحموودی نەمر لە ئاوارەییەکەی (هیند) گەڕایەوە، شێخ نووری وەک یەکێک لە ڕابەرانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، توانایی خۆی سەلماندبوو. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین شێخ نووری هەرچەندە لەو سەردەمەدا بە یەکێک لە پێشەنگەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی دادەنرێ، لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لەوانەی وەک هاوەڵە ڕۆژنامەنووسەکانی دیکەی بۆ دابینکردنی نانی خۆی و منداڵەکانی، بەکاروباری وەزیفەوە سەرقاڵ بووە، کەچی گوێی نەداوەتێ و دەربەست نەبووەو زۆر بێ پەروایانە ئیشی کردووەو وەک سەربازێکی نەناسراوی ئەم بوارە لە بیستەکاندا بە هەوڵ و تەقەلای خۆی و بێ پاداشت و خەڵات، بە شەونخوونی بۆ ڕۆژنامەنووسی کوردی هەوڵی بێ پایانی داوەو وەک کەسێکی بەجەرگ و دڵسۆز ئەوەی لەدەستی هاتبێ بۆ خێرو خۆشی میللەتەکەی درێغی نەکردووەو ڕۆژی داوەتە دەم شەو، واتە لە پاڵ وەزیفەکەی خۆی ئەم ئیشانەی ڕاپەڕاندووە.

ڕۆڵی کاریگەری شێخ نووری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، زیاتر لە سەردەمی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی حەفید دا دەردەکەوێ، شێخی نەمر زۆر شێخ نووری خۆشدەویست و ڕێزی لێ دەناو بڕواو متمانەی پێ هەبوو، چونکە یەکێک بوو لەو ڕۆشنبیرانەی دڵسۆزی میللەتەکەی بوو، ئەوە سەرەڕای ئەوەش شێخ نووری وەک

**"شێخ نووری بە یەکێک لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری دەژمێردرێ. ئەو ڕۆشنبیرییە سەردەمیانەیەی ئەو هەیبوو، کارێکی وای کرد هەر زوو لە پەیامی خۆی تێبگاو هۆشیارانە دەست بداتە خەباتی وشەو وەک ڕووناکبیرو مونەوەرو نیشتمانپەروەرێک چالاکی ڕۆشنبیری و نیشتمانی بنوێنێ"**

ڕۆشنبیرێکی سەردەم لە نزیکەوە ئاگاداری باری سیاسی و ڕۆشنبیری و هەموو پێوەندییەکانی دیکەبوو. لەبەرپاکردنی ئەو خەباتە سیاسییەش گەیشتبوو، کە میللەتی کورد لەو کاتەدا دەستی پێکردبوو، بەمەش، هەردوو لایەنی لەخۆی کۆکردبووەوە، وەک ڕۆشنبیرێکی شۆڕش کە شیعریشی کردبووە ئاوێنەی ئەو شۆڕشەو بەشێک لە خەباتەکەی کە زۆرتر بەو لکە ئەدەبییە ناسرابوو، لە رووی سیاسی و فیکریشەوە مرۆڤێکی هۆشیارو وریا و لێوەشاوەبوو. ئەم دوو هەلومەرجەش بەس بوون بۆ کەسێکی وەک شێخ مەحموود، تا بیکاتە هەڵسوڕێنەرو لێپرسراوی یەکەمی ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) کە زمانحاڵی حوکمدارییەتەکەی شێخ مەحموود بوو، شوێنی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)یشی گرتەوە. ئەو ڕۆژنامەیەش لەو سەردەمەدا جێگای هیواو بڕوای میللەتی کورد بوو، بۆیە ناکرێ کەسێکی وا لێپرسینەوەی بدرێتێ کە ئەهلی ئیشەکە نەبێ و زەفەری پێ نەبات. هەرواش بوو، شێخ نووری توانی بە هەوڵ و تەقەللای خۆی و هاوەڵە ڕۆژنامەنووسەکانی دیکەی، ئەو ڕۆژنامەیە بکاتە ڕۆژنامەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و ئەدەبی، کە ئەدەبەکەشی هەر لە پێناوی ئەو ڕێڕەوەدا خستبووە کار. دەتوانین بڵێین (ڕۆژی کوردستان) لەدوای ڕۆژنامەی (کوردستان) لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی بیرو هەستی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی سەربەست و سەربەخۆ شوێنێکی تایبەتی داگیر دەکات، لەگەڵ دەستکورتی و نەبوونی کادیرو سەرەتایی بوونی چاپخانەکە، دەکرێ لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەنیشانەیەکی پرشنگداری دابنێین.

شێخ مەحموود کاتێ ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو ڕۆژنامەیەی بە شێخ نووری سپارد، لە ژمارە (١)ی (١٥) تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا شێخ نووری نووسیویەتی: (ساحێب ئیمتیازی غەزەتەی بانگی کوردستان جەنابی حاجی مستەفا پاشا لەبەر مەشغەلەتی وەزیفەی ڕەسمییە ئیستیعفای کرد. ئینتیشاری ئەم غەزەتەیە لە واقیعا بۆ کوردستان، فاڵێکی خێر بوو، یەعنی (بانگی کوردستان) نەتیجەی ڕۆژ بوو. لەبەر ئیستیعفای مومائیلەیهی ئیمتیازو ئیدارەی غەزەتەی (ڕۆژی کوردستان) بە ئیرادەی حەزرەتی جەلالەت حوکمداری کوردستان دامە شەوکەتەهو، بەم ناوەوە تەودیعی بەندە کرا. بەڵێ نەتیجەی بانگێ کە بۆ تلووعی فەجرێکی ئیستیقبال ئەدرێ، ڕۆژە. ئەو بانگە، بانگێ بوو کە بۆ سوبحێکی سەعادەت ئەدرا. ئەم ڕۆژە ڕۆژێکە کە ئەلحەمدو قەومی نەجیبی کورد لە سایەی هیمەت و ئیقداماتی پەسندانەی ملوکانەوە، نایلی

"ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) کە زمانحاڵی حوکمدارییەتەکەی شێخ مەحموود بوو، شوێنی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)یشی گرتەوە. ئەو ڕۆژنامەیەش لەو سەردەمەدا جێگای هیواو بڕوای میللەتی کورد بوو، بۆیە ناکرێ کەسێکی وا لێپرسینەوەی بدرێتێ کە ئەهلی ئیشەکە نەبێ و زەفەری پێ نەبات"

سـەعادەت و ئیسـتقلالییەتی خۆی بوو. خـودا ئەم رۆژو رۆژی کوردستان لە هەموو میللەتی کورد موبارەک بکا).

بـەم شـێوەیە دەبینین ئیمتیـازی رۆژنامــەی (رۆژی کوردسـتان) دراوەتە (شێخ نووری) و لەو ساڵانەی ئەرک و لێپرسراوێتی ئەو رۆژنامەیەی پێ سپێررا، بە شیعرو بە نووسین، رۆشنبیری وەک تیشکی رۆژ بەسەر هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاودەکردەوەو هانی خەڵکی کوردستانی دەدا بۆ فێربوون و زانسـت و رووکردنـە خوێندەواری. یەکەم ژمارەی رۆژی کوردسـتان لـە (١٩٢٢/١١/١٥)دا دەرچوو و بـوو بە زمـان حاڵی حوکمداریەتی (شـێخ مەحموود)ی نەمر. دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەڵێ: (باری سیاسی، کارێکـی وای کردووە مێـژووی رۆژنامەی کوردی پڕ بێ لە سەربازی نەناسراو) شێخ نووری یەکێکە لەو سەربازە نەناسـراوانەی کورد، کە رۆڵی لە بواری رۆژنامەنووسیی پشـتگوێ خراوەو لەیادی رۆژنامەنووسیی کوردیدا مافی خـۆی نەدراوەتـێ، ئەگەرچی وەک دیارە شـان بەشـانی گەلـێ رابەرو مامۆسـتای دیکەی وەک (میقـداد مەدحەت و عەبدولرەحمـان و ئەمین عالـی و جەلادەت بەدرخان و پیرەمێرد و حوسێن حوزنی) و دەیان کەسی دیکە رەنجیان داوە، رەنجی فەرهادانە بۆ پێشخسـتنی رۆژنامەنووسـی کوردیمان.

شـێخ نـووری وەک یەکێـک لـە رۆژنامەنووسـە رابەرەکانمان بەهۆی رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) توانی لە بارودۆخێکی ناسـکدا کە کوردسـتانی پێدا دەرۆیشت، رۆڵێکـی گرنگ بگێڕێ. ئەمەش بە بەرزکردنەوەی ئاسـتی هۆشیاری سیاسی و نەتەوایەتی و مێژوویی میللەتەکەی بۆ تێگەیشتن لە دەوروپشتیش بایەخی دەدا بەو باسوخواس و دەنگوباسانەی پێوەندی دوورو نزیکیان بە بارودۆخی لای خۆمانەوە هەیە. شـێخ نووری لەو ئەرک و پەیامەی خۆی باش تێگەیشـتبوو، کە وەک رووناکبیرێک ناتوانێ بەهۆی شـیعرەوە، راسـتەوخۆ کار بکاتە سەر گۆڕینی جەماوەر، بۆیە بەهۆی رۆژنامەوە کە هۆیەکی راگەیاندنی ناسکە، ئەو پەیامەی خۆی گەیاندووە، ئەو لاپەڕانەش چەند لاپەڕەیەکی گەشن لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیداو پێویستە بە چەلەنگییەوە لەلاپەڕە پرشـنگدارەکانی (رۆژنامەنووسـی نیشـتمانی – الصحافـة الوطنیـة)دا تۆماربکرێن و ئەویش بخرێتە پاڵ ناوی ئەو رۆژنامەنووسـانەی تا ئێستا لەیادی رۆژنامەنووسیدا یادیان دەکرێتەوە.

لەم رۆژنامەیەدا شێخ نووری لە وتارەکانیدا داکۆکی لە مەسـەلەی نەتەوەکەی کردووەو لە رێگای بەشداربوونی ویژدانیی لەگەڵ بزووتنـەوەی رزگاریخوازی میللەتەکەی

**"شێخ نووری وەک یەکێک لە رۆژنامەنووسە رابەرەکانمان بەهـۆی رۆژنامـەی (رۆژی کوردسـتان) توانـی لـە بارودۆخێکـی ناسکدا کـە کوردسـتانی پێدا دەرۆیشت، رۆڵێکی گرنگ بگێڕێ"**

هەواڵنامەی دنیێ

بەشداری چوست و چالاکانەی خۆی لە بواری رۆژنامەنووسە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی رۆژنامەنووسی کوردیدا. وا دیارە هەوڵ و تەقەللای خۆی یەکخست و سەرکەوتووانە لەو پەیامەی لە ئەستۆی گرتبوو، توانی بیهێنێتە دی، لێتوێژەرەوەش ناتوانێ لەکاتی باسکردنی هەر یەکێک لەو رۆژنامەنووسە رابەرانەمان، تێکۆشانەکەیان لە سەرجەمی بزووتنەوەی نیشتمانی و بزووتنەوەی رزگاریخوزانەی گەلی کورد دابڕێت.

پێگەیشتنی هۆشیاری شێخ نووری کردی بە یەکێک لە رۆژنامەنووسە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی. وا دیارە شێخ نووری ئاگاداری باری رۆژنامەنووسی تورکی بووەو سوودی لە بەهرەی رۆژنامەنووسی ئەوان وەرگرتووەو بەتایبەتی (سەروەتی فنون) و زۆر لە رۆژنامەکانی ئەو حەلە، کە ئەوان ئەزموونی رۆژنامەنووسییان لە ئێمە گەورەترو دەوڵەمەندتر بووە، بەڵام ئەوە تەنیا لایەنە هونەرییەکانی رۆژنامەنووسیی بووە. ئەو وتارانەی شێخ نووری لەو رۆژەدا نووسیونی، بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە شێخ نووری لە واقیعی کوردو بارە سیاسییەکەی ئەو رۆژە بە باشی تێگەیشتووە.

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد دەڵێ: (وا دیارە پەیدابوونی رۆژنامەنووسیی کوردیی و خەبات و هونەری رۆژنامەنووسانی کورد بەلای هەندێک نووسەری رۆژئاواییەوە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی ناوخۆ نییە. بە وێنە دڵسۆزی و لانەدانی شێخ نووری شێخ ساڵح وەک سەرنووسەری "رۆژی کوردستان" بەلای ئەدمۆندسەوە، بەرهەمی ئەوە بوو کە بە "خزمایەتی دەگەیشتە ژنی دووەمی شێخ مەحموود") راستە شێخ مەحموود بەهۆی ژنی دووەمییەوە بەخزمایەتی دەگەیشتە شێخ نووری، بەڵام بڕواناکەم لەهەر شتێکدا خزمایەتی و دۆستایەتی دەوری خۆی بگێڕێ، لە مەسەلەی (فیکرو رۆشنبیری)دا ئەو دەورەی نییە و بۆ کەس ناچێتە سەر، بەتایبەتی ئەگەر پلەو پایەیەکی ناسکی وەک سەرنووسەری رۆژنامەیەک بێت و بەو کەسە بسپێردرێت. ئەو پێ سپاردنەش لە بارودۆخێکی ناسکدا بێ و ئەو (خزمایەتی)یە هەموو هەلومەرجەکانی دیکە بسڕێتەوە.

شێخ نووری دوای ئەوەی بەهرەو توانایی رۆژنامەنووسی خۆی لە رۆژنامەی (بانگی کوردستان)دا سەلماند و وەک دڵسۆزێکی میللەتەکە و رۆشنبیرێکی ئەو سەردەمە کە لە زۆر بواردا جێ پەنجەی دیاربوو و شوێنی خۆی کردبووەوە. لە لایەکی دیکەشەوە رەوشت و

**"پێگەیشتنی هۆشیاری شێخ نووری کردی بە یەکێک لە رۆژنامەنووسە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی. وا دیارە شێخ نووری ئاگاداری باری رۆژنامەنووسی تورکی بووەو سوودی لە بەهرەی رۆژنامەنووسی ئەوان وەرگرتووە"**

خووی بەرز، لەلایەکی دی بێ فیزی و ساکاری و هێمنی و ڕێزگرتنی خەڵک، کەسێکیش بوو بەردەوام بەدوای زانست و فێربـوون و خۆپێگەیاندندا گەڕاوە، وەک تەمەنیش لە هەڕەتی گەنجێتیدا بوو کە یارمەتی داوە بۆ ئیشـکردن، تەقەللادانـی بـێ وچان، بەبـێ ئەوەی هیلاکـی بزانێ چییە. سـەرباری ئەوەش شـاعیرێکی هەست ناسک و لێهاتوو و داهێنەربوو، باری سـەرنجی باشـی لەلای زۆربەی ئەوانەی ناسیویانە، بەجێ هێشتووەو لە بیرو زەینیانـدا جێگایەکـی بەرزو خۆشەویسـتی هەبووە، بەمەش گرەوی لایەنە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکەی بردووەتەوە. شێخ مەحموودی نەمریش ئەو دڵسۆزی و ئیـش ڕاپەڕاندنـەی لێ ڕەچاو کـردووەو تا وەک لاوێکـی چاپـووک ئـەو کارەی پێ بسـپێرێ، ئینجا تەکلیفی لێکرد ببێ بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکەی. ئەویش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بـە ئیش و کۆششـی خۆی سـەلماندی لایق و شایستەی ئەو شوێنەیەو سـەرکەوتووانە بەڕێـوەی بـردووەو بـۆ هەموو لایەکـی دووپـات کردووەتەوە کە جێگـەی بڕواو متمانە پێ کردنە، کەواتە بەحەقیانەت شێخ نووری پیاوێکی ڕۆشـنبیرو دڵسـۆزی خاک و نەتەوەکەی بووە، خاوەنـی پلەو پایەیەکـی ڕۆشـبیری و کۆمەڵایەتی بەرز بوو، پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ زۆربەی نیشتمانپەروەرە کـوردەکان و مونەوەرەکانـی ئـەو سـەردەمەدا هەبووە، ئەوانەش چەندی لەدەسـتیان هاتبێ هاوکارییان کردووەو بەرهەمیـان بۆی نـاردووە. بێجگە لەوەش شـێخ نووری خاوەنـی ڕابردوویەکـی پـاک بـوو، جێگـەی ڕێـزی ئەو کەسانەش بوو کە لە نزیکەوە دەیانناسی.




ئینجا دکتۆر کەمال مەزهەر نووسیویەتی: (ئەدمۆندس دان بـەوەدا دەنـێ کـە شـێخ نـووری زۆربـەی وتـارە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی "ڕۆژی کوردسـتان" ی دەنووسـی، بەڵام دەشـڵێ بەشـی زۆری ئـەو بەرهەمانە "لەکتێبـە تورکییە کۆنەکان"ی وەردەگـرت، وەک بەڵگەش ئەدمۆندس بەدەستکارییەوە ناوی ژمارەیەک لە وتارەکانی شـێخ نووری هێناوەتـەوە کە ئێمە وا لێـرەدا وەک دەقی کوردییەکـەی پێشکەشـیان دەکەیـن (بانگی کوردسـتان – ڕۆژی کوردسـتان)، (مەتانەت و سەباتی قەومی کورد)، (فەنـی و ئیجتیماعـی – میللـەت)، (موجادەلـەی حەیات)، (ویلایەتی موسـڵ لە لۆزاندا)، (لەفەلاکەت عیبرەت)، دکتۆر کەمال مەزهەر بۆ وەرامی ئەدمۆندس نووسیویەتی: (دیارە پێویسـت بە لێکۆڵینەوەو دەمەتەقێ ناکا بۆ ساغکردنەوەی ئـەوە کـە ئیلهامی بیـری شـاعیرێکی خـاوەن بەهرە بۆ

ئـەم جۆرە باسـانە دەبێ بـاری نالەباری کـورد بووبێ، کـە ئەدمۆنـدس بۆ خـۆی یەکێک بوو لەوانەی دەسـتیان لە دروسـت کردنیـدا هەبوو)، بـۆ مەسـەلەی وەرگرتنی ئەم وتارانەی شـێخ نووری لە (کتێبـە تورکییە کۆنەکان) رایەکـە من لەگەڵیـدا نیم، دەبوایە (ئەدمۆنـدس) پەنجە بۆ ئەوە رابکشـێ ئەو وتارانە کامانـەن کە لە (کتێبە تورکییە کۆنـەکان) وەرگیـراون. تەنانـەت (مسـتەر ئەدمۆنـدس) ئەوەشی بردووەتەوە لای (کتێبە تورکییە کۆنەکان)، کاتێ شـێخ نووری کراوە بە سەرنووسەری رۆژنامەی (ڕۆژی کوردسـتان) وتارێکی روونکردنەوەی نووسـیوە بەناوی (بانگـی کوردسـتان – ڕۆژی کوردسـتان) و ئەوەی تێدا روون کردووەتـەوە کە چـۆن کاری ئەو ڕۆژنامەیەی پێ سـپێرراوە. یان لە وتاری (قسـەی ناحەق رەد ئەکرێتەوە) کـە وتارێکە وەرامـی تورکچێتی غەزەتـەی نەجمەی تێدا داوەتەوەو هەندێ لە بیروڕایەکانی تێدا موناقەشە کردووە. جگە لەوە وتارەکانی دیکەشی وەک دکتۆر کەمال مەزهەر پەنجەی بۆ راکێشـاوە (ئیلهامی بیری شاعیرێکی خاوەن بەهـرە بۆ ئـەم جۆرە باسـانە دەبـێ لە بـاری نالەباری کورد بووبێ کـە ئەدمۆندس بۆخۆی یەکێک بوو لەوانەی دەسـتیان لـە دروسـتکردنیدا هەبـوو)، ئیـدی نازانم ئەم وتارانە چ پێوەندییان بە کتێبە تورکییە کۆنەکانەوە هەیە؟! یان ئەگەر پێوەندی هەیە ئەم بە (وەرگرتن) ناویان دەبات، بۆچی نموونەو بەڵگە بۆ ئەو قسەیەی ناهێنێتەوە؟!

شـێخ نووری وتارەکانی خۆی بەوپەڕی لێپرسینەوەو راسـتگۆییەوە وەک کوردێکی بـەش خوراو و خەمخۆری میللەتەکەی نووسیوە، هەموو رۆشنبیرییە ئەدەبییەکەشی تەرخـان کردبوو بـۆ جێبەجێکردنی پێویسـتییەکانی ئەو قۆناغە، نووسینەکانی بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی نووسیوە، بەشـێوازێکی ئەوتـۆ نووسـیویەتی کـە خوێنـەری ئـەو کاتـە سـوودی لـێ وەربگرێ و لـە دەورو پشـتەکەی و ڕووداوەکانی ئاگاداربـێ، بە بیروباوەڕی نوێ و ڕووناک گۆشی دەکردن. ئەو سەروتارانەی شێخ نووری بۆ زۆربەی ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە نووسی، لەگەڵ بەشێکی زۆر لە روونکردنەوەو وتاری کورتیلەو وردە هەواڵ و بە ئیمزای (ڕۆژی کوردسـتان) بڵاوکراونەتـەوە، دەشـێ بخرێنـە خانەی سـەروتاری سیاسـی سـەرکەتوو. بێجگە لەمەش ئەم سـەروتارانەی بۆ دەرخسـتنی حەقیقەت نووسـیوە، کـە تەواو لـەو وتارانەدا خـۆی لە ریـاکاری و خۆبردنە پێشـەوە بە دوور گرتووە. بۆ ڕوونکردنەوەی راسـتی و رەواندنەوەی ئەو تەمومژەی دەیانویسـت لە دەوروپشتی ڕووداوەکانـدا دروسـتی بکەن، ئەو یەک، دوو شـیعرەی

**”شـێخ نـووری وتـارەکانی خۆی بەوپەڕی لێپرسینەوەو راسـتگۆییەوە وەک کوردێکی بـەش خـوراو و خەمخـۆری میللەتەکـەی نووسـیوە، هەمـوو رۆشـنبیرییە ئەدەبییەکەشـی تەرخـان کردبـوو بـۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ئەو قۆناغە“**

شێخ نووری لەو رۆژنامەیەدا بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەوانەش شیعری نیشتمانی و نەتەوەیین و زیاتر هەستی نەتەوایەتی رۆڵەکانی گەلی کورد بەرز دەکاتەوە لە دژی ئەوانەی یارییان بە چارەنووسی میللەتەکە دەکرد و مافە رەواکانیان پێشێل دەکرد، تا زیاتر بەرانبەر بەوانە رژد و رق ئەستوور بن.

شێخ نووری خاوەنی شێوازی خۆیەتی لە نووسین و چۆنیەتی چارەسازکردنی ئەو باسانەی لەسەری دەنووسین. کە دەڵێین شێوازی شێخ نووری، مەبەستمان ئەوەیە کە شێخ نووری وەک ئەوانەی بە ئاڵۆزی دەنووسن، ئەم بەپێچەوانەوە هەوڵی داوە ئەوپەڕی سادەیی و ساکاری لە خستنەرووی بابەتەکانی بەکاربهێنێ، تا خوێنەر بتوانێ شارەزایی لە بابەتەکە بەدەست بهێنێ، بەچڕوپڕی و بەکەمترین وشە مەبەست و ئامانجی خۆی پێکاوە. خۆی بەهێنان و بردن و پێشەکی و کۆتایی رازانەوە نەبەستووەتەوە کە ئەمە شێوەیەکی تەقلیدی نووسینە، کەچی ئەم وتارانە هونەری و چڕو کورتن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شێخ نووری وەک رۆشنبیرێکی شارستانیی خوێنەری سەردەمی خۆی لەبیر نەکردووە، بەو شێوەیە نووسیویەتی سەرنجی خوێنەر بۆ لای نووسینەکانی رابکێشێ. لەگەڵ ئەوەی شێخ نووری خوێندنی حوجرەی تەواو کردووەو مەلاشووی بەشیعری کلاسیکی هەڵدرابووەوە، بەلام لە وتارەکانیشدا نەکەوتبووە بەر کاریگەری و سیحری رەوانبێژی، کە سەری بابەتەکەی تێدا ببێ بە قوچی قوربانی.

خوێندنی حوجرەو ئەو رۆشنبیرییەی لەوێ فێری ببوو نەیتوانی خۆی لەبەر تەوژمی بیری تازەی شێخ نووری بگرێ و زەفەری پێ ببەن، تا کارێکی وا بکەن پەیڕەوی ئەو شێوازە بکات و بە زەخرەفەو (رەوانبێژی) چاوبەستەکی لە خوێنەران بکات. ئەو شێوازەی ئەو لەسەری دەڕۆیشت زیاتر خزمەتی بە خوێنەرانی ئەو قۆناغە دەگەیاند، چونکە رووداوە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی لەناو لێشاوی وشەو تەعبیری کەڵەکە کراو بەسەریەکدا نقوم نەدەکرد. بابەتەکانی پێوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی میللەتەکەو رووداوەکانییەوە هەبوو. زیاتر لەسەر ئەو باسانە دەوەستا کە ئازاری ویژدانیان دەدا. خوێنەر کە بەرهەمەکانی ئەو رۆژنامەیەو رۆژنامەکانی دیکە دەخوێنێتەوە هەست بەوە دەکات بەرهەمی کەسێکە پڕ بە دڵ و بەگیان حەزی لە ژیانەو باوەشی بۆ دەگرێتەوە، بەو چاوە سەیری ژیانی دەکرد و بۆی چووبووە مەیدانی خەباتەوە و بەهیچ شێوەیەک لە سەردەمەکەی خۆی و ئەرکەکانی خۆی

> **خوێندنی حوجرەو ئەو رۆشنبیرییەی لەوێ فێری ببوو نەیتوانی خۆی لەبەر تەوژمی بیری تازەی شێخ نووری بگرێ و زەفەری پێ ببەن، تا کارێکی وا بکەن پەیڕەوی ئەو شێوازە بکات و بە زەخرەفەو (رەوانبێژی) چاوبەستەکی لە خوێنەران بکات**

هەواڵنامەی کتێب


بانگ کردستان

نەدزیوەتەوە. لەم سەرەتایەدا شێخ نووری لەو بارودۆخە ناسکەی گەلی کوردی پێدا دەڕۆیشت، هەوڵێکی بێ پایانی داوە بۆ پێشخستنی ڕۆژنامەنووسی کوردی پەیامدار تێبکۆشێ، سەرەتایەکەش لە عێراق و کوردستاندا لەگەڵ سەرەتای ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموودی نەمر دژی دوژمنان و داگیرکەران دەستی پێ کرد. ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان لەو دەورو زەمانەدا بە ڕۆژنامەیەکی گرنگ دەژمێردرێ، کە توانی ببێتە زمان حاڵێکی ئەمین و ڕاستگۆی ئەو سەردەمە و شان بەشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بڕواو ببێتە ڕۆژنامەی ئامانج و ئاواتەکانی کورد. ناوەڕۆکەکەشی لەمسەر هەتا ئەوسەر ئەو ئاواتانە بگرێتە خۆی کە میللەتی کورد لەو سەردەم و قۆناغەدا خەباتی بۆ دەکرد. شێخ مەحموودی نەمریش لە نزیکەوە لە بەهرەو لێهاتوویی شێخ نووری گەیشتبوو، بۆیە کردی بەجێی بڕوای خۆی و ئەو ڕۆژنامەیەی پێ سپارد. ئەویش لەو سەردەمەدا بایەخی ڕۆژنامەی زانیوە بۆ وریا بوونەوە. ئەو ڕۆژنامەیە تا ڕۆژی داخستنی (١٦) ژمارەی لێ دەرچوو، دوای ئەوە شێخ مەحموود ڕووی کردە شاخ و دەستی کردەوە بە خەباتی چەکدارانە، پاش ئەوەی ئینگلیز لە مارتی ١٩٢٣دا مەبەست و نیازی گڵاوی خستە ڕوو و شاڵاوی هێنا، ئەم جارە چاپخانەکەی بە پشتی وڵاغ بردو لە ئەشکەوتی (جاسەنە) دایمەزراندو کەوتە دەرکردنی ڕۆژنامەی (بانگی حەق) کە ئەم ڕۆژنامەیەش زمانی حاڵی بزووتنەوەی نیشتمانی دژ بە ئینگلیزو کۆنەپەرستانی ئەو ڕۆژە بوو، دوای ئەوەی سێ ژمارەیان پێ دەرکرد وەستا. دکتۆر کەمال مەزهەر دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە دەڵێ: (ئەمە بۆ خۆی گەورەترین بەڵگەی بەرزبوونەوەی بایەخی ڕۆژنامەنووسییە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەی گەلی کورددا، ناوی ڕۆژنامەکەش بە ئاشکرا باسی ئەو حەقە دەکا کە ئینگلیز کردیانە قۆچی قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان). دوای ئەمە ئەم چاپخانەی (حکومەت – بلدیە)یە کەوتەوە دەست ئینگلیزەکان و هێنایانەوە شاری سلێمانی، هێندەی پێ نەچوو ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یان پێ دەرکرد کە زمانی حاڵی هێزی داگیرکەرە ئینگلیزەکان بوو.

کاتێ لە (ئەیلوولی ١٩٢٣)دا، شێخ مەحموود ویستی (ئومێدی ئیستیقلال) بکاتە ئۆرگانی بزووتنەوە تازەکەی، هیوای بە شێخ نووری زۆر بوو ئەو ڕۆژنامەیەی بۆ بەڕێوە ببا. مامۆستا (ئەحمەد خواجە)ش هەر ڕای وایە کە: (شێخ مەحموود زۆر حەزی دەکرد شێخ نووری ئەو ڕۆژنامەیەی

بۆ بەڕێوە بەریَ، بەلاَم ئەو ڕۆژنامەکەی وەرنەگرت، ئینجا من ژمارە (١)ی ڕۆژنامەکەم بە سەرنووسەری خۆم دەرکرد، لە دوای ژمارە (١)ەوە کاروباری ڕۆژنامەکە بە (ڕەفیق حیلمی) سپێررا و من کەوتمەوە ناو کاروباری شۆڕشەکەوە) وەک بۆم دەرکەوت شێخ نووری لەبەر زرووفی تایبەتی خۆی نەیتوانیبوو شان بداتە بەر ئەو ئەرکە و لەئاستی ڕاپەڕاندنی نەبێت، بۆیە نەچووبووە ژێرییەوە. ئەوەبوو ژمارە (١)ی مامۆستا (ئەحمەد خواجە) و تا ژمارە (١٤) مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) دەری کرد، ئینجا تا ژمارە (٢٥) مامۆستا (حوسێن نازم) ڕۆژنامەکەی بەڕێوەبرد.

لە ڕاستیدا شێخ نووری لەو کاتانەی کە لە ڕۆژنامەوە نزیک بووەو دەوری لە هەڵسووڕاندنی هەبووە،چالاکی زۆرتر نیشان داوەو بەرهەمی زیاتری بڵاوکراوەتەوە. دوور کەوتنەوەشی لە ڕۆژنامە، کاریگەری زۆری لەسەر کزبوونی بەروبوومی ئەو هەبووە. جموجۆڵی شێخ نووری لەو کاتەی لە ڕۆژنامەدا ئیشی کردووە یان لێی دوور کەوتووەتەوە بەروونی دیارە. ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە دەکریَ ببن بە سەرچاوەیەکی ڕەسەن و بنچینەیەکی ڕاست و دروست بۆ پێشخستنی باری ڕۆشنبیری و ژیانی گەلی کورد و هۆشیارکردنەوەیان. هەر لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یش بوو شێخ نووری سەرەتای تازەبوونەوەی شیعری کوردی ڕاگەیاند.

شێخ نووری لە زۆربەی زۆری ئەو نووسینانەی بۆ ڕۆژنامەنووسی کوردی تەرخان کراوە، ناوی نەبراوەو پشتگوێ خراوەو ڕۆڵی لەو بوارەدا زۆر کەم باس کراوەو تا ئێستا چەند لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، لەکاتێکدا ئەوە دەڵێم، دان بەوەشدا دەنێم کە منیش نەمتوانیوەو دەرفەتم هەر ئەوەندە بۆ هەڵکەوتووە لێرەدا ئەوەندە جێگەی بۆ بکەمەوە، هیوامان وایە لە پاشەڕۆژدا بە لێکۆڵینەوەیەکی لەوە تێروتەسەلتر دەربارەی بەهرەی ڕۆژنامەنووسی ئەم ڕۆژنامەنووسە بنووسرێت و ڕۆژنامەنووسەکانی ئەمڕۆکەشمان زیاتر سوود لە بەهرەی ئەم ڕۆژنامەنووسە پێشەنگ و ڕابەرە وەربگرن.

• **حاجی مستەفای یامولکی:** لە ساڵی (١٨٦٦) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە. ئامادەیی عەسکەری لە بەغدا خوێندووە، ئینجا بۆ خوێندن چووەتە ئەستانە و دوای تەواو بوونی لە (١٣٠٤هـ) کراوە بە سەرۆکی ڕوکنی حەربی و لە وەزارەتی جەنگ دامەزراوە. لە (٢٥)ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٣٦) لە بەغدا مردووەو تەرمەکەیان هێناوەتەوە سلێمانی.

**شێخ نووری لە زۆربەی زۆری ئەو نووسینانەی بۆ ڕۆژنامەنووسی کوردی تەرخان کراوە، ناوی نەبراوەو پشتگوێ خراوەو ڕۆڵی لەو بوارەدا زۆر کەم باس کراوەو تا ئێستا چەند لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە**

هەواڵنامەی دێنیی

(٢)

## ئەحمەد شوکری

## سەربازی نەناسراوی چاپخانەو کاری رۆژنامەگەریی



کـەم خوێنـدەواری کـۆن و نـوێ هـەن (ئەحمەد شوکری)، ناسراو بە (د.شۆ) نەناسن (ئەوەی نەیناسیوە تەمەنی بەزایە چووە). ئەم پیاوە کە زیاتر وەک شیعر نووسـین و شـاعیرێکی قافیە بەدەسـت و قسە قوت و قۆشـمە دەناسـرا، لـە هەمـوو کـۆڕ و مەجلیس و کۆنگرە و بۆنە ئەدەبییەکاندا شـیعری دەخوێندەوە و بە شـیعر و قسەی خۆش دانیشتنەکانی گەرم دەکرد و دەڕازاندەوە.

واز لەوەبێنە، چونکە لایەنێکی زانراوی ژیانیەتی، بەڵام کـە لەگەڵی بکەوتیتایە جدییـەت و بچوویتایە بنجوبنـاوان، پیاوێکـی دنیادیـدەو باخەبـەر بـوو، ماوەیەک ویسـتم لەبارەی بزاڤی رۆژنامەگەریی لە شاری سلێمانی زانیاری کۆ بکەمەوە، ناوی (ئەحمەد شوکری) زۆر دەهاتە پێش کە لە بواری چاپەمەنی و چاپخانـە و کاری رۆژنامـەدا دەوری هەبووبێ، سـەرەتا لە بەغدا و پاشان لەلای (پیرەمێرد) وەک (پیت چنین) لە قەلەندەرخانەکەیدا کاری کردبێ.

لە هەموو شتێ سەرنج راکێشتر لە ژیانیدا ئەوەیە هەر لـەلای (پیرەمێرد) و بەهۆی رۆژنامەی (ژیان)ەوە ئەحمەد شـوکری بۆ یەکەم جار لە دنیـای رۆژنامەگەری کوردیدا بانگـەوازی بڵاوکردووەتـەوە کەوا نیـازی ژنهێنانی هەیە و لـەو بانگەوازەدا وەسـفی خـۆی و ژیانی تایبەتی خۆی نووسیوە، تا هەرکەسێ بیەوێ بۆ ئەو مەبەستە پێوەندیی پێوە بکا. ئەوەبوو لەناو کۆمەڵگەیەکی داخراوی سییەکانی شاری سلێمانی ئەم رچەیەی شکاند و بەم شێوەیە ژیانی خێزانیی خۆی پێکەوە ناوە، ئەمەش لەناو کورد پێشـینەی نەبووە، بگرە لە پاشانیش وێنەی دووبارە نەبووەوە.

ئـەم دیمانەیەی لێـرەدا دەیخوێنیتەوە، بـەر لە مردنی (ئەحمەد شـوکری) بە دوو سـاڵێک لەگەڵیدا ئەنجامم داوە و زیاتر مەبەسـتم بوو وەک کارمەند و سـەربازێکی ونی چاپخانە و کاری رۆژنامەوانیی بیناسێنم، لەکاتێکدا بڕیارم دا ئـەم دیمانەیـەی لەگەڵدا سـاز بدەم کە لابـەلا زانیاریم لە بارەیەوە دەبیسـت کە ئەو زانیارییانە لەگەڵ قسەکانیدا تێـک دەکەنـەوە، منیش بـە هەلی دەزانم ئەو قسـانە بڵاو بکەمەوە.

• **خوێندنت تا کوێ بووە؟**

**ئەحمەد شوکری**: دوو- سێ جار دەستبەرداری خوێندن بووم و تێ هەڵچوومەتەوە.

واتە خوێندنم پچڕ پچڕ بووە.

**• چۆن بیرت لەوە کردەوە لە چاپخانەدا کار بکەی؟**

**ئەحمەد شوکری:** لە خانەقین هاوڕێیەکم هەبوو کە برین پێچی ئاژەڵ و پەلەوەر بوو، ناوی (تاهیر بەهجەت مەریوانی) بوو. (بەهجەت) نازناوی بوو، ناوی تەواوی (تاهیر مەحموودی مۆرهەڵکەن) بوو، لە (مەریوان)ەوە لە گوندی (خەڵوزە) باوکی هاتووەتە سلێمانی و بە (مەلا مەحموودی مۆرهەڵکەن) ناسرابوو. کە ژنی هێناوە (تاهیر) و (محەمەد)ی بووە. (تاهیر)یان بوو بە برین پێچی ئاژەڵ و پەلەوەر، (محەمەد)یشیان هەر لە خانەقین بەرگدرووی کەواو سەڵتە بوو.

لەگەڵ ئەو تاهیر بەهجەتە هەموو رۆژێک خۆزگەمان دەخواست رۆژێ لە رۆژان ببین بە خاوەنی (چاپخانە) و بەرهەمی کوردیمان پێ چاپ بکردایە، کە لەو مێژووەدا کوردی نووسین زۆر کەم بوو، زیاتر بە فارسی و عەرەبی دەیاننووسی. هەردووکمان دەمانگوت دەبێ ئەم ئاواتەمان بێتەدی؟ (چاپخانە) ببوو بە خولیامان و خەونمان پێوە دەبینی.

(تاهیر بەهجەت) دایکی خزمایەتیی لەگەڵ مێژوونووسی نەمر (ئەمین زەکی بەگ) دا هەبوو، بۆ (تاهیر)ی دەنووسی ئەم لاپەڕە و نامیلکەیەم بۆ بدە بە یەکێک بۆم بنووسێتەوە، ئەگەرچی (ئەمین زەکی بەگ) خۆیشی دەست و خەتی جوان بوو، بەڵام سەرقاڵ بوو، دەتوانم بڵێم لەماوەی ساڵێکدا (١٥٠٠) لاپەڕەم زیاتر بۆ نووسیوەتەوە (بۆ زانیاری ئەحمەد شوکری دەست و خەتی زۆر خۆش بوو-ئازاد).

لە ساڵی (١٩٢٨-١٩٢٩)دا تاهیر بەهجەت چووە پایتەخت و لە بەغدا ساڵی (١٩٢٩)دا نامەیەکی بۆ ناردم کە پێم خۆشە بێیت بۆ بەغدا و نزیکە هیواکەی هەردووکمان بێتە دی. لە راستیدا منیش پێم خۆش بوو. لە گۆشەیەکی نامەکەوە خوالێخۆشبوو (ئەمین زەکی بەگ) ئەم چەند وشەیەی نووسیبوو (تاهیر راست دەکا، وەرن بۆ ئێرە ماسی لە دەریا باشتر گەورە دەبێ، تا لەناو جۆگەلەدا).

لەسەر ئەم نووسینە چووم بۆ بەغدا، بەڵام پاش چەند رۆژێ گەڕامەوە بۆ (خانەقین)، ئەوەندەی نەبرد چوومەوە بۆ (هەڵەبجە) کە شاری پێنانە دنیام بوو. ساڵی (١٩٣١) گەڕامەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ یەکێک لە خاوەن چاپخانەکاندا ڕێککەوتین لەلای ببم بە (پیت ڕێکخەر) کە ناوی (مەلا عەبوودی کەرخی) بوو (ئەم پیاوە شاعیرێکی میللی ناسراوی عێراقە). چاپخانەکەش لە بەغدا لەبەری (کەرخ) بوو. ئینجا پێم وت دەبێ مۆڵەتم بدەی بچم هەندێ

> **لەگەڵ ئەو تاهیر بەهجەتە هەموو رۆژێک خۆزگەمان دەخواست رۆژێ لە رۆژان ببین بە خاوەنی (چاپخانە) و بەرهەمی کوردیمان پێ چاپ بکردایە، کە لەو مێژووەدا کوردی نووسین زۆر کەم بوو**

کەلوپەل کە لە هەڵەبجەیە و پێویستم پێیەتی کە بیهێنم.
(مەلا عەبوود) وتی باشە بڕۆ بیانهێنە، کە گەڕامەوە بۆ (هەڵەبجە) وا ڕێکەوت پاش چوار- پێنج مانگ گەڕامەوە، کە خۆم لە شۆڕش و شەڕی (ئاوباریک)ی شێخ مەحموودی نەمر ئالاند و تا تەواوبوونی ئەو شۆڕشە لەوێ مامەوە، ئینجا بوو بە ساڵی (١٩٣٢) جارێکی دی گەڕامەوە بۆ بەغدا. لە بەغدا بە (تاهیر)م وت با بچینەوە بۆ لای (مەلا عەبوود) بزانین ڕێگە دەدا لەسەر چاپخانەکەی ئەو خۆم فێری (پیت ڕێکخستن) بکەم؟ کە چووینە لای، زۆر پیاوانە وتی فەرموو بڕۆ خۆت فێر بکە، کە فێر بووی مووچەت بۆ دەبڕمەوە. لە ماوەی چوار مانگدا وا فێر بووم پیتەکانم ڕێکدەخست و پاش چاپکردن بڵاویشم دەکردنەوە، (مەلا عەبوود) چوار- پێنج ڕۆڵەی پێگەیشتووی هەبوو، یەکێکیان (نەجم)ی ناو بوو لە چاپخانەکەدا لەگەڵمان بوو، چوو بۆ لای باوکی پێی وت (ئەحمەد شوکری) بە تەواوی فێر بووە. باوکی پێی گوتبوو ڕەنگە لەوەوپێش لەسەر چاپخانە کاری کردبێ. ناردی بە شوێنما و چوومە لای وتی: تۆ کۆنە پیت ڕێکخەر نیت؟ پێم وت ئەمە یەکەم جارمە چاوم بە چاپخانە دەکەوێ و ئەم وردەکارییەم پێشتر نەدیوە. ڕووی کردە (نەجم)ی کوڕی گوتی کورد زیرەکن، من خۆیشم ڕەگێکی کوردیم پێوەیە، باپیرم هاتووەتە ئەم شارە، بۆیە بەداخەوە کوردی نازانم. منیش خۆم پێنەگیرا، گوتم: ڕەگی کوردیت نەبوایە نەدەبووی بە شاعیرێکی میللی ناسراو. کەوام پێ وت، وتی: بڕیارم دا لەم مانگەوە مووچەت بۆ ببڕمەوە، چونکە زوو فێری پیت کۆکردنەوە بووی، بەڵام ئەو مووچەیەی کە بۆمی بڕییەوە بەشی نانە وشکی نەدەکردم.

**• ئەی کە بەشی نەدەکردی چۆن مایتەوە؟**

**ئەحمەد شوکری:** لەلای نەمامەوە و چوومە چاپخانەی (نەجاح) کە خاوەنەکەی (عەبدولعەزیز دەباشی) بوو، لەگەڵی کەوتمە کارکردن. چاپخانەکەی لەسەر ئەو شەقامە بوو کە عەنتیکەخانەکەی (متحف)ی لێیە و پردەکەش لەو شەقامە بوو پێیان ئەوت (الجسر القدیم) لە شەقامی (مەئموون).

**• لەوێ چیتان چاپ کرد.. بەتایبەتی نامیلکە و کتێبی کوردی؟**

**ئەحمەد شوکری:** لەگەڵ (مەریوانی) نامیلکەی (خورشید و خاوەر)مان چاپ کرد کە بە زاری هەورامی بوو من کردم بە سۆرانی و لە ساڵی (١٩٣٣) چاپمان کرد، جگە لەوە چەند وردە نامیلکەیەکی ترمان چاپ کرد لەوانە: (هەموو کچێ چی بزانێ) کە نووسینی (شارڵ هۆڵمز)ە

**"کە گەڕامەوە بۆ (هەڵەبجە) وا ڕێکەوت پاش چوار- پێنج مانگ گەڕامەوە، کە خۆم لە شۆڕش و شەڕی (ئاوباریک)ی شێخ مەحموودی نەمر ئالاند و تا تەواوبوونی ئەو شۆڕشە لەوێ مامەوە"**

و لـە ئینگلیزییەوە وەرگیرابـوو. (گوللەیەک لە تاریکی) دا و (تووتنەکەمان) و چەند نووسراوێکی تریش کە پێویست بـە ناو هێنانیـان ناکا، ئەو چاپکراوانەمـان بە (٥) فلس دەفرۆشـت، تەنیا (خورشـید و خاوەر) نەبێ بە پەنجا فلس بوو.


ژیان

**• کـەی گەڕایەوە سـلێمانی و لـە چاپخانەکەی (پیرەمێرد) کارت کرد؟**

**ئەحمـەد شـوکری:** لـە کۆتایـی سـاڵی (١٩٣٣) دا چاپخانەیەکی بچووکمان لەگەڵ (مەریوانی) کڕی و لە خانی (حاجی قەدووری) دامانناً، لەسـەر ئەو شەقامە بوو کە باسمان کرد، لەو کاتەدا چاپخانەی (شارەوانی) لە سـلێمانی (پیرەمێرد و حوزنی موکریانی) بە کرێ لە (شارەوانی)یان گرتبوو، رۆژنامەی (ژیان)یان پێ دەردەهانی.

چوار- پێنج جار هەردووکیان نامەیان بۆ ناردم کە بچمەوە بۆ سلێمانی کاریان لەگەڵدا بکەم، منیش وەڵامم دەدانەوە کە (دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی)م بـە دەسـتەوەیە و لەژێر چاپدایە، تـا لێی نەبمەوە بەڵێـن نـادەم بە هاتنـەوەم، کە تـەواوم کرد، ئەو دەمە رای خۆمتان بۆ دەنووسم. ئەوان هەفتانە رۆژنامەی (ژیان)یـان بۆ دەنـاردم، کە بۆم دەهـات زۆرم پێ خۆش بوو، چاوەم پێ روون دەبووەوە.

**• دیارە پێشتر پیرەمێردت ناسیوە.. ئەم ناسینە چۆن بوو؟**

**ئەحمەد شـوکری:** من پیرەمێردم نەدیبـوو، لە پاش ئەم نامانـە و دوای یـەک- دوو مانـگ، رۆژێ پیاوێکی ریش سپی بۆ چاپخانەکەمان هات و دانیشت. نەمناسی، بەڵام بە عەرەبی قسـەی دەکرد. پێی وتـم ئەوە چی چاپ دەکەی؟ لە وەڵامدا گوتم ئەمە دیوانی شاعیرێکی کوردە، بەڵام ئەو شاعیرە بە کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی شیعری وتووە. بەداخەوە جەنابتان تێی ناگەن، چونکە ئەمە بەشـە کوردییەکەیەتی کە کۆی دەکەمەوە بۆ چاپ. هەسـتا هاتە تەنیشتمەوە و وەستا، گوتی ئەوەم بۆ بخوێنەوە کە لە ناو (قومپان)ەکـەدا کۆت کردووەتەوە. منیـش دووبارە گوتم کوردییـە دەبـێ بۆتـی تەرجەمە بکەم. جا تەماشـای ئەم رێکەوتە بکەن کە خوێندمەوە ئەم دوو بەیتە بوو:

**هەزار ئەفسوون و جادووی پێوە ئاوێزانە ئەم ریشە**
**عیلاجی گەر ببێ یا گوێزە یا گوێزانە ئەم ریشە**
**بە تەحریکی تەڵێکی سەد هەزار نەفسی بە کوشتن دا**
**رەئیسی حیلەکاران ، شای قوماربازانە ئەم ریشە**

کـە خوێندمەوە خۆم گورج کرد بۆی بکەم بە عەرەبی،

کەچـی بە کوردی گوتی بەخوا شـاعیرێکی بلیمەت بووە، بەڵام بـە هەجووەوە خۆی ماندوو کـردووە، منیش گوتم پێیـان خۆش بووە و ئەو دەمە بـاوی بووە. گوتی تۆ من ناناسی؟ وتم نەبەخوا بە خزمەتت نەگەیشتووم. فەرمووی: منـم (حاجی تۆفیـق پیرەمێرد) کە وای وت دەسـتم کردە ملی و ریشـە سـپییەکەیم ماچ کـرد و مناڵێکـی بچووکم لەبەردەسـتا بوو، وتم برۆ لەو چێشتخانەیەی دراوسێمان بڵـێ ئـەم جۆرە چێشـتانە (پڵاو و شـلە قاورمە و شـێخ مەحشـی و سەروپێ و یاپراخ و کوببە عورفایی و کەباب و ماسـتاو و گژوگیا)مان بـۆ بهێنن، (ئەو هەموو خواردنە بایی (١١٠)فلس بوو) وتی کاکە ئەم هەموو خواردەمەنیانە چییە؟

گوتم من بە خزمەتتان نەگەیشـتووم ئێسـتا نەبێ، کە رۆژنامەی (ژیان)م بۆ دەنێرن و دەیخوێنمەوە، زۆر باسی خواردنی تیایە، بۆم دەرکەوتووە جەنابتان حەز لە گشـت جۆرە خواردنێ دەکەن، ئەگەر چێشـتخانەکە کفتەی وڵاتی خۆمانـی ببوایە ئەویشـم بۆ داوا دەکردن. بـە پێکەنینەوە گوتی زیرەکی. بەراسـتی من زۆر حەز لە خواردن دەکەم و چڵێسم، خۆزگە کفتەی سلێمانیشیان دەبوو.

پاشـان گوتی من بـە دووی تۆدا هاتـووم با بچینەوە بـۆ سـلێمانی خۆمان، وتم منیـش پێم خۆشـە بێمەوە لە خزمـەت جەنابتـان کاربکـەم، بـەڵام تا ئـەم دیوانە چاپ نەکـەم و نەیخەمە بـازاڕەوە ناتوانم پەیمانت بدەمێ کە دێمەوە. گوتی هەر کاتێ رزگارت بوو ویسـتت بێیتەوە (میرزا فەرەجی حاجی شـەریف) جێگا و خانەکەی لەو بەرتەوەیە، پارەی لێ بسێنە بۆ رێگات خۆم پێم وتووە. وتم پێویست ناکا پارەی لێ بسێنم، من لەسەر گیرفانی خـۆم دەتوانم بێمەوە، وتی من وام پێ خۆشـە، گوتم باشە پیرۆزە.

**• بەڵێنەکـەی خۆت کەی بردەسـەر و گەڕایتەوە سلێمانی؟**

**ئەحمـەد شـوکری:** لـە (١٤)ی تشـرینی یەکەمـی ساڵی (١٩٣٥)هاتمەوە سـلێمانی، بەڵام شەریکەکەی نووسـەری ناسـراو (حوسـێن حوزنی موکریانی) لەوێ نەمابوو، تۆرابوو. لەوێ لە خزمەت پیرەمێرد کەوتمە (پیت رێکخسـتن) و چـاپ کردن تا ئازاری سـاڵی (١٩٣٩) لەسەر کردنەوەی ئاگری (نەورۆز) لەگەڵ متەسەڕیفی سلێمانی نەختێ ساردی کەوتە نێوانیان کە (مەجید یەعقووبی) ناوبوو، بۆیە دووری خسـتەوە بۆ هەولێر. (جەمیل سـائیب) کە خوشکەزای (پیرەمێرد) بوو ئەویشـی رەوانەی هەولێر کرد، تا (مەجید


ژین

یەعقووبی) لە سلێمانی نەگۆرا نەهاتنەوە سلێمانی.

**• کە (پیرەمێرد) رەوانەی هەولێر کرا تۆ چیت کرد؟**

**ئەحمەد شـوکری:** زۆری نەبرد کە (مەجیـد یەعقووبی) گوێزرایەوە، (پیرەمێرد)ی نەمر و (جەمیل سائیب) هاتنەوە سـلێمانی. (پیرەمێـرد) چوو لە بەغـدا چاپخانەیەکی کڕی و دەسـتی کرد بـە دەرکردنی رۆژنامەی (ژیـان) کە ئەو (ژیـان)ی دەرکرد، من ناچار بووم دوو نوختەی (ژ)یەکەم لەگەڵ نوختەیەکی (ی)یەکەم کڕاند و کردم بە (زبان).

**• رەزامەنـدی لـە کـوێ وەرگـرت بۆ سـەرلەنوێ دەرکردنەوەی (ژیان)؟**

**ئەحمەد شـوکری:** پێـم وایە سـەرۆکی شـارەوانی ئەو سەردەمە بۆ (پیرەمێرد)ی نووسی تۆ چۆن بەناوی (ژیان) رۆژنامە دەردەهێنی؟ (ژیان) هی شـارەوانییە، بۆیە دوای ئـەو ئاگادارکردنەوەیە (پیرەمێرد) کـردی بە (ژین)، بەڵام مـن هەر بە (زبان) هێشـتمەوە و چەنـد ژمارەیەکمان بە ناوی (زبان) دەرکرد.

لەو زەمانـەدا بەیانێک لـە بارەی خاوەن سـامانەکان بڵاوکرایـەوە، کـە سـامانەکانیان بە خوێنی گـەل پێکەوە نـاوە، پێم وایە بە کوردی و عەرەبی و فارسـی و تورکی ئـەو بەیانە چـاپ کراو لە گشـت عێراقدا لـە عەینی رۆژ بڵاوکرابووەوە، حکومەت ئەمەی بەلاوە ناخۆش بوو، بۆیە کەوتـە گەڕان بۆ دۆزینەوەی ئـەو پیتانەی بەیانەکەی پێ چاپ کراوە.

نازانـم چ خێرخواهێ چوو بوو لـە خۆیەوە گوتبووی (ئەحمەد شوکری) لە چاپخانەی شارەوانی چاپی کردووە. (حەمید سورسـوور) متەسـەریف بوو هات بۆ چاپخانە و وتی: تۆ چەند جۆر پیتت هەیە؟ گوتم هەر تەنیا یەک جۆرە کە پێی دەڵێن بیسـت و چوار، بۆ سەرەنووسین (عینوان) پیتی سی و پێنجمان هەیە کە زۆر گەورەیە.

خـۆی بەناو ژوورەکانی چاپخانـەدا گەڕا. چوار- پێنج تەنەکە پیتـی کۆنی زەمانی (مێجەر سـۆن) هەبوو، گوتی ئـەی ئەمانە چین؟ گوتم ئەمانە کۆنـن و پەکیان کەوتووە و هـی زەمانـی (مێجەر سـۆن)ن پیتـی شـانزەیە. گوتی دەمـەوێ لەم پیتانە چەند دێڕێکم بـۆ چاپ بکەیت. منیش لـە وەڵامدا گوتم: جەنابی متەسـەڕیف ناکرێت دەزگایەک (٤٥٠) پارچەیـە ئەگـەر ناوی جەنابت بنووسـم (ح)ەکەی پارچەیەکەو (میمە)کەی پارچەیەکەو (ی)یەکە پارچەیەکەو (داڵە)کەش پارچەیەکە، ئینجا ئەمە چۆن بە من دەکرێ؟ کە وام وت کەوتە گومانەوە و گوتی نابێ، (عەزرا)ی مەعاونی پۆلیسـی لەگەڵدا بوو وتی چاپخانەکە لۆک بکە، با هەموو رۆژێ چـوار کاتژمێر لێـرە بمێنێتەوە تا ئـەو پیتانە دێتە

> **لـەو زەمانـەدا بەیانێک لـە بـارەی خـاوەن سامانەکان بڵاوکرایەوە، کە سامانەکانیان بە خوێنی گەل پێکەوە نـاوە، پێم وایە بە کوردی و عەرەبی و فارسـی و تورکی ئـەو بەیانە چاپ کـراو لە گشـت عێراقدا لە عەینی رۆژ بڵاوکرابووەوە**

هەواڵنامەی کتێب

کایەوە. (نمیم مەجید) کە محاسبی شارەوانی بوو کۆنە پیتریێکخەر بوو وتی: سەعادەتی متەسەڕیف منیش لێی دەزانم و یارمەتی دەدەم، پاشان یارمەتیشی نەدام.


ژیان

بە پێنج مانگ و نیو توانیمان ئەوەندە ڕێک بخەین کە دوو- سێ دێڕی پێ چاپ بکرێت، پاش چاپ کردن، چەند دێڕێک لەو بەیانە بۆ پایتەخت ڕەوانە کرا، دوای مانگێ وەڵام درایەوە کە ئەم پیتانە، ئەو پیتانە نین کە بەیانەکەیان پێ چاپ کراوە. لە پاش شەش مانگ زیاتر من ڕزگارم بوو، کە ڕزگارم بوو سکالایەکم بەهۆی سەرۆکی شارەوانییەوە کە (مەحمووده فەندی) بوو خوا لێی خۆشبێ دا بە متەسەڕیف (حەمید سوڕسوڕ) کە نووسیبووم:

(ئیتر نامەوێت لەسەر ئەم چاپخانەیە کار بکەم، تکایە ئەم دەست هەڵگرتنەم لێ پەسند بکەن، با تووشی بەڵایەکم نەکا) کە سکالاکەی منی بەرچاو کەوتبوو ناردی بە شوێنماو گوتی تۆ مادام هیچت لەسەر نەبوو و پاک دەرچووی، من پێم خۆشە دەست هەڵنەگری و پلەیەکیش مووچەکەت بۆ زیاد دەکەم. وتم جەنابی متەسەڕیف پێم خۆش نییە و گوێم لێ بگرە ئەم چیرۆکەی شێخی سەعدی شیرازیت بۆ دەگێڕمەوە کە لە (گولستان)ەکەیدا هەیە. فەرمووی بڵێ بزانم چییە؟ وتم: لە زەمانی پادشاهانی کۆندا پادشایەک تیروەشان (نیشان شکاندنی) زۆر پێ خۆش بووە. (ئەنگوستیلە)یەک لەسەر منارەیەکی بەرز دەخاتە سەر دارێک و دەڵێت هەر تیروەشێنێ، تیرەکەی چوو بەناو (ئەنگوستیلە)کەدا من خەڵاتێکی زۆر گەورەی دەکەم، هەرچی تیروەشێنی ئەم ناوچەیە هەیە دەست دەکەن بە تیرهاوێشتن بۆ ئەنگوستیلەکە، کەسیان بۆیان ڕێک ناکەوێت تیرەکەیان بچێتە ناو ئەنگوستیلەکەوە و ناپێکن. چەند منداڵێک لەسەربان نزیک بەو منارە و ئەنگوستیلەیە لە خۆیانەوە تیر دەوەشێنن، بەڵام نەک بۆ نیشانەکە، کەچی بەرێکەوت تیری یەکێک لەو منداڵانە (با) تیرەکەی دەکات بەناو ئەنگوستیلەکەداو گورج پاشا ئاگادار دەکەن و منداڵەکە دەبەن بۆ لای و باوک و دایکی مناڵەکە بانگ دەکا بەخشیشێکی زۆر گەورە وەردەگرن. مناڵەکە دەگاتە ماڵەوە لەگەڵ دایک و باوکیدا تیر و کەوانەکەی خۆی دەشکێنی!

دایک و باوکەکە دەڵێن ڕۆڵە بۆچی شکانت؟ لە وەڵامدا کوڕە ژیکەڵەکە دەڵێ: بابە ئەم جارە بەخششمان پێ وەرگرت، بەڵام جارێکی تر نەکا بچێت بەچاوی یەکێکدا و چاوی کوێر بکات، ئەوکاتە چاوم لەسەر چاوی دەربهێنن.

سەد هەزار ئافەرین بۆ مندالّی ئاوا.

منیش گوتم گەورەم ئەم جارە رزگار بووم، جارێک دەبێ تووشم بکات، تا تووش نەبووم تکات لێ دەکەم سکالّاکەم لێ پەسەند بکە، توخوا با کەسی تر لە خۆیەوە بەدرۆ شتێکم بۆ نەدۆزێتەوە، ئنجا متەسەڕیف گوتی بەراستی تێگەیشتوون و سکالّاکەی لێ وەرگرتم و بۆی دەرچووم.

**• چیرۆکی تۆ و مەجید یەعقووبی و خوێندنەکەت چۆنە؟**

**ئەحمەد شوکری:** لەسەردەمی ئەودا ناوچەی (پشدەر) بە تەواوی کەوتە ژێر دەسەلّاتی میرییەوە، چەند (کاتب)ێکیان پێویست بوو بۆ (قەلّادزە) و (بنگرد) و شوێنی تر.

منیش سکالّایەکم دایە (مەجید یەعقووبی) کە رێگەم بدات بچمە ریزی خۆتاقیکەرەوەکان. ناردی بە شوێنما و پێی وتم تۆ لە چ قوتابخانەیەک دەرچوویت و شەهادەی چیت بەدەستەوەیە؟

گوتم من لە قوتابخانەی حکومەتدا نەمخوێندووە، لە حوجرەی فەقێیاندا خوێندوومە،ناملیکەو سیپارەکانی حوجرە وەک (نحو) و (سەرف) و (مەنتیق) و (بەلاغە) و (عەرووز) و (شەرع) و (حەدیس) و شتی ترم خوێندووە. لەوەلّامدا وتی: نایەلّم بچیتە ریزی تاقی کەرەوەکان، هیچ نەبێ دەبێ شەهادەی سەرەتاییت هەبێ. وتم گەورەم زۆری وا هەن هەر لە حوجرە خوێندوویەتی، کەچی پلەو پایەی گەورەیان پچڕیوە، وەک شێخ مستەفای قەرەداغی و مەلا سدیق و چەندان کەسی تریش. کە وشەی چەندان کەسی ترم لەدەم دەرپەڕی، لێم راپەڕی و گوتی: بڕۆ دەرەوە. تومەز خۆیشی بەبێ شەهادە گەیشتووەتە پلەی متەسەڕیفی. زۆر بە ناشیرینی دەری کردمە دەرەوە. پاش چەند رۆژێک چوومە لای بەڕێوەبەری پەروەردە و زانین کە (رەشید کابان) بوو (خوالێی خۆش بێ) پێم گوت: دەمەوێ بچمە ریزی تاقی کەرەوەکان. لە وەلّامدا بە دلّسۆزانە گوتی کورم دەرناچیت، مێژووە. نەخشەیە. ئەشیایە. ژمارەیە. عەرەبییە. ئینگلیزییە. شتی ترە چوار دینار و نیوی رەسم دەوێ، پارەکەت لەدەست دەڕواو سەرناکەویت، من رێگا نادەم.

منیش گوتم مامۆستای بەڕێزم ئەو ناملیکانەی کە فەرمووتان دەتوانم گشتی ئەوەندە بخوێنمەوە، لەبەریان بکەم. بۆ ئینگلیزییەکەشی، لەلای ئینگلیزی زانێ خۆم فێر دەکەم.

ئەگەر سکالّاکەم لێ پەسند بکەیت، فەرمووی نابێ. ئەم باسەم بۆ (پیرەمێرد)ی نەمر گێڕایەوە گوتی من نایەلّم فلسێ رەسم بدەیت و ئەیشتخەمە ریزی تاقی کەرەوەکانی سەرەتایی و ئەتکەم بە قوتابی (زانستی) و دەرسی دینیشیان پێ بلّێ و شیعریشیان بۆ بخوێنەرەوە، ئەوسا بەناوی زانستییەوە دەچیتە تاقیکردنەوەوە.لەکاتی تاقیکردنەوەدا بەناوی زانستییەوە پەسندکرام. ئەو سالّە (١٩٣٩-١٩٤٠) لە قوتابخانەی (غازی) کە ئێستا پێی دەلّێن (شێخ مەحموود) وەریان گرتم ئەوکاتە (٤٥٥) قوتابی دەبووین چووبووینە تاقی کردنەوەکەوە، قەزاو ناحییەکانیش دەهاتنە سلێمانی بۆ ئەو تاقی کردنەوەیە.

سەرنج:
واپێدەچی لە وەلّامی هەردوو پرسیارەکەی پێش دوا پرسیار دوودلّییەک لای خوالێخۆشبوو بۆ وەلّامی پرسیارەکان دروست بووبێت، بۆیەشە لە وەلّامی یەکێک لەپ رسیارەکان بە (پێم وایە) وەلّامی داوەتەوە، بۆیە بۆ خوێنەرو توێژەرانمان ئەم چەند خالّە بە کورتی دەنووسینەوە:

١. کاتێ شارەوانی دەستی بە دەرکردنی رۆژنامەی (زبان) کردووە هێشتا (مەجید یەعقوبی) نەبووبووە متەسەڕفی سلێمانی.

٢. ئەو کلێشەی (ژیان)ەی لەلایەن (ئەحمەد شوکری) کراوەو کراوەتە (زبان) ئەو کلێشەی رۆژنامەی (ژیان)ەکەی پیرەمێرد نەبووە، بەڵکو کلێشـــەی (ژیان)ێکی دیکە بووەو (شـێخ لەتیف)ی دانســاز بۆ شــارەوانی دروســت کردووە.

٣. مۆڵەتەکەی پیرەمێرد هەر لە بەغداد، بەناوی (ژین) بووە، ئەوسا شارەوانی رۆژنامەکەی خۆی بە ناوی (زبان) دەرکرد و پێویستی بەناوی (ژیان) نەمابوو تا لەبەردەم ببێتە رێگرو نەیەڵێ رۆژنامەکەی بەم ناوەوە دەربکات، پاشــان زۆرجاران و لە زۆر وڵاتان ئەوە دەبێتە مەســـەلەیەکی یاسایی هەر خاوەن رۆژنامەیەک بڵاوکراوەکەی رابگیرێ بۆ پەرینەوە لە ئاســتەنگەکان بەناوێکی دیکە مۆڵەتی یاسایی وەردەگرێتەوە، پیرەمێردیش هەر وای کردووەو بەناوی (ژین)ی ئەستەمبۆڵ، رۆژنامەکەی خۆی دەرکردۆتەوە.

٤. ئەو کاتەی شــارەوانی دەســتی بە دەرکردنەوەی (ژیان) دواتر (زبان)ەکەی کردۆتەوە دەمێک بوو (پیرەمیرد) چاپخانەیەکی بۆخۆی کڕیبوو چاپخانەکەی شارەوانی دابووەوە بەخۆیان.

بۆ وردەکاری زیاتر بنۆڕە: (دیاری ژمارە)، ژیان = زبان، کوردێکی یەک رەنگ، گۆڤاری (رۆژنامەنووس) ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٠٤، ل ٤–٢٠.

ژێدەرو سەرچاوەکان:

١. تێگەیشــتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنوسی کوردیدا. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا ١٩٧٨– ل١٠، ل٩٣، ل١٠٦.
٢. مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، جەبار محەمەد جەباری. سلێمانی – چاپخانەی ژین. ١٣٩٠ ک – ١٩٧٠ز.
٣. حول الصحافه الكرديه. الدكتور عزالدين مصطفى رسول – بغداد ١٩٧٣ – ص٣٤.
٤. دور الشــعب الكردى فى پوره العشرين العراقيه. الدكتور كمال مظهر احمد – مطبعة الحوادث. بغداد ١٩٧٨، ص ١٤٠.
٥. رۆژی کوردســتان ١٩٢٢–١٩٢٣ کۆکردنەوەو لەسەر نووســینی: جەمال خەزنەدار، بەغدا ١٩٧٣– سەرجەمی ژمارەکانی رۆژی کوردستان کە بە ئۆفسێت لە چاپ دراوەتەوە – بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری کوردی.
٦. بانگی کوردستان ١٩٢٢–١٩٢٦ کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی: جەماڵ خەزنەدار ١٩٧٤ بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری کوردی. سەرجەمی ژمارەکانی رۆژنامەی بانگی کوردستان بە ئۆفسێت لە چاپ دراوەتەوە.
٧. گۆڤاری رزگاری ژمارە (١)ی ساڵی (١) (٢)ی نیسان ١٩٦٩. (تۆمار).
٨. جريده العراق. مصطفى پاشــا يالملكى.. صحفيا وسياســيا. العدد ٢٤١٣ (٩) كانون الپانى ١٩٨٤ – إبراهيم باجلان.
٩. جريده العراق – العدد ٢٣٩٨، ٢٢ كانون الأول، ١٩٨٣، (١٨) ربيع الاول ١٤٠٤ه (نورى الشــيخ صالح شــاعرا وصحفيا) إبراهيم باجلان.
١٠. هەندێ ژمارەی بانگی کوردستان و رۆژی کوردستان کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان پێ دراوە.
١١. جريده العراق يوم ١٩٨٣/١١/٧ لمناســبه مرور احدى وستين عاما على صدورها ٩٢٢–٩٢٣ رۆژی کوردستان و دورها التاريخى.

# رۆژناما کوردستان و روسیا قەیسەری
## ١٩٠٢-١٨٩٨

هوگر طاهر توفیق

وەرگێران: محسن عبدالرحمن

هەواڵنامەی کتێب

**پوختە**

ئەڤ ڤەکولینە ل دور هەلویستێ گشتییێ رۆژناما کوردی یا ئێکێ کوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢ ژدەولەتەکا مەزنا وی سەردەمی ودەنگەکێ بلند ل سەر ئاستێ نیڤدەولەتی هەی، وتوخیبێ وێ دگەهشتە ئەردێ کوردان ل کوردستانێ ژلاییێ باکور وباکورێ رۆژهەلاتی هەر ژنیڤا دوویێ ژچەرخێ نوزدێ ومەبەستا مە بێ روسیا قەیسەرییە.

رۆژناما کوردستان ئەوا سیە وئێک ژمارە دنیڤبەرا سالێن ١٨٩٨-١٩٠٢ یێدا ژی دەرچووین، ژلاییێ هەردوو برایان میقداد مدحەت بەدرخان وعەبدولرحمان بەدرخان ونوینەرا ئێکانە یا بووچونێن کوردان ژ رودانێن کورد وکوردستان وی دەمی تێدا بورین. وهەڤپێچی یا رۆژناما کوردستان تێدا دیارکری ئەوژی: سیاسەتا زل هێزێن وی دەمی ل دور کوردان وبتایبەت روسیا قەیسەری. ورۆژنامێ دیارکریە کو بووچوونەکا کوردی یا بەرفرەه دژی روسیا وسیاسەتا وێ ل دەڤەرێ هەبوو. ویا ژوێ گرنگتر ئەوە یا رۆژناما کوردستان دژمارێن خوەییێن داویێ دا دیارکری بتایبەت ئەگەرێن ل پشت ڤێ هەلویستێ کوردی.

**پێشەکی**

سیاسەتا روسی سەمتەکا دی گرت ل سەردەمێ هەردوو قەیسەرێن روسی: (بوترسێ ئێکێ ١٦٦٧-١٧٢٥)ێ و (کاترینا دوویێ ١٧٦٢-١٧٦٩)ێ ئەوێن دەست ب نویکرنەڤەیا دەولەتا روسی کری ل سەر سیستەمێ ئوروپێ رۆژئاڤاییی کو هەر ئێک ژفرەنسا وبریتانیا د وی دەمیدا ژ دیارترین پێشەنگێن وێ بوون، وئێک ژئەنجامێن ڤێ سیاسەتێ ڤەگوهاستنا روسیا بو پادشاهیەکا بەرفرەه وگەهشتنا ئاڤێن گەرم ئێک ژگرنکترین پێدڤیێن ڤێ پادشاهیەتێ بوو[1]. ودا روسیا بگەهتە ئارمانجا خۆ پێدڤی بوو، لدوڤ ئێک ژدوو هێلێن جوگرافی بچیت،

یائێکێ: ژباکورێ کوردستانی دەربازی ئەنادولا ترکی تا دەریا سپی یا ناڤەراست وتەنگێن ترکی وستانبولێ بیت. وریکا دوویێ: گەهشتنا گەنداڤی فارسی- عەرەبی ب دەربازبوونی ژباشورێ کوردستانێ وباژێرێن بەغدا وبەسرا. ول سەر ڤی بنەمای پێدڤی بوو روسیا هەرئێک ژ ڤان دوو رێکا دکوردستانی را دەربازبیت[٢].

ئێکەم پەیوەندی دنیڤبەرا روس وکورداندا ل سالا ١٨٠٤ێ پەیدا بوو، وپاشی روسیا هەولدا کوردان بۆ لایێ خوە دهەڤرکیا پاشەروژێدا دژی دەولەتا ئوسمانی رابکێشیت، وشیا دشەرێ خوەدا ١٨٢٨ێ هندەک کوردان دناڤ تیپێن خوەیێن لەشکری دا سەرباز بکەت[٣]. ودناڤەراستا چەرخێ نوزدێ دا هندەک سەرکردایەتیێن کوردی ژلایێ خوەڤە هەولدا پەیوەندیێ ب روسان بکەن کو پشتەڤانیا وان دژی دەولەتا ئوسمانی بدەستڤەبین، ویێ ژهەمیا دیارتر بشێوەکێ رەهایی (ئێزدین شێر) بوو، ئەو دشەرێ (قرم) دا ١٨٥٣-١٨٥٥ێ هەولدای پەیوەندیێ ب سەرکردایەتیێن روسی ل قەفقاس بکەت، بەلی بێ بەرسڤەکا روسی یا هەژی وەربگریت[٤].

دەولەتا ئوسمانی دشیاندا نەبوو لپێش بەرفرهبوونا روسی راوەستیت، ئەگەر دەڤەر دئەجندەیێن دەولەتێن مەزندا نەبا ولپێشیا وان بریتانیا ئەوا بەرامبەر پلانێن روسیای ددەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤەراستدا راوەستیای، وبتایبەت ئەردێن هەردوو دەولەتێن ئوسمانی وئیرانی دا ئەو ژی ژ بۆ پاراستنا پەرژەوندێن بریتانی ل هندستانێ، وبریتانیا لسەر سیاسەتا بەرنیاس(پاراستنا باری هەی - الحفاظ علی الوضع الراهن) بریڤەچوو، وئەڤ سیاسەتا نیڤ دەولەتی درۆژهەلاتا ناڤەراستدا بدرێژیا چەرخی نوزدێ بەردەوامی کر[٥].

وبڤەگەریانێ بۆ پەیوەندیێن روسی کوردی دشیاندایە بێژین ئەو گەهشتە قوناغا روبەرو بوونا هەڤدژ دشەرێ ئوسمانی روسی دا ١٨٧٦-١٨٧٨ێ یدا کو کوردان ل تەنیشت دەولەتا ئوسمانی بشێوەکی کاریکەر تێدا پشکداری کر، وژ دیارترین کوردێن تێدا بەشداربون هەردوو خێزانێن کوردێن ناڤدار: نەهری ل شەمزینان وقادری ل سلمانیێ بوون. هەروەسا روسیا لایێ ئەرمەنان گرت وپشتەڤانی ل ئومێدێن وان یێن نەتەوەیی ددەڤەرێدا پاشی کر وبتایبەت دکوردستانێ دا، وئەڤەبو ئەگەرا کوربوونا -تعمیق- ناکوکیێ دنیڤبەرا کورد وروسان دا[٦].

وبڤێ دشیاندایە بێژین کو بکریار روسیا ل دەستپێکا چەرخێ نوزدێ هەولدا خوە نێزیک کوردان بکەت، ئەوژی ژبو بجهئینانا ئارمانجێن خوەیێن سیاسەتا کونلیالیزمی

> **دناڤەراستا چەرخێ نوزدێ دا هندەک سەرکردایەتیێن کوردی ژلایێ خوەڤە هەولدا پەیوەندیێ ب روسان بکەن کو پشتەڤانیا وان دژی دەولەتا ئوسمانی بدەستڤەبین**

ددەڤـەرا رۆژ هەلاتـا ناڤەراسـتدا بەلێ بهاتنـا ئەرمەنان بۆناڤ كريارێ روسـيا نەشـيا ژئاليێ سياسـيڤە كوردان هەمبێز بكەت، ئەوێن ژئاليێ خوەڤە هەلويستەكێ نێگەتيڤ بەرامبەر وەرگرتی.

وبـەرێ ب هورێ بجينـە دناڤ هەلويسـتێ رۆژنامـا كوردسـتاندا[٧] ژروسـيا قەيسـەرێ هەژێ ئاماژەكرنێ يە، رۆژنامێ هەلويسـتێ خوەيێ تايبەت ژبەريتانيا وفرەنسـا ژێ هەبـوو، وگرنكە ڤـان هەردوو هەلويسـتان ئەگەر ب ريزێن كێم ژێ بيت بزانين.

وەسـا ديارە هەلويسـتێ كشـتيێ رۆژناما كوردستان يـێ تايبـەت ب بريتانيا ڤـە وسياسـەتا وێ ل رۆژهەلاتا ناڤەراسـت هەلويسـتەكێ لايەنگربوو، وئەگەر ل پشت ڤێ لايەنگريێ ڤەدكەريت بو هەلويسـتێ بەريتانی ێ بەرهنگار ژبەرفرهبوونـا روسـی ددەڤـەرێ دا، وسياسـەتا وێ (بريتانيا) ئەوا ب سياسەتا پاراستنا بارێ هەی بەرنياس[٨]. بۆ نموونە عەبدولڕحمان بەدرخان دژمارێن بيست وبيست وئێكـدا ل دور رودانـەكا گرێـدا ب(بريتانيـا) وبرايێ ويڤە (خاليد سـەيفوللاە) ل سـتانبولێ دبێژيت، ددەمێ شـەرێ دنيڤبەرا بريتانيا وملەتێ باشورێ ئەفريكا ل سالا ١٨٩٩ێ روداى، خاليد سـەيفوللاێ دەستپێشـخەری كر، ونێزيك چـوار تـا پێنچ هزار خوە بەخشـێن -متگـوع- كوردان ل ستانبولێ كومكرن، وئامادەيا خوە دەربرێ ژبۆ بەشدارێ دشـەرێ وبەرڤانيكرنێ ژبريتانيا بەلێ كارگێريا سـولتان عەبدولحەميـدێ دوويـێ (١٨٧٦-١٩٠٩)ێ ئـەڤ بزاڤە ب كارەكێ دژێ وێ شـروڤەكر، وئـەو وهندەك ژلايەنگيرێن وێ گرتـن، ونەهاتنـە ئازاد كرن تاكـو باليوزێ بريتانی ل سـتانبولێ مايتێكرن دمەسـەلێ دا كرێ. وعەبدولرەحمان بەدرخـان بير ل سـولتان عەبدولحەميـدێ دئينيتەڤە، كو دەولەتا ئوسـمانی وبريتانيا دوسـتێن ل سەر ئاستێ نيڤ دەولتينـە وئەگـەر بريتانيا نەبـا، روس چەنديـن جارا دا ستانبولێ داگيركەن[٩].

ول سـەر ڤـێ بناماێ نێرينـا رۆژناما كوردسـتان بۆ بريتانيـا نيرنـەكا پوزەتيڤ بـوو، وهەلويسـتێ ژدەولەتا ئوسمانی كو كوردستانێ توخيبێ وێێ رۆژهەلاتێ پێكدئينا وبەرسينگگرتناوێ بۆ بەرفرهبوونا روسی ب باشێ ددیت، ئەڤە ژبلێ ئێك هەلويسـت كو رۆژناما كوردسـتان رەخنە ل دەولەتا ئوسـمانی كر، ژ نـە پويتەدان ب بەندەرا كويت ئەوا بەريتانيا دەستێ خوە دانايە سەر دباشەرۆژێدا دبيتە ژگرنگتريـن بەندەرێن دەريای ل دەڤەرێ[١٠]. زێدەبارێ وێ دەمێ رۆژناما كوردسـتان رەخنێ ل سياسـەتا دەولەتێن مـەزن ب شـێوەيكی كشـتی دگريت، كـو جارەكـی يان

> وەسـا ديارە هەلويسـتێ كشـتيێ رۆژناما كوردسـتان يێ تايبـەت ب بريتانيا ڤە وسياسەتا وێ ل رۆژهەلاتا ناڤەراسـت هەلويسـتەكێ لايەنگربوو

هەولاتی کتێب

دووجـاران ناڤـێ بریتانیـا تێدا هاتیـە[١١]. ژبلـی وان پتریا ئاماژەکرنێـن رۆژناما کوردسـتان بـو بریتانیا دپوزەتیڤ بوون.

بەلـێ هەلویسـتێ رۆژناما کوردسـتان ژفرەنسـا یێ جودانەبویـە ژهەلویسـتێ وێ ژروسـیا، عەبدولرەحمان بەدرخان ل گەلەک هەلکەڤتان ل دور پەیڤی یە ورەخنە ل سیاسـەتا وێ ددەولەتا ئوسمانی وکوردستانێ دا بتایبەت سیستەمی سەرپشـکیا (نظـام الامتیـازات)[١٢] لـێ گرتیە، زیدەبـاری هنارتیێـن وێ یێـن مزگیندار ئەوێـن- بعثاتها التبشـیریة- رولەکێ نیکەتیف دکورکرنا ناکوکیێن دنیڤبەرا کوردێن بوسـرمان وتائیفێن کریسـتیانان ل کوردسـتانێ گێرای، هەروەسـا ئەوان مزگینداران کارتێکرنەکا نێگەتیڤ دئاریشـەیا ئەرمەنـی ژی دا گێـرا، ئـەوا رودانێـن وێ ل کوردسـتانێ دگرێیا داوێ دا ژچەرخێ نوزدێ روداێن و تـا پشـتی چەنگا جیهانی یـا ئێکی یا بـەردەوام بوو[١٣]. بۆ نموونە، عەبدولرەحمان بەدرخانی دژمارە سیهدا گوتارەک ل ژێر ناڤونیشانێ ( کردستانێدە اساسا نفاقی- بنیاتێ دوو رویاتیێ ل کوردسـتانێ) تێدا ل دور ئاریشـە یا ئەرمەنی ورولێ مەزنێ مزگیندارێن کریسـتیان وبتایبەت فرەنسـیا دکورکرنـا ناکوکیا دنیڤبـەرا کورد وئەرمەنیـان دا پەیڤی یـە . وعەبدولرەحمـان بەدرخان زێدەدکەت، کوفرەنسـی بدەرئێخسـتنا وان رەبەنا ژ وەلاتێ خۆ رابوینە، بەلێ ئەو خرابکار – وەکـو عەبدولرەحمان بەدرخان دبێژێت – نها ل سـەر ئەردێ مەنە ولژێر پاراسـتنا فرەنسا، ئەو بەلا بو بەرچاڤێن بێگوناهێن ئەنادولێ هنارتینە، وفرەنسـا ب هێزا خـۆ یا دەریایی گەلەک سەرپشـکی داینە وان مزگینداران. ودئەنجامـدا کوردسـتانا هـەژار دێ بیتـە مەیدانا پلانێن فرەنسـی وبرێککەڤتن لگەل روسیا د پاشە رۆژێدا شەرێن دژوار دێ رودەن[١٤]. وبڤـی هەلویسـتێ دوژمنکارانەیـێ رۆژناما کوردسـتان ژ فرەنسـا وسیاسـەتا وێ ددەولەتا ئوسـمانی دا وبتایبـەت دنـاڤ کـوردان ل کوردسـتانێ دیاردبیت.

ول سـەر ئەڤا بـوری دیار دبیت کـو رۆژناما کوردی یا ئێکی کوردسـتان هەلویستێ خۆ ژ سـەرجەم رودانێن وی دەمێ ب سـەر کورداندا دهاتن، زێدە بارێ ئێخسـتنا روناهیێ ل سـەر پتریا ئاریشەیێن نەتەوەیی، وهەلویستێ خۆ ژ سیاسـەتا دەولەتێـن مەزن ژی دیـار کریە، ئەوێن وی دەمی زلهێزێن جیهانێ وچارەنڤیسـێ گەلێن ب هێزی ژوان بجوکتر ددەستی دا، وئەڤا ل ژێر هەلویستی وێ یە- ئانکو رۆژناما کوردسـتان- ژ روسیا قەیسەری کوبابەتی سەرەکیی یە لڤێرە.

**بڤـی هەلویسـتێ دوژمنکارانەیـێ رۆژنامـا کوردسـتان ژ فرەنسـا وسیاسـەتا وێ ددەولەتـا ئوسمانی دا وبتایبەت دناڤ کوردان ل کوردستانێ**

یائێکێ:
هەلویستێ رۆژناما کوردستان ژروسیا لسەردەمێ دامەزرێنەرێ وێ میقداد مدحەت بەدرخانی[١٥]:

رۆژناما کوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢ دەنگێ ئێکانە یێ دەربرینکەر ژبوو چوونا کوردی ل سەر ئاستێ رەوشەنبیری وهزری ژ رودانێن بسەر کوردان دا دوێ قوناغا مێژوویێ دا دهاتن ل دوماهیا چەرخێ نوزدێ ودستپێکا چەرخێ بیستێ بوو.

و هەڤپێچی یا رۆژناما کوردستان دیارکری، هەلویستێ وێ بوو ژسیاسەتا روسیا بەرامبەر دەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤەراست بشێوەکێ گشتی وژکوردان بتایبەت وهەلویستێ کوردان ژوێ، وبشێوەکێ گشتی هەلویستێ وێ ژروسیا وسیاسەتا وێ ددەڤەرێ دا ب پلەیەکا مەزن یێ نێگەتیف بوو، وەکو درێژێن داهاتی دێ دیارکەن، زیدەباری ئەگەرێن هاندەر بۆ ڤی هەلویستێ کوردیێ رەتکەر بۆسیاسەتا روسیا ددەڤەرێ دا.

رۆژناما کوردستان ل دەرچوونێ وهەر ژهژمارا ئێکێ دەست ب رەخنەگرتنا روسیا کر، دڤێ هژمارێ دا - هژمارە ئێک - مقداد مدحەت بەدرخانی سێ جاران رەخنە ل روسیا کریە وهەرەشەکریێ، بەحسێ روسیا دسەر گوتارا رۆژناما کوردستان ئەو بـ (بسم الله الرحمن الرحیم) دەسپێکری، وهەڤپێچی پەرەگراڤا ئێکێ پشتی لگەل مللەتێ خو ل دور گرنکیا فێربوونێ ومفایێن وێ وجوداهیا مەزن دپێشکەفتنێ دا دنیڤبەرا مللەتێن رێکا زانستی گرتی ویێن نەگرتی پەیڤی، دهێتە سەر پەیڤێن لدور کوردان وئاستێ وان یێ فێربوونێ، پەرەگراڤا ئێکێ ژسەر گوتارێ ب بەحسێ روسیان بداوی دئینیت، دەمێ دبێژیت: "...حەیفا من تێت ژکوردان رە، کورد ژگەلەک مللەتان پتر خودان هش وزیرەکی وجامێرن، دینین راست وبهێز وخورتن، ودیسا وەکە مللەتێن دی نەخوندەڤان وهەژارن، ددنیایێ دە چ دبە هەڤسوییێن وان موسقوف چاوایە، وێ چ بکەن نزانن.. "[١٦].

ئاڤرییا ئێکێ بۆ ڤی دەقی چەند مەسەلەکا دیاردکەت، ژلایەکیڤە رادەیا رەتکرنا کوردی بۆ سیاسەتا روسی لوی دەمی ددەڤەرێ دا، تاکو ناڤێ وان دئێکەم پەرەگراڤدا هەڤپێچی سەر گوتارا ئێکەم رۆژناما کوردی هاتیە، وژئالیەکێ دیڤە کوردێن باکور وناڤەراستا کوردستانێ ناڤێ (موسقوف) ل روس وروسییان دئینن لدوڤ پایتەختێ وان موسکو ودبیت ئەڤ ناڤلێنانە ژبۆ بچوککرنێ بیت وئەڤ ناڤلێنانە لچەم پیرێن کورد تانها یا بەربەلاڤە، زێدەباری کو ئەڤ دەقە ئێنیەتێن خرابێن روسی بەرامبەر کوردان

"هەڤپێچی یا رۆژناما کوردستان دیارکری، هەلویستێ وێ بوو ژسیاسەتا روسیا بەرامبەر دەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤەراست بشێوەکێ گشتی وژکوردان بتایبەت وهەلویستێ کوردان ژوێ"

هەوالنامەی کتێب

دیاردکە، بەلێ میقداد مدحەتی ئەگەرێن ل پشت ڤێ چەندێ دیارنەکرینە.

و دهەمان هژمارا ئێکێ دا میقداد مدحەتی دوبارە ناڤێ روسیا ئینایە، ل ژێر ناڤونیشانێ (درێیا خودێ دا جیهادێ بکەن) ئەڤە گوتییە:

"دمسحەفا پیروزدا فرمان بیە (جاهدوا فی سبیل اللە) ئانکو درییا خودێدە شەری بکەن، دوژمنێن دێن رە جیهادێ بکەن، دوژمنێ دینێ وە هەڤسوێین وە موسقوفینە، تانها موسقوف گەلەک دەر دەستەسەرکێرن وبوسرمان کرنە فەللە، گەر دێ هێت کوردستانێ، هەکە وەژی خواند وفێربوونە بازرگانی وپیشەسازی هنگی هون دەولەمندبن، هونێن بکارن خو ژخرابکاریا وان قورتالبکەن، هەکە وە گوهنەدا ڤان شیرەتێن من، هینگی دیسا هون شڤانی ورێنچبەرێی تنی بکەن، پشتی دەمەکی کوردستان بێکجاری وندابیە"[١٧].

لوی دەمی هزرا ئایینی بهێز دناڤ کورداندا هەبوو، ل دوڤ ڤی دەقی میقداد مدحەتی وژبۆ هوشیار کرنا کوردان ژخەوا دوم درێژ ب روسیا ترساندن، کو ئەگەر کورد هوشیار نەبن بسەرداگرتنا روسی بۆ ئەردێن کوردان یانزیکە، وئیکەم کار روس بکەن، گوهارتنا ئاینێ وانە وپاشی کوردستان بێکجاری وێ ژناڤبچیت. ئانکو میقداد مدحەتی کورد هوشدارکرینە ژسڤککرنێ ب زانستێ وێ روس ئینایە پێشییا دەولەتێن مەزن ددەڤەرێ دا لوی دەمێ چوونا وێ یە ل سەر رێکا زانست وزانینی یە.

ودجارا سێی وداوێی دا کو میقداد مدحەت ل دور روسییان دهژمارا ئێکێ دا پەیڤی، ئاماژەکرنا وی بۆ لایەنەکی ژسیاسەتا وان بەرامبەر دەولەتا ئوسمانی بوو، وئەو- ئانکو روسیا- چەند جارا دژی سەمت – اتجاه – وبەرژەوەندێن سیاسەتا ئوسمانیدا راوەستیایە، وژوان بۆ نموونە: مایتێکرنا وێ دشەری ئوسمانی- یونانی دا ل سالا ١٨٩٧ ێ وروسیا پێشەڤەچوونا لەشکرێ ئوسمانی پتر وپتر دناڤ ئەردێ یونان‌دا قەدەغەکر[١٨].

ب ڤان سێ دەقان میقداد مدحەت ل دور روسیا ئەوا دژمارە ئێکدا ژرۆژناما کوردستان ب دوژمنێ مەزنێ کوردان ودەولەتا ئوسمانی دایە نیاسین پەیڤی یە، وئەو چاڤەرێ دەلیڤی یە ژ بو بسەر داگرتن وداگیرکرنا کوردستانێ. لێ یا بالکێش لڤێرە ئەوە کو میقداد مدحەت ئەگەرێ ڤێ دوژمناهیا دژوار بەرامبەر روسیا ئاشکرا ناکەت، وئەڤە بۆ یا برایێ وێ بچوک عەبدولرەحمان بەدرخانی[١٩] دژمارێن وی ب خو پاشی بشێوەکێ روهن درۆژناما کوردستاندا ئاشکرا کری- وەکو پەیڤین دێ

> ب ڤان سێ دەقان میقداد مدحەت ل دور روسیا ئەوا دژمارە ئێکدا ژرۆژناما کوردستان ب دوژمنێ مەزنێ کوردان ودەولەتا ئوسمانی دایە نیاسین پەیڤی یە

لسەر هێت-.

ل سەر هەمان شێوە ميقداد مدحەت دژمارە دوودا ژرۆژناما خۆ بەردەواميێ ب هەرەشێ ورەخنەيا روسيا وترساندنا كوردان ژی ددەت، هەر دسەر گوتارێ دا ئەوا ب(بسم الله الرحمن الرحيم) دەستپێدكەت، ميقداد مدحەت لدور مفايێن فێربوونێ وچاوانيا پوتەدانێ ب ئەردێ باب وباپێران كوردستانێ دپەيڤيت، وكارێ مەزنتر نها ل سەر ملێ كوردان ئەوژی پارستنا ڤی ئەردييە، پاشی دهێتە سەر بەحسێ روسان بگوتنا خو؛ "خودێ نەكە، هەكە دوژمنێ هەوە موسقوفی هێرش كرە وەلاتێ هەوە، هونێ چاوا بەرگريێ بكەن، موسقوف خوەی تۆپ وتڤەنگێن سەيرن، وجهێن هەوە وەكوێين بالندا دئاشكرانە وبەركێن وان دگەهنە وان درا. توبێن وەسا سەيرهەنە دكارن پێ چيا بهەلوەشينە"[٢٠]. پاشی ميقداد مدحەت ل دور ئەردێ كورد وكوردستانێ وروسيا بشێوازەكێ ئەدەبی ودلينی يەكا كاريكەر دپەيڤيت كو دەربرينێ ژرادەديا ئێشانا وی بو حال وبارێ كوردان دكەت وئەو مەترسيێن وان دورپێچ دكەن، دەمێ دبێژيت:

""حەژێكرنا وەلات ئەوە هونژی بخەبتن، فێری زانست وزانينا كارێ بازرگانی ژبو دەولەمەند وخوەی پيشەسازی وزانين بن، وەك دوژمنێن خوە ببن خوەيی تۆپ وتڤەنگێن ڤی زەمانی داهون بكارن وەلاتێ خوە ژ سمێن هەسپێن فلان قورتالبكەن، چارەكێ قەنج بينن بيرا خوە، ئاخا وەلات چييە، نەهەمی ژهەستی وگوشتی دی بابێن وەنە، گورێن بابكالێن وەنە، پاشی چەند رۆژەك وێ ژوەرە ژی ببە گور، نەحەيفە موسقوف ب هەسپێن خوەڤە بدە سەر وێ ئاخ وگورا .. "[٢١].

دڤی دەڤێ مێژوويی دا ميقداد مدحەتی روسيا وەكو دوژمنێ مەزنێ كورد وكوردستانێ وێنەكريە، وتاكە رێكا پالدانا وان ژوەلاتێ كوردان ب چوونا كوردانە ل سەر رێكا فێربوونێ. وتانها ميقداد مدحەتی ئەگەرا ڤی وينێ نيكەتيف يا كەڤتييە دهزرا كورداندا لوی دەمی ل دور روسيا قەيسەری ديارنەكريە.

ل جهەكێ دی ژهژمارا دوويێ ميقداد مدحەتی كوردستان ب دەولەتا ئەندەلوسی يا بوسرمان ئەوا چەند چەرخەكا ل ئەسپانيا نها ژيای شوبهانديە، وناڤەروكا دەڤی دياردكەت ددەمێن ئێكێدا ژحوكمێ دەولەتا ئەندەلوسی هندەك شاە وميرێن بهێز فەرمانرەوايا وێ دكر، دادوەربوون وپوتە ب زانست وزانايان ددا، بەلێ دەمێ شاە وميرێن گەندەل وبەرتيل خور گەهشتينە دەستهەلاتێ ل ئەندەلوسێ لاوازی كەڤتی، وپاشی كرستيان شيان بئێكجاری ژناڤببەن. ئەڤجا

> ميقداد مدحەتی روسيا وەكو دوژمنێ مەزنێ كورد وكوردستانێ وێنەكريە، وتاكە رێكا پالدانا وان ژوەلاتێ كوردان ب چوونا كوردانە ل سەر رێكا فێربوونێ

میقداد مدحەت هوشداریێ ددەت کوردان کو ئەڤرو دهەمان حالەتدانە، حاکم وبرپرسێن هەوە- ئاماژە کرنەکا هەڤپێچ دا بو سولتانێ ئوسمانی- وزانا وئاغایێن هەوە ژکوردان پوتەی ب کوردستانێ نادەن، وگەندەلی گەلەک دناڤدا بەلاڤبوویە، وئەگەر هون بارێ خوە راستڤەنەکەن، یا ب سەرێ ئەندەلوس هاتی دێ ب سەرێ هەوە هێت، وهەڤسوییێ هەوەیێ روس دێ وەلاتێ هەوە داگیرکەت. ویالژێر دەقێ گوتنا میقداد مدحەتی یە ل دورڤی باری وروسان:

"گەلی زانا ومیر وئاغایێن کوردان هەکە مروڤێن لژێر حوکمێ هەوە هون نەدن خواندن، هون نەرێکن خواندگەهان دا فێری زانست وپیشەسازیێ بن، دنیا وئاخرەتێ گونەها وان دستوی هەوەدایە، چاو فەلەیێن هەڤسوییێن بوسرمانێن ئەندەلوس ئەو در هەمی گرتن، وبوسرمان کرنە فەلە، هەڤسویێن هەوە موسقوفی ژی وێ رۆژکێ کوردستانێ بگرە، ناهێلە هون بوسرمانیا خوە بکەن، وێ مزگەڤتێن هەوە بکە دێر، وێ ژن وزاروێێن هەوە دیل بکە، پاشی هون بێئکجاری نکارن خوە ژدەستێ قورتال بکەن، نها شیان وهێزا هەوە ددەستێ هەوە دایە، بخەبتن، فێرببن پیشەسازی وزانینا، هونێ بکارن ژخرابکاریا هەڤسوێین خوە، خوە بپارێزن"[٢٢].

میقداد مدحەتی د ژمارە سێ دا ژ رۆژناما خوو دگوتارەک سەربەخودا بێ ناڤونیشان بەحسێ روسیا کریە، تێدا سیاسەتا روسیا بەرامبەر دەولەتا ئوسمانی ب شێوەکێ گشتی وبەرامبەر کوردستانێ ب شێوەکێ تایبەت دیارکریە، وتێدا کوتیە:

"دەولەتا موسقوف بیست تا بیست وپێنچ سالە شەری ژ ئیسلامێ رە دکە[٢٣]، حەیفا من تێت دگەلەک شەراندە دکارە ئیسلامێ- ئانکو دەولەتا ئوسمانی- ئەگەرا وی چیە؟ چونکە ئیسلام نەوەک موسقوف خوەی پیشەسازی وزانینە. ژمێژە موسقوف درەک گرتیە کو ناڤێ وی قەزانە، درەک مەزنە ومسلمانن بەری سێ چوار سالان وێ دریێ پەیامبەرەک رێکرن ستانبولێ وهاوار وهاریکاری خواستن، کو موسقوف ناهێلە ئاییردەیێن – گڤوس- بوسرمانەتیا خوە ئەدابکەن وشریعەتی ئایینێ وان تێکددە، ودڤێ شریعەتا موحەمەدی لناڤ وان هەلینە. وەک من بهیستی ستانبولێ نکاری وەک وان دڤێ هاریکاریێ ژوانرا بکە، لەورا لژێر حوکمێ موسقوفا مان، خودێ تەعالا هاریکاریا وان بکە، خودێ تەعالا سەرکەفتن وهێزێ بدەئیسلامێ، گەلەک ئیسلام لژێر حوکما موسقوفا هەیە، خودێ هەمیا قورتال بکە،

**میقداد مدحەتی د ژمارە سێ دا ژ رۆژناما خوو دگوتارەک سەربەخودا بێ ناڤونیشان بەحسێ روسیا کریە**

گەلـی میـر وئاغایێن كـوردان خودێ تەعـالا هەموو كوردسـتانێ بپاریزە، هون ژی دەسـت هلینـن وزارویێن خـوە بـدن خوەندن دا فێـری زانین وپیشەسـازیێ بن، و هەر كوردەک فێری زانین وپیشەسـازیان بیت گەلەک مفا گەلێ ئیسـلامێ یە، هون ژی ل پشـتا وان بن، هنكێ كەس نكارە خوە بدەسـەر وان وێ هنگـێ بكاربن وەلاتێ خوە، گورێن بابكالێن خوە ژبن سمێن هەسپێن موسقوفا قورتال بكەن"[٢٤].

ل ڤێـرە میقـداد مدحـەت ل دور شـەر وپێكدانانێـن لەشـكری وسیاسـێێن بەردەوام دنیڤبەرا روسیا ودەولەتا ئوسـمانێدا هـەر ژ شـەرێ وان ل سـالا ١٨٧٦ێ ودوڤدا پەیڤی یە، وروسیا تەماعكاریا خۆ ددەولەتا ئوسمانی دا نەد ڤەشـارت، ئەوا دژی فرەهبوونا روسی وبتایبەت سنورێ وێ یـێ روژهەلاتـی كو كوردسـتانا تركیا نهـا دیارترین مەیدانێین وێ راوەستیای. پاشی میقداد ئاماژە ب لایەنەكی ژ سیاسـەتا روسـیا هەمبەر كێماتیێن بوسورمانێن دناف سـنورێ وێـدا دكـەت، ونموونەكێ ل سـەر دئینیت. پاش بەحسێ كوردسـتانێ وكوردان دكەت، كو پیدڤییە ل سەر سـەركردێن وان فێركرنێ دناڤ گەلێ كورد دا بەلاڤبكەن، دابشێت بەرسینگێ روسیا پێشكەڤتیتر بگرن ئەوا چاڤەرێ دەلیڤان دا ب سەر كوردستانێ دابگریت.

ب ڤـێ چەنـدێ میقداد مدحەت هەرەشـا خو ل سـەر روسیا قەیسـەری ورەخنەگرتن ل سیاسەتا وی ددەڤەرێدا دراوەسـتینیت، لێ خودانێ رۆژناما كوردسـتان ئاماژە ب ئەگەرێن نەڤیانا كوردان بۆ روسـان بگشتی ناكەت؟ دبیت بەرسـڤا ڤێ پرسـێ دلایەنەكێ خودا ژئەگـەرا برووپاگیندا ئوسـمانی دنـاڤ كوردان دا دژی روسـی بیت، وهوسـا كریـە دوژمنێ ئێكێ بـۆ ئایینێ ئیسـلامێ ئایینێ كوردان، وتەماعكارێ هەرە مەزن دئەردوسـامانێن كوردستانێ دا. بەلێ سـەرەرایی ڤێ هەڤكێشـا نیڤ دەولەتی نابیت كورد بهێنە پشـت گوهڤـە هاڤێتن، ل ڤێرە چەندیـن هوكار هەنە كـو كورد روسـان ب دوژمنـێ خو بناسـن، ژوان: كورد بوسرمانن وروس كریسـتیانێن ئەرسەزوكسن، وروسان دچەندین هەلكەڤتان دا ئینیەتا خو ژبو داگیركرنا كوردستانێ دیاركرینە، بۆ نموونـە دەڤەرێن(قـارس وئەردەهان) یێن كوردی كەفتنە ژێر دەسـتهەلاتا روسی دشەرێ ئوسمانی روسـی دا ١٨٧٦ێ، زێدەبـاری روسـان بهێز پشـتەڤانیا ئەرمەنـان كـر، وئەگەرا داویێ دهێتـە هژمارتن بهێزترین ئەگەرا كورد هاندابن ڤێ هەلویسـتێ نێكەتیف ژ روسـان وەرگرن، وەكو عەبدولرەحمان بەدرخان بشێوەكێ روهن ئاشكرا كری. وئەڤە یادرێژێن داهاتی دێ ئاماژە پێكەن.

> ب ڤـێ چەنـدێ میقداد مدحـەت هەرەشـا خـو ل سـەر روسـیا قەیسـەری ورەخنەگرتن ل سیاسەتا وی ددەڤەرێدا دراوەستینیت

هەوالنامەی کتیب

<u>یا دوویێ</u>:
عەبدولرەحمان بەدرخان وسیاسەتا سەرخستنا رەخنێ بۆ روسیا قەیسەری:

پشتی عەبدولرەحمان بەدرخانی وهەر ژ ژمارا شەشێ رێڤەبەریا رۆژناما کوردستان کری، بەردەوام بو ل سەر سیاسەتا میقداد مدحەتی، بەلکو ئەو دژوار وتوندەروتر لێهات- بتایبەت دژمارێن داویێ دا ژرۆژناما کوردستان- درەخنەکرنا روسیا وئینیەتێن وێ بەرامبەر دەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤەراست بگشتی وکوردستانێ بتایبەتی، هەروەسا عەبدولرەحمان بەدرخانی بشێوەکی روهن ئەگەرێن دورکەفتنا کوردان ژ روسیا ئاشکرا کرن، وەکو پەیڤێن دی ل سەر هێت.

عەبدولرەحمان بەدرخان گیرونەبوو دا ل دور روسیا بپەیڤیت، ئەڤجا هەر دژمارە شەش دا دگوتارەکا بێ ناڤونیشان لکەی ل کوردان کر، کو ئەو بزمانێ خوه خویندن ودانانێ ناکەن بەروڤاژی هەڤسویێن خو ژروس وترک وعەرەب وفارسان: "هندی دنیا هەیە هندەک مروڤان بکرمانجی نڤێسینە، حەیفا من تێت ل دور خوەنە نێرینە، هەڤسویێ وان روسی وعەجەم وروم هەمیا ب ئەزمانێن خوه کتێب نڤێسینە.. "[٢٥].

عەبدولرەحمان بەدرخان دژمارە حەڤت دا لدوو جهان ل دور روسان پەیڤییە، دگوتارا خوەدا بناڤونیشانێ (لیس للانسان الا ماسعی)[٢٦] گوتە کوردان:

"گەلی کوردان جارەکی هزر دبارێ خو وبارێ هەڤسویێن خو موسقوفیا بکەین، بەری هزار سالان کورد چاوا بوون ئیروژی دیسا وەنە. لێ هەڤسویێن هەوە خوی زانین وپیشەسازینە خوی دەولەتن، کورد رەبەن وژار مانە"[٢٧]. دڤی دەقێ دیار دبیت کو عەبدولرەحمان بەدرخان لکە وگازندە ژکوردان کرنە، چونکە ژبۆ پێشکەڤتنێ وکارکرن ب هوکارێن پێشڤەچوونێ وەکو ملەتێن دی بزاڤ نەکریە، وکورد سەر هەمان ئاستێ شارستانی ێ بەری هزار سالان مانە، بەرەوڤاژی هوڤسویێن خۆ بتایبەت روسان ئەوێن رێکا زانستێ وپێشڤەچوونێ گرتی.

ودگوتارەکێدا بناڤونیشان(کریت) هەر هەڤپێچی ژمارە حەڤت عەبدولرەحمان بەدرخانی ئاماژە کریە سیاسەتا روسی هەمبەر دەولەتا ئوسمانی، ولڤێرە خودانێ رۆژناما کوردستان وەلاتێ خو ب گزیرتا کریت شوبهاندیە، وەکو میقداد مدحەتی ب ئەندەلوسێ شوبهاندی، کو وان کریستیانا لوی دەمی خو لبەر وەلاتێن بوسرمانا فەنویسا تاکو داگێر کری. روسیا نها لبەر کوردان ووەلاتی وان فەنویسایە دا داگێربکەت، ئەڤجا پێدڤیە کورد سەربوران ژمێژوویێ

"

**پشتی عەبدولرەحمان بەدرخانی وهەر ژ ژمارا شەشێ رێڤەبەریا رۆژناما کوردستان کری، بەردەوام بو ل سەر سیاسەتا میقداد مدحەتی**

"

وەربگـرن، ئەگـەر نەء دێ توشـی هەمان هەلویسـت بن، وزیانبەخشـێ ئێکێ وئێکانە نە دەولەتا ئوسمانی یە، بەلکو کوردن ووەلاتی وان کوردستان. وبگوتنا خودا دچیت:

"ئەڤچـا کوردنو عەقلێ خوە بینن سـەرێ خوە وئەگەر وە هاژ خوە نەبت، هون هشـاریا خوە نەکن، گەلەک ناچە رۆژەکی ئەڤ حال بێ سەرێ وەژی، دەڤێچا حەیفا کوردایە ژن وزاروییێن خو بن دەسـتێ عەسـکەری روسیدە بینن. موسـقوف دڤێ رۆژەکێ وەلاتی بستێنە، ئەگەر موسقوف عەسکەر رێگر سەروە، دەولەت عەسکەری رێ ناکە هاری وە، عەسـکەرێ موسـقوف ژوە گەلەکترە، تـوپ وتڤەنک دەست وی هەیی دەست وە نینە، حەتاوە تڤەنگەک ڤالاکر، عەسـکەرێ وی کارە بیسـت تڤەنگا ڤالابکـە. دەڤێچا هەتا وەیـەک ژوان کوژت ئەوێ بیسـتا ژوە بگوژە، ئەز دزانم کورد گەلەک ژموسقوف مێرترن، لێ بەروان توپ وتڤەنگا مێرانیاوە گەلەک کێم بمینە"[٢٨].

تانهـا عەبدولرەحمـان بەدرخانـی ئەگەرا ڤی ترسـی ودوژمنیـا کوردی ژروسـیا دیـار نەکریە، تاکـو رۆژناما کوردسـتان روسـی کرنە هانـدەرێ سـەرەکی ژبو لڤین ورابونەڤە یا کوردان یا زانسـتی ولەشکری چونکە گومان برە ئەگەر کوردسـتان ل سەرڤی بارێ خەندقی دنەزانینێ دا ونەبوونـا تەناهیـی رۆژەک دێ هێـت کولەشـکرێ روسـی ب سـەر کوردسـتانێ دابگریت، وعەبدولرەحمان بەدرخانێ ئەڤ مەسەلە دوێنەکێ ئەدەبێ دا هەڤپێچ گوتارا خـو بناڤونیشـان (وەلات) ئـەو دژمارە نەهـدا بەلاڤکری دوبارەکریە، دەمێ دبێژیت:

""...وەلاتـێ کوردان وەک لەشـەک بریندار بێحال مایە، ئانکو کوردستان ئەو ئاخ وبەرێ وی وەلاتی ئەو داروبەرێ وی هەمی خـوەی هندەک زاروک مەزنکرین، هندە مروڤ خوەیـی کریـن وێ بن خاک بیـت، ئانکو موسـقوف بێتە سـەر وێ ئاخێ رونە، زارویێـن وی وەلاتی ژار ورەبەن ببـن، کوردێ بینن کو وان ئاخا زارویێن خوە هندە دەلالی مەزنکریـن، وێ بکەڤنـە ناڤ دەسـتێ بیانیانـدە، ئەوباب ودایکێـن دل نادیـن بێـژن زارویێن خـوە ئاڤەکێ بدە من وێ ببن خزمەتکارییێ عەسـکەرێ موسقوف.. وقەنج بزانن کو هەگەر ژموسـقوف یان عەجەم نەیارەک هات سەروە، حوکمەت چ عەسـکەری رێناکە سـەروە دڤێ وەخوە هاژ خوە هەبیت"[٢٩].

ل سەر ڤی شێوازی عەبدولرەحمان بەدرخان ددترساندا کوردان ژروسا دچیت، وپێدڤیە ل سەر وان –ئانکوکورد- هوشـیار بن ژخـەوا درێژبـووی وچاڤەرێـی هاریکارێی ژکەسـێ نەبن بتایبەت دەولەتا ئوسـمانی یا ئـەو ئەگەرا

**"رۆژناما کوردستان روسی کرنە هاندەرێ سەرەکی ژبو لڤین ورابونەڤـە یا کوردان یا زانستی ولەشکری چونکە گومان برە ئەگەر کوردستان ل سـەرڤی بـارێ خەندقی دنەزانینـێ دا ونەبوونـا تەناهێـی رۆژەک دێ هێـت کولەشـکرێ روسـی ب سەر کوردستانێ دابگریت"**

هەرەمەزنا پاشڤەمانا کورد وکوردستانێ یە. دژمارە دەهدا ژی ل بیردئینیت کو بەری بیست سالان دەمێ شەر دنیڤبەرا دەولەتا مە ورسیا دا رودای، لوی دەمی ئەم ژوان لاوازتر نەبووین، بەلێ سولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ ئەگەرا کوشتنا هژمارێن مەزن ژبوسرمانان بوو، وئەم لپێش روسان شکەستین، وپاشی عەبدولرەحمان بەدرخان بزارەکی تیش کەڤان ل کوردان دکەت، کو ئەگەر ئەو بەرەڤانیێ ژخوە نەکەن، دێ کەڤنە ژێر دەستهەلاتا روسیادا، ووێ دەمێ نەئایین نەناموس بۆ نامینیت[30].

عەبدولرەحمان بەدرخانی دگوتارا خوەدا (رەمەزان) ئەوا دژمارە دوازدەدا بەلاڤکری، رەخنەکا دژوار ئارستەی زانایێن کوردان کر، وگوتێ کو بەلەنگاز ونەزانێن کوردان نەشێن هزربکەن بارێ بەرەڤ داکەڤتنێ ددەولەتا ئوسمانی دا چاوانە، وبەرپرسێن وێ چاوا رەفتاری لگەل کوردان دکەن، بەلێ هون زانا بوچی خوە تێنا گەهینن؟ بوچی بمەترسیا ڤی باری بو کوردان نابێژن؟ ما هون نزانن، ئەگەر بار هوساما. رۆژەک دێ هێت ولەشکرێ روسی بسەر مەدا بگریت وناموسامە تالان بکەن[31]. ودگوتارا خودا (خرقەی سەعادەت) یال هەمان ژمارە بەلاڤکری، عەبدولرەحمان بەدرخان ل دور پاشڤەزفرین ولاوازیا دەولەتا ئوسمانی دپەیڤیت، وچاوا هەر سال یان هەر چەند سالەکا پارچە ژئەردێ وی دهێتە برین، وسولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ پوتەپێنا کەت، وپاشی دهێتە سەر بەحسێ کوردان ودپێژتێ، ئەڤە هەمی بۆ هەوە وانە وسەربورن، ئەگەر حوکمەتا مە هوسا بمینە، ئەڤرو کریستیانێن کریت بوسرمانێن وی دەری چەوساند، سوپە لەشکری روسی دێ وە چەوسینیت[32].

بڤان دەقان عەبدولرەحمان بەدرخان گەلەک کوردان ئاگەهدار دکەت، وپێدڤیە متمانەی ل سەر خویەتیا خوە بکەن، وپێدڤییە ژئالێ لەشکری ڤە خوە پێشبێخن چونکە هێرشا روسی بۆسەر کوردستانێ یانێزیکە ودەولەتا ئوسمانی ژبۆ بەرسینگگرتنا وان چ ناکەت.

نەتنێ میقداد مدحەتی وعەبدولرەحمان بەدرخانێ ئەڤ هزرا نێگەتیڤ ل دور روسان دهەلگرت، بەلکو ژکارتێکرنەڤەیا دور هێلەکی هاتبوو، کوتێدا ل کوردستانێ ژیا بوون وب رودانێن بسەر وەلاتێ واندا هاتێن داخباربوون، بتایبەت دگرێیا داوێی دا ژچەرخێ نوزدێ یائێکەم پشکا ئاریشە یا ئەرمنی تێدا رودای، وباشترین بەلگە ئەون ێن عەبدولرەحمان بەدرخانی دژمارە سێزدەدا بەلاڤکری، ئەو ناما بۆ ژماقولەکێ دیاربەکر هاتی وموهر کری ب دووپیتێن(ش م) کوهیما ناڤێ وی بوو،

**نەتنێ میقداد مدحەتی وعەبدولرەحمان بەدرخانێ ئەڤ هزرا نێگەتیڤ ل دور روسان دهەلگرت، بەلکو ژکارتێکرنەڤەیا دور هێلەکی هاتبوو، کوتێدا ل کوردستانێ ژیا بوون وب رودانێن بسەر وەلاتێ واندا هاتێن داخباربوون**

وژداخباربوونا عەبدولرەحمـــان بەدرخانی بگوتاریَ چەند گولبژارەک ژیَ وەرگیرانە ترکیا ئوسـمانی ودسەر گوتارا ڤیَ ژمارێ دا بەلاڤكر وئاراستەی سولتان عەبدولحەمیدێ دوویَی کر، ودەق بتمامی بکوردی بەلاڤکر، نڤیسەرێ نامێ تیَـدا ل دور روسـیا پەیڤی یـە وبیر ل سـولتانی وگەلیَن بوسـرمان ئینایە کو تنێ کوردان پەربەستەکا بهیَز ل پیَش پیَشڤەهاتنا هیَزین روسی بۆناڤ دلێ ئەنادولێ پیَکئینا:

"کورد لپیَش هیَرشـا روسـی بۆ سـەر ئەنادولێ وەکو پەربەسـتەکا بهیَز راوەسـتیان ژبۆ پارسـتنا وەلاتێ خۆ. هـەر ب کیَمی ژبو ڤی هەلویسـتی میَرینـی وچوامیَرانە ل وان سـتەملیَکریا ب ئاڤریەک دلوڤانـە ودادوەر بنیَریت"[٣٣].

وخودانـێ ناڤـی دبیَژیـت بەردەوامیـا دەولەتا ئوسـمانی متمانەی لسـەر رادەیا بەرخودانا کوردان دژی روسـان دکەت، بەرسـینگگرتنا روسیا وپارسـتنا هیَلا کوردستانێ هوکارێ هاریـکار وکاریگەرێ ئیکانەیە ژبـۆ ئاکنجیبوونا دەولەتـا ئوسـمانی دژیانـێ دا وخودانـێ نامـێ دگـەل عەبدولرەحمانی دپەیڤییت ودبیَژیت:

"ئـەم کورد ژتە هیڤی دکەن، کو تۆ رۆژناما خوە دە ب ترکـی ژخونکاری رە بنڤیَسـی دا هزر دبـارێ کرمانجا دا بکەت، بزانیت کوردسـتان خراپ دبە، ڤێ حەمی بوسرمان بزانـن کو وەکی کرمانج نە ل ملی کوردسـتانێ بینا حەتا موسـقوف هاتی ئەنادولـێ ودەستەسـەرکربا، وێ هنکێ بوسرمانیا ئەنادولێ وبارێ ترکا وێ ئیکجار خراپ ببیا"[٣٤].

هەروەسـا نڤیسـەرێ نامێ روسیا قەیسـەری ب دوژمنی ئیَکێ بۆ دەولەتا ئوسـمانی وکـوردان ویَنەکریە، وگازندە وگلەی ل دەولەتا ئوسمانی وفەرمانرەوایَین وێ کریە، ژنە پوتەپیَدانا وان ب کوردستانێ ئەوا ب شورها ئیَکێ وهەرە بهیَز بۆ بەرسینگگرتنا تەماعکاریا روسی دئەردێ دەولەتا ئوسمانی وکوردستانێ دا کریە.

عەبدولرەحمـان بەدرخـان ب هەرەشـەرکرنا روسـیا وترساندنا کوردان ژێ نەراوەستیایە، بەلکو متمانەی ل سەر کەسـێ نەکەن ژبو پارستنا کوردستانێ وبتایبەت سولتان عەبدولحەمیدێ دوویَی، پیَدڤییە تنێ متمانەی ل سەر خوە بکـەن، ئەڤەیە یا عەبدولرەحمان بەدرخانی دسـەر گوتارا ژمارە چواردەدا ئاماژە پیَکری بناڤونیشـانی(علو الهمة من الایمـان) دبیَژیت کو ئـەو درۆژنامیَن ئورویی دا دخوینیت کو چوار کەسیَن کورد ژسنور روسی- ئوسمانی دەربازی ناڤ کوردسـتانێ بوینە، وروسیا سولتان عەبدولحەمیدێ ئاگەهـدار دکـەت، ئەگەر وان چوار کوردان سـزا نەدەت، روسیا- ب خوەدێ- لەشکرەکی هنیَرتە کوردستانێ داوان سزابدەت، وپیَدا دچیت ودبیَژیت:

**عەبدولرەحمان بەدرخان ب هەرەشـەرکرنا روسیا وترسـاندنا کـوردان ژێ نەراوەسـتیایە، بەلکـو متمانـەی ل سـەر کەسـێ نەکـەن ژبـو پارسـتنا کوردستانێ وبتایبەت سولتان عەبدولحەمیدێ دوویَی**

"گەلـی کوردنـو ژ ژمارا ئێکێ تا یـا دوماهیێ ئەز هەر دنڤێسـم کوهەگەر کورد هشـیاریا خوە نەکن، کوردستان ددەمەک نێزیکدا بکەڤە دەست موسقوف. ئاگەهداریا روسان ژبـەر چوار مێـری کـورد ژخوندکاریرا رێگری، راسـتی ورەوایـا داخوازا من دکـەت، چونکە حوکمەتا روسـیایی بڤی تەرزی دڤێ سـپەیەکێ رێکە ناڤ کوردستانێ. وەکی جارەکێ هەما لەشـکرێ روسی کەت ناڤ وەلاتێ وە هون ڤەبڕ بزانـن کو ئێدی هون نـکارن ژناڤ خـوە دەرێخن، وعەبدولحەمید چ لەشـکری چ چەپلخانەی – عتاد- ژوەرە نارێکـە، ئـەوی تنـێ هاژ ژتـەلارا خوە هەیـە، وپێدڤی ب تشـتەک دی نینە، ئیرو کوردسـتان هەمی بکەڤە دەسـت موسقوف کورد هەمی بین کوشتن وزاروێین کوردان ببن خزمەتکاری لەشـکرێ موسـقوف قەت ئـەو داخبار نابە.. ۳۵"

چ جار عەبدولرەحمان بەدرخانی نە دڤیا روس ئەردێ کـوردان داگیربکـەن وجهـێ دەولەتـا ئوسـمانی بگـرن، وچەندین جارا هێرش کریە سولتان عەبدولحەمیدی چونکە ئەو پوتەی ب کوردسـتانێ ناکـەت. ویازانایە کو پەیامێن وی یێـن هزری لـدور دەولەتا ئوسـمانی وکوردسـتانی هـزرا نەمەلبەندیـی دحوکمـێ دەولەتا ئوسـمانی دا بوو، عەبدولرەحمان بەدرخان گەهشـتبوو نـاڤ رێزێن کومەلا ئیتحاد وتەرەقی یا ئوسـمانی پاسکێ نەمەلبەندی[۳٦]. لەورا دیت کوداگیرکرنا روسـیا بو کوردسـتانێ ئاریشـێن وێ چارەسـەر ناکـەن بەلکـو وەکـو دهێتە گوتـن هەڤیر دێ روهنتر لێهێت.

عەبدولرەحمان بەدرخانی ئەڤ هەواله دژمارە چواردە دا ئینایـە، هەڤپێچی هووالەکێ سـەربەخۆ دژمارە پازدەدا ل دور روسـیا وچوار کوردێن هەولدا ژسـنوری روسـی ئوسمانی دەربازبن یان دەربازببون، وئەڤە دەقێ گوتناوی یە:

"حکومەتا روسـی ژخونکارێ مەرە نڤیسییە کو هندەک کورد زێدەگاڤی لسـنورێ مەکریە، وهەگەر تو وان تەمبی نەکـەی، ئـەزێ ب لەشـکرێ خو کـوردان تەمبـی بکەم. دبیـت کـوردان زێدەگاڤی نەکر بیت، بەلێ چونکە روسـیا لاوازیا مە دزانە، ل بەهانەیا دگەرەدا لەشـکرێ خوە رێکە ناڤ کوردسـتانێ، هون دزانن روسـان چ ل شەر کەسان کـر، هون دزانن چ ل ئەفغانسـتانێ کـر، دەڤێچا رێزهاتیە کوردستانێ"[۳۷].

لڤێـرە عەبدولرەحمان بەدرخـان ئێک ژئەگەرێن گرنک ژبو نەڤیانا کوردان بشـێوەکێ تایبەت وبوسرمانا بگشتی بۆ روسـیا قەیسـەری دیارکریە، ئەوژی ژسەربورێن وێ

> چ جـار عەبدولرەحمـان بەدرخانـی نـە دڤیـا روس ئـەردێ کـوردان داگیربکەن وجهـێ دەولەتـا ئوسـمانی بگرن

ێن ب خرابیێ ناڤدار ل وەلاتێن بوسـرمانا یێن وی دەمی دەستێ خوە دانایە سەر وبتایبەت ئەفغانستانێ، هەروەسا هندەک دەڤەرێـن کوردی وەکو(قـارس وئەردەهان) لژێر دەستهەلاتا روسی بوون، هەر ژشەرێ وێ دگەل دەولەتا ئوسـمانی ١٨٧٦-١٨٧٨ێ ووەسـا دیارە کو دەنگوباسێن کارگێریا روسی بۆ وان بەردەوام دگەهشتنە کوردانە[٣٨].

وهـەر دژمـارە پـازدەدا وهەڤپێچـی گوتـارەکا بـێ ناڤونیشـان عەبدولرەحمان بەدرخانی داکوکی ل کوردانە کریە کو مللەتێن دی یێن هەڤسـوی نەئێشـێن، وخودانێ روژناما کوردستان ئەڤ مەسەلە دیارکریە، چونکە گازندە ژخەلکێ موسیل ل دور هێرشەکا هندەک کوردێن هەڤسوی لسـەر ملکێ وانەکری گەهشـتبوی، ولبیرا وان دئینیت کو هەڤسـوییێن وان پشـتەڤانێ بهێـزن بۆ وان دەمێ توشـی هێرشـەکا دەرڤەی دبن، وکوردان ئاگەهدار دکەت کوهون تنـێ بۆ خۆ ودناڤ خـودا بهێزن، ودەمێ هون لەشـکری روسی دبینن، وی دەمی دزانن چ مفا دهەوە دا نینە. هون شەرێ هەڤ دکەن، زیانێ دگەهینن هەڤ، بەلێ باش بزانن ئەگەر وە هوڤسـوییێ خوە تالانکر ولاوازکرن، لاوازیا وان بۆ هەوە ژی لاوازیە[٣٩].

عەبدولرەحمان بەدرخانی ئاماژەی مەسەلا (کریت) کریە دگوتارا بهەمان ناڤ دژمارە هەڤدەدا وتێدا روسیا تاوانبار دکەت کو سـێ هـزار ئەرمەنی هنارتینە کریـت دا لوێرێ کاربکەن، ژبو ئالیسـەنکرنا کریستیانا ل سەر بوسرمانێن سولتان چ پوتەی پێنا کەت. ودهێتە بەحسا کوردان ودبێژتێ: گەلی کوردان، ئەڤ بار بوهەوە نموونە وسەربورن، ئەڤرو کوردســتان بەرەڤ نەمانێ یە ولداوییێ هون ژی دێ وەک خەلکـێ کریت لێ هێن، زەندکا هەلدن وئازادی ودادوەریێ بخوازن، ئەڤە باری هەوەیە لژێر دەسـتهەلاتا بەرپرسـێن سـولتان عەبدولحەمیدی ئەوا دێ هەوە دیلێن- اسـری- روسـان وناموسا هەوە ل ژێر سـمێن هەسپێن لەشکرێ روسـی هێلیت[٤٠]. بڤـان هزران عەبدولرەحمـان بەدرخانی کـورد ئاگەهدار کرنـە ژبو داخـوازا دادوەریێ ژحوکمەتا ئوسمانی وگرنگیپێدان بزانستێ وکارکرنێ، ئەگەر کوردان نەڤێـت روس کوردسـتانێ داگیربکـەن، وعەبدولرەحمان بەدرخـان گوتـارێ بڤـی ئایەتـا پیروز(فاعتبـروا یا أولی الابصار)[٤١] بداوی دئینیت.

هەر ژژمارە هەژدە تا بیسـت وچـوار عەبدولرەحمان بەدرخانی درۆژناما کوردسـتاندا ئاماژەی روسیا نەکریە، تنێ هەڤپێچی سیاسەت وشەرێن نیڤ دەولەتی لوی دەمی ل دور پەیڤـی یە، بۆ نموونە ل دور شـەری بریتانیا دژی مللەتێ باشورێ ئەمریکا ل سالا ١٨٩٨-١٨٩٩ی وداکەڤتنا

**عەبدولرەحمان بەدرخانی ئامـاژەی مەسـەلا (کریت) کریە دگوتـارا بهەمان ناڤ دژمارە هەڤدەدا وتێدا روسیا تاوانبار دکەت کو سێ هزار ئەرمەنی هنارتینە کریت**

بریتانیا پەیڤییە وبۆ دەولەتا ئوسمانی گوتیە، كوپیدڤییە هاریكاریا بریتانیا بكەت، چونكە ئەوێ ژی هاریكاریا دەولەتا ئوسمانی بەرامبەر تەماعكارییێن روس دستەنبولێ وتەنگێن – مضایق- تركی دا كریە[٤٢]. ودژمارە بیست وسێ دا ل دووجهان ل دور روسیا پەیڤییە، یائێكێ: دەمێ عەبدولرەحمان بەدرخان ل دور مدحەت پاشای(١٨٢٢-١٨٨٣) پەیڤی وئاماژە كریە روسیا دڤەگێرانا ژیاننامە وێدا كو حوكمەتا روسی لایەنگریا شورەشا دستوری نەكر، ئەوا مدحەت پاشا ل سالا١٨٧٦ێ پێ رابووی، چونكە وێ دزانی كو ئەو ئێكەم پێنگاڤا پێشكەڤتنێ یە ددەولەتا ئوسمانی دا. وجهێ دوویێ: بەحسێ روسیا دگوتارەكا خودا بناڤونیشان (غرائب خلقت) ئینایە وتێدا عەبدولرەحمان بەدرخانی رەخنە ل دەولەتا ئوسمانی كریە، كو وی (سلێمان پاشا)[٤٣] نەخەلاتكر، ئەوێ رولەكی مەزن دشەرێن دژی روسیا دا هەی، وخەلاتێ وی دورئێخستن ولادان ژكاری وی لدویڤ بجە ئینا فرمانێن سولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ[٤٤].

بەلێ بوچی عەبدولرەحمان بەدرخان دڤان ژمارێن رۆژناما خودا ل دور روسیا وپەیوەندیێن وێ ل گەل كوردان نەپەیڤی یە، دشیاندایە بێژین كو دڤی ماوەی دا رۆژناما كوردستان ببوو سوەگویەك(منبر) بۆ رەخنەگرتنا سولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ ودیاركرنا كێماسیێن وی، زێدەباری تەرخانكرنا لایەنەكی گرنگ ژ لدوڤچوون ونڤیسینێ ل دور رودانێن شورەشا دەستوری ١٨٧٦ێ ومێژوویا مدحەت پاشایێ ب(بابێ دستورێ ئوسمانی) ناڤدار.

هەر ژ ژمارە بیست وپێنچ عەبدولرەحمان بەدرخانی دەست ب پەیڤینێ ل دور روسیا دناڤ ئاریشەیا ئەرمەنی دا كر، و وێ – ئانكو روسیا- ئێك ژ گرنگترین ئەگەرێن ڤی ئاریشەیی بوو، ئەوا ل سەر ئەردێ كوردستانێ وبتایبەت ل باكور وهندەك پارچێن رۆژهەلاتی وێ رودایـن، عەبدولرەحمان بەدرخانی دڤان ژمارێن داویێ دا ژرۆژناما خو گرنگترین ئەگەرێن ل پشت نەڤیانا كوردان بو روسیا دیاركرینە، ئەوژی پشتەڤانیا روسیا یا بەردەوام وئاشكرا بۆ ئەرمەنان وئومێدێن وان ێن نەتەوەیی دباكورێ كوردستانێ دا. خودانێ رۆژناما كوردستان دگوتارا خودا بناڤونیشانێ(بۆكوردان) لدور ڤێ مەسەلێ دژمارە بیست وپێنچدا پەیڤی یە، پشتی ل دور ڤێ ئاریشێ پەیڤی شیرەت ل كورد وئەرمەنا كرینە، كو دنیڤبەرا خودا شەری نەكەن، وگرنگترین شینوارێن نیكەتیڤ ل سەر هەر دوو لایان هەروەسا رولێ سولتان عەبدولحەمیدی تێدا، پاشی ئاماژەی روسیا دكەت وئاخفتنا خو ئارستەی كوردان

**هەر ژ ژمارە بیست وپێنچ عەبدولرەحمان بەدرخانی دەست ب پەیڤینێ ل دور روسیا دناڤ ئاریشەیا ئەرمەنی دا كر**

دکـەت: نها هندی حوکمــەت بکارێن توندی دژی چەتێن ئەرمــەن ێین حرابـکار رابیت، وهنـدی کریارێن تالانکرن وتولڤەکرنــێ ژلایــی هەوە ڤـە دژی ئەرمەنــان بهێنەکرن، روســیا وئوروپــا بکێمیێ ل هــەوە دنێرن وپاشــا- ئانکو ســولتان عەبدولحەمیدی دوویــی- کەیفخوش دبیت، وپێدا دچیـت: "گەلێ کوردان بـاوەر بکەن، ئەڤـرو بویە ئاخفتنا ســەرکردێن دەولەتا، کودنیڤبەرا دەریا ناڤەراســت ودەریا رەش بۆ روســیا ولایێ دێ ژوانێ بــو ئینکلترا.. "[٤٥]. وژڤی دەقــی مێژوویێ دیاردبیت کو عەبدولرەحمان بەدرخان ب لایەنەکی ژسیاســەتا نیڤ دەولەتی یا وی دەمی وەڤرکیا ل ئوروپا دناڤ دەولەتێن مەزندا وبتایبەت بریتانیا وروسیا وئەلمانیا وفرەنســا ل دور دەڤەرێن دەستهەلاتێ ددەولەتا ئوسمانی دا یێ ئاگەهدار بوو.

عەبدولرەحمــان بەدرخانــی ئاماژە ب روســیا دگوتارا خودا بۆ کوردان (کرداره) ئەوا دژماره بیســت وشەش دا بەلاڤەکری دایە وتێدا بشــێوەکێ نەراســتەوخو وەڤپێچی رەخنەیــا خو بۆ ســولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ ونەپوتە پێکرنــا وی ب ئەرد ونەتەوەیێن دەولەتا ئوســمانی. وتێدا دیارکریــە کــو ســولتان عەبدولحەمیــدی گەلــەک ژهەوە تورەیــە- ئانکو کــوردان- تاکو ئەگەر هەمی کوردســتان ئەڤرو بکەڤتە ددەستی روسیا دا قەت بۆ وی خەم نینه[٤٦].

دســەر گوتارا ژماره بیســت وحەڤتــدا عەبدولرەحمان بەدرخانــی بەحســێ هەوالکــی کریە، لــدور رێککەڤتنەکێ دنیڤبەرا دەولەتا ئوســمانی وروسیادا ل دور کوردستانێ، وئەڤە دەقێ وێ یە:

"ژپاوەرپێکریەکێ مِن بهیســتی یە کو عبدولحمید هون ئانکو وەلاتێ کوردستانێ ژ روسیا یێ رە سۆز دایە، ڤێچا ئەگەر هون نهو ڤەنەخەبتن باش چەند سالەک دی بکەڤن بن لنگێ لەشکری موسقوف"[٤٧]. ل ڤێرە عەبدولرەحمان بەدرخان ســەرنجا کوردان بۆ خویەتیا وان رادکێشە، وکارکرن ژبو بەرژەوندا نەتەوا خوە ونەمتمانە کرن ل سەر ڤی لای یان لایێ دی، ئەڤچا پێدڤییە دهوشــیار وئاگەهداربن ژ روســیا وخوە بەرهەڤکرن ژبو هێرشــا وان بۆ ســەر کوردستانێ کو گومـان تێدا نینە، ئەڤە ئێک ویادوویێ نەمتمانە کرن ل سەر سۆزێن سولتان عەبدولحەمیدی ئەوێ دهەلویستەک لاوازدا ونەشێت هاریکاریا هەوە بکەت وئەگەر بشێت ژی هاریکاریا هەوە ناکەت.

دژمــارە بیســت وهەشــتدا عەبدولرەحمــان بەدرخان ب بەرفرەهــی ل دور روســیا وئارمانجێــن وێ ددەولەتا ئوســمانی دا لوی دەمی وجهێ ســتراتیژیێ کوردســتانێ پەیقییە، ئــەوژی هەڤپێچــی گوتارا خوە(ئالایێن ســوارێن

دژماره بیست وهەشتدا عەبدولرەحمان بەدرخان ب بەرفرەهی ل دور روسیا وئارمانجێن وێ ددەولەتا ئوسمانی دا لوی دەمی وجهێ ستراتیژیێ کوردستانێ پەیقییە

هەوالنامەی کتێب

حەمیدی) ئەوا ب هەردوو زمانێن کوردی وترکیا ئوسمانی بەلاڤکرین، وتێدا گوتیە کو ئەو ل پێشیێ دێ ل دور گرنگیا جهێ جوگرافیێ کوردستانێ پەیڤیت: کوردستان بۆ دەولەتا مە- ئانکو دەولەتا ئوسمانی- دکەڤیتە سەر توخیبێ روسیا وئیرانــێ ودەڤەرەکا فرەه وگەلــەک گرنگ ژبۆ بەردەوامی ومانــا حوکمەتا مە پێکدئینیت، گەلەک پێدڤییە کوردســتان بمینیت پاراستی. ئەمێ ئیرانێ دەین لایەکی چونکە ئەوژی وەکــو حوکمەتا مە یاوەســتیای وکەڤتی یــە. بەلێ پێدڤییە ئەم ژ روســیایێ بترســین، ئەو دوژمنامەیــا کەڤنارە. ئەو شــەرێ پاشــەیەکێ مە دژی روســیا کری، هێزا بزاڤا مە ل کوردســتانێ وقەفقاســیا کومکریە. وپشتی وی شەری بولغاریا هاتە دامەزراندن[٤٨] لەورا هێرشا روسی ژوی لایی راوەســتیای، ئەڤ بیست وپێنج سالە ئەوی شەری رودای ومیرانــی وکەربی ئەم ل دور مانــا حوکمەتا مە نەگرتین، وژڤێ دیار دبیت کو رۆژەکی دی ل سەر کوردستانێ هێت وشــەرەکێ مەزن دنیڤبەرا مە وروســان دا دی رودەت[٤٩].

پاشی عەبدولرەحمان ئارمانجێن سیاسەتا روسی ددەرڤەێدا بشــێوەکی روهن ئاشکرا دکەت، وئەڤە نیشانا هندێ یە کو عەبدولرەحمان بەدرخان خودان رەوشە نبیریەکا سیاسی یا بلند بوو، دەمێ گوتی:

"روســیا دشــەرێ بوریدا بــکاری ئارمانجــا خوە بجە بینە، ئەوێ دڤی بچەســەر ئوقیانوســا هینــدی. لەوما دڤێ دیجلــە وفــورات وجزیرا بەغدا وبەســرا کونتــرل بکە، ل وێرێ بنگەهی لەشکرێ خوە بدامەزرینە، وسەرڤی ئنیەتی لڤــان رۆژان لــوان دەرا دســتهەلاتا روســی گەلەک زێدە بوویــە، روســیا هزرەک دیــژی هەیــە، ژئەرزەرومێ بێتە ســەر سیواســی وژوێ دەرێ بکەڤە ناڤەراســتا ئەنادولێ وبڤی شــێوەی دەولەتا مە ژبیناتی بهەلوەشــینە. ئاها ئەڤ کوردســتانا ئــەڤ چەند ســالەکە بویە کوشــتارا مروڤان جهەکی هوقاسی نازک هەیە. ناڤ ڤان بیست وپێنج سالێن بوریــدە، دشــیاندا بوو گەلــەک جهێن ســەرحەدێ[٥٠] بهێز بێخین وهێلا شــەمەندفرێ پێکئینابا وتوپا هێرشــا روسی رە هەر تشتێ پێدڤی مەچێکربا.. "[٥١].

وئەگــەر ئــەم ل ژێدەرێن مێژوویی یێــن گرنگی پێدەر بــوێ قوناغــا مێژوویی تا پشتی چەنگا جیهانــی یا ئێکێ بنێرێــن، یــا ددەڤــی بوریــدا عەبدولرەحمــان بەدرخــان بۆچووی بدورســتی سیاســەتا روســی بوو ددەڤەرێ دا وئەڤ ئارمانجە بۆ روســیا دچەنگا جیهانی یائێکێ دا بجە هات، کوپتریا کوردســتانا باکور داگێرکر، بەلێ بەرپابوونا شورەشــا ئەکتوبــەرێ ١٩١٧ وگەهشــتنا کومونســتان – شیوعیە- بۆ حوکمی ل روسیا وئێخستنا رژێما قەیسەری،

**لڤــان رۆژان لــوان دەرا دستهەلاتا روسی گەلەک زێدە بوویە، روسیا هزرەک دیژی هەیە، ژئەرزەرومێ بێتە سەر سیواســی وژوێ دەرێ بکەڤە ناڤەراســتا ئەنادولێ وبڤی شێوەی دەولەتا مە ژبیناتی بهەلوەشینە**

وەها کر روسیا خوە ژکوردستانێ ڤەکێشیت[٥٢].

دشیاندایە بێژین عەبدولرەحمان بەدرخانی ژمارە بیست ونەه ژرۆژناما خو کوردستان ژبو مەسەلا ئەرمەنی تەرخانکر، وتێدا ڤەدکولیت ل دور روسیا وسیاسەتێ وێ ددەڤەرێ دا ودانیت ل پێشیا ئێک ژگرنگترین ئەگەرێن رودانا ڤێ ئاریشێ. عەبدولرەحمان بەدرخانی دڤێ ژمارێ دا گوتارەک بزمانی کوردی وترکی یا ئوسمانی ل ژێر نافونیشان(بارێ نها وپاشە رۆژا کوردستانێ) بەلاڤکریە، ولدەستپێکا گوتارا خو ل دور ئەگەرێن رودانا ڤێ ئاریشێ ل کوردستانا باکور پەیڤییە، ل دەستپێکێ سولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ وسوارێن وێ ێین حەمیدی تاوانبار دکەت، وپاشی ل دور روسان دپەیڤیت، ودبێژیت روس خرابیێ ودوریاتێ دنیڤبەرا هەردوو نەتەوان- ئانکو کوردی وئەرمەنی- دئازرینیت، برایینی ودوستایەتییا تانها پێکڤە بوراندی وێران دکەن[٥٣]. وعەبدولرەحمان بەدرخان بتێر وتەسەلی وبشێوێ خالان ل دور ڤێ ئاریشێ ونەچارەکرنا وێ دوی دەمی دا دپەیڤیت، وخالا چوارێ تایبەتکریە ب روسیا ڤە، وئەڤال خوارێ دەقێ خالا چوارێ یە:

"روسیا دزانە کو نەئاکنجی بوون ودوریاتی وەلاتەکی لاوازدکە، لەوما هندەک چاگسازێین حوکمەتا مە بەهەرحال دڤیا چێکە، روسیایێ مەنع کر، ئەو ئەرمەنێن پەنابریە روسیایێ تەسلمی حوکمەتا مەدکرن، چەند خوندکارێ مەزورداری دکر، ئەوان ب باشی دهەلسەنگاند، روسیا فرمانا قونسولێین خوە ل ویلایەتێن مەدکر، کوردان دژی ئەرمەنان هانبدەن بریکا پاداشت وخەلاتکرنێ، ژملەک دیڤە دبێژە ئەرمەنا کو ئەو ددەست حوکمەتا خوندکار دە گەلەک دمەزلومن، دڤێ ئەو پەنایێ بو ئایینێ ئەرسو ودوکسی ببەن، دا ئەو بکارە وان ببە لژێرپاراستنا خوەدە. بەلێ پێدڤییە ئەرمن بزانن، هەر روسیا ب ڤەنجی دەستپێدکە تا کو دەستێ خوَ ل سەر مولکی دەولەتێ دانە، ل وێ دەمێ کەت لەپێ ویدە مللەتێ وژیاتیا نەتەویی بهەرشێوەکێ هەبیت ژناڤدبەت، وچ ئازادیێ ددەستێ واندا ناهێلە. ئەڤ راستیەک ئاشکرایە، کو چ چار روسیا نەڤێت حوکمەتەکا ئەرمەنی یاسەربەخو ل ملێ خوە ببینە. ل داویێ پێدڤییە ئەرمەن ل خوە شیا خوە ددەولەتا مە بگەرن، لێ چ خوە شیێ ددەست روسان دا نابینن، هەگەر دەولەتا مە بمینە، ئەرمەن ژی دێ مینن، ئەگەر نەء ئەرمەن بێێکجار دێ ژناڤچن، بەلێ هەگەر ئەرمەن ژدەولەتا مە ڤەبوون، دەولەتا مە دیسا کارێ خوە بەردەوام بکە، (تأسف)ەک ژمەرە دمینە، ئەوژی ئەو داخبارییە کو ئەرمنی یێن ژهندە زەمانیڤە مەرە ژیاین وێ ژمەڤەقەدین"٥٤. پاشی

**هەگەر دەولەتا مە بمینە، ئەرمەن ژی دێ مینن، ئەگەر نەء ئەرمەن بێێکجار دێ ژناڤچن، بەلێ هەگەر ئەرمەن ژدەولەتا مە ڤەبوون، دەولەتا مە دیسا کارێ خوە بەردەوام بکە**

عەبدولرەحمــان بەدرخــان بدریژی ئامــاژە ب ئارمانجێن روســی وئینگلزی ددەولەتا ئوسمانی دا ویاریکرنا وان ب مللەتێن دەڤــەری دکەت، ئەوژی هەڤپێچــی هەمان گوتارا وەرگێرای بۆ ترکی یا ئوسمانی[٥٥].

دژمارە سیهدا ژ رۆژناما کوردستان گوتارەک بزمانێ کوردی وترکی یا ئوسمانی نڤێسی ل ژێر نافونیشان (بنیاتێ دوو روی یاتیــێ ل کوردســتانێ) وگوتــار هەمــی رەخنە وهەرشــەیە ل ســەر رێکخراوێن مزگیندارێن کریســتیان وبتایبەت یێن فرەنســی ورولێ دگێــرن دئاراندنا هەڤرکیا دنیڤبــەرا کــورد وئەرمنیان دا، ولوێرێ ئاماژە ب روســیا دەکــەت، ودبێژیت ل ســەر دەمێ تەیمورێ لەنگ روســیا ڤیــا زێدەگاڤیێ ژئالێ قەفقاســیا ڤە ل ســەر کوردســتانێ بکەت، ئەرمەنیا پتر ژدوســتێن کوردستانێ یێن بوسرمان بەرەڤانــی ژێ کر. وعەبدولرەحمــان بەدرخان زێدەدکەت، کوپشتی شــەرێ دەولەتا مە لگەل روسیا وپەستنا پەیمانا بەرلین، روســیا مەرچ ل سەر مەسپاندن، کو ژئەگەرا وان مەرجان ئەڤە بیســت سالە شــەر لهەمی دەڤەرێن دەولەتا مــە بــداوی نەهاتینە.. دپەیمانــا بەرلیــن دا ١٨٧٨ێ مەرج هەبــوون، ئەگەر بدروســتی هاتبانە بجە ئینــان، گەندەلی وبەرەللایــی دا ل کوردســتانێ پتــر لــێ هێت[٥٦].تمامیا ڤێ گوتــارێ عەبدولرەحمــان بەدرخانــی دژمارە ســیە وئێک ویاداویــێ ژرۆژناما کوردســتان بەلاڤکــر وتێدا هەر لدور پەیڤی بگوتنا خوە:

"راســتی یێن ڤەبری ئەوە کو روســیا پشــتی داویی یا شەری-(١٨٧٦-١٨٧٨)- هندەک بەندێن نەئاسایی ل پەیمانا بەرلێــن زێدەکرن، ب ئارمانجا دانا مافێن زێدە بۆ ئەرمەنا دکوردســتانێ دا وبولغــارا دمەکدونیــا دا، وئەڤ کارە بۆ ئەگەرا پەیدابوونا دلرەشی ونەڤیانی بۆ پتریا مللەتێن دوان دەولەتانــدا.. "[٥٧]. پاشــی عەبدولرەحمــان بەدرخان پەیمانا بەرلین وهندەک ژمەرچێن وی یێن روسیایێ سەپاندین کو ماف داینە ئەرمەنیا وکێماتی یێن دی دکوردستانێ دا ل سەر حســێبا کوردان خودانێن ئەردی وپتریێ گەنگەشــەکرن[٥٨].

وبڤی شــێوەی رۆژناما کوردســتان بووچوونا خو ل دور روســیا وسیاســەتا وی ددەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤەراســت دا دیارکریــە، زێدەبــاری ئەگەرێن دورکەڤتنــە ڤەیا کوردان ژوان. ودشــیاندایە بێژین رۆژناما کوردستان لسەر دەمێ عەبدولرەحمان بەدرخانی روهنتر بویە ژسەردەمی میقداد مدحەتی دئاشــکراکرنا ئەگەرێن نەڤیانا کوردان بۆ روسیا، ودئەنجامــدا نە شــیانا روســیا بو بدەســتڤەئینانا دلینی یا – کســب ودهم– ڤێ نەتەوێ ئەوا دنــاڤ توخیبێ دەولەتا ئوسمانی دا ل وی دەمی.

> **دشیاندایە بێژین رۆژناما کوردستان لسەر دەمێ عەبدولرەحمان بەدرخانی روهنتر بویە ژسەردەمی میقداد مدحەتی دئاشکراکرنا ئەگەرێن نەڤیانا کوردان بۆ روسیا**

**دووماهی**

پشتی ڤەکولین ونڤیسینێ دڤی بابەتی دا، دشیاندایە تێبینیا چەند مەسەلەکا بکەین، ژوان:

١- بخویندنا رۆژناما کوردستان هەر ژژمارە ئێک تا یێ داویێ، بشێوەکێ ئاشکرا دیاردبیت کۆ بووچوونەکا گشتی یا کوردی وبتایبەت کوردستانا ترکی یانها یا هەڤدژی روسیا ودژی ئارمانجێن وێ یێن پاشەرۆژی هەبوو، ول داویا چەرخێ نوزدێ ودەستپێکا چەرخێ بیستێ هزرەکا خراپ لدورپێکئینا بوو، وبەسسە بێژین کو رۆژناما کوردستان(١١٢) جاران ناڤێ روسیا دهەمی ژمارێن خودا ئینایە، ودپتریا واندا رەخنە وهەرشە لێکریە.

٢- رۆژناما کوردستان ل سەر دەمێ دامەزرێنەرێ خو میقداد مدحەت بەدرخانی بدژواری هەرەشە کریە سەر روسیا بەلێ ئەگەرا ڤێ هەرەشە ونەڤیانا مەزن بۆ روسیا دیار نەکریە. بەرەوڤاژی عەبدولرەحمان بەدرخانی ئەوێ هەر ژژمارە شەش وتا ژمارە سیە وئێک ئەوا ب هژمارا داوییێ ژرۆژناما کوردستان دهێتە هژمارێن دەرئێخستی، بروهن وبئاشکرایک تەمام گرنگترین ئەگەرێن بوینە هوکار ژبو پەیدابوونا ڤی سەقای دوژمنکارانە دژی روسیا ل کوردستانێ دیارکریە.

٣- وگرنگترین ئەگەرێن کورد هاندایی ڤی هەلویستی ژروسیا قەیسەری وەرکرن، ئەوژی وەکو رۆژناما کوردستان ١٨٩٨-١٩٠٢ی دیارکری، ئەڤێن خوارینە:

أ- پشتەڤانیا روسیا بو ئەرمەنا وریکخراوێن وان یێن نەتەوەیی ل کوردستانێ وهاندانا ڤان نەتەوە خوازان بەرەڤ پتریا دەڤەرێن باکورێ کوردستانێ- کوردستانا ترکی یانها- بچن، هەڤپێچی دەولەتا وان ئەوا ل بەر بۆ ب دامەزرینن، وئەڤە بۆ یا چ چا کورد قەبول نەکەن، ولدوایێ ئێک ژگرنگترین ئەنجامێن ڤی پشتەڤانیا روسی بۆ ئەرمەنان ئەوە یا دمێژوویێ داب(گوشتارێن ئەرمنی ) ل کوردستانێ دنیڤبەرا سالێن ١٨٩٤-١٨٩٦ێ ودوومێ چەنگا جیهانی یائێکێ ژی روودای.

ب- سەربورێن روسی یێن خراپ دوەلاتێن بوسرماندا وەکو ئەفغانستانی. بتایبەت ئەگەر مەزانی کو دەڤەر وباژێرێن کوردی هەبوون لژێر دەستهەلاتا روسی هەر ژشەرێ ئوسمانی روسی(١٨٧٦-١٨٧٨) وەکو(قارس وئەردەهان) وچ چوداهی لجەم کوردان پەیدا نەبوو، بەلکو دەنگوباسێن دگەهشتنە کوردستانێ کوسیاسەتا روسی بەرامبەر کوردان ژگەلەک لایەنانڤە ژیا ئوسمانی نیکەتیف ترە. وئەگەر راست روسیا خودان سیاسەتەکا نەرمانە وئازادبا بەرامبەر کوردێن ڤان دەڤەران، بێگومان دەڤەرێن دی ژی یێن کوردی دا داخوازکەن بچنە دناڤ چەرخا روسی دا ودابباشی هەوالێ وێ ل هەمی کوردستانێ بەلاڤبیت، چ ئوسمانیا ڤیا یان نەء.

ج- هەروەسا پێدڤییە نەهێتە پشتگوە ڤە هاڤیین، کو هزرا ئایینی ل وی دەمی لجەم کوردان یابهێز بوو، ویا زانایە کو ئاینێ روسیا کریستیانیە ل سەر مەزهەبێ(ئەرسودوکس) وکورد بوسرمانێن سوننەنە. لەورا ئەڤ ئەگەرە پێدڤییە نەهێتە ژبیرکرن ل دەمێ ڤەگولینێ ل دور هەلویستێ کوردان یێ دوژمنکارانە ژروسیا ل وی دەمی.

د- ولداوێی دەستهەلاتا ئوسمانی رولەکێ کاریکەر دبەلاڤکرنا پروپاگندا دژی روسان دناڤ کورداندا ونەتەوەیێن بوسرمان وهەڤسوی بو توخیبێ روس وئوسمانی وبەردەوام ژروسیا ترساندن، کوئێکەم کریارا روسی بکەن، وێ ئاینێ هەوە بگوهورن وئەردی ژهەوە بستینن.

پەراوێز:

١- بو پتر بێزانین لدور دەولەتا روسی دسەردەمێ ڤان هەردوو قەیسەران وئەنجامێن سیاسەتا وان لسەر ئاستێ نافخو ونیڤ دەولەتی، بنێرە بونموونە: ول دیورانت، قصه الحضارە: الاسلامالسلاڤی الشمال البروتستنتی، ترجمه.فؤائد اندوراس، مج(٤١)، مصر، ٢٠٠١، ص٢٥-١٠٦، رولن موسنییە، ارنست لابروس واخرون، تاریخ الحضارات العام: القرن الثامن عشر عهد الانوار، ترجمه: یوسف اسعد داغر وفریدم. داغر، بیروت، ٢٠٠٣،

ص٢٠٨–٢٣٥.
٢– بنێرە: د.ن أ. خالفين، الصراع على كوردستان: المسأله الكورديه فى العلاقات الدوليه خلال القرن التاسع عشر، ترجمه: احمد عثمان ابوبكر، بغداد، ١٩٦٩، ص٤١–٤٨.
٣– المصدر نفسه، ص٤١–٤٤.
٤– عبد الله محمد على العلياوى، كوردستان فى عهد الدوله العيمانيه من منتصف القرن التاسع عشر إلى بدء الحرب العالميه الأولى، أطروحه دكتوراه، مقدمه إلى قسم التاريخ، كليه الآداب، جامعه صلاح الدين/اربيل، ١٩٩٨، ص٦٥–٧٣.
٥– بۆ پتر پێزانین لدور پەیوەندیێن نیڤ دەولەتی یێن تایبەت ب کورد کوردستانێ ڤە لوی دەمی، بنێرە:د. كمال ظهر احمد، كوردستان فى سنوات الحرب العالميه الأولى، ترجمه: محمد الملا عبد الكريم، گ٢، بغداد، ١٩٨٤، ص١٩–٨٠؛جرجيس فتح الله، يقظه الكورد: تاريخ سياسى ١٩٠٠– ١٩٢٥ ومما يتناول النزاع على جنوب كوردستان أمام عصبه الأمم مع الوثائق والمذكرات المتعلقه به، اربيل، ٢٠٠٢، ص٩٢–٩٣.
٦– د.ن.أ.خالفين، المصدر السابق، ص١١١–١٣٦. هوگر طاهر توفيق، قوميه بلا عنوان: أسباب عدم تأسيس دوله كورديه من حركه الشيخ عبيد الله النهرى حتى نهايه مشكله الموصل ١٨٨٠–١٩٢٥، اربيل، ٢٠٠٦، ص٧٥–٧٦.
٧– سیە وئێک ژمارە ژرۆژناما کوردستان دنیڤبەرا سالێن ١٨٩٨–١٩٠٢ێ دا دەرچوونە، وهەمی ژمارێن وێ هاتینە دیتن، پشتی ب سالێن درێژ بەرزەبووین، وتنێ ژمارە نوزدە نەهاتیە دیتنەڤە. بیێرە: کوردستان یەکەمین روژنامەی کوردی ١٨٩٨–١٩٠٢، کوکردنەوە وپێشەکی: د.کەمال فوئاد، چاپی سییەم، تاران، ٢٠٠٦.
٨– بۆ پتر پێزانین ل دور ڤێ سیاسەتێ وپەیدابوونا وێ، بنێرە: هـ.أ.ل. فيشر، تاريخ أوربا فى العصر الحديپ (١٧٨٩–١٩٥٠)، ترجمه: احمد نجيب هاشم ووديع الچبع، ١٩٧٢، ص٣٣٨–٣٤٩؛ راشد گباره، الانتداب وروح السياسه الانكليزيه، بيروت، ١٩٢٥، ص٣٩–٤٢.
٩– رۆژناما کوردستان، ژمارێن(٢٠)، ٢٩ی کانوونا ئێکێ١٨٩٩، و(٢١)، ١٠ی کانوونا دوویێ١٩٠٠.
١٠– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٩)، ١٤ێ چریا ئێکێ١٩٠١.
١١– بنێرە، بۆ نموونە:رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٥)، ١ی چریا ئێکێ١٩٠٠.
١٢– ئەو سەرپشکی(امتيازات)بوون یێن هندەک هاولاتێن دەولەتێن رۆژئاڤا ددەولەتا ئوسمانی دا هەین، وئەڤ سەرپشکە بوونە دەرگەهەک بۆ مایتێکرنا بیانی وئازراندنا فتینێن نافخو وپێنگاڤەک بەرەڤ بسەرداگرتنا بیانی. وئەڤ سەرپشکیە ژوان پەیمانا یێن سولتانێن ئوسمانی دمێژوو وهەلکەڤت وبارێن جودادا موهرکرین پەیدابوون، ودەولەتا ئوسمانی ژلایێ خوەڤە ماڤی هەلوشاندن یان راستڤەکرنا وان نەمابوو. بۆ پتر بێزانینا، بنێرە: ساطع الحصرى، البلاد العربيه والدوله العثمانيه، ط٣، بيروت، ١٩٦٥، ص١٤٢–١٤٩؛ د. كمال مظهر احمد، المصدر السابق، ص٨٠–٨٢.
١٣– بۆ پتر پێزانین ل دور ئاریشەیا ئەرمەنی، بنێرە، بۆ نموونە: د. كمال مظهر احمد، المصدر السابق، ص٢٣٥–٣٠٣؛ جليلى جليل، م. س. لازاريف، وآخرون، الحركه الكورديه فى العصر الحديث، ترجمه: عبدى حاجى، بيروت، ١٩٩٢، ص٤١–٥٤.
١٤– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٣٠)، ١٤ ێ ئادار١٩٠٢ێ.
١٥– میقداد مدحەت: کورێ بەدرخان باشایێ بوتانە ئەوێ دناف بەرا سالێن (١٨٢١–١٨٤٧) باشاتی ل میرگەها بوتان کریە، سالا ژدایک بوون وزاروکا نیی یاوی نە هاتە نیاسین.لگەل برایێ خوە ئەمین عالی بەدرخان ل سالا١٨٨٩ێ ل تەرابزونێ ب بزاڤەکا کوردی دژی سولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ رابویە، کوچارەنڤیسێ وی داکەڤتن بوو، ئێکەم رۆژناما کوردی بناڤێ کوردستان دەرئێخستییە، گەهشتیە ناڤ رێزێن پارتا ئازادی وئیتلاف یائوسمانی ل ستانبولی پشتی کودەتایا١٩٠٨ ێ، لدەسپێکا سالا١٩١٧ێ مریە.بنێرە: مالمیسانژ، بدرخانيو جزيره بوتان ومحاضر اجتماعات الجمعيه العائليه البدرخانيه، ترجمه: شكور مصطفى، اربيل، ١٩٩٨، ص١٦٠–١٦٢؛ هوگر طاهر توفيق، دور الصحافه الكورديه فى تطوير الوعى القومى الكوردى ١٨٩٨–١٩٠٢، دهوك، ٢٠٠٤، ص٧٢–٧٣.
١٦– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١)، ٢٢ینیسانا ١٨٩٨ی. هەژی گوتنێیە دیاربکەین، کولگورەی شیانا دێ هەولدەین دەڤێن ب روسیا ڤەگرێدای وسیاسەتا وێ بەرامبەر کوردان ودەڤەرێ لدوڤ ئەوا درۆژناما کوردستان دا هاتی، بب مەبەستا چێتر مفا وەرگرتنێ ژلایێ زانستی ڤە، وژگرنگیا ڤان دەقان ژرویێ مێژوویی ڤە.
١٧– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١)، ٢٢نیسانا ١٨٩٨ێ.
١٨– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١)، ٢٢نیسانا ١٨٩٨ێ.
١٩– عەبدولرەحمان بەدرخان: برایێ بجوکترێ میقداد مدحەتی یە ل سالا ١٨٦٨ێ ل ستانبولێ ژدایک بوویە، گەلەک ژزاروکینی یاوی نەهاتیە زانین، جهێ جێگری رێڤەبەرێ کارگێر دوەزارەتا مەعارفێ دا ل ستانبولی کارکریە، بەری بگەهتە ناڤ رێزێن بەرهنگاریا ئوسمانی ل دەرڤە ل سالا ١٨٩٨ێ، بویە سەرنڤیسەرێ رۆژناما کوردستان بشتی برایێ خوە میقداد مدحەتی. گەهشتیە کومەلا ئیتحاد وتەرقی یا ئوسمانی باسکێ نەمەلبەندی، جهێ رێڤەبەرێ ئێکەم خواندگەها کوردی ل ستانبولێ ل سالا١٩١٠ێ کارکریە، پشکداریا وی دروداندنێن کوردی دا پشتی

وی دەمێ یالاواز بوو. ل سـتانبولێ ل سـالا ١٩٣٦ێ مریە ولوێرێ هاتیە ڤەشارتن.بنێرە: مالمیسانژ، المصدر السابق، ص١٨–٢٧؛ عەبدوللا زەنگەنە، دیدارەک دگەل مالمیسانژ، گوڤارا روژنامەنووس، ژمارە (٨)، هولێر، ٢٠٠٦، ل١١٩–١٢١.

٢٠– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢)،٦ ی ئەیارا ١٨٩٨ێ.

٢١– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢)،٦ ی ئەیارا ١٨٩٨ێ.

٢٢– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢)،٦ ی ئەیارا ١٨٩٨ێ.

٢٣– مەبەستا میقداد مدحەتی ئانکو ژشەرێ وی دگەل دەولەتا ئوسمانی١٨٧٦.

٢٤– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٣)، ٢٠ی ئەیارا ١٨٩٨ ی.

٢٥– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٦)، ١١ی چریا ئێکێ ١٨٩٨ ی.

٢٦– ئەڤ ناڤونیشانە ژئایەتا (٣٩) ژ سورەتا (النجم) وەرگرتیە.

٢٧– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٧)، ەی چریا دوویێ ١٨٩٨ ی.

٢٨– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٧)، ەی چریا دوویێ ١٨٩٨ ی.

٢٩– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٩)،١٦ی کانینا ئێکێ١٨٩٨ێ.

٣٠– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٠)،٦ ی کانینا دوویێ ١٨٩٩ێ.

٣١– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٢)،٣ی ئادارا١٨٩٩ێ.

٣٢– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٢)،٣ی ئادارا١٨٩٩ێ.

٣٣– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٣)،٢ینیسانا ١٨٩٩ێ.

٣٤– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٣)،٢ینیسانا ١٨٩٩ێ.

٣٥– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٤)،٢٠ ی نیسانا ١٨٩٩ێ.

٣٦– بنێرە: مالمیسـانژ، رۆژنامەنووس وسیاسـەتمەداری گەورەی کورد عەبدولرحمان بەدرخان، وەرگێران لـە تورکییەوە: ئـارام خدر قەلادزەی، گوڤاری رامـان، ژمارە(١٧)، هولێـر، ١٩٩٧،ل١٣١؛ د.فەرهاد پیربال، روژنامەگەریی کوردی بەزمانێ فەرنسی، هەولێر،١٩٩٨،ل٢٤–٢٥.

٣٧– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٥)، ەی تەباخا ١٨٩٩ێ.

٣٨– بنێرە: د.ن.ا. خالفین، المصدر السـابق،ص١٠٨–١٠٩؛ ودیع جویدە، پورە الشـیخ عبید اللە النهری،فی: جرجیس فتح اللە، مبحپان علی هامش ثورة الشیخ عبید اللە النهری،گ٢، اربیل، ٢٠٠١، ص٤٩–٥١.

٣٩– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٥)، ەی تەباخا ١٨٩٩ێ.

٤٠– رۆژناما کوردستان، ژمارە(١٧)،٢٨ ی تەباخا١٨٩٩ێ.

٤١– پشکەکە ژ ئایەتا (٢)، سورەتا(الحشر).

٤٢– بنێرە: رۆژناما کوردستان، ژمارێن(٢٠)، ٢٩ی کانینا ئێکێ١٨٩٩، و(٢١) ١٠ کانینا دوویێ١٩٠٠ێ.

٤٣– نەهاتیە نیاسین.

٤٤– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٣)، ٢٤ی شواتا١٩٠٠ێ.

٤٥– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٥)، ای چریا ئێکێ ١٩٠٠ێ.

٤٦– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٦)، ١٤ی کانینا ئێکێ١٩٠٠ێ.

٤٧– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٧)،١٣ی ئادارا١٩٠١ێ.

٤٨– لڤێرە هەژی گوتنێ یە کو بولغاریە ل سـالا١٨٧٨ێ ژدەولەتا ئوسـمانی سەربەخوە بوونا خوە ستاندیە. بنێرە: هـ.أ.فیشر، المصدر السابق، ص٣٦٩.

٤٩– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٨)، ١٤ی ئیلونا١٩٠١ێ.

٥٠– سەرحەدێ توخیبێ کوردانە دگەل روسیا.

٥١– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٨)، ١٤ی ئیلونا١٩٠١ێ.

٥٢– ل دور شورەشا شیوعی ١٩١٧. بنێرە، بۆ نموونە:پیر رونوڤن، تاریخ القرن العشرین، ترجمة: د.نور الدین حاطـوم، گ٢، بیروت،١٩٨٠،ص٦٨–٨٦؛ الان تد، دیمقراطیات ودکتاتوریات سـادت أوربا والعالم بین ١٩١٩–١٩٨٩، ترجمە: مروان أبو جیب، لبنان، ٢٠٠٤، ص٩٦–١٤٥.

٥٣– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٩)، ١٤ی چریا ئێکێ١٩٠١ێ.

٥٤– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٩)، ١٤ی چریا ئێکێ١٩٠١ێ.

٥٥– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٢٩)، ١٤ی چریا ئێکێ١٩٠١ێ.

٥٦– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٣٠)، ١٤ی ئادارا ١٩٠٢ێ.

٥٧– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٣١)،١٤ی نیسانا١٩٠٢ێ.

٥٨– رۆژناما کوردستان، ژمارە(٣١)،١٤ی نیسانا١٩٠٢ێ.

* تێبینی: نڤێسـینا دناڤنەرا گڤانان دا دەقی نڤێسینا رۆژناما کوردسـتانە، وژبەر گوهورینێن جوداهیا دزمان ورێنڤیسا کوردی دا پەیدابوی، لگورەی شیانێ مە هوەلدایە گوهورینێ لێ بکەین، بیێ کوناڤەروکا خوە ژدەست بدەت... وەرگێر

# گۆڤاری پڕشنگ*
## ناساندنو لێکۆڵینەوە



نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید

**سەرەتا**

تا ئێستا لە چەند دێڕێکی پڕ لە کەموکوڕی بترازێت ئەگەرنا هیچ نووسینێکی وردو زانستی سەبارەت بە گۆڤاری پڕشنگ نەنووسراوە، پاش ئەوەی چوار ژمارەی گۆڤاری ناوبراوم دەست کەوت، هەستم کرد گۆڤارێکی سەنگینی وەک پڕشنگ حەیفە لە دووتوێی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی باس نەکرێت و شوێنێکی شایستەی پێ رەوا نەبینرێت، سەبارەت بە گۆڤاری ناوبراو لە سەرچاوەیەکدا هاتووە: (پڕشنگ، گۆڤارێکی رۆشنبیری، وەرزیی نارێک، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات AKSA ، ژ١:١٩٨٥، ژ٣: ئابی ١٩٨٦، ڤیەننا- نەمسا- بە زمانی کوردی-سۆرانی- لەوانەیە ئەم گۆڤارە درێژەی پڕشنگ-ەکەی د.کەمال فوئاد بێ لە ١٩٦٦)** نووسەر کە باسی پڕشنگ-ەکەی ساڵی ١٩٦٦ دەکاتو دێتە سەر ئەم پڕشنگ-ە دەنووسێت: (گۆڤارێکی دیکە بە هەمان ناو لە ڤیەننا لە ئابی ١٩٨٦دا دەرچووە)*** ، وەک دیارە لە یەک نووسیندا هەڵە لە ساڵی دەرچوونی گۆڤاری پڕشنگدا کراوە، هەروەها لە هیچ شوێنێکی گۆڤارەکەدا نەنووسراوە کە (وەرزانەیە)****. وەک فەرهاد نووسیویەتی.

لەم نووسینەدا سەرەتا گۆڤارەکە دەناسێنم، چونکە لە کوردستاندا ئەوەی پرسیومەو تێبینیم کردووە ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم لە نووسەرو رۆژنامەنووسو پسپۆرو لێکۆڵێنەرانی بواری رۆژنامەگەریی

زانیاریان سەبارەت بەو گۆڤارە نییەو رەنگە تەنیا یەک دوو ژمارەیان لە گۆڤارەکەدا بینیبێت، دوای ناساندن بە کورتی ئاماژە بە ناوەڕۆکو فۆرمی گۆڤارەکە دەدەم، لە کۆتایشدا ئیندێکسی ژمارەکان دەنووسمەوە، لە پاشبەندێکدا بە زانیاری‌تر ئاشناتان دەکەم.

**سەرنجێک**

من لە چوار ژمارەی پڕشنگ دواوم, بەڵام سەرنووسەری گۆڤارەکە کە عەبدولموئمین دەشتی‌یە دەڵێت: (ئەو پڕشنگ-ە پێنج ژمارەی لێدەرچووەو دیارە خۆشی ژمارە پێنجی دەست نەکەوتۆتەوە).

**ناساندن**

لەبەر ئەوەی زانیارییەکانی سەر بەرگی هەر چوار ژمارەکە لە چەند وشەو رستەیەکدا جیاوازییان هەیە بۆیە باشترە دەقی سەر بەرگییان بنووسمەوە.

لە ژمارە ١ دا نووسراوە:

(پڕشنگ گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی‌یە، پاشکۆی گۆڤاری دەنگی خوێندکارانی کوردستان*****-ی ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات-ئەکسا-یە، بە یارمەتی لقی بەرلینی رۆژئاوا دەردەچێت)، ئەم ژمارەیە لە مارتی ١٩٨٥ دەرچووەو بریتی‌یە لە ٣٦ لاپەڕە، نرخی لەسەر دانەندراوە.

لە ژمارە ٢ دا نووسراوە:

(پڕشنگ گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی‌یە، لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات – ئەکسا-وە دەردەچێت), ئەم ژمارەیە لە تەمموزی ١٩٨٥ دەرچووەو, بەڵام لەسەر هەمان بەرگ بە دیوی ناوەوەدا زانیارییەکان بەم شێوەیە نووسراون: (پڕشنگ گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی‌یە بە یارمەتی لقی بەرلینی رۆژئاوا وەکو پاشکۆیەک بۆ ئۆرگانی ناوەندی /ئەکسا/ دەنگی خوێندکارانی کوردستان ناوە ناوە دەردەچێت), ئەم ژمارەیە ٣٦ لاپەڕەیە.

لە ژمارە٣ و٤ دا هەمان زانیاری نووسراونەتەوە تەنیا لە رووی زمانەوانییەوە کەمێک دەستکاری دەستەواژەکە کراوە, ژمارە٣ لە ئابی ١٩٨٦ دەرچووەو ٤٠ لاپەڕەیە، بەڵام ژمارە٤ لە مارتی ١٩٨٧ دەرچووەو بە هەمان شێوە ٤٠ لاپەڕەیە، لەسەر بەرگی ژمارەکانی ٢و٣و٤ بۆ نرخەکەی نووسراوە (دانەی بە یەک دۆلارە یان بەرامبەرەکەی) لە هەمان روودا ناونیشانی گۆڤارەکە نووسراوە( Austria– Aien ١٠٩٦ Aksa post Fach١٢٢) لەسەر دوا بەرگیشدا بە لای دەرەوەدا گۆڤارەکە بە تیپی کوردی

> ”تێبینیم کردووە ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم لە نووسەرو رۆژنامەنووسو پسپۆرو لێکۆڵێنەرانی بواری رۆژنامەگەریی زانیاریان سەبارەت بەو گۆڤارە نییەو رەنگە تەنیا یەک دوو ژمارەیان لە گۆڤارەکەدا بینیبێت“

لاتینی ناسێنراوە.

بابەتەکانی پرشنگ بە تایپی ئای بی ئێم تایپکراون، بەڵام هەندێکیان بە تایپی ئاسایی واتە تایپی دەستی تایپکراون، بۆ دەنگەکانی (ۆ) و (ڕ) و (ێ) بە دەست نەک بە تاییەت چوکلە داندراون، ناونیشانی بابەتەکانیش بە دەست لەسەر کاغەز یاخود ستێنسل نووسراون، یان پیتچنین کراون، بۆ ئامێری چاپکردنیش بە ئۆفسێت چاپکراوە، رووکاری ئامێری فۆتۆکۆپیش بە هەندێک لاپەڕەدا دیارە، دروشمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان-ئەکسا کە بریتیە لە مەشخەڵێکو کۆمەڵێک دەست بەرزیان کردۆتەوە لەسەر بەرگی ژمارەکان (بەرگی پێشەوەو دواوە) داندراوە، نەخشەسازی هەر چوار ژمارەکە بریتیە لە شێوەیەکی ئەندازەییو لە هەر چوار ژمارەکەدا دووبارە بۆتەوە، لە بەرگدا تەنیا رەنگی رەش بەکارهاتووە تەنیا رەنگی کارتۆنی بەرگەکان گۆڕدراون.



ئەوەی بۆم ساغ بۆتەوە کارەکانی گۆڤاری پرشنگ زیاتر لە لایەن عەبدولموئمین دەشتیو خوالێخۆشبوو فریاد محێددین رایی کراون.

**ئامانج**

بۆ تێگەیشتن لە ئامانجی دەرکردنی گۆڤارەکە چەند رستەیەک لە (وتەی ژمارە١)ی گۆڤارەکە دەنووسمەوە: (کۆمەڵەکەمان کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات زۆر خۆشحاڵە بەوەی یەکەمین ژمارەی- پرشنگ- بکاتە دیاری نەورۆزو پێشکەشی خوێندکارو خوێندەوارە ئاوارەکانی نەتەوەکەی بکات/ هەروەکو دەبینن لەم ژمارەیەدا هەوڵمان داوە ئەم گۆڤارە زیاتر روویەکی ئەدەبی پیشانی خوێندەواران بداتو لە پاڵ ئەمەشدا لە دەنگ باسی رامیاری شۆڕشی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان بێ بەش نەبێت ل٣) لە شوێنێکیتری هەمان ژمارەو لاپەڕەدا نووسراوە: (یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارەمان دەخەینە بەرچاوی ئێوەی ئازیزو بەو هیوایەی پەسەندی بکەنو بە رەخنەو تێبینیو بەرهەمی وێژەییو زانستیو کۆمەلایەتیەکانتان ژمارەکانی داهاتووی برازێننەوە/ ناوی ئەم پاشکۆیەمان نا – پرشنگ-بەو هیوایەی بتوانین لەسەر هەمان گۆڤارە مەزنەکەی– پرشنگ- کۆنە ئۆرگانی کۆمەڵەکەمان لە ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٧ برۆینو دەنگی پرشنگ دەنگی یەکێتیو یەککبوونی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات زیندوو بکەینەوە) ئەمەو لە ژمارە ٢ دا زیاتر رێبازو ئامانجی گۆڤارەکە روونکراوەتەوە:

(گۆڤاری پرشـنگ گۆڤاری هەموو کوردێکی پەڕاگەندەیە، ئامادەیـە بەرهەمو نووسـینی هەموو لایـەک بڵاوبکاتەوە بـە بێ هیـچ رەچاوکردنێک دەربارەی لایەنی سیاسـی نووسـەر، تەنها ئەوانە نەبێت کە دژ بە نەتەوەکەمانن/ گۆڤاری پرشنگ هەموو نووسینێک بڵاودەکاتەوە کە لە مەیدانی رۆشـنبیریدا سوود بەخش بێت بۆ خوێنەرە خۆشەویسـتەکانی، هەروەکو لە ژمـارەی رابردوودا ووتمان......کۆمەڵەکەمـان کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وولات-ئەکسـا-زۆر بـە پێویسـتی زانی کە شـان بە شـانی گۆڤاری دەنگی خوێنکارانی کوردستان/ گۆڤارێکی وەکو/ پرشنگ/ تایبـەت بـۆ بڵاوکردنـەوەی رۆشـنبیری گشـتی دەربکات، واتـە ئەدەبیو هونـەریو زانسـتیو کۆمەڵایەتی، ژمارە٢ ل٣) ئەم دێرانە پێویسـتیان بـە لێکدانەوە نیـە چونکە روونو ئاشـکرایە کە مەبەسـتو ئامانـج چـی بووە لـە دەرکردنـی گۆڤاری پرشنگدا.




**ئەکسا چیە؟**

لـە دووتـویی ئەم نووسـینەدا لە چەندان شـوێندا وشەو زاراوەی (ئەکسـا) دێتە بەرچاو، وشەکە بریتییە لە کورتکـراوەی ناوی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردسـتان-لـە دەرەوەی کوردسـتان) بە زمانـی ئینگلیزی، لـە پێناو تیشـک خستنەسـەر مێژووچکەیەکی کۆمەڵـەی ناوبراوو نـاوی ئەکسـا چەنـد دێڕیـک لـە نووسـینی: ( ٣٠ سـاڵ کۆمەڵـەی خوێنـدکاران ١٩٥٦-١٩٨٦) وەردەگریـن کـە لە ژمـارە٣ی گۆڤاری پرشـنگدا بڵاوبۆتەوەو پاشـان لە چەندان شوێنیتریشدا وەک وتارو ناملیکەی سەربەخۆش بڵاوکراوەتەوە؛

(حەڤـدە خوێنـدکاری کورد کە ئـەو کاتە لـە ئەورووپا دەیانخوێند بە هاندانو دەستپێشکەریی دوکتۆر نورەدین زازا لـە ١٥ تـا ١٦ی ئابـی ١٩٥٦ لـە شـاری ڤیزبادن لە ئەڵمانیـا کۆبوونەوەو بڕیاریاندا کە کۆمەڵەیەک بۆ خۆیان دابمەزرێنـن، سـەرەتا لەبەر تێکـدی نەکردنەوەی بیـرو بۆچوونـەکان رێکخراوێکـی رۆشـنبیرییان بـە نـاوی کۆمەڵـەی رۆشـنبیریی خوێندکارانی کورد لـە ئەورووپا دامەزرانـد، کە تەنیا لـە رووی رۆشـنبیریو گۆڕینەوەی زانیارییـەوە پەیوەندیی نێـوان خوێندکارانی کـورد لە ئەورووپا رێک بخات هەقی بەسـەر سیاسـەتو تێکۆشانی سیاسـیو خەباتی نەتەوەی کوردەوە نەبێت، تا کۆنگرەی سـێیەم ناوەکە هەر بەو شـێوەیە مایەوە تا لە ٤ی ئابی ١٩٥٨ کۆنگرەی سـێیەم گرێدراوو نـاوی کۆمەڵە کرا بە

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو خۆی لە وشەی ڕۆشنبیریی ڕزگار کرد، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو کۆمەڵە زۆر ناوبانگی دەرکرد، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٤دا پاش هەوڵو کۆششێکی زۆر کۆمەڵە بە ئەندام لە یەکێتی خوێندکارانی جیهانی IUS دا وەرگیرا ئەو ناکۆکییانەی لە وڵات لە ناوەڕاستی شەستەکانی رابردوو سەری هەڵدا کارێکی خراپی کردە سەر کۆمەڵەو چالاکییەکانی، بەڵام نەبووە هۆی کەرت کردنی کۆمەڵەو هەر بە یەکگرتووی مایەوە تا کاتی بەستنی کۆنگرەی حەڤدەهەم لە هاوینی ١٩٧٥دا لەم کۆنگرەیەدا سەرکردایەتی کۆمەڵە پاش بڵاوەپێکردنی شۆڕشیش دەیویست کۆمەڵە بەو سەرکردایەتییە ببەستێتەوە کە بڵاوەی بە شۆڕش کرد خوێندکاران بەمە رازی نەبوون لەبەر ئەوە ئەو سەرکردایەتییەیان بە جێهێشتو کۆمیتەیەکیان هەڵبژارد بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی حەڤدەهەم کە لە هاوینی ١٩٧٦دا لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا پێک هات، ئەم کۆنگرەیە ناوی کۆمەڵەی گۆڕی بە کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە ناسراوە بە ئەکساو ئەکساش کورتکراوەی ناوی کۆمەڵەیە بە زمانی ئینگلیزی Association of Kurdistan Stedents Abroad کە یەکەم پیتی وشەکانی ئەو رستەیە وەرگیراوەو بۆتە (AKSA) خەباتی ئەکسا تا جاڕدانی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٨٨و راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بوو، پاش ئەو گۆڕانکارییانە چالاکییەکانی کۆمەڵەی ناوبراو بەرەو کزی چوو و تێکۆشانی خۆی راگرتو بوو بە بەشێک لە دۆخە تازەکە.

> **ئەو ناکۆکییانەی لە وڵات لە ناوەڕاستی شەستەکانی رابردوو سەری هەڵدا کارێکی خراپی کردە سەر کۆمەڵەو چالاکییەکانی، بەڵام نەبووە هۆی کەرت کردنی کۆمەڵەو هەر بە یەکگرتووی مایەوە**

### بەرهەمی رۆژنامەنووسی لە پڕشنگدا

هەر چاپکراوێک هەڵگری سەر نێوی یەکێک لە بوارەکانی رۆژنامەنووسی بێت پێویست بە گوێرەی جۆرەکانی خوێندراو، بیستراو، بینراو پۆلێن بکرێت، پڕشنگ دەچێتە خانەی رۆژنامەگەریی خوێندراوو ئێستاش سەبارەت بە ئاڕاستەی کارکردنی گۆڤارەکە ناوەڕۆکی چوار ژمارەکە وەردەگرین:

<u>هەواڵ:</u>

ئەو بنەمایەیە کە جیهانی رۆژنامەگەریی لەسەر دامەزراوە، گۆڤاری پڕشنگ بە گوێرەی تواناو دەرفەت گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ داوە بە تایبەتیش هەواڵی ئەو چاپکراوانەی کە ئەوسا بڵاوکراونەتەوە، لە ژمارە (١)دا لە ژێر ناونیشانی ئاسۆ ئەم هەواڵە بڵاوبۆتەوە: (بۆ ئەوەی بتوانین دەنگی شۆڕشی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئازیزدا بە جیهانی دەرەوە بگەیەنین دەبێ هەوڵی ئەوە

بدەین بە زمانی بێگانە دەنگو باسەکانی کوردستانو باری کوردستان بۆ بیگانە بگێڕینەوە، کۆمەڵەمان لەم هەوڵە دریغی نەکردووە، ئەوەتە بەم دوایە هەر لەم پێناوە پیرۆزە کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان لە دەرەوەی وولات ئەکسا لقی ئەلمانیای رۆژئاوا دوو ژمارەی رۆژنامە بە نرخەکەی ئاسۆ بە زمانی ئەلمانی بلاوکردەوە) لە درێژەی هەواڵەکەدا دەست نیشانی ئەو بابەتانەی کردووە کە رۆژنامەی ناوبراو بڵاویکردوونەتەوەو پیرۆزبایی لە دەرچوونی ئاسۆش کردووە، هەروەها کلیشەی هەردوو ژمارەکەشی لەگەڵ هەواڵەکە بڵاوکردۆتەوە، هەر لەم ژمارەیەی پڕشنگدا هەواڵێکیتریش لە ژێر ناونیشانی (هەواڵێکی خۆش) بڵاوبۆتەوە، ئەمە دەقی پەرەگرافی یەکەمە لە هەواڵەکە: (پاش زنجیرەیەک لە گفتوگۆو لێکۆڵینەوەو باس کردن دەربارەی باری ئێستای جیهانو ناوچەکەو تورکیاو کوردستان ئەم پارتانەی تورکیاو کوردستانی تورکیا ١. پارتی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستان ٢. پارتی کرێکارانی تورکیا ٣. پارتی کاری کۆمۆنیست لە تورکیا ٤. پارتی کۆمۆنیستی تورکی ٥. پارتی سۆسیالیستی کوردستان لە تورکیا ٦. پارتی سۆسیالیستی کرێکارانی تورکیا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەرنامەیەکی یەکگرتووی خەبات دەست نیشان بکەن) لە ژمارە٢شدا لە ژێر ناونیشانی (پێشانگۆکەی پڕشنگ) هەواڵی چاپکردنو بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبو گۆڤارانەی بڵاوکردۆتەوە: (کوێرەوەریو بیرەوەری-هاوار، دوو تەقەلای بێ سوود-محەمەد ئەمین زەکی، هەڵوێست-گۆڤار، هیوا-گۆڤار، دراسات کردیە-گۆڤار، دەنگی خوێندکارانی کوردستان-گۆڤار) وەک کارێکی رۆژنامەگەریی بەچەند دڕێک ئەو گۆڤارو کتێبانە ناسێنراوە، هەروەها لە ژمارەکانی ٣و٤ یشدا هەوڵدراوە بڵاوکردنەوەی هەواڵ فەرامۆش نەکرێت.

<u>هونەرەکانی ئەدەب:</u>

گۆڤاری پڕشنگ وەک گۆڤارێکی رۆشنبیری زیاتر گرنگی بە ئەدەب داوە، بەلام وەک زانراوە کە رۆشنبیری هەر تەنیا ئەدەب نیەو لە (٤) ژمارەکەدا بە رێژەیەکی زۆر کەم لای بە لای بوارەکانیتری رۆشنبیری کردۆتەوە، لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ئاماژە بە هونەرەکانی ئەدەب دەدەین؛

ئا- شیعر:

لە هەر (٤) ژمارەکەدا کۆمەڵێک دەقی شیعر بڵاوبۆتەوە، کە هەندێک لە شیعرەکان پێشتر لە شوێنیتردا بڵاوبوونەتەوە، وەک (نەورۆز، کامەران، ژ١، ل٥- نەورۆز، پیرەمێرد، ژ(١)، ل٥، پڕشنگ لە ئاسۆی دەربەدەریا، ژ(١)،

**گۆڤاری پڕشنگ وەک گۆڤارێکی رۆشنبیری زیاتر گرنگی بە ئەدەب داوە، بەلام وەک زانراوە کە رۆشنبیری هەر تەنیا ئەدەب نیە**

ل٢٩- کــوڕی بابەگوڕگــوڕ، جوامێــر، ژ(٣)، ل٢٩- پاکانە، و:ســەیران، ژ(٣)، ل٣١- پۆســتەرە شیعر، لەتیف هەڵمەت، ژ(٤)، ل٣٤) ئەمــەو هەندێک شــیعری‌تریش وا تێدەگەم کە یەکەمینجارە بڵاودەکرێنەوە، بریتین لە شیعری سادەو زیاتر بۆ هاندانو بەرز راگرتنی دەســتکەوتو سەروەرییەکانی کوردو خەڵکی کوردستان نووسراون.

بێ- پەخشان:

کە باس لە پەخشان دەکرێت کۆمەڵێک لقی لێ دەبێتەوە وەک:

<u>وتار:</u>

گۆڤاری پڕشــنگ گرنگییەکی دیاری بە بڵاوکردنەوەی وتارداوە بەڵام وەک حاڵی وتارەکانی نێو رۆژنامەنووسی کــوردی وتارەکانــی نێــو گۆڤاری پڕشــنگ- یش شــێوە نووســینی ئەدەبی لە ســەر وتارەکانــدا زاڵە، بــۆ نموونە دەکرێت ســەیری چەند دێڕێک لەم وتارە بکەین کە لە ژێر ناونیشانی ( نەورۆز......نەورۆز) دایە: (نەورۆز......نەورۆز! ئەی یاقووتی وشــەی کوردی، ئەی نیشــانەی کۆڵنەدانو ســەربڵندی، ئەی وشــەی پڕ نرخو پیرۆز مایەی شانازی گــەلو هــۆز، ئەوا دیســان بــە هێمنی بــە رێگەوەیــت...... ژ(١)، ل٢٢) هەروەهــا وتارێکی‌تــردا لــە ژێر ناونیشــانی (نامەیــەک) هەســت دەکرێــت پارچەیەکە لە پەخشــانێکی ئەدەبی: (گۆڤاری پڕشــنگ ئەســتێرەیەکی تازە هەڵاتووە، خونچەیەکی تازە پشــکوتووە، هەسوونی تەنها دەوارێکی نیرگــە کەوتــووە، ئومێــدی هــەزاران ئــەدەب دۆســتی تامەزرۆیــە، زیندووکــەرەوەی کەلەپوورمانە ناســێنەری شوناســنامەی هۆزمانە، دەرخەری مێژووی پڕ ناســۆری عێلمانە، خەمڕەوێنی هەزارەها ئاوارەی کوردستانە......ژ(٢)، ل٦) لە هەر (٤) ژمارەکەدا چەندان وتاری‌تری لەم چەشنە بڵاوکراونەتــەوە، ئەمەو ســەرەڕای وتاری‌تر کە هەســت دەکرێت هونەرکاری نووســینی وتاری رۆژنامەنووسیان تیایە پەیڕەو کراوەو لە ژێر ناونیشانێکی‌ترداو لە لاپەڕەکانی دادێ باسیان دەکەین.

**”گۆڤــاری پڕشــنگ گرنگییەکــی دیــاری بــە بڵاوکردنــەوەی وتــارداوە بەڵام وەک حاڵی وتارەکانی نێــو رۆژنامەنووســی کوردی وتارەکانــی نێــو گۆڤــاری پڕشنگ- یش شێوە نووسینی ئەدەبی لە ســەر وتارەکاندا زاڵە“**

<u>چیرۆک:</u>

ژانرێکی‌تــرە لــە ژانرەکانی‌تــری هونــەری ئــەدەبو لــە هــەر چوار ژمارەکــەدا تەنیا یــەک چیرۆکــی خۆماڵی بڵاوکراوەتــەوە ئەو چیرۆکەش لە ژێر ناونیشــانی (کۆچو مانەوە)یەو بە ناوێکی خوازراوی (هاوەڵ) بڵاوکراوەتەوە، کــە لە سانفرانسیســکۆوە بۆ گۆڤارەکە نــاردراوە، بابەتی چیرۆکەکە گرتەیەکە لە ژیانی ئاوارەیی خەڵکی کوردستان، خێزانێکی کوردستانی رۆژهەڵات چۆن جەنگ ماڵیان وێران دەکاتو ئــاوارەی کوردســتانی باشــوور دەبــن، لەوێش

رژێمــی بەعــس هــەوڵ دەدات بــۆ ئــۆردوگای زۆرەملێ بیانگواســتەوە, بەڵام ئەمان ئەو بڕیــارە رەتدەکەنەوەو لە دۆڵێکی ســەختی کوردستاندا رۆژانە بە کولەمەرگی ژیان دەبەنەســەر، چیرۆکنــووس بۆ گێڕانــەوەی رووداوەکانی چیرۆکەکەی کاری لەسەر هونەرکاری نووسینی چیرۆکدا لەو سەردەمەدا کردووە.

وەرگێڕانی ئەدەبی:

پڕشــنگ لــە ژمارەکانیدا کۆمەڵێــک دەقی ئەدەبــی کە لە زمانەکانی فارســی، ئەڵمانــی، عەرەبی وەرگێــڕدراون بڵاوکردۆتــەوە، ئەمــەش پەرەگرافێکــە لــە چیرۆکــی وەرگێڕدراوی (ســەمای مەرگ): (نە شــا هەیە نە گەدا، نە پیر هەیەو نە گەنج، نە کچ هەیەو نە کوڕ، نە ژن هەیەو نە پیاو، هەموو مردوون، هەموو پەیکەری هێسکین، نە کەس تاجی سەرەو نە کەس کەوای لەبەرە.......)

یاداشت:

لە ژمارە (١)دا نووســینێک بە قەڵەمــی عەبدولموئمین دەشتی لە ژێر ناونیشانی (ئەوێ جێ‌ناهێڵین) بڵاوکراوەتەوە، کە بریتیە لە یاداشــتی چەند دیمەن‌و رووداوێک لە شاری هەولێر بــە تایبەتیش ئەو کۆڵان‌و گەڕەکەی کە نووســەر تێیــدا ژیاوە، کــە بە شــێوازێکی جــوان‌و وردی هونەری دیمەن‌و کاتەکانی گێڕاوەتەوە.

مێژوو لە پڕشنگدا:

لە هــەر چوار ژمارەکــەدا کۆمەڵێک بابەتــی مێژوویی بڵاوکراونەتــەوە کــە بریتیــن لە نووســین‌و وەرگێــڕان‌و ئامادەکــردن، لە ژمارە٢, ٣دا (ا.ع) وتارێکی بە ناونیشــانی (١٩١٩ لاپەڕەیەکی گەشە لە تێکۆشانی کورد) نووسیوە لە بڕگەیەکدا بەم جۆرە بــاس لە یەکەمین حکومەتی کوردی دەکات: (بێ گومان کە حکومەتی سلێمانی یەکەم حکومەتی میللیــە لەم ناوچەیەدا کە بە سەربەســتی بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بریتانی ئەمەش لە کاتێکدا کە جگە لە حکومەتی شەریف حسین لە حیجاز کە هێشتا جێ‌گیر نەبو بوو هەر سەریشی نەگرت چ لە تورکیا کە کەوتە نێو چنگی ئینگلیز چ لە عیراق‌و سوریاو ئوردن تا ئەم سەردەمەیە هیچ حکومەتێکی نیشتمانی دانەمەزرابوو) هەر لەم ژمارەیەداو هەروەها لە ژمارە (٣)شــدا لێکۆڵینەوەیەک ســەبارەت بە ژیانی ئەدریســی بەدلیســی‌و تا چەند کاریگەریی لەســەر مێژووی نەتەوەکەماندا هەبووە بڵاوکراوەتەوە، بابەتەکە تا ئاســتێک وردەو لە یەکێک لە قۆناغە دژوارەکانی مێژووی کورد دەدوێت، هەروەها لە ژمارە ٣ دا بابەتێکی مێژوویی ســەبارەت بە مێــژووی دامەزراندنی یەکەمیــن رێکخراو بــۆ خوێندکاران لــە ژێر ئــەم ناونیشــانە بڵاوکراوەتەوە:

"پڕشــنگ لە ژمارەکانیدا کۆمەڵێــک دەقــی ئەدەبــی کــە لە زمانەکانی فارســی، ئەڵمانــی، عەرەبــی وەرگێڕدراون بڵاوکردۆتەوە"

هەواڵنامەی کتێب

(٣٠ سـاڵ کۆمەڵـەی خوێنـدکاران ١٩٥٦-١٩٨٦)، ئەمـەو سـەرەڕای چەند بابەتێکی‌تـری مێژوویی، هەروەهـا هەر لە ژمارە (٣) دا بابەتێکی‌تر بە ناونیشـانی (مێژوونووسی بە ناوبانگی کورد ئەمیر شـەڕەفخانی بدلیسـی لـە چەند دێڕێکـدا) بڵاوکراوەتەوە، کە تەواوی زانیارییـەکان وەک ئامـاژەی پێـدراوە لـە کتێبـی (مێـژوو******)ی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد وەرگیراوە.

<u>بابەتی ڕۆژنامەنووسی:</u>

یەکێـک لەو بابەتـە ڕۆژنامەنووسـیانەی کە پڕشـنگ بـڵاوی کردۆتـەوە, ئەگەرچی دەچێتە خانەی مێـژووەوە, بـەڵام گونجاوتـر بوو لە ژێر ناونیشـانێکی سـەربەخۆدا ئاماژەی پێبدەم, بابەتێکە لە نووسینی د.کەمال فوئاد لەمەڕ ڕۆژنامەی (بانگی هەق-١٩٢٣) کە لە ژێر ئەم ناونیشانەدایە: ( بانگی هەق یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستان) کە دوو بەشـەو لە ژمارەکانی ١و٢ دا بڵاوبۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە چەندان سـاڵ بەسەر نووسینو بڵاوکردنەوەی بابەتـی ناوبـراو تێپەڕیـووە, بەڵام هێشـتا مشـتومڕی دەربـارە دەکرێت بـە تایبەتیش لە لای لێکۆڵـەرەوانو لە زانکۆکانی کوردستاندا.

<u>فۆلکلۆر:</u>

گۆڤاری پڕشـنگ کەلەپوورو فۆلکلـۆری دەوڵەمەندی کـوردی فەرامـۆش نەکـردووە، زیاتریـش گرنگـی بـە بڵاوکردنـەوەی پەندو دەقی گۆرانـی داوە، بۆ نموونە ئەم دەقە دەنووسینەوە کە لە ژمارە (١)دا بڵاوکراوەتەوە:

جووتـێ سـاقی گـوارە زێڕن<br>
مـەی لـە مەیخانـێ دەگێـڕن<br>
عاشـقان لە دیـن وەردەگێڕن<br>
شـیرنێ بابچینـە سـەیرانێ

<u>وتاری سیاسی:</u>

بـە گوێـرەی پێویسـتی ڕۆژو ڕۆژگاری دەرچوونـی پڕشـنگ گرنگی بـە بڵاوکردنەوەی بابەتی سیاسـی داوە، بـۆ نموونە هەر چوار (وتەی ژمارە)ەکەی بریتین لە چوار وتاری سیاسی وردی گونجاو بۆ ڕۆژگاری ئەوسا، هەر لە دوو تویێ هەر چوار ژمارەکەدا چەند وتارێکی‌تریش دێنە بەرچاو وەک: (دەرزیێ بکا بە خۆتا، جا سوژنێ بە خەڵک، ژ١) کـە باس لە پەنابەرانی کـورد وەک تاکو بزوتنەوەی کوردایەتـی دەکات بـە تایبەتـی ئەو تاکانەی کە تـەواوی حـزبو ڕێکخـراوە سیاسـییە کـوردو کوردسـتانییەکان ڕەتدەکەنـەوەو هەردەم ڕەخنەیان لێدەگرن، لە ژمارەکانی تریشـدا وتاری‌تر بڵاوکراونەتەوە وەک: (کوردستانیەت لە نێوان نووسینو کرداردا، ژ٢)، (فەرهەنگی سیاسی، ژ٣).

**گۆڤـاری پڕشـنگ کەلەپـوورو فۆلکلـۆری دەوڵەمەندی کوردی فەرامۆش نەکردووە، زیاتریش گرنگی بـە بڵاوکردنـەوەی پەنـدو دەقی گۆرانی داوە**

زمان:

گۆڤاری پرشنگ لە کاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیدا زۆر گرنگی بە لایەنی زمانەوانیو رێنووسو خاڵبەندی داوە، بە گوێرەی توانا گرنگی بە زمانی نووسینەکان داوە، زۆربەی نووسینەکانی پرشنگ بەدەرن لە وشەی غەریبو بێگانەو سەلیقەی نا زمانەوانی ، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە بابەتەکان بە تایپی ئاسایی تایپکراون بەڵام گرنگی بە دانانی خاڵبەندی دراوە.

ئەگەر وەک بواری زمانی رۆژنامەنووسیش سەیری بکەین ئەوە وەک هەر رۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤارێکیتری کوردی زمانی ئەدەب بەسەر نووسینەکاندا زاڵە، دیارە ئەمەش کێشەیەکە تا بە ئەمڕۆش دەگات بواری رۆژنامەگەری کوردی نەیتوانیوە خۆی لێ رزگار بکات.

**بۆ بزەی لێو**

ئەوانەی کە گۆڤاری پرشنگیان دەرکردووە حەسی رۆژنامەگەرییان بەهێزو ورد بووە، بۆ پشوودانی مێشکو ماندوونەکردنی چاو سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بابەتی درێژ بەڵام زیاترین بابەت کە بڵاویان کردۆتەوە بریتین لە کورتە بابەت، هەروەها لەو رووەوە نوکتەشیان لە بیر نەکردووە، لە ژمارە٣ دا ئەم نوکتەیەیان بڵاوکردۆتەوە؛ (کابرایەک کراسێکی کڕی بوو، زۆر خێراو بە پەلە بەرەو ماڵ دەڕۆیشتەوە، لە رێگا دەگاتە برادەرێکی، برادەرەکە لێی دەپرسی ها بۆ وابە پەلە دەڕۆی؟ لە وەڵامدا دەڵێت؛کراسێکم لە بازاڕ کڕیوە، دەترسم تا دەگەمە ماڵ مۆدێلەکەی بگۆڕێتو فریای لەبەر کردنی نەکەوم).

**بابەتی هەڵبژاردە**

چەند بابەتێک لە گۆڤاری پرشنگدا بڵاوکراونەتەوە تا ئێستاش هێزی خۆیان لە دەست نەداوەو دەکرێت ئەمڕۆش وەک سەرچاوە سوودیان لێ ببینرێت، بۆ نموونە لە ژمارە٣ دا بەڵگەنامەیەکی گرنگی مێژوویی بڵاوکراوەتەوە کە بریتییە لە بڕیارەکانی یەکەمین کۆبوونەوەی دەستەیەک لە خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی خوێندکاران، لەبەر گرنگی ئەو بەڵگەنامەیە وا لێرەدا جارێکیتر بڵاوی دەکەینەوە؛

بڕیارەکانی کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە ڤیزبادن*******/ ئاب ١٩٥٦

(کۆبوونەوە بە گشتی بڕیاری لەسەردا)

١- کۆبوونەوە لەو باوەڕەدایە کە کورد یەک نەتەوەیە، خاکو زمانو مێژوو پەیوەندی ئابووریو نەریتو کولتوری نەتەوایەتی تایبەتی خۆی هەیەو هەمو******** ئەو مەرجانەی تێدایە کە نەتەوە پێک دێنن.

٢- بەندی سەرەوە نەتەوەی کورد لەو ناوچانە ئەگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن، واتە کوردستان کە پارچەیەکی جوغرافی یەکگرتوو پێک ئەهێنێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٣- هەقی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی دوارۆژی خۆیدا هەقێکی رەوایەو هیچ گومانی تیدا نییە.

٤- باری ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست(١٩٥٦) رێگای بەکارهێنانی ئەم هەقە نادات.

٥- دەسەڵاتی کۆلۆنیالیو دەرەبەگیو کۆنەپەرستی بە گشتی ئەو کۆسپانەن کە لە رێگای بەکارهێنانی هەقی دیاریکردنی دوارۆژدا وەستاون، بۆیە پێویستە خەبات بکرێت بۆ لەناوبردنی ئەم کۆسپانەو بەدیهێنانی دیموکراسیی راستەقینە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٦- کۆبونەوە لەو باوەڕەدایە کە دیموکراسیو خەبات دژی کۆلۆنیالیزم و رێژیمی دەرەبەگیو کۆنەپەرستی هەر بۆ ئەوە نییە کە نەتەوەی کورد بگات بە هەقی دیاریکردنی دوارۆژی، بەڵکو باوەڕی وایە کە دیموکراسی راستەقینە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەدیهێنانی بەختیاری بۆ گەلی کوردو هەر گەلێکیتر.

٧- بزوتنەوەی نیشتمانی کورد بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی دژ بە کۆلۆنیالیزمە، لەم رووەوە بەستراوە بە هەمو بزوتنەوە رزگاریخوازەکانیتر، بۆیە کۆبونەوە پشتگیریی تەواوی هەمو گەلان ئەکات لە

پێناوی ئازادیو سەربەخۆیی نیشتمانی بە تایبەتی هی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٨- هاوکاری کردنی گەلی کورد لەگەڵ هەمو گەلانی ئازادیخواز بە تایبەتی گەلانی عەرەبو فارسو تورک ئەرکێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی، چونکە بەرژەوەندیان لە نەمانی کۆلۆنیالیزمو دەرەبەگایەتیو کۆنەپەرستی، لە کارکردندا بۆ بەدیهێنانی ئەم هاوکارییە پێویستە باری جیاوازی وڵاتەکان ڕەچاو بکرێت.

٩- ئەرکی سەرشانی هەمو کوردێکی دڵسۆزە بە تایبەتی ڕۆشنبیران کە لە مەسەلەی کورد بکۆڵنەوەو رونی بکەنەوە بۆ رای گشتیی ناوچەییو جیهانی بە تایبەتی بۆ گەلانی دراوسێ وەک هەنگاوی یەکەم بۆ بەدیهێنانی هاوکاریی پێویست لە نێوان ئەم گەلانەدا. کۆبونەوە لەو باوەڕەدایە کە ئەبێت بەرگری لەم مەسەلەیە بکرێت لەبەردەمی دامو دەزگا جیهانیی یەکاندا .

١٠- هەوڵ بۆ پێکهێنانی پەیوەندی مەعنەویو ئایدیۆلۆژیو ڕۆشنبیری لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا.

١١- پێویستە کولتوری نیشتمانیی کورد لە هەمو ناوچەکانی کوردستان بڵاوبکرێتەوەو پەروەردە بکرێت، بە تایبەتی خەبات بکرێت بۆ کردنی زمانی کوردی بە رەسمی لەم ناوچانەداو بۆ بەدەستخستنی هەمو مافە ڕۆشنبیریی یەکان.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کۆبونەوەکە لەو باوەڕەدایە کە ئەرکی سەرشانی هەمو کوردێکی دڵسۆزە بە تایبەتی ڕۆشنبیران خزمەتی کولتوری نیشتمانیی کورد بکەن لە چوارچێوەی کارەکانیانداو هەوڵ بدەن بە کەسانیتری بناسێنن و هانی دامەزراندنی کۆمەڵەی پێکرایی بدەن بۆ هاوکاری کولتوری لەگەڵ گەلانی کەدا.

لەوانەی لەم کۆبونەوەیەدا ئامادەبون؛ دکتۆر نورەدین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، سەعدی دزەیی، دارا تۆفیق، یوسف ئەدیب، ئەحمەد رەسول، ئەحمەد زەمجی، دانش عارف، زاهیر حسین، عومەر رەمزی، فوئاد رەشە، تەحسین هەورامیو پێنج خوێندکاریتر، بە داخەوە ناوەکانیانمان دەست نەکەوت، ئەگەر خوێنەرانی بەڕێز بتوانن لەم بارەیەوە یارمەتیمان بدەن سوپاسیان ئەکەین.)

ئەم بڕیارنامەیە لە ژمارە ٣، لاپەڕەکانی ١٤و١٥ی گۆڤاری پڕشنگ بڵاوبۆتەوە.

لە کاتی گواستنەوەی ئەم بەڵگەنامەیەدا هەوڵم داوە دەقاو دەق بینووسمەوە، دیارە زیاتر مەبەستم ڕێنووسە تەنیا نیشانەی حەوتمان بۆ دەنگەکانی (ۆ)و (ێ)و (ڕ) زیاد کردووە، وەک دەردەکەوێت ئەو تایپەی کە بەڵگەنامەکەی پێ تایپکراوە ئەو ئیشارەتانەی تێدا نەبووە.

**ئیندێکسی چوار ژمارەکە**

بۆ باشتر ناساندنو ئاشنابوون بە بابەتە بڵاوکراوەکانی چوار ژمارەکەی گۆڤاری پڕشنگ وا لە خوارەوە ئیندێکسی ناوی بابەتە بڵاوکراوەکان دەنووسینەوە؛

- ژمارە(١) مارتی ١٩٨٥

وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران......ل٣ تا ل٥

دەرزیی بکە بە خۆتا، جا شۆژنێ بە خەڵک، ک- ئاسۆ، وتار......ل٦ تا ل٩

ئاسۆ، دەستەی نووسەران، وتار......ل١٠

بانگی هەق یەکەمین ڕۆژنامەی شۆڕشی کوردستان، کەمال فوئاد، لێکۆڵینەوە......ل١١ تا ل١٨

چەند کۆپلە شیعرێک، زرێڤان......ل١٩

نەرۆرۆز، پیرەمێرد، شیعر......ل٢٠

نەورۆز، عوزێر، شیعر......٢١

نەورۆز......نەورۆز، م. بایز، پەخشان......ل٢٢

هەواڵێکی خۆش......ل٢٣

دوو هۆنراوەی فۆلکلۆری......ل٢٤ و ٢٥

ئەگەر شەکە ماسییەکان مرۆڤ بان، بێرتۆلت برێشت، وەرگێرانی؛پێشەوا، چیرۆک......ل٢٦ تا ٢٨

پڕشنگ لە ئاسۆی دەربەدەریا، ا.ف**********، شیعر......ل٢٩

سکاڵای دڵ، هە/کافرۆشی، شیعر......ل٣٠

ئەوێ بەجێناهێڵن، عەبولموئمین دەشتی، یاداشت......ل٣١ تا ل٣٦

- ژمارە (٢) تەمموزی ١٩٨٥

وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران......ل٣
کوردستانیەت لە نێوان نووسینو کرداردا، ک- ئاسۆ، وتار......ل٤ و ل٥
پەندی پێشینان، ئامادەکردنی؛بێساران، چەند پەندێکە...... ل٥
نامەیەک، هادی بەهمەنی، وتار، ......ل٦
با گوم نەبین، هادی بەهمەنی، وتار......ل٧ و ل٨
١٩١٩ لاپەڕەیەکی گەشە لە تێکۆشانی کورد، ا.ع...... ل٩
بانگی هەق یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کوردستان، بەشی دووەم، کەمال فوئاد......ل١١ تا ل١٧
پێشمەرگە، م/بایز، پەخشان......ل١٨
پۆستەرە شیعر، خەبات عەزیز، شیعر......ل٢٠ تا ل٢٢




ئەدریسی بەدلیسی رۆڵو کارتێ کردنی بۆ سەر مێژووی کورد، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا، وەرگێڕانی؛ئەزمر......ل٢٣ تا ل٢٩
تێرامانی ئەم کتێبە(دوو تەقەڵای بێ سوود) عەبدولموئمین دەشتی، وتار......ل٣١ تا ل٣٤
پێشانگۆکەی پرشنگ، خستنەڕووی چەند بڵاوکراوەو چاپکراوێکە......ل٣٥ و ل٣٦

- ژمارە (٣) ئابی ١٩٨٦

وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران......ل٣ و ل٤
٣٠ ساڵ کۆمەڵەی خوێندکاران، دەستەی نووسەران...... ل٥ تا ل١٣
بڕیارەکانی کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە ڤیزبادن/ ئابی ١٩٥٦، بەڵگەنامە......ل١٤ و ل١٥
ئدریسی بدلیسی رۆڵو کارتێکردنی بۆ سەر مێژووی کورد، بەشی دووەم، عەبدولفەتاح عەلی یەحیا، وەرگێڕانی؛ ئەزمر، لێکۆڵینەوە......ل١٦ تا ل٢٥
مێژوونووسی بەناوبانگی کورد ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی لە چەند دێڕیکدا، ئامادەکردنی؛م.بایز، وتار......ل٢٢
کۆچو مانەوە، هاوەڵ، چیرۆک......ل٢٣ تال٢٥
چەکوشەکە، وەرگێڕانی؛ ک- ئاسۆ......ل٢٦
سەمای مەرگ، بزرگ عەلەوی، وەرگێڕانی؛عەبدولموئمین دەشتی، چیرۆک......ل٢٧ و ل٢٨
کوڕی بابەگورگوڕ، جوامێر، شیعر، ل٢٩ تا ل٣٠
پاکانە، مزەفەر نەواب، وەرگێڕانی؛سەیران......ل٣١ تا ل٢٦
فۆلکلۆر، هۆنراوە......ل٣٧
فەرهەنگی سیاسی، ئامادەکردنی؛نەبەز، وتار.......ل٣٨

پێشانگۆکەی پڕشنگ، خستنەرووی چەند بڵاوکراوەو چاپکراوێکە......ل٣٠ و ل٤٠
– ژمارە (٤) مارتی ١٩٨٧
وتەی ژمارە، دەستەی نووسەران......ل٣
هونەرو هونەری ئارشیتکتۆری، وەرگێڕانی؛د.ع......ل٥
لاسکە زەیتون، وەرگێڕانی؛شیرین......ل١٠
مامەڵەی مرۆڤ، ئاوارە عەزیز......ل١٣
مرۆڤی سەر درەختەکە، وەرگێڕانی؛ ئازاد کەرکوکی...... ل١٤
بەهار هات، ئەحمەد دەشتی، شیعر......ل٢٦
چوار لایلایە، وەرگێڕانی؛عەتا ئەحمەد......ل٢٧
پۆستەرە شیعر، لەتیف هەڵمەت، شیعر......ل٣٤
فۆلکلۆر......ل٣٥
فەرهەگی سیاسی، ئامادەکردنی؛نەبەز......ل٣٦
پێشانگۆکەی پڕشنگ......ل٣٩

**پاشبەند**

بۆ باشتر ناسینو شارەزابوون لە دەرکردنو کارە هونەرییەکانی گۆڤاری پڕشنگ وا لەگەڵ ئەم باسەداکورتە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عەبدولموئمین دەشتی دەکەمە پاشبەندی باسەکەم، ناوبراو رۆڵی سەرەکی هەبووە لە دەرکردنو نووسین بۆ گۆڤاری پڕشنگ، پرسیارەکانم لە رێگای پۆستی ئەلکترۆنی بە تایبەت بۆ ئەم بابەتە ناردو بەڕێزیان بەم شێوەیە وەڵامی داومەتەوە؛




**برای بەرێزم کاک نەوزاد**
**دوای رێز و سڵاو...**
**خۆشحاڵم بەوەی کە بەرێزتان خۆتان خەریک کردووە بە لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوەکانی خوێندکاران لە هەندەران، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک رەنجی لە بیرچوو، بۆ مێژوو تۆمار بکرێنەوەو نەفەسی تازەیان پێ ببەخشرێتەوە.**
**وا وەک خوارەوە یەکە یەکە وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە**
**عەبدولموئمین دەشتی**
**بەرلین ٢٠٠٧/٠٥/٢١**

**کێ لە گۆڤاری پرشنگ کاری کردووە؟**
**– دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٤ لە کۆنفرانسێکی گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (AKSA) لە شاری گوێتنگن، لەگەڵ چەند هەڤالێکیتر بە ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی هەڵبژێردرامو کاروباری راگەیاندنم گرتە ئەستۆ. ئەو کاتە کۆمەڵەی خوێندکاران گۆڤارێکیتری دەردەکرد، بە ناوی دەنگی خوێندکارانی کوردستان، کە پتر بۆ چالاکییە سیاسیەکانی رێکخراو تەرخان کرابوو. لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتی لە ماڵی ئێمە لە بەرلینی رۆژئاوا، بریاری دەرکردنی گۆڤاری پڕشنگمان**

دا، بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری گشتی. سەرپەرشتی کردنی بە من سپێردرا. ژمارەی پۆستی شاری ڤیەنەمان خستە سەر گۆڤارەکە، چونکە ئەم ژمارە پۆستە پێشتریش وەک ئەدرەسی رێکخراو ناسرابوو، بەم جۆرە هەر نووسینێک بۆ پرشنگ بهاتبا، دەچوو بۆ ڤیەنا، لەوێوە لەلایەن برادەران دەنێردران بۆ من. ئەوەی راستی بێت ئێمە تەنها دوو کەس کارمان لەم گۆڤارە دەکرد. من خۆم سەرنووسەری گۆڤارەکە بوومو سەرپەرشتی گشتی ناواخنی گۆڤارەکەم دەکردو پێشەکیەکانیشم بۆ دەنووسی.خوالێخۆشبوو، کادیری دڵسۆزو نیشتمانپەروەرو بەهرەداری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کاک فریاد موحیەددین، هەموو بابەتەکانی تایپ دەکرد. جگە لە بابەتە نووسراوەکانی بەرێز د.کەمال فوئاد، کە خۆی بە چاپکراوی بۆی دەناردین.

بە چ جۆرە ئامێرێک بابەتەکانتان تایپ دەکردو چاپ دەکرد؟

ئەوسا کۆمپیوتەر نەبوو، بە هەردوو باڵی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و (واتە کومەڵەو شۆڕشگێران)و ئاکسا، تەنها یەک تایپەری بچووکمان هەبوو. هەموو لا بەکارمان دەهێنا.خوالێخۆشبوو کاک فریاد بەم ئامێرە هەموو بابەتەکانی گۆڤارەکەی چاپ دەکردو من پێیاندا دەچوومەوەو هەڵەبژاریم تێدا دەکردو دووبارە دەمدانەوە بە کاک فریادو هەڵەکانی راست دەکردەوە. جگە لەم دووانەمان هیچ کەسێکیتر کاری لە گۆڤاری پرشنگ نەکردووە. نووسەرانیش بریتی بوون لە دۆست و هەوادارانی ئەکسا. پێویستە بەم بۆنە، ئەو راستییەش بۆ مێژوو بخەمە بەرچاوان، هەرچەندە ئەکسا لە کوردی هەموو پارچەکاندا ئەندامی هەبوو، بەڵام رێکخراوێک بوو، لە ژێر کاریگەری سیاسەتی ی.ن.ک. کاری دەکردو ئەندامانی زۆربەی ئەندام و هەوادارى ی.ن.ک. بوون.

گۆڤارەکەشمان بە ئۆفسێت لە چاپخانەیەکی کۆنی بەرلین چاپدەکرد، چاپخانەکە دەیزانی ئێمە خوێندکارینو هەژارین، بە نرخێکی هەرزان بۆی چاپ دەکردین، من پێم وایە قازانجی لە ئێمە نەدەکرد. هەر ژمارەی نزیکە ١٠٠٠ مارکێکی لێ وەردەگرتین.

چەند دانەی لێ چاپدەکرا؟ لە کوێ دەردەچوو؟

– هەر ژمارەی ٥٠٠ دانەمان لێ چاپ دەکرد، وەک پێشتر گوتم لە بەرلین دەردەچوو. جگە لە دوا ژمارەی (ژمارە ٥) ناردمان لە لەندەن چاپکرا.ئەو ژمارەیان بە قەبارەیەکی بچووکتر چاپکراو لەوێ دابەشکراو کەمی گەیشتەوە بەرلین. لە کاتی ئێستادا ئەو ژمارە لەبەردەستی مندا نیە.

– چۆن دابەشدەکرا؟

گۆڤارەکە بە پۆست بۆ هەموو ئەو وڵاتانە دەنێردرا کە لقی کۆمەڵەی تێدا بوو، کە ١٦ لق بوون. لە سنووری بەرلینیش راستەوخۆ بڵاودەکرایەوە. هەروەها لە چالاکییە سیاسییەکان لەسەر مێزی تایبەتی کۆمەڵە لەگەڵ بڵاوکراوەکانیتر دەفرۆشرا.شایانی باسە، لقی بەرلین هەموو رۆژانی سێشەمموان مێزێکی تایبەتی هەبوو لە مێنزای سەرەکی زانکۆی تەکنۆلۆجیای بەرلین، ئەدەبیاتی سیاسیەکانی خۆمانو پرسی گەلەکەمان راستەوخۆ بە کوردو ئەلمانو بیانی دەناساند.هەموو جارێک دروشمێکی گەورەمان بە مێزەکە شۆڕدەکردەوە کە لەسەری نووسرا بوو:

"Es lebe der Kampf des kurdischen Volks
for das Selbstbestimmzungsrecht"

واتە بژی خەباتی گەلی کورد بۆ مافی خۆچارەنووسی.

ناچارم بە شانازیەوە بڵێم، ئەو مێزەش هەر من سەرپەرشتیم دەکردو دامدەناو لەسەری دەوەستام. بە هۆی خوێندکارێکی کوردستانی رۆژهەڵات دۆلابێکی بە قفلو کلیلمان لە زانکۆ وەرگرتبوو، مێزو کەلو پەلەکانمان تێدا هەڵدەگرت. رۆژێک ناحەزانی گەلەکەمانو دەستی موخابەراتەکانیان، دۆلابەکەیان بە زۆر شکاندبوو، هەموو ئەدەبیات و کەلوپەلەکانیان لێ دزین.

کۆمەڵێک ناوی نهێنیو موستەعاری تیایە ئەگەر دەکرێت ئەو ناوانەم بۆ ساغ بکەوە؟

– هەندێک لەم ناوانەت لە خوارەوە بۆ رۆشن دەکەمەوە:

– من بۆخۆم بۆ دووبارە نەبوونەوەی ناوەکەمو خۆشەوستیم بۆ هەندێ ناو، هەندێ لە نووسینەکانی خۆم بەو ناوانە بڵاودەکردەوە:

پێشەوا: بە ناوی برازێکی خۆم، نەبەز، ع.د.، م.بایز، عەتا ئەحمەد: لە خۆشەویستیم بۆ برای شەهیدم کاک عەتا ئەحمەد، کە دۆستی گیانی بە گیانیم بوو، ئەوەی لەگەڵ شەهید جەبار رەشید و شەهیدەکانی تر تەرمەکانیان هێنرایەوە سلێمانی....ئێستا پەیکەرێکیان لە ئەمنە سوورەکە لە ژووری زیندانەکەی بۆ کردووە......ئێستاش زۆر بابەت بە ناوی ئەو بڵاودەکەمەوە..

– ک– ئاسۆ : سەلاح رەشید (وەزیری مافی مرۆڤی پێشوو لە ئیدارەی سلێمانی).

– زریڤان: شیعرێکی کەریم دەشتییە من لە ژمارە ١ بە ناوی زریڤانی کوڕی بڵامکردۆتەوە.

– کافرۆشی: نازناوی شیعری بەڕێز د. حەسەن موحەممەد عەلی–یە، کە تا ئێستا لە شاری بەرلین دەژیت.

– بێساران: هادی بەهمەنی (نووسەر و شاعیر)

– ئەزمر: د. بەدیعە مەحوی

– هاوەل: بە یادم نەماوە، نازانم کێ بووە.

– بۆ ناوتان لێنا پرشنگ لە کاتێکدا ساڵی ١٩٦٦ هەر لە ئەڵمانیا یاخود لە نەمسا گۆڤارێکی تر بەو ناوە هەبوو

– لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٧ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا K.S.S.E گۆڤارێکیان بەم ناوە بڵاوکردۆتەوە، وا بزانم هەر دوو ژمارەی لێ دەرچووەو نێوانیان ١٤ مانگ بووەو لە ئەلمانیا چاپکراون. خوێندکارانی ئەوسای کورد نووسینیان

تێدا بڵاکردۆتەوە، وەک مامۆستایان: د.ئیحسان فوئاد، د.کەمال فوئاد، م.خ کە وابزنم د.مارف خەزنەدارە، ک.م. ......ناوەکان هەموو نەناسراون و پێویستیان بە هەڵهێنان هەیە......ئێمەش کە خۆمان بە درێژکراوەی خوێندکارانی بەر لەخۆمان دەزانی، بەو تێگەیشتنە هەمان ناومان لەم گۆڤارە نوێیە نا، بۆ زیندووکردنەوەی کەلتووری رۆشنبیری مێژووی رێکخراوەکە.

جگە لە پرشنگو دەنگی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ئێمە لە هەشتاکان رۆژنامەیەکیشمان بە زمانی ئەلمانی دەردەکرد بە ناوی (der Horizont)، کە کاک خۆشەوی، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە ماربورگ سەرپەرشتی دەکردو بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێک دەردەچوو. وە ئەوسا رۆژنامەی ئاوا بە زمانی ئەلمانی دەگمەن بوو. سەرەڕای ئەم بڵاوکراوانەش لقەکانی کۆمەڵە گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەتییان بە زمانی وڵاتەکەیان بڵاودەکردەوە، بە چیکی، روسی، هەنگاری، ئینگلیزی.......هتد لەگەڵ هەزاران بەیانی سیاسی هەمەجۆر بە زمانی جیاجیا......

بەم جۆرە ئەوێ رۆژێ کە دوژمنانی گەلەکەمان لە لوتکەی بەهێزیدا بوونو پیاوەکانیان لە هەندەران بێ پەروا خەریکی راونانی نیشتمانپەروەرانو کاری تیرۆر بوون، دنیاش چاوی لێ دەقوچاندنو گوێی خۆیان کەڕ دەکرد، فاکسو ئێمێلو ئینتەرنێتو ساتالیتیش نەبوو، ئەو کارانەی کۆمەڵە گەورەترین خەباتی سیاسی بوون لەدەرەوەو کاریگەری تەواوی لە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکردو رژێمەکان بە هەموو جۆرێک هەوڵی لێدانیان دەدا لە کۆمەڵە......ئەوە بوو ئەندامێکی کۆمەڵەمان بە یارمەتی موخابەراتی رۆمانیو بە قۆلبەستەییو بە لێدانی لەلایەن پیاوانی بەعس، لە فرۆکەخانەی بوخارست لە مایسی ١٩٨٨ بە دەرمان بێهۆش کراو خرایە ناو فرۆکەو رەوانەی بەغداو لەوێش یەکسەر رەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کرا، چەندین لێکدان و پێکدادانیتر هەبوو لە سەرتاسەری ئەوروپا......تا هەوڵی کوشتنو زامارکردنی سەخت تا هەوڵی تەقاندنەوەی کۆنفرانسی ئەکسا لە بەرلین لە ١٩٨٢، کە ئەگەر سەری گرتبا سەدان کەس دەبوونە قوربانی...... تاوانباران گیران، بەلام لەوان رۆژاندا ترۆریستان دۆستی ئەوروپا بوونو تاونبارەکانیان وەک دیاری بێ ئازار رەوانەی بەغدا دەکرێنەوە......

ئەفسوس، لە رۆژی ئازادیدا، دەسەڵاتی کوردی نەک هەر نرخی بۆ خەباتگێڕانی دەرەوە دانەنا، بەڵکو لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ کوردستانی ئازاد، وەک بیانیان تەماشاکران و سووکایەتیش بە گەلێکیان کرا. ئەم سیاسەتەش بووە هۆی ساردبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی دەرەوە لە گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی باپیرانییان.

پەڕاوێزەکان:

* گۆڤارێکی تریش هەر بەناوی پڕشنگ هەبوو کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا k.s.s.k. دەریدەکردو ژمارە ١ لە حوزەیرانی ١٩٦٦و ژمارە٢ لە ئابی ١٩٦٧ دەرچووە.

** فەرهاد پیربال(د.)، بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەوروپاو ئەمریکا ١٨٩٧– ١٩٩٢ چاوخشانێکی بیبلیۆگرافیایی، سەنتەری برایەتی(گۆڤار) ژمارە٥، ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨، هەولێر لاپەڕە ١٤٩

*** (ئابی ١٩٨٦) هەڵەیە، بەڵکو لە (مارتی ١٩٨٥) دەرچووە، ئەو مێژووەی ناوبراو باسی دەکات ئەوە مێژووی دەرچوونی ژمارە(٣)یە نەک ژمارە(١)

**** خۆیان لەسەر بەرگی ژمارە(٣) بە دیوی ناوەوەدا نووسیویانە (ناوە ناوە دەردەچێت)

***** من ژمارە(١–٢)ی نۆڤەمبەر– دیسەمبەری ساڵی( ١٩٨٣)ی گۆڤاری (دەنگی خوێندکارانی کوردستان)م لە لایە.

****** واتە ئەم سەرچاوەیە؛ کەمال مەزهەر ئەحمەد(د.) مێژوو، بەغدا–١٩٨٣

******* ڤیزبادن شارێکە لە ئەڵمانیا.

******** لە سەرچاوەکەدا واتە لە گۆڤاری ناوبراودا وشەی(هەموو) بە یەک (واو) نووسراوە.

********* ا.ف واتە ئیحسان فوئاد، زۆربەی ناوە خواستراوو نهێنییەکانیتریش عەبدولموئمین لە چاوپێکەوتنەکەدا ئاشکراو ساغی کردوونەتەوە.

# رۆژنامە کوردییەکانی عێراق لە ئێراندا

## ١٩٧٥-١٩٩٥

ئەحمەد شەریفی- مەهاباد

پاش نسکۆی دڵتەزێنی شۆڕشی ئەیلوول لەساڵی ١٩٧٥دا، بەشێکی هەرە زۆری جەنگاوەران و قەڵەم بەدەستان، پێشمەرگەو رووناکبیرانی کوردستانی عیراق ئاوارەو پەڕیوەی ئێران بوون. زۆربەیان بەهەناسە ساردی و کەساسی سەرگۆنی باکوورو رۆژهەڵاتی ئێران کران.

رژێمی گۆڕکراوی شا کەخەیانەتی بەشۆڕشی ئەیلوول کرد، تەنانەت پاش نسکۆو ئاوارەبوونی کوردێلی عیراقی ئیجازەی نەدان کە لەکوردستانی ئێراندا بحەسێنەوەو لەگەڵ کوڕگەلی ئەم لا یەک ماڵ و خودان بن. وەک تۆوی هەرزن پەڕاگەندەو پەرێشانی کردن. سەرەڕای ئاوارەیی و کەساسی و دەربەدەری، زۆری پێ نەچوو کوردی رەبەن وەخۆهاتنەوەو یەکگربوون و دەستیان دایە خەباتی رۆژنامەگەریی و یەکبوونەوە.

رۆژێکی لەرۆژان پاش نسکۆی شۆڕش، لەماڵە ملازم یوونس رۆژبەیانی چاوم بەشەهیدی نەمر فەڕانسۆ هەریری کەوت. ئەوکات ماڵە ملازم یوونس کە سەرکردەیەکی دلێری پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو، لەمەیدانی حەیوانانی مەهاباد بوو، چەند کەسێک لەسەرۆکانی پێشمەرگە بەپەرۆشەوە دانیشتبوون، شەهید فەرەنسۆ لەبەر پەنجەرە وێستا بوو. پەنجەرەکە رووی لەرۆژئاوایی مەهاباد و زنجیرە چیای مەیدان و لەندیی شێخان و چیاگەلە سەر سنوور بوو.

فەرانسۆ بەغەمناکی گوتی داخۆ جارێکی دیکە پێشمەرگە چیا بگرێتەوە؟ کەس وەڵامی نەداوە، عەرزم کرد ئەزبەنی خودا لەسوڵتان مەحموود گەورەترە. ملازم یوونس گوتی کاکە ناهومێد مەبە، چیاش دەگرینەوەو خەباتیش دەکەین، دەریشی دەکەین. فەرەنسۆی نەمر دانیشت و گوتی: فکری چاکە، من سەفینی خۆم دەژیێنمەوە. پێم وابێ "سەفین" ئەوەڵین بلاڤۆک و گۆڤار بوو کە ژیایەوەو کوردێلی ئەولا لەم لا وەشاندویانە.

خوێنەری هێژا، لەم زنجیرە وتارەدا، باسی (٣٩) گۆڤار، مانگنامەو حەوتەنامە دەکرێ کە کوردەکانی عیراق لەسەردەمی ئاوارەیی و کاتێ لەئێران بوون بەدوو زمانی کوردی و عەرەبی وەشاندویانەو هیوامە لەکەم و کوڕی وتارەکە ببوورن.

هەواڵنامەی کتێب

**١- ئەزمر**

ع.زەنگەنە دەنووسێ

گۆڤارێکی دەوری سیاسی و رۆشنبیرییە، بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی (٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات(١).

ژمارە (١)ی خولی دووەم لەئەیلوولی ١٩٩١ دەرچووە.

و. جاف دەنووسێ: لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤ ژمارەی یەکەمی لێ بڵاوبۆتەوە...(٣).

تەز تەنێ ژمارە (٨)م دیوە کە لەساڵی ١٩٨٦ مانگی تەمموزو ئاب دا بڵاوبۆتەوە، (٣٨) لاپەڕەیەو هەموو بابەتەکانی بەزمانی کوردین.



**٢- اخبار کردستان**

و. جاف دەنووسێ:

بڵاوکراوەی دەنگ و باسی کوردستان ژمارە یەکەمی بەهەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) لەمانگی ٣ی ساڵی ١٩٨٠ بڵاوبۆتەوە(٤).

ئەمن ژمارە (١٧١)م دیوە کە تایبەت بووە بە ١-١٩٨٨/٣/١٥ (١٢) لاپەڕەیەو هەموو بابەتەکانی بەعەرەبین.



**٣- اخبار عراق**

مەجلیسی ئەعلای ئینقلابی ئیسلامی عیراق لەتاران وەدەری خستووە، ژمارە ١٦٩ لە ٦٠/١١/٢٥ (١٣) بەزمانی فارسی بڵاوی کردۆتەوەو ١٢ لاپەڕەیە.




**٤- القارعة**

گۆڤارێکی عەرەبی-کوردی¬یە کە لەسەری نووسراوە (صوت الجیش الثوري الاسلامي لتحریر العراق). ژمارە چواری لە ١٩٨١/١٠/٢ لەتاران بڵاوکراوەتەوە، سەرجەم ٤٨ لاپەڕەیە، بەشە کوردییەکەی ١٣ لاپەڕەیە.

**٥-النهضە الاسلامیة**

گۆڤارێکی کوردی¬یە، بەعەرەبی لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (نشرة خبریة تخص باخبار شمالنا الحبیب).

لەلاپەڕەی (٣)ی دا نووسراوە:

راپەڕینی ئیسلامی. بڵاوکراوەیەکی هەواڵدەرییەو تایبەتە بەباکووری ئازیزمان.

ژمارە (٢٠)ی لە١٨ی رەبیعی دووەم و ژمارە ٢٣ی لە ٧ جەمادی دووەمی ١٤٠٧ک بەرانبەر ٧ی شوباتی ١٩٨٧و ژمارە (٣٤)ی لە ٢٣ی جەمادی دووەم/ ١٤٠٧ بەرانبەر ٣١ شوباتی ١٩٨٧ دەرچووە، هەموو وتارەکانی هەر سێ ژمارە بەزمانی کوردین و لەپشت جەڵدیان نووسراوە: (مکتب شؤون الاکراد. المجلس الاعلی للثورة الاسلامیة في



العراق-گهـران) ژمارەکانی ٥٠-٤٩-٣٩-٣٨-٣٣-٣١-٢٧ی ئەم گۆڤارە بەزمانی عەرەبین.

**٦- گۆڤاری ئاسۆی ئیسلام**

گۆڤارێکی ئیسـلامی رامیاری-یە، نووسینگەی راگەیاندنی بزوتنـەوەی پەیوەنـدی ئیسـلامی کوردسـتان/ عیـراق دەریدەکا.

ژمـارە دووی سـاڵی دووەمـی لەسـاڵی ١٤٠٥ک (١٩٨٥) لـە ٥٨ لاپـەڕەدا دەرچووە، (٦) لاپـەڕەی ئاخری بەزمانی عەرەبی¬یە، ئەوی دیکەی کوردییە.



ژمارە سێیەمی سـاڵی دووەمی لە ١٤٠٥ک (١٩٨٥) لە ٦٠ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە کە ٥٢ لاپەڕەی کوردییەو ٢٠ لاپەڕەی عەرەبییە.

ئاخرین ژمارەی ئاسـۆی ئیسـلام کەمن دیومە ژمارە (٥) کە لەسـاڵی ١٤٠٦ ک دا ١٩٨٦ لە ٦٨ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە. لەلاپەڕەی (٥٢) بەشی عەرەبییەکەدا ناونیشانی گۆڤارەکە نووسـراوە (عنـوان المجلـة سـنندج ص.ب.. رابطة علماء کردستان العراق).

**٧- ئاڵای ئازادی**

ئۆرگانی ناوەندی حزبی سوسیالیستی کوردستان-عیراق/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆرشگێر.

ژمارە (٣)ی سـاڵی یەکەمـی لەحوزەیرانـی ١٩٨٦دا لە ٦ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە.



**٨- ئاوارە**

گۆڤارێکـی ئەدەبـی، هونەرییـە کـۆڕی ئاوارەکانی کورد لەشاری قەزوین بڵاویان کردۆتەوە. ژمارە ١ی لەزستانی ٢٦٩٠ی کـوردی بەرانبـەر بـە ١٩٩٠ بڵاوبۆتـەوەو ٤٦ لاپەڕەیە.

**٩- بانگ**

گۆڤاری کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان.

سەرنووسەر: فلك ئەدین کاکەیی

دەسـتەی نووسـەران: ئەبووبەکـر خۆشـناو-کاروان عەبدوڵڵا-ئیدریس چەلکی و بەرۆژ ئاکرەیی.



ئەم گۆڤارە لەسـوریە وەشـاوە، بەڵام چونکە لەکتێبەکانی کاک (ع.زەنگەنە و و.جاف، ئا. خانەقینی)دا باسـی نەکراوە لێرەدا باسی دەکەم.

ژمارە (٣) بانگ لەئەیاری ١٩٩٠ لە ٨٠ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە کە ٦٧ لاپـەڕەی کوردییەو (٧) لاپەڕەی کوردی کرمانجی بەپیتی لاتینییەو (٦) لاپەڕەی عەرەبییە.

ژ۱مـارە (٤)ی بانـگ لەئابـی ١٩٩٠ لـە (٦٤) لاپـەڕەدا

بڵاوبۆتەوەو بەشە کرمانجی و عەرەبییەکەی تێدا نییە.
(بابەتێکمان بەناونیشانی: ئیندێکسی ٥ ژمارەکەی گۆڤاری "بانگ" ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠ی شاخ، کە لەئامادەکردنی شوان سلێمان یابەیە، لەژمارە ٩ی هاوینی ٢٠٠٢ی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی-دا بڵاوکردۆتەوە-(ڕۆژنامەنووس))







**١٠- بەرەی کوردستانی**

ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی عیراق.
کاک ع.زەنگەنە دەنووسێ:
ژمارە (١)ی خوولی دووەمی لەتشرینی یەکەمی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە.
ئەمن تەنیا دوو ژمارەی بەرەی کوردستانیم دیوە، ژمارە (٢١)ی ساڵی (٣)ی کە لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ لە ٢٤ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوەو ژمارەی (٢٢)ی ساڵی (٣)ی کە لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٠ لە ٢٤ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە.
(بەرەی کوردستانی لەخوولی یەکەمیدا تەنیا ٢٤ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە-(ڕۆژنامەنووس))

**١١- بەندەکانی خوا**

گۆڤارێکی گچکەیە بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق-دا دەری کردووە.
ژمارە (١)ی لەمەحەڕەمی ١٤٠٩/ئابی ١٩٩٨ لە ١٤ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە.
ژمارە (٢)ی لەسەفەری ١٤٠٩/ئەیلوولی ١٩٩٨ لە ٣٤ لاپەڕەدا، بەهەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوبۆتەوە.

**١٢- گۆڤاری پیرۆزی ئیسلام**

لەلاپەڕەی (٢)دا نووسراوە: ئەم گۆڤارە لەلایەن بزووتنەوەی عولەمای ئایینی عیراق/ بزووتنەوەی موسڵمانانی کوردەوە دەرئەچێت.
ناوونیشانی تاران: ص.ب.. . ژمارە (٢)ی ساڵی (١)ی ئەم گۆڤارە ٢٤ لاپەڕەیەو هەمووی بەکوردییە، بەڵام مێژووی مانگ و ساڵی بەسەرەوە نییە.

**١٣- حەوتەنامەی جیهادی کوردی**

دەنگی بزووتنەوەی ئیسلامی-عیراق.
ژمارە ٢١ی ساڵی سێهەمی جیهادی کوردی لەڕۆژی دووشەممە ١٦ی شوباتی ٢٧/١٤٠٢ گەلاوێژی ١٩٨٣دا بڵاوکراوەتەوەو ٨ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە.
ئاخرین ژمارەی جیهاد کەمن دیومە دە ئارشێوی من دا هەیە ژمارە (٢٠٦)ە کە لەکانوونی یەکەمی ١٩٩٢ ڕێکەوتی سەرماوەزی ١٣٧١ و جمادی دووەمی ١٤١٣دا بڵاوبۆتەوە.

**١٤- پێشکەوتن**

گۆڤارێکە یەکیەتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان-عێراق دەری کردووە. ژمارە (١)ی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٧دا، لە (١٦) لاپەڕەی گچکەدا بڵاوکراوەتەوە.



**١٥- تەوار، ژن، خەبات، ژیان**

گۆڤاری یەکیەتی ژنانی کوردستان.

کاک. ئا.خانەقینی دەنووسێ: ژمارە ١ و ٢ی لەسەردەمی شاخ و لەشاری سەقز بەچاپ گەیشتووە، تاکوو ئێستا (ساڵی ٢٠٠٠) (٨) ژمارەی لێ دەرچووە(٥).

من تەنیا ژمارە (١)ی (تەوار)م دیوە کە لەمانگی ئاداری ١٩٩٠ لە (٦٠) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.





**١٦- خەبات**

خەبات ئۆرگانی ڕەسمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقە، و.جاف دەنووسێ: ژمارە یەکەمی لەڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٤/٤دا بڵاوبۆتەوە(٦).

ع.زەنگەنە دەنووسێ: ژمارە ٦١٠ لەساڵی ١٩٩١ و دوا ژمارەی کوردی لە ١٩٩٣/٣/١ بڵاوکاوەتەوە(٧).

ئەو چەند ژمارەی خەباتی کە ئەمن پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی لەساڵی ١٩٧٥ دا دیومن ئەوانەن:

١/ ژمارەی ٥٣٨ کە لەمانگی مایسی ١٩٧٩ لە ١٢ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا چاپ بووەو تایبەتە بەوەفاتی سەرکردەی نەمر مەلا مستەفای وەرجاوەندە.

٢/ ژمارەی ٥٧٢-٥٧٣ پێکەوە چاپ کراون قەوارەی گچکەیە ١٥×٢٠ و لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ لە ١٦ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە.

٣/ ژمارە ٥٧٤ خەبات لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٧ لە ١٣ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

٤/ ژمارە ٥٧٥ی خەبات لەمانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٨ کە ڕێکەوتە لەگەڵ یەکەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی نەمر ئیدریس بارزانی لە ٢٠ لاپەڕەی گچکەدا بڵاوبۆتەوە.

٥/ ژمارە ٥٧٦ی لەشوباتی ١٩٨٨ لە ١٦ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە.

٦/ ژمارەی ٥٧٧ و ٥٧٨ی خەبات لەئادارو نیسانی ١٩٨٨ لە ٢٠ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

٧/ ژمارە ٦٠٦ی خەبات لەحوزەیرانی ١٩٩٠ لە ٢٤ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە کە چوار لاپەڕەی ئاخری بەزاراوەی کرمانجی و پیتی لاتیینیە.

**١٧- دەنگی باوەڕ**

دەنگی بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق.

ژمارە ٢ و٣ی پێکەوە لەزی لحجە-موحەڕەمی ١٤٠٩ ک

بەرانبەری تەمموزی ئابـی ١٩٨٨ لە ٤٦ی قەوارە گچکەدا بڵاوبۆتەوە.
ژمارە (٧)ی دەنگی باوەڕ لەجەمادی یەکەمی ساڵی ١٤٠٩ک بەرانبەر کانوونی دووەمی ١٨٩ لە ٤٦ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە. لەلاپەڕەی ٢٥دا ئادرەس و ناونیشانی گۆڤارەکەی لەشاری سنە و پێشاوەری پاکستان دا بڵاوکردۆتەوە.
ژمارە ١ و ٢ گۆڤاری دەنگی باوەڕ سـاڵی (٣) لەموحەڕەم و سـەفەری ١٤١١ کۆچی بەرانبەر ئاب و ئەیلوولی ١٩٩٠ لە ٤٦ لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە.




**١٨- دەنگی شارەزوور**

تایبەتی کۆچەرانی کوردستانی عیراق. لەلایەن پێوەندییەکانی گشتی ئوستانداری کوردستان بڵاوکراوەتەوە.
ژمـارە ١ی گۆڤاری دەنگی شـارەزوور لە ل٣ی نیسـانی ساڵی ١٩٨٨ لە ٨ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا بڵاوکراوەتەوە. لـەم ژمارەی دەنگی شـارەزووردا ناوی ١٦٥ کەس لەون بووانی کارەساتی هەڵەبجە بڵاوکراوەتەوە.
ژمـارە (٢)ی دەنگی شـارەزوور لە ٢ی مایسـی ١٩٨٨ ل ٨ لاپـەڕەدا بڵاوبۆتەوەو لـەم ژمارەیەش دا ناوی ٢٦ ون بووان بڵاوکراوەتەوە.




**١٩- دەنگی قوتابی**

ئۆرگانـی یەکیەتـی قوتابیانـی کوردسـتان/ عیراق-لقی ئاوارە.
تەنیا ژمارەی (٢٩)ی ئەم گۆڤارە لە ئارشیوی من دا هەیە کـە لەمانگی گوڵان و جۆزەردانی سـاڵی ٢٦٨٦ی کوردی (٢٦٨٦-٧٠٠=١٩٨٦) لە ٣٠ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.




**٢٠- راپەرینی ئیسلامی**

هەر ١٥ رۆژ جارێک بڵاوئەبێتەوە، لەپشـت جەڵدو بەرگی هەموو ژمارەکانی نووسراوە:
نووسـینگەی کاروبـاری کـوردی، ئەنجوومەنـی بـاڵای شۆڕشی ئیسلامی عیراق، لە تاران بڵاوی دەکاتەوە.
ژمـارە ١ی لـە ١٩٨٧/١٢/٢٧ لـە ٣٠ لاپـەڕەی ٣٠/١٥دا بڵاوبۆتەوە لەئارشـیوی مـن دا ژمارەکانی ١-٢-٣-٤-٥-٦-٨-٩-١٠-١١-١٢-١٣ هەیە.

**٢١- راپەرینی خوێندکاران**

یەکێتـی پیشـەنگی خوێندکارانـی کوردسـتان-دەری کردووە.
ژمـارە (٦)ی لەحوزەیرانـی ١٩٩٠ لە ٢٤ لاپەڕەی گچکەدا بڵاوبۆتەوە.

**٢٢- رزگاری**

دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان
ئۆرگانی لقی (٨)ی پارتی دێموکراتی کوردستان-عیراق.
وریا جاف. دەنووسێ:
رزگاری گۆڤارێکی ناوبەناو بوو بەزمانی کوردی لقی (٨)ی پارتی دێموکراتی کوردستان لە ئێران بڵاوی دەکردەوە، ژمارەی یەکەمی لەسەرەتای هەشتاکان بڵاوبۆتەوە(٨)، ژمارە (١٠)ی رزگاری لەتەمووزی ١٩٨٦ لە (٢٠) لاپەڕەی گچکەدا بڵاوبۆتەوە. لەلاپەڕە (١١)دا شیعرێکی هەژاری تێدایە بەبۆنەی حەوتەمین ساڵی کۆچی نەمر بارزانی و لەلاپەڕە ١٥دا شیعرە مەشهوورەکەی مەحمەد مەهدی جەواهیری (کردستان موطن..) بەعەرەبی بڵاوکردۆتەوە.
ژمارە (١١)ی رزگاری لەئاب و ئەیلوولی ١٩٨٦دا بڵاوبۆتەوەو تایبەتە بە ١٩٤٦/٨/١٦ ساڵوەگەری دامەزراندنی پارتی.



**٢٣- گۆڤاری روناهی** (النور)

گۆڤارێکی ئیسلامی، رامیاری، عەسکەری مانگانەیە، بەکوردی و عەرەبی (حزب اللـە کورد) لەنەغەدەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە.
لەسەر بەرگی ژمارە ٢ی نووسراو، ئۆرگانی حزب الله کورد. ژمارە ١ روناهی لە ١ شەوالی ١٤٠٧ی ک بڵاو بۆتەوەو (٣٠) لاپەڕەیە و وێنەی سەر بەرگی ئەو ژمارەیە عەکسێکی شێخ مەحمەد خالد بارزانی یە.
ژمارەکانی ١ هەتا (٦)ی زۆرباش چاپ کراون. بەڵام لەژمارەکانی ٧ و ٩ بەتایبەتی دەستی تەکسیر (تکپیر) کراوەو چاپەکەی باش نییە.
ژمارە (٩)ی ساڵی (٢)ی روناهی لەشەوال و زی لقەعدەی ١٤١٠ بڵاوکراوەتەوەو ژمارەکانی (١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٩)یم هەیە.



**٢٤- رووناکی** (النور)

ئۆرگانی حزب الله شۆڕشگێڕی کورد.
رووناکی مانگنامەیەکی قەوارە گەورەی (٨) لاپەڕەیی¬یە کە ژمارە ١ی ساڵی یەکەمی لە مانگی رەمەزانی ١٤١٢دا بڵاوبۆتەوەو لەسەری نووسراوە، ئیسلامی، سیاسی، گشتی یە. ئەمن ژمارەکانی (١-٢-٥-٦-٧-٨-١١-١٤-١٧-٣٤-٣٦١)م دیوون. ژمارەی ٣٦ لە ١٩٩٨/٨/١دا بڵاوکراوەتەوە. لەلاپەڕەی (٨) ژمارەی (١) ناوونیشانی نەغەدە (نقدە)ی نووسیوە، بەڵام لەژمارە ٢ بەولاوە دەنووسێ (ناوونیشان: راوێژگەی سیاسی لەناوچەی سۆران و تەواوی بارەگاکانی حزب الله لەکوردستاندا).



هەوارنامەی کتێب



### ٢٥- سەربەخۆیی

مانگنامـــەی ئۆرگانـــی ناوەنـــدی پارتـــی سۆشیالیســـتی کورد (پاســـۆک). لەسەر ئارمی ســـەربەخۆیی نووسراوە: کوردستانێکی ئازاد، گەلێکی یەکسان.
مـــن تەنیا دوو ژمارەی (٢٣ و ٢٤ و ٢٥)ی ســـەربەخۆییم دیووە. ژمارەی (٢٣)ی ســـەربەخۆیی لەمانگی حوزەیرانی ١٩٩٠، لـــە ٢٠ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتـــەوە. ژمارەی (٢٤و٢٥) پێکـــەوە لەمانگـــی تەمـــووزی ١٩٩٠ لـــە ٢٠ لاپـــەڕەدا بڵاوبۆتەوە.
ســـەربەخۆیی نەتەنیا باسی کوردستانی عیراق دەکا بەڵکو لەو دوو ژمارەیەدا ئاوڕی داوەتەوە ســـەر دەنگ و باسی کوردستانی تورکیاش.



### ٢٦- سپێدە

گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشـنبیری بوو عەبدولڕەحمان پاشا لەکەرەج بڵاوی دەکرەوە.
ژمـــارە (٢)ی ســـپێدە لەســـەرەتای ســـاڵی ١٩٩٣ لـــە (٦٠) لاپـــەڕەی قەوارە گـــەورەدا بڵاوکراوتـــەوە. لەلاپەڕەی (١) هەتا (٤٢) کوردییەو لە (٤٢) هەتا (٦٠) عەرەبییە.




### ٢٧- سۆرین

ئۆرگانی حزبی سوسیالیســـتی کوردســـتان/ عیـــراق. لقی سلێمانی.
ژمـــارە (٥٧-٥٨)ی ســـاڵی (٦)ی لەمانگی تشـــرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ســـاڵی ١٩٨٩ لە (١٢) لاپەڕەی قەوارە گەورەدا بڵاوبۆتەوە.

### ٢٨- سۆسالیست

گۆڤاری تیۆریی حزبی سۆسیالیســـتی کوردستانی عیراق بوو. ژمارە (١٢)ی ســـاڵی شەشـــەمی لەمانگـــی ئەیلوولی ١٩٨٧ لە (٥٠) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.



### ٢٩- گۆڤاری شەهادە

شـــەهادە گۆڤارێکی ئیســـلامی رامیاری بـــووە کە ١٥ رۆژ جارێکی رۆژانی ســـێ شەممەی ســـەری مانگ و پانزدەی مانـــگ لەلایـــەن ئەنجوومەنـــی بـــاڵای شۆڕشـــی ئیســـلام عیراقەوە، لە ١٢ لاپەڕەدا لەتاران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ژمـــارە (٥)ی شـــەهادە لـــەرۆژی ســـێ شـــەممۆی ٢٤ی زیقەعدەی ساڵی ١٤١٥ی کۆچی بەرانبەری ٢٥ی ئاوریلی ١٩٩٥ بڵاوەکراوەتەوە.
ژمارەکانـــی (٦-٨-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٧-١٨-١٩-٢١) دە ئارشـــێوی من دا هەیەو ناوەڕۆرکەکانی دەنگ و باسی هێزەکانی بەرهەڵستکاری عیراقی دژی سوپای عیراقن.



**٣٠- سەفین**

ئۆرگانــی لقی (٢)ی پارتی دیموکراتی کوردســتان-عیراق بوو کە پێشمەرگەی وەرجاوەند و نەمر فەرەنسۆ هەریری شەهید وەدەری دەخست.

ژمــارە (٤١-٤٢)ی ســەفین لەمانگــی تشــرینی یەکــەم و دووەمی ساڵی ١٩٨٦ لە (٣٠) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.



**٣١- حەوتەنامەی شەهادەی کوردی**

شــەهادە، حەوتەنامەیەکــی ئیســلامی، سیاســی بــوو کە مەجلیســی ئەعــلای شۆڕشــی ئیســلامی عیــراق دەری دەکرد.

ژمارە (١)ی ســاڵی (١)ی شەهادە ڕۆژی سێ شەممە (١) شەوالی ١٤٠٢ بەرانبەر بە تەمووزی ١٩٨٣ لە (٤) لاپەڕەی گەورەدا بڵاوکراوەتەوە.

ئاخریــن ژمارەی شــەهادە کەمــن دیوومە ژمــارە (٤٨١) کە ڕۆژی دوو شــەممەی (٥)ی زلحەجەی ســاڵی ١٤١٤ی کۆچی بەرانبەری (١٦) مانگی مە (١٩٩٩) بڵاوکراوەتەوە. شەهادە لەتاران چاپ و بڵاودەبۆوە.



**٣٢- قەندیل**

گۆڤارێکــی ئەدەبــی، ڕۆشــنبیری ســەربەخۆیە ناوبەنــاو دەرچووە. سەرنووسەری مارف عومەر گوڵ بووە.

ژمــارە (٣)ی قەندیل لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٧ بەرانبەری ســەرماوەزی ٢٦٨٧ی کــوردی لە ١٣٤ لاپــەڕەی گچکەدا بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە (٤)ی قەندیــل لەمانگی تەمــووزی ١٩٨٨ بەرانبەر پووشــپەڕی ٢٦٨٨ی کــوردی لــە ١٠٤ لاپــەڕەی گچکەدا بڵاوبۆتەوە.

شــایان باسە مارف عومەر گوڵ لەشاری کەیفی سۆڤیەتی پێشووشدا گۆڤارێکی بەناوی کوردستان وەشاندووە.

ژمارە (١)ی گۆڤاری کوردستانی-کەیف لەمانگی ئۆکتۆبری ١٩٨٩ بــەدوو زمانی عەرەبــی و کوردی کرمانجی و پیتی لاتین لە (٩) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوبۆتەوە.




**٣٣- کرمانج**

گۆڤارێکی فەرهەنگی ئەدەبییە، کە کۆڕی ڕۆشنبیری لاوانی کورد-ئاوارە لە نەغەدە (نقدە) وەشاندوویە.

ژمــارە (١)ی ســاڵی یەکەمــی لەهاوینــی ٢٦٩٠ی کوردی بەرانبــەری ١٩٩٠ لە ٧٨ لاپەڕەی قەوارە A٤ لەچاپخانەی بەرەی کوردستان دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ژمــارە (٢)ی کرمانج پێکــەوە لەپاییزو زســتانی ٢٦٩٠ی کوردی/١٩٩٠ لە (٩٠) لاپەڕەی گەورەدا بڵاوکراوەتەوە.

لەژمــارە (٣و٤) دا دەســتەی نووســەرانی کرمانج

ناساندراون:
جه‌بار حاجی، ئه‌بووبه‌كر شاخی و ی ئاگری و سه‌روتاره‌كه‌شی له‌لایه‌ن نووسه‌ره‌وه‌ نووسراوه‌.

**٣٤- كۆمه‌ڵه‌**

ئۆرگانی ناوه‌ندی كۆمه‌ڵه‌ی ماركسی-لینینی كوردستان.
ژماره‌ (١)ی له‌پاییزی ١٩٧٨له‌ (٣٠) لاپه‌ڕه‌و ژماره‌ (٢)ی له‌زستانی ١٩٧٩ له‌ (٢٤) لاپه‌ڕه‌و ژماره‌ (٣)ی له‌هه‌مان زستاندا له‌ (٥٤) لاپه‌ڕه‌ی قه‌واره‌ گچكه‌دا چاپ و بڵاوكراوه‌ته‌وه‌.
له‌لاپه‌ڕه‌كانی (٢٧-٢٩)ی ژماره‌ (١) كۆمه‌ڵه‌ ناوی زیاتر له‌سه‌د كه‌س له‌گیراوانی سیاسی كورد بڵاوكراوه‌ته‌وه‌ كه‌له‌زیندانی (ئه‌بوغرێب)دا بوون.
سه‌روتاری ژماره‌ (٣) كۆمه‌ڵه‌ په‌یامێكه‌ بۆ (گه‌لانی قاره‌مانی ئێران) و (یه‌كه‌مین سه‌ركه‌وتنتا پیرۆزبێت و هه‌موو رۆژێكتان هه‌ر سه‌ركه‌وتن بێت).
شایانی باسه‌ كه‌ هه‌رسێ ژماره‌ی كۆمه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ چوار وتاری دیكه‌ پێكه‌وه‌ سه‌رجه‌م وه‌ك كتێبێك له‌ئێران سه‌رله‌نوێ چاپ كراونه‌ته‌وه‌.



**٣٥- گزنگ**

گۆڤاری یه‌كیه‌تی نووسه‌رانی كوردستان-لقی كه‌ركووك.
ئازاد خانه‌قینی ده‌نووسێ: ئه‌م گۆڤاره‌ له‌ده‌رچوونیدا به‌سێ قۆناغ دا تێپه‌ڕبووه‌و (١٧) ژماره‌ی لێ ده‌رچووه‌.
قۆناغی یه‌كه‌م: ته‌نیا ژماره‌یه‌كی لێ ده‌رچووه‌ له‌سه‌ره‌تای حه‌فتاكاندا له‌شاری كه‌ركووك.
قۆناغی دووه‌م: قۆناغی شاخ و ١٤ ژماره‌ی لێ ده‌رچووه‌ له‌ ٢-١٥ له‌ ئاداری ١٩٨٣ هه‌تا نیسانی ١٩٨٩.
قۆناغی سێیه‌م: دوو ژماره‌ی دیكه‌ی لێ ده‌رچووه‌ له‌پاش راپه‌ڕینی له‌شاری سلێمانی(٩).
ع.زه‌نگه‌نه‌ ده‌نووسێ:
ژماره‌ (١)ی له‌ساڵی ١٩٧٢ له‌كه‌ركووك بڵاوكراوه‌ته‌وه‌.
ژماره‌ (١٦)ی له‌ئه‌یلوولی ١٩٩١ بڵاوكراوه‌ته‌وه‌.
ژماره‌ (١٧)ی له‌كانوونی یه‌كه‌می ١٩٩١ بڵاوكراوه‌ته‌وه‌ ژماره‌كانی پێش (١٦)ی جگه‌ له‌ ژماره‌ (١)ی ئه‌وانی تر له‌شاخ ده‌رچوون(١٠).
سه‌رۆكی نووسین: حه‌مه‌كه‌ریم عارف
سكرتێری نووسین: عه‌بدوڵڵا سه‌راج
ده‌سته‌ی نووسه‌ران:
جه‌لیل كاكه‌وه‌یس-ئه‌حمه‌د عارف-نه‌جیب گه‌رمیانی-سیروان ره‌حیم-سابیر سه‌دیق-مه‌حمه‌د زیاد ته‌هاو جه‌لیل

زەنگەنە بوون.

من دوو ژمارەی (٦و٧)ی گزنگی کەرکووکی چیام لەلایە، ژمارەی (٦) لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٤ لە ٩٨ لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەگوێرەی لاپەڕەی ٩٣ی ژمارە ٦ دەبێ:

ژارە (٢)ی گزنگ لەمانگی ئاداری ١٩٨٣ دەرچووبێ.

ژمارە (٣)ی لەمانگی ئابی ١٩٨٣ دەرچووبێ.

ژمارە (٤)ی لە مانگی ئایاری ١٩٨٤ دەرچووبێ.

ژمارە (٥)ی لەمانگی حوزەیرانی ١٩٨٤ دەرچووبێ.

ژمارە (٦)ی لەمانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤ دەرچووبێ.

ژمارە (٧)ی لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨٥ دەرچووبێ.

ژمارەیەکی دیکەی گزنگی لقی کەرکووک کە لەلای من هەیە سەربەرگ و پشت بەرگی نەماوە (١٠٠) لاپەڕەیە. چاپەکەی وەک ژمارە (٦) وایە لەوانەیە ژمارە (٨) بێ.

(یەکیەتی نووسەرانی کورد-لقی کەرکووک، دوای ئازادی عیراق جارێکی دیکە لەژمارە (١٨)ەوە دەستی بەبڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە کردۆتەوەو ئێستاش ژمارەکانی لە ٧٦ی تێپەڕاندووە. هەروەها نەوزاد عەلی ئەحمەد پێم وایە لەساڵی ١٩٩٩دا بوو ئینديکسی بۆ هەموو ژمارەکانی شاخ کردووەو لەسلێمانی بەچاپی گەیاندووە- (ڕۆژنامەنووس))





**٣٦-گزنگ**

چاپی کەرەج

سەرنووسەر: ساڵح مەحموود (ڕێبوار)

گۆڤارێکی وەرزییە، لقی ئاوارەی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان-عیراق دەردەکات.

ژمارەی (٧و٨)ی لەمانگی دیسامبەری ١٩٩٤ ڕێکەوتی هاوین و پاییزی ٢٦٩٤ی کوردی لە (٩٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە ژمارە (٩)ی ساڵی دووەمی گزنگی کەرەج لە (٧٢) لاپەڕە لەزستانی ساڵی ٢٦٩٤ (١٩٩٤-١٩٩٥)دا بڵاوکراوەتەوە.

ژمارە (١٠)ی گزنگ لە ٦٦ لاپەڕەدا لەبەهاری ساڵی ١٩٩٥/٢٦٩٥دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**٣٧- لەگەڵ موجاهیدان دا**

بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق دا. دەری کردووە.

ژمارە (١)ی لەمانگی موحەڕەمی ١٤٠٩ بەرانبەر بەئابی ١٩٨٨ لە (١٠) لاپەڕەی گچکەدا بڵاوکراوەتەوە لەچاپخانەی

بێتووشی دا چاپ بووە.
ژمـــارە (٢)ی لەموحەڕەمی ١٤٠٩/ ئەیلوولی ١٩٨٨ لە (١٦) لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ژمارە (٣)ی لەمانگی ســەفەری ١٤٠٩/ ئەیلوولی ١٩٨٨ لە ١٦ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.
ژمارە (٤)ی لەمانگی ســەفەری ١٤٠٩/ ئەیلوولی ١٩٨٨ لە (٢٠) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

**٣٨- گۆڤاری نووسەری کوردستان**





ئازاد خانەقینی دەنووسێ:
ژمارە (١) نووســەری کوردســتان لەئابی ١٩٨١ و ژمارە (٣)ی لەتشــرینی دووەمــی ١٩٨١ و ژمارە (٤)ی لەئایاری ١٩٨٢ و ژمارە (٦)ی لەشوباتی ١٩٨٢ و (٨)ی لەتەمووزی ١٩٨٣و (٩)ی لەکانوونــی یەکەمــی ١٩٨٤ و ژمارە (١٥)ی لەســاڵی ١٩٨٩ و ژمــارە (١٩)ی لەپاییزی ١٩٨٩ و ژمارە (١٧)ی لەپاییزی ١٩٩٠ چاپ بووە(١١).
لەئارشێوەکەی من دا چوار ژمارەی نووسەری کوردستان هەیە:
- نووســەری کوردســتان، گۆڤاری یەکیەتی نووسەرانی کوردستان. ژمارە (١٥) ساڵی ١٩٨٩ لە ١٥٥ لاپەڕەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ژمارە (١٦) لەپاییزی ١٩٨٩ لە ٣٣٦ لاپەڕەدا لەسەقز چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ژمــارە (١٧) لەپاییــزی ١٩٩٠ لە (١٨٠) لاپــەڕەدا لەورمێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ژمارە (١٨) لەزستانی ١٩٩١ لە ١٣٦ لاپەڕەدا لەورمی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە:
ئەبووبەکر خۆشــناو-جەوهەر کرمانج-هەڤاڵ کوێستانی-فەلەکەدین کاکەیی و ڕێکار ئەحمەد.
دەستەی راوێژکاری گۆڤارەکە:
ئەحمــەد هــەردی- ئەرســەلان باییز-هــەژار موکریانی-حیکمــەت مەحمــەد کەریم- مەحمەد حەمــە باقی-عەباس بەدری و تەها مایی بوون.

**٣٩- هیوای قوتابیان و لاوان**

ئۆرگانی لقی ئاوارەی یەکیەتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان/ عیراق
ژمــارە (١)ی ئــەم گۆڤــارە لەپاییزی ٢٦٨٦ی کــوردی بەرانبــەری ١٩٨٦ی زایینــی لــە (٣٤) لاپــەڕەدا چــاپ و بڵاوکراوەتەوە (١٢).

شـایانی باسـە، جگـە لـەم (٣٩) گۆڤـارو حەوتەنامــەی کەمـن دیـاردەم بـۆ کـردن و ئـاگاداری دەرچوونیـان بـووم، ڕەنگـە کوردەکانـی عیـراق لەمـاوەی ١٩٧٥-١٩٩٠ لەئێرانـدا حەوتەنامـەو گۆڤاری دیکەیشـیان وەشـاندبێ کەمن نەمدیـون. جێگەی خۆیەتی کەسانێکی کەشتێکی دیکە لەم بارەوە دەزانن بۆ ئێمەی بنێرن هەتا بـوار بۆ بیبلیۆگرافێکی تێروتەسەلی ڕۆژنامەگەری کوردی هەموارتر کرێ.

ژێدەرەکان:

١- زەنگەنە.عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەنووسـیی کوردی لەکوردسـتانی دوای ڕاپەڕین-دا. لاپـەڕە ٢٣ چاپی هەولێر ١٩٩٨.

٢- جاف.وریـا، مێـژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردسـتان ١٩٤٦-١٩٩٦. لاپـەڕە ٩١. چاپی ١٩٩٦ چاپخانەی خەبات-دهۆک.

٣- جاف ل٨٧.

٤- زەنگەنە ل ٣٧.

٥- خانەقینی. ئازاد، مادێنا مێژوو و بیبلیۆگرافیای ڕاگەیاندنی ی.ن.ک. ١٩٧٥-١٩٩١. ل ١٤١ چاپی سولەیمانی ٢٠٠٠.

٦- جاف ل ٢١.

٧- زەنگەنە ل ٣٦.

٨- جاف ل ٩١.

٩- خانەقینی ل ١٣٣-١٣١-٣٧.

١٠- زەنگەنە ل ٤٨.

١١- خانەقینی ل ١١٠-٨٤-٥٦-٤٥.

١٢- نموونەیەکی هەر (٣٩) گۆڤارو حەوتەنامەی کە باسـم کردن لەئارشیوی تایبەتی ڕۆژنامەو گۆڤاری من دا هەیە.

خـودا یاربێ لەبەرەوە خەریکی ئامادەکردن و نووسـینی بیبلیۆگرافێکی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەکوردسـتانی ئێراندا دەبم لەساڵی ١٩٠٣-٢٠٠٣.

هەواڵنامەی کتێب



(١)

## عەبدوڵڵا زەنگەنە:

# هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانی ئێمە بابەت دەنووسن فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە!!

**دیمانە: حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**

سەرنج:
داوای لێبوردن دەکەین، ئەگەر وێنەی هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان زۆر دووبارە بووبنەوە، دیارە ئەوە پەیوەندی بە باتەکەوەو لایەنی هونەرییەوە هەیە.

**• ئـەو چالاکییـەی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی، بەرامبەر ئەوەی ئەوە بۆ دووەمین جارە بەشـداری لە کۆنگرەیەکی ئاوەهای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی دەکەن، جاری یەکەم لە یۆنان و ئەمجارەشیان لە مۆسکۆ؟**

– ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکەت بەشداری من بێت، ئەوا من یەکەمین جارە بەشداریم لە کۆنگرەیەکی وادا کردووە، ئەویش وەکو سەرنووسەری گۆڤاری "رۆژنامەنووس"بوو، نەک وەکو ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا، بەڵام ئەوەندەی لە نزیکەوە ئاگادارم ئەمجارەیان سەندیکای رۆژنامەنووسان وەکو ئەندامێکی کارا چۆتە مۆسـکۆو بەشداری لە بیست و شەشـەمین کۆنگـرەی نێودەوڵەتـی رۆژنامەنووسـان کردووە، هەقی پێنج دەنگی هەبووە، لەوێ حیسابی تایبەتی بۆ کراوە، دەنگ و رەنگی خۆی هەبووە، هەرچی کۆنگرەی ٢٥ی (ئەسـینا) بوو لە یۆنان، ئەوا سەندیکا وەکو ئەندامی بەشـدار و تەنیـا وەکو چاودێـر بەشـداری تێداکردبوو، هەقـی دەنگدانی نەبووە، بۆیە بەشـداریکردنی ئەمجارەی تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، کار وا بـڕوات لـە دوارۆژدا رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان دەنگ و رەنگی خۆیان لە دەرەوە دەبێت.

**• بەشداریکردنی کورد لەم جۆرە کۆنگرانەی نێودەوڵەتی چ ئاکامێکی بۆ رۆژنامەنووسانی کورد دەبێ؟**

– حەتمەن ئەنجامی باشی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان دەبێـت، ئێ کاکە گیان خۆ رۆژنامەنووسـانی ئێمەش لە کۆمـەڵ و میللەتەکەیـان دانەبـڕاون، ئایـا دەزانـی هـەر بەشداریکردنێکی ئاوەها چەند خەڵکی دیکە بە دۆزی کورد ئاشـنا دەبـن، خۆ لەم جـۆرە چالاکییانـە، زۆر و کەم، بۆ رۆژنامەنووسـان خۆشیان باشـە، هەر بە نموونە کاتێک لـە هەولێر کارەسـاتە جەرگبڕەکەی ١ی شـوبات قەوما، بـە داخـەوە کۆمەڵێـک رۆژنامەنـووس بوونـە قوربانی، هەندێک بریندار بوون، لەوانە قاسـم شێروانی هاوکارمان، ئەوەبـوو ناردرایە دەرەوە، لەخۆی بپرسـن تابزانن لەوێ شێرکۆ حەبیبی بەرپرسی نووسینگەی دەرەوە، لە رێگەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتییەوە، چ ئاسانکارییەکی بۆ کردووە، دیـارە هەرچەندە سـەندیکا لە دەرەوە بناسـرێت ئەوەندە جێپەنجەی رۆژنامەنووسانی دیار دەبێت.

**• بەرای تۆ هـۆی دەرنەچوونی کورد بـۆ ئەندامێتی لێژنەی راپەڕاندنی فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتی چیبوو، ئایا هۆیەکەی ناحەزانی کورد بوون یان پێشتر ئەوەندە ئیشی بۆ نەکرابوو؟**

– مـن نازانم بۆ لەناو ئێمـەدا ئەنجامی هەر کارێک بەدڵی

**• کار وا بڕوات لە دوارۆژدا رۆژنامەنووسـانی کوردستان دەنـگ و رەنگـی خۆیان لە دەرەوە دەبێت**

**• رۆژنامەنووسـانی ئێمەش لە کۆمـەڵ و میللەتەکەیان دانەبڕاون**




**مەیدانی سوور، لە سەرەی چوونە سەر مەزاری لینین– ٢٠٠٧ مۆسکۆ**

خۆمان نەبێت، هەوڵ دەدەین کۆمەڵێک پاساوی لابەلای بۆ بهێنینەوە؟ کاکەگیان من پێموایە بەدرێژایی مێژوو کورد لەگەڵ میللەتانی دەوروبەری خۆی گرفتێکی ئەوتۆی نەبووە، ئەوە دەسەڵاتداران و بەرژەوەندپەرستانی ناو ئەو میللەتانەن ئاستەنگ و کێشە بۆ پرسی ئێمە دروست دەکەن، تۆ لە کۆنگرەیەکی ئاوەها بەشداری دەکەی دەبێ ئەوە لەبیر نەکەی کە خۆت ناسنامەی (رۆژنامەنووس)ت بەسینگدا شۆڕکردۆتەوەو لەناو هۆڵی کۆنگرە دانیشتووی، دەبێ بزانی ئەو کەسەی لە تەنیشت تۆوە دانیشتووە هەر وایە، مەگەر بە جل و بەرگ ئەگینا تا نەیدوێنی نازانی ئەو لە چ میللەت و نەتەوەیەکە، دیارە ئەوانە دەستەبژێری میللەتەکانی خۆیانن، کێ دەڵێ ئەوەی لە تەکت دانیشتووە لە تۆ پێشکەوتنخوازترو مرۆڤ دۆستترو دادپەروەرانەتر نییە، ئەی ئەوە نییە یەکێکی وەکو ئیسماعیل بێشکچی تورک بەردەوام بەرگری لە دۆزی رەوای میللەتی ئێمە دەکات، رۆژنامەنووسانی تورکیا لەکاتی پشوودان دەهاتن لەنزیک ئێمە دادەنیشتن، هیچ بێزارییەکییان بەدەم و چاوەوەو دیارنەبوو، رۆژنامەنووسانی ئێرانی لەوێ بوون رێزی تایبەتی ئەندامانی ئێمەیان دەگرت، تەنانەت رۆژێکیان نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەرێگەی برادەرێکی کوردەوە بووە چاوساغیان و ئەو بردنییە بازاڕو شوێنە گشتییەکانی ناو مۆسکۆ، بیرمە کاک شێرکۆ حەبیب کە بەتەمابوو لەگەڵ جەنابی نەقیب بچێتە بازاڕ، کە لە سەیارەکەی ئەو برادەرە جێی نەبووەوە، لەبەر خاتری ئەوان گەڕایەوە، نەک هەر ئەوەندە کە نوێنەری رۆژنامەنووسانی سووریەو سعودیە نەهاتبوون، بەڵام رۆژنامەنووسانی ئوردن ئەوپەڕی رێزیان دەگرتین، ئەوان زۆرتر هاموشۆی ئێمەیان دەکردو لەگەڵمان دەدوان، هەروەها یەمەنییەکان دۆستی ئێمە بوون، هەروا بێتەوە رۆژنامەنووسانی ئیمارات و ئەو شوێنانەی دیکە، دیسان رێزیان دەگرتین، کوێتییەکان چەندجار لەگەڵمان دادەنیشتن، تەنانەت دوای کۆنگرە یەکێکیان هاتە لامان تورەگەیەکی دایە دەست نەقیبی ئێمە، ناوی نەقابەی ئەوانی لەسەر نووسرابوو، کە کردمانەوە وەکو هەنبانەبۆرینە قوتوویێکی تایبەت بە شیرینی وڵاتی کوێتی تێدابوو،

نازانـم ئـەو ناحەزانـەی ولاَتانی دەوروبەر لـە کوێن. کە دەڵێـن بوونەتە هۆی دەرنەچوونی کاندیدی سـەندیکا بۆ لیژنـەی راپەڕاندنی فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتی، کاکی خۆم دەبێت خوێنەران و رۆژنامەنووسـانی کورد لە بیر نەکەن تا نزیکەی دوو سـاڵ لەمەوبەر ئێمە نەبووبووینە ئەندامی کارای ئـەم رێکخـراوە گرنگە نێودەوڵەتییـە، کەس ئێمەی نەدەناسـی، ئـەوە یەکەمین جارمان بـوو ئاوەها بە جل و بەرگی نیشتمانی و نەتەوایەتی خۆمانەوە بچینە شوێنێکی ئاوەهـا، هێشـتا ناسـیاویمان لەگـەڵ زۆربـەی یەکێتی و سەندیکاکانی بەشدار بوو پەیدا نەکردبوو، هەروابێتەوە من پێم وایە تاکی ئێمە، بە سـەرۆک و سەرکردەکانیشمانەوە، هـەر یەکەمان کۆڵێک خـەم و پەژارە بـە کۆڵییەوەیە، کە دەچێتە ئەو شـوێنانە بە رووخسارییەوە دیارە، هەست بە کـەم و کوڕییـەک دەکات، گرێیەکی خۆ بـە کەمزانی هەر تێدایە، زۆربەمان جگە لە عەرەبی و فارسـی، زمانی دیکە نازانین، کاک شێرکۆ حەبیبی بەرپرسی نووسینگەی دەرەوە نەبێـت، ئێمە کەسـێکمان جگە لـەو دوو زمانـە، زمانێکی دیکـەی زیندووی وەکو ئینگلیزی و فەرەنسـی و ئەلمانی و ئەسـپانیمان نەدەزانی، تاکو تەرامان بە شەپەشـەپ بە ئینگلیزی قسـەمان دەکـرد، کەم و کوڕییەکـی کۆنگرەش ئەوەبوو وەرگێڕی عەرەبییان لەناو کۆنگرە نەبوو، ئێمەش جگـە لـە کاک شـێرکۆ، دکتـۆر رەزوانمـان لەگـەڵ بوو، رووسـی و فەرەنسی دەزانی، خۆ ئەویش نەدەکرا بیکەینە چەنـد پارچەیەک، هـەروا بێتەوە زۆربەشـمان چاوەڕێی ئەو ئەنجامە باشـەمان نەدەکرد، ئەگینـا زیاتر خۆمان بۆ ماندوو دەکرد، خۆ ئەندامانی وەفدەکەشـمان هەقی خۆیان بوو، شـەوو رۆژییان لێ تێکچووبـوو، ولاَتی ئێمە لەگەڵ مۆسـکۆ لەسـەر یەک خەتی گـۆی زەوییـە، کات هەمان کاتـی کوردسـتانە، کەچی لەوێ تاریکە شـەومان نەبینی، برادەران هەموو جار شـەڕیان بە مامۆستا حامد محەمەد عەلی دەفرۆشت و پێیان دەگوت ئێستا کاتی نوێژەکانی لێ تێکچووە، لە راستیشـدا هەروا بوو، ئەو نوێژانە هەمووی بـە مەزەندە دەکران، لەوانەیە لێـرە مەلای مەغریب بانگی دابێـت و لەوێ هێشـتا رۆژ بە تاقی ئاسـمانەوە بووبێت، بەهەرحاڵ کاندیدی سەندیکا دەنگێکی زۆر باشی هێنا.

پێموایە (٧٥) دەنگ و دواتر (١١٥) دەنگ بۆ سەندیکایەکی سەر بە میللەتێکی بێ قەوارەو ناسنامە لە شوێنێکی ئاوەها کـەم نییـە، ئێ کاکی خۆم لەنێو (٢٨) کەسـی پاڵێوراو، کە (١٦) کەسـیان دەویسـت، پلـەی هەژدەمینمـان هێنایەوە، جاری دووەمیش لەگەڵ دواپاڵێوراو جیاوازی (٦) دەنگمان هەبوو، من یەک بە باری خۆم، ئەگەر بمزانیبووایە ئاوەها

**تاکـی ئێمە، بە سـەرۆک و سەرکردەکانیشمانەوە، هەر یەکەمـان کۆڵێـک خـەم و پەژارە بە کۆڵییەوەیە**

هەواڵنامەی کتێب



لە راستەوە: ئەنوەر حوسێن، شێرکۆ حەبیب، خالید بەکر ئەیوب، نەوزاد پۆڵس، حامد محەمەد عەلی، عەبدوڵڵا زەنگەنە، فەرهاد عەونی، زیرەک کەمال، شێخ سدیق و ئەکەد مراد – ۲۰۰۷
چاوەڕوانی و خۆئامادەکردن بۆ چوونە ناو هۆڵی کۆنگرە بە جل و بەرگی نەتەوایەتییەوە

دەبێت، ئەو رۆژە کۆنگرەم بەجێ نەدەهێشت و نەدەچوومەوە لای پزیشکی چاوان، نەقیبی رۆژنامەنووسانیش ئەو رۆژە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی نەدەکردو باسی مادەی (١٤٠) و ئەو شتانەی بۆ رۆژێکی دیکە هەڵدەگرت، خۆ کاک شێرکۆ بێزانیبوایە ئەنجامەکەی ئاوەها دەبێت، ئەو رۆژە چۆن کاندیدی فەلەستینی چووبووە سەر سەکۆو بۆ میللەتەکەی خۆی پاڕابووەوە، ئەویش زووتر ئامادەدەبوو، ئەگەر وەکو کاندیدی فەلەستینی نەشگریابووایە، رووبەڕوو باسی کۆمەڵێک خەمی منداڵانی ئەنفال و جینۆسایدو تیرۆری بۆ ئامادەبووان دەکرد، باسی کوشت و بڕین و تۆقاندنی رۆژنامەنووسانی لە بەشی عیراقی عەرەبی بۆ ئامادەبوان دەکرد، ئێ هەقی خۆمان بوو، ئێمە وەکالەتی رۆژنامەنووسانی عیراقیشمان پێبوو.

**• دەڵێن کاتێک کاک مستەفا ساڵح کەریم سڵاوی مام جەلالی بە (بریماکۆف) گەیاندبوو یەکێکی دیکەش، وابزانم جەنابتان بووە، سڵاوی کاک مەسعودت پێی گەیاندووە، ئایا سڵاوی سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێم بە (بریماکۆف) بەم**

**شێوە لەشوێنی خۆی بووە؟**

– ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە زیاتر شەخسین، پێموایە تۆش باش دەزانی کە شوێن و پایەی ئەو دوو زاتە لای من لە کوێیە، ئەوان وەکو دوو سیاسی و سەرکردەی میللەتێک، منیش وەکو رۆژنامەنووس و هاووڵاتییەکی ئاسایی، دوو جیهانی زۆر لێک جیاوازین، هەروا بێتەوە من لەم جۆرە هەڵسوکەوتانە زۆر خۆم دەپارێزم، نەبادا بە گران لەسەرم بکەوێتەوە، بەڵام خۆشەویستیم بۆ هەموو سەرکردەو رێبەرەکانی خۆمان هەیە، بۆیە کاتێ کاک زیرەک کەمال هەواڵی ئامادەبوونی (بریماکۆف)ی لە هۆڵی کۆنگرە پێدام و داوای لێکردم بە کامیرەکەی خۆم وێنەیەکی لەگەڵ ئەو زاتە بۆ بگرم، بەدووی داواکەیدا چووم و لێی چووینە پێشەوە، ئەو لەسەر سەکۆکە دانیشتبوو، کاک زیرەک داوای لە یاوەرەکەی کرد رێی پێ بدا وێنەیەکی لەگەڵ بگرێ، خواستەکەی هێنرایە دی، دوای ئەوەی وێنەیەکم بۆی گرت، منیش کامیراکەی خۆم دایە دەست کاک زیرەک و چوومە لای (بریماکۆف)، لەو کاتەدا بوو بەبیرم هاتەوە کە لەدەرەوە کورد بە جەنابی مەلا مستەفای

بارزانی ناسـراوە، بۆیە دەسـتم درێژ کردو تۆقەم لەگەڵی کـردو یەکسـەر بەشـڕە ئینگلیزییەکەم گوتـم: "کوردم و بارزانیم"، ئەویش دەسـتی گوشـیم و بـە عەرەبی گوتی: "سـلامی الـی مسـعود. منی.." منیـش بە حەپەسـاوییەوە گوتـم: "نعـم..!؟"، ئەوەبوو رسـتەکەی دووبـارە کردەوە، نەمویسـت یاوەرەکەی داوای لێبوردن بکات و لە شـوێنی خۆم هەڵمسـێنێ، بۆیە یەکسـەر هەسـتامەوە خواحافیزم لـێ کـرد، کە سـەرم بڵند کرد بـە دەیـان ڕۆژنامەنووس کۆبیوونـەوەو وێنەیـان دەگرتیـن، لەگـەڵ هەسـتانەوەم هەسـتم کرد هەندێکیان داوایان دەکرد لەلای دانیشـمەوە، بەڵام من شـەرمم کرد جارێکی دیکە دانیشمەوە، ئەوەبوو بـە جەماعەتی خۆمانم گوت، ئەوە خۆ بە عەرەبی قسـەی لەگەڵ کردم، وای پێگوتم و وای لێکردم سـەرم لێبشێوێ، دیاربوو جەماعەت دەیانزانی (بریماکۆف) عەرەبی دەزانێ، دوای هاتنـە خـوارەوەم، ئینجـا بـۆ دانیشـتوانی هۆڵەکە دەسـتی بە قسـەکردن کرد، دواتر پرسـیاریان لێی کردو ئەویش وەڵامـی دەدایـەوە، ئەوەبوو ڕۆژنامەنووسـێکی (گورجی) لەسـەر وەزعی عیراق و کوردسـتان پرسیاری لێی کرد، جەماعەتی خۆمان هیچ کەسێکیان، تەنانەت کاک شێرکۆ حەبیبیش، هەستی نەکرد کە ئەو ڕۆژنامەنووسە لە پرسیارەکەی ناوی کوردستانی هێنابوو، (بریماکۆف) زۆر بە ڕاشـکاوی و بەڕێزەوە باسی (کوردسـتان) و جەنابی مەلا مسـتەفای بارزانی و ئۆتۆنۆمی کرد، دوای ڕۆیشتنی لەکاتـی چوونە دەرەوەی لە هۆڵەکە کاک مسـتەفا و کاک شـێرکۆ حەبیب، زۆر قسـەیان لەگەڵ کرد، کاک شـێرکۆ لەسـەر پرسـی کورد مناقەشـەی لەگەڵ کرد، ئینجا کاک مستەفاش سڵاوی مام جەلالی پێ ڕاگەیاند.

واتـە کـەس سـەلامی کاک مەسـعودی بـە (بریماکۆف) ڕانەگەیاندووە، وەکو لە بڵاوکراوەیەکی هەولێر نووسراوە، بەڵکو (بریماکۆف) سـەلامی بۆ ئەو ناردووە، پاشـان کێ ڕێـی بەمن داوەو (بریماکـۆف) چ پلەیەو پایەیەکی فەرمی هەبووە، تا من سەلامی سەرۆکی هەرێمی پێ ڕابگەیەنم.

**• یـەک لـە دیمەنـە جوانەکانی ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان لە مۆسـکۆ ، لەبەرکردن و پۆشینی جل و بەرگی کوردی بوو ، بیرۆکەی بردن و لەبەرکردنی ئەو جل و بەرگە لەم شوێنەدا هی کێ بوو؟**

- بەڕاستی ئەو بیرۆکەیە هی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان کاک فەرهـاد عەونی بوو، چونکە جەماعەت و ئەوانەی لە پێش چاوی من پێیان گوترابوو هیچ کامێکیان ئەوەندە مەیلییان لەسـەر نەبوو، ئەوەبوو کە کاک فەرهـاد بە کاک زیرەک کەمال و کاک ئەکەد مرادی ڕاگەیاند کەمێک پێی نارەحەت

**"کـێ ڕێـی بەمـن داوەو (بریماکـۆف) چ پلەیـەو پایەیەکـی فەرمی هەبووە، تا مـن سـەلامی سـەرۆکی هەرێمی پێ ڕابگەیەنم"**



**لە راستەوە: خالید بەکر ئەیوب، ئەکەد مراد، حامد محەمەد عەلی، فەهیم عەبدوڵلا، مستەفا ساڵح کەریم، فەرهاد عەونی و شێرکۆ حەبیب– ٢٠٠٧ هۆڵی کۆنگرە مۆسکۆ**

بوون، منیش بەکاک ئەکەد مرادم گوت ئێ قەیدی چی دەکات، تۆش جلکەکەی خۆتان، ئەوەی گولینگی لەولاو لەم لا پێدا هاتۆتە خوارەوە لەبەر بکە، خۆ ئەگەر عەرەب و تورکمانیشمان لەگەڵ بوو، ئەوە دەها باشترە، نزیکەی هەفتەیەکی پێچوو، دوو رۆژ مابوو سەفەر بکەین، کاک فەرهاد داواکەی دووبارە کردەوەو گوتی: "دەبێ هەموومان جلی کوردی ببەین ئەوەی جلی کوردی نەهێنی نابێ بێ..!!" منیش باسی ئەو کورتەک و شەڵوارەم بۆ کرد کە لەکاتی بینینی (بریماکۆف) لەبەرم کردبوو، لە راستیشدا لام پیرۆزبوو، چونکە هی باوکمە بۆم ماوەتەوە، دیاربوو کاک فەرهاد پێی باش بوو (رانک و چۆغە) لەبەر بکەین، بۆیە یەکسەر چوومە بازاڕ بەماوەی (٢٤) سەعات قاتە جلێکی نوێی باشم بە رادان دا، رۆژی دواتریش چوومە سلێمانی تا لەوێ هەوری و پەستەکێکی هەڵەبجەییانە بکڕم، بەداخەوە لەوێ ئەو حەزانەم نەهاتنە دی، بەڵام هەردوو قات جلەکەم لەگەڵ خۆم برد بۆ مۆسکۆ، هێشتا لە ئوردن لە ئوتێل (عالیە)ی تایبەت بەترانسێت بووین و مابووینەوە، شەو رانک و چۆغەکەم لەبەر کردو چوومە خوارەوە نانی ئێوارەم لەگەڵ جەماعەت خوارد، ئەو کارەشم هەر بۆ ئەوە بوو ئەوانەی پێیان ناخۆش بوو جلی کوردی لەبەر بکەین، شەرمیان بشکێ، ئەوەبوو وەفدی ئێمە سێ رۆژ پێش کۆنگرە گەیشتینە مۆسکۆ، لەوێش جارێکی دیکە یەکسەر کورتەک و شەڵوارەکەم لەبەر کردو هاتمە خوارەوە، دیاربوو کاک فەرهاد پێی ناخۆش بوو، گوتی: "سیحری کارەکەمان مەشکێنەو بێ تامی مەکە، با ئەو جل و بەرگانەمان بۆ رۆژی کۆنگرەبێت"، پێش رۆژی کۆنگرەش سکرتێری گشتی فیدراسیۆن (ئایدان وایت)مان بینی، کاک فەرهاد بۆ شکاندنی تەوقی ئەو شەرمەی لەسەر هەندێ لە ئەندامانمان هەبوو، لەپێش ئەوان داوای لەکاک شێرکۆ کرد کە پێی بڵێ ئایا ئاساییە کە بە جلی نەتەوایەتی کوردی بێینە ناو هۆڵی کۆنگرە؟ ئەویش یەکسەر خۆشحاڵی خۆی نیشانداو بە ئینگلیزی بە (فانتاستیک) وەسفی کرد، رۆژی دواتر کە بەپێی پێشنیازی نەقیب بە جلی کوردی چووینە ناو هۆڵ و هەموومان لەیەک ریز دانیشتین هاوێنەی کامیرای هەموو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان روویان لە ئێمەکرد، بەتایبەتی

جل و بەرگەکەی کاک ئەکەد لە هەمووان پتر سەرنجی ڕاکێشا، دوای پشووش هەر دەتدیت لەلاوە یەکێک، یان کیژۆڵەیەک داوای دەکرد وێنەیەکمان لەگەڵ بگرێت، ڕۆژی دواتر زۆربەی برادەران جلەکانی خۆیان دانابوو، ئەوەبوو (ئایدان وایت) جارێکی دیکە هاتەوە لامان و پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێکردینەوەو کارەکەمانی دووبارە بە (فانتاستیک) وەسف کردەوە، هەر پێنج ڕۆژی کۆنگرەکە من هەر جلە کوردییەکانم لەبەر دەکرد و دەچوومە لای ئەندامانی وەفدەکان و باسی دۆزی خۆمانم بۆ دەکردن، خۆ ئەگەر دەرەقەت نەهاتبام لۆگۆیەکی (١٠٩) ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردیم دەدا ئەندامانی وەفدەکان و بانگی کاک (شێرکۆ حەبیب)یشم دەکرد، دەوەرە کاکە شێرکۆ بە ئینگلیزی باسی خۆمانی بۆ بکە، ئەویش گلەیی لێ دەکردم و دەیگوت ها ئیزعاج، دیسان ئیزعاجم دەکەی؟ چ بۆ ژنان و چ بۆ پیاوان دەکەوتە باسی دۆزی ڕەوای میللەتەکەمان و کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان.

**• کاتێک لەگەڵ نووسەرو ڕۆژنامەنووس (د. نەجاتی عەبدوڵڵا) لە پاریس بووین، ئێمەی بردە گۆرستانی نەمران و گوتی لێرە گۆڕ بە پارەیە، چەند ڕووبەر زیاتر بێت پارەی زیاتری دەوێت، تۆ ئەگەر کەمت پارە هەبێت، تەرمەکەت دەسووتێنن تا ڕووبەر کەمتر بگری و کەمتر پارە بدەی، لە مۆسکۆی ئەو کاتە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئایا وەکو پاریسە؟**

– لە ڕاستیدا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم لەمەڕ گۆڕستانی نەمرانی ئەو دوو شارە نییە، بەڵام تەواو هەستم دەکرد پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مۆسکوو پاریس بەراورد ناکرێن، دیارە خەڵکی مۆسکۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان پتەوتر بوو، هەر پرسیارێکت لە ڕووسییەک بکردبایە ئامادەبوو یارمەتیت بدات و لەگەڵت ڕابوەستێ و وەڵامت بداتەوە، هەرچی پاریسییەکان بوون، ئەوەندەی من ئاگادارم، خۆیان دەدزییەوەو وەڵامیان نەدەدایەوە، هەرچەندە سەرمایەداری دەیەوێ دەسەڵاتی بەسەر ئەم شارەدا بسەپێنێ و هەندێک لە پەیوەندییەکان ناشیرین بکات، بەڵام ڕووسەکان میهرەبانتر بوون و یارمەتی خەڵکی و یەکدیان دەدا و ڕووخۆشتر بوون، بەڵام لەلایەنی ڕەسمییەوە پێدەچێ دەسەڵات لە مۆسکۆ ڕەقەکارتر بێت لەوەی پاریس.

> **ڕووسەکان میهرەبانتر بوون و یارمەتی خەڵکی و یەکدیان دەدا و ڕووخۆشتر بوون، بەڵام لەلایەنی ڕەسمییەوە پێدەچێ دەسەڵات لە مۆسکۆ ڕەقەکارتر بێت لەوەی پاریس**

**• لەنێوان مۆسکۆ و ئەورووپاو کوردستان چ بەراوردێکت لەنێو گوزەرانی ئەو شوێنانە کرد؟**

– سێ وڵات و سیستەمی زۆر لێک جیاواز، ئەوان هەردوولایان خاوەن قەوارەو وڵاتی دامەزراو، ئێمە تازە


عەبدوللا زەنگەنە و بریماکۆڤ لەسەر سەکۆی هۆڵی کۆنگرە - ٢٠٠٧ مۆسکۆ

وا کەوتووینەتە گاگۆلکێ، ئێمە هیچ بنەماییکی ئابووریمان نییە، ئەوان هەردوو لایان ژێرخانێکی ئابووری باشیان هەیە، ئەوان چەوسانەوەی نەتەوایەتییان لەسەر نییەو هەستی پێناکەن، نیشتمانپەروەرو نەتەوەپەری لێهاتوون، ئێمە تەنیا هەست بە چەوسانەوەی نەتەوایەتی دەکەین، نەتەوەپەروەرو نیشتمانپەروەری خراپین، دیارە بەم دواییە دەرکەوتووە رووسیا لە زۆر شوێنێکی دیکەی جیهان گرانترە، واپێدەچێ ٢٠٪ چینێکی زۆر دەوڵەمەند لەم وڵاتەدا سەری هەڵداوەو دەستی بەسەر ئابووری رووسەکاندا گرتووە، لەکاتی رووخانی سۆڤیەت پێدەچێ هەندێ هەبووبن موڵک و ماڵێکی زۆریان لە دەوڵەت کڕیبێتەوەو دەستیان بەسەرداگرتبێت.

زۆر لە برادەرانمان دەیانگێڕایەوە گوایە کاتی خۆی کوردێک شاری (مۆسکۆ)ی دامەزراندووە، منیش بە یادی د. کەمال فوئاد دەمگوت پێدەچێ ئەو قسە لە (بەشیریات)ەکانی رەحمەتی (بەشیر موشیر) بێت، بەڵام ئەوان هەر بەڵگەو نموونەیان دەهێنایەوە، گوایە خێزانێک بەناوی (قۆڵدرێژ) دروستیان کردووە، ئێستاش لە کوردستان ماون.

مۆسکۆیی و پاریسییەکان شارو وڵاتەکەی خۆیان خۆشدەوێ، دەیان لە ژنەکانی مۆسکۆم دەبینی باخچەو شوێنە گشتییەکانیان پاک دەکردەوە، دیارە مۆسکۆ وڵاتی گوڵ و دارستانی چڕە.

**• چ بەراوردێک لەنێوان کۆنفرانسی بەرلین بۆ رۆژنامەنووسی کوردی و ئەو کۆنگرەیەی مۆسکۆ دەکەی؟**

- بەداخەوە من لەبەر بەشداریکردنم لە رۆژی رۆژنامەنووسی کوردی لە ٢٠٠٧/٤/٢٢دا لە هەولێر بە بەر ڕانەگەیشتم بەشداری لە کۆنفرانسەکەی بەرلین بکەم، بەڵام بەپێی ئاگاداری دواترم و هاتنم بۆ بەرلین، دەزانم دەنگ و سەدای خۆی هەبوو، دەکرێ لە لایەنێکەوە لەگەڵ کۆنگرەی مۆسکۆ بەراورد بکرێ، چونکە ئەوەیان پەیوەندی بە رۆژنامەنووسی کوردییەوە هەیە، ئەمیشیان هەر پەیوەندی بە رۆژنامەنووسی کوردییەوە هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکەو لە دەرگایەکی فراوانتر، ئەوەیان پەیوەندی نێوان رۆژنامەنووسانی کورد لەنێو خۆیان تۆکمەو پتەو دەکات، ئەمیشیان پەیوەندی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ دەرەوە

تۆکمەو پتەوتر دەکات، بەهەرحاڵ من لام وایە هەردوو جۆر چالاکییەکان یەک تەواوکەری یەکترن، هەریەکێکیشیان لەسەر حیسابی ئەوی دیکە بێت، هاوکێشەکان ترکزەیان تێدەکەوێ.

**• هەر سەرنج و تێبینییەکی دیکەت هەبێت لەسەر ئەم گەشتەو چالاکییەی سەندیکا؟**

– هەر قسەیەکم لێرەدا کردووە خۆم لەناوەرۆکەکەی بەرپرسم، بۆیە ئومێدەوارم وەکو خۆیان بڵاوبکرێنەوە، خۆت ئاسایی، دەمێکە تێبینیم کردووە رۆژنامەنووسی ئێمە هەندێک بابەت دەنووسن فرێ بەسەر راستییەوە نییە، ئەگەر گلەییش بکەیت دەڵێ، وەڵام بدەرەوە تا بۆتی بڵاوبکەمەوە!؟، نازانم ئەم جۆرە بەرەڵڵاییە چەندی بە چەند، ئەو دوا چالاکییەی سەندیکا لە ساڵێک پترە کاری بۆ کراوە، بە حوکمی کارەکەم و رۆژانە (سبەینان و ئێواران) بینینی نەقیبی رۆژنامەنووسان، هەفتە نەبووە چەند جارێک باسمان نەکردبێ، رۆژێ لە رۆژانیش بە خەیاڵمدا نەهاتووە خۆم ئاوەها بەشداری تێدا بکەم، بەڵام پێموایە نزیکترین ئەو کەسانە بوویمە ئاگام لە هەندێ وردەکارییەکانی بووە، جەنابی نەقیب خۆی لە سەرەتای حەفتاکان بەشداری لە کۆنگرەی لاوان کردووە، بۆیە دەیزانی ئەو جلە کوردییانە چەندە کاریگەری لەسەر دنیای دەرەوە هەیەو پێیان جوانە، هەروا بێتەوە ئەو وەکو هەموو جار دەیگوت: "قسەی لەگەڵ مام جەلال و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی کردووە، ئەگەر بەشداری لەم کۆنگرەیە بکەن پێشنیاز بکات، کۆنگرەی داهاتوو لە کوردستان ببەسترێ"، دیارە ئەو هەردوو بەڕێزەش ئەو پێشنیازەیان زۆر پێخۆشبووەو لاپەسند بووە، ئایا دەتوانن ئەوە بێننە پێشچاوان کۆنگرەیەکی ئاوەها لە کوردستان ببەسترێ، پتر لە (٣٥٠-٤٠٠) رۆژنامەنووسی جیهانی بێنە ئەو وڵاتە، خەرجییەکەشی چواریەکی فێستیڤاڵێکی وەکو (المدی) نابێ، کە خێری بۆ کوردستان ئەوەندە نییە، چ دەنگ و سەدایەکی بۆ میللەتەکەمان و وڵاتەکەمان دەبێت!؟.

ئێمە یەکەمین وەفد بووین گەیشتینە مۆسکۆ، دوا وەفدیش بووین گەڕاینەوە، لە هەموو وەفدەکانیش زیاتر کرێی فرۆکەمان داوە، دیارە ئەوەش لەبەر ئەوەیە وڵاتی ئێمە هێشتا دامەزراو نییە تا مرۆڤ بە هەوەسی خۆی سەفەر بکات، سەرباری گرانی کرێ دەبێ باجی ئەو هەموو کاتەش بدەی، لەوێ لە فرۆکەخانە کاک شۆڕش خالید سەعید، بەرپرسی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەگەڵ چەند برادەرێکی هاتبووە پێشوازیمان، بە سێ سەیارە ئێمەیان بردە ئوتێلی (مەجدەرۆنیا رۆدانیا) واتە

**جەنابی نەقیب خۆی لە سەرەتای حەفتاکان بەشداری لە کۆنگرەی لاوان کردووە، بۆیە دەیزانی ئەو جلە کوردییانە چەندە کاریگەری لەسەر دنیای دەرەوە هەیەو پێیان جوانە**




بەردەم وێنەیەکی رۆژنامەی "پراڤدا" لە ماڵی رۆژنامەنووسان– ٢٠٠٧ مۆسکۆ

نێودەوڵەتی، کە پێشتر بۆمان ئامادەکرابوو، دیاربوو ئوتێلەکە سەر بە مەڵبەندی بازرگانی جیهانی لە مۆسکۆ بوو، کۆنگرەکەش هەر لەو ئوتێلەدا بەسترا.
لەهۆی ئامادەنەبوونی بەرپرسی (پارتی)مان پرسیی گوتیان لێرە نییە، دوو رۆژ دواتر د. خۆشەوی پەیدا بوو، من یەکسەر خۆم پێناساندو گوتم: "کاکە ئەوە لە کوێ بووی، ئێمە ئەو وەفدە گەورە هاتووین بە تەمابووین یەکەم کەس جەنابت پێشوازیمان بکات کەچی وا چاومان شل بوو، تازە دەردەکەوی وا دیارە ئێرەش وەکو کوردستانە خەڵک دەڵێن: "نازانین تاکەی ئاشی (پارتی) هەر دەبی خوا بیگێڕێ. دەبوایە دیاربووای، تا ئێمەش زمانمان درێژتر بووایە"، بە هەندێ لە برادەرانم ناساند، دواتر بە سەیارەکەی خۆی پیاسەیەکی ناو مۆسکۆی پێ کردم، پاشان تا دوو رۆژ نەمدیتەوە، ئەویش بە بۆنەی دامەزراندنی (یەکێتی) کاک شۆڕش دەعوەتێکی بۆ وەفدەکە کردبوو، ئەو برادەرەشمان ئامادەبوو، زۆرمان پێخۆش بوو بەم بۆنەیەوە وەکو بەرپرسی (پارتی) هەندێ قسەی بەم بۆنەیە کردو پیرۆزبایی لەجەماعەت کرد، بەداخەوە لەکاتی گەڕانەوەماندا لەبەر هەندێ گرفتی تایبەت بەخۆی نەکرابوو بێ خواحافیزیمان لێ بکات، وابزانم وەکو دەیانگوت، پۆلیس سەیارەکەی بردبوو، بۆیە وەکو جاری ئەوەل کاک شۆڕش و برادەرانی ئێمەیان بردەوە فرۆکەخانەی (مۆسکۆ) و بەڕێیان کردینەوە.
ئێمە لەوێ بە تەواوی لە کوردستان دابڕابووین، خەتەکانی مۆبایل لەوێ زۆر خراپ بوو، لە ئوتێل هیچ کەناڵێکی عەرەبی نەبوو، راگەیاندنی رەسمی رووسیاش وادیاربوو لە کۆنگرەکە دڕدۆنگ بوو، جگە لە کەناڵی (روسیا الیوم) هیچ کەناڵێکی دیکە لەوێ باسی کۆنگرەی نەکردبوو، لەنێو خۆشمان لە رێگای کاک (شۆڕش)ەوە هەواڵەکانی کۆنگرە بۆ ماڵپەڕی (PUK) میدیاو (الاتحاد) دەنارددرا، من لەوێ لەپێش جەماعەت گلەییم لە راگەیاندنی (پارتی) کرد کە هیچ هەواڵێکی بڵاونەکردۆتەوە، دیاربوو کاک (شێرکۆ حەبیب) پێی ناخۆش بوو و رەتی دامەوە.
کە هاتمەوە چوومە لای برادەرێکی رۆشنبیرم لە بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبان کە (محەمەد زاهیر)ی ناوە، لام سەیر بوو کە پێی گوتم لە هەولێر هیچ هەواڵێکی لەم بارەیەوە

نەخوێندۆتەوە، وا دیاربوو ئاگاشی لە ریپۆرتاژێکی تەلەفزیۆنی (زاگرۆس) نەبوو، زۆر بەخۆم دا شکامەوە کاتێ لەپێش چاوی من تەلەفۆنی بۆ کاک (دلشاد وەسانی) لە رۆژنامەی (خەبات) کردو گلەیی لەسەر بڵاونەکردنەوەی ئەو چالاکییانەی سەندیکا لێ کرد، شەرمەزارتری کردم کاتێ گوتی: "ئێ کاکە گوناهی ئێمە چییە فلانە بەرپرستان لەگەڵ نەقیبی رۆژنامەنووسان ساردی لە نێوانیاندا هەیە".

بەهەرحاڵ دوای گەڕانەوەمان لێرەو لەوێ دەبینم هەندێ هەواڵ بڵاودەکرێنەوە، ئەوانیش هەندێکیان زۆر بە سەقەتی.

ئەگەر حەز بکەی هەندێکی دیکە باسی کۆنگرە دەکەم دەڵێم: "قەت ئەو دیمەنەم لەبیر ناچێتەوە کاتێ سەرۆکی پێشووی فیدراسیۆن دەستی لەکار دەکێشایەوەو هەندێ قسەی بۆ ئامادەبووان دەکرد، ئەوانیش لەبەری هەستانەوەو دەستیان بە چەپڵە ریزان کرد، ئای چەند دیمەنێکی تایبەتی و کاریگەر بوو، کاتێ (کریستۆڤەر وارن) لە خۆشیان دەستی بەگریان کرد، لەو کاتەدا من بیرم دەکردەوە دەبێ رۆژێک دابێت لە وڵاتەکەی منیشدا کاربەدەستان ئاوەها دەست لەکار بکێشنەوەو ئاوەهاش بەرێزەوە بەرێ بکرێن!؟

ئەو سەرۆکەی ئێستاش هاتووە پیاوێکی بەریتانی بە رەسەن مەغریبییە، (جیم مۆبیلا)ی ناوە، دۆستێکی میللەتەکەی ئێمەیەو سەردانی کوردستانیشی کردووە، جێگرەکەشی هەر دۆستی میللەتی ئێمەیە، ئەویش (مەغریبییە) ناوی (یونس مجاهد)ە، زۆربەی ئەندامانی ناو لێژنەی راپەڕاندنیش هەر دۆستی ئێمەن.

دوای کۆنگرەش نەقیب و جێگری نەقیب و چەند برادەرێکمان سەریان لە یەکێتی رۆژنامەنووسانی رووس دابوو، زۆر داخیان خواردبوو بەر لە هەڵبژاردن سەردانیانمان نەکردبوون، وا دیارە بەڵێنی هەموو هاوکاری و پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ ئەنجومەن داوە.

ئێوارەیەکیان سەفیری عیراق لە مۆسکۆ دەعوەتێکی فەرمی لەماڵی خۆی بۆ سازکردین، دوای کۆنگرە کوردێکی دەوڵەمەندی سووری دانیشتووی رووسیا میواندارییەکی کوردانەی لەسەر شەرەفی ئێمە لەناو ڤیلەییەکی خۆی لە دەرەوەی مۆسکۆ بۆ سازکردبووین، رۆژێکیشیان ماڵی کوردان لە مۆسکۆ میوانداریيان کردین، هەروەها سەردانی گۆڕەپانی (کرملین) و گۆڕی (لینین)مان کردووە.

بەداخەوە (حەمید ئەبوبەکر) وەکو زۆرجاری دیکە گفتەکانت فشە دەرچوون، چونکە (کوردستان)ەکانت

**ئای چەند دیمەنێکی تایبەتی و کاریگەر بوو، کاتێ (کریستۆڤەر وارن) لە خۆشیان دەستی بەگریان کرد، لەو کاتەدا من بیرم دەکردەوە دەبێ رۆژێک دابێت لە وڵاتەکەی منیشدا کاربەدەستان ئاوەها دەست لەکار بکێشنەوەو ئاوەهاش بەرێزەوە بەرێ بکرێن**

هەواڵنامەی کتێب



**لە راستەوە: خالید بەکر ئەیوب، فەرهاد عەونی، ئەو کچە رووسیەی حەزی کرد وێنەی لەگەڵ بگرین، عەبدوللا زەنگەنە، زیرەک کەمال و شێرکۆ حەبیب– ٢٠٠٧ مۆسکۆ**

بۆ نەهێنام تاوەکو بە کۆڵەپشتیش بووایە بۆ ئەوێم بردباو بمکردبووایە دیاری بۆ بەشە زانستییەکان و هەندێ شوێنی دیکە، من دوو کۆمەڵە گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) و (رۆژنامەنووس) و هەندێ بڵاوکراوەی دیکەم لەگەڵ خۆم برد، لەوێ کرایە دیاری بۆ (ئەکادیمیای رۆژهەڵات) و بە دیارییەکی زۆر گرنگیان دانا، بەداخەوەو کتێب و بڵاوکراوەی کوردی لەوێ نەبوون، هەندێکیان لەگەڵ خۆم بێنمەوە، ئەو کەسانەش لەوێ بەڵێنیان دامێ بڵاوکراوەکانم بۆ بێنن کەسیان گفتی خۆیان نەگەیاندە جێ.

ئومێدەوارم دوای گەڕانەوەی نەقیبی رۆژنامەنووسان بتوانین گفتی خۆمان بێنینە دی و دوو سێتی دیکەی بڵاوکراوەکانمان بۆ کتێبخانەی (لینین) بنێرین.

لەوێ هەندێ ئەپارتمانی جوان و بەرچاومان دەبینی، وا ئاماژەیان بۆ دەکردن کە لەسەردەمی (ستالین) بە شانوباهوی دیلە ئەڵمانییەکان بینایان کردبن، یەکێک لەوانە میوانخانەیەکی زۆر جوان بوو، بەرامبەر ئوتێلەکەی ئێمە بوو لەژێر چاککردنەوەدا بوو، ناوی (ئۆکرانیا)ی بە سەرەوەبوو، بەداخەوە زۆر شوێن هەبوو نەکرا سەردانی بکەین، ئێمەش کەمێک دەترساین، دەیاگوت مۆسکۆ مافیای لێیە، وا دیارە ئەوانە هەندێکیان (کورد) بوونە، زۆر باسی (شاکیرۆف) ناوێک دەکرا، دەڵێن ئێستا زۆر بەرژەوەندی لە رووسیا هەیە، خۆی لە دەرەوە دادەنیشێ، راگەیاندنی کۆنگرەش ئامۆژگاری کردبووین بە تەنیا نەگەڕێین.

لەگەڵ تاریکی بەیانی رۆژی ٢٠٠٧/٦/٧ گەیشتینەوە هەولێر، هەموو گرێکانی دەروون خاوبوونەوە، بە نوکتەو پێکەنین یەکدیمان بەڕێ کردەوە، هەندێک یەکسەر بۆماڵەوە، هەندێکیش بۆ دهۆک، ئەوانی دیکەش بۆ سلێمانی، تاکە نوێنەری (کەرکووک) وادیاربوو لە هەمووان مەغدورتر بوو، دەبوایە سێ سەعاتێک لە فڕۆکەخانە چاوەڕێ بکات تاکو لە کەرکووکەوە ئۆتۆمبێل دەهاتە دوای.

(٢)

## لە پەراوێزی (دیمانە)کەی مانگنامەی "بەدرخان" و بابەتێکی ڕۆژنامەی (خەبات)دا:

# ئەگەر ڕاست و چەپ بەناوکەوتن ئاوەهابێ، ئەوا شانازی پێوە دەکەم..!

ع.ز

لای من ٥/٢٨ تا ٢٠٠٧/٦/١ ڕۆژانی زۆر تایبەتی بوون، لە مێژووی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، چونکە لەم ڕۆژانەدا بوو سەندیکا نەک هەر بەشدارییەکی چالاکانەی لە بیست و شەشەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی (IFJ)دا کرد، بەڵکو ئەندامێکی خۆیشی بۆ ئەنجوومەنی راپەڕاندن پاڵاوت و بەپێی قەوارەو ناوبانگی خۆمان دەنگی باشیشی هێنا، نووسەری ئەم دێرانە، دوای وەرگرتنی سەندیکا لە فیدراسیۆن وەکو ئەندامی کارا، هەموو جار کە دووبەدوو لەگەڵ نەقیبی ڕۆژنامەنووسان دادەنیشت، دەیگوت: "ئای کاک فەرهاد خۆزگە نەمردبام و بگەیشتبانا کۆنگرەو بەچاوی خۆم بمدیبوایە یەکێکتان بۆ ئەنجومەنی تەنفیزی بپاڵێوبوایە، با دەریشنەچووبان، بەڵام ئەوکات وەزنی خۆمان دەزانی و تێدەگەیشتین چەندەمان لەباردایە"، سوپاس بۆ خوا لە ڕۆژانی دیارکراودا ئەو خەون و خەیاڵانەم بە بەرچاوی خۆمەوە هاتنە دی، لەوانەیشە هەر ئەو خۆزگەیەش بووبێت منی گەیاندبێتە ئەو کۆنگرەیە!

کاتێ لە مۆسکۆ بووین، بەتەمابووم دەزگاکانی راگەیاندنمان ئەم هەواڵە بقۆزنەوەو بەهۆیەوە پرسی نەتەوەکەمان زیاتر بەخوێنەر و بیسەرو بینەرانیان بگەیەنن، بەڵام بەداخەوە دوای گەڕانەوەم بۆ وڵات ئەوەی من پێشبینیم دەکرد وا دەرنەچوو، ئەوسا باشتر تێگەیشتم لەخۆڕانییە جوولەکە دەڵێن: (عەقلی دووەمی کوردانمان هەبووایە نیوەی دنیامان داگیر دەکرد)، دیارە مەبەست لەم پەندە ئەوەیە کورد کاتێ هەلی بۆ دەڕەخسێ عەقلی یەکەمجاری خۆی بەکارناهێنێ، کە دواتر دەدۆڕێ ئینجا بیردەکاتەوەو عەقلی دووەمی دەخاتە گەڕ، بەڵام دەبینی کار لەکار ترازاوەو هەموو

شتێکی لەدەست داوە ئەو کاتەش (خۆزگە) و (بریا) دادی نادات، ئەو سوخەتەش تا سەر ئێسقان بەناخی دەروونی چۆتە خوارەوە، جاروباریش لێرەولەوێ بەسەر ژیانی رۆژانەیدا رەنگ دەداتەوە، لەماوەی پتر لەسێ سەدەوە، هەر لە سەردەمی ئەحمەدی خانی یەوە تا حاجی قادری کۆیی و دواتر شوکری فەزلی و هتد. زۆر ئامۆژگاری کراوین، بەگوێماندا نەچووە، ئێمە گیرۆدەی دواکەوتوویی کۆمەڵێکین، لەسەر شتێکی زۆر بچووک هەموو پەیوەندییەکانمان خاو دەکەینەوە، زۆر بە دەگمەن گوێ لە یەکدی دەگرین، هەر بیرۆکەیەکی جوانمان بۆ پێشنیاز بکرێ بە دوودڵی و گومانەوە لێی دەڕوانین، دیارە کاتێ وەئاگادێین وەکو گوتم: دەبینین کار لەکار ترازاوەو هەموو شتێکمان لەدەست داوە، حەمید ئەبوبەکر، کە بەم دواییە نازناوی (بەدرخان)ی دراوەتێ و لە قەد ناوەکەی خۆی دەینووسێ، پیاوێکی تابلێی بزێو بەجوولەیە، من دەمێکە گوتوومە: مرۆ هەرچەندە قایمکاریش بێت، ناتوانێ خۆی لە داواکانی ئەو بدزێتەوە، ئەوەبوو دوای گەڕانەوەمان لە کۆنگرەی ناوبراو، چەند جارێک داوای لێکردم دیمانەیەکی لەسەر ئەو دواچالاکییەی سەندیکا لەگەڵ بکەم و سەرنج و تێبینییەکانی خۆم لەبارەیانەوە بخەمە سەرکاغەز، دوای چەند جارەی دووبارە کردنەوەی داواکەی و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، ئینجا رێککەوتین کە لەگەڵ محەمەد گۆرانی رۆژنامەنووس و ناوبراو دابنیشین، بەڵام هەر رێک نەکەوت، پێم وایە ئێوارەی ١٩ یا ٢٠ی حوزەیرانی ئەمساڵ بوو بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کردو گلەییم لێی کردو پرسیارم لێی کرد، خێرە وا دوای رازیبونم تۆ خۆم لێ دەدزییەوە، دوای چەندجار قورئان و سوێند خواردن، ئەوەبوو هەر بە تەلەفۆن پرسیارەکانی دامێ، هەر لەماڵەوە کەوتمە نووسینەوەی وەڵامەکان، ئەو بابەتەی لێ دەرچوو کە بە ناونیشانی: <u>هەندێ لە رۆژنامەنووسانی ئێمە بابەت دەنووسن فڕی بەسەر راستییەوە نییە</u>، لەسەر لاپەڕەکانی ژمارەی (٨٢) رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢٢ی مانگنامەی (بەدرخان) لە گۆڤارەکەشماندا لە ل"١٧١-١٨٣"دا بڵاوکراوەتەوە، دیارە من ئێستاکەش پێم وایە وەڵامەکانم پڕ بە پێستی خۆی بوون، کاتێکیش رستەو دەستەواژەکانم داناون و حیسابی هەموو شتێکم کردووە، بەتایبەتی کە لای من ئەم جۆرە بابەتانە مەسئولیەتن، رۆژنامەنووس دەبێ زۆر بە روونی مامەڵەیان لەتەکدا بکات، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ وەکو (هەواڵ) بڵاودەکرێتەوە بەیانی دەبێتە (مێژوو)، لەیەک لە دەستەواژەکانم ناوی کاک دلشاد وەسانی، سکرتێری نووسین (رێپۆرتاژ و سیاسەت)ی رۆژنامەی (خەبات)یش هاتووە، من دەمێکە لە خەڵکم بیستووە، خۆیشم هەستم پێی کردووە، کە ئەم پیاوە مرۆڤێکی زۆر ناسک و بێوەیە، بۆیە زۆر لام سەیر بوو کاتێ ئەو یەک دوو رستەیەی

> **"من ئێستاکەش پێم وایە وەڵامەکانم پڕ بە پێستی خۆی بوون، کاتێکیش رستەو دەستەواژەکانم داناون و حیسابی هەموو شتێکم کردووە، بەتایبەتی کە لای من ئەم جۆرە بابەتانە مەسئولیەتن، رۆژنامەنووس دەبێ زۆر بە روونی مامەڵەیان لەتەکدا بکات"**

منی، کە لەسەرزاری برادەرێکم رامگواستبوون، لە بارەی ئاکاری پەیوەندی نێوان بەرپرسێکی خەبات و نەقیبی رۆژنامەنووسان خوێندبووەوە، وەکو دەڵێن واپێدەچێ کاکە دڵشادی زۆر نیگەران کردبوو، بۆیە کاتێ لەبارەی بابەتەکەوە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکردم، زۆر هەڵچوونی پێوەدیاربوو، ئەوەی دەیگوت نەیدەگێڕایەوە، چەندەی پاساوم بۆی دەهێنایەوەو دەمەویست تێی بگەیەنم، لەوانەیە بابەتەکەم دەسکاری کرابێ، دوای دووبارە خوێندنەوەی دیمانەکە هەر وشەو رستەو دەستەواژەیەکی نائاساییم تێدا دۆزییەوە، بۆ بڵاوکردنەوە نەشیابن، خۆم روونکردنەوەی لەسەر بڵاوبکەمەوە، پێی ناوێت ئەو خۆی ئەوەندە سەغڵەت بکاو هیچ لێدوان و نووسینێکی لەسەر بڵاوبکاتەوە، ئەو گفتەشم دوای ئەو قسە زبرانەی دا کە لە ئامۆژگارییەکانی رووبەڕووی دەکردمەوە، ئەوەبوو دواتر کە چوومەوە سەر بابەتەکە، بە پێچەوانەی مەزندەکەمان دیاربوو هیچ دەستکاری بابەتەکە نەکرابوو، تەنانەت کە مەبەستەکەی خۆم بەحەمید گوتەوە، ئەو گوتی: کاکە چۆن شتی وا دەکەم، بەتایبەتی من بەهیچ شێوەیەک هەتا ئەگەر هەڵەیشی تێدابێ، لەخۆمەوە دەسکاری بابەتەکانی د.کەمال فوئاد و د.کەمال مەزهەر و هی تۆ ناکەم، لەولاوەیش کاکە دڵشادم خۆی پێنەگیرابوو وتارێکی بەناونیشانی: (<u>کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە، نەدەبووا ئاوەها راست و چەپ بەناو بکەوی؟</u>) لە (خەبات)ەکەی بڵاوکردۆتەوە، لامانشێتێکیشی بەناونیشانی (<u>کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە، خێرە راست و چەپ بەناوکەوتی</u>) خستۆتە لاپەڕە یەکی رۆژنامەکە، دووسێ رۆژێکیش دواتر کاک شێرکۆ حەبیب بەناونیشانی (روونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی بەشداری شاندی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی ٢٦ەمینی IFJ) دوابەدوای بابەتەکەی کاک دڵشاد لە ژمارە (٢٥٤٣)ی (خەبات)دا بڵاوکردۆتەوە، دیارە زۆربەی ناوەڕۆکی بابەتەکەی ئەویش لە وەڵامی ئەو نووسینە بووە کە بۆ هەمان مەبەست لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (بزاو)ی دەزگای ئاراس بڵاوکرابۆوە، هەروەها گلەییەکیشی لەمن کردووە کە ئاماژە بۆ وتەیەی نەکردووە کە لە کۆنگرەدا وەکو پاڵێوراوی سەندیکا خوێندویەتییەوە، پێی ناوێت ئەوەندە خوێنەرانمان بە نموونە هێنانەوەو بۆچوونی لابەلا ماندوو بکەین، بەڵام ئەو راستییەی کە من لەسەرزاری برادەرێکم باسم کردووەو کاکە دڵشادی پێ قەڵس بووە، دەمێکە خۆیشم دەیزانم، بەڵکو چەندین جاریش لەپەراوێزی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا گوێم لێبووەو گوتویانە بڵاوکراوەکان، بەتایبەتی (خەبات) ئەوەندە بایەخ بە هەواڵ و چالاکییەکانمان نادەن، یان بڵاویان ناکەنەوە، کاکە دڵشادم لەجیاتی ئەوەی وەڵامێکی پڕ بە پێستی بۆ ئەو بۆچوونە بنووسیبایەوەو تەنانەت شتێکی وای بنووسیبایە ببووایە هۆی رەواندنەوەو نەهێڵانی ئەو ساردییەی کە من

**"چەندین جاریش لەپەراوێزی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا گوێم لێبووەو گوتویانە بڵاوکراوەکان، بەتایبەتی (خەبات) ئەوەندە بایەخ بە هەواڵ و چالاکییەکانمان نادەن، یان بڵاویان ناکەنەوە"**

لەسەرزاری برادەرەکەم ئاماژەم بۆی کردووە، بەهۆیەوە دەمکوتی من و دەیانی وەکو منی بکردبایەوە، هاتووە کۆمەڵێک سیفاتی ناماقولی خستۆتە پاڵ من، کە بڕوا ناکەم هەندێ لەو سوخەتانە هی من بن، هەر بەنموونە بوختان کردن، دوورو نزیک، لە سیفاتەکانی من نەبووە، زۆر بڕواشم بەم پەندە کوردییە هەیە کە هەمووجار کاک ئازادی هاوڕێم بۆم دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (خەنجەر ببینی لە کاڵانێ، دروست نییە بکەی بوختانێ)، هەروا بێتەوە ئەگەر من مەبەستێکی تایبەتیم لەورووژاندنی ئەم جۆرە نووسینانە هەبووایە، هەر لە ساڵی ٢٠٠٦وەو لە فێستیڤاڵی سێیەمی بەدرخانەوە لە هەولێر، کە سەندیکا بەشداری تێدا کردبوو، (خەبات)یش هەواڵ و چالاکییەکانی بڵاونەکردبۆوە ئەو بابەتەم دەورووژاند، چونکە ئەوکاتیش کە لەهۆی بڵاونەکردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی سێیەم فێستیڤاڵی بەدرخان پرسیار کرابوو، وەڵامەکە ئەوەبووە، چونکە سەندیکا بەشداری تێدا کردووە، هەروا بێتەوە ئەمساڵیش (خەبات) نزیکەی لاپەڕەیەکی یەک لە ژمارەکانی بۆ چوارەم کۆنفرانسی بەدرخان لە (بەرلین) تەرخان کردبوو، کەچی یەک دێڕی، بۆ چاووزاریش، لە هەواڵ و چالاکییەکانی ئەو ڕۆژەی سەندیکا لە هەولێر بڵاونەکردبۆوە، کە چوار کیلۆمەتر لە بارەگاکەیان دوور نەبووەو چەند ئەندامێکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتیش لە کۆڕەکە ئامادەببوون، لەلایەکی دیکەوە من بەر لە ناسینی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، بەرپرسەکەی (خەبات)م ناسیوەو برادەرم بووە، پێم وانییە ئەوەندە بەستەزمان بم دڵی ئەو کەسانە لەخۆم بڕەنجێنم، قەتیش نەمگوتووە فلانەکەس گوتویە هەواڵی سەندیکا بڵاومەکەنەوە، بەڵکو لەم جۆرە گرفتانە بەردەوام لایەنی خێربوومە، ئەوەتا چەندان جار لەسەر گرفتی ڕۆژنامەنووسان، لەگەڵ نەقیب دانیشتووم و ڕەخنەم لێی گرتووە، پێیم گوتووە، پیاو کە حوشترەوانی کرد، دەبێ سەردەرەی ماڵی بڵند بێت، ئەویش بە دڵفراوانییەوە لێی قبوڵ کردووم، بەڵکو هەندێ جار بە گوێشی کردووم. ئەو برادەرەش کە کاکە دڵشادم سوێی بۆ دەبێتەوە، گوایە لە پەنای ناوی ئەو مافی خوراوە، من پێم وایە دوای نووسینەکەی کاک دڵشادیش زیاتر شارەزای بووم کە ئەو برادەرەمان زۆر لەوە هۆشیارترە، بە مستە ئاوێک بێتە مەلە، با بۆ زیاتر خەست کردنەوەی ئەو بابەتە ئەوەش بڵێم، هەر ئەو برادەرەمان گلەیی لە (کوردستانی نوێ)ش هەبووە، هەر ئەوساش پێی گوتم کە لەم بارەیەوە تەلەفۆن بۆ کاک (ئازاد جوندیانی) دەکات، پێشم وایە دەبێ دواتر تەلەفۆنی بۆ ئەویش کردبێ، بەڵام ئەوسا بۆیە ئەو بابەتەم نەورووژاندووە، چونکە ڕۆیشتبووم و تەلەفۆنەکە بە بەرچاومەوە وەکوو ئەوەی (خەبات) بۆ ئەو برادەرەمان نەکرابوو.

دیارە ڕۆژنامەنووسی کارامە نابێ لە نووسینگەکەی

> **چەندان جار لەسەر گرفتی ڕۆژنامەنووسان، لەگەڵ نەقیب دانیشتووم و ڕەخنەم لێی گرتووە، پێیم گوتووە، پیاو کە حوشترەوانی کرد، دەبێ سەردەرەی ماڵی بڵند بێت، ئەویش بە دڵفراوانییەوە لێی قبوڵ کردووم، بەڵکو هەندێ جار بە گوێشی کردووم**

لەبەر بای سـپلیت دانیشی و چاوەڕێ بکات تا هەواڵ و دەنگ و باسـی بۆ دێتە بەردەسـت و ئینجا ریپۆرتاژی لەسـەر ئامادەبکات، (دلشاد گیـان ئەوەش کە بەسـەرمەوە دەیکەیە منەت، گوایـە (رۆژی ٦/٢٥ بابەتێکتـان دەربـارەی (رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لـە کۆنگرەی دەولـی رۆژنامەنووسـان) بڵاوکردۆتـەوە، ئـەوە دوای دیمانەکـەی مانگنامـەی (بەدرخان) بووەو بۆ رەواندنەوەی بۆچوونەکانـی منە، هەروەها ئـەو هەواڵانەش کە وەکـوو خۆتان دەڵێن بڵاوتـان کردۆتەوە، بڕوا بکەن کە دواتر بەسەریاندا چوومەوە دیم ئەوەندە بێ سەروبەر بوون، وەکو دەڵێن ئەزی تێدا شـەرمەزارم، خۆزگە ئەو بابەتەشتان بەو ناوەرۆکـە سـەقەتە بڵاونەکردبوایـەوە، بەڵکو ئەو رۆژە یەک لەو وێنە سـنگ رووتانەتان لە شـوێنی دانابوایە، کە ئەوسا ماوەیەک بوو لەو وێنانەتان لە لاپەڕە یەک دادەنا.

لێـرەدا دوای دووبـارە بڵاوکردنـەوەی دیمانەکەی (بەدرخان)، بۆ ئەوەش تاوانی دیزە بـە دەرخونەکردنی ئەو بابەتانـەی (خەبات)م نەخرێتەپاڵ، هەروەها بۆ زیاتر بەرچاو روونی خوێنەران، وا تەواوی ئەو بابەتانەی دوابەدوای دیمانەکە، بـە بابەتەکەی (بزاو)یشـەوە، وەکو خۆی دووبـارە بۆ مێژووی رۆژنامەنووسـی لێرەدا بڵاودەکەمەوە.



# کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە..
# نەدەبووا ئاوەها راست و چەپ بەناوبکەوی؟

دلشاد مستەفا رەسائی

رۆژنامەی "خەبات"، ژمارە ٢٥٤٠، هەینی ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، ل٦، هەولێر


ڕووناکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی بەشداری شاندی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی 26ـەمینی IFJ

ڕۆژنامەی "خەبات"، ژمارە ٢٥٤٣، دووشەممە ٢ی تەمموزی ٢٠٠٧، ل٦، هەولێر

## لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی جیهاندا

# کاندیدی کوردستان دەرنەچوو



[illegible]

گۆڤاری "بزاو"، ژمارە ١، یەکشەممە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٧، ل١٤، هەولێر

# گرنگیی بەشداربوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی IFJ لە مۆسکۆ!

هەڵکەوت سالەیی

بەشداری کردنی ئەدیبان و نووسەران و رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد لە کۆنفرانس و کۆنگرە جیهانییەکان، کارێکی زۆر چاکە و هەنگاوێکی راستە و دروستە بۆ گەیاندنی دەنگ و رەنگی میللەتەکەمان بۆ جیهان. لەوەش زیاترە پێویستە دەنگمان بگاتە ئاوەندی بڕیار کە UN ە بۆ ئاشنابوون لە دۆزی رەوای گەلەکەمان، کە خاوەن گەورەترین قوربانییە لە کوشتن و برین و ئاوارەبوون و کاولکردنی هەزاران گوند و ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید. بە واتایەکی کورتتر قڕکردنی گەلی کورد و سۆتماککردنی خاکەکەی کە کوردستانی ئازیزە!!!. جێی دڵخۆشییە کە ئەم گەلە پاش ئەم هەموو ستەم و ناخۆشییە کۆڵی نەداوە لە خەبات و کۆشش کردن، ئەوە لە دوای ئەوە بوونی خۆی سەلماند. تاگەیشتە ئەم رۆژەی کە ماوەی شازدە ساڵ زیاتر بە ئازادی و سەربەخۆیی بژێت، و خاوەن حکوومەت و پەرلەمانی خۆی بێت و، خۆی حوکمی خۆی بکات. ئەمەش لە ئەنجامی خوێنی شەهیدانی هەموو توێژەکانی میللەت و هەوڵی بێوچانی دڵسۆز و تێکۆشەری رۆشنبیر و ئەدیب و سیاسەتمەدارانی کوردە. کە هەرگیز بۆ گەیشتن بە مافی سیاسی و رۆشنبیری کورد درێغیان نەکردووە. بەشداربوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ٢٦ەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ کە لە 2007/5/27 لە مۆسکۆ بەستراو، وەفدە کوردییەکە بە جلوبەرگی کوردییەوە بەشداریان کردبوو مایەی سەرنجڕاکێشانی ئامادەبووان و میدیاکان توانیان دەنگی گەلەکەمان و بارودۆخی ئەمڕۆی کورد و کوردستان و بەتایبەتی باری رۆژنامەنووس و رۆژنامەگەری لە کوردستان بە تایبەتی و ئێراق بە گشتی، لەرێگای کەناڵ و میدیاکانی جیهانەوە بخەنەروو. جاران دۆزی کورد بە هۆی بیانووی هاوسەنگی هێز لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان بوو بووە قوربانی،. دەنگی تەقەی برنەوی پێشمەرگەیەکی قارەمان و کۆڵنەدەر و بەرگریکەر لە ئاو و خاکی خۆی... دەنگی گوللەی ئەو دیفاع کردنە لە ئاو ئەو دۆڵ و شاخە زێتر نەدەرۆیی... بەڵام ئەمڕۆ دەنگی کورد دەگاتە هەموو شوێنێکی جیهان و بە گەلێکی ستەمدیدە و کۆڵنەدەر و ئاشتیخواز ناسراوە، هەنگاو بەرەو ئاشتی و دیموکراتی دەنێت. لەم کۆنگرەیە 100 وڵات بەشداربوون وە جەخت لەسەر مافی رۆژنامەنووسان کرا جەخت لەسەر ئازادی بیروڕای رۆژنامەگەری کرا ئایدن وایت سەرۆکی IFJ لە رێکەی تیشکی خستە سەر ئەو حاڵە و 5 رۆژنامەنووسی بە تەمەنی رووسیای بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری بەرپرسی ئەمەریکی و رووسی و مامۆستای زانکۆ و سیاسەتمەداران خەڵات کرد. یەکێک لەوانە رێباکۆف سەرۆکی وەزیرانی رووسیای پێشوو کە لە وتەکەیدا ئاماژەی بە رۆڵی کورد و ئەمڕۆی ئێراق و کوردستان کرد. لە راپۆرتی ساڵانەی IFJیشدا رەخنەی توند لە وڵاتانی جیهانی عەرەبی و ئێران گیرا کە مافی رۆژنامەنووسان پێشێل دەکەن و ئازادی رۆژنامەنووسی کەمە. لە راپۆرتەکەش بە ئاماژە 67رۆژنامەنووس کرا کە ساڵی پار لە ئێراق گیانیان لەدەستداوە. لە کۆبوونەوەکە چەندین بابەت و لێکۆڵینەوە و دیالۆگ پێشکەش کرا کە جێی سەرنج و بایەخدان بوو بۆ کۆنگرەکە و رەوتی نوێی رۆژنامەگەری لە جیهاندا. دەستخۆشی لە وەفدی سەندیکای رۆژنامەنووسی کوردستان دەکەین بۆ ئەم چالاکییە بە هیوای بەرەوپێشچوونی رەوتی رۆژنامەگەری لە کوردستان بۆ خزمەت کردنی دۆزی رەوای گەلە ستەمدیدەکەمان.

رۆژنامەی "خەبات"، ژمارە ٢٥٣٦، حوزەیرانی ٢٠٠٧، هەولێر

# شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی هەوێنی بابەتە رۆژنامەوانییەکان بووە



ئیسماعیل عەلی

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر ئەو کەسەی بیەوێت لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی یان رۆژنامەگەری لەسەر شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی بنووسێت، دەبێت دە ئەوەندەی نووسەرێکی کورد یا عەرەب یا تورک یا فارس خۆی هیلاک و ماندوو بکات، تا لایەنێکی کەمی سەرچاوەی بۆ لێکۆڵینەوەکەی چنگ دەکەوێ. جارێ لە سەرانسەری کوردستاندا ناوەندێک یا کتێبخانەیەک نییە یەک کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامەی تێدا کۆکرابێتەوە یان کۆبکرێتەوە دەربارەی مێژووی ئەدەبیاتی تورکمانی. ئەوەی هەمانەو نیمانە بەسەر کتێبخانەکانی ئێراق و ئێران و تورکیا و سوریا و روسیا و ئازربایجان. هتد. دابەش کراوە، وەکو ئاردی ناو درکی لێ هاتووە.

نزیکەی نیوسەدە کۆت و بەندو تەعریب و دواتریش تەبعیس، لایەنێکی گرنگی رۆشنبیرانی گرتۆتەوە، بۆیە تورکمانەکانیش، وەک نەتەوە ستەمدیدەکانی دیکە لە ژێر زەبروزەنگی دکتاتۆرییەت، بە درێژایی مێژوو لە ژێر دەسەڵاتی عەرەبی هەر سەرکوتکردن و قڕکردن و زەوتکردنی ئازادی لە گەلانی ئێراق، بەشێکی زۆری چەوسانەوەی نەتەوەیی و فیکری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە بینیووە، لەو مێژووە تاڵەی ئەواندا زۆر لاپەڕەی ڕەش پڕ لە تاوان تۆمار کراون، کە مێژوو هەتا هەتایە لە بیریان ناکات، تەنانەت لەو بزاڤە رۆشنبیریانەی کە تورکمانەکان ویستوویانە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان هەندێ هەل بقۆزنەوە، بۆ پاراستنی

ئەم دیکۆمێنت و ئەرشیفە مێژوویانەی نەتەوەکەیان. بە هەربیانوویێک بێت ئەم ڕژێمە دیکتاتۆرانە نەیانهێشتووە ئەو بزاڤە هونەری و ڕۆشنبیرانەی ناوە ناوە لە دایک بووە پەرە بسێنێ و لە باریان بردوە، بە تایبەتی بواری ڕۆژنامەگەری، بەڵکو زۆر بە خێرایی دایانخستووەو ئەو بوارەیان نەداوە گەشە بکات. ئەگەر ناوە ناوە ڕێگەشیان بە دەرچوونی بڵاوکراوەیەک دابوو بێت، ئەوا خستوویانەتە ژێر سانسۆری توندی خۆیان و بەشێوەیەک جەختیان لەسەر ڕۆشنبیرانی تورکمان کردووە کە بە ئاراستەیەک لە گۆرەپانەکەدا کاربکەن کەلە خزمەتی ئەوان دابن و بۆ چەواشەکردنی خەڵکی بووە، بۆیە ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی بزاڤی ڕۆشنبیری تورکمان بدەینەوە، درک بەپچڕ پچڕی و کەم دەرامەتی و دەست کورتی باری ڕۆشنبیری دەکەین و لەوەدڵنیا دەبین کە ئەوان مەبەستیان نەبووە ڕۆشنبیریی هیچ نەتەوە و نەژادێکی دیکە بەغەیری بۆچوونەکانی ئەوان بگاتە ئاستێک کە دڵی نەتەوەکەی پێ خۆش بێت. بۆیە باری مێژووی شیعرو ئەدەبی تورکمانی لە سەردەمی ئەو ڕژێمە بۆ ئیسپاتکردنی بوونی نەتەوە بووە. وەک بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەو واقیعەی کە بەسەریداسەپێندراوەو بە درێژایی ئەو ڕۆژگارە دژوارە تورکمانەکان، هەمیشە شان بە شانی گەلانی دیکە لە خەباتدا بوونەو شان بە شانی ئەوانیش بەر جەورو ستەمی ئەو ڕژێمە کەوتوون و زەبری ستەمکارانەی ئەوانیان چەشتووە. ئەگەر نووسەرێکی عەرەب یا تورک یا فارس ئەگەر تەنیا زمانی دایکی بزانی و هیچی تر، ڕەنگە لەسەر هەر شتێک ئارەزوو بکات، سەرچاوەی پێویستی دەست دەکەوێ، بەڵام بۆ تورکمانێک کە زمانی دایک و دوو سێ زمانی تریش بزانێ، ئەوە هێشتا لە کوێیەتی، ئەگەر بچێتە کەشکەڵانی فەلەک دەستی ناکەوێ و بەو ئەنجامەش ناگات کە خۆی دەیەوێ. یا نووسەرێکی کەرکوکی یان هەولێری کە ڕەنگە لە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و فارسیش بزانێ، ئەوا هەزارویەک کۆسپ و تەگەری تر دێنە پێشەوە. سەرەڕای دەسەڵاتشکان بەسەر چەندین زمانی زیندوو و مردوودا، هێشتا نووسەر ناتوانێ بە مەبەست بگات و لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی ڕێک و پێک بنووسێ.

لە مێژوونووسانی تورکمانی ئەم سەردەمەش مامۆستایانی وەک دکتۆر عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغلو و محەمەد خورشید و دکتۆر ئیبراهیم داقوقلی و عەتا تەرزی باشی و شاکر زابت و فازل مەهدی بەیاتی و هانی صاحب و حەسەن عزەت چارداغلی و چەندانی تر.

> **بە درێژایی ئەو ڕۆژگارە دژوارەتورکمانەکان، هەمیشە شان بە شانی گەلانی دیکە لە خەباتدا بوونەو شان بە شانی ئەوانیش بەر جەورو ستەمی ئەو ڕژێمە کەوتوون و زەبری ستەمکارانەی ئەوانیان چەشتووە**



لە چەند کتێبێکی جیاجیادا هەندێ بەرهەمی ئەدەبی و ژیانی شاعیرو نووسەرو بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەگەریان کۆکردۆتەوە و ناوە ناوە هەندێکیان بە چاپ گەیاندوە، ئەمڕۆ دەتوانرێ سوودی لێ وەربگرین. ئەمانە دەورێکی گەورەیان گێڕاوە لە مێژووی ڕۆشنبیری تورکمانیدا. داخەکەم دوای ئەوان هەست ناکەم کەسانێکی تر هەبن ئەو شاکارانەی ئەوان تەواو بکەن و درێژە بەو ڕێبازە بدەن.

سەرەڕای ئەمەش مەخابن، ئەو شێوە نووسینە مێژووییە شیعرو ئەدەبیەی بە چاپ گەیشتووە، ناتوانرێ سوودێکی زۆری لێ وەربگیرێت، لە لایەکەوە مێژووی ئەدەب بریتییە لە کۆکردنەوەی کورتەی ژیننامەی چەند شاعیرێکی ناسراو، بێ سەرنجدانە زۆر لایەنی تری ژیانی ئەو کەسانە، لەلایەکی ترەوە هیچ شاعیرێکی گەورەمان بۆی نەلواوە بیرەوەریی خۆی بنووسێ، یا هیچ کەسێک ئەوەندە بەتەنگ ژیننامەی ئەو کەڵە شاعیرانەوە نەبووەو نەهاتووە چەردەیەک لەسەر ژیانیان بنووسێ، بەرهەمەکانیشیان بەشی زۆر کەمی نەبێ بە دەست ئێمە نەگەیشتوون و ڕەنگە هەر لە سەردەمی ژیانی شاعیر خۆیدا لە چنگ فەوتان دەرباز نەبووبێت، ئیدی نامانەوێت زیاتر بچینە نێو بنج و بنەواناکانی تری هەروەها ئەدەبێک ئەو هەموو کەم و کوڕی و کەلێنەی تێ کەوتبێ، چۆن تاقە کەسێک دەتوانێ قوڵی بۆ هەڵکات و سەرتاپای مێژووی نووسینەکە بگرێتە ئەستۆ. هەر لەبەر ئەم هەلومەرجە نالەبارەی کە ئاماژەم پێدا، سوود وەرگرتن لە مێژووی ئەدەبی تورکمانی بۆ وێنە کێشانی وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروا ئاسان و بێ دەردەسەری نییە، ڕاستە ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە، وێنەی ئەو کۆمەڵ و چەرخەن کە نووسەرەکانیان تیاندا ژیاون، بەڵام ئەگەر بۆنەی شیعرەکە ڕوون نەبێ و کات و شوێنیشی نەزانراوبێت و زۆرجاریش دەقەکە دووگاسنەکرابێت، ڕادەی سوود وەرگرتنیشی کەم و بەرتەسک دەبێت، مەگەر تەنیا لە هەندێ حاڵەتی زۆر تایبەتیداو یا تێگەیشتن و ڕوونبوونەوەی باری ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە کە شاعیر شیعرەکەی تێیدا نووسیوە. لەگەڵ ئەو هەموو سەرنج و تێبینی و مەترسیەی دەیخەمە بەردەم کۆمەڵناس، هەندێ جار دەتوانرێ بە یارمەتی پارچە شیعرێک تابلۆی ژیانی کۆمەڵایەتی جوانتر بنەخشێنرێ، بە مەرجێ شیعرەکە وا بەهەلە لێک نەدرابێتەوە لە گێژەنەی مێژووی خۆی دەرچووبێت.

هەندێ لە توێژەرانی ئەدەبی تورکمانی لە ئێراق وای بۆ دەچــن کە ئەدەبی تورکمانیش هەر لقێکی درەختی ئەدەبی تورکییە، بەم پێیەش ئاخاوتن لە ئەدەبی تورکی زەرورەتێکی زانســتییە بەر لە توێژینەوە لە ئەدەبی تورکمانی. هەندێکی دیکــەش وا تێدەگەن کە هەنگاوی هەڵگرتن رووەو ئەدەبی تورکمانی لە ئێراقدا، لە ســەرمان پێویســت دەکات کە بەو کتێبانەشــدا بچینەوە کە لــە ئەدەبی تورکی دەدوێن، تیایدا نموونەی هاوبەشــی تورکمانیش بەرچــاو دەکەوێت. ئیتر لێرەدا مامۆســتا (فاضل مهدی بیــات) گوتەنی بۆ لێکۆڵەر ئەستەمە کە بتوانێ خاڵی دەست پێکردنی مێژووی ئەدەبی تورکمانــی لــە ئێراقــدا دابنێت. بۆیــە ئەگــەر بمانەوێ بۆ ســەرەتای شیعری تورکمانی مێژووییەک دابنێین بە پشت بەســتن بە هەندێ دیوانە شــیعر، دەکەوینە نێو هەڵەیەکی گەورەوە، بە هۆی پەلهاوێشتنی رەگی ئەو شیعرە بۆ قوڵایی مێــژوو و راگوێزانی هەندێ نموونەی ئەو چوارینانەی کە بە (قۆریات) ناو دەبرێن، کە بە شیعری داستانی مەنگۆلی وابەستەیی هەیە و جۆرێکە لە جوانکاری شیعری زارەکی میللەتانــی تورکــی مەنگۆلــی ســیبریاو ئاســیای ناوەند. ســەرەڕای ســەختی دیارکردنــی مێژووی لــە دایکبوونی شــیعری تورکمانی کۆن و مەحالیی لێکۆڵینەوە لە هەوارە هونەرییەکانی و دابەشــکردنی زەمەنەکە و شــاعیرەکانی، بــەڵام دەکــرێ ئامــاژە بــە نــاوی هەنــدێ لە شــاعیرانی تورکمانی بکەین وەکو (والهی البغدادی) و (ذهنی چەلەبی) و (ئاچــی) و (ئەکرەم بــەگ) و (قایتمز بەگ قەرەقۆنیلۆ) و شاعیرگەلی دیکەش کە لە کتێبی (گلشن شعرا)ی شاعیری تورکمانــی (عهدی بغدادی) دا ناویان هاتووە لە ســەدەی شازدەی زایینی، ســەرباری ژمارەیەکی زۆری شاعیرانی تورکمانی کە ناو و بەرهەمەکانیان ئاوێنەی ناو و بەرهەمی شــاعیرگەلی عوسمانی بووە و لە مەودای (٩٤١-١٣٣٤ک) دەستیان بەسەر ئێراقدا گرتووە.

لێرەدا پەنجە بۆ ســێ لە دیارترین شاعیرانی تورکمانی درێــژ دەکەین کە چامــە (قصیدە) کانیــان کاریگەرییەکی بەزۆری لەســەر شــیعری کلاســیکی تورکمانیدا هەبووە، ئەوانیش (عیماد الدین نســیمی، عەلی شــێرنوائی، محەمەد سلیمان بەیاتلی).

**چۆن ئەدەبی تورکمانی سەری هەڵدا؟**

دەکــرێ ئەدەبــی تورکمانــی لە ئێــراق بەلقــە دارێکی بچووک لــە دارە گەورەکــەی ئەدەبی تورکــی[1] بژمێرین کــە رەگ و ریشــەکەی لــە مەنگۆلیــاوە لــە رۆژهەڵات تا دەریــای ســپی لە رۆژئــاواوە درێژ بۆتەوە، پێمان باشــە لێرە لــەو لێکۆڵینەوەیەدا بەتێرو تەســەلی باس لە ئەدەبی

**دەکرێ ئەدەبی تورکمانی لــە ئێــراق بەلقــە دارێکی بچووک لــە دارە گەورەکەی ئەدەبــی تورکــی بژمێریــن کــە رەگ و ریشــەکەی لــە مەنگۆلیاوە لە رۆژهەڵات تا دەریای ســپی لــە رۆژئاواوە درێژ بۆتەوە**

تورکی بکەین، تا دەگەینە قۆناغی سەرهەڵدان و لە دایک بوونی ئەدەبی تورکمانی لە ئێراق، بە تایبەتیش لە ئێراق، زۆربەی هۆزە تورکەکانی (مەغۆل و سەلجوق)ییەکان دەشتەکیین و هیچ شارستانیەتێکی ئەوتۆیان نەبووە لە چاو شارستانیەتی نەتەوەکانی وەک عەرەب و فارس و چینیەکانی دراوسێیان، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمانە هیچ داب و نەریتێکی ئەدەبی و هونەرییان نەبووبێت کە شیاو بێ لەگەڵ ژیانی خۆرسکی سادەییان کە دوور بووە لە هەموو ئاڵۆزی و گرێیەک، بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیان بەهیچ شێوازێک تۆمار نەکراون، چونکی ئەمانە خوێندن و نووسینیان یەکجاری لە ژیانی خۆیاندا فەرامۆش کردبوو، تەنها لە ڕێگاکانی (گێڕانەوە، ئەزبەرکردن، یەکتر فێرکردن) نەبێ کە توانیویانە پشتاو پشت بە زیندوویی بیهێڵنەوە.

(ئاوریغۆن)ەکان لە هەموو هۆزەکانی دیکە زیاتر بواری پێشکەوتن و پاراستنی کەلتورەکەیان بۆ واڵاکرابوو، ئەمانە جۆرە نووسینێکی تایبەتی بەخۆیان هەبووە، (جەنگیزخان) فرمانی ئەوەی دەرکردبوو کە دەبێ منداڵانی مەغۆلی فێرە ئەو جۆرە نووسینە بکرێن، دواتریش لە سەردەمی (غازان) و پاشکۆکانیان خەڵکی لەسەر هەمان نووسین درێژەیان بە ڕۆشنبیری و هونەری خۆیان دەدا، ئەمەش کاتێ هاتە ئاراوە کە بەیەکجاری زمانی فارسی و تورکی لە دیوەخان و دانیشتنەکاندا قەدەغەکراو بۆ هەموو ئاخاوتنێکی ڕەسمیش لە کارکەوت، بۆیە زیاتر ڕێگای لەبەدەم چەکەرەکردن و خۆ چەسپاندنی ئەدەبی مەغۆلی زیاتر هەنگاوی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی، بەڵام (ئۆریغوری)یەکان قۆناغێکی باشتریان لە بەدەست هێنانی دەسکەوتی ئەدەبی و هونەر بەدەست هێنابوو وەک چاککردنی دیالێکتی زمانەکەیان و پوخت کردنی ئەدەب و ژیانی بیرکردنەوەو ڕۆشنبیریشیان، چونکە ئوریغوریییەکان خاوەن ئەلف و بێیەکی سامی بوون، لە سەردەمی پێنجەمی پێش زایینی لە ڕێگای بیانییەکانەوە گەیشتبوە مەغۆلییەکان، ئەو ئەلف و بێیە لە (١٤) پیت پێکهاتبوو ڕێگای فێربوونیشی زۆر ئاسان و ساکار بوو، هەر لەو ئەلف و بێیەوە زمانی تورکی ڕۆژهەڵاتی دروست ببوو و جێگای ڕێنووسی ئۆرغۆنی گرتبۆوە، کە لە سەدەی هەشتەمی پێش زاینیدا هاتبووە کایەوە. هەر بەو جۆرە ڕێنووسەش دیواربەندە ئورخۆنییەکانیان نووسیبوو وەک نەمرییەک بۆ یادی پاڵاوانە تورکەکان، یەک لەو دیواربەندانەش بە ناوی (کولرتکین)ی پاڵەوان دارێژرابوو کە لە ساڵی (٧٣٢) زایینی ئەو دیوارەبەندە خرایە بەرچاو.

> **(ئاوریغۆن)ەکان لە هەموو هۆزەکانی دیکە زیاتر بواری پێشکەوتن و پاراستنی کەلتورەکەیان بۆ واڵاکرابوو، ئەمانە جۆرە نووسینێکی تایبەتی بەخۆیان هەبووە، (جەنگیزخان) فرمانی ئەوەی دەرکردبوو کە دەبێ منداڵانی مەغۆلی فێرە ئەو جۆرە نووسینە بکرێن**



یەکێکی دیکەش بۆ (بلکەخان) لە ساڵی (٧٣٥) زاینی دروست کراوەو ڕێنووسەکە (٣٨) پیت لەخۆ دەگرێت، لەسەرەوە بۆ ژێرەوە دەنووسراو لە دەستی ڕاستیشەوە دەستی پێ دەکرد، جگە لەو دیواربەندانە کە وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بایەخ دەژمێردرێن، لایەنێکی ژیانی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی تورکەکانی سەدەی هەشتەمی زاینی بەرجەستە دەکات.

جگە لەو دوو نوسینە ئەلف و بێیەی (ئوریغۆری) و (ئۆرخۆنی)، تورکەکان چەند ئەلف بێیەکی دیکەی تریان لە ڕێنوس و ڕێزمانی یۆنانی داتاشی بوو، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە (ئینجیل) بۆ سەر زمانی تورکی وەرگێردرا.

شیعری تورکمانیش زۆر لە پێش قۆناغی پێشکەوتنی ئەلف و بێی تورکی هەبووە، تورکمانەکان ژمارەیەک شاعیریان هەبووە کە پێیان دەگوتن (شامان) یاخود (ئۆریۆن) یان (قام) و (باقسی) هتد. لە پاڵ شیعر نووسین، کاری تەندروستی و مۆسیقا ژەنی و سیحریشیان لە ئاهەنگەکاندا ئەنجام دەدا، لەو بارە سایکۆلۆژیانەشدا قەریحەی شیعرییان دەبۆوەو چەندین دەقی جوانی شیعرییان دەهێنایە بەرهەم، شاعیرەکان خۆیان لە نێوان خواوەندو بنیادەم دادەنا شعرەکانیان لە ئیحای مەزنیی خواوەندە وەردەگرت و مرۆڤیشیان لە بەدی و شەڕ و جنۆکە لە ڕێگای بەکارهێنانی سیحرەوە ڕزگار دەکرد، ئەو جۆرە شێوازەش پێی دەگوترا (شامانیلیە) کە پێش ئەوەی ئایینی مەسیحی و دواتریش ئاینی پیرۆزی ئیسلام لە ئامێز بگرن بە ئایینی خۆیان دادەنا کە دوای چوونە نێو ئەو ئایینە ئاسمانییەکانەوە کاریگەریی سیحر لە سەریان نەما و خەڵکیش تەنیا بە چاوی شاعیرییەتییەوە تەماشایان دەکردن.

عەرەبە دەشتەکییەکان وایان بە پێویست دەزانی جۆرە (قسەکردنێک) بدۆزنەوە تاکو لەگەڵ جۆری ڕۆیشتنی وشترەکانیان لە بیابان بگونجێت، کە دواتر بە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی ڕێسای شیعر لای عەرەبەکان داندرا، بە هەمان شێوە هۆزە تورکە کۆچ کردووەکان بیریان لە دۆزینەوەی جۆرە شیعرو ڕیتمێک دەکردەوە وەک سەرەتایەک بۆ شیعری تورکی.

ئەوەتا مامۆستا (سەدیق ئەلقادری)

کە لە سەردەمی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە رووسیا ئەفسەرێک بووە لە سوپای رووسی، دەڵێت ئۆریغورییەکان لە کاتی کۆچ کردن و گەشت و گوزاریاندا جۆرە گۆرانییەکی درێژیان هەبووە دوو کەس بە نۆرە گوتوویانە، بەو جۆرە گۆرانییانەش دەگوترا (خرەوات) یان (خور)، گۆرانییەکان گوزارشتیان لە ژیان و ئایندە و پاڵاوانییەتی و چیرۆکی عەشق و سوارچاکی دەکرد، تا ئێستاش هۆزە کۆچ کردووەکانی تورکمان و قەرەغیز و مەنغۆلیەکان ئەو جۆرە گۆرانییانەیان ماوە.

بابەتەکانی شیعری تورکی جۆراوجۆرن، لەوانەش شیعری پاڵاوانبازی و پیاهەڵگوتن، هەروەها تورکەکان داستانی نەتەوەییان هەیە و دەشکرێ بەسێ بەشەوە:

١- داستانی هینکنو.
٢- داستانی توک یو.
٣- داستانی ئاویغۆر.

داستانی (ئاویغۆر) گرنگترینی ئەو داستانانەیە کە تەنیا بەشێکیان بە دەست ئێمە گەیشتوون کە پێی دەگوترێ (ئۆغزنامە) کە باس لە شەڕو پاڵاوانیەتی یەکێک لە دەسەڵاتدارەکانی تورک دەکات کە (ئۆغز خان)ە.

کتێبی قورقوت دەدە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان بە دیار کەوتووە بە بەشێک لە داستانێکی کۆنی تورکی دەژمێردرێت، یەکەم دەسکەوتی ئەدەبی تورکی سەربەخۆ پاش نەخش و نیگارەکانی ئۆرخۆن پاش شکست هێنانی دەوڵەتی ئاویغورییەوە بە نیو سەدە لە (کاشغەر) بە دیارکەوت، لەو شارەدا (یوسف خاس حاجب ئەلبلاساغونی) (١٠٦٩ ی-١٠٧٠ ی) قەسیدەیەکی گەورەی فێربوونی بۆ سوڵتان (بەغراخان حەسەن کوڕی سلێمان ئەرسەلان) نووسیوە، تیایدا حیکمەتی ژیان بۆ میرەکان دیار دەخات، ناونیشانی قەسیدەکەشی ناوناوە (قوتادغو بیلیک) واتە (زانستی شادی)، (یوسف خاس حاجب) ئەو قەسیدەی لە فەلسەفەکانی ئیبن سینا وەرگرتووەو سوودیشی لە کێشی شیعری فارسی وەرگرتووە کە بریتییە لە چمکێکی رێنمایی ژیان و ئامۆژگاری کە لەسەر زمانی کەسایەتییە رەمزییەکاندا گێراویەتییەوە. رەنگبێ دانەی ئەسڵی قەسیدەی قوتادغو بیلیک بەرێنووسی عەرەبیش هەبووبێت، کۆنترین شوێنەوارێکی فیکری مەغۆلییەکان کتێبی (ئەلیاسای گەورە)یە کە خودی جەنگیزخان فرمانی دابوو کتێبەکە بە رێنووسی ئاوریغوری بنووسرێت، کتێبەکەش چەندین داب و نەریت و رێساو یاسای رێکخستنی ژیانیان تیایە کە جەنگیزخانیش هەندێ ئیزافاتی خستۆتە سەریان بۆ ئەوەی ببێت بە دەستورێکی یاسای رەسمی وڵات، هەر کاتێک بۆ

**بابەتەکانی شیعری تورکی جۆراوجۆرن، لەوانەش شیعری پاڵاوانبازی و پیاهەڵگوتن، هەروەها تورکەکان داستانی نەتەوەییان هەیە و دەشکرێ بەسێ بەشەوە**

هەواڵنامەی کتێب

هەر ئیشێک پێویستت بە ڕێنمایی هەبێت دەبێ بگەڕێتەوە سەر دەقەکانی ئەلیاسا، ئەو کتێبە لای مەغۆلییەکان پیرۆزییەکی تایبەتی خۆی هەبووە کە هیچ کەسێک هەتا سوڵتانیش بۆی نەبوو سەرپێچی لەو یاسایانە بکات.

بەر لە هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، شیعری تورکی (کێش=الوزن)ی تایبەتی هەبوو کە پێی دەگوترا (ئەلهەجا) و قەسیدەکانیشیان بە شێوەی چوارینە دەنووسران و مەرجیش نەبوو سەرواکانی کۆتاییان وەکو یەک بوایە، بەگشتی ئەوەی تورکی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی و فارسی، دوای ئەوەی چەند هۆزێکی تورکمان بوونە ئیسلام و تێکەڵی ئەو نەتەوانە بوون، هەندێک کێشی شیعری عەرەبی لە شیعری تورکی بەکارهات، لە پاڵ ژمارەیەک شێوازی شکڵ و هونەری دیکەی ئەدەبیش..

کۆمەڵێک لە رووناکبیرە تورکەکان ئەوانەی بە ئەدەبی عەرەبییەوە کاریگەربوون بیریان لەوە دەکردەوە چۆن ئەدەبێکی نوێ دروست بکەن هاوتەریب بێت بەو پێشکەوتنەی کە لە ئەدەبەکانی دیکەوە بە دەست هاتبوو، ئەوەبوو (ئەدەبی دیوان) وەک تەرزێکی نوێ لە سەدەی یانزەو دوانزەی زایینی لە دایک بوو، بەڵام جەماوەرەکە بە گشتی ئەو ئەدەبەیان بە دڵ نەبوو خۆیان لەو بزووتنەوە نوێیە بە دوور رادەگرت کە تەنیا ئەدەبێک بوو لە بەرژەوەندی چینی ئۆرستۆکراتیەکاندا بوو، ئەوانەی خاوەن دەسەڵات و جێگای شیاو بوون، هەروەها لە ژێر کاریگەریی ئیسلامیشەوە ئەدەبێکی تازەیان داهێنا، لە ناوەڕاستی ئەدەبی دیوان و ئەدەبی شاهانی جێگای خۆی کردبۆوە، ئەو ئەدەبە میللییەشیان ناونابوو (ئەدەبی (تەکییا)، چونکی لە گۆشەی تەکییەکاندا سەری هەڵدابوو، پێشکەوتنێکی گەورەشی بە خۆیەوە بینیبوو، ئەدەبی تەکییە تایبەت بوو بە کاروباری ئیسلامی و ستایشی دینی و مەدح و سەنای پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵەکانی، لەگەڵ چەند ئامۆژگارییەکی ئایینی، بۆیە شیعری تورکی سێ ڕێچکەی لێ کەوتەوە کە ئەمانەن:

١. شیعری ساز، درێژە پێدەری شیعری تورکی بوو کە لە پێش ئیسلام دیارکەوتبوو.
٢. شیعری دیوان، دوای دروست بوونی ئەدەبی دیوان سەری هەڵدا.
٣. شیعری ئایینی، کە لەتەکییەکان و لەژێر کاریگەریی ئەدەبێکی میللییەوە سەری هەڵدابوو.

ئەو شیعرە تورکییەی بە کێشی (ئەلهەجا) و بەقاڵبی شیعری تورکی و بە دیالێکتێکی تورکی رەسەن و ساکار دەنووسرێت و گوزارشت لە چێژی رەسەنی میللەت و جۆری بیرکردنەوەیان بۆ ژیان دەکات پێی دەگوترا (ئەدەبی گەل)، و ئەو شیعرەی لەژێر فشاری رۆشنبیری ئیسلامییەوەش دەهاتە دەست و کێشەکانی عەرەبی و فارسی بوون، ئەوا پێیان دەگوت (ئەدەبی دیوان). و ناتوانین هیچ نموونەیەک لە (پەخشانی تورکی) ئەو سەردەمە بخەینە بەرچاو، چونکە بە هیچ رێگایەک لەو جۆرە پەخشاننامانەمان بە دەست نەگەیشتووە. بەڵام یەکەم شاکارێکی ئەدەبی تورکی سەربەخۆ لەژێر کاریگەریی ئەدەبی دیوان نووسرابێت دیوانەکەی (قوتاد غوبیلیک) بووە کە (یوسف خاس حاجب ئەلبەلاساغونی) نووسیویەتی، دیوانەکە لە قەسیدەیەکی شیعری بەتال کراو لە کێشی دەریای (المتقارب) پێکهاتووە، کاریگەریی و رەنگدانەوەی ئیسلام لەسەر ئەمجۆرە شیعرانە کەم بووە، بەڵام لە ئەدەبی میللیدا کاریگەرییەکەی فراوانترە، لەسەدەی دوانزەهەمدا دیوانی (هبة الحقائق)ی شاعیر (ئەدیب ئەحمەد) رەنگدانەوەی دووەم بووە بۆ سەر ئەدەبی دیوان، شاعیر ئەو دیوانەی لە شاری (یوغناق) داهێناوە و پێشکەشی میر سپاسالار بک حاکمی ویلایەتی سەمەرقەندی کردووە، ئەو دەقە شیعرییە وەک شیعرەکەی (قوتادغو بیلیک) شیعرێکی فێرخوازی بووەو بەکێشی عەروزی و شێوازی چوارینەیی نووسراوەو باس لە ئازایەتی و وەفادریەتی و سەخاوەت دەکات..

شیعرەکانی (ئەحمەد بسوی) کە لەساڵی ١١٦٦ زاینی کۆچی دوایی کردووە، نموونەیەکی

بەنێـوی (الحکمە) هەموو شـیعرەکانی خۆی کۆکردۆتەوە کە سـکاڵای دڵی خۆی دەرهەق بـە سـەختی باری ژیانـی ئادەمیزاد دەکات و ستایشــی پێغەمبـەر (د.خ) و ستایشــی هاوەڵەکانی و چەندین دیمەنی جۆراو جۆری سـەرنج راکێشـی نێو بەهەشـت و دۆزەخ و ئامـۆژگاری ئایینی بەنموونە هێناوەتەوە، ئەو شـاعیرە بەرێبەری رێبازی شـیعری سۆفی تورکـی دەژمێردرێـت کە بـە زمانێکی پاراو و سـاکار دایرشـتووە و ئامانج و ئاواتەکانی خۆی لە رێگای ئەو شـیعرە خواناسیانەوە لە نێو خەڵکی وڵاتەکەیدا بڵاوکردۆتەوە، بۆیە بەدامەزرێنـەری شـیعری میللی سـۆفیی لە ئەدەبیـی تورکی بـێ ململانێیـەک دادەنرێت، ئەو شـاعیرە لە شاری (یسـی) لە تورکستان لە دایک بووە.

شـیعری تورکی لـە سـەردەمی دەوڵەتی قراخانییەکان (٩٣٢-١٢١٢)ی زایینی هەروەها لە سەردەمی دەوڵەتی (سـەلجووقییەکان) لە سـەدەی یانزەهەمدا تـا سـێزەهەمی زایینی دا گەورەترین گەشـەکردن و پێشـکەوتنی بەخۆیەوە دیت، کە لەوکاتەدا هەردوو دەوڵەت ئایینـی پیرۆزی ئیسـلامیان قبـووڵ کردو بە ئاینێکی رەسمی وڵاتەکەی خۆیانیان دانا..

هەرچی عوسمانییەکان بوون دەستیان لە کلتوری عەرەبی و فارسییەوە دوور بوو، بۆیە دەبینین زمان و شـیعری تورکـی جێگایەکی شـیاوی هەبـووە لـە کۆشـکی میرەکانیـان، زمانی تورکـی لە سـەردەمی ئیمپراتۆرپەتی عوسـمانیدا وەک زمانێکی رەسمی ناسرابوو، ئەمەش بووە هۆی پێشکەوتن و خزمەتکردنی ئەو زمانە، چەند شـاکارو بەرهەمێکی نایابی تورکی لە شیعرو پەخشان سەریان هەڵدا، زۆر لە شـاعیران گەیشـتبوونە لوتکەی ئەفراندن، لەمانەش (کول شهری) و (عاشق پاشا) (١٢٧٢-١٣٣٣) کۆچـی و (ئەحمەدی) (١٤١٤) کۆچی، کۆچـی دوایی کردووە، لە سـەردەمی مرادی دووەم (١٤٢١-١٤٥١)ی کۆچـی بایەخدان بە زاناو شاعیران و مۆسیقاژەنەکان گەیشتبووە ئەوپەڕی رێزو تێروتەسەلی.

ئەوەی راستی بێت لەبەر زیاتر هەلگرتنی بابەتەکەمـان و باس کردنی لە سـەرەتاکانی شیعرو ئەدەبی تورکمانی و تورکی، نەپرژاینە سەر بەرهەم و هۆنراوە بە پێزو ئەدەبەکەی، نەپرژاینە کە چۆن و لە چ رۆژنامەو گۆڤارێک بابەتەکانیـان بڵاوکردۆتـەوە، ئەمەیـان بـۆ ژمارەکانـی تر جێ دەهێڵین خوا تاقەت بدات، بڵاویان دەکەینەوە..

سەرچاوەکان
* هانی صاحب حسن، کتێبی ازهار القرنفل- دراسە فی الشعر الحر الترکمان فی العراق.
* د. ئیبراهیم داقوقی، کتێبی فنون الأدب الشعبی الترکمانی.
* گۆڤاری باریش ژمارەکانی (٣١،٢٩،٢٧).

پەراوێز:
١. ئەمە رای د. ئیبراهیم داقوقی-یە کە لەکتێبەکەی (فنون الادب الشعر)دا نووسیویەتی.

هەواڵنامەی کتێب

# کۆڕی زمانەوانیی سریانی و گۆڤاری کۆڕ*

ئەکەد موراد

کـۆڕی زمانەوانیـی سـریانی لـە (٢٥)ی حوزەیرانـی ١٩٧٢، لـە بەغـدا دامـەزرا، کە ئەوە یەکەمیـن کۆڕی زمانەوانیی سـریانییە لـە جیهانـدا[١]، گرنگترین ئامانجـی ئەو کۆڕە کارکـردن وەک سـەرچاوەیەکی زانسـتی راوێژکاری بۆ زمانی سـریانی، بەمەبەسـتی فێربوون.. و بووژاندنەوەی کەلەپووری ئەدەبی و ژیـاری سـریانی و بڵاوکردنـەوەی زمانی رەوان (الفصیح)ی سـریانی، سۆراخکردنەی پەیوەندی نێوان زمانی سـریانی و زمانەکانی دیکە[٢].

لە سـەرەتادا ئەرکی کۆڕ زۆر گران بوو، بـەڵام بـە ئـەرک و ماندووبوونـی ئەندامان، ئەو کۆسـپانە تەخت کران، بۆیـە کۆڕ توانی گەلێ کاری وا بکات کە جێی سـتایش و رێز بوون[٣]. یەکەمیـن بەرهەمی کۆڕ میهرەجانی ئەفرام- حەنین بوو لە ٤-٧ی شـوباتی ساڵی ١٩٧٤دا.

**ئەندامانی یەکەمین دەستەی کۆڕ**

مەرسـومی کۆمـاری ژمـارە (٤١٥)ی سـاڵی ١٩٧٢، بـە دامەزراندنی ئـەم بەڕێزانە دەرچووە:

١. مەتران ئەندراوس سەنا.
٢. مەتران سەنحاریب زکا عیواس.
٣. بەڕێز شلیمون ال مەتران.
٤. بەڕێز یوسف خیدو ئەلبازی.
٥. قەشە د. فاروق داودو یوسف حەبی.

ئەوانە ئەندامـی کارای کۆڕی زمانەوانیی سریانی بوون، هەروەک لە فەرمانی وەزاری خوێندنی بـاڵاو توێژینەوەی زانسـتی ژمارە ٢١١٨٢/٥/١٤ لە ١٩٧٢/١٠/٢دا هاتووە.

لە رۆژی ٨ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٢دا هەڵبژاردنی نهێنی بـە نهێنی دەنگدان لەنێوان ئەندامان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەڕێوەچوو، لە ئاکامدا بەڕێز مەتران ئەندراوس سـەنا بە سـەرۆک و شـلیمون ال مەتران بـە جێگری سەرۆک و مەتران سـەنحاریب زەکا عیواس بە ئەندامی دیوانی سەرۆکایەتی دەرچوون.

**کۆبوونەوەکانی کۆڕو لیژنەکان**

دوای پێکهاتنـی هەیکەلـی کـۆڕ، یەکەمین

کۆبوونەوەوە لە ڕۆژی ١٩٧٢/١٠/٩ لە بارەگای مەترانییەی سریانی ئەرسوزکس لە بەغدا بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامان بەسترا.

لیژنە تەرخانە هەمیشییەکان لەئەندامە کاراکانی کۆڕو ئەوانەی لە دەرەوە کۆڕ کە زۆر شارەزای زمانی سریانی بوون لەو لیژنانە کرانە ئەندام کە ئەو لیژنانەن:

١. لیژنەی زمان و ئەدەب و کەلەپوور و زانستەکان.

٢. لیژنەی زاراوەو قامووس و وەرگێڕان و دانان و بڵاوکردنەوە.

٣. لیژنەی کتێبخانەو گۆڤار[٤].

میهرەجانی ئەفرام –حەنیین لە بەغدا- یەکەمین ڕواڵەتی ڕاگەیاندنی سریانی بوو.

لە کۆبوونەوەی پازدەیەمی کۆڕ[٥] لە ڕۆژی ١٩٧٣/٤/٢٣ پێشنیاری میهرەجانی زیندووکردنەوەی بیرەوەری شاعیر (مەلفان) گەورەیی سریانی مار ئەفرام و بیرەوەی پزیشک و ئەدیب و وەرگێڕی زانا حەنیین کرا، دوای ئەوەی بڕیاری لێدرا، نەخشەیەکی تێرو تەسەلی کار داندرا، لیژنەی ئامادەکار لە نوێنەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ڕاگەیاندن، وەزارەتی دارایی، زانکۆی بەغدا، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتی، دەزگای هاوینەهەوارو گەشت و گوزار، کۆڕی زانیاری عێراق، کۆڕی زانیاری کوردی، نەقابەی پزیشکان، کۆمەڵەی مێژوویی عێراق، کۆمەڵەی وەرگێڕانی عێراق پێکهات.




بە مەبەستی بانگکردنی زانایانی دەرەوە مەتران سەنحاریب زکا ڕاسپێردرا گەشتێک بۆ ئەورووپا بکات و زاناو توێژەروان بۆ میهرەجان بانگ بکات و وێنەی هەندێ لە دەستنووسە دانراوەکانی مار ئەفرام و حەنیینی بگرێت کە لە کتێبخانەکانی ڕۆژئاوادا هەن، هەروەها مامۆستا یونس عەبدولحەمیدی کارگێڕی بەشی خوێندنی ئەهلی ڕاسپێردرا سەردانی وڵاتانی عەرەبی بکات و لە نزیکەوە بانگ کراوان ببینێ.

میهرەجانەکە لەکاتی خۆی بەستراو سەرکەوتنێکی زۆرباشی بەدەست هێناو دەنگدانەوەیەکی فراوانی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات هەبوو، ئەوانەی لە دەرەوە هاتبوون خۆشحاڵی خۆیان بەسەرکەوتنی میهرەجان دەربڕی و دەستخۆشییان لە ئەرک و ماندووبوونی هەموو ئەوانە کرد کە دەوریان لە سازدانی هەبووە.

کۆڕیش هەموو وتارو لێکۆڵینەوەو دوانەکانی کە لە میهرەجانەکە پێشکەش کران کۆکردەوەو لە کتێبێکدا چاپی

کردن، وەک بڵاوکراوەکانی کۆڕ.

**خوێندنی زمانی سریانی و ئەرکی کۆڕ**

هەر لە سەرەتاوە کۆڕ بەردەوام پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەبووەو توانی هۆبەیەک بکاتەوە کە ئەرکی پێویست بۆ خوێندنی زمانی سریانی لەو قوتابخانە سەرەتاییانەی ئەو بڕیارەی خوێندنی سریانی دەیانی گرتەوە، گرتە ئەستۆ.

هەروەها لە وەزارەتی ڕاگەیاندنیش توانی هۆبەیەکی ڕۆشنبیری سریانی بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە کەناڵەکان بایەخ بە بەرنامەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بدات.

* کۆڕ بەردەوام پەیوەندی بە دام و دەزگا زمانەوانی و زانستییەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات دەکرد، بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و شارەزایی و کەڵک لێ وەرگرتنیان، کە ئەمەش ئەنجامی باشی بۆ خزمەتی ڕۆشنبیری و بەرنامەی سریانی لێ کەوتەوە[٦].





**گۆڤاری کۆڕ**

کۆڕ گۆڤارێکی بەناوی (گۆڤاری کۆڕی زمانی سریانی) دەرکرد، کە بابەتەکانی کەلەپووری سریانی و زمان و ئەدەب و مێژوو و شوێنەوارو کاروباری دەستنووسەکانی گرتبووەخۆ.. بەرگی یەکەم لە بەغدا لەساڵی ١٩٧٥ دەرچووەو لە چاپخانەی مەعاریف چاپ کراوەو بە قەوارەی (٢٤ × ١٨سم). ناوی دەستەی نووسەران لەسەر لاپەڕەکانی ئەو بەرگە نییە، بەڵام سەروتاری ژمارەکە بەناوی سەرۆکی کۆڕ مەتران ئەندراوس سنا بووە.

ئەو ژمارەیە بابەتەکانی بە زمانی عەرەبییە، کورتەی وتارەکان بە زمانی سریانی لە کۆتایی ژمارەکە لەگەڵ کورتەیەک بەزمانی ئینگلیزی، ژمارەی لاپەڕەکانی ژمارە یەکەم لە ٣٠٠ لاپەڕە پترە.

بابەتەکانی ژمارەی یەکەم/ فیزیاو کیمیا لە دانراوە سریانییەکان/ ڕێزمانی زمانی سریانی بە درێژایی سەردەمەکان/ مەتران ئەدای شیرو پاشماوەی کتێبخانەی سعود/ چیرۆکی ئەهلی کەهف لە سەرچاوە سریانییەکان/ دۆزینەوەی ئەبجەدیەت/ مەلفان نرسی/ ماسویە ماردینی/ گەشتی باوکە فنشنو بۆ عیراق و بابەتەکانی دیکە.

دیارترین نووسەرانی بەرگی یەکەم/ د. یوسف حبی، کورکیس عەواد، مەتران زکا عیواس، مەتران ئەندراوس سنا، شموئیل جەمیل، د. فەیسەل دبدوب، د.پەرتوس حەداد[٧].

* بەرگـی دووەمی گۆڤارەکە لە سـاڵی دواتر (١٩٧٦) دەرچووە، بەڵام نووسەرو بابەتەکانی زۆر فراوان بوونەو ئاستی بەرزی بابەتە بڵاوکراوەکان، لەوانە، لەنێوان عەرەبی و سـریانی دەخوێننـەوە، مار یەعقوب شـوێنە دێرینەکان لە بەغدا، قامووسـەکانی زمانی سـریانی، زمانی سریانی لـە عیـراق، رای من لە بـارەی پەیدابوونی پەرەسـەندنی ژمـارە. خەلافەتی ئەبو جەعفەری مەنسـوورو دروسـت کردنی بەغدا. هەروەها نووسـەرانی هەرە دیاری سریانی بەشداریان لە نووسینی توێژینەوە و بابەتەکانی کردووە، ئەو ژمارەیە (٤٨٠) لاپەڕەیەو پاشکۆیەکی بە زاراوەی زانستە کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و هونەرەکانیش بڵاوکردۆتەوە، هەروا لەسەر وەرگێڕانی کورتەی بابەتەکان بە سریانی و ئینگلیزی بەردەوام بووە.

گۆڤارەکـە شـوێنێکی دیـاری لەنێـو هەمـوو کۆڕە رۆشـنبیرییەکان بەدەسـت هێنـا بـەو پێیـەی کـە سـەرچاوەیەکی رۆشـنبیری و زانسـتی زۆر بەنرخە. تەنانەت دواتر ساڵانە لە چاوەڕوانی ژمارەکانی داهاتوو بوونە، بابەت و نووسینی بەرزی لە بوارە جیاجیاکانی رۆشـنبیری سـریانی تۆمارکـردووە، تەنانـەت بووە پێویستی کتێبخانەی هەموو رۆشنبیران.




بەرگی سێیەمی گۆڤارەکە لە ساڵی ١٩٧٧ بە (٤٤٠) لاپەڕە دەرچووە، ژمارەیەکی زۆری نووسەری بەرز لە دەرەوەش بە توێژینەوەی بەنرخ بەزمانی ئینگلیزی بەشداربوون لەوانە توێژینەوەی د.سیباستیان بروک (لـە یۆنانییـەوە بـۆ سـریانی و لەسـریانییەوە بۆ یۆنانی)[٨].

جگـە لـەوە کـۆڕ زۆر کتێبـی بە نرخـی وەک (سـەربردەی مار ئەفرام، حەنینی کوڕی ئیسـحاق، شوێنەوارەکانی حەنینی کوڕی ئیسحاق، پرۆژەی پیتی سـریانی یەکگرتوو، ئیحقار حەکیـم، گەوهەری بڵاوکراوە لەزانست و ئەدەبی سریانی و ئەوانی دیکە)[٩].

## گۆڤاری کۆڕ لە دوای ژمارە پێنج

گۆڤارەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە کۆڕی زمانەوانی سـریانی لە بەغدا دەردەچوو کە بەپێی یاسـا دامەزرابوو، بەڵام لە سـاڵی ١٩٧٨ و دوای دەرچوونی یاسـای ژمارە ٦٣ لە ١٩٧٨/١٠/٤ کۆڕی زمانەوانی سـریانی[١٠] و کۆڕی زانیـاری عیراق و کـۆڕی زانیاری کورد هەڵوەشـانەوەو بوونـە یەک کۆڕ، بەنـاوی "کۆڕی نوێی عێـراق"ەو بووە، دەسـتەی زمانی سـریانی کە لـە پێنج ئەندامـی کارا پێک هاتبـوو بەپێی برگـەی دووەم لە مادەی چواری یاسـای کۆڕ، سەرۆکەکەشـی بووە ئەندام لە دیوانی سەرۆکایەتی

کۆڕ. بەو جۆرە دەوری کۆڕ بەو شێوە سەربەخۆیەی کۆتایی پێ هات و بووە دەستەیەک، گۆڤارەکەش لە بەرگی پێنجەمەوە کە لە ١٩٧٩-١٩٨٠ دەرچوە، دروشمی کۆڕی زانیاری عێراقی لەلاپەڕەی یەکەم بەرگدا داوە لەجیاتی دروشمی تایبەتی سریانی، بەرگی شەشەمیش لە ١٩٨١-١٩٨٢(١١) دەرچووە، بەرگی حەوتەمیش لە ساڵی ١٩٨٣ و تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو کە بەرگی (١٣) بوو، دواتر تا ساڵی ١٩٩٣ وەستا، کە بەرگی (١٤) بوو، پاشانیش بە پچڕ پچڕ دەردەچوو، دوا ژمارەی (١٨)ی ساڵی ٢٠٠١.

هیوادارین دام و دەزگای زانستی ئێستاکە بەردەوام بن لە خزمەتکردنی رۆشنبیری سریانی بەتایبەتی بەو زمانە بخوێندرێ، کە ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئاستی زانکۆ. پێویستی فێرکردن بۆ ئەو سەرچاوە زانستییە باوەڕ پێکراوانەو بڵاوکراوە دەورییانەی وەک گۆڤاری کۆمەڵ زۆر پێویستە.

پەراوێزەکان:

١. یاسای کۆڕی زمانەوانی سریانی ژمارە ٨٢ی ساڵی ٩٧٢ کە لە سەرۆکایەتی کۆماری، ژمارە ٤٤ لە ١٩٧٢/٦/٢٥، بیست و یەک مادەی تێدایە بە ئیمزای ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بووە.

٢. نۆبەرەی چاپکراوەکانی کۆڕ سێ کتێب بوو بە بۆنەی میهرەجانەکە، کە ژیانی مار ئەفرام و حەنینی کوڕی ئیسحاق و بڵاوکردنەوەی هەندێ برگەی میهرەجانەکە بوو.

٣. پێنج ئەندامە دامەزراوەکەی کۆڕی، فەرمانی کۆماری بە دامەزراندنی پاڵێوراوانی کۆڕ مامۆستا کورکیس عەواد دەرچوو، بە مەشەوە ژمارەیان بووە شەش.

٤. لیژنەیەکی دیکە بەناوی لیژنەی پیتی سریانی و ئامانجەکانی و یەکخستنی خەتی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی پێکهات بە دواشیدا لیژنەی زاراوەکان و قامووسیش پێکهات.

٥. لە ٢٠٠٦/٦/٢٠ ئاهەنگێکی پێشوازی بەبۆنەی کردنەوەی بارەگای کۆڕ سازدراو زۆر کەسایەتی رۆشنبیری دەزگا زانستی و رووناکبیرییەکانی بۆ بانگ کرابوو.

٦. کۆڕ ئەرکێکی زۆری لەگەڵ هەموو یانەو کۆمەڵە رۆشنبیرییە سریانییەکان دا بە ئامانجی پەرەپێدانی بەرنامە رۆشنبیرییەکان تێیدا کە ئەمەش خزمەتی گەلی کلدانی سریانی و ئاشووری.

٧. دروشمی کۆڕی زمانەوانی سریانی (لەسەر بەرگی ژمارەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم) بەردەوام بوو.

٨. برگەکانی گۆڤاری کۆڕ ١٩٧٥/١، ١٩٧٦/٢، ١٩٧٧/٣، ١٩٧٨/٤، ١٩٧٩/٥-١٩٨٠، ١٩٨١/٦-١٩٨٢، ١٩٨٣/٧، ١٩٨٤/٨، ١٩٨٥/٩، ١٩٨٦/١٠، ١٩٨٧/١١، ١٩٨٨/١٢، ١٩٨٩/١٣، ١٩٩٣/١٤، ١٩٩٥/١٥، ١٩٩٦/١٦، ١٩٩٩/١٧، ٢٠٠١/١٨.

٩. لەنێوان ساڵانی ١٩٧٤ و کۆتایی ١٩٧٦، شازدە کتێب و گۆڤار دەرچووە.

١٠. هۆیەکانی وەستانی دەرچوونی گۆڤارەکە ئەو گۆڕانکارییانە بوون کە لە پێکهاتەکانی کۆڕ هاتە ئاراوەو کرانە یەک کۆڕ وەک دەستە، هەروەها شەڕی عێراق-ئێرانیش لەسەرەتای هەشتاکان کاریگەربی هەبوو.

١١. بەهۆی بارودۆخی عیراق لە ئاکامی شەڕی کەنداو گەمارۆی ئابووری سەر وڵات.

١٢. ژمارەکانی (١١، ١٢، ١٣) ناوی سەرنووسەری گۆڤاری د. ساڵح ئەحمەد ئەلعەلی سەرۆکی کۆڕو سکرتێری دەستەی نووسین د. یوسف حەبی و دەستەی نووسەران مەتران ئەندراوس سەنا و مامۆستا کورکیس عەواد لەسەر ژمارەکانی نووسراوە.

هەرچی ژمارەکانی (١٤، ١٥، ١٦، ١٧) سەرنووسەری گۆڤارەکە ناجح محەمەد خەلیل و سکرتێری نووسین د. یوسف حەبی، ژمارە (١٨) لەدوای کۆچی دوایی د. یوسف حەبی هەر ناوی سەرنووسەری لەسەرە.

سەرچاوەکان:


- مجله مجمع اللغه السریانیه، ژمارەکان ١، ٢، ٣، ٤.
- مجله مجمع العلمی العراقی، ژمارەکانی ٥ - ١٨.
- بڵاوکراوەی یاسای کۆڕی زمانەوانی سریانی ١٩٧٢.
- یاسای کۆڕی زانیاری عێراق و پەیڕەوی ناوخۆ.
- سەرچاوەی دیکە.


* ئەم بابەتە بە عەرەبی نووسرابوو، لەلایەن ئەندامێکی دەستەی نووسەران کراوەتە کوردی."رۆژنامەنووس"

# رۆژنامەنووسیی ئەلیکترۆنی
# دیموکراسی و سەرنج راکێشە

وەرگێڕانی: هیوا ساڵح ئەحمەد
hewaslh@yahoo.com

هەواڵنامەی کتێب

دکتۆر (هەیسەم ئەلزوبەیدی) سەرنووسەری ماڵپەڕی (میدل ئیست ئۆن لاین) لە لەندەنەوە شایەتی دا کە چەند رۆژ لەمەوبەر ریکخراوێکی سەندیکایی ئەمریکا گوتبووی: ١٨ هەزار رۆژنامەنووسی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٦دا بێکاربوون، زوبەیدی گووتی: ئەوە لە رووی پیشەوە هەر وەکو قەسابخانەی وەزیفە وەهایە، پێدەچێ ئەوە لە هەر ساڵێکی دیکە گەورەتر بووبێ کە رووبەڕووی رۆژنامەنووسان بووەتەوە. گووتی: رێکخراوە سەندیکاییەکە بیانووی ئەو قەسابخانەیەی بۆ میدیای ئەلیکترۆنی گەڕاندەوە، کە شۆڕشگێڕانە نەخشەی میدیای لەجیهاندا گۆڕیوەو بەپلەی یەکەم سوودی لە بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئینتەرنێت وەرگرتووە، بەڵام زەحمەت نابێ بۆ زۆر لەو رۆژنامەنووسانە تا لە جیهانی رۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنیدا کارێکیان چنگ دەکەوێت.

بێگومان رۆژنامەنووسان دەبینن کە جیهانی رۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنی بەربڵاوترەو زۆر سەرنجراکێشترە، لەچاو رۆژنامەنووسیی سەر کاغەز زیاتریش بڵاو دەبێتەوە، ئەمرۆکە جیهان بەشێوەیەکی روو لە زیاد رۆژنامەی ئەلکترۆنی دەخوێنێتەوە، زۆری پێوەنانیین گەر بڵێین رۆژنامەنووسیی ئەمرۆ و سبەی هەر رۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنییە، نەک هەر لەبەر ئەوەی بە خۆراییە یا ملیۆنەها کەس ماوەیەکی زۆر بەدیار شاشەی ئینتەرنێتەوە دەمێننەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە رۆژنامەنووسیی چاپکراوی کاغەز لە رووی گەوهەرییەوە جیاوازە.

### مێژووی هاوچەرخی رۆژنامەنووسیی

پێدەچێ گرنگترین جیاکەرەوەی رۆژنامەگەریی هاوچەرخ، خێرایی گەیاندنی هەواڵ بێ، خانی گەورەیی مەغول تا دوای زیاتر لە یەک مانگ بێ ئاگابوو لەوەی کە سوپای برازاکەی بەغدای داگیرکردووە،

هەرچەندە سوپای مەغۆل پێش سەدەی ئامێر باشترین سیستمی پۆستەیان هەبووە، سەربارى ئەوە هەواڵەکان ماوەیەکیان هەر پێدەچوو تا دەگەیشتە شوێنی مەبەست.

ئەمڕۆ ئێمە بە زوویی لە ڕووداوەکانی جیهان ئاگادار دەبین، لە کاتی بڵاوبوونەوەی پۆستەی بروسکە گەیاندن ئەو مەسەلەیە بووەتە ڕاستییەک، خەڵکی لە چواردەوری جیهاندا دەزانن چی لە دەوروبەری دەگوزەرێ و رووی داوە، سەرەڕای ئەوە بایەخیشی پێ دەدەن.

تا ئەم نزیکانەیش رادیۆ سەرچاوەی بەپەی هەواڵ بوو، بەڵام لەبەر سانسۆری دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانی میدیادا بووەو، ئەو هەواڵە کورت و پۆخت بووەو هەمەلایەنە نەبووە. هەرچییەکیان بەلاوە مەبەست بووبێ هەڵیان بژاردووە.

(شۆڕشی ترانزستۆر) بەس بووە بۆ نزیکبوونەوەی هەمووولایەکی جیهان، کە پێشتر لە وێنەی نەبووە، بۆ ملیۆنەها کەس بەس بوو تا لە دەوری رادیۆیەک کۆببنەوەو گوێ لە گوتاری ئەم سەرکردەو ئەو سەرکردەیە بگرن، پێدەچێ گوتارەکانی سەرۆک (جەمال عەبدولناسر)ی کۆچ کردوو یەکێک لە بەناوبانگترین گوتار بووبێ، یا گوێ لە هەواڵەکانی ئێزگەی لەندەن بگرن، دەستبەجێ بڕوایشی پێ بکەن، یا ببێتە هاندەرێک بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ژیانیان، ئەوەندەی پێوەندی بە ڕۆژنامەکانەوە هەبووبێ، پێویست بووە تا ڕۆژی دواتر چاوەڕێ بکرێ تا بزانرێ لە دوێنێدا چی ڕوویداوە.

**تا ئەم نزیکانەیش رادیۆ سەرچاوەی بەپەی هەواڵ بوو، بەڵام لەبەر سانسۆری دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانی میدیادا بووەو، ئەو هەواڵە کورت و پۆخت بووەو هەمەلایەنە نەبووە. هەرچییەکیان بەلاوە مەبەست بووبێ هەڵیان بژاردووە**

### ڕۆژنامەو گۆڤار

چۆن پاش ڕۆژێک یا هەفتەیەک یا مانگێک هەواڵەکانی جیهانی پێ دەگات؟

خەڵکی وا ڕاهاتوون ڕۆژی دواتر هەواڵەکان بەچاپکراوی لە ڕۆژنامەکاندا بخوێننەوە، ڕوو لە ڕۆژنامە فرۆش دەکەیت، ئەو ڕۆژنامەیەی بەلاتەوە پەسەند بێ دەیکڕیت، کە بۆ چەند بەش دابەش کراوە، ئەوە لاپەڕەی هەواڵی ناوخۆیە، ئەو لاپەڕەیەی دیکە تایبەتە بە هەواڵی ناوچەکە، ئەوی دیکەش هەواڵی جیهانییە، هەر کەس هەواڵی زیاتری بوویێت پێدەچێ زیاتر لە یەک ڕۆژ وەڕێ بێت تا پسپۆڕان لەوبارەوە رای خۆیان ئاشکرا بکەن.

ڕۆژنامە سەربارى ئەو هەموو بابەتەی کە تێیدایە، هێشتا بەس نییە، ئارەزووی زۆر و ئالودەبوونی زانیاری (معلومة) بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد چووەتە سەر، هەرچەند کە هەواڵێک دەگات، دەمانەوێ زیاتری لە بارەوە بزانین، ئەنجام پیشەسازییەکی هاوسەنگ هاتووەتە گۆڕێ کە پیشەسازی گۆڤارە، ئەو (ڕۆژنامانە) کە گرنگی بە هەواڵ

نادەن، بەڵکو لە ریپۆرتاژ و شـیکردنەوەکان دەبێتەوە، لە ئەودیوی هەواڵەکان و ئەنجامەکانی دەپێچێتەوە.

بازنەکـە فراوانبووە، چیدی هەواڵ و دیوی پشـتەوەی هەواڵەکان لە گۆڤارێک کە بایەخ پێدانی گشتییە بەس نین، وامـان لێهاتووە دەڵێین لەو هەمووەیش هێشـتا زیاترمان گەرەکـە، گۆڤـاری مانگانەی تایبـەت دەردەچن، هی دیکە هـەن هـەر زۆر تایبەتمەنـدن، وای لـێ هاتـووە گرنگـی پێدانێکی مرۆیی نییە بایەخ بە ژمارەیەکی بەرچاوی گۆڤار نەدات، سیاسەتمەداران گۆڤاری خۆیانیان دەوێ، هەروەک ئەوانەی ئارەزوومەندی پولی یا راوکەری بازن.

**تەلەفزیۆن**

هەواڵ لەسـەری هەموو کاتژمێرەکان یـا هەواڵی ٩ی شەو؟

تەلەفزیۆن هەروەک رادیۆ پشـکی لە گۆرانی میکانیزم و تەکنیکـی گەیشـتنی هەواڵدا هەبوو، هـەواڵ بە خێرایی دەگەیشت، بەڵام بینەر رووبەڕووی زۆر کۆسپ دەبووەوە، لەوانـە دواکەوتنـی هەواڵ بۆ ماوەیـەک، لەوانە ئەوەی لە سـەردەمی ئەنەلۆگدا ئەوەندە زۆر نەبووە (کە لە پەخشی دیجیتاڵ زۆر جیاواز بووە)، پێویسـت بووە بۆ هەر بایەخ پێدانێکـی مرۆڤ بەشـی خـۆی پێ بدات، ئـاوای بە بینەر دەگووت:

دەتـەوێ هەواڵەکانی ئەمڕۆ ببینیت؟ پێویسـتە تا کاتی دەنگوباسی ٩ی شەو چاوەڕێ بیت.

کاریگەریی تەلەفزیۆن لەسـەر هەواڵ، لە بەر چەند هۆ هەروا دیاریکراو بووە، هێندێکیان بە تەواوی هۆی تەکنیکی بوون، ئەوانی دیکەیش بە سیاسـەتی هەواڵ نووسـینەوە پەیوەسـت بوون، کە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی نیشتمانیدا پێڕەویان لێ کردوون، ئەم وێنەیە تا ماوەی چەندین ساڵ هـەروا ماوەتـەوە، تا سـەردەمی کەناڵـە گەردوونییەکان داهات.

**ڕۆژنامەی عەرەبی و**
**کەناڵە گەردوونییەکانی هەواڵ**

سـاڵانی نەوەدی سـەدەی رابردوو لە کاروانی میدیادا جیاکـەرەوە بوو، تەنانـەت پێش بڵاوبوونەوەی پەخشـی دیجیتاڵیش، یەکەمجار کەناڵەکانی (CNN)مان بە ئینگلیزی دەبینی، پاشان کەمە کەمە کەناڵە عەرەبییە گەردوونییەکان دوور کەوتـن، لەوانەیە مایەی سـەرنج بێت زۆربەی ئەو کەناڵانـەی دەرکەوتن، ئەوەندە گرنگـی پێدەدرا کە لەگەڵ ئەو هەواڵەی پەخشی دەکردەوە. ماوەیەکی زۆری نرخاند تا کەوتینە سەردەمی کەناڵی گەردوونیی هەواڵی عەرەبی،

> **ساڵانی نـەوەدی سـەدەی رابـردوو لـە کاروانـی میدیادا جیاکەرەوە بوو**

کە ناکرێ نکۆلی لێ بکەین، روخساری سیاسی ناوچەی عەرەبییان گۆڕی.

لەبەردەم ئەم بەربەرەکانێیە کارەساتبارەدا زۆربەی ڕۆژنامە عەرەبییەکان پەرەیان بە شێوازی باس کردنی هەواڵ دەدا، لە باس کردنی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییە قەدەغەکاندا نەترس بوون، بەڵام زیاتر چاویان بڕی بووە ئەو (پشکە) گرنگەی کە کەناڵە گەردوونییەکان هەر ئامرازێکی بینین، وردەکاری و درێژەپێدان و شیکردنەوەو بەراوردکاری هەمەلایەنە هەر بەشی ڕۆژنامەنووسیی چاپکراو بووە، دەکرێ بڵێین کەناڵە گەردوونییەکان زۆر لە بۆشایی کاتیان پڕکردۆتەوە، کە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی چاپکراودا هەبوو، بەڵام نەیتوانی چارەسەری کەلێنی جۆرایەتی بکات، زەحمەتە لە جێگایەکدا هەواڵی بیستراو هەموو وردەکارییەک بخاتە بەرچاو، ئاساییە کە گفتوگۆکەران دوور لە خاڵە بنەڕەتییەکان دەکەونە گفتوگۆ، کە دەکرێ باس بکرێ، گەر بنووسرێ و لێی ورد ببینەوە، ڕۆژنامەنووسیی چاپکراو هەستی بە هەڕەشەی گەورەنەکرد.

میدیای ئەلکترۆنی لە کوێوە دەستی پێکردووە؟

رایەڵە (تۆڕ)ی ئینتەرنێت ڕووداوێکی سەرپێیی مێژوویی هاوچەرخی مرۆڤایەتی نەبووە، ئەم ئامێرە تەکنیکییە بەرچاوە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا سات بەسات لایەنەکانی گۆی زەوی پێکەوە بەستەوە، ئەگەرچی بە مەبەستی توێژینەوەو عەسکەری دەستی پێکرد، بەڵام هەر زوو جیهان هەستی بەوە کرد کە بۆ هەمووان بە بایەخە، ئینتەرنێت پۆزەتیڤانە کاری کردە سەر میکانیزمی گەیاندنی هەواڵ ٦٪ی جیهانی ڕۆژئاوا لە ڕێی ئینتەرنێتەوە هەواڵیان پێ دەگات، جیهانی عەرەبیش پێڕەوی لەم شێوازە دەکات.

خوێنەری هەزارەی نوێ، دەیەوێ لە هەر کات و جێگایەکدا بێ هەواڵ بە هەموو وردەکارییەکانییەوە بخوێنێتەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو دەیەوێ بە خۆڕاییش بێت، ئەمەیش هەر ئەوەیە کە ئینتەرنێت لەسایتە هەواڵیەکاندا پێشکەشی دەکات. میدیای ئەلیکترۆنیی عەرەبی وای لێهاتووە کە لە بەردەستی هەمووواندا بێت، ماڵپەڕە عەرەبییەکانی هەواڵ، بە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی ئینتەرنێت لەگەیاندنی هەواڵ بە خەڵکی دەست پێشخەربوون، ماڵپەڕی وەک میدل ئیست ئۆن لاین و ئیلاف و موحیط بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی هەواڵ، سەرباری ئەوەی پێش ساڵی ٢٠٠٠ لە ئارادا نەبوون، بە کلیک کردنی ماوسی کۆمپیوتەر هەواڵەکان بە درێژی و

> **خوێنەری هەزارەی نوێ، دەیەوێ لە هەر کات و جێگایەکدا بێ هەواڵ بە هەموووردەکارییەکانییەوە بخوێنێتەوە**

بە وێنەو لێدوانەوە دێنە بەرچاوت.

ماڵپەڕەكان خاسیەتێكی سەرباریان بە هەواڵ داوە، ئەویش ئەرشیفسازی و پێكەوە گرێدانەو چەندین لق و پۆپی لێ بووەتەوە، هەواڵ گرنگە، بەڵام پێشینەو كاریگەری و ئەنجامەكانی كە پێشتر پشكی لە رۆژنامەنووسی چاپكراو (بێ گیان) دا نەبووە، ئێستا هەمان بایەخی خودی هەواڵەكەیشی هەیە، لە بری تەپوتۆزی ژووری ئەرشیف یا تاریكی مایكرۆفیلم، خوێنەر ئێستا دەتوانێ بچێتە سەر پێشینەی هەواڵەكان لە هەمان ماڵپەڕدا یا لە هەر ماڵپەڕێكی جێگرەوەی دیكەدابێ.

### كێ لە میدیای ئەلیكترۆنی بەهرەمەندە؟

هەمووان بەهەرەمەندن، ماڵپەڕێك وەك میدل ئێست ئۆن لاین لە یەكەمینی تێڕوانینەوە سادە دیارە، بەڵام پاش چەند ساتێ لە گەڕان، خوێنەر درك بەوە دەكات لەبەردەم ئاپارتمانێكی چەند نهۆمیدایە، هەر نهۆمێك بەرەو قووڵاییەكی تایبەتمەندی دەبات: كەلتوور، میدیا، زانست، تەكنیك، دەروازەی دەوڵەتان، بیروڕا، ئۆتۆمۆبێل، ئابووری و .. بەپێچەوانەی رۆژنامەگەری چاپكراو كە رەهەندە عەمەلییەكانی لاپەڕە بە پانی و درێژی دەست بەستراوی كردبووین، گوتاری ئینتەرنێت دەشێ تا رادەیەك درێژەی پێ بدرێ و بێ سنوور لق و پۆپی لێ ببێتەوە، لێرەدا هونەر ئەوەیە كە نووسەری بەرپرسی (محرر) وەك هەر نووسەرێكی دیكە، لەسەریەتی پێكەوە گونجانێك لەنێوان قەبارەی گوتارو بەزایەندانی بایەخ پێدانی خوێنەر ببینێتەوە تا خوێنەر لەو بابەتانەی كە دەیخوێنێتەوە بێزار نەبێ.. كەناڵە گەردوونییەكان، وەك ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێت بەخێرایی كەوتنە بڵاوكردنەوەی هەواڵ، ماوەی ئەوەیان نییە بكەونە شیكردنەوە، چونكە كاتی تێدا دەخورێ و لەسەر حسابی هەواڵەكانی دیكە دەبێ، بەڵام میدیای ئەلیكترۆنی پاش كلیكی دووەم لەسەر هەواڵەكە شیكردنەوەیەكی بەدواوەدێت، بەبەردەوامی پەرە بە هەواڵەكەو ئەنجامەكانی دەدات، پێویست ناكات بیین كە هزری پێشبڕكێی رۆژنامەنووسی (سبق الصحفی) لێرەدا نەماوە.

### جیاوازی نێوان ماڵپەڕە عەرەبییەكانی هەواڵ و ماڵپەڕە دەمەتەقەو سووكە هەواڵ چییە؟

بەداخەوە، ماڵپەڕە جدییەكانی هەواڵ و زۆر لە ماڵپەڕەكانی دەمەتەقەو سووكە هەواڵ و ئابڕووچوون و كەم و كەسری سیاسی پێكەوە دەستیانم پێ كردووە، ماوەی چەندین ساڵە زۆر لەو پرۆژە جدییانە لەرێی

> كەناڵە گەردوونییەكان، وەك ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێت بەخێرایی كەوتنە بڵاوكردنەوەی هەواڵ، ماوەی ئەوەیان نییە بكەونە شیكردنەوە

هەواڵنامەی كوردی

پێشکەشکردنی تێکەڵەیەک لە هەموو شتێک و هەر شتێک کەوتوونەتە ناو ئەو هێزی ماڵپەر سەرکەوتنی خۆی بە ژمارەی میوانەکانی یا ژمارەی (کرتە) کلیکەکان پێوانە کردوە، پێویست ناکات بڵێین ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی گەورەی ماڵپەڕە عەرەبییەکانی ئینتەرنێت بەهەوادا چوون، پاش ئەوەی بە ملیۆنەهایان تێدا خەرج کرا، لەگەڵیشیدا جەماوەرەکەی بڵاوەیان لێ کردووە، بەڵام جۆرێ پشێوی دیکە هاتە گۆڕێ، هەموو لاوێکی بەرزخواز جارێک دووجار بابەتێکی لەرۆژنامەنووسی بێت، ئیدی لەو بڕوایەدایە دەبێ کە ماڵپەڕێکی هەواڵ پێکەوە بنێت، لەرووی پرەنسیپەوە پێمان وا نییە ئەوە ژیانێکی هەبێ، بەڵام لەو پشێوییەدا زۆر لە پێوەرە راستەقینەو گۆنگەکانی رۆژنامەنووسی تێدا ون بووە، ماوەیەکە هەر بابەتێکی لە ئینتەرنێت بڵاودەبێتەوە، سا لەهەر سەرچاوەیەکەوە بووبێ بووەتە (راستی) و حاشا هەڵناگرێ، بەڵام ئەمڕۆکە ئەگەرچی بە یەکجارەکیش نەبووبێ، ئەوە کەمێ پاشەکشەی کردووە.

**خەمی ئیمپراتۆرەکانی راگەیاندن**

بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر چی رەنگی داوەتەوە؟

بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی میدیای ئەلیکترۆنی نێوەنێوەی زۆری داوو دەزگا تەلەفزیۆنی و رۆژنامەگەرییە باوەکانی داوە، بە مەبەستی دەست نیشان کردنی شوێنەواری ئەو نێوە نێوە، دەکرێ رۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) بە نموونە وەربگرین، کە گرنگترین رۆژنامەی جیهانییە، پاش ئەوەی دەستی بەسەر هەواڵدا گرت و سەرچاوەکانی قورخ کردن و قازانجێکی زۆری لە فرۆشی رۆژنامەکە دەست کەوت، بۆی دەرکەوت کە ساڵان ١٠-٣٠٪ی خوێنەرانی لەدەستدەدات، چی بکات باشە؟

پاش ماوەیەک لە دوو دڵی و سەرلێ شێوان، رۆژنامەکە بەوە رازی بوو کە دوارۆژی لە ئینتەرنێداو لە پەرەپێدانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکەیدا پەنهانە، لێرەدا ئاماژە بە ماڵپەڕەکەی پێشتر دەکەین کە ماڵپەڕێکی دەست کورت و کەودەن نەبوو، بەڵام قەبارەی بەرهەڵستی و بەرەبەرەکانییەکان (تحديات) دەرفەتێکیان بۆ نیوەچارە نەهێشتبۆوەو ستراتیژی پەرەپێدانی گرتەبەر، لەو پێناوەدا کەوتە فرۆشتنی پشکی خۆی لە (٨) کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی، تا لە ماڵەپەڕەکەی ئینتەرنێدا وەبەری بهێنێ، کە (١٠٠) ملیۆن دۆلار خەرجی کێشا، دەکرێ ئەو هەنگاوانەی کە رۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) هەوڵی ناونەتەوە بە دژە هێرشێک وەسف بکرێ کە ئیمپراتۆرییە باوەکانی راگەیاندن کردوویانەتە سەر بەرهەڵستکارە نوێیەکانی،

**ماوەیەکە هەر بابەتێکی لە ئینتەرنێت بڵاودەبێتەوە، سا لەهەر سەرچاوەیەکەوە بووبێ بووەتە (راستی) و حاشا هەڵناگرێ، بەڵام ئەمڕۆکە ئەگەرچی بە یەکجارەکیش نەبووبێ، ئەوە کەمێ پاشەکشەی کردووە**

ئەم مەسەلەی هەر لە ڕۆژنامەی چاپکراودا گیری نەخوارد، بەڵکو کەناڵە گەردوونییەکانی هەواڵیشی گرتەوە کە تەمەنیان لە (١٠ساڵی) تێنەپەڕاندبوو.

دژە هێرشی چەند رووکاری هەبوو، کەناڵە گەردوونییە باوەکان بە پەلە خوێنەر/ هەڵدەرەوەی لاپەڕەکانیان بەبیری پەخشی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ دەهێنایەوە، دەیویست بڵێ کە دوارۆژی راگەیاندن لەرێی ئینتەرنێتەوەیە کە دەق و وێنەو ڤیدیۆی تێدا یەک دەخرێ و ئێستاکە لەبەردەستدایە. لەرێی فەراهەم کردنی چەندین هێلی بەتوانای بەرزی (برۆدباند)ەوە پەخشی تەلەفزیۆنی لەرێی ئینتەرنێتەوە بووەتە ڕاستییەک، ئەمڕۆکە لە ڕۆژئاوادا کە دەچینە نووسینگەکان دەبینین شاشەی بچووکی تەلەفزیۆنی لە گۆشەیەکی شاشەی کۆمپیوتەردایە.

ڕۆژنامەکانیش بوونەتە ماڵپەڕ، هەندێکیان شەرم دایان دەگرێ کە ئەلیکترۆنیانە هەواڵی دوێنێ پێشکەش دەکات، هێندێکی دیکەیان ئازایە دان بەوەدا دەنێن کە هەواڵی دوێنێ شەوی بەسەردا چووە، پێویستە هەواڵی ئەمڕۆکە پێشکەش بکات. بۆ نموونە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی لەندەن هەوڵیانداوە ئەلتەرناتیڤی دیکە بخەنە بەردەست، چونکە هەواڵ و شیکردنەوەکانی خوێنەر هەر لە دوێنێوە لێیان بە ئاگایەو هەوڵ دەدات لەڕێی چاوبڕینە سەر هەواڵی تایبەت بەخۆی یا لەرێی گرێبەستەوە لەگەڵ ڕۆژنامە گەورەکانی ئەمریکاداو وەرگێڕانی دەم و دەستی بابەتەکانی ئەو ڕۆژنامانە خوێنەرەکانی بۆ لای خۆی بگێڕێتەوە، سەرکەوتنیشیان جیاواز بووە.

ڕۆژنامەکان ناتوانن ڕۆژانە بەبایەخێکی زۆرەوە هەواڵێک یا زیاتر پێشکەش بکەن، سەرنووسەر ناتوانێ رۆژ نارۆژێکی بکەوێتە رێ و چاوی بە سەرانی عەرەب بکەوێت و لەلاپەڕەی یەکەمدا بڵاوبکرێتەوە، زۆر لە ڕۆژنامەکانی کەوتنە ناو مانشێتی گەورە گەورەی بابەتی پڕوپووچ، بەڵام ئەوانەی پشتیان بە وەرگێڕان بەستبوو، بابەتی ڕۆژنامە ئەمریکییەکانیان وەردەگێڕا، بوونە ڕۆژنامەی ئەمریکی بەزمانی عەرەبی و وایان لێهات لە تێڕوانینێکەوە چارەسەری کێشەکانیان دەکرد، کە لەوانە بو وپێچەوانەی تێڕوانینی گشتی بێ و، هەروەک کەوتنە ەنێو زۆر (تابۆ)وە، بۆ نموونە ڕۆژنامەکانی ئەمریکا بێ هیچ کۆت و بەندێک لەبارەی ئەو دەوڵەتە عەرەبییە گەورەیەوە دەنووسن و ڕەخنەی لێ دەگرن.

ڕۆژنامەیەکی عەرەبی کە ئەو دەوڵەتە باربووی دەکات، چی دەکات؟.

وەرگێڕانی بابەتەکە خۆی لە خۆیدا تەڵەزگەیەکەو پشت

**"ڕۆژنامەکانیش بوونەتە ماڵپەڕ، هەندێکیان شەرم دایان دەگرێ کە ئەلیکترۆنیانە هەواڵی دوێنێ پێشکەش دەکات، هێندێکی دیکەیان ئازایە دان بەوەدا دەنێن کە هەواڵی دوێنێ شەوی بەسەردا چووە"**

گوێخستنی تەڵەزگەیەکی دیکەیە، سوواربوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب، بەتایبەتی کە جیهانی عەرەبی وای لێ هاتووە بە زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوەو چاوی بە رۆژنامە ئەمریکییەکان دەکەوێت، هەڵی دەسەنگێنێت کە ئەو رۆژنامەیە رۆژنامەی دیکە خۆی لە بابەتە هەستیارەکان بە دوور دەگرێ.

زێدەرۆییمان نەکردووە، ئەگەر بڵێین هێندێ رۆژنامە لەو پشێوییەو دوو دڵییەدا رێی خۆی لێ ون بووە، هێشتاکە زۆریشیان هەوڵدەدەن شێوازێکی جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ) ببیننەوە، پاش ئەوەی ماڵپەڕەکان ئینتەرنێت هەواڵەکانی لێ دزیوە کە بۆخۆی قورخ کردبوو، (٢٤) سەعات پێش رۆژنامەیش بڵاوی دەکاتەوە.

کەناڵە گەردوونییەکانیش، سەرباری کورتییەکی لای خۆیانەوە وریای بۆشایی کاتەکەبوون، وەرگر دەیەوێ سات بە سات ئاگای لە هەواڵەکان بێ، کەناڵی گەردوونی ئەوەی پێ ناکرێ، چونکە پابەندە بە خشتەی بەرنامەو هەواڵەوە، چی بکات؟ بۆ هەر لایەنێکی چارەسەری تایبەتی بۆ دەدۆزێتەوە، ناوبەناو لەسەر شاشە رووبەڕێکی سوور دەردەکەوێ و لێی نووسراوە (بلەز/ بە پەل) تا بە پەلە هەواڵێک بڵاوبکاتەوە، کە تا چەند ساڵ بەر لە ئێستا چاوەڕێ بووین تا لەسەری سەعاتدا وادەی پێشکەشکردنی دەنگوباس دەهات. لەکاتێکدا ئەم چارەسەرە ئەنجامی خوازراوی دەبێتو کەناڵە گەردوونییەکان کەوتنە پێشاندانی شریتی هەواڵەکان. هەر بۆیە دەبینین وێنەی پەخشکار یا هەواڵی وێنەگیراو و شریتەکەی لە ژێردایەو بۆ ناونیشانی هەواڵەکە ناپچڕێت، بەڵام بێگومان بینەر چاوەڕێی درێژەی هەواڵەکەیشە، کە لەو شریتەدا پێشکەش ناکرێ.

**زێدەرۆییمان نەکردووە، ئەگەر بڵێین هێندێ رۆژنامە لەو پشێوییەو دوو دڵییەدا رێی خۆی لێ ون بووە، هێشتاکە زۆریشیان هەوڵدەدەن شێوازێکی جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ) ببیننەوە**

**تێڕوانینی جیاواز؟ نەخێر.. سوپاس!**

بەڵام رۆژنامە بە تەنیا هەر هەواڵ نییە، خوێنەری رۆژنامەنووسیی باو چاوەڕێی رایەکە، ئەگەرچی هێڵی نووسینی رۆژنامە بە جۆرێ لەسەر شێواز داڕشتنی هەواڵ رەنگدەداتەوە، بۆ خوێنەران ستوونی (را)یش بە ئەرکی پێکهاتنی تێڕوانین رادەگات.

دەکرێ بەبێ زێدەڕۆیی بڵێین ئەم دەورە پاشەکشەی کردووە، بەڵکو کزیش بووە، خوێنەری میدیای ئەلیکترۆنی بەخاوی چێژ لە هەواڵ وەردەگرێ و تاوتوێ دەکات و، لەگەڵ ئەو هەواڵەی کە لێرەو لەوێ بڵاودەبێتەوە تا رایەکی تایبەت بە خۆی هەبێ بەراوردی دەکات، ئەو داتایانەی کە لە ماڵپەڕەکانەوە لە بارەی خوێنەرانەوە کۆی دەکەینەوە، ئەم ئەنجامگیرییە دەسەلمێنن، دڵڕەقییەکی روو لە زیاد بەرانبەر ستوونەکانی (را) هەیەو، لە بەرانبەریشدا

حەماسەتێک بەروو ئەو بابەتانەی کە لە (را)وە نزیکن، بەڵام زانیاری بەخوێنەری دەدات.

خوێنەری ئەمڕۆ بە نووسەری ستوونی دەڵێت: تۆ کێی تا پێم بڵێیت: کامە ڕاستەو کامە هەڵەیە؟ بەزیادبوونی نارەزایەتیشی هەر ئەوەندە لە ڕێی ماڵپەڕەکەوە دەرفەتی هەبێ، بەوپەڕی توندووتیژییەوە دەکەوێتەوە وەڵامدانەوە، بەڵکو خوێنەر تا ڕادەی (جاڕدانی سەربەخۆیی) یاخی تر دەبێت، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دیاردەی تۆمار (المدونات/بلوگز) دەرکەوتووە،ئێستاکە خوێنەری ئینتەرنێت ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچییەکی بوێ بڵاوی دەکاتەوە، مایەی سەرنجە لە سەرتاسەری جیهانیشدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەدەنگییەوە دێ، ناچمە ناو درێژەی ئەو بلوگزانە، کە شەوقی لە نووسەرە باوەکانی جیهان سەندووەتەوە، بەڵام باسی چەند ڕووداوی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە دەکەم، سەرباری ئەو هەمووەی لە بارەی باسەکەوە نووسراوەو گوتراوە، هەواڵ و (را)و، سەدان هەزار خوێنەر بڕیاریاندا پەنا ببەنە بەر بلوگزی دوو نووسەری عێراقی نەناسراو (دواتر یەکێکیان خۆی ئاشکراکرد)، (رائید لە کوێیە؟) قۆناغی شەڕەکەو یەکەمین سەعات و وەرچەرخانە گەورەکانی تۆمارکرد کە عێراق خۆی دیبوو، بەچاو نووسەری بلوگزەکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بلوگزی (بەغدا دەسووتێت ریڤەر بنیید)ی کچە نووسەر سەرکەوتنی کەمترنەبوو، هەردوو لوگزەکە ئێستا بوونەتە دوو زنجیرە کتێب و زۆر پڕ فرۆشن.

ڕۆژنامەیەکی کۆنی وەک (گاردیان)ی بەریتانی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە شتێک نییە نووسینی هەر یەک لە نووسەرێکی پرۆفیشنال و خوێنەرێکی زانیار لێک جیابکاتەوە. وای لێ هاتووە داوادەکات هەردوولا بلوگز بنووسن، لەبری ئەوەی ناوی لێبنێت (ستوونی را)، شۆڕشی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی پرۆژەیەکی بەدیموکراسی کردنی هەواڵ و شیکردنەوەیە، بەجۆرێ هەمووان لە ئامادەکردن و پێشکەشکردن و وردبوونەوەی داتادا بەشدارن، بەڵکو لەرووی (هەواڵی رەسمی) و نووسینی هەر رایەک لە بارەیەوە دەوەستێتەوە.

### پیشەی ڕۆژنامەنووسی چی لێ بەسەرهاتووە؟

ئەم پشێوەیە چییە؟ خوێنەر ستوونی (را) بنووسێ، ڕۆژنامە نەزانێ چی بە خوێنەرانی پێشکەش بکات، تەلەفزیۆنی لەرێی ئینتەرنێتەوە، بەڵکو لەرێی تەلەفۆنەوە، داودەزگای تازە دامەزراو بە بودجەیەکی کەمەوە خۆی بەسەر داوودەزگای گەورەدا هەڵدەکێشێ کە دەوڵەتان لە پشتییەوەن. ئێستاکە بە تەواوی ئەمە ڕوودەدات. پەیکەری

> **ڕۆژنامەیەکی کۆنی وەک (گاردیان)ی بەریتانی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە شتێک نییە نووسینی هەر یەک لە نووسەرێکی پرۆفیشنال و خوێنەرێکی زانیار لێک جیابکاتەوە**

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژنامەنووسی باو لێک دەڕەوێتەوەو ڕۆژنامەنووسیی باو (نۆستالجی) هەردەبێ لەسەر یادەوەرییەکانی بژیت، وا دیارە پیشەی ڕۆژنامەنووس کەوتووەتە مەترسییەوە. نووسەری لاپەڕە بۆ کوێ چووە کە کارمەندو دارودەستەکانی بەدرێژایی ڕۆژ کاریان لەسەر هەواڵ دەکرد؟ بەداخەوە، ئیدی بوونی نەماوە، مەگەر لە داوو دەزگایەکدا بێت کە بە گۆڕان ڕازی نابێ، سووره لەسەر کۆن، ئێستا تاقە نووسەرێک لە نووسینگەکەی خۆی لێی دانیشتووە، هەر ئەویشە لەبارەی هەواڵ و ناوونیشان و وێنەی داوودەزگایەکی ڕاگەیاندنی تەواوە بڕیاردەدات. هەرچەندە خولەکێکی کە هەیە لەنێوان خۆیی و گەیشتنی هەواڵ لەسەرچاوەکەیەوە (سا پەیامنێر یا ئاژانسی دەنگوباس بێ).

دواتر مادەی خاوی هەواڵ دەبێتە هەواڵێکی ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و چاوی خوێنەران دەقۆزنەوە.

**ئەی هەواڵی کۆبوونەوەی نووسین چییە؟**

لە ڕاستیدا نازانم، ئەم شێوازەیش لەسەر چووە، هەر نووسەرێکی پێیە دەیهێنێ، بەدەوری سەرنووسەرەوە دادەنیشن، دەورەکان دابەش دەکرێ. ئێستا کێ کاتی ئەوەی هەیە، ئەوە چ مانایەکی هەیە. ئەمڕۆکە کۆبوونەوەی نووسین هەر لە عەقلی نووسەردایە، ڕاستەوخۆ لەڕێی ماڵپەڕەوە بەخوێنەر دەگات. ئێستا لەبیرمان چووە کە هەواڵ بەردەوام لە جوڵەدایەو دەگۆڕێ، تەنانەت ناکرێ بە شێوازێکی بەستوو دەستگیربکرێ، کە کۆبوونەوەی نووسین پشتی پێ ببەستێت.

**ئایا ئێستاکە پێویستمان بەسەرنووسەر هەیە؟**

بەڵێ، لانی کەم تا لەکۆڵی خەرجی دەبێتەوە، خانەنشین دەکرێ، بەڵام پێموایە کە سەرنووسەر لەم ئۆرکیسترایەدا مایسترۆیە، بەڵام بەجۆرێکی دیکە مایسترۆیە، مەرجە لە سیاسەتدا زۆر شارەزاو لێزان بێت، هەر زۆر ڕۆشنبیرو هزرو تەکنیک و زانستی زۆربێت. ئەو کەسە نییە کە پلانی پێنجی دادەنێت، کە پێویستە ڕۆژنامەکە پێڕەوی لێ بکات، بەڵکو کەسێکە ئەو توانایەی هەیە درک بەهەستی میللی بکات، ڕۆژانە بزانێ خەڵکی بایەخ بەچی دەدەن، تا بۆ چەند ڕێنوێنی سادەی بگۆڕێت، بیخاتە بەرچاوی نووسەران و، هەر یەکەیان بەشێوازی خۆی جێبەجێی بکات. هەروەها ئەو نووسەرەیشە کە لەکاتی پێویستیدا چاکی لێ دەکات بەلاداو لەگەڵ نووسەراندا کاردەکات.

ئەو کەسێکە شارەزای هەر وردەکارییەکی هونەرییە کە ئاساییە لای زۆر کەس نەبێت. با بەسەرپێیی باسێکی

"ئێستا تاقە نووسەرێک لە نووسینگەکەی خۆی لێی دانیشتووە، هەر ئەویشە لەبارەی هەواڵ و ناوونیشان و وێنەی داوودەزگایەکی ڕاگەیاندنی تەواوە بڕیاردەدات"

ئەوە بکەین کە لە (هۆڵی نووسین)ی ماڵپەڕی میدڵ ئێست ئۆن لاین چی ڕوودەدات، نووسەران باسی چی دەکەن، کە خۆم یەکێکیانم، هەر قسەی خۆشی کاتی حەوانەوەیەو، هەرچییەک پەیوەست بێ بەکارەکەوە بەنامە (Message) گفتوگۆی لەبارەوە دەکەین، بۆی؟ چونکە سووک و ئاسان دەمەوێ لەگەڵ نووسەرەکانمدا قسەبکەم، ئەویەش جێبەجێ نابێ، زۆربەیشیان لە لەندەن نین، بەڵکو لەکاتی جیاجیادا لە ڕۆژئاواو ناوەڕاست و ڕۆژئاوای دەریاری ناوەڕاستەوە بەکارەکانیان ڕادەگەن، لەڕاستیدا بیرم نییە بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرنووسەردا چەند وشە قسەم کردووە، کە لە (عەمان) دادەنیشێت، بەڵکو لەوانەیە ک کەسانێک بورووژێنم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان و ڕووبەڕوو چاوم بە بەڕێوەبەری نووسین (مدير التحرير) نەکەوتووە، کە ساڵانێکەدەیناسم و پێکەوە کاردەکەین. ئەم ڕاستییە، هەر بەڕێوەبەری نووسین ناگرێتەوە، بەڵکو زۆر نووسەری دیکەیش دەگرێتەوە کە لەگەڵ ئێمە کاردەکەن، سەبارەت بە هۆڵی نووسین لە کوێ بێت.؟ ئەوە من نایزانم لە لەندەنە یا لە عەمان یا لە ئەبوزەبی؟

**ئێوە لەکوێوە داهاتتان دەست دەکەوێت؟**

ئێمە ڕۆژنامەی چاپکراومان نییە، بەو مانایەی ڕۆژنامە چاپ ناکەین، تا دابەشی بکەین و، چاوەڕێی داهاتی فرۆشتنی بکەین. بەداخەوە، هیچ فرۆشێکمان نییە، هەموو هەوڵێک بە مەبەستی دەست خستنی داهاتی لە فرۆشتنی ڕۆژنامەنووسیی ئەلیکترۆنییەوە مایە پووچ بوون، بەڵام ئێمە خەرجیشمان کەمە، خەرجی بنەڕەتی لە میدیای ئەلیکترۆنی دا هەر مرۆڤە نەک کاغەزو مەرەکەب و بارکردنی و دابەشکردن و...

باشە ئیدی چۆن دەژین؟

سەرەتا کارەکە زۆر زەحمەتە، پێش هەر شتێک، ڕۆژنامەنووسی ئەلیکترۆنی پیشەیەکی خۆکوژییە، ژمارەیەک لە ڕۆژنامەکەت لەبەردەستتدا نییە تا بۆ فرۆشتنی ببەیت، بەڵام هەمیشە کەسانێکی هەن زۆر لە ئێستا دوورتر دەڕوانن، ئەو کەسانە بوون کە لەگەڵمان بوون، تا چوونە بەردەمی شاشەی کۆمپیوتەرو کەوتنە گەڕان بەناویدا، تا لە بارەیەوە بکەونە گفتوگۆ، ئێستا زیاتر بایەخ بە میدیای ئەلیکترۆنی دەدرێ، ژمارەی ئەو کەسانەیش زیاتر بوون، کە چاودێری و پشتگیری پیشەکە دەکەن.

لەم هاوکێشە هەستیارەی نێوان داهات و خەرجیدا ئێمە هەمیشە قازانجمان کردووە، لەڕووی داراییەوە نا، بەڵکو لەڕووی لەشکرێک لە نووسەر بەشداربووەوە، ئەو

> **هەموو هەوڵێک بە مەبەستی دەست خستنی داهاتی لە فرۆشتنی ڕۆژنامەنووسیی ئەلیکترۆنییەوە مایە پووچ بوون، بەڵام ئێمە خەرجیشمان کەمە، خەرجی بنەڕەتی لە میدیای ئەلیکترۆنی دا هەر مرۆڤە نەک کاغەزو مەرەکەب و بارکردنی و دابەشکردن**

کەسانەی کە ساڵانە بە هەزاران گوتارو بەشداری کردن پشتگیری میدیای ئەلیکترۆنی دجەکەمن، بەبێ ئەوەی داوای بەرانبەرمان لێ بکەن. جگە لە بیروبۆچوونیان و ئەو هەواڵانە کە لە ماڵپەڕە پەسندەکانی خۆیانەوە بەلایانەوە پەسندە.

**ڕۆژنامەنووسی بە جووت زمان**

تەکنیکی گەیاندنی هەواڵ بە ئاسانی دەزگای لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسی بەرابەردا کردووەتەوە کە بەزمانی ئینگلیزی دەدوێن، یا بۆ ئەو کەسانەی کە زمانی دووەمیانە، جیهانی عەرەبی وای لێ هاتووە کە بەشێواوی بگاتە ڕۆژئاوا. زۆربەمان چەندین ڕووداومان لەبیرە، بۆ نموونە کاتێ لەماوەی گەشتدا چاوی بە خەڵکانێک کەوتووە، چیرۆکێکیان بۆ گێڕاوەتەوە کە هەر زۆر پووچ و بێ ماناو دوور لە واقیع بووە کە بەرێی میدیای ڕۆژئاواوە پێی گەیشتووە، زۆر توخم هەن هەواڵ بە عەرەبی و ئینگلیزی هەم کۆدەکەنەوەو هەم جیایشیان دەکەنەوە.

ئەوەی بۆ زمانی عەرەبی گونجاوە مەرج نییە بۆ ئینگلیزیش بشێتو هەواڵ بە عەرەبی پڕاوپڕی درێژەپێدانە، چونکە خوێنەرەکەی دەیەوێ زۆری لە بارەوە بزانێت، بەڵام پێدەچێت خۆی لەباسکردنی هێندێ ڕاستی ببوێرێ کە لە بەڵگە نەویستەکانی میدیای عەرەبین، لەکاتێکدا هەواڵێکی بە ئینگلیزی لەڕووی هەواڵگرییەوە زۆر درێژەی پێ نادرێ، بەڵام بە پێشینەی بابەتەکە دەوڵەمەندە، ئەگەر زمانی ڕۆژنامەنووسی عەرەبی گرنگی بە سیفەت و درێژدادڕی دەدات، مەرجە نووسەری هەواڵی ئینگلیزی پاکسازی بکات و، دڵنیابێ کە لە نووسین و چارەسەردا لاسایی شێوازی ڕۆژئاوا دەکاتەوە. ئەمەو سەرباری ئەو هەزرەی ڕوو لە ڕۆژئاوایە ئایا دەتەوێت فێری بکەیت کەچی دەگوزەرێت؟. ئایا دەتەوێت کاربکەیتە سەری؟. ئایا دەتوانی هانی بدەیت ببێتە لایەنگرت؟

بەداخەوە، وەڵامێکی یەکلاییکەرەوە بۆ ئەم بابەتە نییە، بەڵام بەپێی شارەزاییمان لەم بوارەدا ئەوەیە کە هەر زێدەڕۆییەک لە خستنەرووی کێشەکە ئاساییە کە کاردانەوەیەکی پێچەوانەی دەبێ.

کەوتنە نێو پڕوپاگەندەوە هەر زۆر ئاسانەو دەستەو تاقمی ڕۆژنامەنووسی عەرەبی بە شێوازی زێدەڕۆیی و گەورەکردن و پیاهەڵنان ڕاهاتوون و پاڵنانیان بەرەو بابەتی و نووسین بەزمانێکی سادە، بەڵام زۆر کاریگەییانەو قووڵ کارێکی هەروا سانا نییە، پێدەچێ تا ڕادەیەکی گەورە ڕاڤەی بڵاونەبوونەوەی نووسەرانی عەرەب لە ژینگەی میدیای ڕۆژئاوادا بکات، سا بە نووسینی ڕاستەوخۆبێ یا

"
**لەم هاوکێشە هەستیارەی نێوان داهات و خەرجیدا ئێمە هەمیشە قازانجمان کردووە، لەڕووی داراییەوە نا، بەڵکو لەڕووی لەشکرێک لە نووسەر بەشداربووەوە**
"

بە وەرگێڕان.

**میدیای ئەلیکترۆنی**

ئایا میدیای ئەلیکترۆنی شایانی ئەو هەموو زەحمەتەیە بیکێشین؟

زەحمەتە بکرێ وەڵامی پرسیارێکی ئاوا بە (نەخێر) بدرێتەوە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کە گشت داوودەزگا رۆژنامەنووسییە باوەکانی تەلەفزیۆن و رۆژنامەو گۆڤار پێشبڕکێیانە تا ماڵپەڕێکیان هەبێ، بەڵکو لەراستید ئەمە شتێکی هەر زۆر جیاوازەو ئەم هەنووکەیی و سەربەستی و بەدەنگەوەچوون و بەشداربوون و ئاسۆی تەکنیکی-هزری پێکداچوون، هەر هەموویان ئاماژە بە سەردەمێکی راگەیادنی نوێ دەکەن، لەوانەیە بێ هوودە بێت رووبەڕووی بوەستینەوە، کەس لە ئێمە نایەوێ هەروەک کرێکارانی چنینی دەستی لەسەرەتای شۆڕشی پیشەسازیدا و هاتنەکایەی ماشێن بۆ ناو پیشەسازی چنین و رستن بێکار بمێنێتەوە. یا وەک ئەوانەی کاغەز دروست دەکەن و دەفرۆشن لە قاهیرەیان سەرەبێت، کاتێ لەسەردەمی ناپلیۆندا چاپخانە هێنرایە میسر، ئەوانە کە خۆیانیان بە بێکارو لە دەرەوەی جووڵەی کاتدا بینییەوە، گەر رێم پێ بدرێ خاسییەتەکانی میدیای ئەلیکترۆنی بە چەند وشە کورت بکەمەوە.

١- ئەوەی حاشا هەڵنەگرە میدیایەکی دیموکراتییە.

٢- میدیای ئێستاو هەنووکەیە.

٣-میدیایەکە هەموو کۆت و بەندو سڵەمینەوەو سانسۆرێک تێدەپەڕێنێت.

٤- میدیایەکە بۆ هەمووان ئاوەڵایە.

٥- میدیایەکی مەعریفەیی هەموو لایەنەیە.

٦- میدیایەکی کەم خەرجی و بێ سنوورو زۆر بەربڵاوە.

٧- میدیایەکی زۆر عەمەلییە، لەگەڵ هەموو ئاڵۆزییەکی ژیانی هاوچەرخدا گونجاوە.

٨- میدیایەکە بە لاپەڕەیەک دەست پێ دەکات کە رووکاری ئاپارتمانەکەیە، بەڵام نهۆمەکانی دەشێ لەو ئاپارتمانە بەرزتربێت کە سەر لە هەور دەسوون.

هەڵاڵەی کتێب

**سەرنج: خوێنەری بەڕێز ئەم بابەتە دەقی چاوپێکەوتنی ماڵپەڕی (ئیلاف)ە، لەگەڵ (دکتۆر هەیسەم ئەلزوبەیدی)ی سەرنووسەری ماڵپەڕی (میدل ئیست ئۆن لاین) بە کەمێ دەستکارییەوە وەرم گێڕاوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئیلاف**

# نامەیەکی کراوە

**بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە، سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، مامۆستای هێژا خالید بەکر ئەیوب سکرتێری نووسین لە گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، بەڕێزان دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس.**

**سڵاو و ڕێز**

لە ژمارە دەی ساڵی ٢٠٠٧ی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) داو لە گۆشەی (هەواڵ و چالاکییەکان)، بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی: (بەشداربوونێکی کاریگەریی سەندیکا لە کۆنگرەی پاریس و دیدارەکەی جەزائیر)، لەلاپەڕە ٢٥٤دا نووسراوە: "شایانی باسە لە دانیشتنی کۆتاییدا لیژنەیەک بۆ داڕشتنی بەیاننامەی کۆتایی و ئامادەکردنی ڕاسپاردەکان لە چەندین ڕۆژنامەنووس و نوێنەرانی یۆنسکۆ، بەبێ بەشداریکردنی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی و نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی پێکهێنرا، ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی هەردوو نەقیب کە هەڕەشەی دەرکردنی بەیاننامەیەکیان کرد، لەژێر کاریگەریی ئەم هەڕەشەدا هەردوو نەقیب و دکتۆر "دلێر حەقی شاوێس" ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوونە ئەندامی لیژنەکە، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە لیژنەکە لەدوا قۆناغەکانی داڕشتنی بەیاننامەی کۆتاییدا بوو".

لەبەر گرنگی هەواڵەکە و بوونی بە سەرچاوەیەکی مێژوویی لە داهاتوودا بە مەبەستی خستنە ڕووی هەندێ ڕاستی، بە چاکی دەزانم چەند ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئێوەی بەڕێزو بۆ هەموو خوێنەرانی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)ی خۆشەویست بخەمەڕوو:

١. لە هەواڵەکەدا ناوی (دکتۆر دلێر حەقی شاوێس) هاتووە لە ڕاستیدا ئەوە (دکتۆر دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ە.

٢. د. دلێر شاوەیس بەر لە هەڕەشەکردنی هەردوو نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکاکانی کوردستان و عیراقدا، وەک ئەندامی لیژنەی داڕشتنی بەیاننامەی کۆتاییی و ئامادەکردنی ڕاسپاردەکان دەستنیشان کرابوو نەک دوای ئەو هەڕەشەیە.

٣. د. دلێر شاوەیس لەگەڵ دەستنیشانکردنی وەک ئەندامی لیژنەکە، ڕایگەیاند کە هەرچەندە شانازی دەکات بەو متمانەیەوە کە پێیدراوە، بەڵام لە کۆبوونەوەی ئەو لیژنەیەدا ئامادە نابێت کە نوێنەرانی ڕۆنامەنووسانی کوردستان و عیراق پەراوێز بکات، چونکە ئەوان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم کۆنگرەیەن (اهل مکە ادری بشعابها).

٤. چەند جارێک بەرپرسانی یۆنسکۆو ئەندامانی لیژنە پەیوەندییان بە د. دلێرەوە کرد تا لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە بێت، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر مەرجی بەشداریکردنی نوێنەرانی سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان و عیراقدا.

٥. لە کۆنگرەکەدا گەندەڵییەکی زۆر ئاشکرا هەبوو، سەبارەت بەکارەکانی یۆنسکۆو کۆمیسیۆنی

راگەیانـدن و گەیانـدن لـە عیراقدا. لەم بارەیـەوە هەندێ لە برایانی بەشـداربوو لە هۆیەکانی راگەیاندن قسەیان لەسەر چەند لایەنێکی ئەو گەندەڵییە کردووە.
٦. ئەگەرچی ئەو کۆنگرەیە نێودەوڵەتییە دەربارەی ئازادی رادەربڕین و گەشەپێدانی راگەیاندن لە عیراقدا بەسـترابوو، بـەڵام بەداخەوە بەبۆچوونی ئێمە دوور بوو لەو مەبەسـتەو نەیتوانی دروشمەکەی خۆی بپێکێ کە: (بەرەو راگەیاندنێکی عیراقی ئازادو فرە لایەن و گەشەسەندوو) بوو.
٧. لەسـەر پێداگرتنی د. دلێر شاوەیس و هەرەشـەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و عیـراق و دوای ئەوەی بەرپرسـان نەیانتوانی بەو جۆرە پشـتگوێیان بخـەن، ئەوەبوو ئێمە بەشـداریمان لە کۆبوونەوەکاندا کردو لەگەڵ بەڕێز کاک فەرهاد عەونی بەدوو قۆڵی لەگەڵیان کەوتینە مشتومڕێکی زۆرەوە، تا توانرا وشەی کوردستان و پێشخستنی کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستاندا لە بڕگەی نوێی بەیاننامەکەدا جێگەی بکرێتەوە.
٨- لـە کۆنگرەکـەدا ئـەوەی بۆ مـن روونبـۆوە، ئەوەبوو کە بەرپرسـانی یونسـکۆ پرۆژەی بەیاننامەیەکی ئامادەکراویان پێبوو، دەیانویسـت بیسەپێنن بەسـەر بەشداربوواندا. بەداخەوە ئەوەی ئەمەی پێ هەرس نەدەکرا، تەنیا ئێمەی کورد بووین و کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو.
٩. جارێکـی تریـش ئەوە ئاشـکرابوو کە بۆشـاییەکی زۆر لە نێـوان رووناکبیرانی عەرەب و کوردسـتانیدا هەیە، "برا" عەرەبەکانمان تا ئێستاش نایانەوێ لە کێشەی نەتەوەیی کورد بگەن، هەمان هزرو بۆچوونی دەسـەڵاتدارانی پێشـووی عیراقیان هەیە لەو رووەوە، گەر بۆشـیان بلوێ لە هیچ شتێک دەست ناپارێزن بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بیرو بۆچوونانەیان.
رەنگە بەشـێک لە بەرپرسـیاریەتی ئەو بۆشاییە بکەوێتە ئەسـتۆی رووناکبیرانی کورد، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە، هەندێک لەو دەمار توندانە، رۆژگارێک لە ئامێزی کوردستاندا بـوون، لە نێو ماڵی کوردو. چالاکییەکانی خۆیان دژ بە دیکتاتۆرو فاشیسـتەکانی پێش خۆیان ئەنجامدەدا؟!؟!
١٠. ئەگەرچی شاندی کوردستان لە ژمارەیەک ئەندامی چالاک پێکهاتبوو لەوانە وەک بەڕێزان: عەبدوللەتیـف بەندەر ئۆغلۆ، رەئوف عوسـمان، زیرەک کەمال، ئەکەد مـوراد، حامید محەمەد عەلی، دلێر محەمەد شـەریف، سالار عوسمان و هیتر. بەڵام ژمارەیەکی بەرچاویش بەداخەوە ئامادەنەبوون، گەر لەوێ بوونایە دڵنیام چالاکییەکان زیاتر دەبوون.

**لەگەڵ رێزمدا**
**د.دلێر شاوەیس**
**٢٠٠٧/٥/٨**

# کوردێکی یەک ڕەنگو
# (خەبات)ێکی دانسقە

نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید

دەخوازم کورتە ڕوونکردنەوەیەک لە ژێر ڕکێفی نووسینێک بخەمە ڕوو کە بە ناونیشانی ژمارەیەکی دیکەی دانسقە ی( خەبات)ە، کە ژمارە ٤٧١ی ئەیلولی ١٩٦٣ ڕۆژنامەکەیەو نووسینی ناوبراو بە ئیمزای (کوردێکی یەک ڕەنگ) لە لاپەڕە ١٧٩ی ژمارە٨ ی ساڵی ٢٠٠٦ی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس بڵاوبۆتەوە،لەم وتارەدا مافێکی من خوراوە، بۆیە گەرەکمە زۆر بە کورتی بە بیر خوێنەران بهێنمەوە، ڕاستە ئەم ژمارەیەی خەبات دانسقەیە، بەڵام من پێش سێ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٠٠٤ – ٨ – ٩ لە لاپەڕە ٨ ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ یەکەمینجار لە ژێر ناونیشانی وتارێکدا بە ناوی (دۆزینەوە ی ژمارەیەکیتری خەبات ) لەو ژمارە دانسقەیەی خەبات دواوم( تکایە سە یری کۆپیی کوردستانی نوێ بکە کە لێرەدا بڵاومکردۆتەوە)و لە وتاری ناوبراودا کۆمەڵێک زانیاریم خستۆتە ڕوو ،وابزانم وتارەی ناوبراوم شایان بەوە بوو لە پەراوێزی ژمارەی ناوبراوی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس‌دا ئاماژەی پێبدرێت، هەقمە پرسیار بکەم بۆچی ئەمە دووەمجارە سەبارەت بە کارەکانم بۆ ڕۆژنامەی خەباتو دۆزینەوەی دوو ژمارەی جیای ڕۆژنامەکە نیگەران دەکرێم!

خوێنەرا دەتوانن سەیری ئەم پەرەگرافە بکەن؛(ئەوەبوو دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول جارێکی دیکە لە نێو ئەشکەوتەکانی کوردستان دەست بە دەرچوونەوەی خەبات کرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە قەبارەو شێوەی دیکە، ئەوەی تاوەکو ئێستا زانراوە بە ژمارە ٤٦٥ ی سە رەتای نیسانی ١٩٦٣ دە ست بە بڵاوکردنەوەی کراوەتە وە) ئەم پەرەگرافە لە وتارەکەی گۆڤاری ڕۆژنامەنووس – ی ژمارە ٩ وەرگیراوە،جارێکیتر دەخوازم بێژم پێش نزیکەی شەش ساڵ لەمەوبەر بە بەڵگەوە سەلماندوومە،کە ژمارە ٤٦٥ ی خەبات لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٢ دەرچووە، ئەمڕۆش هاوپێچ لەگەڵ ئەم وتارەدا بۆ یەکەمینجار وێنەی بەرگی دواوەی ژمارە



۱۵ ی مانگی مارس – حوزەیرانی ساڵی ۱۹٦۲ گۆڤاری KURDISH FACTS بڵاودەکەمەوە کە نمایشی کۆمەڵێک بڵاوکراوەی (چاپی دەرەوە)ی پارتی دیموکراتی کوردستان – ی کردووە( تکایە سەیری کۆپیی گۆڤاری ناوبراو بکەن کە لێرەدا بڵاومکردۆتەوە ) زۆر بە ڕوونی دیارە کە ژمارەی ناوبراوی خەبات لە نیسانی ۱۹٦۲ دەرچووە نەک لە نیسانی ۱۹٦۳ ئەمەو بۆ هەمان مەبەست(دەکرێت سەیری کۆپیی لاپەڕە ۱۱ ی ئەم کتێبەم( ڕابەری ڕۆژنامەگەری نهێنی کوردی ۱۹٦۱ – ۱۹۹۱) بکەن کە لێرەدا بڵاومکردۆتەوەو کتێبەکە ساڵی ۲۰۰۱ لە سلێمانی چاپکراوە،کە لەو ژمارەیە دواوەو وێنەی لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی ناوبراوی خە بات- م بڵاوکردۆتەوە(چاپی کوردستان)




دەکرێت ئاماژە نەدان بەو کارانەم پاساوی لە بیرکردنو سەرقاڵی بۆ بهێنرێتەوە، ئەمە تا ئاستێک وەک پەیوەندییەکی کارو کۆمەڵایەتی بە ئاسایی وەردەگیرێت، بەڵام بۆ کارێک کە بچێتە ناو مێژووی نەتەوەیەکی وەک کوردو لە گۆڤارێکی تا ئاستێک وردی وەک ڕۆژنامەنووس بڵاوبکرێتەوە ختوکەی گومان دروست دەکات،نەخوازەڵڵا ئەم ختوکەیە چەند بارە کرابێتەوە.

بۆ ئەوەی کاری لە جۆرە هەڵەی زەقی تێنەکەوێت، پێشنیار دەکەم کە گۆڤاری ناوبراو هەوڵ بدات چەند بەڕێزێکی شارەزاو بە سەلیقە ڕاسپێرێت کە بیبلیۆگرافیایەکی زانستیو ڕێکو پێک بۆ ئەو نووسینو وتارو لێکۆڵینەوانە ئامادە بکەن کە لە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسیو ڕۆژنامەگەریی کوردی دەدوێن، ئینجا بە هەر زمانێک نووسرابن،یاخود بابەتی وەرگێڕاو بن بۆ زمانی کوردی، پاشان دەکرێت ئەو بیبلیۆگرافیا ئامادەکراوە بۆ دەوڵەمەندکردنی سەرەتا بە زنجیرە لە گۆڤاری ڕۆژنامەنووس بڵاوبکرێتەوە پاشان وەک کتێبێکی سەربەخۆ چاپبکرێت،باوەڕم وایە کارێکی لەم شێوەیە لە چەندان بواردا دەتوانرێت وەک سەرچاوە سوودی لێ ببینرێت.



ستۆکهۆڵم
ئۆکتۆبەری ۲۰۰٦




# "الصحفی"
# رۆژنامەی ئەمڕۆو گۆڤاری سبەی

**خستنەڕووی: ئازاد عوبێد**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەک سەندیکایەکی بەرچاوی توێژێکی زیندووی میللەتەکەمان، هەمیشە لە خزمەتی رۆژنامەنووسان دابووەو تا ئێستا بە کاری گرنگی کردووە، کە یەک لە کارەکانی لە دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەیە، بایەخێکی زۆری پێداون، ئەوە گۆڤاری (رۆژنامەنووس) وەک گۆڤارێکی تایبەتمەند بە بواری کەلتووری رۆژنامەوانیی بە شایەتی خەڵکێکی زۆر جێی دیارە لەنێو گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردستان.

بڵاوکراوەیەکی دیکەی سەندیکای

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە بەزمانی عەرەبی بەناوی (الصحفی)، بۆ ئەوەی لە پاڵ گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) دەنگی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە عەرەب زمانان بگەیەنێ.

ژمارە (١)ی ئەم ڕۆژنامەیە لە (٢٠ی ئاداری ٢٠٠٥) دەرچووەو تا هەنووکە (٣١) ژمارەی لێ دەرچووە.

ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە، خستنەڕووی ناوەڕۆکی دواژمارەی ڕۆژنامەی (الصحفی)یە کە لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ بە (١٦) لاپەڕە دەرچووە. دەرچوونی ئەو ژمارەیە هاوکاتی بەستنی کۆنگرەی (٢٦)ەمینی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بوو کە لەنێوان ٥/٢٨ تا ٢٠٠٧/٦/٢ لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا بەستراو شاندێکی بەرچاوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە بایەخێکی تایبەتییەوە بەشدارییان تێدا کردووە.

لاپەڕەی یەکەمی (الصحفی) بەمانشێتی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری لەکۆنگرەی "٢٦"ەمینی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان دەکات) ڕازاوەتەوە کە سەردێڕی ڕاپۆرتێکی (شێرکۆ حەبیب)ی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکایە.

لەگەڵ دوو وێنەی زیندووی ناو کۆنگرەو دروشمی کۆنگرە، بەتایبەتی وێنەی شاندی سەندیکا بە جلی نەتەوایەتییەوە..

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: کۆنگرەی (٢٦)ەمین لە پایتەختی مۆسکۆ بە دروشمی (داڕشتنی هەواڵ لەپێناو دیموکراسیەتدا – صیاغة الاخبار من اجل الديمقراطية) بە بەشداری (٨٧) شاندی سەندیکایی و (٢٨٥) نوێنەر، لەوانەش شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەسترا، سەرەتا شاندەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە مێوانخانەی (میزو دونارودنایا) دابەزیون و جێی سەرنجی بەشدارانی کۆنگرەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بوونە، بەتایبەتی کە بە جلی نەتەوایەتی ئامادەی کۆنگرەکە بوون.

لە ئێوارەی ڕۆژی ٥/٢٨ لە هۆڵی کۆنگرەکانی مەڵبەندی بازرگانی جیهانی لە مۆسکۆ، کۆنگرە بە وتەی (ئایدن وایت) دەستی پێکردووە، لەوتەکەیدا (وایت) داوای لە ڕۆژنامەنووسان کردووە پتر هاوکاری بکەن و تێبکۆشن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی بەرەو ڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبنەوە لە جیهاندا، هەروا ئاماژەی بە نەهامەتی و ئازارەکانی ڕۆژنامەنووسانی عێراق کردووە، ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامەنووسان کە لە عێراق دەکوژرێن، درێژی ڕووداوەکانی کۆنگرە لەلاپەڕە دوودا بڵاوکراوەتەوە.

هەر لەو لاپەڕەیەدا چەند هەواڵێک دەخوێنینەوە:

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە مەڵبەندی ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ لە مۆسکۆ کۆڕێک دەگێڕێ، لە ڕۆژی سێیەمی کۆنگرە مەڵبەندی ناوبراو مێوانداری بەڕێز فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی کردووەو کۆڕێکی سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و ڕۆژنامەوانی کوردستان لەسەردەمی تازەو مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق گێڕاوە.

لەنامەیەکی جیم بومیلای سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بۆ کاک شێرکۆ حەبیب بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، پشتگیری خۆی بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نوێ کردۆتەوە، کاک شێرکۆش بەنامەیەک پیرۆزبایی لێ کردووە بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و سوپاس و پشتگیری و هاوکاری ئەوانی کردووە.

لە چوارچێوەی بەشداری شاندی سەندیکا، لە ڕۆژی ٦/٤ شاندەکە سەردانی بارەگای یەکێتی ڕۆژنامەوانانی ڕووسیای کردووەو چاویان بە سکرتێری گشتی یەکێتی ناوبراو کەوتووە، لەو سەردانەدا شاندەکە

باسی سەندیکاو پێکهاتەکانی و ئەندامانی و سەربەخۆیی سەندیکای لە عێراق و کاری رۆژنامەوانیی کراوە.

لە رۆژی ٦/٤ شاندی سەندیکا، سەردانی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی رووسیای کردووەو چاویان بە سەرۆکی بەشی کوردی ئولکا ئیفانوفنە ژیکالینە و ژمارەیەک مامۆستا کەوتووە، لەو سەردانەدا باس لە بایەخدانی ئامۆژگا بە مێژووی کوردو کەلەپوور و رووناکبیری کوردی کراوە کە چەندین کتێب لەو بارەیەوە دەرچوونە.

لاپەڕە دووی (الصحفی) ریپۆرتاژێکی تێروتەسەلی رووداوەکانی کۆنگرەی (٢٦)ەمینی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانە.

لەدانیشتنی یەکەمی رۆژی یەکەمدا، دەستەی بەڕێوەبردنی دانیشتەکانی کۆنگرە هەڵبژێردراوە، پاشان ناوی شاندە بەشداربووەکان خوێندراوەتەوە، ئینجا بەشدارانی کۆنگرە گفتوگۆیان لەبارەی بابەتەکانی تایبەت بە رۆژنامەنوسی کردووە، دواتر راپۆرتی سکرتێری گشتی فیدراسیۆن خوێندراوەتەوە، تێدا ئاماژەی بەکاری رۆژنامەوانیی لە هەندێ وڵات کردووە، تایبەت ئەوانەی ئەندامانی فیدراسیۆنن، باسی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق لە سەردەمی رژێمی دکتاتۆر کە کوڕی دیکتاتۆر سەرۆکی بووە، پاشان باسی رەوشی ئارامی کوردستان و رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئازادی رۆژنامەنووسی و لە پرۆژەی کاری رۆژنامەوانیی کوردستان دواون، کە ماوەیەکە خراوەتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان.

لەدانیشتنێکی تایبەتدا بۆ گفتوگۆ لەمەڕ راپۆرتەکەی سکرتێری گشتی تەرخان کراوە، کۆمەڵێک لە بەشداران قسەیان کردووە، لەوانەش بەڕێز مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، هەندێ خاڵی ناو راپۆرتەکەی روون کردۆتەوەو باسی کارو دەستکەوتەکانی سەندیکای بۆ رۆژنامەنووسان و ئێش وئازاری رۆژنامەنووسانی عێراق کردووە.

پاشان شاندەکان ناوی پاڵیوراوانی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی فیدراسیۆن و جێگرو بەرپرسی دارایی و ئەندامانی لێژنەی راپەڕاندن دیارکردووە.

لەدانیشتنی ئێوارەدا چەندین لێکۆڵینەوە لەبارەی ئازادی راو رادەربڕین لەلایەن ژنە رۆژنامەنووسێکی پاکستانی پێشکەش کراوە.

پاشان (مفید الجزائری) باسێکی سەبارەت بەو توندوتیژییەی کە دەرهەق بە رۆژنامەنووسان لە عێراق دەکرێت، پێشکەش کردووە، تێدا باسی خراپی رەوشی رۆژنامەوانانی عێراق کردووە کە تیرۆر چۆن لەو وڵاتەدا بڵاوبۆتەوە.

سەبارەت بەکاری رۆژنامەوانی و ئەو کۆسپ و سەختیانەی دووچاری رۆژنامەوانان دێت، نوێنەرانی بەریتانیا و ئەمریکا و رووسیا و فیدراسیۆنی ئەوروپایی دواون و ئاماژەیان بە توندوتیژی و تۆقاندنی رۆژنامەنووسان کردووە لە زۆر لە وڵاتانی جیهان، بەتایبەتیش لە عێراق، داوای دابین کردنی ئازادی رادەربڕینیان کردووە.

لە یەکێک لە دانیشتنەکانی رۆژی سێیەم بریماکۆفی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری رووسیا ئامادەبووەو بۆ ئامادەبووان دواوەو پاشان باسی رەوشی رۆژنامەوانی و ئاستەنگەکانی کردووەو گوتوویە، رۆژنامەوانی زۆر لە جاران سەختتر بووە، ئەمڕۆ زۆر بە زەحمەت هەواڵێکت دەست دەکەوت، پاشان چەندین پرسیاریان سەبارەت بە یەکێتی سۆڤێتی جاران لێ کردووەو ئەویش وەڵامی داونەتەوە.

سەبارەت بە رەوشی سیاسی عێراقیش گوتوویە کاتی خۆی کە دیکتاتۆری عێراق کوێتی داگیرکردووە سەردانی عێراقی کردووەو داوای لێ کردووەو هەندێ گۆڕانکاری سیاسی بکات، بەڵام گوێی

نەداوەتێ.

سەبارەت بە کوردستانیش بەلای ئەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی زەحمەتە لەبەر گەلێک هۆ لەوانە بەرژەوەندی ولاتانی دەوروبەری کوردستان، هەروەها گوتوویە مستەفا بارزانی نەمری سەرۆکی کوردی بینیوە، کە ئەو کاتە داوای حوکمی زاتی دەکرد کە ئەوە شتێکی باش بووە، هەر لەوێدا مستەفا سالح کەریم جێگری نەقیب سلاوی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی پێراگەیاندووەو ئەویش داوای کردووە سلاوی بە بەڕێز تاڵەبانی بگەیەنێت.

سەبارەت بە راوبۆچوونی پریماکۆف لەبارەی رەوشی کوردستان، شێرکۆ حەبیب پێچەوانەی پریماکۆف، پێی وایە دنیا گۆڕاوە، گەلی کوردستان هەقی خۆیەتی رای خۆی دەربڕێ، پریماکۆفیش گوتوویە من لەگەڵ رای گەلی کوردستان دام و سلاوی بۆ گەلی کوردستان ناردووە، داوای کردووە ئارەزووی سەردانی کوردستانی هەیە، ئەوانیش پێیان راگەیاندووە کە ئەو ئارەزووەی بە حکومەتی کوردستان رادەگەیەنن.

لەدانیشتنی ئێوارەدا راپۆرتی دارایی خوێندراوەتەوە پاشان دەنگدان بۆ هەردوو راپۆرت کراوەو بەزۆرینەی دەنگ پەسند کراوە.

بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی فیدراسیۆن، جیم بۆمیلا بووەتە سەرۆک بۆماوەی (٢٠٠٧-٢٠١٠) هەروا جێگرانی سەرۆک و بەرپرسی داراییش هەڵبژێردراون.

پاشان داوای پاڵێوراوانی لیژنەی راپەڕاندن کراوە (٢٨) پاڵێوراو کێبڕکێیان کردووە بۆ یەکەمجار پاڵێوراوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دیارکراوە کە بەڕێز شێرکۆ حەبیبی بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا بووە، ئەویش وتارێکی بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش کردووەو تێدا سلاوی رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراقی پێ راگەیاندبوون، پاشان باسی رەوشی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووسانی کردووە لە عێراق کە چۆن دووچاری زۆر کۆسپ و زەحمەتی بوونەتەوەو چەندین رۆژنامەنووس و کارمەندی ئەو بوارە کوژراون کە تا ئێستا ژمارەیان گەیشتوونەتە (٢٠٠) رۆژنامەوان، پاشان باسی بارودۆخی سەختی بەغدای کردووە بۆ رۆژنامەنووس و کاری رۆژنامەنووسی داوای کردووە یارمەتی رۆژنامەنووسانی عێراق بدەن بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵ.

دواتر سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان دواوە کە لە چاو بارودۆخی عێراق جیایەو هەر لە ساڵی ١٩٩١یەوە خۆیان کورد ناوچەکەیان بەڕێوەدەبەن و ئازادی رادەربڕین فەراهەمەو بەزمانی خۆمان دەنووسین و تەواوی نەتەوەکانی دیکەش لە کوردستان ئازادانە دەژین و جیاوازی لەنێوان کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشوور و کلدانی نییە، هەریەکەو کەناڵی راگەیاندنی تایبەت بەخۆی هەیە، دوای ئەوەی رژێمی دیکتاتوری بۆ ماوەی (٣٥) ساڵ هەمووانی سەرکوت دەکردین، پێنج هەزار گوندی وێران کردو (١٨٢) هەزار کوردی لەکردەوەکانی ئەنفال لەناوبرد و بە چەند چرکەیەک پێنج هەزار کوردی لە هەڵەبجە بە کیمیا لەناوبرد و هەشت هەزار بارزانی زیندەبەچاڵ کرد و پتر لە (٥٠) هەزار کوردی فەیلی کوشت و ئاوارەکرد، کە تاکە تاوانیان ئەوەبوو کورد بوون.

لەو ماوەیەدا، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دامەزرا کە یەکێک لە کارە سەرەکییەکان داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەوانی کردووە و چەندین دەسکەوتی بەدیهێناوە وەک پرۆژەی کاری رۆژنامەنووسی کە دراوەتە پەرلەمانی کوردستان.

پاشان هاتۆتە سەر مێژووی رۆژنامەوانی کوردی کە بەر لە (١٠٩) ساڵ لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەستی پێکرد کە یەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان)ی لە قاهیرە دەرکرد.

سەبارەت هەڵبژاردن بەهاوێرکردنی دەنگەکان (شێرکۆ حەبیب) (٧٥) دەنگی هێنابوو کە (١٨)ەمین بوو لەنێو پاڵێوراوان لە خوولی دووەمیش (١١٥) دەنگی هێناوە، کە سەرکەوتوو (١٢١) دەنگی هێنابوو، ئەندامانی ئەو لیژنەیەش (١٦) ئەندام بوون.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لە کۆنگرەی (٢٥)ەمینی فیدراسیۆن، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان مافی خۆپاڵاوتنی نەبوو، چونکە ئەوکاتە ئەندامی بەشداربوو بوو، واتە تا نەبووە ئەندامی کارا لە ناوەڕاستی حوزەیرانی (٢٠٠٦) مافی خۆپاڵاوتنی نەبوو.

دیارە ئەو دەنگانەی پاڵێوراوی سەندیکا هێنابووی لەچاو پاڵێوراوانەی ئەوانەی کە چەندین ساڵە ئەندامەتی تەواویان هەیە بەراورد ناکرێت، ئەمەش ڕێزو پایەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەردەخات.

ئەندامانی شاندی بەشداربووی سەندیکاش ئەم بەڕێزانەبوون: (فەرهاد عەونی/ نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، مستەفا ساڵح کەریم/ جێگری نەقیب، زیرەک کەماڵ/ سکرتێری سەندیکا، حامد محەمەد عەلی و فەهیم عەبدوڵلا و ئەکەد موراد و خالید بەکر ئەییوب و ئەنوەر حوسێن/ ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا، شێرکۆ حەبیب/ سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا/ شێخ سدیق سکرتێری لقی کەرکووک/ عەبدوڵلا زەنگەنە/ سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژنامەنووس/ نەوزاد پۆلس/ ئەندامانی لیژنەی چاودێری/ د. ڕەزوان بادینی/ مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر).

ئەم لاپەڕەیە دوو وێنەی ئەندامانی شاندەکەو وێنەیەکی شێرکۆ حەبیب لەکاتی وتاردان بڵاوکراوەتەوە.

بێگومان بەشداربوون لەو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییە بایەخی یەکجار زۆری بۆ دۆزی کوردو ناساندنی کوردستان لەو بارودۆخە دژوارەی عێراق پێدا دەڕوات، بەتایبەتی هەیە، سەندیکاش کارێکی شایستەی ئەنجام داوە مایەی دەست خۆشییە.

هەر لە درێژەی چالاکییەکانی شاندی سەندیکا لە کۆنگرەی (٢٦)ەمینی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی لە مۆسکۆ، (الصحفی) لاپەڕە (٣)ی بۆ چالاکی و دیدارو هەواڵەکانی تەرخان کردووە، تێدا سەردانی ئارامگای لینین و سەردانی زانکۆی مۆسکۆو دیدار لەگەڵ شاندی داغستان و وڵاتانی دیکە کراوە.

هەروەها شاندەکە میوانی باڵێوزخانەی عێراق لە مۆسکۆ بوونە.

هەر لەلاپەڕە سێدا بەیاننامەی لقی سەندیکا لە موسڵ سەبارەت بە تیرۆرکردنی ڕۆژنامەوان (سەحەر حەیدەری) دەرکردووە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/٧ لە موسڵ تیرۆرکراوە.

هەر لەو لاپەڕەیەدا وتارێک بەناوی (لە ڕۆژی ڕۆژنامەوانی عێراقدا، نیوەڕۆیەکی حوزەیرانی پرشنگدار نێو بارودۆخێکی تاریک) بەناوی (الصحفی) بڵاوکراوەتەوە، کە باسی لە ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی عێراق کردووە کە بەخەم و ئازارەوە تێپەڕیوە، لە ئاکامی بارودۆخی خراپی عێراق. لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٦/١٦ کۆڕێک سەبارەت بە هاوکاری کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی عێراق لە لەندەن گێڕدراوە.

هەر لەو لاپەڕەیەدا خالید بەکر ئەییوب گۆشەیەکی هەیە بەناوی چەپکە گوڵ (اکلیل) باسی بەشداری شاندی سەندیکا دەکات لە کۆنگرەی (٢٦)ەمینی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و پشتیوانی کردنی لەلایەن بەشدار بووانەوە، کە مایەی ڕێزی هەموو لایەک بوونەو ئەو بەشدارییەی بە سەرکەوتوو ناوبردووە.

لەلاپەڕەی (٤)ی (الصحفی)دا بەشی یەکەمی ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بڵاوکراوەتەوە.

لەلاپەڕە (١٦)دا دوو بابەت

بڵاوکراونەتەوە: دینا شەمعون یەلدا باس لە سەرەتاکانی ڕۆژنامەوانی سریانی دەکات و (الصحفی)ش (ڕۆژانەی ژنە ڕۆژنامەوانێک تا نیوە- یومیات صحفية محترفة الى النصف) بڵاوکراوەنەتەوە.

لەلاپەڕە (٧)یشدا، دوای ئەوەی (تۆنی بلێر) ماڵئاوایی لە پایەکەی دەکات هێرشێکی توند دەکاتە سەر ڕاگەیاندن ڕەخنەی لە ڕۆژنامەوانی و وروژاندن گرتووە..

قاسم محەمەد عەلیش لەنامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز ئایدن وایتی سەرۆکی یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسی نووسیویە: بۆچی کارمەندی ڕاگەیاندن بوونەتە نیشانەو ئامانج؟ هەوڵێک بۆ لێکدانەوە نەک پاساو هێنانەوە..

هەر لەو لاپەڕەیەدا (لینا سیاوش) لەڕاپۆرتێکی یەکێتی گشتی ڕۆژنامەوانانی عەرەب دەڵێت پتر لە (٥٠٠٠) هەزار ڕۆژنامەو گۆڤار لە جیهانی عەرەبی دەردەچێت و لە (١٥) دەوڵەتدا حکومەت سەرپەرشتی ڕاگەیاندنەکان دەکات، ڕاپۆرتەکە باسی ڕەوشی ڕۆژنامەوانیی و ڕاگەیاندن لە وڵاتانی عەرەبیدا دەکات.

لەلاپەڕە (٨)دا (نەرمین قاسم) لە (ذاكرة الوجع العميق)، ڕۆژنامەی (بلا اتجاه)ی موسڵی و ئاسۆی لیبرالی، لەدایک بوونێکی بەهێز. تیرۆرکردنێکی زوو... ئەو ڕۆژنامەیەو ڕۆژنامەنووس (ئەحمەد شەوکەت) خاوەن و سەرنووسەری بووەو ژمارە سفری لە ٢٠٠٣/٨/٢٦و دواژمارەی لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ لە موسڵ دەرچووە، ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئازادی هەفتانە بوو. کە ئەحمەد شەوکەت یەکەمین شەهیدی ڕۆژنامەنووس و ئازادی ڕادەربڕین دوا شەهیدیش سەحەر حەیدەری بوو.

لاپەڕە (٩)ی (الصحفی) بەشی یەکەمی وتارێکی درێژی نووسەری عێراق (یاسین النصير) بەناوی (چوار وێنەی ڕاگەیاندنی میللی)یەو تەواوی لاپەڕەکەی داگیرکردووە، وێنەی یەکەمی نەعلەکەی ئەبو تەحسین و ڕەوانبێژی میللی.

وێنەی دووەم ئەو وێنەی کە ڕاگەیاندنی ئەمریکی کێشاویە تانکێکە لەسەر پردی سنک لە بەغدا.

وێنەی سێیەم کامیراو چالاکی غەیبی.

وێنەی چوارەم گۆڕی بە کۆمەڵ و کفن و جوگرافیا.

لەلاپەڕە (١٠ و ١١)شدا مێژوونووسیی ڕۆژنامەوانی ناوداری عێراق دکتۆر (فائق بەتی) بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەیەکی درێژی بەناوی (ڕاگەیاندن و کاریگەریی بەسەر کرداری سیاسی لە عێراق) بڵاوکردۆتەوە، کە خۆی لە بەرکولێک و لە مادەکانی ئەو یاسایەو ڕاگەیاندنی عێراق لەنێوان هەردوو سەردەم: سەردەمی حوکمی بەعس ١٩٦٨-٢٠٠٣ سەردەمی دوای ڕژێم ٢٠٠٣-٢٠٠٧.

هەر لەو لاپەڕەیەدا گۆشەیەکی یەک ستوونی بەناوی (اواخرالكلام-دواییەکانی قسە) لە نووسینی عەبدولسەتار ڕەمەزانە کە ئەو جارەیان بەناوی (ڕۆژنامە لەنێوان حکومەت و خەڵکدا)یە.

لەلاپەڕە (١٢)دا ئازاد حەمەدئەمین لە هەفتەی مەدای ڕووناکبیری هەولێری پایەتەختی ڕووناکبیری عێراق، کورتە گفتوگۆیەکی لەگەڵ هەندێ ڕووناکبیری ناوداری عێراق کردووە، لەوانە شاعیری ناوداری کورد شێرکۆ بێکەس کە باسی لە بێ ئاگایی ڕووناکبیری عێراق دەکات لەکارە ئەدەبییەکانی کوردو ئەویش هۆیەکەی نەزانینی زمان دەرخستووە، لەکاتێکدا ئەو ڕووناکبیرە عێراقییە ناوی چەندین شاعیری ئینگلیزی و ڕووسی دەزانی، بەڵام نازانێ شێرکۆ بێکەس کێیە؟

پاشان لەگەڵ دوو ڕووناکبیری عێراق ڕەشید خەیون و یاسین قەسیر گفتوگۆی کردووە.

نووسەری (الصحفی) نامەیەکی بۆ بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەنێرێ پێشنیار دەکات (کوردستان لاند) گوندێکی کوردستان گەشتیاری، لە قەدپاڵی شاخێکی کوردستان

دروست بکرێت بەسادەیی کەرستەو پێداویستییەکانی هەر هەمووی کوردستانی بێت، ئامانج لێی تەنیا گەشتیاری و بازرگانی نەبێت، بەڵکو پتر لایەنی مرۆیی و رۆشنبیری بێت.

لەلاپەڕە (١٣)دا بیرەوەری (١٢٢) ساڵەی ڕۆژنامەنووسی موسڵی کراوەتەوە بە دەرچوونی رۆژنامەی (الموصل)، تێدا (عەدنان مزوری) چیرۆکی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامە لە موسڵ بە ناوی (الموصل) لە ٢٥ی حوزەیران ١٨٨٥ دەگێڕێتەوە کە تا ساڵی ١٩٣٤ بەردەوام بووەو رۆژنامەی رەسمی ولایەتی موسڵ بووە لە سەردەمی عوسمانیدا.

هەر لەو لاپەڕەیەدا (نوری پەتروس) لە چاپخانەی کلدانی لە موسڵ دواوە، لەسەرتاوە باسی سەرەتای هێنانی یەکەمین چاپخانە دەکات لە عێراق لە سەردەمی داود پاشای والی ئەو سەردەمەی عێراق. پاشان باسی چاپخانەی کلدانی لە موسڵ دەکات، کە لە ساڵی ١٨٦٣ چاپخانەی ولایەت دامەزراوەو لە ساڵی ١٩١٠ بەناوی چاپخانەی نەینەوا ناسراوە.

چاپخانەی کلدانی (١١٠) کتێبی چاپ کردووە،. پاشان باسی چاپکراوەکانی دیکەی ئەو چاپخانەیە دەکات.

هەر لەو لاپەڕەیەدا بەڕێز حامد محەمەد عەلی وتارێکی نووسیوە بەناوی (رۆژنامەنووسان دەپرسن. پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی گەیشتە کوێ؟)، تێدا باس لەو پرۆژەیە دەکات بۆ ڕێکخستنی کاری رۆژنامەوانی، لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەکراوەو ماوەیەکی درێژە گفتوگۆو کۆڕی بۆ دەبەسترێ، بەڵام لە ٢٠٠٦/١٠/١٧وە پرۆژەکە دراوەتە پەرلەمانی کوردستان، کەچی تا ئێستا گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، پاش ئەو ماوە درێژە دوای ئەوەی چەندین یاسای دیکە گفتوگۆی لەسەر کراوەو پەسندکراوە، بۆیە پرسیارەکە رەوایەو لەجێی خۆیەتی، لەبەر ئەوە داوای ڕوونکردنەوەیەک لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی و لێژنەی یاسایی پەرلەمان دەکات.!

لاپەڕە (١٤)ی (الصحفی) وتارێکی (حەبیب کەرکووکی) قوتابی دکتۆرای بەشی راگەیاندنی زانکۆی بەغدایە بەناوی (رایەڵەی پەخشی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی – انظمة البث الاذاعی و التلفزیونی)، کە تەواوی لاپەڕەکەی گرتۆتەوە باس لە جۆرەکانی وێستگەی رادیۆیی دەکات کە بریتین لە وێستگەی رادیۆی ئاسایی و وێستگەی رادیۆی نمرەیی و وێستگەی رادیۆی ئاسمانی.

پاشان باسی رایەڵەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی دەکا کە بریتین لە تەلەفزیۆنی وایر (السلکی) و تەلەفزیۆنی نمرەیی و پەخشی تەلەفزیۆنی زۆر بەرز (عالی الجودە)و تەلەفزیۆنی کارلێکەر (التفاعلی).

لەلاپەڕە (١٥)دا موکەڕەم بەرزنجی لە بیرەوەری کۆچی دوایی ئەدیب و رۆژنامەنووسی ناودار، چەند لاپەڕەیەکی شاراوەی ژیانی مستەفا نەریمان هەڵدەداتەوە، بێگومان (نەریمان) جێ پەنجەی بەسەر بواری ڕووناکبیری کوردی زۆر دیارە لە بوارەکانی رۆژنامەوانی و بیبلیۆگرافیای گۆڤارو رۆژنامەو کتێبە کوردییەکان کە خزمەتی گەورەن و لە کاری مێژوویی و نووسینەوەی یاداشتیش قەڵەمی بەبڕشتی خۆی خستۆتە کار، بۆیە نووسەر بە پاڵپشتی یادداشتەکانی و بیرەوەری خۆی و هەندێ لایەنی شاراوەی ئەو رۆژنامەنووسە دیارەی بەسەر کردۆتەوە.

نیوەی پتری هەمان لاپەڕە بۆ پاشماوەی وتاری لاپەڕەکانی پێشوو تەرخان کراوە.

دوا لاپەڕەی (الصحفی) (١٦)، گۆشەیەکی یەک ستوونی بەڕێز (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسانە بەناوی (بەقەڵەمێک درشت –بالقلم العریض) ئەو جارەیان بەناوی (هەنگاوێکی دیکە بۆ پێشەوە–خگوە اخری الی الامام) باس لە بەشداریکردنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی

فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسـان کـردووە وەک ئەندامـی کاراو خۆپاڵاوتنـی بـۆ ئەندامییتـی لیژنەی راپەڕانـدن و هێنانی دەنگێکی زۆریش (١١٥) دەنگ کە بە جیاوازی شـەش دەنگ لە رکابەرەکـەی کەمتر بووە، ئەمـەش بـۆ نەتەوەیەکـی بێ دەوڵـەت کەم نییە، بۆیە ئەوەشـیان هەنگاوێکی دیکەیە بۆ پێشەوە.

هـەر لـەو لاپەڕەیـە گۆشـەی (دەنـگ بەڕێز (مسـتەفا ساڵح کەریم) جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسـان دەینووسـێ و بـاس لـە سـەردانی کەناڵی ئاسمانی رووسیای ئەمڕۆ دەکات لەگەڵ باڵیۆزی عێراق لە رووسـیا و موفید جەزائری و باس لە راگەیاندنی رووسیا و کەمتەرخەمی و لێک جیانەکردنەوەی تیرۆرو ئـەوەی ناوی بەرەنگاری لـێ نراوە، بۆیە بە هەرسـێکیان رەوشی راسـتەقینەی عێراقیان بۆ روون کردوونەتەوەو پێشنیارکراوە ئەوان نووسینگەیەک لە کوردستان بکەنەوە.

ئەمـە لەگـەڵ چەنـد وردە بابەتی دیکەی چاپکراوی نوێ و هەواڵی هونەر و سینەمایی. جێی ئاماژە پێکردنە سەرنووسەری (الصحفی) (فەرهـاد عەونی) و جێگری سەرنووسـەری (مسـتەفا سـاڵح کەریـم) و (خالیـد بەکـر ئەییوب)یـش وەک دەسـتەی نووسـەران و سەرپەرشـتی نەخشەسازی (کاوە فاروق) و چاپکردنی (ئەردەلان حەمید)ن، دەستخۆشی لە دەستەی بەڕێوەبەری کارمەندان، هیوای سـەرکەوتن و بەردەوامـی بـۆ (الصحفـی) دەخوازیـن، بۆ ئەوەی لەتەک بڵاوکراوەکانی دیکـە خزمەتی شـایان بە رۆژنامەنووسـان بەتایبەتـی و رووناکبیری کوردی بە گشـتی بکات...

# هەواڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی: سکرتێری نووسین

# سەرۆک تاڵەبانی:
# دەبێت رۆژنامەنووسانی کوردستان لە چەسپاندنی حیوارو لێبوردەیی و پێکەوەژیان رۆڵێکی پێشڕەوانە ببینن

**مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵی لە یادی (١٠٩) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردیدا پیرۆزبایی لە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، ئەمەش دەقی پیرۆزباییەکەیە:**

بەبۆنەی یادی شکۆداری سەدو نۆ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی و دەرچواندنی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان)ەوە، پیرۆزباییەکەی گەرم ئاراستەی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم و لە قووڵایی دڵ و دەروونەوە هیوای سەرکەوتن و گەشەکردن و بەرەوپێشەوە چوونی بەردەوامیان بۆ دەخوازم.

رۆژنامەنووسانی کوردستان لە سەردەمی رژێمی دیکتاتۆری لەناوچوودا رۆڵێکی مەزنیان بینی لە رووبەڕوو بوونەوەی پیلانی دوژمنان و خزمەتکردنی کێشەی رەوای میللەتەکەیان و بەرگریکردن لە وشەی پیرۆزی کوردی. ئەمڕۆش لە سەردەمی ئازادی و شادبوونی گەلەکەمان بە بەشێکی بەرچاوی ماف و ئامانجەکانی، کە دنیاش بە چاوی رێزو حورمەتەوە سەیری رۆڵی کورد دەکات لە عێراقی نوێدا، رۆل و ئەرکی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەم گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەم فراوانتریش بووە.

بۆیە لەم سەردەمەدا کە سەردەمی جیهانگیری و شۆڕشی زانیاری و فراوانبوونی پەیوەندییەکانە، گرنگەو بگرە پێویستیشە کە رۆژنامەنووسانی کوردستان بە دیدێکی نوێ و تێڕوانینێکی هاوچەرخانەوە کار بۆ راپەڕاندنی ئەرکە پیرۆزەکانی سەرشانیان بکەن و خەمخۆرانەو دڵسۆزانە پشتیوانی و بەرگریی لە دەستکەوت و گەشەکردن و لایەنە گەشەکان کە زۆرو زەوەندن، بکەن و ئازادانەش رەخنەی بنیاتنەر لە دیاردەو کەموکورتییەکان بگرن و رێگەی چارەسەرکردنیشیان بۆ دەستنیشان بکەن، چونکە هەر بەم شێوەیە رۆژنامەنووسان دەتوانن شوێن و پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا قایمتر بکەن و رێزو حورمەتی زیاتر بۆ قەڵەم و نووسین و پێشنیازو سەرنجەکانیان پەیدا بکەن و بەشدارییەکی کاریگەریش بکەن لە هەوڵەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی و هێنانە ئارای راگەیاندنێکی هاوچەرخی خەمخۆرو ئازاددا.

ئەم سەردەمە سەردەمی حیوارو لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەو دوورکەوتنەوەیە لە زمانی زبر، بۆیە دەبێت رۆژنامەنووسانی کوردستان لە قووڵکردنەوەو چەسپاندنی ئەم چەمک و تێڕوانینانەدا رۆڵێکی پێشڕەوانە ببینن.

لەم یادە پیرۆزەدا دەستی یەکە بە یەکەی رۆژنامەنووسان دەگوشم و شەونخونی و قوربانیدان و تێکۆشانی بەردەوامیان بەرز دەنرخێنم و سڵاوی وەفاداریش دەنێرم بۆ گیانی پاکی رۆژنامەنووسانی شەهیدەکان و هەموو ئەو قەڵەمە نەمرانەی کە لە پێناو کوردو کوردستاندا، تا سەر تێکۆشان.

**برای دڵسۆزتان**
**مام جەلال**

* * *

# سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە یادی (١٠٩) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی دەکات

**بەبۆنەی (١٠٩) ساڵەی رۆژامەوانیی کوردی، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان کردو هیوای خواست رۆژنامەنووسانی کورد رۆڵی کاریگەری خۆیان وەک دەسەڵاتی چوارەم لە دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و رای گشتیدا بگێڕن، ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:**

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

بەبۆنەی یادی سەدو نۆ ساڵەی رۆژنامەوانیی کوردی و دەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستان، کە بە دەستپێکی خەباتی قەڵەم و بە بەردی بناغەی پرۆژەی بە رۆشنبیرکردنی بزووتنەوەی نەتەوەییمان دادەنرێت، پڕ بە دڵ پیرۆزباییەکی گەرم پێشکەش بە تێکڕایی رۆژنامەوانی کوردستان دەکەم، ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. بەو هیوایەی کە بیروبۆچوونە جیاجیاکانیان و بە قەڵەمە رەنگینەکانیان، راگەیاندنی کوردی بەرەو راگەیاندنێکی ئامانجدار ببەن و پەیامی رۆژنامەڤانی کوردی بەشێوەیەکی شارستانی و رەچاوکردنی پرەنسیپەکانی رۆژنامەوانی ئەنجامبدەن و رۆڵی کاریگەری خۆیان وەک دەسەڵاتی چوارەم لە دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و رای گشتیدا بگێڕن و کەموکورتییەکانی نێو کۆمەڵگەش دەستنیشان بکەن، بە شێوەیەک کە هەموو هەوڵ و کۆششەکانیان لە خزمەتی ئامانجە ستراتیژییەکانی گەلەکەماندا بێت. جارێکی دیکە هیوای گەشەسەندن بۆ رۆژنامەوانی کوردی دەخوازم و سەربەرزیش بۆ خاوەن ئەو قەڵەمانەی کە شانبەشانی پێشمەرگە دلێرو قارەمانەکان خەباتیان کردووەو تەواوی قەڵەمە ئازادو بوێرەکانی کوردستانیش هەر لە پێشەنگدابن.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢١ی نیسانی ٢٠٠٧**

* * *

# پیرۆبایی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی ١٠٩ ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی

**رێزدار عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی.. پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسان کرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**

بەبۆنەنی یادی (١٠٩) سەدو ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان و گەلەکەمان بەگشتی و خانەوادەی بەرێزو تێکۆشەری بەدرخانیان دەکەم، کە لە سەر دەستی کەڵەپیاوانی وەک: میر میقداد مەدحەت بەدرخان و میر عەبدولرەحمان بەدرخان یەکەمین چرای رۆژنامەنووسی کوردی لە قاهیرە داگیرسا، و بووە هۆی ئەو پردەی کە خەباتی کوردی لەچاخە

تاریکەکانەوە گەیاندە ڕۆژگاری ئەمڕۆ.
ڕۆژنامەی (کوردستان) کە لە ئەنجامی هۆشیاری تاکەکەسی ماڵباتی بەدرخانیان لەدایک بوو، هەڵگری پەیامێکی شۆڕشگێڕانەی کوردانە بوو، ڕۆڵی پێشەنگ و مێژوویی لە بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و پتەوکردنی گیانی خۆڕاگرتنی و بڕوا بەخۆدبوونی لەناخی گەلی کورددا بەهێزترکرد..
پەرلەمانی کوردستان وێڕای پشتگیری کردنی تەواوی لە دابینکردی ماف و ئازادی گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان، جەخت دەکاتەوە کە پێویستە ئەو ئازادیییەی بۆ میدیاکان رەخساوە، لە خزمەتی پێشخستنی کۆمەڵ و رەخنەگرتنێکی بنیاتنەرانە سوودی لێوەربگیرێت. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان ژیرانە و ئازادانە پەیامی ڕۆژنامەنووسیی و راگەیاندنی راستگۆو پیشەیی خۆیانی تێدا رابگەیەنن، ئەرکی خۆشیان لە بەهێزکردن و چەسپاندنی دیموکراسییەت و بە یاسایی کردنی کۆمەڵگاو دەستنیشانکردن و دژایەتی کردنی دیاردەی نایاسایی و گەندەڵیدا ببینن لە پێناو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دادپەروەر. لەم قۆناغەدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ راگەیاندنی کوردی، بەرەو پسپۆڕی و دامەزراندنی راگەیاندنێکی ئەکادیمی هەنگاو دەنێ، ڕۆژنامەنووسان دڵنیا دەکەینەوە، کە پەرلەمان کاری جدی لەسەر ئەو دوو پرۆژە یاساییە دەکات کە بۆ رێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی و میدیاکان بە گشتی، لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و پسپۆڕانی بواری راگەیاندن بەدەستی گەیشتوون. هیوادارین پێش کۆتایی ئەم ساڵ بە هاوکای هەموولا، ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ببنە خاوەنی یاسایەکی پێشکەوتوو و گونجاو، کە تەواوی ئەرک و مافی ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندنی تێدا رێکخراو و پارێزراو بێت. جارێکی تر پیرۆزباییتان لێدەکەم.
نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردو سەرجەم شەهیدانی کوردستان

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**
**٢١ی نیسانی ٢٠٠٧**

*** 

# چالاکییەکانی سەندیکا بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی

بەپێی بەرنامەیەکی ئامادەکراو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و یادی (١٠٩) ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەنێوی (کوردستان) لەشاری قاهیرەو بە ئامادەبوونی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی کەناڵەکانی راگەیاندن، ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/٢١) لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێردا، رێورەسمی دابەشکردنی مووچەی (٤) مانگی خانەنشینی بەسەر (٦) ڕۆژنامەنووسی خانەنشینکراو بەڕێوەچوو.
لە سەرەتای رێورەسمەکە ڕۆژنامەنووس زیرەک کەمال سکرتێری سەندیکا لە گوتەیەکیدا بەخێرهاتنی وەزیری رۆشنبیری و ئامادەبووانی کردو دابینکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ ڕۆژنامەنووسان بە دەستکەوتێکی دیکەی سەندیکای ژمارد.
پاشان وەزیری رۆشنبیری لە گوتەکەیدا رۆڵی سەندیکای لە دەستەبەرکردنی دەستکەوتەکان بەرزنرخاند و خۆشحاڵی خۆی



دەربڕی بۆ دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان، کە دەبێتە زامنکردنی گوزەرانی بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە ساڵانێکی دوورو درێژە لەکاری رۆژنامەنووسی بەردەوامن.

دواتر رۆژنامەنووس حامد محەمەد عەلی ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا چەند خاڵێکی دەربارەی سندوقی خانەنشینی و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەم سندوقەو ئەو هەوڵانەی دراون بۆ بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشینی روونکردەوە.

لەکۆتایی رێورەسمەکەدا لەلایەن وەزیری رۆشنبیری و نەقیبی رۆژنامەنووسان و رۆژنامەنووسان ئەکەد موراد و خالید بەکر ئەییوب ئەندامانی ئەنجومەن مووچەی خانەنشینی بەسەر (٦) رۆژنامەنووسە خانەنشینکراوەکان دابەشکرا.

### بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا لە پێشوازی مێوانان دابوون

سەر لەبەیانی رۆژی دواتر (٢٠٠٧/٤/٢٢) ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا، لە پێشوازی مێوانان دابوون، کە بە مەبەستی پیرۆزباییکردن سەردانی بارەگای سەندیکایان کرد، لەنێویاندا نوێنەری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسانی دەزگاکانی راگەیاندن و سەرنووسەرانی رۆژنامەو گۆڤارەکان و دەستەی نووسەرانیان و ژمارەیەک بەرچاو لە رۆژنامەنووسان، کە بەم بۆنەیە پیرۆزباییان پێشکەش بە ئەندامانی ئەنجومەن کرد.

### کۆڕێک لە هوتێلی چوارچرا

دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ، سەندیکای رۆژنامەنووسان کۆڕێکی بۆ خوێندنەوەی چەندین باس سەبارەت رۆژنامەگەری و ئازادی بیرورِا دەربڕین لە هوتێلی چوارچرا رێکخست.

لەم کۆڕەدا دکتۆر جەمشید حەیدەری باسێکی دەربارەی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) کە گۆڤارێکی وەرزی سەندیکایە پێشکەشکرد، (رێبوار سیوەیلی)یش لەبارەی بێلایەنی رۆژنامەگەری باسێکی خوێندەوە، هەروەها هەڵکەوت عەبدوڵڵا باسەکەی بەناوونیشانی (ئازادی رۆژنامەگەری) بوو، بابەتەکە (کاروان عەبدوڵڵا)ش سەبارەت رۆژنامەگەری دوای راپەڕینی ١٩٩١ بوو، دوای پێشکەشکردنی بابەتەکان لەلایەن ئامادەبووانەوە گفتوگۆیان دەربارە کرا.

شایانی باسە سەندیکا بەم بۆنەیەوە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری (رۆژنامەنووس)ی دەرکرد،

لەگەڵ ژمارەیەک تایبەت لە رۆژنامەی (الصحفی) بە زمانی عەرەبی، ئەم دوو چاپکراوەش لەگەڵ باجی سەندیکا بەسەر میوانان و ئامادەبووانی کۆڕەکە دابەشکرا.

* * *

# لقی سلێمانی سەندیکا یادی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی دەکاتەوە

بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی. لقی سلێمانی سەندیکا. چەندین چالاکی بە ئەنجام گەیاند، لە رۆژی (٤/٢١) پێشانگایەکی تایبەت بە کاریکاتێر لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی لەلایەن رۆژنامەنووس فەرید زامدار سکرتێری لقی سلێمانی کرایەوە.

لەم پێشانگایەدا کاریکاتێریستان (کاکە عەبە، ئەحمەد خۆشنووس، بەیان بابان) بەشداربوون و ژمارەیەک لە کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان و هونەرمەندان ئامادەی بوون.دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژیش یاری کۆتایی خولی تۆپی پێ بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن لەنێوان هەردوو تیپی (ئاوێنە) و (نووسینگەی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بەڕێوەچوو و تیپی نووسینگەی ناوەندی بە (٢) گۆڵی بێ بەرامبەر پاڵەوانیەتی خولەکەی وەدەست هێنا.

سەر لەبەیانی رۆژی (٤/٢٢)یش لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی، لەلایەن جەوهەر کرمانج یاریدەدەری رۆشنبیری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشانگایەکی تایبەت بەرۆژنامەگەری کوردی کرایەوە کە چەندین رۆژنامەی کۆن و تازەی تیایا نمایش کرابوون. دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژیش لقی سلێمانی سەندیکا پێشانگایەک بۆ وێنەی فۆتۆگرافی رێکخست، ئەم پێشانگایەک لەلایەن جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان و نووسەرو رۆژنامەنووسی دێرین مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم کرایەوەو چەندین هونەرمەندی بە توانای ئەم بوارە تیایدا بەشداربوون و بووە مایەی خۆشحاڵی و رەزامەندی ئامادەبووان.



* * *

## لقی کەرکووکی سەندیکا بڕوانامەی ڕێزلێنان بەسەر ڕۆژنامەنووسانی بواری وەرزشدا دابەش دەکات



**کەرکووک. فوئاد شوانی:**

لە چوارچێوەی ئاهەنگگێڕان بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەڕۆژی(٢٢/٤/٢٠٠٧)دا. لقی کەرکووکی سەندیکا بڕوانامەی ڕێزلێنانی بەسەر (١٣) لە ڕۆژنامەنووسانی بواری وەرزشیدا دابەشکرد، کە ئەم ڕۆژنامەنووسانە لە خولێکی ڕۆشنبیری بۆ ماوەی دوو هەفتە بەشداربوون.

لە ڕێورەسمی دابەشکردنی بڕوانامەکان، سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکاو سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی/ لقی کەرکووک و بەرپرسی وەرزشوانانی باکووری عێراق ئامادەبوون.

* * *

## بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراقی پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات

**ڕۆژنامەنووس شەهاب تەمیمی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی پیرۆزبایینامەیەکی ئاراستەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

هاوکاری بەڕێزمان فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

لەگەڵ ئێوەدا یادی دەرچوونی ژمارە یەکی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە (٢٢)ی نیسانی ١٨٩٨ لە شاری قاهیرەدا دەکەینەوە، ئەم یادەی کە بە جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردیتان ناساندووە، بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییەکی گەرمتان لێدەکەین و هیوادارین هاوکارانمان لە هەرێمی کوردستان هەردەم لە پێشکەوتن دابن و لە تێکۆشانی پیشەییان بۆ بەختەوەرکردنی خێزانی ڕۆژنامەگەری کوردی بەردەوام بن.

هاوکارانی ئازیز. جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کەوا ئێمەو ئێوە بەیەک ڕێگادا دەڕۆین، لەپێناو داکۆکیکردنی لە مافەکانی گەلی عێراق بە گشتی، هەروەها لە پێناو کاری بەردەوام بۆ دابینکردنی بەختەوەری و ڕەوشێکی باشتر بۆ کارکردنی پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراق، لەژێر سێبەری ئازادی و دیموکراسیەتدا لە عێراقێکی فیدراڵدا، کە بەردەوامی و سەقامگیری بۆ دەخوازین، بە شێوەیەک ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی بەبێ هەڕەشەو کوشتن و دەستگیرکردن تیایدا دابین کراوبێت.

سڵاو لە تێکۆشانتان، نەمری بۆ شەهیدانی ڕۆژنامەگەری عێراقی بەگشتی لە ئەندامانی سەندیکاکەمان و سەندیکاکەتان و هەموو ئەوانەی قوربانیانداوە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریدا. لەگەڵ ڕێزدا

**شەهاب تەمیمی**
**نەقیبی ڕۆنامەنووسانی عێراقی**

❋ ❋ ❋

### لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان

## یەکەم کۆنگرەی نیشتمانی لەپێناو پیادەکردنی ستراتیژیەتی ئەمنی پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی عێراق سازدرا

لە هۆڵی کۆنگرەکان لە هوتێلی چوارچرا لە هەولێر. لە ڕۆژانی (١٠-٢٠٠٧/٥/١١) یەکەم کۆنگرەی نیشتمانی بۆ سەلامەتی پیشەیی، بە دەستپێشخەری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و بەهاوکاری هەردوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و پشتگیری ڕێکخراوی سویدی (LT) و ڕێکخراوی سەلامەتی هەواڵەکانی (INSI).. بەڕێوەچوو.

لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان و وەزیرە پەیوەندیدارەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا و بەڕێوەبەری کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراق و کوردستانی و نوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکان بەشداربوون.

بەشداربووانی کۆنگرە ڕەوشی پڕ مەترسی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ڕاگەیاندنیان تاوتوێکردو بەرنامەیەکی کاریان بەمەبەستی دامەزراندنی گروپێکی عێراقی بۆ سەلامەتی ڕاگەیاندن دارشت.

لەدانیشتنی بەیانی ڕۆژی یەکەمدا. لە گوتەیەکیدا (ئایدان وایت) سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە بەشداری ئەم کۆنگرەیە دەکات، بە داخەوەش ئاماژەی بەکارە تیرۆریستییەکەی بەردەم وەزارەت ناوخۆی هەرێمی کوردستان کرد، کە




لە (٢٠٠٧/٥/٩) لەلایەن تیرۆریستێکەوە ئەنجامدراو بووە هۆی شەهیدو برینداربوونی چەندەها هاوڵاتی بێ تاوان.

پاشان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان گوتەیەکی پێشکەشکرد، تیایدا ئیدانەی کارە تیرۆریستییەکەی شاری هەولێری کردو بەناوی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە سڵاوی لە بەشداربووانی کۆنگرە کردو ئاماژەی بە شەهیدبوونی رۆژنامەنووسان لە شارەکانی بەغداو موسڵ و کەرکووک و هەولێر کرد.

هەروەها گوتی: (بۆ ئەوەی رێگە لەم کارانە بگرین و گیانی رۆژنامەنووسان بپارێزین، ئەم کۆنگرەیە سازدراوە).

جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کەوا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەیە بۆ هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەک لە پێناو دابینکردنی سەلامەتی بۆ رۆژنامەنووسانی عێراق و هیواشی خواست کە کۆنگرەکە سەرکەوتووانە بەڕێوەبچێت و بڕیاری چاک دەربخات و ئەنجامی باشی لێ بێتەدی.

دواتر هەریەک لە (زوهیر چەلەبی) نوێنەری سەرۆک وەزیرانی عێراق و کاروان عەبدوڵڵا نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان و شەهاب تەمیمی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق و کەریم سنجاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، گوتەیان پێشکەشکرد.

لە دانیشتنی ئێوارەو رۆژی دواتر گفتوگۆیەکی تێروتەسەل دەربارەی پرسی سەلامەتی کارمەندانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان کراو بەلاغی کۆتایی کۆنگرەش دەرچوو، کە تیایدا داوا لە هەردوو سەندیکای عێراقی و کوردستانی کرا، گروپێکی عێراقی بۆ سەلامەتی راگەیاندن لە کۆتایی مانگی تەمووزی ٢٠٠٧ دا پێکبهێنن و سەنتەری سەلامەتی پیشەییش لە بەغداو هەولێر بکرێنەوە.

❊ ❊ ❊

## لە بەیاننامەیەکدا لقی موسڵی سەندیکا پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید سەحەر حەیدەری دەکات

لقی موسڵی سەندیکای لە (٢٠٠٧/٦/٧) بەیاننامەیەکی سەبارەت شەهید کردنی ڕۆژنامەنووس (سەحەر حسین عەلی حەیدەری) دەرکرد، بەیاننامەکە سەرەڕای پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید ئاماژە بە ئازایەتی و جوامێری شەهیدی ڕۆژنامەنووس دەکات کە هەموو داواکاری تیرۆریستانی بە مەبەستی وازهێنانی لەکاری ڕۆژنامەنووسی ڕەتکردۆتەوەو سەرەڕای وەرگرتنی چەندین هەڕەشەی کوشتن لە ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆژنامەنووسی بەردەوام بووە، هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە کەوا لەو (٤) ساڵە رابردوودا زیاتر لە (٢٠) ڕۆژنامەنووس گیانیان لەدەست داوە، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێ دەستگیر بکرێت، بۆیە لقی سەندیکا داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی خێرا دەکات، بۆ ئەوەی تاوانباران دەستگیر بکرێن و سزای عادیلانەی خۆیان وەرگرن.

❊ ❊ ❊

## ڕاگەیاندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی

لەکاتێکدا کە جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشکەوتندایە و هەڵگرانی ئالای ئازادی و دیموکراسی ڕوو لە زیادبوونن، لە هەمان کاتدا ڕۆژانە دەبیسترێ کە لەگەڵێ شوێنی وڵاتانی سەر زەویدا ڕۆژنامەنووسان ئازار دەدرێن و گەلێ جاریش تووشی ڕاونان و نان بڕین و گرتنیش دەبن.

ئێمە وەک ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە توندی ئەو جۆرە ڕەفتارانە مەحکووم دەکەین لەهەر شوێنێک ڕوو بدات و جارێکی تریش دوو پاتی دەکەینەوە کە ئازادیی بیروباوەڕ و نووسین و ڕادەربڕین و ڕەخنەی دوور لە تانەو تەشەر دەبێ بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین بکرێ لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەبن.

ئەنجوومەنی سەندیکا ڕۆژی جیهانی بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسیی دەکاتە دەرفەتێک بۆ جەخت کردنەوە لەسەر (چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان)، کە دروشمی ناوەندی سەندیکایەو هەمیشە لە هەموو بۆنە و ڕووداوێکی تایبەت بە کاری ڕۆژنامەنووسی پابەندبوونی خۆمانی پێوە نیشانداوە.

سەرەڕای ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی کە دێنەسەر ڕێگای کار و ئازادی ڕۆژنامەنووسی کە ئەویش خۆی لە هەندێ پێشێلکاری دەبینێتەوە کە ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە، کەئەویش بەهۆی نەبوونی یاسایەکی پێشکەوتوو سەردەمیانە کە لە ئاستی قۆناغ و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی بێت لەنێو کۆمەڵگادا.

بۆیە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێویستیان بە چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی هەیە بۆ پاراستنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، کە دەبێ بنەماکانی سەربەخۆیی ڕۆژنامەو گۆڤار و کەناڵەکانی

راگەیاندن بپارێزرێ و هەولیش بدرێ زیاتر گەشە بكات تا بگاتە ئاستێكی باڵا لە گەشەكردن و لە رووی پیشەییەوە.

بەلای ئێمەوە ئەو زامن كردنەش بە یاسا دەبێ، بۆ ئەوەی یاساكەش تایبەتمەندیی خۆی هەبێ، ئاشكراشە كە ئەنجوومەنی سەندیكا لە ٢٠٠٦/١٠/١٧ دا پرۆژەی یاسای كاری رۆژنامەنووسی لە كوردستاندا پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كردووە. بۆیە لەم رۆژەدا داوا لە پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین كە هەرچی زووە ئەو یاسایە پەسەند بكرێ، بۆ ئەوەی هەمیشە یاسا سەروەربێ و هیچ دەزگایەكی تر بۆی نەبێ دەست بخاتە كاری رۆژنامەنووسانەوە.

لەم رۆژەدا كە ئازادیی رۆژنامەنووسیی دروشمی سەرەكی هەموو رۆژنامەنووسانە لەجیهاندا جەخت لەسەر بەرفراوانی مەودای ئازادیی نووسین و رادەربڕین لە كوردستاندا دەكەینەوەو لەهەمان كاتیشدا ئەوە دووبارە دەكەینەوە كە دەبێ هەموو لایەكمان لەمانای ئازادیی بگەین و بە شەفافیەتەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەكاندا بكرێ.

هیواخوازین كە رۆژنامەنووس لەسەر دەربڕینی را، ئازار نەدرێ و بەر لێپرسینەوە نەكەوێ، با هەمیشە یاسا سەروەربێ و بۆ پەیڕەوكردنی میكانیزمی ئەو جۆرە كارانەش دەبێ سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ئاگاداری هەموو جۆرە لێكۆڵینەوەیەك بێ كە لەگەڵ رۆژنامەنووساندا دەكرێ لەسەر كاری رۆژنامەنووسی، هەر لەم رۆژە پیرۆزەشدا داوا لە سەرجەم رۆژنامەنووسانی كوردستان دەكەین كە زیاتر پابەندبن بە پاراستنی ئەخلاقیاتی پیشەیی رۆژنامەنووسی.

**ئەنجوومەنی سەندیكای**
**رۆژنامەنووسانی كوردستان**
**هەولێر- ٢٠٠٧/٥/٣**

❊ ❊ ❊

## دوای نۆژەنكردنەوەی
# نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان بارەگای لقی كەركووكی سەندیكا دەكاتەوە

**كەركووك. رزگار شوانی:**
دوای ئەوەی بارەگای لقی كەركووكی سەندیكا لە ئەنجامی كردەیەكی تیرۆریستی كە لەگەڕەكی رەحیماوای شاری كەركووك لە (٢٠٠٧/٤/٢)دا روویدا، زەرەرو زیانی لێكەوت و پاشان نۆژەنكرایەوە.

فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان سەر لە بەیانی رۆژی (٢٠٠٧/٤/٢٤) بە ئامادەبوونی ژمارەیەكی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان بارەگاكەی كردەوە لە گوتەیەكیدا ستایشی رۆڵی بەرێز فەخری كەریم سەرۆكی دەزگای ئەلمەداو راوێژكاری سەرۆكی عێراق فیدراڵ بۆ كاروباری رۆشنبیری كرد كە (٢٠) ملیۆن دیناری بەخشی بە مەبەستی نۆژەنكردنەوەی بارەگای لقی كەركووك.

هەروەها گوتی: (ئەم كارە تیرۆریستیانە لە هیمەت و ورەی خەڵكی ئەم شارە كەم ناكانەوەو داوای لە رۆژنامەنووسانی شارەكەش كرد بۆ ئەوەی چالاكانە لە پێناو پیادەكردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی هەمیشەیی كاربكەن).

❊ ❊ ❊

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
# لە بیست و شەشەمین کۆنگرەی
# فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بەشدار دەبێت

**ئا: شێرکۆ حەبیب**

لە رۆژانی (٥/٢٨ – ٢٠٠٧/٦/١)، بیست و شەشەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، لە ژێر دروشمی (داڕشتنی هەواڵ لەپێناو دیموکراسییەتدا) لە مۆسکۆی پایەختی روسیا بەڕێوەچوو.

لەم کۆنگرەیەدا (٨٧) شاندی سەندیکایی و (٢٨٥) نوێنەر لەنێوانیاندا شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە (١٣) ئەندامەوە بەشداربوون.

شاندی کوردستان لە هەولێری پایەختی هەرێمی کوردستانەوە گەیشتە (عەمان)ی پایەختی شانشینی ئەردەن، لەوێشەوە ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٧/٥/٢٥) گەیشتنە هوتێلی (میژدۆنا رۆدنایا) لە مۆسکۆ، کە شوێنی حەوانەوەی شاندەکان بوو و هەروەها شوێنی بەستنی کۆنگرە بوو.

دوای گەیشتنی شاندەکانی دیکە لە رۆژانی (٢٦، ٢٧)دا، سەر لە بەیانی رۆژی (٥/٢٨) لە دانیشتنێکدا باس لە رەوشی رۆژنامەگەری لە رووسیادا وئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش رەوتی رۆژنامەگەری لەم ولاتەدا تاوتوێکران.

ئامادەبوونی شاندی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە جل و بەرگی نەتەوەییانەوە، بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی بەشداربووانی کۆنگرەو کەناڵەکانی راگەیاندن و لەلایەن ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆن پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

لە ئێوارەی هەمان رۆژدا، کۆنگرە لە هۆڵی کۆنگرەکاندا لە سەنتەری بازرگانی جیهانی بەگوتەیەکی ئایدان وایت دەستیپێکرد، لە گوتەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە





پێویستە رۆژنامەنووسان زێدەتر هەوڵی ئەوە بدەن روو بەڕووی مەترسییەکان ببنەوە، ئاماژەی بە رەوشی نالەباری رۆژنامەنووسانی عێراقی کردو داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد، کە هاوکاری رۆژنامەنووسانی عێراقی بکەن.

لە دانیشتنی یەکەمی رۆژی یەکەمدا، دەستەی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی کۆنگرە هەڵبژێردرا، دواتر بەشداربووان سەبارەت ئەو مەسەلانەی پەیوەندیدارن بە رەوشی رۆژنامەگەری گفتوگۆیان کردو راپۆرتی سکرتێری گشتی فیدراسیۆن خوێندرایەوە، لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی بەو ئاستەنگانە کرا کە دێنە بەردەم رەوتی رۆژنامەگەری لە عێراقدا.

ئینجا گوتی: "دوای ئەوەی دەستەی تازەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق هەڵبژێردرا، کە لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتدا لەلایەن عودەی کوڕی سەدامی دیکتاتۆرەوە کۆنترۆڵ کرابوو، ئێستا ئەم سەندیکا تازەیە بەبەردەوامی لە هەوڵی ئەوە دایە داکۆکی لە رۆژنامەنووسان بکات".

سەبارەت رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستانیش، رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لە بواری داکۆکیکردنی لە رۆژنامەنووسان و دابینکردنی ئازادی رۆژنامەگەری بەرزنرخاند و ئاماژەی بە پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا کرد.

لە دانیشتنی تایبەت بە گفتوگۆکردن دەربارەی راپۆرتی سکرتێری گشتی چەندین لە ئەندامانی شاندەکان بیروڕای خۆیان دەربڕی، لەنێوانیاندا رۆژنامەنووس مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان،، کە روونکردنەوەی سەبارەت چەند خاڵێکداو ئاماژەی بە دەستکەوتەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ رۆژنامەنووسان کرد.

دواتر شاندەکان نوێنەرانی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی فیدراسیۆن و جێگرەکانی و بەرپرسی دارایی و ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردن پاڵاوت.

لە دانیشتنی ئێوارەدا چەندین بابەت دەربارەی ئازادی بیروڕا پێشکەشکران، بەڕێز (موفید جەزائیری)یش بابەتێکی سەبارەت بەو توندوتیژییەی رووبەڕووی رۆژنامەنووسانی

عێراقی دەبنەوە، پێشکەشکرد.

هەروەها هەریەک لە نوێنەرانی (بەریتانیا، ئەمریکا، روسیا) دەربارەی کاری رۆژنامەگەری دوان.

لە دانیشتنی بەیانی رۆژی سێیەمدا، بەڕێز بریماکۆف سەرۆک وەزیرانی پێشووتری روسیا ئامادەبوو، گوتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، تیایدا سەبارەت رەوشی رۆژنامەگەری و ئەو ئاستەنگانەی رووبەڕووی دەبنەوە دوا، پاشان وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامانی شاندە بەشداربووەکانی دایەوە، زۆربەی پرسیارەکان دەربارەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووبوو.

سەبارەت رەوشی عێراقیش گوتی: "لەکاتی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت، سەردانی سەدامم کردو داوام لێکرد نەرمی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بنوێنێ و پەراوێزێک بۆ دیموکراسیەت دابین بکات، بەڵام بەداخەوە هیچی لەم بارەیەوە جێبەجێ نەکرد".

دەربارەی پرسی کوردستانیش، ئاماژەی بە دیداری لەگەڵ بارزانی نەمر کردو گوتی: "بارزانی داوای حوکمی زاتی دەکرد، منیش لەگەڵ ئەم بیرورایەم لەم قۆناغەدا".

لەکاتی دابەزینی بریماکۆف لەسەر سەکۆی گوتارداندا جێگری رۆژنامەنووسانی کوردستان مستەفا ساڵح کەریم سڵاوی ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێز جەلال تاڵەبانی پێ راگەیاند، بریماکۆف سوپاسی کردو داوایکرد سڵاوی بە تاڵەبانی بگەیەنێت، هەروەها سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا شێرکۆ حەبیب لەگەڵ بریماکۆف کەوتە دوان، کاتێ بریماکۆف پرسی بیرورات چییە دەربارەی گوتەکانم..؟ رۆژنامەنووس شێرکۆ وەڵامی دایەوەو گوتی: "من لەگەڵ بیرورای بەڕێزتان نیم. چونکە رەوشی ئێستا لەگەڵ رەوشی پێش چل ساڵ جیاوازەو گەلی کوردستانیش مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە".

بریماکۆف لە وەڵامدا گوتی: "منیش لەگەڵ بیروبۆچوونی گەلی کوردستانم".

پێش دەرچوونی لەهۆڵەکە، بە هەردوو رۆژنامەنووسانی راگەیاند کە ئارەزووی سەردانی کوردستان دەکات، لە وەڵامدا رۆژنامەنووس شێرکۆ گوتی: "ئەم ئارەزوو بۆ



هەواڵنامەی کتێب

حكومەتی هەرێمی كوردستان دەگوازمەوە".

لە دانیشتنی ئێوارەدا راپۆرتی دارایی لەلایەن بەرپرسی دارایی پێشوو جیم بۆمیلا خوێندرایەوە، دواتر دەنگ بۆ پەسندكردنی راپۆرتی سكرتێری گشتی و دارایی درا، كە بە زۆرینەی دەنگ پەسند كران، پاشان دەنگەكان بۆ پاڵیورانی سەرۆكایەتی جیاكرانەوەو رۆژنامەنووس (جیم بۆمیلا) وەك سەرۆكی فیدراسیۆن بۆ ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٠) هەڵبژێردرا.

دواتر سەرۆكی دانیشتنەكە داوای لە پاڵێوراوانی لیژنەی جێبەجێكردن كرد، بۆ ئەوەی هەریەكێكیان گوتەیەك پێشكەش بكات، شایانی باسە (٢٨) پاڵێوراو ركابەرییان كرد، بۆ یەكەمین جاریش سەندیكایەتی كوردستانی نوێنەری خۆی بۆ رێكخراوێكی نێودەوڵەتی پاڵاوت، كە ئەویش رۆژنامەنووس شێركۆ حەبیب بوو، لە گوتەكەیدا هاوكارمان شێركۆ سڵاوی رۆژنامەنووسانی كوردستانی و عێراقی بە بەشداربووانی كۆنگرە گەیاندو ئاماژەی بە ترسناكی رەوشی رۆژنامەنووسانی عێراقی كرد، كە رۆژانە چەندین رۆژنامەنووس دەرفێندرێن و دەكوژرێن وئەوانەی ئەم كارەش دەكەن، دوژمنانی دیموكراسین و پاشماوەی رژێمی سەدامی دیكتاتۆرن و داواشی كرد دەستی یارمەتی بۆ رۆژنامەنووسانی عێراقی درێژ بكرێت.

سەبارەت رەوشی كوردستانیش رۆژنامەنووس شێركۆ جەختی لەسەر سەقامگیری و ئارامی لە هەرێمی كوردستان كردەوەو كە دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ كوردو نەتەوەكانی دیكەی كوردستان لەژێر چەتری ئارامی و ئازادی و ئاشتیدا دەژین و هیچ جیاوازییەكیش لەنێوان كوردو عەرەب و توركمان و كلدو ئاشووردا نییە، كە هەریەك لەم نەتەوانە كەناڵی راگەیاندنی تایبەت بەخۆیان هەیە.

هەروەها رۆژنامەنووس شێركۆ حەبیب ئاماژەی بە (٣٥) ساڵ دەردەسەری لەژێر چەپۆكی دیكتاتۆرییەت دا، كە ئەم رژێمە (٥٠٠٠) گوندی لە كوردستان خاپوور كردو شاری هەڵەبجەی بە چەكی كیمیاوی بۆردومان كردو (٨٠٠٠) بارزانی زیندەبەچاڵ كردو زیدەتر لە (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار كوردی فەیلی یا كوشت و یاخود شار بەدەرییانی كرد.

پاشان ئاماژەی بە رۆڵی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لە بواری دابینكردنی ئازادییەكان و دەستەبەركردنی مافی رۆژنامەنووسان كرد.

لەكاتی جیاكردنەوەی ئەو دەنگانەی بۆ پاڵیوراوانی لیژنەی جێبەجێكردن درابوون، پاڵێوراوی سەندیكای كوردستان شێركۆ حەبیب (٧٥) دەنگی هێناو (١٨) هەژدەمین ناوبوو لەنێو پاڵیوراواندا.

ئەوەی پێویستیشە بگوترێن ژمارەی ئەندامانی لیژنەی جێبەجێكردن (١٦) ئەندامە.

لە جەولەی دووەمیش بۆ هەڵبژاردنی یەدەگەكان (١١٥) دەنگی هێنا دوا براوەش (١٢١) دەنگی هەبوو.

شایانی باسە شاندی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان وەكو ئەندامی بەشدار لە بیست و پێنجەمین كۆنگرەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان كە لە ئەسینای پایتەختی یۆنان لە ساڵی (٢٠٠٤)دا سازدرا، بەشداربوو.

ئەندامی بەشداریش مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی نییە، بەڵام لەم كۆنگرەیەدا وەك (ئەندامی كارا) بەشداربوو، كە مافی پاڵاوتن و دەنگدانی هەبوو، ئەو دەنگانەی پاڵیوراوی سەندیكاش وەدەستی هێنا، چەندین پاڵیوراوانی سەندیكاییەكانی دیكە كە چەندین ساڵە ئەندامی كاران لە فیدراسیۆندا نەیانتوانیوە وەدەستی بهێنن، هەرچەندە بۆ چەندین جاریش خۆیان پاڵاوتووە، ئەمەش بەڵگەیەكە كە سەندیكای كوردستان جێگەی لەنێوان سەندیكا نێودەوڵەتییەكان كردۆتەوەو بەرێزەوە لەلایەن ئەندامانی فیدراسیۆنەوە سەیری دەكرێت.

شاندی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانیش بۆ كۆنگرەكە لەم




رۆژنامەنووسانە پێکهاتبوو لە: (فەرهاد عەونی/ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، مستەفا ساڵح کەریم/ جێگری نەقیب، زیرەک کەمال/ سکرتێری سەندیکا، حامید محەمەد عەلی و فەهیم عەبدوڵڵا و ئەکەد موراد و خالید بەکر ئەیووب و ئەنوەر حوسێن/ ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاو شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەو شێخ سدیق سکرتێری لقی کەرکووک و عەبدوڵڵا زەنگەنە سەرنووسەری گۆڤاری رۆژنامەنووس و نەوزاد پۆلس ئەندامی لیژنەی چاودێری و دکتۆر رەزوان بادینی مامۆستای بابەتی راگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر)..

❊ ❊ ❊

# شاندی سەندیکا سەردانی بارەگای یەکێتی رۆژنامەنووسانی رووسیا دەکات

شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی بەشداربوو لە (٢٦)ەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، سەر لە بەیانی رۆژی (٦/٤) سەردانی بارەگای یەکێتی رۆژنامەنووسانی رووسیای کردو لەلایەن رۆژنامەنووس ئیکۆر باکو فینکۆ سکرتێری گشتی یەکێتییەکە پێشوازی لێکرا.

لە سەرەتای دیدارەکە بەڕێز باکو فینکۆ بەخێرهاتنی شاندی کوردستانی کرد، دواتر نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بارەی پێکهاتەی سەندیکاو دروشمە سەرەکییەکەی دواو داوای ئەوەشی کرد کە خولی راهێنان بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان بکرێتەوە.

پاشان هەریەک لە رۆژنامەنووسان مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و شێرکۆ



حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە، سەبارەت رەوشی رۆژنامەگەری لە عێراق و کوردستان دوان. لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا بەڕێز باکو فینکۆ رەخنەی لە راگەیاندنی روسیا گرت، کە ئیش و کارەکانی کۆنگرەی بە هەند هەڵنەگرتووەو جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کەوا رووسیا و عێراق لەنێوان ئەو دەوڵەتانەن کە زۆرترین شەهیدی رۆژنامەنووسیان هەبووە، دواتر ئامادەیی یەکێتییەکەی دەربڕی بۆ کردنەوەی خولی راهێنان بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان، چ لە رووسیادا یاخود ناردنی پسپۆڕو شارەزا بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە.

لەکۆتایی دیدارەکە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دروشمی سەندیکای پێشکەش بە سکرتێری گشتی یەکێتی رۆژنامەنووسانی روسیا کرد.

شایانی باسە بەڕێزان خۆشەوی مەلا ئیبراهیم نوێنەری حکومەتی هەرێم لە روسیا و شۆڕش خالد بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم وڵاتەدا ئامادەی ئەم دیدارە بوون.

* * *

# سەردانی شاندی سەندیکا بۆ پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای زانستەکان لە رووسیا

شاندی سەندیکای بەشداربوو لە (٢٦)ەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، دوای سەردانەکەی بۆ بارەگای یەکێتی رۆژنامەنووسانی رووسیا و لە هەمان رۆژدا، سەردانی پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای زانستەکانی روسیا کردو لەلایەن (ئۆلکا ئیفا نوفنە زیگالینە) سەرۆکی بەشی کوردی و ژمارەیەک لە



توێژەرانی پەیمانگاکە پێشوازی لێ کرا.
لە میانی دیدارەکەدا بەڕێز زیگالینە بەخێرهاتنی شاندی کوردستانی کردو سەبارەت بایەخدانی زانایانی روس بە مێژوو و رۆشنبیری زمانی کوردی دواو گوتیشی: "ساڵانە لەم ئەکادیمییەدا چەندین کۆڕو کۆنفرانس دەبەسترێت و ئەم باسانەی لەم کۆنفرانسانەدا پێشکەش دەکرێن بەشێوەی کتێب چاپ دەکرێن، لەم بوارە داوای لە نووسەران و ئەکادیمییەکانی کوردستان کرد، کە لەم چالاکییانەدا بەشداربن و باس توێژینەوەی خۆیان بۆ ئەکادیمیا بنێرن.
هەروەها خانم زیگالینە پێشنیاری ئەوەی کرد یادی (١١٠) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی بە بەشداربوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و هاوکاری مامۆستایان و توێژەرانی ئەکادیمیا لە (مۆسکۆ) بکرێتەوە.
لە کۆتایی دیدارەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆمەڵێک لە چاپکراوەکانی سەندیکاو چەند ژمارەیەک لە گۆڤاری (رۆژنامەنووس) و ئاڵای سەندیکای پێشکەشی بە ئەکادیمیا کرد.
شایانی باسە شۆڕش خالید بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە مۆسکۆ هاوڕێیەتی شاندی سەندیکای کرد لەم سەردانەدا.

❊ ❊ ❊

## باڵیۆزخانەی عێراق لە مۆسکۆ ئێوارە خوانێک بۆ شاندی سەندیکا ساز دەکات

ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٧/٥/٣١) رێزدار عەبدولکەریم هاشم مستەفا باڵیۆزی عێراقی لە مۆسکۆ ئێوارە خوانێکی بۆ شاندی سەندیکای بەشداربوو لە (٢٦)ەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان ساز کرد.

لەمیانی ئێوارە خوانەکەدا باڵیۆزی عێراقی بەخێرهاتنێکی گەرمی شاندی کوردستانی کردو سەبارەت بە رەوشی عێراقیش گوتی: "بەرامبەر کارە تیرۆریستییەکان پرۆسەی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بەرەو پێشەوە دەچێت".

دواتر نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دروشمی سەندیکای پێشکەش باڵیۆزی عێراقی کردو لە گوتەیەکیشدا جەختی لەسەر یەکێتی خاکی عێراقدا کردەوەو ئاماژەی بەوەشدا کە شاندی سەندیکای عێراقی نەیتوانیوە ئامادەبێت، بۆیە سەندیکای کوردستانی بە هەماهەنگی لەگەڵیاندا لەجیاتی ئەوانیش دەنگی دا، بەم جۆرە سەندیکای کوردستانی توانی دەنگی سەندیکای عێراقی بە کۆنگرە بگەیەنێت.

❊ ❊ ❊

# نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان موحازەرەیەک لە سەنتەری رۆژنامەنووسی سەربەخۆ پێشکەش دەکات

لە رۆژی سێیەمی، بیست و شەشەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە (٢٠٠٧/٥/٣٠)دا، سەنتەری رۆژنامەنووسی سەربەخۆ لە مۆسکۆ میوانداری رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، بەرێزیان موحازەرەیەکی سەبارەت رەوشی کوردستان و رەوتی رۆژنامەگەری کوردستانی و مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی پێشکەشکرد، پاشان وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە.

❊ ❊ ❊

# چەند گرتەیەک
# لە هەواڵ و چالاکییەکانی شاندی سەندیکا لە مۆسکۆ

• سەر لە ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٧/٥/٢٥) شاندی سەندیکا بە مەبەستی بەشداربوون لە (٢٦)ەمین کۆنگرەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسانی گەیشتە فرۆکەخانەی (دمدیدڤا) لە مۆسکۆ، لەلایەن بەرێز شۆرش خالید بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی لە مۆسکۆ، پێشوازی لێکراو لەگەڵ چەند هاورێیەکی دیکە هاورێیەتی ئەندامانی شاندەکەیان کرد بۆ هوتێلی (میژدونا رودنایا) کە کۆنگرەی فیدراسیۆنی تیا دەبەسترێت. سەر لە بەیانی رۆژی دواتر (٥/٢٦) ئەندامانی شاندی کوردستانی بەهاورێیەتی بەرێز شۆرش خالید سەردانی کرملین و گۆرەپانی سوورو مەزاری (لینین)یان کردو دواتر گەشتێکی بەسەرکردنەوەیان بەنێو شاری مۆسکۆدا کرد.

• سەر لە بەیانی رۆژی (٥/٢٧) ژمارەیەک لە ئەندامانی شاندەکە بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی بەشەکانی سەردانی زانکۆی مۆسکۆیان کرد. دوای نیوەرۆی هەمان رۆژ شاندی وڵاتان پەیتا پەیتا گەیشتنە شوێنی بەستنی کۆنگرەو دەستەی سکرتایەتی فیدراسیۆنیش باجی تایبەتی کۆنگرەی بەسەر ئەندامانی کۆنگرە دابەشکرد.

• دوای کۆتیی هاتنی دانیشتنی ئێوارەی رۆژی کردنەوەی کۆنگرە (٥/٢٨)، ئەندامانی

کۆنگرەی گوڵی سووریان لە تەنیشت وێنەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس دانا، ئەم وێنانەش زۆر بە جوانی لە باڵێکی تایبەت هەڵواسرابوون.

• ڕۆژی (٥/٣٠) شاندی داغستانی لە باڵی تایبەتی خۆی، مێوانداری شاندی کوردستانی کرد، لەم مێوانداریيەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە گوتەیەکیدا، هیوای پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ڕۆژنامەنووسانی هەردوو لای خواست و باجی سەندیکاشی پێشکەش بە سەرۆکی شاندی داغستانی کرد، کە ئەمیش لەلایەن خۆیەوە ژمارەیەک لە کتێبەکانی نووسەری گەورەی داغستان ڕەسوڵ هەمزاتۆف پێشکەش سەندیکای کوردستان کرد. هەروەها شاندی سەندیکا چاوی بە نوێنەرانی باڵی سەندیکاکانی (ئازربیجان و کازاخستان و سوید) کەوت.

• شاندی کوردستانی چاوی بە نوێنەرانی سەندیکای دەوڵەتانی (بەریتانیا، یۆنان، ئێران، ئەڵمانیا، فەلەستین، کوێت، هیند، جەزائیر، مەغریب، ڕوسیا، پۆلۆنیا، سیبیریا، یەمەن، فەرەنسا، پاکستان، کۆریای باشوور، ئەمریکا، نەرویج) کەوت، لەم دیدارانەدا زانیاری ئاڵوگۆڕ کراو چۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندییەکان باسی لێوە کرا.

• ئێوارەی ڕۆژی (٦/٢) دوای بەکۆتا هاتنی کارەکانی کۆنگرە، بەڕێز شۆڕش خالید بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی، لەسەر شەرەفی شاندی کوردستانی ئێوارە خوانێکی ڕێکخست.

ئەم ئێوارەخوانەش هاوکات بوو لەگەڵ یادی (سی و دوو) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەم بۆنەیەوە دکتۆر خۆشەوی مەلا ئیبراهیم نوێنەری حکومەتی هەرێم لە مۆسکۆ گوتەیەکی پێشکەش کرد، تیایا پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردایەتی و جەماوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد، ئاواتەخوازبوو هاوکاری و تێکۆشانی هاوبەشی لەنێوان هەموو لایەنەکاندا پەرە بسێنێت، بۆ ئەوەی دەستکەوتی زیاتر بۆ گەلی کوردستان وەدەست بهێنرێت.

• لە پەراوێزی ڕۆژانی بەستنی کۆنگرەدا، شاندی سەندیکا سەردانی (گوندی ڕۆژنامەنووسان) لە مۆسکۆ کرد، هەروەها دکتۆر ئەمین کەسایەتی ناسراوی کورد لە ڕوسیا نیوەڕۆخوانێکی بۆ شاندی کوردستانی ڕێکخست و ڕۆژنامەنووس (ئەکەد موراد) ئەندامی ئەنجومەن چاوی بە بەڕێزان پۆلین گورگیس قونسولی عێراقی لە مۆسکوو لوئەی مارزینا بەڕێوەبەری قوتابخانەی عێراقی کەوت.

***

# فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان پشتگیری خۆی بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دووپات کردەوە

**لە وەڵامنامەیەکدا بۆ ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، بەڕێز (جیم بۆمیلا) سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، پشتگیری خۆی بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دووپات کردەوە، ئەمەی خوارەوە دەقی وەڵامنامەکەیە:**

**ئازیزم شێرکۆ..**

سوپاسی هەست و وشە ناسکەکانتان دەکەم. پشتگیریمان بۆ سەندیکا بەردەوام دەبێت، من لەو بڕوایەدام کارەکانتان بەرەو باشتر دەڕوات، پیرۆزبایی لە تۆو ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی دەکەم، سەبارەت

ئەو ئەرک و ماندووبوونەی دەیکێشن لە پێناو داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانی عێراق و کوردستان، رەنگە بۆ جارێکی دیکە گەر بوار برەخسێت سەردانی کوردستان بکەم. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم..

ئەمەی خوارەوەش دەقی پیرۆزباییەکەی رۆژنامەنووس (شێرکۆ حەبیب)ە، کە بەناوی ئەنجومەنی سەندیکاوە ئاراستەی (جیم بۆمیلا)ی کردبوو.

**ئازیزم رێزدار جیم بۆمیلا..**

لە جیاتی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، پیرۆزباییتان لیدەکەم بەبۆنەی هەڵبژاردنتان وەک سەرۆکی تازەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم لە پایە نوێیەکەتان، ئێمە هەردەم پشتگیری و هاوکاریتان بۆ سەندیکاکەمان بەرز دەنرخێنین، هیوادارم دەرفەتت بۆ برەخسێت و سەردانی کوردستان بکەیت.

**شێرکۆ حەبیب**
**سکرتێری نووسینگەی**
**پەیوەندییەکانی دەرەوەی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

❊ ❊ ❊

# شاندێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی بارەگای یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا دەکات




شاندێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەرێزان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان و شێرکۆ حەبیب سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا رۆژی (٢٠٠٧/٧/٤) سەردانی بارەگای یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیان کرد. شاندەکە لەلایەن سەرۆکی یەکێتییەکە خاتوو میشێل ستانسترید و

ڕۆژنامەنووس جیم بومیلا ئەندامی دەستەی كارگێڕی –سەرۆكی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان پێشوازی لێكرا.

لەمیانی سەردانەكەدا خاتوو میشیل و جیم بومیلا بەخێرهاتنی شاندی كوردستانیان كرد و ئینجا نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان سەبارەت چۆنیەتی دامەزراندنی سەندیكای دواو ئاماژەی بەو دەستكەوتانەدا كە بۆ ڕۆژنامەنووسان هاتۆتە دی كرد، لەمیانیاندا داكۆكیكردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و دابینكردنی گوزەرانییەكی باش بۆیان و یاسای كاری ڕۆژنامەنووسی لە كوردستان كە بە مەبەستی پەسندكردنی پێشكەش پەرلەمانی كوردستان كراوە.

لە بەرامبەردا خاتوو ستانستريد جەختی لەسەر پشتگیری ڕۆژنامەنووسانی كردەوەو خوازیاربوو كە پەیوەندی نێوان هەردوولا پتەوتر بێت، ئەویش لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕكردنی سەردانەكان و كردنەوەی خولی ڕاهێنان.

پاشان خاتوو میشیل نێوەڕۆخوانێكی بۆ شاندی كوردستان سازكرد.

شایانی باسە سەندیكای بەریتانیا پەیوەندییەكی توندوتۆڵی لەگەڵ سەندیكای كوردستانیدا هەیە، ئەمەش هەر لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە، كاتێ پشتگیری سەندیكای كرد بۆ بوونە ئەندام لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و بەرزكردنەوەی پلەی ئەندامیەتی سەندیكا لە بەشدارەوە بۆ كارا، ڕۆژنامەنووس (جیم بومیلا)ش ڕۆڵێكی كاریگەری هەبوو لەم پشتگیرییە.

❊ ❊ ❊

# مەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا كۆڕێك سەبارەت بە كەركووك سازدەكات

لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٣ مەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لە سەنتەری ڕۆشنبیری پۆلۆنی لە پایتەختی بەریتانیا (لەندەن) كۆڕێكی بۆ مێژوونووس پرۆفیسۆر دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد سازكرد.

لە سەرەتای كۆڕەكەدا ڕۆژنامەنووس شێركۆ حەبیب بەرپرسی مەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا بەخێرهاتنی ئامادەبووانی كردو سوپاسی د.كەمالی كرد، كە سەرەڕای سەرقاڵی بە نووسین و توێژینەوە، ڕەزامەندی بۆ سازدانی ئەم كۆڕە دەربڕی.

لە كۆڕەكەدا د.كەمال سەبارەت كتێبەكەی (كەركووك و دەوروبەری) دواو گوتی: "لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەستم بە ئامادەكردنی ئەم كتێبە كردووە، ئەمیش بە شێوەیەكی نهێنی، چونكە ناوەڕۆكی كتێبەكە لەگەڵ بیروبۆچوونی ڕژێمی دیكتاتۆری نەدەگونجا. ئەم كتێبە باسێكی تێروتەسەلی شاری كەركووك و دەوروبەرەكەی لەخۆ دەگرێت هەر لە سەردەمی عوسمانییەكانەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و سەردەمی شێخ مەحموود، بەشی یەكەمی كتێبەكە پشتی بە (١٥٠) سەرچاوی جۆراوجۆری عەرەبی و كوردی و بیانی بەستووە".

دەربارەی نووسینیشی سەبارەت كەركووك د. كەمال گوتی: "لەساڵی ١٩٥٩ كاتێ قوتابی زانكۆ بووم، گوتارێكی (٦) ئەڵقەییم نووسیی لە ڕۆژنامەی (ئەهالی) بڵاوكرایەوە".

هەروەها گوتی: "بەحوكمی پسپۆڕیم، ئازارەكانی شاری كەركووك و دەوروبەری بوونە هەوێنی دكتۆرنامەكەم كە لە (٤) چوار بەش پێكهاتووە، بۆیە سەیر نییە گەر ژیانم لە شەوەزەنگێكدا بخەمە بەردەستی قەدەرەوەوو مۆمێك لە پێناو عەرەب و توركمان و كورد لە كەركووك و دەوروبەریدا هەڵگیرسێنم".



لە کۆتاییدا گوتی: "ئەم کتێبە دەکەمە دیاری بۆ هەر عەرەبێک کە زۆرداری رەتدەکاتەوە، بەقەدەر ئەوەی کە رازیش نابێت زۆرلێکراوبێت".

دواتر د. کەمال وەڵامی پرسیارەکانی ئامادەبووانی دایەوە.

❋ ❋ ❋

# راگەیەندراوێک
# لە ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

سەعات (١٠)ی پێش نیوەڕۆی شەممە ٢٠٠٧/٧/٢١ ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆبوونەوەی مانگانەیدا لە گەڵێ خاڵی سەرەکی دواو پاش تاوتوێکردن و گفتوگۆکردنی تێروتەسەل گەیشتنە ئەم ئەنجامانە:

١. بەشداریکردنی کاریگەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی (٢٦) بیست و شەشەمینی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کە لە مۆسکۆ لەنێوان (٥/٢٨ – ٧/٧) بەستراو بە بەرزی نرخێنرا و خۆپاڵاوتنی سەندیکا بۆ لێژنەی راپەڕاندن لە (IFJ) بە سەرکەتن دانرا بەتایبەتی دوای ئەوەی کە (١١٥) دەنگی بەدەست هێنا.

٢. سەردانی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیاو دروست کردنی پردی نێوان هەردوو سەندیکاو کۆبوونەوەیان لەگەڵ جیم بومیلای سەرۆکی (IFJ) زۆر بەباشی هەڵسەنگێندراو بەبایەخەوە ئەو دەستپێشخەرییەی جیم بومیلا بۆ پشتگیری سەندیکاکەمان سەیرکرا.

٣. دەربارەی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرە، گەلێک بڕیاردرا بۆ هەنگاونان، بۆ هەڵبژاردنی رۆژنامەنووسان بۆ کۆنگرەی دووەم، بۆ ئەو مەبەستەش جەخت لەسەر ئەوە کرا کە تا ٢٠٠٧/٨/٤ هەر ئەندامێکی پێناسەی نوێ نەکاتەوەو ئابوونەی ساڵانە نەدا لە

کۆنفرانەسەکاندا بۆی نییە بەشداری بکات، چونکە بە کە لە ٢٠٠٧/٨/٥ تا ٢٠٠٧/٩/٣٠ بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و ئازادنە ڕۆژنامەنووسان بە شێوازێکی دیموکراتییانە نوێنەرانیان هەڵدەبژێرن.

٤. ئەنجومەن بەتوندی لەشکرکێشی تورکیای بۆ سەرسنوور مەحکوم کرد کە مەترسییەکی زۆری هەیە بۆ سەر ژیانی هاووڵاتییانی کوردستان و داوا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکات کە بە توندی بەرانبەر بەم کارە دوژمنکارییە بوەستێ، کە ماوەیەکە بەبەردەوامی دێهاتەکانی کوردستان تۆپباران دەکرێ و چەندین ڕۆژنامەنووسمان لەو دەڤەرە کە خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسین ژیانیان لە مەترسیدایە.

٥. ئەنجومەن زۆر بە توندی کارە تیرۆریستییەکەی شاری کەرکووکی مەحکوم کرد کە بووە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی مەدەنی بریندارбوونی ژمارەیەکی زۆرتر کە لەنێوانیان چەندین ڕۆژنامەنووسی تێدابوو، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە هەوڵێکی جدی بدەن بۆ پاراستنی ئاسایشی شاری کەرکوک پارێزگاری ژیانی هاووڵاتیان.

٦. بەوپەڕی بێزارییەوە ئەنجومەنی هەواڵی حوکمی لە سێدارەدانی (عەدنان حەسەن پور) و (هیوا بوتیمار) دوو ڕۆژنامەنووسی کوردی لە ئێران پێ گەیشت/ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەنامەی تایبەتی داوای لە (IFJ) و پەیامنێرانی بێ سنوور کرد کە بکەونە خۆیان و هەوڵ بدەن ئەم تاوانە جێبەجێ نەکرێ/ هەروەها بەیاننامەیەکی نارەزاییشی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئەم جۆرە کارانە بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسانە مەحکوم دەکات لەهەر شوێنێکی بێت و داوا لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دەکات کە ئەو حوکمە هەڵبوەشێنرێتەوە.

٧. جارێکی تریش سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زۆر بە نیگەرانییەوە هەواڵی گرتنی چەند ڕۆژنامەنووسێکی بیست لە کەلارو لە دەربەندیخان و لە هەڵەبجەی شەهیدو هەڵەبجەی تازە، ئەنجومەن داوا لە کاربەدەستان دەکات، با هەمیشە یاسا سەروەر بێ.

٨. ئەنجومەن نیگەرانی خۆی پیشاند بەرانبەر بە دواکەوتنی پرۆژەی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان کە لە ٢٠٠٦/١٠/١٧ پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوەو هەروەها هەموارکردنی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە ١٣ کە لە ٢٠٠٦/٩/٢٦ پێشکەش بە پەرلەمان کراوە.

لەم بارەیەوە ئەنجومەن بڕیاریدا کە نەقیب و جێگری نەقیب سەردانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بکەن بۆ سۆراخ کردنی ئەو دوو پرۆژە.

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٧/٧/٢١**

❊ ❊ ❊

# بانگەوازێک
# لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

بۆ:

- ڕای گشتی جیهانی.
- فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ)/ برۆکسل.
- ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور/ پاریس.
- سەندیکاو ڕێکخراوە ڕۆژنامەنوسییەکانی جیهان.

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەوپەڕی نیگەرانییەوە هەواڵی بڕیاری لە سێدارەدانی هەردوو رۆژنامەنووسی کورد (عەدنانی حەسەن پور) و (هیوا بوتیمار) لە کۆماری ئیسلامی ئێرانی پێگەیشت. ئێمە سەرەڕای ناڕەزایی و مەحکوم کردنی ئەو بریارە، داوا لە سەرجەم ڕێکخراوو سەندیکا رۆژنامەنووسییەکانی جیهان و رای گشتی دەکەین کە گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەو ئازاد کردنیان..

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٧/٧/٢١**

دوا بەدوای بانگەوازەکەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوورو لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان، حوکمی لە سێدارەدانی هەردوو رۆژنامەنووسانی کورد لە ئێراندا ئیدانە کردو بەکارێکی ناڕەوایان لەقەڵەم دا.

بەیاننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان داوا دەکات ئەم حوکمە جێبەجێنەکرێت، چونکە بە شێوەیەکی نهێنی دادگاییەکە بەڕێوەچووە، هەروەها لە بەیاننامەکەدا گوتەیەکی (ئایدان وایت)ی سکرتێری گشتی فیدراسیۆن تۆمارکراوە کە دەڵێت: "ناکرێت حوکمی لە سێدارەدان بەسەر هیچ رۆژنامەنووسێک بەهۆی ئەنجامدانی پیشەکەیەوە بسەپێنرێت، هەرچەندە رووبەڕوو بوونەوەیەکی توندیشی دژی دەسەڵات نواندبێت، بەڵکو پێویستە دادگایەکی عادیلانەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەنجامبدرێت".

هەروەها بەیاننامەکە داوای لە ئەنجومەنی رۆژنامەنگارانی ئێران کردووە، کە لە بارودۆخەکە بکۆڵێتەوەو ئەم دوو رۆژنامەنووسە دادگایەکی عادیلانە بکرێن..

گەر تۆمەتەکەشیان ئیسپات بوو، ئەوا سزا بدرێن، بەڵام نەک بە سزای مردن و لە سێدارەدان.

شایانی باسە فدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (نیو ملیۆن) رۆژنامەنووس ئەندامە تیایداو (١١٧) سەندیکاو یەکێتی رۆژنامەنووسان لە خۆدەگرێت..

هەروەها ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لەلایەن خۆیەوە، ئیدانەی ئەم حوکمەی کردو داوای لە دەسەڵاتدارانی ئێران کرد، پەیڕەوی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بکەن..

لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسانیش بەهەمان شێوە ئیدانەی توندی ئەم حوکمە ناڕەوایەی کرد.

شایانی باسە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، بانگەوازی سەندیکای لە بارەی ئەم حوکمە ناڕەوایە بۆ هەموو ئەندامانی فیدراسیۆن و لیژنەی ڕاپەڕاندن و گشت ڕێکخراوە مرۆییەکان نارد.

❊ ❊ ❊

# ڕەوەندی کوردستان لە لەندەن حوکمی لە سێدارەدانی هەردوو رۆژنامەنووسی کورد لە ئێراندا، مەحکوم دەکات

رۆژی ٢٦ی تەمووزی ٢٠٠٧دەیەها کەس لە ڕەوەندی کوردستان لە پایتەختی بەریتانیا (لەندەن). گردبوونەوەیەکیان سازداو داوایان کرد حوکمی لە سێدارەدانی هەردوو رۆژنامەنووسی کورد (عەدنان حەسەن و هیوا بوتیمار) هەڵبوەشێندرێتەوەو ئازاد بکرێن.

لەم بارەیەوەش یاداشتێکیان (کە ئاراستەی



سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران کرابوو) پێشکەش بە باڵیۆزخانەی ئێرانی لە لەندەن کرد.

شایانی باسە چەندین ڕۆژنامەنووس و نووسەرو ڕووناکبیرو سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەم گردبوونەوەیەدا بەشداربوون.

❋ ❋ ❋

# بەیاننامەی لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستییەکەی (٧/١٦)ی شاری کەرکووک

لەکاتێکدا خەڵکی شاری کەرکووکی خۆڕاگر سەرقاڵی ژیان ئاسایی ڕۆژانەیان بوون و هەنگاویان بۆ زیاتر پێکەوەژیان دەنا و مەبەستیان بوو ئایندەیەکی گەشتر بۆ شارەکەیان مسۆگەرکەن. لە کاتژمێر (١١,٥)ی پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٧/٧/١٦ لە کردەوەیەکی تیرۆریستی دا لەبەردەم بارەگای بنکەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک و نزیک پردی خەبات تەقینەوەیەکی بەهێزو گەورە شاری نائارامکردو لە ئەنجامدا دەیان قوربانی و بریندارى لێکەوتەوە. لەو ڕووداوەدا بەداخەوە چەند ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و نووسەر بوونە قوربانی و بریندار بوون.

لەناویاندا ڕۆژنامەنووسی شەهید (تەیب عەبدوڵڵا جاف) و ڕۆژنامەنووس (مستەفا گەرمیانی) ئەدیب و نووسەر، هەروەها ڕۆژنامەنووسی وەرزشەوان (کابتن مەجید محەمەد) بوونە قوربانی و هەریەک لە ئیدریسی حاجی سەعید و لەتیف فاتیح فەرەج و شوان داودی و هاشم عاصی کاکەیی و سمکۆ بەهرۆز و سەیفەدین صابر و دلێر عەزیز و بورهانی حاجی سلێمان و ئارام کەرکووکی و ستار ئەحمەد و دڵشاد نووری.. هتد، برینداربوون.

ئەم ڕووداوە قیزەونە یەکێکە لە ڕووداوە

ترسناکەکانی دەستی چەپەڵی و ئاژاوەگێری.

ئێمە وەکو لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، وێڕای شەرمەزارکردنی ئەو کردەوە ترسنۆکانەی تەقینەوەکانی (٧/١٦) هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە خەڵکی شاری کەرکووک خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵاینی خۆیەتی و دوژمنانی ئاشتی و ئازادی ناتوانن بەر بەدەسکەوتەکانمان بگرن.

درورد بۆ گیانی شەهیدانی رووداوەکانی (٧/١٦)

ریسوایی و شەرمەزاری بۆ تیرۆریستان

**سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لقی کەرکووک**

وەک وەڵامدانەوەیەکیش بۆ پەیوەندییەکانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، سەبارەت ئەم کردەوە تیرۆریستییە رێکخراوی (رۆری پێک تراست)ی خێرخوازی بەریتانی و رێکخراوی (ئیفکس)، دوو نامەیان بۆ بەڕێز شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا نارد.

لەنامەی (کریستینا سوکوود) سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ئیفکس) هاتووە: هەست بە غەم و پەژارەیەکی زۆر دەکەین، بەرامبەر ئەم رووداوە. پرسەو سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەی قوربانیان و هیوای چاکبوونەوەش بۆ برینداران.

هەروەها (نادین جورات) یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی (رۆری پێک تراست)، لە نامەیەکدا سەرەڕای سەرەخۆشی بۆ خێزانی شەهیدان، داوای زانیاری سەبارەت شەهیدان و برینداربووان کردووە، بە مەبەستی دابینکردنی بڕە یارمەتییەک بەپێی توانا بۆیان.

❋ ❋ ❋

# کۆڕێک لە لقی کەرکووکی سەندیکا سەبارەت بە مادەی (١٤٠)

رۆژی ٢٠٠٧/٧/١١ لقی کەرکووکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان. کۆڕێکی بۆ نوێنەرانی رۆژنامەکان و دەزگاکانی راگەیاندنی هەموو لایەنەکان (کوردی و عەرەبی و تورکمانی) سازکرد، بە مەبەستی باسکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستوورو ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکووک.

لەم کۆڕەدا کە سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکاو دەستەی کارگێڕی لق ئامادەی بوون، جەخت لەسەر گرنگی مادەی (١٤٠) کرایەوەو داوای زوو جێبەجێکردنی ئەم مادەیە کرا، هەروەها بڕیاردرا لێژنەیەک لە لقی کەرکووک پێکبهێنرێت، بە مەبەستی بەدواداچوونی پێشنیارەکانی کۆڕەکە.

❋ ❋ ❋

# بانگەوازێک لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

**سەبارەت زانیاری ناردن دەربارەی رۆژنامەنووسانی شەهید، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەم بانگەوازەی ئاراستەی دەزگاکانی راگەیاندن و نووسەرو رۆژنامەنووسان کرد، ئەمەی خوارەوە دەقی بانگەوازەکەیە:**

داوا لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن و سەرجەم كەسایەتییە ڕۆژنامەنووس و سیاسییەكانی وڵاتەكەمان دەكەین كە وێنەو ژیاننامەو هەر جۆرە زانیارییەكیان لەسەر ڕۆژنامەنووسانی شەهید لەنێوان ساڵانی (١٩٦٣) تاكو (١٩٩١) لەلا هەیە پەیوەندی بە بارەگاكانی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانەوە لە شارەكانی سلێمانی، كەركووك، بەغدا، هەولێر، دهۆك و موسڵ، هەروەها نووسینگەی گەرمیان و سۆرانەوە بكەن.

هاوكاریتان ڕێزگرتن و وەفادارییە بۆ گیانی پاكی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس.

**ئەنجومەنی سەندیكای**
**ڕۆژنامەنووسانی كوردستان**
**هەولێر – ٢٠٠٧/٧/٢١**

❊ ❊ ❊

## "كاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانی كوردی" كەوتە بەر دیدی خوێنەران




لە دانانی نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئازاد عوبێد ساڵح، كتێبی (كاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی كوردی (١٩٦١-١٩٧٥) كە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی كوردستان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوكردنەوە چاپكراوە، كەوتە بەر دیدی خوێنەرانی خۆشەویست.

ئەم كتێبە نامەیەكی ماستەرە لە مێژووی نوێدا كە پێشكەش بە ئەنجومەنی كۆلێژی ئەدەبیات/ زانكۆی سەلاحەددین كراوە بە سەرپەرشتی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس)..

ئەم نامەیە توێژینەوەیەكی بەپێزو دەوڵەمەندە، قۆناغێكی گرنگ لە مێژووی گەلی كوردستان و ڕۆژنامەوانیی كوردستان بەرجەستە دەكات و شایستەی خوێندنەوەو بەدواداچوونە، سەركەوتن بۆ هاوكاری ئازیزمان ڕۆژنامەنووس (ئازاد عوبێد) دەخوازین، هیواداریـن لەم بوارانەدا لەبەرهەمی بەپێز بێ بەشمان نەكات.

❊ ❊ ❊

سێ ساڵێک لەمەوبەر، کاتێک لەگەڵ هاوکارانم، رەفیق و سدیق ساڵح، هەروەها مامۆستا جەعفەرو عەبدولڕەقیب یوسف ئیمزامان لەسەر پێڕەوو پرۆگرامی "بنکەی ژین" کرد و داوای مۆڵەتی کارکردنمان لە حکومەت کرد، بە خەیاڵی هیچ کامێکماندا نەهاتووە رۆژێ بێت بینایەیەکی وا بەم شێوەیە بۆ بنکە دروست بکرێت، لە ژمارە (٩)ی (رۆژنامەنووس)دا دوای ئەوەی وێنەی (٨) بەرگی بڵاوکراوەکانی بنکەم لەم لاپەڕەیەدا بڵاوکردەوە برادەرێکم رەخنەی لێ گرتبووم گوایە ئەو بڵاوکراوانە نەدەبا لێرەدا بڵاو بکرێنەوە، چونکە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە بواری رۆژنامەنووسییەوە نییە، نەبادا لێکدانەوەی خراپی بۆ بکرێت، ئەوسا بوو هەستی شەشەمم ختووکەی دەدام کە بڵێم ئەو کارە پرۆژەی دیکەی بەدواوەیە.

لێرەدا دەمەوێ چەند دێڕێکیش بۆ مێژوو لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو بنکەیە بنووسم، چونکە مەرام و ئامانجەکانی بنکە زۆر پیرۆزو گرنگن، کەچی جاروبار لێرەولەوێ هەندێ قسەی لابەلا لە بارەیەوە دەبیسمەوە، لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٤ بوو، لەگەڵ برایانم رەفیق و سدیق ساڵح بە یەکەوە چەند جارێک هاتووچۆی لای بەڕێزێکمان لە ماڵەکەی خۆی کرد، سەردانەکەی من بە تایبەتی بۆ زانینی رای ئەو بەڕێزە بوو لەسەر ئەو بابەتەی پێشتر بە ناوونیشانی کارێزمای کورد، بۆ یادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی مەلا مستەفای بارزانی نووسیبووم، کە لای هەندێ کەس سەرئێشەیەکی زۆری بۆ دروست کردبووم، ئەوەبوو لەدوای چەند جار دووبارە بوونەوەی ئەو سەردانانە بیرۆکەی دامەزراندنی "بنکەی ژین" هێنرایە سەر کاغەز و پیڕەووپرۆگرامی بۆ دانراو خرایە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لەوساوە ئەو بەڕێزە، تەنانەت بۆ تاقە جارێک سەردانی بنکەشی نەکردووە، دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەش برادەرانم چەندجار پەیوەندییان پێوە کردووم لە هەولێر هەلێکیان بۆ بڕەخسێنم، تا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی سەردانی وەزیری رۆشنبیری و چەند دەزگایەک بکەین، بەداخەوە دیارە بیرۆکراتیەتی دەزگاکانی حکومەت چەند جارێک ئەمڕۆ و سبەیان پێکردووم، بەڵام لە بارەی دەزگاکانی دیکە ئەمڕۆ بنکەی ژین، توندوتۆڵترین پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی دەزگاکانی رۆشنبیری، بە ئەوانەی بەغداشەوە هەیە، خۆی بە موڵکی هەموو کوردێک و هەموو کوردستان دەزانێ، هەر بە نموونە دەزگای ئاراس و بەرپرسەکەی بەدران ئەحمەد حەبیب هەردەم ئامادەبووە باشترین هاریکاریمان بکات، د. سەعد بەشیر ئەسکەندەری ئەمینداری گشتی کتێبخانەی نیشتمانیش لە بەغدا باشترین سەرچاوەی خستووینەتە بەردەست، ئەو چاپکراوانەش کە بنکە بڵاویان دەکاتەوە ناوەکەی بە خۆیانەوەیە، ئومێدم وایە ئەوەندەی پێنەچێ گەورەترین ئەرشیفی رۆژنامەنووسیی دابنێین، بەتایبەتی کە خەڵکی دیکەش لە دەرەوە سۆزیان داوە، ئەگەر باڵەخانەی بنکە تەواو بکرێت، هەموو ئەرشیف و کتێبخانەی دەوڵەمەندی خۆیان بخەنە بەردەست.

من کە دەسپێکی چوونە ناو ئەو بابەتەم بە گلەیی کردن لە سەرمایەدارانی کورد بووە، نابێ ئەوەش لەبیر بکەم و بڵێم ماوەیەک لەمەوبەر بنکە لەلایەنی داراییەوە گوشاری زۆری بۆ هات، لەدەستکورتییان چەند جارێک هەواری خۆی دەگواستەوە، برادەرانیشم زانیبوویان کە بەڕێز فاروقی مەلا مستەفا یارمەتی بە بواری رۆشنبیری دەکات، ئەوەبوو چووبونە لای و باسی ئامانج و کارەکانی بنکەیان بۆی کردبوو، ئەویش بێ سێودوو لێکردن گوتبووی بڕۆن لە هەر شوێنێکی شاری سلێمانی دەتانەوێ خانوێک بەهەرچەند بێت بگرن، تا بینایەی بنکە تەواو دەبێت من کرێکەتان بۆ دەدەم، لەوساوە مانگانەی بارەگای بنکە لەسەر ئەو بەڕێزەیەو پێشەکیش (٩٠٠٠) نۆ هەزار دۆلار کرێی (٦) مانگی داوە، پێم وایە ئەوە یەکەمین جارە حەزم کردبێ منیش پارەدار بووبام، تا هەر هیچ نەبا لەسەر حیسابی خۆم باڵەخانەیەکم بۆ بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسان بەرزبکردبایەوە، یان پارچە زەوییەکی گونجاوم بۆ خانووەکەم هەبووایە بە کتێبخانەکەمەوە بمکردبوایە موڵکی گشتی، ئەوسا پڕ بەدەم هاوارم دەکرد کە مردن چەندە هەقە..!



# بنکەی ژین

## بۆ بووژانەوەی کەلە پووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردی

سەرنووسەر

پێی ناوی بەڵگەی لەسەر بێنمەوە، گەر بڵێم بەشێکی بەرچاوی شارستانێتی هەموو نەتەوە پێشکەوتووەکانی دنیا لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی سەرمایەدارانیانەوە هاتوتە ئاراوە.
لەنێو کوردانیشدا، تاک و تەرا نەبێ، تاقیکردنەوەی ئاوەها زۆر دەگمەنە، چونکە مێژوو تەنیا چەند ناوێکی وەکو حەمە ئاغای کۆیەو عەلی کەمال بەگ لە سلێمانی و سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکووک و عەبە هەولێری و مەعروف جیاوک و ئەحمەد چەلەبی و جەلیل خەیات لە هەولێر و حاجۆ ئاغای هەڤێرکی و حازم شەمدینی زاخۆیی و چەند ناوێکی دیکەی بۆ تۆمار کردووین.
لەلایەنی ڕۆشنبیریشەوە بنەماڵەی بەدرخان نەخشیان دیارە، ئینجا پیرەمێرد و حوسێن حوزنی موکریانی و گیوی برای و هی دیکە دێن، هەروەها بەم دواییانە و لەسەردەمی پێش ڕاپەڕین لێرەولەوی ناوی وەکو عەلی بۆسکانی و ئەحمەد ئیسماعیل نانەکەلی و فازیل ئاغای جەژنیکانمان لە سەرزاری خەلک گوێ لێبووە، ئەوانە هەریەکەو بەشێوەیەک، یارمەتی خەلکیان داوە، هەیانە پرۆژەی خێرخوازی هەبووە، هەشیانە یارمەتی ڕۆشنبیرانیان داوە، جا چ بە هاوکاری کردنیان لە چاپکردنی کتێب و بەرهەمەکانیان بووبێت، یا بەناردنی قوتابیان بۆ تەواو کردنی خوێندن، چ لەناوەوەو چ لە دەرەوەی وڵات، بووبێت.
ئەم وێنەیەی لەتەک ئەم دێرانەدا دەیبینن ئەوە نەخشەی تەلارێکە بە ناوی "بنکەی ژین"، دوو مانگێک لەمەوبەر لە شوێنێکی خۆش و گرنگی گەڕەکی (بەرانان)ی شاری سلێمانی و ڕێک لە تەنیشت مزگەوتەکەی شێخ فەرید بینیم بە دیواردا هەڵواسرابوو، چەند ئەندازیارێکی گەنجیش بە دیارییەوە بوون و ژێر زەمین و بناغەیان هەڵدەکەند، وادیارە بینایەکە پتر لە دوو ملیۆن دۆلاری تێدەچێ و لەسەر بوودجەی ساڵی ٢٠٠٧ی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەماوەی (٥٠٠) ڕۆژ جێ بەجێ دەکرێت، هەر ئەوسا بوو یەکسەر بڕیارم دا وێنەکە لە گۆڤارەکەماندا بلاو بکەمەوە.

# ROZHNAMANOOS

*Aperiodical magazine specialized in press*
*Issued by Kurdistan Journalist's Syndicate*